هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٦

ساڵی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و شەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٤

له بلاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ٩٦
چاپی یەکەم: ٢٠١٤
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، نەهلە اسعد، کۆڤان خسرو، مروان ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

[illegible]


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٧/١ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٤/٧/٧ ل ٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٧/٩ ل ٢٣١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ١\٧\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/١

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (١٣)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٣)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و خستنە ڕووی پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان ژماره ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەپێی ماددەكانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژماره ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق

٢- خوێندنەوەی یەكەمی ٩ پرۆژە یاسا و بڕیار لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژماره ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژماره (١٣)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/١، بەپێی حوكمەكانی برگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی ژماره ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره ١٣ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر ١١ ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/١ بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و خستنە ڕووی پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان ژماره ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەكان،

بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

٢- خوێندنەوەی یەکەمی ٩ پرۆژە یاسا و بڕیار لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەمەوێ لەوە ئاگادارتان بکەم کە لە درێژەی ئەو کۆبوونەوانەی لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆك لەسەرەکان پەرلەمانی کوردستان پێی هەستاوە و سازی کردووە و دوای بەدواداچوونەکانی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردنیش بۆ ئەم پرسە، ڕۆژی ٥ شەممە کاتژمێر ١١ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە ئەبێ، بۆ باس کردنی بەدواداچوونەکانی ئەوان لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆك لەسەرەکان، و ڕەنگە هەندێ پێشنیار و ڕاسپاردەشی هەبێ کە لەو کۆبوونەوە باسی ئەکات، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێر ئەکەم ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە ١٢ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٣٠ مۆڵەت پێدراو بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیە:

١ ادریس علی-مۆڵەت

٢- انس محمد-مۆڵەت

٣- تەلار لطیف محمد-مۆڵەت

٤- جودت جرجیس —مۆڵەت

٥- دلشاد شعبان-مۆڵەت

٦- ڕێواز فائق_مۆڵەت

٧- مولود مراد_ئامادە نەبووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوات لێ ئەکەم کە کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووش بخوێنیتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ١٢ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٦/٣٠ بەم شێوەیە:

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- تەواو کردنی گفتوگۆ کردنی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان

٤- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە چاوەڕێین لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان لەم یەك، دوو ڕۆژەی داهاتوودا ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، ڕاسپاردەکانی خۆیان جارێکی تر ئامادە بکەن، و ئەو ڕاو پێشنیارەی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پێشوو خرایە ڕوو، بۆ ئەوەی بەرنامەی ئەو ڕاسپاردانە و ئەو دانیشتنانەش کە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەنجامی ئەدەین، بگەینە چەند بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان، و لەو ڕوانگەیەوە بە بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان دەربچین، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئەکەین، دەستەی سەرۆکایەتی بێتە سەر مەنەسە، بۆ ئەوەی دەست بکەینەوە بە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاساکە، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بەڕێزان دوێنێ ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانمان تاوتوێ کرد، و وتوویژمان لەسەر کرد، دەنگمان لەسەری دا، ئەمرۆ وتوویژ لەسەر ماددەکانی تری ڕاپۆرتی هاوبەش ئەکەین، بەڵام ئەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە نوقتەی نیزامی ئەمرۆ بەس تەنیا نوقتەی نیزامی ئەبێ، لەکاتی کردنەوەی دەرگا بۆ گفتوگۆ کردن ئێوە ئەتوانن هەمووتان ڕەئیەکانی خۆتان بڵێن، دوای تەواو بوونی قسەکانی ئێوە، ڕوون کردنەوەی لیژنە پەیوەندیدارەکان وەرئەگرین، و یەك، بەیەك ئەو ڕایانەی ژمارەی یاساییان تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، بۆ ئەوەی وتوویژەکانمان لەوە زیاتر درێژ نەبێتەوە، دوێنێ ماددەی یەکەم بە ٣ سەعات لە پەرلەمان وتوویژ کراوە، ئەگەر بەم ڕیتمە بڕوات ئەوە بەراستی ڕەنگە بە هەفتەیەکی تریش ئەم پرۆژە یاسایە تەواو نەکەین، بۆیە داوا ئەکەین پابەند بن بە ڕێنماییەکانی قسە کردن، چۆنیەتی قسە کردن لە ناو پەرلەمانی کوردستان وەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین کە ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەیان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆی لەسەر بکەینەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە:

سێیەم: نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێكی دیاری كراو بێ بەهۆی ئاین، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان نەژاد یان هەر هۆیەكی تر.

برگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەكرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەخستنی كاركردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاكی بازرگانی و ئابووری.

برگەی پێنجەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەكرێت و بەم شێوەیە:

نابێ هاوولاتیان و كەسەكان كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندنیان هەیە بە زۆر ناچار بكرێن بەشدار بن یان بەشدار نەبن لە خۆپیشاندان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە ئەكەینەوە، كێ قسەی لەسەر هەیە؟ نوقتەی نیزامیە كاك ناظم؟ فەرموو

**بەڕێز ناظم كبیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم كە لە ٣ برگە پێكهاتووە گفتوگۆیەكان هەر لەسەر یەك برگە ئەبێ یان لەسەر كۆی ماددەكە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر كۆی ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەكان، نوقتەی نیزامیە دكتۆر عیزت؟

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەندەی ئاگادار بین ئەو تەكنەلۆجیایەی كە لە پەرلەمان هەیە بە سەدان هەزار دۆلاری تێدا خەرج كراوە، ئەم پرۆسەی ناونووسین و دەست بەرز كردنەوە چەندین دەقە و كات و سەعاتمان لێ ئەبات، پێشنیار ئەكەم زۆر بە خێرایی كار لەسەر ئەوە بكرێ ئەو پرۆسەی ناونووسینە و ئەم تەكنەلۆجیایەی لەبەر دەستمانە بەكاربهێنرێ، كاتێكی زۆرمان بۆ ئەگێڕێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕاستی ڕوون كردنەوەی زۆری ئەوێ بۆچی تا ئێستا نەكراوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی گیرمان بە دەست ئەوە خواردووە كە ناتوانین ئەو كۆمپانیایە بدۆزینەوە كە ئەم ئیشەی كردووە، ئەم كۆمپانیایە كۆمپانیایەكی كوردی وەری گرتووە، داویەتی بە كۆمپانیایەكی توركی، كۆمپانیا توركیەكەش داویەتی بە كۆمپانیایەكی صینی، دەوەرە لە ناو ئەمانە بیدۆزەوە كێ بەرپرسە كە ئەم ئامێرە تا ئێستا نەكەوتۆتە كار؟ كاك عمر نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر نابێتە هین کۆمپانیای یەکەم بەرپرسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، لە بەدواداچووین بۆ ئەوەی بتوانین ئیشەکانی لەگەڵ دا تەنزیم بکەین، هەر ئەوە نییە، کۆمەڵێك کەموکورتی زۆر هەیە کە لێرە هەیە، ئەبێ چارەسەر بکرێ

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم کەسانە ناوی خۆیان نووسی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، ئەگەر هەر ناوێکی تر مابوو دوایی ئیزافەی ئەکەین، ڕۆژی پێشتر ئەم ٥ ناوە ناویان نووسی بوو، (علی حمە علی، فەرهاد سەنگاوی، علی حمە صالح، بەهار عبدالرحمن، عادل عزیز) (بێگەرد خان، کاك خەلف، کاك صالح، سعید مصیفی، سەرکەوت سەرحەد، قادر ئۆتمان، دکتۆر عزت، دکتۆر فرست، ئاری هەرسین، کاك بەیار، امنە زکری، جەمال مورتکە، کاك تحسین، شیرین حسنی، کاك ڤەمان، کاك محمد علی، کاك علی هالۆ، عباس غزالی، مروان گەلالی، مامۆستا ڕابوون، کاك انوەر، سەهراب میکائیل، دکتۆرە پەری، برزۆ مجید، مامۆستا حسن، شێرکۆ حمە امین، شێرکۆ جودت، کاك فائق، کاك عبدالرحمن، مامۆستا هەورامان، منیرە خان، د.شوان قەڵادزەیی، ابو کاروان، وحیدە خان، مامۆستا غریب، مەلا ماجید، کاك ایدن)

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سکرتێری پەرلەمان**

من دوێنێ ناوی خۆم نووسیوە، بەس لەو ٥ ناوە ناوی منی تێدا نیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەروەکو دوێنێش ئاماژەمان پێ کرد، زۆر بە کورتی ڕاکانتان بڵێن، ڕای پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، ئەگەر ڕاکان پێشتر وترابوون، پشتگیری ڕای ئەندام پەرلەمانەکەی هاوکارتان بکەن، بۆ ئەوەی بە زوویی بتوانین گفتوگۆ لەسەر ماددەکانی ئەم پرۆژە یاسایە و ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشە پەیوەندیدارەکان بکەین

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم ناوانەی ترمان ئیزافە کرد ( کاك عمر عینایەت، دکتۆر عبدالله، ئاواز جەنگی، فیروز خان، مدینە خان، شوان شیخ احمد، نجیبە خان، حاجی کاروان)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سێیەم لە ماددەی دووەم ئەڵێ نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاری کراو بێ بە هۆی ئاین، من بە باشی ئەزانم وەکو پێشنیارێك ئەو ( یان، و ) ئەمانە لابرێ، ئاین، نەتەوە، ڕەگەز و نەژاد، (و)، و ئەوە کۆتایی ڕستەکە بێ، چونکە یان هەر هۆیەکی تر ئەمە ئەگەر خۆپیشاندان دژی ڕەفتاری سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر و دیاردەیەکی تری کۆمەڵگاکە بێ کە پەیوەندی بە حوکمڕانی یان بە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری هەبێ، ئەتوانرێ بخرێتە چوارچێوەی هەر هۆیەکی تر و ببێتە ڕێگری لە خۆپیشاندان، بۆیە ئەبێ ئەوە لابرێ، یان هەر هۆیەکی تر لابرێ، برگەی چوارەم، (نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری، ئەم پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاریە ئەوەش ئیشکالێکی گەورە بۆ مەسەلەی خۆپیشادان و ناڕەزایی دروست ئەکات، چونکە خۆپیشاندانی فەرمانبەران کە ئەمساڵ بە تەواوی ئێمە دەرگیر بووین لەگەڵی، ئەگەر بەوە بێ هەموو ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان قەدەغە ئەکرێ، چونکە بێگومان ئەگەر فەرمانبەران مانبگرن کاروباری خزمەتگوزاری و ئیش و کارەکانی دامودەزگا خیزمەتگوزارییەکان ڕائەوەستێ، هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، ئەو هاتوچۆی گشتییە، ئەوە مەتاتیە، ئەکرێ ڕێگە سەرەکییەکان دابنرێ، یان ڕێگە سەرەکییەکانی نێوان شار و شارۆچکەکان، ئەگەرنا خۆپیشاندان لە وڵاتی ئێمە هەمیشە لە شەقامەکان ئەکرێ، بۆیە هەموو شەقامەکان هاتوچۆی گشتی هاووڵاتیانن، شوێنی گشتی هاووڵاتیانن، بۆیە ئەکرێ لەم چوارچێوەیە ببێتە هۆکاری بەرتەسك کردنی خۆپیشاندان، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ناچارم دوو دێڕ بڵێم، بۆ ئەوەی هەموو هەڤاڵان وا تێنەگەن کە من دژی ئازادی و ڕادەڕبڕین، یان خۆپیشاندان و مانگ گرتنم، من لەگەڵ ئازادیم هەتا دوا لوتکە و ئەوپەڕی، چونکە ئازادی بۆ پێشخستنی ئینسانەکانە، بۆ مافی ئینسانەکانە، نەك ئازادی بەهەڵە تەفسیری بکەین دژی ئازادی و بۆ کێشە دروست کردن بێ لە وڵاتەکەمان، من لەو دیدەوە قسە ئەکەم، هیوادارم کەس بە هەڵە تەفسیری نەکات، لە خۆپیشاندانی لە ناکاو لەگەڵ ئاگادار کردنەوە، لە ڕاستیدا سەیرە تۆ پۆلیس ئاگادار بکەیتەوە بێ ئەوەی داوای مۆڵەتی لێ بکەی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ئەوە بابەتی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان نییە.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

مانگگرتنیش بەشێکە لە خۆپیشاندان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی دوو قسە بکە تکایە

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

کەواتە ناتوانم قسە بکەم، لەبەر ئەوەی........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ مافی ئەوەت هەبوو قسە بکەی، قسەت نەکرد

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

ئێ پێم خۆش نییە هەموو ڕۆژێ دەست هەڵبڕم و قسە بکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ دەرفەتمان پێدای قسە بکەی لەسەر ماددەی یەکەم قسەت نەکرد کاک فەرهاد، ئێستا خرایە دەنگدانەوە

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

باشە خستووتانەوە دەنگدانەوە، من ئەوەنە ئەڵێم کێ مەسئولە لە خوێنی سورکێو و ڕێژوان و بڕیار و هەموو ئەوانەی شەهید بوون، کێ مەسئولە؟ ئاخر ئەوە غەڵەتە، ئەو یاسای خۆپیشاندانە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئازادی نیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک علی حەمە صالح

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من دوو سەرنج هەیە، زۆر کورتی ئەکەمەوە، خاڵی سێیەم تەنیا لادانی وشەی (هەر هۆیەکی تر)، چونکە ڕەنگە خوانەخواستە حیزبێك هەبێ یان هەر حیزبێك بێ ڕۆژێك لە ڕۆژان خیانەتێکی نیشتیمانی بکات و بەپێی ئەو ماددە کەس بۆی نەبێ دژی خۆپیشاندان بکات، خاڵی دووەم، هەمووومان ئەزانین خۆپیشاندان مافە، هەمووشمان نیەتی ئەوەمان هەیە یاسایەك دەربکەین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەم مافە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێ، لە واقیعی ئێستای کوردستان و هەموو دونیاش وایە، خەڵك کە خۆپیشاندان ئەکات ڕێگە پەکئەخات، بۆ؟ بۆ ئەوەی دەستەڵات ناچار بکات گوێی لێ بگرێ، و بەدەم داخوازییەکانییەوە بچێ، چونکە سروشتی ئینسان وایە، تا فشاری لەسەر دروست نەکرێ، بەدەم ئەو داخوازییەوە ناچێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێ بزانێ خۆپیشاندان هیچ کاریگەری نییە، لە حەدیقەیەك دایە، سەعاتێك دێت و ئەڕوات، گوێی لێ ناگرێ، و ئێستا لە ناو ئەمری واقیعدا بۆ نموونە هەرکاتێ خۆپیشاندان

کرابێ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، ڕاستەوخۆ هێزەکانی پۆلیس خۆیان ڕێگاکەیان گرتووە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە بگۆڕدرێ بەم شێوەی لای خوارەوە (نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی ڕێگەی نێوان دوو شاری سەرەکی، ئەگەرنا دەمودەزگاکانی حکومەت ئاساییە بەردەم پەرلەمان، شۆفێر ئەتوانێ بڕوات، بەردەم وەزارەتێك ئەتوانێ لە ڕێگەی پشتەوە بڕوات، بۆیە پێم وایە هەموو خۆپیشاندانێك ڕێگە ئەگرێ، زۆر بە دەگمەن نەبێ، و ئەمە ئەبێ بەهۆی دروست کردنی ئاستەنگ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەوعەن ما زۆرێك لە قسەکانم کرا، زۆر کورتی ئەکەمەوە، لەگەڵ کاك ئومێدم کە بڕگەی سێیەم ( هەر هۆیەکی تری) تێدا نەمێنێ، لەبەر ئەوەی هەر هۆیەکی تر ڕەنگە فەزایەکی زۆر گەورە بێ بۆ هەر خۆپیشاندانێك، هەر هۆیەکی تر ببێتە ڕێگر لەبەردەم خۆپیشاندان، بڕگەی چوارەم من پێچەوانەی بڕگەی چوارەمم، پێم باشە بڕگەی چوارەم وای لێبکرێ ( هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەیانگرێتە بەر نابێتە ڕێگر لەبەردەم هێنانەدی ئامانج و مەبەستەکانی خۆپیشاندنەکە، نەك بۆ ئەوەی ئەبێ خۆپیشاندەران نەبنە هۆی مایەی پەکخستنی دەمودەزگا، وەك کاك ئومێد ئیشارەتی پێدا، مامۆستایان خۆپیشاندان ئەکەن، لە مەکتەبەکە دەرس پەکی ئەکەوێ، فەرمانبەران خۆپیشاندان ئەکەن، دەوائیرەکان پەکی ئەکەوێ، کەواتە ئەوە ڕێگریە لەبەردەم هەموو خۆپیشاندانێکی فەرمانبەران و مامۆستایان و هەموو یەکە ئیداریەکان، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕایەکەی کاك ئومێد حەمە علی ئەکەم بۆ لابردنی هەر هۆیەك، بەڵام لە بڕگەی چوارەم کە بۆ ماددەی دووەم زیاد کراوە، پێویستە لیژنەی یاسایی جوابێکی قانونی ئێمە بدەنەوە ئایا ئەو بڕگەیەی کە بۆ ئێرە زیاد کراوە، لەو دوو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەشیان کراوە و لەبەر دەستیان دایە، بەهیچ شێوەیەك ئەو خاڵەی تێدایە؟ ئەگەر تێیدایە هۆکارەکەی چییە بەو شێوە داڕێژراوەتەوە؟ ئەگەر تێشیدا نییە ئەوە لە ڕووی قانونیەوە ئەوان ناتوانن ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم لە ماددەی دووەم منیش پشتیوانی لە قسەکەی کاک ئومێد حەمە علی ئەکەم کە هەر هۆیەکی تر لابرێ، و بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەم پێم وایە وشەی نابێ ئەوە وشەیەکە زۆر توندە بۆ ئەو ڕستەیەی کە نووسراوە، لەبەر ئەوەی پێشنیار ئەکەم بەم شێوەی لێ بێ ( کاتێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکان، بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندەران، کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنرێ، و ئەمەوێ قسەیەکی تریش بکەم، لە ڕاستیدا ئەمەوێ چەند نموونەیەك بهێنمەوە بە کورتی، چونکە ئەم حاڵەتە لێرە فەرمانبەران کە ئەڵێین نابێ، مافێك پێشێل ئەکەین کە مافی ئەو کەسە یان فەرمانبەرانەیە کە ئەیانەوێ لە ناو هەر سێکتەرێکی ئیداریدا بۆ ئامانجێکی دیاری کراو مانبگرن، یان خۆپیشادان بکەن، بەڵام لە بەرامبەریش ئەوە دوو لایەنە، ئەبێ حیسابی ئەوەش بکەین کە ئەو کەسانەی کاریان ئەکەوێتە ئەو دامودەزگا ئیداریانە، بۆ نموونە خوێندنگایەك مامۆستاکانی مانئەگرن، خوێنکارەکان باجی مانگرتنی مامۆستاکانیان بدەن؟ یان نەخۆشخانەیەك، فەرمانبەرێك داوای مافی خۆی ئەکات، نەخۆشێك حاڵەتێکی کتوپڕی هەیە و دێتە نەخۆشخانەکە، گیان لە دەست بدات؟ دادگا بە هەمان شێوە، چۆن چارەسەر بکرێ؟ لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو بڕگەیە کە زیاد کراوە بۆ ماددەی دووەم زەڕوورە هەبێ، بەڵام بەو شێوەی کە خوێندمەوە دابڕێژرێتەوە، نازانم لیژنەی یاسایی لای خۆیان تۆماریان کردووە یان نا؟ (کاتێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری بەڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندەران، کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنرێ)، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر فرست

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە بڕگەی هیتر ئەکرێ لابچێ، یەعنی هیچ کێشە بۆ نەصەکە دروست ناکات، سەبارەت بە مەسەلەی پەکخستنی ڕێگای گشتی و ئەوانە، ئەگەر ڕوخسەت بدەی، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای ڕێگە گشتییەکانی هەرێمی کوردستانمان هەیە، لەوێ لە ماددەی ١١ ی بە وازیحی ئەڵێ بە غەرامەیەك سزا ئەدرێ لە ١٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ٥٠٠ هەزار دینار زیاتر نەبێ هەر کەسێك، جا لە بڕگەی یەکەم ئەڵێ زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتییەکان بگەیەنێ کە ببێتە مایەی بەربەست دانان لەبەردەم هاتوچۆ و یان هەتا دوایی، لە هەمان ئەو یاسایە لە ئامانجە گشتییەکان یەکێ لە پاراستنی ڕێگە سەرەکییەکانی نێوانی شارەکانە، ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ قانونی عقوبات ڕەقەم ١١١ ساڵی ١٩٦٩ لەوێ لە ماددەی ٣٥٤ فەصڵێکی کاملمان هەیە( الاعتداء علی سلامة النقل.....)

به تەفاصیل باسی مەسەلەی هاتوچۆی گشتی نێوان شارەکانی کردووە، و هەر شەوی ڕابردوو گەڕامەوە بۆ قانونی زۆر وڵاتانی دونیا، مەسەلەی سەلامەتی هاتوچۆ گشتی و پاراستن، ئەوە مەسەلەیەکی گشتییە، بۆیە پێم وایە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو ماددەی کە باس کرا، ئەو بڕگەی کە زیاد کراوە صیاغەیەکی تری بۆ بکرێتەوە تەبیعیە، نەبێتە هۆی بەربەست لەبەردەم خۆپیشاندان و ڕێگەگرتن لێی، ئەمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەموو خۆپیشاندانەك لە نەتیجەی نیهائی ڕێگە گرتنی لێ ئەکەوێتەوە، وەکو عورفێکی لێ هاتووە، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەبینین ڕێگەی نێوان سلێمانی و عەربەت داخرا، ڕێگەی نێوان خەبات-هەولێر داخرا، ڕێگەی سەرەکی داخرا، ئەمە بەراستی مەبەستی سەرەکی خۆپیشاندان ئەمانە نایەتەوە، بۆیە بە تێڕوانینی من زیاد کردنی دەقێك یان نەصێك لە ناو ئەم یاسایە بۆ پارێزگاری کردن لە سەلامەتی هاتوچۆ، لە پارێزگاری کردن لە ڕێگەی گشتی و هاتوچۆی سەلامەتی هاووڵاتیان کارێکی زۆر باشە، و ئەوەی منیش لەو ماددەیە تێگەیشتم، مەسەلەی پەکخستنی دامودەزگای گشتی ئەوە نییە کە مامۆستایەك سەعاتێك هات خۆپیشاندانی کرد مانای ئەوەیە دەوام پەکی کەوت، زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر بووە مایەی ئەوەی چەند ڕۆژێك لە پارێزگاری لێکردن لە ڕێگای گشتی و سەلامەتی هاتوچۆی هاووڵاتییان کارێکی زۆر باشە، هەروەها ئەوەی منیش لێی تێگەیشتووم لەو ماددەیە مەسەلەی پەکخستنی دامودەزگای گشتی ئەوە نییە کە مامۆستایەك سەعاتێك هات خۆپیشاندانی کرد مانای ئەوەیە دەوام پەکی کەوت، لێرە زۆر ئاساییە، ئەما ئەگەر بووە مایەی ئەوەی چەند ڕۆژێك دەوام پەکبخات بۆ نموونە زەرەر بە تەندروستی دەگەیەنێت کە مەسەلەیەکی زۆر حەساسە لەوێوە کێشە دروست دەبێت، بۆیە من پاڵ پشتی ئەو دەقە دەکەم کە بێگەرد خان ختسیە روو ئەمە لەوانەیە تۆزێك نەرمتر بێت، هەتا ئەگەر دەستکاری تریش بکرێت، بەڵام وەکو مبدء بوونی ئەم نەصە لێرە من بە پێویستی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رەئی برای بەڕێزم (کاك ئومێد و کاك علی) دەکەم لە فەقەرەی یەکەمیان بڵێی سێیەم کە دەڵێت هەر هۆیەکی تر ئەوە نەمێنێت، ئەوەی تریشیان ئاوای لێ بکرێت هەر کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی ڕێگای سەرەکی نێوان شارەکان لەگەڵ نوێنەرەکان چارەسەر بکرێت، یەعنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، مەسەلەی غەرامە دیارە کە خۆپیشاندان کرا تۆ ناتوانی ئەو خەڵکە هەمووی غەرامە بکەی، بەڵێ لە رووی قانونییەوە قسەی کاك دکتۆرە سەد لە سەد لەگەڵیدام، دەزانم لە نەصەکەیدا هاتووە، بەڵام بۆ نموونە ئەمڕۆ بەیانی هاتووم بۆ دانیشتنی پەرلەمان بەسەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاودا کەوتووم و شەقامیان قەتع کردووە و قەبوولیان نەکرد هیچ کەسێك بڕوات لەسەر کێشەی بەنزین، یەعنی ئەو

شێوازانە کە ئێستا بڵێین مەسەلەی ڕێگای هاتوچۆ دەبێتە شتێکی مەتاتی و ناشتوانین بەسەریدا زاڵبین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئاوای لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک قارەمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوار لە ماددەی دوو لە هیچ کام لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکاندا نییە، ماف لیژنە پەیوەندیدارەکانیش نییە ئەگەر ماددەیەك بۆ هەموار کردن پێشکەش نەکرابێت پێویستی بەوەیە پڕۆژەیەك پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدات فەموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەر دوو پڕۆژە یاساکەدا دەست براوە بۆ تەعدیل کردنی ماددەی دووەم، کاتێك کە دەست دەبرێتن بۆ تەعدیل کردنی ماددەیەك لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش کە دادەنیشن پێویستە لە سەرانسەری پڕۆسەکە و لە سەرانسەری یاساکە و پڕۆژەکان سەیر بکات و لە کوێ پێویستی بە تەعدیلە دەتوانێ تەعدیلی بکاتن، واتە دەست بۆ ماددەی دووەم لە هەر دوو پڕۆژە یاساکە براوە، بۆیە لیژنەی یاسایی ماف خۆیەتی، تەعدیل: بریتییە لە زیادە و لە نەقص کردن، هەروەها گۆڕانکاری کردن بەسەر ماددەکاندا لە هەر شوێنێك کە بە پێویستی دەزانێت دەتوانێ سیاغەی بکاتەوە بەو جۆرەی کە بگونجێتن لەگەڵ ئەوەی کە داوا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە منیرە خان؟ فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی من باسی دەکەم هەمان پرسیارم لە د.ڤالا کرد، بەڵام من وەڵامم وەرنەگرتەوە، ئەم بڕگەیە موناقەشە کراوە لە کۆبوونەوەکاندا، بەڵام ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە زیاد کردنی ئەمە لە هیچ یەکێك لەو دەقانەدا باس نەکراوە، بۆیە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە ئیمزام لەسەر ئەم پڕۆژەیە کردووە ئیمزاکەی خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاد كردنی ئەم دەقە لەسەر ئەساسی ئەوە بووە كە یەكەم: ماددەی دوو دەستی بۆ براوە، دووەمیان: ئێمە بە ڕێككەوتن لەگەڵ هەموو بەشداربووانی لیژنە هاوبەشەكان ئەم دەقەمان زیاد كردووە، بەڵام خەلەلەكە لەوە دایە كە هەندێك لە ئەندامەكانمان ئامادە نابن لە كۆبوونەوە هاوبەشەكاندا و، ئیلا ئەمە بە ڕێككەوتن و ڕێككەوتنی لەسەر كراوە ئینجا لیژنەی یاسایی دایڕشتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم بابەتە لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە سەر ماددەی یەكەم كە هەموارمان كردەوە، هەندێك بڕگە هەبوو كە لە هەردوو پرۆژە هەموارەكەدا نەهاتبوو، بەڵام هەمووتان موناقەشەتان لەسەر كرد و ئەو كاتە ئیعتیرازێك نەبوو، نەبوو بە بنەما، بۆیە لە ماددەی یەكەم ئەوەی كە ئێستا هاتووە دەبێ موناقەشە بكرێت، ئەگەر نا نەك لە هەر دوو هەموارەكە لە یەكێك لە هەموارەكاندا دەست براوە بۆ ماددەی دوو، ئەگەر نا لە هەمواری تردا كە هاتووە سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ و برادەران ئامادەیان كردووە دەست نەبراوە بۆ ماددەی دوو، بەڵام تەرحێكە كراوە لای هەندێك لە برادەران لە لیژنەكان، بەڵام ڕێككەوتنی گشتی لەسەر نەكراوە جێگەی موناقەشەیە، بۆیە دەكرێت ئێستا بەشێك موناقەشە كرا و موناقەشە لەسەری بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

موناقەشە بەردەوامە لەسەری، كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان هەر شتێك پەرلەمان دەنگی لەسەر دا ئەوە ئەولەویەتی هەیە، ئێمە دەنگمان لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەش داوە، ئێستا ڕاپۆرتی هاوبەش ئەساسە، بۆیە زۆر ئاساییە لەسەر هەموو ئەوانەی كە لە ناوی هەیە گفتوگۆ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم ئەوەی كە نووسراوە بە هۆی ئاین، من پێموایە هەموو ئاینەكان بۆ پێكەوە ژیان و ڕێزگرتن و تەساموح هاتوون، پێغەمبەری خوا دەفەرموێ (الانبیاء كلهم اخوة و دینهم واحد)، لەبەر

ئەوە ئاین لێرە ئێمە کە بیچەسپێنین، کەواتە ئێمە سەلماندمان کە ئاینینەکان بۆ ئەوە هاتوون گرووپێك دژی گرووپێکی تر ئەنجام بدەن، ئەوەی کە وا دەکات لە بری ئایین بنووسرێت مەزهەب، چونکە مەزهەب ئیجتیهاداتی ئینسانە جاری وا هەیە بە خراپ بەکار دەهێنرێت، لە بڕگەی چوارەمیش ئەوەی کە دەڵێت نابێ خۆپیشاندان ببیتە مایەی پەکخستنی کار کردن لە هەر دامودەزگایەك لە هەر ناوەندێکی خوێندن خۆپیشاندان بکرێت ئەو ناوەندە بە حدێك پەکی کارەکانی دەکەوێت، کەواتە ئەگەر ئەوە پچەسپێندرێت، کەواتە خۆپیشاندان هەر ناکرێت، لە بنکەیەکی تەندروستی ئەگەر مان بگرن ماوەیەك پەکی دەکەوێت، ئەگەر لە بری ئەوەی کاك ئومێد حەمە علی ئاماژەی پێکرد لەگەڵ برایانی تر کە ببێتە مایەی وەستاندنی هاتوچۆ لە نێوان شارەکاندا ئەوە بچەسپێت نەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هینەکە یەك پێشنیار بە کورتی، ئێمە مانگێکمان درێژکردەوە بۆ خولی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا کە لە هەرێمی کوردستان هەیە تایبەت بەم بارودۆخە زیاتر پەرلەمانی کوردستان کارەکانی ئەنجام بدات، بۆیە پێشنیار دەکەم لەسەر قەیرانی دارایی و بەنزین و پێشمەرگە زیاتر ئەم مانگە ئیشەکانمان چڕ بکرێتەوە زۆر باشترە، سەبارەت بە ماددەی دووەم خاڵی سێیەم نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاریکراو بێت بە هۆی ئاین، من پێشنیار دەکەم ئاین و مەزهەبیشی بۆ زیاد بکرێ، نەك ئاین لابدرێت مەزهەبیشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە بە خۆمان دەزانین ئێستا جگەلەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە مەزهەبی جۆراو جۆری تێدایە ئێستا بە داخەوە بە هۆی بارودۆخی عێراقەوە هەندێك تەعسوب هەیە، ئێستا عەرەبی تریش هاتۆتە ئێرە کە لێرە ئەوان لە مەزهەبی جیاوازن، دەکرێت بەو خاڵە رێگە لەوە بگرین، لە کۆتایی خاڵی سێیەمدا هۆیەکی تر ئەو (هۆیەکی تر)ەش لابرێت، ئەگەر هۆیەکی موحددەی تر هەیە بە موحددەدی بۆی زیاد بکرێت، ئەگەر نییە هۆیەکی تر مەتاتیە پێویست ناکات تێدا هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بە تەواوی پشتگیری لە ئەم رەئیەی خاتوو بێگەرد دەکەم کە بەم جۆرە سیاغەی کردەوە، بۆیە دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی رەئیەکی تر هەبێت بە تەنها پشتگیری لەو رەئیە دەکەم، کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، پێویست ناکات برادەران هەموویان لە (کاك ئومێد)ەوە تا ئەخیر قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە نابێ ماف خۆپیشاندان لە شەریحەیەکی دیاری کراو یان لە کارمەندانی تەندروستی وەك نموونە، یان مامۆستایان بسەنینەوە، ماف خۆیانە، بەلام لە هەمان کاتدا ماف نەخۆشیشە کە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بیپارێزن، ئەوەی بۆ

زیاد بکرێ بە راوێژ لەگەڵ لیژنەی خۆپیشاندەران کۆتایی بەو خۆپیشاندانە بێنێت، واتە چارەسەری گرفتەکە بکرێ و لە هەمان کاتدا بار و زروفی نەخۆش یان خوێندکار لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ئەو قسانەی کە دەمویست بیکەم زۆربەی لە لایان کاک ئومێد و کاک علی حەمە صالح و کاک فرست صۆفی و بەشێکی خوشکە بێگەردەوە کران، بەلام دەمویست تەئکید کەمەوە لەسەر ئەوەی مەسەلەی پەکخستن لە هەموو کۆمەلگەیەکی مەدەنیدا لە هەموو ولاتێکی دیموکراسیدا کۆمەلێك شوێن هەیە، موئەسەسات هەیە وەکو نەخۆشخانە وەکو پۆلیس، پۆلیسی ئاگر کوژێنەوەکان هیچ مەنتقێك قەبوولی ناکات کە ئەمانە دەست کراوە بن بۆ مەسەلەی مانگرتن و ئەمانە، ئەمە یەك، دووەم: یەك نوقتەی زۆر بەسیتیش هەیە لە ماددەی دووەم برگەی سێیەم وا هاتووە کە ئامرازێکی پەیوەندییە ئەمە کوردی نییە ئەمە نەصی تەرجومەی (واو) عەرەبیەکەی فەتحەیەکی لەسەرە، تکایە بکرێتە (واو)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو هاوڕیانە دەکەم کە زۆر بوون ژمارەیان کە لە خاڵی سێیەم (هەر هۆیەکی تر) لابرێت و کەوانەکە دابخرێتەوە، لە برگەی چوارەم من بۆ خۆم پێموایە ئەو برگەیە پێویست نییە، زیادەیە خراوەتە سەری بەو ئیعتیبارەی کە خاڵی حوجەکانە، لە ماددەی چوارەم نوێنەرانی خۆپیشاندەران کاتێك داوای ئاگادار کردنەوە دەکەن بۆ خۆپیشاندانەکەیان، بەس سەرنجی هەموو پەرلەمانتارەکان رادەکێشم لێرە لەم یاسایەدا خۆپیشاندان تکایە مانگرتنیش دەگرێتەوە، ئەوان لە ئاگادار کرنەوەکەی خۆیان ئامانجی خۆپیشاندان یان مانگرتنەکەی خۆیان رادەگەینن، هەروەها لە ماددەی هەشت ئاماژە بەوە کراوە ئەوە روونکراوەتەوە لە کاتێك دەکرێ ئەوە حەل بکرێ، کاتێك ئەو خۆپیشاندانە ئەو مانگرتنە لە ئامانجی خۆی لادەدات بلاوەی پێ دەکرێت، کەواتە پێویست ناکات ئەو خالە هەبێت، بەلام ئەگەر هەبێ سەرەنجی هەر هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆ ئەوە رادەکێشم ئەو برگەیە وەك خۆی بمێنێتەوە مانگرتن لە کوردستان قەدەغە دەکات، چونکە مانگرتن لێرە سەرەنجی برادەران زۆرتر لە خۆپیشاندانی زیادەیە کاتێك مەسەلەن هەموو جارێك کە حوجەکانیان دێننەوە باسی ئەوە دەکەن دەلێن هێرش کردنە سەر نووسینگەی تیجاری و دامودەزگای دەولەت و کەرتەکانی تایبەت، بەلام مانگرتن لە شوێنێکی دیاری کراوە، مەسەلەن بۆ نموونە کۆمەلێك مامۆستا لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندێك مان دەگرن، هەندێك مامۆستای زانکۆ لە

بەشێك لە شوعبەیەك لە كۆلیژێك مان دەگرن، خۆپیشاندان لەم یاسایە یەعنی مانگرتنیشە ئەمە وەكو خۆی بڕوات مانگرتن قەدەغە دەكات، چونكە مانگرتن یەعنی پەكخستن هەر لە بنەڕەتەوە، مانگرتن یەعنی پەكخستن، ئەگەر مانگرتنەكە سەعاتێك بێت، یەك سەعات پەكی دەخات، ئەگەر ڕۆژێك بێت ڕۆژێك پەكی دەخات، ئەگەر دوو ڕۆژ بێت دوو ڕۆژ پەكی دەخات، بۆیە من چەند پێشنیارێك دەكەم بۆ ئەوەی دوا جار بگەینە نەتیجەیەك كە هەموو لامان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕین، خاڵی یەكەم ئەوەیە وا باشە تێیدا نەبێ لەبەر ئەوەی یاساكە خۆی موعالەجە كراوە، بەڵام ئەگەر تێیدا بێ من پشتگیری ئەو هاوڕیانە دەكەم كە پشتگیریان لەم دوو بنەڕەتە كرد، بنەڕەتێكیان ئەوەیە كە یاساكە جێی بكرێتەوە، سیاغە بكرێ نابێ خۆپیشاندان ببێتە هۆی گرتنی ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان شار و شارۆچكە و گوندەكان و هاوینە هەوارەكان، هەروەها سەبارەت بە برای بەڕێزم پەرلەمانتاری بەڕێز كاك ئاری هەرسینیش ئاماژەی بەوە كرد لە دونیاشدا ئەو پرەنسیپە هەیە، دەكرێ خاڵی دوو ئەلفێكی بۆ زیاد بكرێت، یەعنی دوو برگە، بكرێت بە (أ، ب)، لە (ب): ئاماژە بە نەخۆشخانەكان بكرێت بە تایبەتی بەشی ورد بینی و شوێنە حەساسەكانی نەخۆشخانەكان كە ئەو دووە ئیستسنا بكرێت لە خۆپیشاندان، باقیەكی ئەگەر ئەو برگەیە ئەوها بڕوات مانگرتن لە كوردستان قەدەغە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی كاك ئومێد و برادەرانی تردام لەسەر لابردنی هەر هۆیەكی تر، لە خاڵی دووەمدا لەگەڵ ڕەئی بێگەرد خان دام ببێتە هەر كاتێك ، یەعنی كاتێك كە خۆپیشاندان تا دووایی دەبێت، دواتریش بڕوام وایە ئەو چالاكی و بازرگانی و ئابووری زیادە لابدرێت، چونكە هەتا ئێستا خۆپیشاندانەكان لە كوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە پەكی كاری ئابووری بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی سێیەم منیش لەگەڵ ئەوەدام هەر هۆیەكی تر لابرێت، لە برگەی چوارەمدا من پێموایە هەموو ڕێپێوانێك یان راستەخۆ پەكخستنە، بۆیە ئەو پەكخستنە منیش بە زیادی دەزانم، من پێموایە جیاوازی دەبێ بكرێت لە نێوان خۆپیشاندان و لە نێوان مانگرتندا، مانگرتن فەرمانبەران حەقی خۆیەتی لە ناو دائیرەكەی خۆیدا مان بگرێت خۆپیشاندان بۆ دەرەوە، ئەم واقیعەی ئەمڕۆی ئێمەش وایە لە راستیدا تا شەقامە سەرەكیەكان نەگیری وەك پێویست حكومەت نایەتە دەنگ ئەگەر داواكاریەكە ڕەوا

بێت، بۆیە من لەگەڵ گرتنی شەقامی سەرەکیم، بەلام بە مەرجێك کات دیاری بکرێت، کات دیاری بکرێت بۆ نموونە کاتژمێرێك، یان ئەگەر رەوا بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهرسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا ئاخافتنێت د.فرست دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە ماددەی دووەم لە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ئەوەدام هەر هۆیەکی تر لابرێت کاك ئومێد ئەمەی روونکردەوە، زیاتر روونی ناکەمەوە، لە بڕگەی چوارەم هەر لەگەڵ ئەوەم بە تەواوی ئەو بڕگەیە لابرێت، چونکە ئەم بڕگەیە رێگەی گرتووە لە خۆپیشاندانی چین وتوێژەکانی کۆمەلگە و مافی هاوولاتیان پێشێل دەکات، پێموایە دیفاع کردنە لە دەسەلات بەم شێوەیە کە دەمێنێتەوە، دەسەلاتێك کە باوەڕی بە دیموکراسی و ئازادی و راست گوێی بێت لەگەڵ هاوولاتیانی، پێویست ناکات لە خۆپیشاندان لە پەکخستن بترسێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەم بڕگەیە بە تەواوی لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی (غریب پێنجوێنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم لە ماددەی دووەم مەسەلەی ئاین کە دوو کەس قسەیان لەسەر کرد، کە یەکی رەئی وایە بکرێت بە ئاینزا، یەکێکیش رەئی وایە کە ئاینزا یەك بگرێتەوە لەگەڵ ئاینەکە، من رام وایە ئاین هەر وەکو خۆی بهێڵدرێتەوە، چونکە ئاینزاکان ئەگەر کێشەیان بوو هەر کێشەیەك دوا جار هەر کێشەی ئایینە، لەبەر ئەوە گشتی ترە وەکو خۆی بهێڵدرێتەوە دەستکاری نەکرێت وشەی ئاین، خاڵی چوارەم لە ماددەی دووەم پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی سەرەنجی من لەسەری ئەگەر چی بە نزیکی لەوە وردترە دەزگای خزمەت گوزاری کاتژمێریکی بۆ زیاد بکرێت، وەکو دوایی دارشتنەکە کە دەیخوێنمەوە، هاتوچۆی گشتیش بۆتە دیاردەیەك لەم ولاتەی ئێمە هەر چوار کەس کێشەیەکیان هەبێ یەکسەر پەلامار دەدەن شەقامی گشتی دەگرن و دوو تایە دەسووتێنن و هەرایەك دەنێنەوە کە ژیان دەوەستێت تەقریبەن، ئەمە بەراستی کارەساتە لەگەڵ بۆچوونەکەی (کاك رابوون)م، کەواتە ئاوای لێبکرێت،

نابێ خۆپیشاندان ببێته مایەی پەکخستنی دامودەزگای خزمەت گوزاری بۆ زیاتر له کاتژمێرێك و هاتوچۆی گشتی نێوان شار و شارۆچکه و گوندەکان و سەیرانگاکان و چالاکی بازرگانی و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سەهراب فەرموو.

**بەرێز سەهراب میکائیل محمدامین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەیا من گەیشت، پشتەڤانیا کاك ئومێد حەمه علی و مامۆستا غریب دکەم، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنه زکری فەرموو.

**بەرێز امنه زکری سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ قانون بۆ پەروەردەی تاك و کۆمەلگەیه، هەولدان و خەباتا مه هەمی بۆ هەندێ دچیتن بۆ ئاشتیا کۆمەلایەتی و پەروەردەیەکا نا توندو تیژی، قانون دڤێتن تاکی بەرەڤ ئاخافتن و نییەت و کارێکی باش ئاراسته بکەن، نه بۆ هەندێ بچیتن کو نەریتەکا نەخۆش، یان تەلیحەکی پێ بدەتن کو بەرەڤ ئاراستەیا رفتارەکا سلبی بباتن، سەرەرای پشتەڤانی کرنا هاڤکاری من د.فرست بۆ ئەو یاسا یا رێك و بانا ئەز ئاماژەیا دەدەمه هەندەك یاسایا سزادانێ کو ئەگەر ئەم سەحکەینێ ماددەی (٣٤٢) برگەیا دوو ماددەی (٣٤٣) بەحسێ هەندێ دکەتن کو ئەگەر هەر کەسەك ببیته ئەگەرێ سۆتنا هەر جۆرە دائیرەیەکا رەسمی یان شوبهه رەسمی یان موئەسەسەیەکا گشتی عقوبەی ئیعدام و سجنا موئەبەدە ئەگەر ببیته سەبەبا کوشتنا کەسەکی، یان ئەگەر ماددەی (٣٥٤) هەتا ماددەی (٣٥٩) ئەڤ هەمی ماددەیان تایبەتن ب سزادانه ڤی کەسی ئەوی پەلاماردانێ سەر سەلامەتیا نەقل و ئامرازێن مواصلاتا گشتی دکەت، ماددەی (٣٦١) هەتا ماددەی (٣٦٢) یا تایبەته ب سزادانه هەر کەسەکێ پەلامارێ دەداته سەر وەسیلەیەت ئیتصالا سلکی و لا سلکی، ماددەی (٣٦٦) هەتا ماددەی (٣٦٧) سەر پەلاماردانا ماڤێ کاری کەسێکی تر یان ژی پەلاماردانا ئالەتەکی تایبەت بە کارێ، ماددەی (٣٦٨) هەتا ماددەی (٣٦٩) سەر ئەو زیانێت تەندروستیا گشتی دگەهینیت، ماددەی (٤٧٧) و ماددەی (٤٨١) یا تایبەته ب سزادانا ئەو کەسێت کو تاوانا ناڤ برن و کار کەڤتنێت دگریته بەر کو مەعنا وی نابیت ببیته ئەگەرێ کار کەڤتنا خزمەت گوزاریا گشتی یان هەر کارەکی کو مەسلەحەتا خودان بەرژەوەندیێت عام بیتن، یان ببیته ئەگەرێ هەندێ کو ژیانا خەلکی تەندروستی و ئاسایشا خەلکی بخەیته خەتەری، تەنانەت ئەگەر ببیته ئەگەرێ سۆتن یان ناڤ برنا دارەکێ یان ژی رووخانا دیوارەکێ ئەڤه هەمی یاسایا سزادانا عیراقیدا بەحس کریه، ماددەی (٤٨٧) یەکەم و دووەم هەر کەسەك ببیته ئەگەرێ ئیزدیحاما رێکا گشتی به بێ زەرورەت یان بێ وەرگرتنا ئیزنا سولتەیا تایبەت هەتا دوماهیکێ رێکا گشتی یان عەردەکی

دەست نیشان کری بۆ مەنفەعەتا عام بگریتن ئەڤە دێتە سزادان، ماددەی (٥٠٠) شەشەم یا تایبەتە ب سەرپێچیێن روو بە رووبوونا ئەملاك و ئەموالێت گشتی، ئەڤە هەمی ئەڤ برگەو ماددەیا کو تایبەتن ب تەجربین کرنا فیعلەکێ یان ئیباحە کرنا ئەڤە ڤی واتای دگەهینیتن سزادان یان رێگە پێدان نابیت هەروایە ئاسانی هەروەسا سەر پەرلەمانی دەربازبیتن، ئەز پشتگیریا هەمی وان ماددەیان دکەم، ماددەی دووەم کو ڤی شێوازی هاتینە دارشتن، چونکە بۆ نموونە ئەز بەحسەکی نموونەیەکی بۆ هەوە دینم گەلەك هەڤالاً بەحس کر کو چالاکییەت بازرگانی و ئابووری پێتڤیە سەر رابیتن، خولاچوویی لیژنەیا پەروەردە مە سەرەدانەك بۆ دەڤەرا سۆران کر، چۆمان یان بێژین رێکا هاملتۆن کێشەیەك ما بەینا دوو کەسان دروست بوو بو یەکیش وان هاتە کوشتن بۆ ماوەی پێنج رۆژدا رێکا هاملتۆن هاتە گرتن کو رێکا سەرەکییە یا بازرگانییە، باشە کێ مەسئولە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشێت کو هاتنو چوونێ سنوور بۆ ڤی رەخی دکەت، خەلکی نەخۆش پێدا نەدەهات، یەعنی ئەڤە گلەییا خەلکەکی بوو کو لە رێگا لەمە پەرلەمانتارا گرت، خەلکی نەخۆش بە پێیان ماوەی چەند سەعاتان رێك دهاتن هەتا کو خۆ دەرباز ڤی رەخی دیبکەن، دەرباز ببن، مەوزوعێ چ ئەو کەسێ ئەو مرۆڤ کوشتی خەلکی دگۆتێ دڤێتن تەسلیمی مە بکەن، یەعنی داواکارییێت نا مەعقول، بۆ سەبەبا هەندێ گرفت کو سنووری دەربازێ ڤێرە دەبیت بووە سەبەبا گرانیا بازاری، تشتێت ئەو صادیراتێت کو ل ئێرانی هاتن خراپ دەبوون، یەعنی ئەڤە هەمی تەئسیرێ سەر بازاری و سەلامەتیا خەلکی و هاتن و چوونا خەلکی دامودەزگای حکومی دکەتن، ژبەر هەندێ ئەز ئەڤێ ماددەیێ پشتگیری دکەم وەکی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سعید مەصیفی فەرموو.

**بەرێز سعید محمد سعید (سعید مەصیفی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك ئومێد حەمە علی و کاك علی و بێگەرد خان دەکەم سەبارەت بە لابردنی (هەر هۆیەکی تر)، (هەر هۆیەکی تر) لابرێت، لەبەر ئەوەی یاسایەکەی زیاتر بەر تەسك کردۆتەوە لەو خاڵە، ماددەی دووەم برگەی چوارەم کە دەڵێت نابێ خۆپیشاندان پشتگیری قسەکەی بێگەرد خان دەکەم، بەڵام کە دەڵێ ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی و بازرگانی و ئابووری، بەدەر لە فەرمانبەران و کرێکارنی ئەو دامودەزگایانەی گرفتیان هەیە ماندەگرن یان خۆپیشاندان دەکەن، یەعنی ئێستا لە هەر دائیرەیەك کە ماندەگرێ جگەلە نەخۆشخانەکان کە خەڵکی نەخۆش پێویستە زوو چارەسەر بکرێتن، پێویستە هەر فەرمانبەرێك هەر کرێکارێك ئەگەر ئەوەی لێ قۆرخ بکرێت نەتوانێ مانبگرێ بۆ ماوەیەك، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دیار بکرێتن، ئەی چۆن بۆ علاجی چارەسەر و کێشەکانی کەسی مەعنی ئاوری لێ ناداتەوە، بۆیە من پێم باشە بەدەر بێت لە

فەرمانبەر و کرێکارانی ئەو دامودەزگایانەی گرفتیان هەیە لە دائیرەکەی خۆ مان دەگرێ یان خۆپیشاندان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بەندی سێیەم کە دەڵێ نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك بێت، بە رەئی من بە نیسبەت ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان هەر ئەو کێشانەی کە دروست دەبن زیاتر وەکو بڵێی پشتگیریە لەبۆ کەم و کورپەکانی خزمەت گوزاری داوای هاووڵاتییان هەر بابەتێکی تر، بەڵام دەبینین زۆر جار هەیە بە ئامانجێکی سیاسی دەیانەوێت لە پشت پەردەوە خۆپیشاندان بکەن، بۆیە بە رەئی من بەو شێوەیە بابەتەکە دابرێـژرێ نابێـت خۆپیـشاندان بـە هـۆی ئامـانجی سیاسـی هانـدانی گرووپێـك یـان ئـایین یـان رەگەزپەرستی بکەنە ئامانجی خۆپیشاندان بەو تەسمیە، بە رەئی من ئامانجی سیاسی کێیە، چونکە ئەتۆ خۆپیشاندان رەوایە، بەڵام جار هەیە بە حوکمی ئەوەی پێکهاتەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە شێوەی هەڵبـژاردن و دەنگدانـە شـەرعیەتی لەلایـەن گەلـەوە وەرگرتـووە، بـەڵام زۆر جـار هەیـە دەبـینی بـەعزێك ئەجیندا هەیە وا دەکات فەوزایەك لە کوردستان دروست بکاتن، ئامانجێك دیاری دەکات و خەڵکێك هان دەدات، بەڵام لە پشت پەردەکە ئامانجێکی سیاسییە، بۆیە ئەوە بە رەئی من زۆر زەرورییە، بابەتی تر بەندی چوارەم کە دەڵێ نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی، بە رەئی من لێرەدا زۆر جار دەبینین خۆپیشاندان دەکرێتن دوو بابەت هەیە کە هەڤاڵان باسییان نەکرد، یەکێکیان راستە دەزگاکانی خزمەت گوزارییە، رێگا و بانە، مەسەلەن دائیرەکانە زۆر جار، بەڵام بە گشتی ژیانی هاووڵاتییان زیاتر وەکو بڵێی بەهێز ترە بۆ ئەوەی مەسلەن لە بازاڕ یان لە بەعزێك جێگەی گشتی یان دوکانداره یان هەر بابەتێکی تر ژیانی هاووڵاتییان تێك دەدات، لە لایەکی تریش مەسائیلی ژینگە مەسەلەن بۆ نموونە زۆر جار هەیە خۆپیشاندان کراوە لە پێش پەرلەمان کراوە ئەو دار وئەو تەرتیباتە و ئەو دیکۆراتەی کە چاندرایە دەبینی هاتووە لۆ ئامانجێکی خۆی کە کرێکارە مووچەکەی تەواو نییە، یان کێشەی هەیە یان بابەتی هەیە پڕ دەداتە دار و هەرچی ئاسەواری ئەو شەقامەیە تێك و پێك دەداتن، ئەوە بە رەئی من زۆر گرنگە کە دابڕێژرێت بەو تەصمیمەی نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری هاتوچۆی گشتی و ژیانی هاووڵاتییان و ژینگە و چالاکی بازرگانی و ئابووری هەتا دوایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بە کورتی لەگەڵ ئەو رەئیەم کە باس کرا کە ئاین نەمێنێت، لەبەر ئەوە لە کوردستاندا هیچ دیاردەیەك لەو بابەتە نەبووە هەتا وەکو ئێستا خۆپیشاندانێك نەکراوە کە بۆنی ئەو مەوزوعەی لێ بێت، لەبەر ئەوە هەر باسی لێ نەکرێ باشە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بەراستی پێموایە کە ئێمە دانیشتووین ئەم یاسایە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانە، بەس بە نەزەری من ئەم یاسایە وردە وردە بەرەو ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ئەسڵەن ناوی لێ بنرێت یاسای نەهێشتنی خۆپیشاندان، دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوە دوێنێ ئێمە لە (٩٠٪)ی خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستاندا خۆپیشاندانی لە ناکاوە، ئەوە لە (٩٠٪)ی خۆپیشاندانەکانت نەهێشت، دەمێنێتەوە لە (١٠٪)ی، لە (١٠٪)ی بەو بڕگەیەی کە تەسبیت کرا شیاوی یاسایی هەرچی لە تەمەنی (١٧) ساڵە مافی ئەوەی پێ نادەی کە بتوانێ خۆپیشاندان رێکبخات یان ببێتە نوێنەری خەڵکی خۆی ئەوەش رۆیی، ئینجا ئەمەش دەڵێت نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامودەزگا و خزمەت گوزاری و هاتوچۆ و هەتاکو ئاخیری، من ئەوە دەڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە بەراستی تەجروبەیەکی زۆر تاڵ و نارەحەتمان هەیە لە کوردستان لەگەڵ خۆپیشانداندا، هیوادارم کاتێك کە باسی دەسەڵات دەکرێ ئێستا هەموومان لە دەسەڵاتداین هیچ کەس بە حەساسیەتەوە وەری نەگرێت بەراستی، چونکە ئێمە هەموومان لە دەسەڵاتداین ئۆپۆزسیۆن نەماوە، بەڵام ئەم پەرلەمانە دەبێ دەوری ئۆپۆزسیۆن هەر ببینێت، لەبەر ئەوە تکا دەکەم کە باسی دەسەڵات دەکەین کەس حەساسیەت نەیگرێت، تەعامولێکی نا رەحەت و زۆر خراپ کراوە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا، هەر خۆپیشاندەران کاتێك خۆپیشاندانیان کردووە یەکسەر تۆمەتیان پێدا بەخشراوەتەوە ئەمانە دەستیان لە پشتە، ئەمانە ئاوان و ئاوان، وەڵامی خەڵك نادرێتەوە دەبێ ئێمە لەوە بکۆڵینەوە بزانین خەڵك بۆ وای لێهاتووە کە دەچێت شەقام دەگرێت.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا گیان موناقەشەکەمان لەسەر ماددەی دووەمی راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتەکانە.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگەی چوارەمە نەمێنێت، لەبەر ئەوە خەڵك ناچارە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم خەڵك شەقام بگرێت، بەڵام خەڵك ناچارە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەڵامی داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادییەکان نەدراوەتەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، جا کە خەڵك وەڵامی نەدرێتەوە ناچار دەبێ بڕوات شەقام بگرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من زۆر جار کە خۆپیشاندەران کە خۆپیشاندانیان کردووە چووینە لەگەڵیان دابووین، جەنابت لەگەڵمان دابووی کاتێك کە رۆیشتین بۆ سەیدسادق و خەڵك شەقامەکانی گرتبوو، پرسیارمان لە خەڵك دەکرد دەمان وت بۆ ئێرە بەجێ ناهێڵن،

دەیان وت کاکە ئێمە (٢٠) دانە ساڵە داوا لەم دەسەڵاتە دەکەین نایەن بەسەر دەمانەوە، بۆیە ناچار بووین شەقام بگرین، رۆیشتینە بازیان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا شەقامیان گرتبوو، وتمان کاکە شەقام مەگرن باش نییە وتیان کاکە ئێمە ئێستاش کە دەکۆکین تەپ و تۆزی ئەم هەموو مەعمەلانە دێتە دەرەوە لە قورگماندا، بۆیە شەقام دەگرین، ئێمە لەگەڵ شەقام گرتن نین، بەلام لەگەڵ ئەوەین کە دەسەڵات بە خۆیدا بچێتەوە لە ئاستی داخوازیەکاندا بێت، خەڵك ناچار نەکات شەقام بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا گیان موناقەشەکەمان لەسەر ماددەی (٢) راپۆرتی هاوبەشی.....

**بەڕێز د. هەورامان حمە شریف (هەورامان گەچینەیی)**

ماددەی (٢) من لەگەڵ ئەوەم ئەو برگەی (٤) نەمێنێ ، لەبەر ئەوە خەڵك ناچارە ، من لەگەڵ ئەوە نیم خەڵك جادە بگرێ بەلام خەڵك ناچارە ، چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێ وەلامی داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادیەکان نەدراوەتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێ ، جا خەڵك وەلامی نەدرێتەوە ناچار ئەبێ بڕوا جادە بگرێ ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من زۆر جار کە خۆپیشاندەران خۆپیشاندانیان کردووە چووینە لەگەڵیاندا بووینە ، جەنابت لەگەڵماندابووی کاتێك کە ڕۆیشتین بۆ سەیدسادق و خەڵك جادەکانی گرتبوو پرسیارمان لە خەڵك ئەکرد ئەمان وت بۆ ئێرە بە جێناهێڵن ، ئەیانوت کاکە ئێمە بیست دانە ساڵە داوا لەم دەسەلاتە ئەکەین نایە بە دەممانەوە ، بۆیە ناچار بووین جادەبگرین ، ڕۆشتینە بازیان لە گەڵ خۆپیشاندەران جادەیان گرتبوو گوتمان کاکە جادەمەگرن باش نییە ، وتیان کاکە ئێستاش کە ئێمە ئەکۆکین تەپوتۆزی ئەو هەموو مەعمەلانە دێتە دەرەوە لە قورگمانا ، بۆیە جادە دەگرین ، ئێمە لەگەڵ جادە گرتن ، نین بەلام لەگڵ ئەوەین دەسەلات بەخۆیدا بچێتەوە لەئاستی داخوازیەکاندا بێ خەڵك ناچار نەکا جادە بگرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس ، دوو نوقتە نیزامی هەیە کاك خەڵەف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە قەناعەتێکمان لا دروست بووە ، دروست بوونی ئەم پەرلەمان و ئەم خولە تازە بۆ ئەوە بووە ئەو قەناعەتە وای لێکردین ئێمە ئەمانەوێ کاربکەین لەم پەرلەمانەدا ، ئەگەر قسەکان تەنها بۆ مزایەداتە ، ئێمەش ڕوونکردنەوەمان هەیە و قسەمان هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە نەکوژین ، ناوم نەهێناوە ئەوە شم نەوتووە ، مەبەستم دانیشتنەکەیە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکا کاك خەڵەف ئەو ڕای خۆی وتووە ، تۆ نابێ قسەی لەسەر بکەی ، باشە دەست خۆش ، کاك ئاری تۆش نوقتە نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە نوقتە نیزامیە ، خۆی دوو شێوە قسەکردن هەیە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ، یەکێکیان ئەوکاتەیە کە لە دوای خوێندنەوەی هەر ڕاپۆرتێك ناو دەنووسرێ بۆ دەربرینی ڕەئی لەسەر ئەو نوقتەیەو هیچی ترنا ، یەکێکی تریش هەیە ئەگەر لە حاڵەتێکدا شتێکی نائاسایی لە دەرەوەی ئەم پەیڕەوە لەم هۆڵەدا ڕوویدات ، کەسێك بۆی هەیە ئەم حەرەکەیە بکات بڵێ ئەمە نوقتەی نیزامیەو ئەوە ببڕێت ، بەڵام بەڕاستی پێویستە جەنابتان زیاتر وشیاربن لەوەی کە ئێرە نەبێتە مینبەری خیتاباتی سیاسی و خوتبەو ئەمانە ، چونکە ئەوە قبوڵناکرێت ، ئێمە ناچار ئەبین نوقتەی نیزامی بدەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، وەستاندمان ، باسمان لەوە کرد پێویست دەکا لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشەکە قسەبکەین ، فەرموو کاك شامۆ.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نەعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزی من بۆ بۆچوونا هەردووك مامۆستا دکتۆر شوان و مامۆستا فخرالدین ، بەس ئەز نە لگەل هەندێمە پەیڤە ئاینێش ڤێ ماددەیا دەرکەڤە .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شامۆ ئەوە ڕەئییە نوقتەی نیزامی نیە ، سوپاس ، بەڕێز وەحیدە یاقۆ فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەت من دووبارە هاتنە گۆتن ژ لای گەلەك برادەران ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە پەری فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لە لایەن برادەرانەوە گەیشتن ، تەنیا تێبینیەکم هەیە لە داڕشتنی نووسراوەکان ڕەچاوکردنی لایەنی داڕشتنی ڕستەکان بن ، چونکە لە کۆنفڕاسەکانی زمان یەکەم نووسراوەکان کە زۆرترین ڕەخنەیان لێدەگیرێ لەسەر ئاستی حکومەت و وەزارەت و پەرلەمانن تکاتان لێدەکەین ، سوپاس,

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك تەحسین دۆڵەمەڕی فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر خۆپیشاندانێك كە دەكرێتن دیارە دەربڕینی ئامانجی خۆیەتی ، لە برگەی (٤) برادەران یان بڕیاریانداوە دژی بن هەندێكیان یاخود تەواو لێی تێنەگەیشتوون ، دەڵێ نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەكخستنی كاركردنی دام و دەزگای خزمەتگوزاری ، واتە ئەو دام و دەزگایانەی كە مەعنینە بە كاری ڕۆژانەی هاوولاتیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و كاری هاوولاتیان ئەمە لایەكی مەسئەلەكەیە ، ئەوەی ئێمە هەوڵدەدەین ئەوەیە ئازادی تا ئەو شوێنەی مرۆڤ ئازادە كە ئازادی خەڵكی تر پێشێل نەكاتن ، تۆ كاتێك ڕێگاوبان ئەگری كاری تیجارەت پەك ئەخەی ، كاری خزمەتگوزاری ڕۆژانەی دەوائیری دیكە مەعنیە بە خەڵك پەكبخەیت ، ئەمانە هەمووی تەئسیر لە ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیان دەكا ، كە غەدرێكە لێیان دەكەی ، ئەوەی تریان لە ماددەی (٤) برگەی (٢) كات و شوێنی خۆپیشاندان دیاریكراوە هیچ گرفتێك لەوە نایەتە پێش ، هەتا من لەگەڵ ئەوە نیم دەڵێتن هەركاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەكەوتن كە بووە مایەی پەكەوتن كەڵكی نامێنێ ، تۆ هەوڵدەدەی كە شتی خراپە نەكرێتن ، دام و دەزگای حكومەت ئازاری پێنەگاتن ، هاولاتیان ئازاریان پێنەگاتن ، ڕێگاوبانەكان نەگیرێن ، كە گیران تەسەور دەكەم ئەویشیان جێگای باسە كەواتە من پێم باشە برگەی (٤) لە ماددەی (٢) وەكو خۆی بمێنێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز كاك سەركەوت سەرحەد.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی دووەم برگەی سێهەم پشتگیری لە ڕای هاوڕێیانم دەكەم بە گشتی ، پێویست دەكا لە ئاین یان مەزهەب مەزهەبی بۆ زیاد بكرێت ، لەبەر هەر هۆیەكی تر لابدرێ ئەو لەو برگەیە ، بەنسبەت برگەی (٤) بۆ ماددەی (٢) پشتیوانی لە ڕای بێگەردخان دەكەم بە تەواوی ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو خاتوو شیرین حوسنی.

**بەڕێز د. شرين حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئێستا هەندەك خۆپیشاندان كارتێكردنێ گەلەك خراپ لەسەر مومتەلەكێ تایبەتی ژ هاتێنە كرن تایبەت خەڵكێ تەبعەن ، ئەوان خەڵكێ ژ داوا تەعویزێ ژ حكومەتێ كرینە ، ژ لایە امنە خانێ باسی مومتەلەكاتێ گشتیە هاتیە كرن ، بەلام كارتێكرن لەسەر مومتەلەكاتێ تایبەت ژ هاتینە كرن ، پێموایە ئەگەر ئەم خاڵە لە برگەی (٤) ئیزافە بكرێتن نابێتە زۆر كرن لەسەر مومتەلەكاتێ یان ژ كەل و پەلێن

گشتی ئو تایبەتی بکرێت ، لە هەندێك خۆپیشاندان ژ مەنەسەیەك یان تەختەیەك بۆ خەتیبێك یان بۆ گوتەبێژێك دادەنرێتن ، ئەو گوتەبێژە پەیڤێك دروست دەكاتن ، پەیڤێك پێشكەش دەكاتن ئیحتیمالە ئەو پەیڤە پەیڤی خۆی شەخسی بێتن ، دەربڕینێ ژ خۆپیشاندانێ نەكاتن پێم باشە ئەگەر ئەو خالێش ئیزافە بكرێتن نابێتن تەختەیەك بۆ گوتەبێژ دابنرێتن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك برزۆ مەجید فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكان كرا لەسەر برگەی (٣) و (٤) ماددەی (٢) ، بەلام ئەوەی تایبەتە بە دەستەواژە لەبەر هۆیەكی تر خۆشحالانە هەستم كرد پێدەچێ زۆربەی ڕاكان لەسەر ئەوە بێ لابرێ ، بەلام من لە لایەنێكی تری سیلبی ئەم خالەیان قسەدەكەم ، ئەگەر دەسەلات لەم هەرێمە یان لە هەر هەرێمێكی تر لەگەل خۆپیشاندانیش بێت چونكە لەبیرمان نەچێت خۆپیشاندان دیوێكی دیموكراتی و جوانی هەموو هەرێمێك پیشان دەدات ئەگەر لەگەلیش بێ ، بەلام لێرە ئەو مەتاتە زۆرەی لەبەر هەر هۆیەكی تر لەوانەیە دەرفەت بدا بە سیاسەتی پێكهاتەیەك یاخود تەنانەت بە میزاجی كەسێكیشدا بە نموونە مودیری ناحیەیەك یان قایمە قامێك لە قەزایەك ئەو دەسەلاتە خراپ بەكاردێنێ لەبەر هەر هۆیەكی دروستكراوی خۆی دەلێ نەم هێشت خۆپیشاندان بكرێ ، ئەگەر محافز یان وەزیری داخیلیەش سیاسەتە دروستەكەی حكومەتی ئەم هەرێمە جێبەجێ بكەن و بلێ كاكە تۆ دەستت زۆر گوشیوە ئەویش دیسان بیانووی دەهێنێتەوە دەلێ ئاخر لە ناحیەكەی من ، لە قەزایەكەی من داب ونەریتی كۆمەلایەتی وایە ، یاخود دوژمنداری عەشایری هەیە ، یاخود فلان حزب لەگەل فلان حزب كێشەی هەیە دەتوانێ بە ئاسانی بیانوو بدۆزێتەوە ، بۆیە منیش لەگەل لابردنیمە لەبەر هەر هۆیەكی تر ، سەبارەت بە پەكخستن ئەوەی بینومانە زیاتر ڕێگا و بان و ئەوانەیە دەشێ حكومەت مولزەم بكرێ لەكاتی گرتنی ڕێگاوبانەكان ، ڕێگای كاتی یان لادانی كاتی دروست بكرێ ئەو كاتە كێشەكە حەل دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لە ماددەی دووەم برگەی سێهەم ، ئەو برگەیە حەزدەكەم زیاد بكرێ لەجیاتی ئەوەی كە برادەران باسیان كرد یان (هەر هۆیەكی) تر لابرێت ئەوە ئیزافە بكرێتە سەری یان سووكایەتی كردن بەدابو نەریتێك زۆر جار وایە ، مەسەلەن لە كاتی موزاهەرەكە مەسەلەن تەعەدا لە عادات و تەقالیدی

خەڵكانێك دەكرێتن ، بەنسبەت برگەی (٤) وە دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاكی و بازرگانی و ئابووری ئەوەشی بخرێتە سەر پێم باشە بوارەكانی پەروەردەو فێركردن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆر شێركۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) برگەی (٣) پشتگیری لە ڕای كاك ئومێد و كاك علی و كاك برزۆ دەكەم بۆ لابردنی (هەر هۆیەكی تر) ، لە برگەی (٤) پشتیوانی لە ڕای كاك عادل و مامۆستا مەڕوان و خوشكە بێگەرد دەكەم سەبارەت بەوەی كە بەو دەقەی كە بێگەرد تەرحی كرد ، لە برگەی (٥) كە ئەڵێت نابێ هاوولاتیان و كەسەكان كە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندانیان هەیە (هاوولاتیان و كەسەكان) بكەین بە (ئەو كەسانەی) چونكە هاوولاتیان خۆیان كەسن لە ئەسڵدا ، بۆیە دووبارە كردنەوەی هاولاتیان دیارە (ئەو كەسەكان) مەبەستی ئەوانەن كە هاونیشتمانی نین واتە بڵێین ئەوانەی كەسانی تری غەیری هاولاتیان ، بۆیە بۆ ئەوەی هەردووكیان یەك بخەینەوە بیكەین بە (نابێ ئەو كەسانەی كە بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایانەی مافی خۆپیشاندانیان هەیە بەزۆر ناچار بكرێن) هتد... ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بە مادده (٢) برگە (٣٠) خۆزی كو نافێ ڕێكخستنا خۆپیشاندانا لسەر نافێ ڤێ یاسایێ نەبا ، بەلكو پتر ڕێكخستنا ناڤ جەوهەرێ یاسایێ دا هەبا ، سەبارەت برگە (٣٠) نابت مەبەست لە خۆپیشاندانا هاندانا گروپەكی دژی گروپەكی دیتر نەبتن ، ڤێرێ ئەڤ جوملە هەیە ئەو نینە یا هاتیە خۆ تەقید كرنێ یان خاسكردنێ بەهۆی ئاین ، ڕەگەز ، نەتەوە ، باشە پرسیار ل ڤێرێ ئەڤەیە ئەگەر هاتو (هەر هۆیەكی تر) هاتە لادانێ سبەی هاندەرێكێ یانەیەكا وەرزشی ڤیان دژی یانا دیترێ خۆپیشاندانێكێ بكەن جائیزە؟ كەواتە دەرگا دێ بۆ وە ڤتن خۆپیشاندانێكێ دژی وانە بكەن یان نا ، یان ڕێكخراوەكی موجتەمەعی مەدەنی ئەندامێ خۆیەت هەین ڤیان خۆپیشاندانێكی دژی ڕێكخراوەكا دیتر منافەسە خۆیان بكەن ، واتە جائیزە ئەڤە ژی ، دیساوە دڤە گێرم سەر هەندێ كو هەمی هەڤالا یەعنی پێشنیارا هەندێكا مەزهەب بێتە داهێنانێ كەواتە (هەرهۆیەكی تر) موعالەجە هەمی تشتا كری یەعنی كو مورەشەحی ڤێرێ عیلاجە حالەتەكی كیری كو هێشتا ڕووی نەدابی لەئەمش تنێش جانبەكی بەبەرێخۆ نەداینێ ، یەعنی ئەم تەنزیما حالە تێكی بكەین پاشی فەوزایێ ، یەعنی نەكو پەرلەمان فەزا بكەڤتە ناو حالەتەكی دی ، سەبارەت برگە (٤) هەر دیسان ل هەمان ماددەیێ بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ عەهدێ دەولیێ گرێدایە مافێ مەدەنی و

سیاسیڤە دیسان ڤە جارنامە جیهانی مافێ مرۆڤیت دیسافە دستووری عیراقێ مادده (٣٨) برگا (٣٠) هەمی ئاماژە بهەندێ دەن دڤێتن خۆپیشاندانیا سلمی بتن کەواتە ئەگەر شارع هاتنە گرتنێ ئەگەری پەکخستنا دام و دەزگاو کاری خزمەتگوزاری چ سلمیەتەك ناڤ خۆپیشاندانێدا هەیە ، یەعنی تێناگەم دگەل هەندێ دا یاسایا مەغریبی ، ئوردنی ، کویتی ، مصری ، فەلەستینی هەمی ئیشارەتێ بهەندێ ددەن و ماددەیەکا سەریحی داهێناندێ ئەگەر هەڤالا ببیت ژ دێت نوکە ئاماژێ بوان مادده ددەن کو نابێتن ببتن ئەگەرێ پەکخستنا دام و دەزگا و رێگای گشتی ، یەعنی بۆچی دێیە کوردستانێ لازمە ئەڤە تێدا نەبتن یەعنی تێناگەهیێین بۆچیە! دیساوە وەسیقەحقوقێ حکومەتی ئەمریکی هەر دیسافەوە ئاماژە بهەندێ دایە کو نەبتنێ چێنابتن رێگا گشتیێ بێن گرتنێ یان دام و دەزگایێ خزمەتگوزاری بێن پەکخستنێ ، بەلکو چێنابێ شیعاراتێ مەمنوع ژ کوردستانێ چ یاسا نینە ڤە هەندێك شیعاراتێ مەمنوعکەن ، نابتن چ شیعاراتە مەمنوعێ ژ بێتن گۆتنێ ناڤ خۆپیشاندانا وەکو شیعاراتە هیتلەر و نازی یان بۆ نموونە ئەگەر عیراقێ دابوایە بەعسی یان دژی ئەخلاقێ عام یان دژی مەسەلەن دینی و تەعلیماتا بوا ، یا من دڤیا بێژم هەر ئەڤەبی ، بەرێز سەرۆکێ پەرلەمانێ تنێ یەك ئیزافا دی بۆ برگە (٤) بۆ مادده (٢) کو نابت خۆپیشاندان ببن مایەیی پەکخستنێ دام و دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری ، دڤیا سەلامەو سحە ئاماژە هاتیبا کرنێ و کو جزئەکی گەلەکی گرنگە نابێت خۆپیشاندانێ ببت لەگەل هەلکرنا ئاگراو ، تێکدانا ژینگەهێ کوردستانێ ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێز مامۆستا حەسەن فەرمووە.

**بەرێز حسن صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی لاچوونی (هەر هۆیەك) پشتگیری کاك ئومێد و هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە ئەوەیان باسکرد زۆر تەفاسیلی نادەمێ ، بۆ برگەی (٤) بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە خۆپیشاندان پێموایە مافی رەوای هەموو ئینسانێکە ، مافێکی سەرەتاییە وە زۆر لە برادەران باس لەوە دەکەن ئێرە ئەوروپا نییە ، من پێموایە لە ئەوروپا ئەسڵەن لە ئەوروپا خۆپیشاندان دەکرێت ، رێگا دەگیرێت ، سەیارە دەسووتێ ، مەحەتەی ڤیتار رادەوەستێ کورە فرۆکەخانە ، یەعنی بە هەفتە هەندێك شوێن رادەوەستێن ، خێرە لە ولاتێك کە ولاتێکی موئەسەساتە ولاتێك کە مافەکانیان مافی ئینسان لە نزیك لوتکە دایە ، بەلام لە ولاتی ئێمەدا کە ئاواینە ئێمە رێ لە خۆپیشاندان بگرین ، بۆیە من بەش بە حالی خۆم پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە هەر نەمێنێ لەبەر ئەوەی خەلك خۆپیشاندان دەکا ، رەنگە زۆرجار خۆپیشاندان ببێتە هۆی دامرکاندنەوەی هەندێك غەریزەو هەندێك شت ، جاری وا هەیە خۆپیشاندان کە رێی لێدەگری بە جۆرێکی دیکە لە شوێنێکی دیکە سەرهەل دەدات کە ئەمە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدادێنی ، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم برگەیە نەمێنێ و وەکو زۆربەی برادەران پێشنیاریان کرد ، ئەگەر نا (اضعف الایمان)

ئەگەر ئەو برگەیە هەرماو دەنگی بۆدرا پێشنیار دەکەم ئەوەی بێگەردخان ئەم دەستەواژەی بێگەردخان بەکاریهێنا ، بەلام لە ئاخیریدا لەگەڵی نیم کە دەڵێ (بەراویز لەگەڵ رێکخەری خۆپیشاندانەکان خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبێ) من دەڵێم چارەسەری بۆ بدۆزنەوە نەك خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبێ ، چونکە رەنگە نەیانەوێ کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە بێنن بە راوێژ لەگەڵ ئەمان چارەسەر بۆ ئەم گرفتە دروستکەن کە دێتە پێشەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی رەئی کاك ئومێد و کاك علی وە کاك فرسەت سۆفی ئەکەم ، هەروەها تەئیدی رەئی کاك ماجدیش دەکەم ، دەربارەی برگەی (٤) ئیزافەك هەیە کە پێشتر ئەو خۆپیشاندانانەی کە کراوە هەندێك لەو خۆپیشاندانانە کە بوویتە سەبەبەك وە هۆیەك بوویتە زەرەرو زیانێکی زۆری بە پارت و لایەنە سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنیش داوە ، ئێمە لێرە لەو برگەی (٤) ئەوە بکرێ کە خۆپیشاندان نەبێتە زەرەوی زیانی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و حزبە سیاسییەکان ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەهەموو ئەو بۆ چوونانەدەکەم کە (هەر هۆیەکی تر) لابرێت واتە تا رەگەز و موفتەسیرە ، ئەو برگەی (٤) بۆ ماددەی (٢) ئەوەی کە نابێ خۆپیشاندان ببێتە پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگاکانی خزمەتگوزاری زۆر قسەی لەسەر کرا ، لەبنەماوە خۆپیشاندان بۆ ئەوەیە کە شوێنێك پەك ئەخەی بۆ ئەوەی وەلامت بدەنەوە ، ئێ باشە ئەگەر ئەمانە هیچی نەبێ وە لایەنی دەسەلاتداریش وەلامی نەبێ ، ئەی چی بکا؟ خۆ ئەبێ بیرێك لەوە بکرێتەوە ، بۆیە من لە راستیدا لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی تیادا نەبێ ، ئەگەر تیاشیدا بوو ئەو دەقەی کە کاك رابوون خوێندیەوە وە کاك عمر عینایەتیش دلنیام دوایی دەقێکی تر دەخوێنێتەوە من پشتگیری لەو دوو دەقە دەکەم ، لەبەر ئەوەی لە نزیکمەوەیە بۆیە ئەزانم ، لە راستیدا یەك شت زۆر باس دەکرێت و ئەوانە بابلێن هەمیشە تۆ بەرامبەرە کە ئەبینی ئێ باشە ئەی ئەگەر خۆپیشاندەر کوژرا ، ئەگەر ئەشکەنجەدرا ، ئەگەر رفێندرا ، ئەگەر تاوانی درایە پاڵ ، یەعنی ئەی ئەمە بۆ نموونە بەرامبەرەکەی چی بێت؟.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە لە ماددەکانی ترەوە باسکراوە.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

بەڵێ باش ، ببوورە ، بۆیە لە ڕاستیدا بمبوورە هیوادارم وەکو دیسان ئەمە منیش وەکو جۆرێك لە نەسیحەت نەکەوێتەوە ، ئومێدەکەم وازبێنین لە وەعزدان و نەسیحەتکردن و ئەوانە ، ئیتر ئەمە لە ڕاستیدا ئەمانەوێت هەموومان بەیەکەوە هەرێمەکە بخەینە سەر پێی خۆی ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش ، بەڕێز دکتۆر محمد علی فەرموو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ یاسایێت وەختێ خۆدا سالی٢٠١٠ وەختێ هاتی بۆ خۆپیشاندانێ بوو ڕێکخستنا خۆپیشاندانێ پترین خۆپیشاندان سەر هاتنە کرن ، پترین خۆپیشاندان هاڤدژ لگەڵ یاسایا سەر هاتنە کرن ، ئەوجا ئەز هێڤیدارم هەمی ببینە ئەگەرەك بۆ هەندێك کو ئەڤ یاسایە فعلەن بۆ ڕێکخستنا خۆپیشاندانا بیتن ، بڕەنگێك کو ئەم بشێین گەلەك ئازادیانە و مەدەنیانە سەرەداریە لەگەڵ بکەین ، ئەز لەگەڵ ڕەئیا وان هەوالآمە کە (هەر هۆیەکی تر) نەمینێتن ، دیتنا من (هەر هۆیەکی تر) شی ناوێ بێتە نڤیسین (هەر هۆیەکێ) ببێتە ئەگەرێ توند و تیژیێ ، هەرچەندە ئەڤە مادده دیدا هاتی کو دەبێتن یا ئاشتیا نەبی بۆ نموونە مادده یەکێ سێیەم ئاشتیانە بێژیتن ، لێ دیتنا من (هەر هۆیەکی تر) ڤێرەیا مەتاتیە هەروەك هەڤالا دی ژ ئیشارەت پێدایی ، پەیڤێن دی هەڤالان ئەو تشتێندی پەوێت مە جیاو باس بکەم لێ هاتنە باسکرن ، لێ من دڤێتن سەر بابەتێ پەکخستنا کارکرنا دام و دەزگەهان ژی ئاخافتنەکی بکەم ، دیتنە من تایبەت خۆپیشادان ئەسڵێ خۆدا ، فەلسەفە خۆدا بۆهەندێ کو خەڵك بهێن دەربرپنا ژ خۆبکەن و مافەکێ سروشتی وانە کو ڕەئی جاڕنامەی جیهانە ، مافێ مرۆڤان یاسا و ڕێسایان ڤێ ولاتی ژی ڕێگە دەداتە هەر تاکەکی کو خۆپیشاندانێ بکاتن ، ئەگەر هاتو خۆپیشاندان دەمێکێ ژ دەماندا بۆ ئەگەرێ پەکخستنا دام و دەزگەهێ ژی یان هاتوچوەکێ هەرچەندە موفاڕەنا خو دگەل ئەوروپا یان هەر ولاتێکی دی ناکەین ، لێ ئەو ژی ئالیەکێ ڕەوایە خۆپیشاندەریە بۆ هەندێ کو دەنگێ خۆ بگەهینیت دەربرپینی ژ خۆ بکەت ، ئەگەر تو بوێرێکێ دەلیڤ نەدایە خەڵکی کو ئازادانە دەربرپینی ژ خۆ بکەن ، وان تشتێت کو سینگێ خۆ دەربێخن ڕێگێن دییە خراپ تر دهەڤن بەهارە عەرەبی ژ نموونەیەکە دیبوو کو بەرچاڤێت مە هەبوو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر ڕەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی (٣) پشتگیری هەموو ئەوانە دەکەم کە داوایان کرد (هەر هۆیەکی تر) لا ببرێت ، چونکە ئەمە دەسەلات دەدا بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی هەرچییەکی پێ خۆش بێت ئیزافەی بکات لە

ڕاستیدا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم قانونە ، لەسەر ئەوەی کە برگەی (٤) لە ڕاستیدا من لەگەڵ پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگای گشتی و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی ، ئابووری نیم بەلاّم لەگەڵ ئەوشدا ئەم برگەیە ئەگەر ببێ بە قانون بەدڵنیاییەوە تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێ ، چونکە وەکو هەموو ئەو برادەرانەی ئیشارەتیان پێدا مەتاتیە ، مەسەلەن ئەتۆ باس لە هاتوچۆی گشتی ئەکەی خۆپیشاندان لە سەنتەری شارەکان ئەگەر بکرێ مومکین نییە لە یەکێ لە شەقامەکان نەکرێ هەر شەقامێك لەو شەقامانە هاتوچۆی گشتی پێدا تێپەڕ دەبێ ، کەواتە قەدەغەیە خۆپیشاندانی لێ بکرێ ، کەواتە خۆپیشاندەران لەکوێ خۆپیشاندان بکەن؟ بۆیە پێویستی بە دارشتنەوەیە یان چالاکی بازرگانی لە ڕاستیدا چالاکی بازرگانی ڕاستە ئەوەی امنە خان ئیشارەی پێدا لەوانەیە لە مەرزە سنووریەکان زۆر جار ئاستەنگ بۆ چالاکی بازرگانی و ئابووری دروست بووبێ ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ دارێژەیەکی باشت بۆ هاتوچۆ گشتیەکە دارێشتەوە ئەو کات ئەمەشیان دەگرێتەوە ، بە نموونە لەوانەیە سبەی چونکە ئەگەر تا چالاکی بازرگانی و ئابووری بەشێوەیەکی سەرتاسەری خوا نە خواستە پەکی کەوت کەواتە ئەمە شۆڕشە ، خۆپیشاندان نییە ، ئەمە لەلایەك لە لایەکە دیکەوە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی نەبوو یا مەسەلەن بۆی هەیە ڕۆژنامە نووسێك یا ڕاگەیاندنێك هەواڵێك بلاّوکاتەوە سبەی لە یەکێك لە ڕاگەیاندنەکان بوترێت بە نموونە ئەمە سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی لە ترسی ئەوەکانیان لە دڵەڕاوکێدان ئەو کاتە پاساو بۆ پێشگرتن بە خۆپیشاندان ، بۆیە من پێم باشە ئەمە دارشتنەکی دیکەی بۆ بکەینەوە سیاغەی قانونی بۆ بکرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڤێت ئەز بێژم یاسا بۆ سنووردار کرنا دەسەلاّتا دەوڵەت و حکومەتیە ، نەك بەر تەسکرنا ئازادیا خەلکێ ڕاستە لگەڵ ژ هەندێك یاسا بۆ ڕێکخستنا ژیانا خەلکیە بەس یاسایەکی رەق و هیشك نەشێت ژیانا خەلکی تەنزیم بکات ، بو هەندێ کو ژیانا خەلکی بێت تەنزیم کرن پێویستە داخوازیە خەلکی پێش چاڤ بێنە وەرگرتن ڕێکخراوا کۆمەلگەها مەدەنی ، سەندیکا بێن ئەکتیف کرن گوهێ خەلکی بهێتە گرتن ، ئەگەر خۆپیشاندەر بشێن بگەهێن جێیێ پەیوەندیدار داخاز و پەیاما خۆ بگەهیننە وان ئەگەر نەهێتە جێبەجێکرنیش بەس ڕاستی بۆ وان بێتە ڕوونکرن ئەزێت وێ باوەڕێدام سەدێ پێنجی خۆپیشاندانی کوردستانێ دێتە کێمکرن ، ئێکێك لە ئیشکالیات مەزن خۆپیشاندانا ئەڤەیە گەلەك جارا کو پێشوەخت هەوڵدەدەن کو بگەهن جێهەتا پەیوەندیدار ، نەشێن ئو چ ڕوونکرن ژ نینە ، ئیدی ئەڤەیە دبت سەبەب و خۆپیشاندان بێن کرن و گەلەك جارا ژ توند و تیژی ژ لێ بکەڤت ، بۆ هەندێ ژ کو یاسا دروستی بەرژەوەندیا خەلکی دا بیۆ بۆ تەنزیم کرنا ژیانێ بت پێویستە خەلك بێتە بەژداری کرن د دارشتنە

یاسایێدا ، ڕاستە ئەندام پەرلەمان نوێنەرێ خەڵکیە بەس بۆ هەندێ ئەڤ یاسا تێروتەسەلێ بێ گفتوگۆکرن یاسایەکێ ڕاست و دروست و بەرژەوەندیا گشتیا دەرکەفت ، پێویستە ڕێگەها ڕاگەیاندنێ ڕێگا ڕێکخراوە کۆمەڵگەها مەدەنی بە ڕێگا سەندیکا ئەڤ یاسایە چەند هەیڤ پێش وەخت بێت گفتوگۆ کرن خەڵك بەشداربت داکو یاسایەکێ دروستبت ، ئەز لەگەڵ ڕەئیا پڕانیا هەڵامە (هەر هۆیەکی تر) بێت لادان یسایێ ج ولاتێکی پێشکەفتیدا ڤان ڕۆژادا شازدە ولاتێن پێشکەفتی منێت خواندین (هەر هۆیەکی تر) و هەتا هەتا نوقتە نوقتە من تێدا نەدیتینە ، پێویستە ئەم ولاتێت پێشکەفتی ولاتێت دیموکراسی ولاتێت کو مافێ مرۆڤ تێدا پاراستە بۆ خۆ بکەین نموونە و لۆگۆ ، نەك هەندێك وەلاتێن پاشکەفت کو مافێ مرۆڤی تێدا پێشێلکرن ، ئەڤ خالا دیژێك نابت خۆپیشاندان ببت مایەی پەکخستنی کارکردن و تا دوایی ، ڤێرێ ژك ئەز پشتگیریا ڕەئیا هەڤالا دکەم ئەڤە دبت سەبەبێ بەر تەسك کردنا ئازادیا خەڵکیێ ڕێگرتن لە خۆپیشاندانا ، ئەم دشێین ڤێ ماددەی (٨) فەقەرە (٢)دا پێشنیارامن ئەڤەیە لیژنا یاسایی ماددە (٨) فەقەرە (٢)دا هاتی ئەگەر پۆلیسی چالاکی مەدەنی و دەزگاێن دیا پۆلیس نەشیان زەحمەتیان لە بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەراندا بینی ئیتر دەتوانن هۆکاری مۆرکی مەدەنی بەکاربێنن تەبعەن ئەڤە ژ بێ نوقتە و هتد ، چونکە ئەڤە ژکێ مەتانیەتا تێدا ئەز دیسا پێشنیارا خۆ دووبارە دکەم ئەو یاساێن کو ژیانا ڕاستەوخۆی خەڵکی گرێدایش ئەڤرۆ پێوەتر جدی کاربێکرن چەند هەیڤا پێشوەخت دناڤ خەڵکیدا گفتوگۆ بێتە کرن ، بۆ نموونە لە ئەوروپا بۆ قەدەغەکرنا جگارە لە جهێن گشتی پێنج سالێن ڕەبەق د ڕاگەیاندنێ داو هەمی کۆڕو کۆمەڵ و ڕیکلامەکا گەلەك مەزن هات بەحس و گفتوگۆ کرن ئێدی وەختێ بی بڕیارو یاسا گەلەك ئاسان لناڤ خەڵکی هاتە وەرگرتن ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس ، بەڕێز کاك فایەق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەموارکردنی یاسای خۆپیشاندان خۆی یاسایەکە ڕەهەندێکی مەدەنی و ئازادیخوازانەی هەیە ، بۆیە تا چەند لەو یاسایەدا گرانەوە و فەراهەمکردنی ئازادیەکانی هاولوآتیان جێگیر بکرێ سیمای مەدەنیانە و ئازادیخوازانەی ئێمە پیشاندەدات ، من هەستدەکەم لێرە کە گفتوگۆی بڕگەو ماددەکان دەکرێت لە بیر و ڕای جیاوازدا ، ڕێك وا هەستدەکەم بەشێك خۆپیشاندەرین ، بەشەکەیترمان لە دەسەلاتداین و لەسەر کورسین بەردەمان لێگرتووە بۆ لابردنی لەسەر کورسی دەسەلات ، ئێمە ئەورۆ حکومەتێکی بنکە فراوانمان هەیەو هەمووکان بەشدارین لە دەسەلاتدا ئەکسەریەتمان.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك فایەق قسە لەسەر ماددەی (٢) دەکەین.**

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵ پەیوەندی بە ماددەی (٢) هەیە ، دیارە ماددەی (٢) بڕگەی (٣) لەگەڵ (هەر هۆیەکی تر) نیم ، بڕگەی (٤) خودی خۆپیشاندان بۆ دروستکردنی فشارە بۆ جێبەجێکردنی داخوازی و مافەکانی هاووڵاتیان ، بۆیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ماددەی (٤)دا نیم کە ئەمە فیعلەن قەید و بەندکردنی خۆپیشاندان وە قەدەغەکردنی خۆپیشاندانە ، دەستکردنەوەی بەرپرسانە لە پێشێلکردنی ماف و داواکاریەکانی خەڵك ، بۆیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ماددەی (٤)دا نیم ئەگەر ماددەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە ، خۆپیشاندان تەنها دەبێتە سەیران لە گەشتێك و هیچی تر ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عبدالله.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت من داوای ئیزافەی دوو بڕگەی دی دەکەم لە ماددەی دوو، یەکەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەمامك یان ئەقنیعە بۆ پۆشینی دەم و چاو لە ناو خۆپیشاندەران چونکە ئەوە ئێستا بوویتە دیاردە لە ناو شەرقل ئەوسەت خەریکە بێتە کوردستانیش ئەو تەزاهوراتە، بڕگەیەکی تریش قەدەغەکردنی بەکارهێنانی شوێنی ئاینی بۆ مەرامی سیاسی وەهەروەها نابێت ئەو شوێنە بۆ خرفە بوون و چۆنە خۆپێشاندەران بێتە بەکارهێنان لە نەصەکەی عەرەبی ئەوها هاتووە (يمنع ارتداء الأقنعة لأخفاء الوجه من قبل المتظاهرين وكذلك يمنع حضر الأجتماع لأغراض سياسية في أماكن العبادة كما يمنع تنظيم المواكب منها واليها) سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی یەکی بەشی دووەمت پەیوەندی بەم پڕۆژە یاسایە نییە، ئەوە لە یاسای حزبە سیاسییەکان ڕێکخراوە، بەڵام ئەوی تر دەتوانرێ وتوێژی لە سەر بکرێ، فەرموو د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم هەر هۆیەکی تر لا ببرێت، ماددەی دووەم بڕگەی چوارەم پشتیوانی لە راکەی بەڕێز بێگەرد خان دەکەم ڕێك بخرێتەوە، هەر لە ماددەی سێیەمدا پشتیوانی کاك خلف دەکەم مەزهەبی بۆ زیاد بکرێ، چونکە بەشێکی گەورەی کێشە لە عێراق بە گشتی مەزهەبە، بڕگەی چوارەم بە هەمان شێوە چالاکی بازرگانی ئابووری پێش و پاش بخرێ لە هەموو کاتێکدا ئابووری لە پێش بازرگانی دادەنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فیروز خان،

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە من یا ئیمزا ل سەر راپۆرتی موافەقم من چ خیلاف ل سەر نینە، بەس ل ناڤ كومبوونە لیژنە هاوبەشێ ژ من ئەڤ پێشنیار هەبوو لێرەش دووبارەكەمەڤە ل ماددە دوویێ برگەی چوارەم پێشنیار د كەم وەك نابێت خۆپیشاندان بێتە مایەی پەكخستنی هەتا دوایی هەر ئیزافە د كەم كە خۆپیشاندان نەبێتە رێگری خەڵك و بەكارهێنانی ماڤی خەڵك لە رێگە گشتییەكان و ژینگەی كوردستان، چونكە من ماڤی خۆپیشاندانم هەیە، بەڵام ماڤی بڕینی رزقی خەڵكم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرێك لەو هاوڕێیانەم كۆكن لە سەر ئەوەی كە هەر هۆیەكی تر لا ببرێ بە بڕوای من بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئەسڵیەكە، چونكە هەر هۆیەكی تر لە دەقە ئەسڵیەكە نییە، ئەگەر سەیر بكەین بەو شێوەیە نووسراوە، نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك یان گرووپێكی دیاریكراو بێت بەهۆی ئاین یان نەتەوە یان رەگەز یان نەژاد ئەمە حەلی ئەوە دەكات هەر هۆیەكی تر منیش لەگەڵیدا نیم بەڕاستی، برگەی چوارەم كە بۆ ماددەی دووەم زیادكراوە بەڕاستی من بە پێویستی نازانم ئەگەر لیژنەی یاسایی زۆر سوورن لە سەر ئەوەی برگەیەكی لەو شێوەیە هەبێ لە یاساكە دەبێت پێناسەیەكی وا بكرێت كە بەهیچ شێوەیەك نەبێتە هۆی دانانی كۆت و بەند بۆ هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران، چونكە لێمان تێك نەچێت خۆپیشاندان ماڤێكی دەستووریی هەموو خەڵكی كوردستانە و یەك شتی تر كە باسی رێگاوبان دەكرێ هاوڕێیان یەعنی ئێمە خۆمان هەمووومان دەزانین هەموو خۆپیشاندانێك لە سەر رێگاوبانەكان دەكرێت ئینجا گەر ئێمە بچین لە سەر شۆستەكان خۆپیشاندان بكەین كەواتە ئەوە مەڕاسیمی پێشوازی دەكەین، خۆپیشاندان ناكەین، لەبەر ئەوە دەكرێت لە شارە گەورەكاندا یاخود لە سەنتەری شارە گەورەكان زۆر ئاساییە رێگاوبان دەگیرێت، بەڵام لە پێناسەكە ئەگەر داڕێژرایەوە رێگای نێوان شارە گەورەكان رێگا نەگیرێ لەو حاڵەتە شتێكی ئیعتیادییە، بەڵام لە ناو شارە گەورەكاندا بەداخەوە دەڵێم واشی لێهاتووە لەلایەن دەسەڵاتی خۆمانەوە زۆرجار خۆپیشاندانەكان رێگە نەگیرێت یاخود دەوام پەك نەخرێت لایەنی جێبەجێكار نایێ بەدەم خۆپیشاندانەكەوە، بەدەم مانگرتنەكەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان،

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتە گوتن ژ لایێ بەڕێز (مەڕوان و فرسەت صۆفی) دووبارە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان،

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم کە دەڵێین ئاین بمێنێتەوە وەهەروەها (هەر هۆیەکی تر) لا ببرێ لە بڕگەی چوارەم ماددەی دووەم هاوڕام لەگەڵ خاتوو بێگەرد داڕشتنەوەکە بەو شێوەیە بێت کە بەڕێزیان تەرحی کرد، بەڵام پێم باشە و پێشنیار دەکەم ئەگەر وشەی ژینگەشی بۆ زیاد بکرێ وەهەروەها ئەرکی پاککردنەوەی شوێنەکە لە کاتی خۆپیشاندان بخرێتە سەر رێکخەری خۆپیشاندانەکە لەبەر ئەوەی زۆرجار ژینگە پیس دەکرێ بەڕاستی خۆپیشاندان ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ ئێمە دەبێ هەموومان بەتەنگ پاك و تەمیزی ژینگەوە بێین ئەوە پەیوەستە بە ژیانی هەموومانەوە، لە بڕگەی پێنجەم ماددەی دووەم پیم باشە منداڵ زیاد بکری، لە خۆپیشانداندا زۆر جار ئێمە دەبینین منداڵ بەشداری پێدەکرێ، و زۆرجار بەداخەوە بەداخەوە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە خۆپیشاندان و زۆربەی جار منداڵەکان دەبنە قوربانی لەو خۆپیشاندانە لەبەر ئەوەی داواکارم کە منداڵ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بەشداری پێ نەکرێ بە هیچ شێوەیەك لە خۆپیشاندان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم شتێکە لە مابەینی نوقتەی نیزام و نە نوقتەی نیزامە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر با نوقتەی نیزامی بێ؟ فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم هەڤالێت مە خڕی وسا بەحسێ وێ پرۆژێ یاسایە د کەن کە ئەنەما چارچوڤێ کۆمەلگەهی کوردەواری ژ بیر کری ئەم کۆمەلگەهی کوردەواریدا د ژین کۆمەلگەهەکە نە مە پێ جێ بیت رێکخەرێت مەیێ ێت خۆپیشاندان، گوتم لە ما بەینی هەردووکیان دایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدامە کە ماددەی دوو هەروەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی هەر هۆیەکی تر لەوانە کۆمەڵێك شت دەگرێتەوە، ئەگەر دەکرێ بەناوێکی تر بێت، بەڵام کۆمەڵێك شت هەیە لێرە جێی بێتەوە، چەند هەڤاڵێك لێرە باسیان کرد ئەگەر تەنها ئەو ناوهێنانی ئاین یان نەتەوە یان رەگەز یان نەژاد بنووسرێت ئەوانی تر لێرانە ناکرێ جێیان بۆ بمێنێتەوە، بۆیە من پشتگیری دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە و، ئەوەی تریش چونکە کە باس دەکەم پێم باشە بمێنێتەوە لەبەر ئەوەیە دەڵێ نەبێتە هاندانی هەر گروپێك دژی گروپێکی تر ئەوانەش بە دژەکە دێتن، بۆیە من پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی دیاری نەکراوە کە هاندانێك بێتن تەنها بۆ دژایەتیکردنی ئەوانەیە کە تەئسیر لە سەر وەزعی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمان دەکاتن، ئەوەی تریش دەربارەی بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەم ئەم یاسایە پێم باشە لە دواپید نابێت خۆپیشاندان ئەوەش ئیزافە بکرێ بەردەوامی هەبێت کاتێك ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەمووتان دەزانن بەڕاستی خۆپیشاندان ئامانجی ئەوەیە کە لایەنێك هەیە سزادراوە لایەنێکیش هەیە زوڵمی کردووە، ئیتر ئایا ئەو لایەنەی کە زوڵمی کردووە دام و دەزگاکانی حکومەتە یان دام و دەزگای کۆمپانیاکەیە، ناکرێت مرۆڤی خۆپیشاندەر بچێت داوای وەرگرتنەوەی ئەو زوڵمەی لێیکراوە بۆ ئەوەی زوڵمەکەی لە سەر لا بکەوێ لە کەسێکی تری بکاتەوە لەبەر ئەوە من مەتنێکم داڕشتووە بۆ بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەم هیوادارم بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرن و دەربارەی بڕگەی سێیەمیش لە ماددەی دووەم من پێم وایە ئاوا بنووسرێت باشترە نابێت ئامانج لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیاریکراو بێت بە هۆی ئاین، ئاینزا یان نەتەوە ئەوانە لا ببرێ، تەبعەن (و) لە کوردیدا نییە، بە فاریزە جێبەجێ بکرێ ئەو برادەرانە جارێکی دیکە دایڕێژن، بەنیسبەت بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم کە باس لەوە دەکات نابێت خۆپیشاندەر ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردن لە دام و دەزگاکانی حکومەت منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە مانای ئەوەیە خۆپیشاندان نەکرێ، لەبەر ئەوە باشترە ئەمە چارەسەرێکی مام ناوەند بکرێ لە بەینی داخوازی خۆپیشاندان و لە بەینی دەسەڵاتیشدا و خەڵکیش ناکرێت کە نەخۆش بۆ نەخۆشخانە دەچێت پەکی بخەیت و نەهێڵی بچێتە نەخۆشخانە، نەخۆشەکە بمرێ یان تووشی کارەساتێك

ببێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك خەڵك هەندێك داوایان هەیە لە کۆمەڵێك خەڵکی تر یان لە دەسەڵات، پێم باشە بەو شێوەیە بکرێ ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا سەرنجی بدەن نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار لە یەکە هەستیارەکانی نەخۆشخانەکان وەك چاودێری ورد و فریاکەوتن و پۆلیسی فریاکەوتن، ئەمە زۆر گرنگە ئەگەر بەم شێوەیە بنووسرێتەوە، دووەم نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی هاتوچۆی نێوان شار و شارۆچکە و گوندەکان و هاوینە هاوارەکان لە کاتی پەکخستنی هاتوچۆ لە ناو شار و شارۆچکەکاندا بە هۆی خۆپیشاندانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێویستە پۆلیس رێگای بەدیل بۆ هاتوچۆکەران دیاری بکا، سێیەم: نابێت خۆپیشاندان لەو رێرەوەی بۆی دیاریکراوە ئاراستەکەی بگۆڕێت، چوارەم: نابێت خۆپیشاندان زیان بە ماڵ و مەڵکی گشتی و تایبەت بگەیێنێ، ببوورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری بەڕێز د. عبدالله دەکەم کە وتی قەدەغەکردنی دەمامك لەلایەن خۆپیشاندەران و لەلایەن پۆلیسیشەوە ئەوکاتە پۆلیسیش، چونکە ئێمە بینیمان لە سەید سادق پۆلیس دەمامکی لە چاو بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە نووسیوتە بینێرە بۆ لیژنەی یاسایی داوای دەکەن، فەرموو نجیبە خان،

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیارەکانم گوتراوە پشتگیری لەو رایە دەکەم کە (هۆیەکی تر) لا ببرێ، و پشتگیری لەو رایەش دەکەم کە (ئاین) لا ببرێ، ئەگەر (ئاینزا) دابنرێ ئاساییە، ئەگەر نەشبێت ئەوا (ئاین) لا ببرێ، و پشتگیری لەو داڕشتنانەی کاك عمر عینایەت دەکەم کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە ئەو برگەیە و ئەو تێبینیانەی کە امنە خان باسی کرد لە سەر برگە قانونییەکان ئەگەر بەو شێوەیە ئەم یاسایە دژی کۆمەڵێ برگەی ترە لە یاسایەکی تر کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان چۆن بەڕاستی یەعنی ئەم یاسایە دانراوە یاسای خۆپیشاندان چۆن لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆیە ئەگەر ئەو دژایەتییەی هەبێ پێویست بە پێداچوونەوەی دەکا، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی کاروان،

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رەئیەکی جیاوازم هەیە لە هەر هەمووی، گلەییەکیشم هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئاخیرین وەکو داوای لێبوردن دەکەم کە ئەو قسەیە دەکەم لە ناو پاص ئاخیر کەس دائەبەزین وای لێهاتووە هیوادارم چاك بکرێ ئەو سرەیە، من پێم باشە هەردوو برگەکە لیژنەی یاسایی د. ڤالا و ئەوان هەتا بکرێ موختەسەر بێ، یاسا هەتا موختەسەر بێ تەنفیزکردنی باشتر دەبێ، پێم باشە هەردوو برگە ببێتە یەك بەم شێوازە دوو دێڕ و

نیوە خۆپیشاندان نەبێتە مایەی تێکدان، چونکە لێرە دەڵێ نەبێتە مایەی پەکخستن بۆ نموونە وەزارەتی تەربیە ئەگەر موەزەفەکانی مان نەگرن دائیرەکە پەکی نەکەوێ خەڵك بەدەمیانەوە نایێ، لەبەر ئەوە پەکخستن لە ئەوروپا، لە ئەمریکا، لە وڵاتانی تر موتەبەعە، حاڵاتێکی زۆر تەبیعیە و تەندروستییە، بەڵام تێکدانەکە گرنگترە، من دەڵێم بەم شێوەیە بێ خۆپیشاندان نەبێتە مایەی تێکدانی دام و دەزگاکان و پەکخستنی هاتوچۆی گشتی، هاتوچۆی گشتییەکە دەکرێ ببێتە هاتوچۆی دەرەوە و هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاریکراو هەردوکی تێکەڵاو دەبێ ئەوە وەکو ئیقتیراح، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شێخ شامۆ

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا من د ڤێ ئەز بێژم پشتەڤانیە لە ڤان هەڤالا د کەم پەیڤە ئاینێ بڕگە سێ مادده دوو بمینێ، چونکە ئەم پێکهاتێت ئاینی و نەتەوە کەوردستانێ مە پێویستی پێ هەیە ب سەرێ مە ژی هاتییە، بەلکی دووجارا خۆپیشاندان جێ بوونە ل دەڤەرا مە نە بەس کراسەکی ئاینی وەرگرتینە، بەلکو ئەدرێسەکی جیهادیشی وەرگرتینە ژ بەر ئەڤە بلا ئاین بمینێ پتر پێکڤە ژیانێ خورت د کە ئەڤ پەیڤە ل ناڤ ڤانونێتدا، ل بڕگە سێ ژی ئەخیر ئەگەر نەبێتە ئەگەرێ شۆتاندنە ماڵ و مومتەلەکاتی خەلکی تەسەوڕا من بێتە ئیزافە کرن باشترە، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە، فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیوەی نیسابە ئێستا، سوپاسیە هاڤالا خرە د کەم کو بەحس کرن راستی هەمی ژ خەم خۆری خۆیە، بەلێ بەرا پتر هەڤالێت مە ئەڤ خاڵا من د ڤێت گوتن یەعنی تێکڕای دەنگی هەڤالا سەر وێ چەندێ راوەستان ئەمە ل کۆمەڵگەیەکی شەرڤل ئەوسەتێ دەژین، کۆمەڵەیەکی کوردەواری دەژین، ئەگەر خۆپیشاندان هاتە کرن خۆ ل هەندێ ناگرێ ژ بەر هەندێ ژی کو حکومەت بلا ئەو خۆ تەنزیم بکا، پۆلیسێ خۆ تەنزیم بکا، رێك و رێنمایێ خۆ تەنزیم بکات، خۆپیشاندانە بێلن زمانێ دانوساندنێ باشترین زمانە بۆ موعالەجە کرنا وێ چەندێ، ژ بەر هەندێ ژ بۆ مومتەلەکاتێ دەوڵەتێ، بۆ شارع گرتنێ، ئەسڵێ موزاهەرێ ئەوە تۆ شارعێ بگری یەعنی ئێستا بووە لە کوردستان لەو فەترەی چوو بووە موزاهەراپەك لە کۆڵانێك دەرکەوتییە؟ لە شارعە و نیازیش دیارە کە شارع بێتە گرتن، خەڵك باس بکات، ببێتە سەبەبی ئەوە کە ئەوە مەسئوولە یان ئەو حکومەتە بێتە د گەل ئەواندا، بۆیە پشتگیری ئەوانە دەکەم کە ئەوانەی گوتیان وەکی بێژن موزاهەرە دەستی لێکراوە بێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا سەرۆکی لیژنەکان یان لیژنە تایبەتمەندەکان هەریەکە و یەك کەسیان زۆر بە کورتی ڕوونکردنەوە بدەن لە سەر ئەو ماددەیە بۆ ئەوەی دوایی بیخەینە، دوا موداخەلە، فەرموو کاك عباس،

**بەڕێز عباس غزالي میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆپیشاندان دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە هەموو دەستورێك ئیجازەی پێداوە و ئامانجیش لە هەموو خۆپیشاندانێك لە کۆمەڵگەیەك نیشانەی دیموکراسیەتی کۆمەڵگەیە، هەروەها نیشانەی مەدەنیەتەیە، کەواتە کەواتە لازم و مەلزومی یەکترن دەبێ بە باشترین شێوە دەربڕین، کەواتە خۆپیشاندەر ئەم یاسا بۆ ئەوەیە بە باشترین شێوە پەیامەکەی بگەیێنێ بە دەسەڵات بە دەزگای جێبەجێکردن ئەو مافەی هەست دەکات لیێ خوراوە یان لیێ بێبەشکراوە یان هەر هۆیەکی تر، هەر بۆیە ئەم یاسایە هاندەدات کە خۆپیشاندەران بە باشترین شێوە داوا ڕەواکانی خۆیان بگەیێنن بە دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی، کەواتە خۆپیشاندەریش موکەلەف دەبێ بە باشترین شێوە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕەچاوی ئەوە بکات، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بەڕێز د. فرسەت باسی کرد ڕیگاوبان و شوێنەکانی خزمەتگوزاری ناکەم، بەڵام بە پێویستم زانی بۆ ئەوەی خۆپیشاندەرانی هەرێمی کوردستان جوانترین شێوە لە خۆیان پیشان بدەن دوو بڕگە هەرچەندە بە پچڕ پچڕ باسی کرا، دوو بڕگە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی لە دونیادا بڵێین ئێمە کۆمەڵگایەکی شارستانین، یەك ئەمڕۆکە ژینگە و منداڵ باسی هەرە سەرەکی کۆمەڵگای نەتەوەن نابێت خۆپیشاندەر، دەبێت ژینگە بپارێزێت بەهەر سیغەیەك بێ، دوو: بۆ ڕەچاوکردنی ماف منداڵان نابێ خۆپیشاندەران منداڵ بەکار بێنن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان، نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەنگدان رابگری تا ئەوکاتەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان دێنەوە هۆڵی پەرلەمان تکایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی فراکسیۆنەکان خۆیان دەبێ لێرە بن، فەرموو منیرە خان،

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێم وابێ چوونەتە دەرەوە بۆ کۆبوونەوە بۆ ئیتیفاقکردنی کۆتایی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با ڕوونکردنەوە ی لیژنەکان بدرێ ئەو کاتە، فەرموو کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەمە لە ژێر گوشارێكی زۆرە و لە ژێر نەشارەزاییەكی زۆرە و لە ژێر ناچارییەكی زۆرە نووسراوە، چونكە لە هیچ شوێنێكی دونیا ڕێگا نادریت جادە بگری و ڕێگا بگری،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد ئەمە رایە، تۆ رای خۆت لە كاتی خۆیدا نەگوت، ئێستا پێویست ناكات رای خۆت بڵێی، فەرموو كاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە لە مەكتەبی ئیبتیدائی دانەنیشتووین تا چاوەڕێ بكەین مامۆستا جارێكی تر بگەڕێتەوە پۆل و، ئسولی خۆی هەیە ئەمەش پەیڕەوی ناوەخۆیە، جەنابت مولزەمی بەمە، نەك بەوەی فلان سەرۆكی فڕاكسیۆنی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بڕیارەكان دەنگدان و دەنگ نەدان لە سەر ماددەكان هەمووی بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە ئەوە هیچ پەیوەندییەكی بە سەرۆك فڕاكسیۆنەكانەوە نییە، لێرە ئێمە وەكو لیژنە وەكو ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی كە ئیتیفاقی لە سەر دەكرێ دەبێتە جێی ڕەزامەندی ئەندامان بۆ پاراستن و پارێزگاریكردنی هەم لە مەسلەحەتی گشتی لەلایەك و هەم مەسلەحەتی ئەو كەسانەی كە مافی خۆپیشاندانیان هەیە لە لایەكی تر كە گەیشتینە بڕیارێك ئەوەیان دەنگی لە سەر دەدرێ، بۆیە ئەو بابەتە بەو شێوەیە پێویستە ڕوونبكرێتەوە، ئەوەی كە پەیوەندی بە بڕگەی سێیەمەوە هەیە دیارە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بوون كە هەر هۆیەكی تر لا برێتن، ئێمە وەكو داڕشتن لە لیژنەی یاسایی هەر هۆیكی ترمان داناوە بۆ ئەوەی لێرانە قەزا دەستكراوە بێت كاتێك لە ئەسڵی یاساكەدا خۆی دووبارە هەر گرووپێك دژی گرووپێكی تر ئەگەر مولاحەزە بكەن لە ناو قەوسدا هاتۆتەوە هەر بۆ ئەوە بووە كاتێك كە خۆپیشاندان كە (سوء النیة)ی دەبێ گرووپێك دژی گرووپێكی تر هان دەدات جگە لەو خاڵانەی كە تەحدید كراوە لە ناویدا قەزا دەست واڵا بێتن لە تەكیفكردنی لێرە تەفسیركردن تەنها بۆ سوڵتەی قەزائیە ئەو كاتەش خۆتان دەزانن سوڵتەیەكی موستەقیلە و پێی دەوترێ (الحارس الطبیعي لحمایة حقوق الأنسان) حارسێكە بۆ حمایەتكردنی حقوقی ئینسان، بەڵام ئێمە وەكو لیژنە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن (هەر هۆیكی تر) لا ببرێ، دوا جار بڕیارەكە بۆ بەڕێزیان دەگەڕێتەوە دەتوانی بیدەیە دەنگدان و

ئەمە هەڵبگیرێ، لە سەر برگەی چوارەم دیارە بەشێك لە ئەندام پەرلەمانان لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێ، بەشێکی تریشیان لەگەڵ ئەوە بوون نەمێنێ بەشی زۆریشیان لەگەڵ ئەوەن داڕشتنەوەیەك بۆ ماددەکە بکرێ، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لێرانە موتەفقین لە سەر ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراو داڕشتنەوەی بۆ ئەم برگەیە بکەینەوە لە ماددەی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسای خۆپیشاندانە ئێمە پێمان وایە تەنها ئێستا دیویکی خۆپیشاندان دەبینین رەنگە برگەی چوار کە قسەی زۆر لە سەرە سبەینێ دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان خۆیان لە سەر مافەکانیان داوای خۆپیشاندان بکەن وەکو ئەو خۆپیشادانانەی لە دونیای دەرەوەی پێشکەوتوو هەیە، لە سەر مافەکانیانە، لە سەر بڕیارێکی کە پەیوەستە بە ژیانیانەوە، بۆیە رەنگە دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان خۆیان مانبگرن، رەنگە هێڵەکانی هاتوچۆ خۆیان مانبگرن، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ئەمە دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی مەتاتی نەبێ کە رێ بگرێ لە خۆپیشاندان ئەگەر نا ئێمەش بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەوە نین رێگای سەرەکی و خزمەتگوزاری و ئەوانە بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی موتەبەعە بەشێوەیەکی ستاندارد بە سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانی ماف دەدرێ نەك بسەندرێ ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر باوە بۆ سەردەمی شۆڕش و راپەڕینەکان کە دەوتری ماف ئەسەندرێ، نادرێ، بۆیە ئەرکی یاسا و پەرلەمان و دەسەڵاتی گشتییە مافەکان رێك بخا و فەراهەمی بکا واتە لە بنەمادا تۆ مافەکان مەیسەر بکەیت ئینجا دەچیتە ناو تەفاصیل، بۆیە من مولاحەزەکەم ئەوەیە کاتێك ئێمە شتێکی زیاد دەخەینە ناو راپۆرتەکە دوایی سەر ئێشەمان بۆ دروست دەکا، چونکە ئەم دوو فەقەرەیەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەی دەکەین لە ئەسڵی پڕۆژەکەدا نەبووە، بۆیە ئێستا هاتووە ئێمە موتەفیق بووین و دەنگیشماندا لە سەر پڕۆژەکە، تەعامولی لەگەڵ دەکەین، ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ هۆیەکانی تر نین، ئەوەکەی تریش کە برگەی چوارەمە یەعنی ئەو دەستەواژانە لە سلبی مافە گشتییەکانن کە نابێ رێگای هاتوچۆ بگیرێ، نابێ چالاکی بازرگانی و ئابووری ئەوانە پەك بخرێ، لە مادده (٢٤)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا لە بابی ماف و ئازادییەکان لە نەسی سەریح هاتووە ئەم مەسەلەیە و لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا بەشێك لە هەڤالان ئاماژەیان بە یاسا گشتییەکان کرد کە ساڵی ٢٠١٢ لە

ماددەی (٣) و لە ماددەی (١٢) و چەند بڕگەیەکی تردا بە نەسی سەریح باسی ئەوەکراوە و لە خودی ئەم یاسایەشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٨)م نابێت ئەو خۆپیشاندانە لە ئامانجی خۆی لا بدات، ئەو ئامانجانەی کە تۆ تیایدا دیاری دەکەی چۆن لە ڕێگای ئاگادارکردنەوە کات و شوێن و ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان دەست نیشان دەکەین، بەڵام مادام زیاد لە (٣) هاوکاری بەرێ پێشنیاری کردووە ئەم بڕگەیە هەبێ و بەجۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە وە ئێمە وەکو لیژنە ڕێز لە رای زۆرینە دەگرین هەر رایەك درا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوەخۆ ئەنجومەنە خۆجەییەکان،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ هەموومان مەعلومە کە کەم و کورتیەکانی تەشریع بە (٣) هۆکار چارەسەر دەکرێ، یەکێکیان وردبوونە لە دارشتندا دووەم: بەشداریکردنی نوێنەرانی خەڵکە لە داڕشتنەکەدا ئێستا زۆربەی هەڤاڵانمان لە ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بوو کە بڕگەی سێیەم (هەر هۆیەکی تر)ی تێدا لا ببرێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە (هەر هۆیەکی تر) لە بڕگەی سێیەمدا نەمێنێ و کە دوای ئەوەی دەخرێتە دەنگدانەوە و لە بڕگەی چوارەمدا زۆر لە هەڤالان پێیان باش بوو کە داڕشتنەوەی بۆ بکرێ، ئێمەش پێیمان باشە کە داڕشتنەوەیەك بۆ بڕگەی چوارەم بکرێت و دەرفەتێك بە هەر چوار لیژنەمان بدرێت و بۆ ئەوەی داڕشتنەکی باشتری بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە هەبوو دەیخەینە دەنگدانەوە، لە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم، فەرموو

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم، ئاین و مەزهەب زیاتر لە (٣) پەرلەمانتار ئەوەیان پێشنیار کرد

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر باسی نەکرد،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی نەکرد، بەڵام دەیخەینە دەنگەوە، نووسیمانە هەموومان تۆمار کردووە، فەرموو د. ڤاڵا،

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە ئاین کاتێك لێرە بە موتڵەقی هاتووە کە دەڵێین ئاین، ئاینزاش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر مەزهەب، ئاینزا لە جێی دانێن بەهیچ شێوەیەك ئاین ناگرێتەوە و کۆمەڵگای ئێمە زیاتر لە ئاینێك تێدا دەژێتن، بۆیە ئاین پێویستە لە ڕووی یاساییەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ فەراهەمکردنی مافی هەموو ئەو ئاین و ئاینزایانەی کە لێرە دەژین موستەڵەحی ئاین ئاینزای لەگەڵە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یروانت نوقتە نیزامە؟

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدا د کەم چونکە موجتەمەعە مە زۆربەی ئاییىنا تێدایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە لە بڕگەی سێیەم ماددەی دووەم (هۆیەکی تر) لا ببرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە (هۆیەکی تر) لا ببرێ با دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٤) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٦) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، هۆیەکی تر لا دەبرێ، هەندێك داوای ئەوەیان کرد (ئاین) لا ببرێ، هەندێکیش داوایان کرد بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (ئاین) لا ببرێ؟(٦) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٧٧) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێتەوە، کەواتە دەمینێتەوە، ڕایەك هەبوو کە زیاد لە (٣) ڕا هەبوو کە ئاینزای بۆ ئیزافە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئاینزای بۆ زیاد بکرێ با دەست بەرزکاتەوە؟ (١٧) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئاینزا زیاد بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە ئاینزا ئیزافە بکرێ؟ (٥٦) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئاینزای تێدا نەبێ، کەوتە پەسەند کرا، وەکو خۆی دەمینێتەوە، زیاد لە (٣) ڕا هەبوو کە لە ڕووی داڕشتنەوە ڕێك بخرێتەوە فاریزە و واوەکان لا ببرێ، ئەوە لیژنەی یاسایی کە سیاغەی دەکاتەوە دەتوانێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ پێویستی بە دەنگدان نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە، ئێستا بیخوێنەوە تکایە ئەوەی کە دەنگی لە سەر درا، ئیزافە کرا، لا برا، بۆ ئەوەی جارێکی تر بیخەینە دەنگەوە، فەرموو د. ڤالآ،

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێیەم نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاریکراو بێت بەهۆی ئاین، نەتەوە، ڕەگەز یان نەژاد.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٢) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەندکرا، بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم بەشێکی زۆر لە راکان لەگەڵ ئەوە بوون کە رێك بخرێتەوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین لیژنە هاوبەشەکان سیاغەیەکی تازە بۆ ئەو ماددەیە رێك بخەنەوە بەپێی ئەوە پێشنیارانەی کە هاتۆتە بەردەستان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، لە پێشدا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە هەندێکی لەگەڵ ئەوە بوو کە هەر نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی چوارەم نەمێنێ؟ (١٨) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە بمێنێ؟ ئێستا بمێنێ دوایی تەعدیلات دەکەین، (٦٠) کەس لەگەڵ ئەوەن کە بڕگەکە بمێنێ، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت روونت نەکردەوە ئایا نەمێنێتن تەعدیلی لەگەڵ بکرێ، یەکەم جار وتت بمێنێ یان نەمێنێ، هیوادارم پێشتر روونکردنەوەی باشت دابا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك لەگەڵ ئەوەبوون کە هەر نەمێنێ، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ باشە، دووەم جار کە وتت کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ نەت وت تەعدیل بکرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وتم بمێنێ بەتەعدیلەوە، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، باست نەکرد ببوورە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەرێ چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە من وتم بمێنێ بەتەعدیلەوە، ئەتوانی دوایی بگەڕێیتەوە بۆ پرۆتۆکۆلیش بزانی چیمان وتووە،راکانی تر پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە، هەندێکی داوای ئەوە دەکەن پەکخستنی کارکردن لە دام و دەزگاکان لا ببرێ، هەندێك داوای ئەوەیان کرد کە هاتوچۆی گشتی بکرێ بە هاتوچۆی شەقامەکانی نێوان شارەکان، رایەکی تر هەبوو کە کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندان لە کاتی پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری بە راوێژ لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان هەندێك لەگەڵ ئەوەبوون کە بەس تەنها تەندروستی و پۆلیس لە زمنی ئەو چالاکیانە بێ کە

کێشەی بۆ دروست بوو نەهێڵرێ، کاك عمر عینایەت پێشنیاری هەبوو ناردوویەتی بۆ لیژنەی یاسایی حاجی کاروان بە هەمان شێوە، فەرموو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی گفتوگۆ کردن لیژنەی هاوبەش ئەو رایانەیان نوسیووە کە ئایا لە (٣) پەرلەمانتار پێشنیاریان کرد، پێویستە ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەو تەرحانە بدەن بە جەنابتان کە دەیخەنە دەنگدان یاخود نایخەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوان مەشغولی سیاغەکردنن، مەزهەب، ئاینزا یەعنی مەزهەب، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئاینزا زیاد بکرێت؟ (١٧) کەس لەگەڵ ئەوەیە ئاینزا ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە ئاینزا ئیزافە بکرێت؟ (٥٦) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئاینزای تێدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. زیاتر لە سێ رەئی هەبوو، بۆ ئەوەی لە رووی داڕشتنەوە رێك بخرێتەوە، فاریزەو واوەکان لابرێت، لیژنەی یاسایی کە صیاغەی دەکاتەوە دەتوانێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت، پێویستی بە دەنگدان نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، ئێستا بیخوێننەوە، تکایە لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە ئەوەی کە دەنگی لەسەر درا، ئەوەی ئیزافە کراوە لابرا بۆ ئەوەی جارێکی تر بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیاریکراو بێت بەهۆی (ئاین، نەتەوە، رەگەز یان نەژاد).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە، ئەو بڕگەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٢) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسند کرا، بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، بەشێکی زۆر لە رەئیەکان لەگەڵ ئەوە بوون کە رێك بخرێتەوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین لیژنە هاوبەشەکان صیاغەیەکی تازە بۆ ئەو ماددەیە رێك بخەنەوە، بەپێی ئەو پێشنیارانەی هاتۆتە بەردەستتان، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لە پێشدا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە هەندێك لەگەڵ ئەوە بوو کە هەر نەمێنێت، واتا بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم هەر نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم نەمێنێت؟ (١٨) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە بمێنێت؟ ئێستا بمێنێت دوایی تەعدیلات دەکرێت، با دەنگدانەکە تەواو بێت، ئینجا، ناتوانی لە کاتی دەنگدان قسە بکەیت بەهار خان، لەکاتی دەنگداندا قسە ناکرێت، تکات لێ دەکەم بێ دەنگ بە، لە کاتی دەنگداندا قسە ناکرێت، دەنگەکان دەژمێردرێ بە یارمەتی خۆت با دەنگەکان بژمێردرێت و تەواو ببێت، ئەو کاتە دەرفەتت دەدەم،

دەستتان دامەنێن با بژمێردرێت، ئێوە دەست دانێن، ئێوە دەست دانێن، ئەم دوو موقاتەعە با دەست دانـەنێن، (٦٠) كەس لەگەڵ ئەوەن كە بڕگەكە بمێنێت، بەهار خان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو ئێستا.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، من نوقتەی نیزامیم نەما.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت روونت نەكردەوە، ئایا نەمێنێت تەعدیلی لەگەڵ بكرێتن، یەكەم جار وتت بمێنێت یان نـەمێنێت، هیوادارم پێشتر روون كردنەوەی باشت دابا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەندێك لەگەڵ ئەوە بوون كە هەر نەمێنێت........

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە تۆ دووەم جار وتت كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت، نەتوت تەعدیل بكرێت، دەبوایە بتگوتبا تەعدیل بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گوتم بمێنێت، بەڵام بە تەعدیلەوە.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، باست نەكرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چەند كەس لەگەڵ ئەوەیە، من گوتم بمێنێت بـە تەعدیلـەوە؟ باشـە دەسـتتان خـۆش بێـت، دەتوانیـت دوایـی بگەڕێیتەوە بۆ سەر پرۆتۆكۆڵ بزانی چیمان گوتووە؟

ئەوەی تر، رەئیەكانی تر پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، هەندێكیان داوای ئەوە دەكەن، تكایە بێ دەنگی، داوای ئەوەیان كرد كە پەكخستنی كار كردن لـە دامودەزگاكان لابرێـت، هەنـدێك داوای ئـەوەیان كـرد كـە هاتوچـۆی گشتی بكرێت بە هاتوچۆی شەقامەكانی نێوان شارەكان، رەئیەكی تر هەبوو كە كۆتایی هێنان بە خۆپیـشاندان لە كاتی پەكخستنی خزمەتگوزارییـەكان و هاتوچـۆی گشتی و چالاكی بازرگـانی و ئـابووری بـە راوێـژ لەگـەڵ نوێنـەری خۆپیـشاندان، هەنـدێك لەگـەڵ ئـەوە بـوون كـە بـەس تـەنها تەندروسـتی و پـۆلیس لـە زیمنـی ئـەو چالاكیانە بێت، ئەگەر كێشەی بۆ دروست بوو نەهێڵدرێت.

کاك عومەر عینایەت پێشنیاری هەبوو ناردی بۆ لیژنەی یاسایی، حاجی کاروان بە هەمان شێوە، فەرموو گەشە خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی گفتوگۆ کردن لیژنەی هاوبەش ئەو رەئیانەیان نووسیوە، کە ئایا لە سێ پەرلەمانتار پێشنیاریان کردووە، پێویستە ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەو تەرحانە بکات، کە جەنابتان دەیخەینە دەنگدان، یاخود نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوان مەشغولی صیاغە کردنن، تەواو، کاك ئومێد خۆشناو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو تێکستانەی کە باس کراو ئەو دەقەی کە بێگەرد خان خوێندیەوە، رەئی زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمانی لەسەر پشتگیری هەبوو، بۆیە هەر رەئیەکی تر ئیزافە بکرێت، من تەسەور ناکەم ئەوە بێتن، چونکە پشتگیری ئەندامانی پەرلەمانی بە دەست هێناوەو ئەو تێکستەی کە خوێندیەوە، دەکرێت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەگەر رەئی تر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر لە رەئیەك هەبوو بۆ سیاغە کردن، ئەوەی بێگەرد خان پێموا بێت نزیکەی (١٠) کەس لەگەڵی بووە، رەئیەکانی تریش هەر یەکەو ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ بووە، ئەوە ئێستا لیژنەکان خەریکی صیاغە کردنەوەن، بە دڵنیاییەوە سوود لەو رەئیانە وەردەگرن کە بۆ سیاغە کردنەوەی پێشکەش کران.

بەڕێزان، بۆ ماوەی (١٠) دەقیقە دانیشتنەکە هەڵدەگرین، تا لیژنە پەیوەندیدارەکان صیاغەیەك ئامادە دەکەن، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردن، لەسەر ماددەی دووەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەم یاسای خۆپیشاندان، پێم وابێت لیژنەکانی پەیوەندیدار گەیشتوونەتە سیاغەیەکی هاوبەش، بۆ برگەی چوارەم با ئێستا بیخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وتوێژێکی زۆر بۆ دارشتنەوەی برگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، گەیشتینە ئەم سیغەیەی خوارەوە، کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامو دەزگا خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، وەك تەندروستی، فریاکەوتن، ڕێگا گشتییەکان و چالاکی بازرگانی و ئابووری، خۆپیشاندان کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ جارێکی تر بیخوێنەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامو دەزگا خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، وەك تەندروستی، فریاکەوتن، ڕێگا گشتییەکان و چالاکی بازرگانی و ئابووری، خۆپیشاندان کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ نوقتەی نیزامی نییە، تکایە بێ دەنگی کاك علی، ٤٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٢٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە ئەو دەقە پەسەند کرا، تکایە بێ دەنگی، مامۆستا هەورامان پێویست ناکات قسە بکەی، چونکە ئەم پرسانە لەناو پەرلەمان بە دەنگدان یەك لایی دەکرێتەوە، جەنابتان قسەی خۆتان کرد، هەموو ڕایە جیاوازەکان لەناو پەرلەماندا وتووێژی لەسەر کرا، دوایی بە دەنگدان یەك لایی دەکرێتەوە خۆ ناتوانین بەردەوام بین لە وتووێژکردن، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە ٣ کەس دەنگمان بۆ ئەوەدا، کە ئەمە دابڕێژرێتەوە، بەلآم نەك بەو سیغەیە، بەو سیغەیەی کە بێگەرد خان یەکەمجار ئیشارەتی کرد، کە باس لەوە کرا ئەگەر بێتو ڕێگای سەرەکی بگیرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تازە تەسویتی لەسەر کرا، دکتۆر شێرکۆ ناتواندرێت قسەی لەسەر بکرێت، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوافوق لەسەر ئەو بابەتە کرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکستەی کە هەبوو سەرۆکی فراکسیۆنێك پێشنیاری کرد فراکسیۆنەکەی دەنگی نەدا، بۆیە لە دوێنێشدا ئەو حالآتانە ببوو، لە ئیعلام قسە دەربارەی دەکرێتن، کاتێك ئێمە فراکسیۆنەکان ڕێکەوتن لەسەر بابەتێك دەکەین با ئیلتیزامی پێوە بکەین، دەنگ بەوە کەسب نابیتن دوو کەس لە ئیعلام پێچەوانەی ئەو بابەتە قسە بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو قسەی لەسەر ناکرێت، ئیتر هیچ قسەیەك لەسەر ئەو بڕگەیە ناکرێت، چونکە خرایە دەنگدانەوە دەنگی لەسەر درا، لەسەر بڕگەی پێنجەم پێم وابێت هەندێك تێبینی هەبوو، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەر هەموو شتێك من لەگەڵ ئەوەم فراکسیۆنەکان پەیوەندییەکی باشیان هەبێ و ئیحترامی بگرن، من و کاك فرست صۆفی و کاك مەلا مەروان ئەو دوو پەرلەمانتارە بەڕێزە فۆرمولەیەکمان کرد بوو، من پێم باش بوو کاك فرستیش پێی باش بوو، کاك مەلاش پێی باش بوو، حاڵەتێکی تەبیعیشە ڕەئی جیاوازیش هەبوو، پیشانی بێگەرد خانیشمان دا ئەویش پێ باش بوو، باشە بێگەرد خان دەڵێ من پێم باش نەبوو، ئەم فۆرمولەیەم بۆ کاك جعفر خوێندەوە، کاك جعفر وتی من بۆ خۆم پێم باشە پێش ئەوەی بچینە دەنگدانەکەوە، بۆئەوەی ئەو دەنگە دەنگە دروست نەبێ، ئیتیفاقی لەسەر بکەی من پێم خۆشە ئەو یاسایە، ئەو بەندە لەجیاتی ئەوەی ٤٠ دەنگ بهێنێ، ٨٠ دەنگ بێنی، برادەران وتیان ئەوە دێین بۆلای کاك جعفر، لەلای کاك جعفر چاوەڕێی ئەوان بووم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەنگی لەسەر درا کۆتایی پێهات، تکایە بێ دەنگی، دەنگی لەسەر درا پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، ئێستا ڕێکەوتن کرا بێ و یان نەکرابێ ئەوا تەسویتی لەسەر کراو کۆتایی پێهات، ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ قسە بکە، ئەگەر نا دەی فەرموو.

**بەڕێز امنە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك رابوون باسی هەندێ دکا، کو هەندێك گۆتیە مە بێتە نیك کاك جعفری، سەر مەنەسێ، دەقێ وێ بەندێ هاتە خوندن، ئیتیفاق کری، جەنابێ وی لەگەڵ دەقێ وی ئامادە بوویە، یەعنی ئیتیفاقەکە سیاسی

بەینی هەمی فراکسیۆنە هاتە کرن، یەعنی بهێنتە خوارێ خیلافا وێ بوو، رایا گشتی و پەرلەمانتارا بێژی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تەواو فەرمووو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، دەقی ئەوە نەبوو کە من پێشنیارم کرد، لەپێناوی ئەوەی کە تەوافوقی هەمووومانی لەسەر بێ، هەموومان کۆدەنگ بین لەسەرئەوەی کە دەقێك بخرێت بەردەمی پەرلەمانتاران، کە هەمووومان دەنگی پێ بدەین، بە حزوری کاك رابوونیش لەوێ ئێمە ئیتفاقمان لەسەر ئەو نەسە کرد، ئێمە لە نەسەکەی خۆمان پاشگەز بووینەوە، بەڵام خێر ئێستا دەنگی پێنادەن، با وای لێ نەیەت شتەکان بچێتە ئەو قالبەیەوە کەسێك بەسەر کەسێکی تردا موزایەدە بکات، یەعنی ئیقتراحی خۆیان بوو، دەنگیشیان پێ نەداوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من لەگەڵ کاك رابوون من لەوێ بووم، دکتۆر فرسەتیش لەوێ بوو، پێشنیارەکە لەسەر ئەوە نەبوو، یەعنی وشەکانی ئێستا بەکارهێنانی مەتاتیە، لەوێ باس لەوەی کرا چالاکیە ئابوورییە سەرەکییەکان، لەوەی دڵنیابین ئیهتمام بدەین بە کۆمپانیا بیانییەکان، یان کۆمپانیا ناوخۆییەکان، قسە لەسەر ئەوە کرا، رێگای نێوان شارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان تەواو گفتوگۆی لەسەر کرا، کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیتفاق لەگەڵ فراکسۆنەکانیش کراوە، بەڵام ماددەی پەیڕەو زۆر بەهێزترە لە ئیتیفاقی فراکسیۆنەکان، ئەوەی بێگەرد خان و ئەوەی کاك عمری حاجی عینایەت و حاجی کاروانیش باسی کرد، زیاد لە ۳ پەرلەمانتار پێشنیاری کرد، دەبووایە بخرێە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسمان کرد زیاد لە پەرلەمانتارێك داوای ئیعادەی سیاغەی ئەو دەقەی کرد بوو، هەموو دەقەکان هاتبوونە لای لیژنە هاوبەشەکە، لای ئەم چوار لیژنەیەی کە لەسەر مەنەسەن، ئەوان ئیتفاقیان لەسەر

نەسێك كردووە خستوويانەتە دەنگدانەوە، ئێستا ئەو بڕگەیە لە ماددەی دوو بەوشێوەیە دەنگی لەسەر دراو پەسەند كرا، بڕگەی پێنجەم هیچ تێبینیەكی لەسەر هەبوو؟ تەواو نوقتەی نیزامی نەما، لیژنەی یاسایی بڕگەی پێنجەم هیچ تێبینیەكی لەسەر هەبوو؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم تەنها یەك تێبینی لەسەر هەبوو، كە گوایە مەسەلەی كەسەكان من دەمەوێ ئەوە ڕوون بكەمەوە لێرە مەبەستمان لە كەسەكان كەسی ئاسایی و كەسی مەعنەویشە، چونكە كەسی مەعنەویش وەكو شەریكات و، وەكو جەمعیات ئەوانەش مافی خۆپیشاندانیان هەیە، بۆیە كەلیمەی كەسەكانمان بەكارهێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس، پێم وابێت هاوولاتیش هەر كەسە، یەعنی ئەو تێبینیە دروست بوو، هاوولاتیش هەر كەسە كەسی مەعنەویە كەسی ئاساییە، یەعنی هیچ پێویست ناكات هاوولاتی بنووسرێت و كەسەكانیش بنووسرێت، ئەو تێبینیەم بە ڕەوا بینی كە باسكرا، بەڵێ دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی كە لێرانە بە موتلەقی هاتووە، موستەلەحی كەسەكان بگەڕێنەوە بۆ ماددەی پێنجەم بڕگەی یەكەم، كە دەڵێین هەموو هاوولاتیان و ئەوانەی بەشێوەیەكی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و كەسە مەعنەویەكان كە بەپێی یاسا مۆڵەت پێدراون، یەعنی لێران ئەمە تەقیدی كەسەكانمان كردووە، ئەو تەقیدە دەڕواتن تەقیدی ئەو موتلەقەی دەكاتن كە لەو ماددەیەدا هاتووە، بۆیە پێویستی نەدەكرد لەو ماددەیە تەقیدەكە بكەی، لە ماددەی پێنج كردوومانە، هاوولاتی جیایە ئەوانەی نیشتەجێن و بە یاسایی مۆڵەتی نیشتەجێ كردنیان پێدراوە لە هەرێم ئەوانە جیان، ئینجا كەسە مەعنەویەكانیش كە ئیجازەیان هەیە مۆڵەتیان پێدراوە ئەوانیش جیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئێستا ماددەی دوو بڕگەی پێنجەم بەوشێوەیەی كە هاتووە بێخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالافريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد دەكرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، نابێت هاوولاتیان و كەسەكان كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندانیان هەیە، بەزۆر ناچار بكرێن بەشداربن یان بەشدار نەبن لە خۆپیشاندان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە بەوشێوەیە؟ ٧٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە کە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کاك فائق نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی دوو بڕگەی چوار ئەمە یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندانەو من نامەوێ درێژە بەوە بدەم، چونکە لە سایەی ئەم یاسایەدا دەبێت چاوەڕێی شەهید کردنی دەیان سورکێو و گەرمیان و ڕۆژانی تر بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر وتووێژ کردن لەسەر ماددەی سێیەم لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرۆژە یاسای خۆپیشاندان، بیخوێننەوە دەقەکەی، بۆئەوەی وتووێژی لەسەر بکەین ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەمشێوەیە هەموار دەکرێت و، بڕگەی سێیەم و چوارەم لادەبردرێت و، بڕگەی پێنجەم دەبێت بە بڕگەی سێیەم بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە،

یەکەم: ١- وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی هەرێم بوو.

٢- سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو.

دووەم: هەتا ئاگاداری نامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت نابێت خۆپیشاندان بکرێت.

سێیەم: دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەکان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی بەپێی نەریتی خۆجێی باو بەدەردەکرێت لە ئاگادارکردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە، ئێستا ناو دەنووسین بۆ وتووێژ کردن لەسەر ئەم ماددەیە، ئەم بلۆکە (حاجی کاروان- کاك عادل عزیز- کەژاڵ خان- مامۆستا عبدالرحمن- د. شێرکۆ جودت- د. شێرکۆ حمە امین- کاك عمر عینایەت- مامۆستا حەسەن- کاك بێستون- کاك فائق- دکتۆرە جوان- سهراب میکائیل- کاك برزۆ مجید- بەهار خان).

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم دوو کەرتە ئەوەندە ناوەم نووسیوە، ئەگەر ناوێکم نەنووسی بوو با ئیزافەی بکەین، ئەو بەڕێزانە ( زانا عبدالرحمن- گەشە دارا- فەرهاد سەنگاوی- قادر وەتمان- محمد علی- ڤیان عباس- بشار مشیر- بێگەرد خان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد حمه علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرنجەكانی خۆم بۆ ماددەی سێیەم بڕگەی یەكەمی، وەزیر ئاگادار دەكرێتـەوە، سـەرۆكی یەكـەی كارگێڕی هـەمان ئـەو تێبینیـەم هەیـە، كـە سـەرباری ئـەو پاسـاوو ڕوونكردنەوانـەی دوێـنێ لیژنـەی یاسایی باسـیان كـردووە، گوایـە وەزیـر بەرپرسـیاری یەكەمـەو دەبـێ بەرپرسـیارێتی ئـەوە هـەڵبگرێ و، لـە حاڵـەتی ئامادەنەبوونیـشیدا پاساوی ئـەوەیان هێنایـەوە كە گوایـە كەسـانی كـە بریكاری یـاخود ئەوانـەی كـە لـەوێ كاردەكەن دەتوانن ئەو ئیشكالانە چارەسەر بكەن، لە نەبوونی وەزیردا دروست دەبێ، هـەر لـە دووەمـدا ئـەم پاسـاوو ڕوونكردنەوانـەی ئـەوان هەڵدەوەشـێتەوە، چـونكە دەڵێـت هـەتا ئاگـاداری نامەیـەك بـە نووسـراو پێشكەش بـە وەزیـر واتـە بـە خـودی وەزیـر یـان سـەرۆكی یەكـەی كارگێڕی نـەكرێت، نابێـت خۆپیـشاندان بكرێت، یەعنی ئەوا ئەو پاساوانەی دوێنێ ڕەت دەكاتەوە، ڕێگر دەبێت لە حاڵەتی نەبوونی وەزیـر یـان لـەو حاڵەتەی كە خودی وەزیر یـان سـەرۆكی یەكـەی كارگێڕی دەڵێـت ئاگـاداری نامـەم بـە دەسـت نەگەیـشتووە، یـەعنی تـۆ پێویـستە وا ڕێكـی بخـەی كـە هـیچ بەرپرسـێكی ئیـداری یـان وەزیـر توانـای خۆدزینـەوەی لـە وەرگرتنی ئاگاداری نامەكە نەبێ، بۆیە دەكرێت بە هەندێ شێواز چارەسەری ئەو مەوزوعە بكەین، دەكرێت ئەوە زیاد بكرێت كە پێشكەش كردنی ئاگاداری نامە لـەو مـاوە دیـار كـراوەی كـە لـە یاساكە هـاتووە، ئەگـەر وەزیـر وەڵامـی نەدایـەوە ئـەوا ئاگاداری نامەكـە بـە گەیـشتوو حیـساب دەكرێـت، ئەگـەر وانـەبێ ئێمـە هـەر چاوەڕێی خۆپیشاندەران یان ئەوانـەی خۆپیـشاندان دەكـەن، چاوەڕێی وەڵامـی وەزیـر یـان سـەرۆكی یەكـەی كارگێڕی بـن دەتـوانن وەڵام نەدەنـەوە، بۆیـە دەكـرێ ئـەوە زیـاد بكـرێ، ئەگـەر لـە مـاوەی ٢٤ سـەعات ئـەوە دەچێتە موناقەشە یان ٤٨ سەعاتە، وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی وەڵامی ئاگاداری نامەكەی نەدایەوە ئەوە ئاگاداری نامەكە بە گەیشتوو هەژمار دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێ كە هەموو بڕگەكانی تایبەتە بە ئاگادار كردنـەوەو ڕێگا پێـدان بـە خۆپیـشاندان، مـن پێشنیار دەكـەم كـە بڕگەیـەكی بـۆ زیـاد بكرێـت، كـە ئـەویش تایبەتـە بـە خۆپیـشاندانی لـەناكاو، لەوێـدا بكرێتـە بڕگەیەكی ئیزافە و، پێناسە بكرێت دواتر دەقی پێناسەكە دەخوێنمەوە، لەبەرئەوەی خۆپیشاندانی لـەناكاو واقعێكەو هەیە، ناكرێت ئێمە لەناو ئەم یاسایە جێی نەكەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە لەسەر ماددەی سێیەم دەکەین بەهار خان، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئاگاداری قسەکانی پێشووم نەبووی، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی یاسایی بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، کە ئەم ماددەیە پەیوەستە بە ڕێکخستن و ئاگادارکردنەوە، من پێم باشە ئەو بڕگە قانونییە زیاد بکرێت، بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێت بە بڕگەیەك کە دواتر پێناسەی خۆپیشاندانی لەناکاو دەخوێنمەوە، بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو واقعێکەو هەیە، هەروەها وەکو دوێنێ کە لیژنەی قانونی باسیان کرد، خۆپیشاندانی لەناکاو نە مەنع دەکرێ نە ڕێگای پێ دەدرێت، لە پێناسەکاندا جێگای نەکرایەوە، لەبەرئەوەی جۆرێك لە ڕێگا پێدانی پێ دەدەی، بەڵام مادام مەنعیش ناکرێ، دەبێ لێرە ماددەیەکی قانونی هەبێ، بۆئەوەی ئەم یاسایە ئەو کەموکورتیەی تێدانەبێ، کە خۆپیشاندانی لەناکاو واقعێکەو هەیە، هەروەها بە موبەریری ئەوەی کە کاتێ خۆپیشاندانی لەناکاو ڕوودەدات سزای خۆپیشاندەران نەدرێت، پێناسەکە من دەقی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە بە پێشنیار ناردوویانە بۆ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و، لیژنەی یاسایش وەکو بنەمایەك ئەوەی بەکارهێناوە، خۆپیشاندانی لەناکاو ئەو خۆپیشاندانەیە کتوپڕو بە پەلەیەو ڕێکخستنی پێش وەختی بۆ نەکراوە، دەرفەتی ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس لە پاراستنی خۆپیشاندانی بۆ نەرەخساوەو ڕێکخەرەکانی دیار نین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خەڵکی کوردستان ئومێدێکی زۆر بە پەرلەمانی کوردستان دەکات، بتوانین لێرە ئەم مەسەلەی دیموکراسی زیاتر گەشەی پێ بدرێت، هەم یاساکان باشتر ڕێك بخرێن، بەڵام ڕاستیەکەی لە مەسەلەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە بابەتی گرینگەو، پەیوەندی بە مافی هاووڵاتیانەوە هەیە، ئەوەی تێبینی کراوە بەڕاستی ناڕوونی هەیە، زاراوەی لاستیکی و ماددەی زۆر و درێژکراوەتەوە، ئەمە وای کردووە ئەم یاسایە زۆر ناڕوونی دروست بکات، من ئومێدم دەکرد ئەو لیژنانە کە ماندوبوونیان بەرز دەنرخێنین، بەس زیاتر ئەم بابەتەیان تەل تەلە بکردایە، بۆئەوەی ئەم گفتوگۆیانە لەناو ئەو هەموو زاراوە لاستیکی و هەندێ وشەی غامز و ئەوانە، کە بەڕاستی ڕوون بوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەم جۆرە گفتوگیانە دروست نەبووایە، لە ماددەی سێیەم، بڕگەی سێیەم پێم وایە بڕگەیەکی زۆر زیادە، مادام ئێمە تەعریفی خۆپیشاندانمان کردووە، خۆپیشاندان چییە وەکو چالاکیەکی مەدەنی، ڕوونمان کردووەتەوە، لەبەرئەوە

هەرچی بکەوێتە چواردەورەی ئەم پێناسەیە خۆپیشاندان نییە، مادام خۆپیشاندان نییە بۆ لەناو ئەم یاسایە ئەم بڕگەیە زیاد کراوە؟ مەسەلەی دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان لە بۆنەی نیشتمانی، ئەمانە ئەگەر نەریت بن خۆپیشاندان نەبن لەکوێی ئەم یاسایەیە؟ ئەگەر مەسەلەی پاراستن یان ئاگادارکردنەوەی خۆپیشاندان بۆ لایەنی ئەمنی ئەوەیە کە خەڵك کە بە کۆمەڵ دەچێتە دەرەوە بۆ خۆپیشاندان، لایەنی ئەمنی بیپارێزێ، پێم وایە بە کۆمەڵ چوونە دەرەوەیەو کۆبوونەوەی خەڵك لە شوێنێك هەر پێویستە لایەنی ئەمنی بۆ سەلامەتی ئەوان ئاگادار بکرێتەوە، لەبەرئەوە من پێم وایە ناڕوونی هەیە لە کۆی یاساکەو، ئومێد دەکەم ئەو بڕگەیە یان لابرێت یان ئەمەش بخرێتە چوارچێوەی پێناسەکەوە، کە مادام خەڵك کۆدەبنەوە ئەوە پێویستیان بە پاراستن هەیە، بە ئەمنیەت هەیە، یەعنی پێویستە لایەنی ئەمنی ئاگادار بکرێتەوە کە بۆنەکە دینی بێ، نیشتمانی بێ، چونکە خۆپیشاندان هەر ناڕەزایەتی نییە، زۆرجار پشتیوانییە، زۆرجار خۆشی دەربڕینە، زۆرجار پابەند بوونە بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی، لەبەرئەوە یان ئەمە بخەنە چوارچێوەی خۆپێشاندان یان هەر باسی مەکەن وەکو نەریتێکی کۆمەلأیەتی بڕواو نازانم ئەو شتە زۆر زیادەیە بە بۆچوونی من.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمد علی فەرمووو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ، سێیەم من ئیزافەك هەیە ئەگەر پێ باش بێ و، دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، و ئاینی بەپێی نەریتی خۆجێی باو بەدەر دەکرێت لە ئاگادارکردنەوە، ئیزافەمە فێرایە هەروەها گردبوونەوەکان بۆ مەبەستی کەمپینی هەڵبژاردن بەدەردەکرێن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری وتەکانی بەهار خان دەکەم، بۆ ئەو خۆپیشاندانی لەناکاو، بەس بۆ بڕگەی یەکەم و دووەم لەجیاتی هەر وەزیر بێت وا باشە یا وەزیر و وەزارەت، یان وەزارەت ئاگادار دەکرێتەوە، نەك تەنها وەزیر، لەجیاتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی سەرۆکایەتی یەکەی کارگێڕی بێت باشترە، بۆئەوەی بەدیلی ئەو سەرۆکیەك بێ، بۆ دووەم هەتا بکرێت ئەو ماددەیە نەمێنێت، چونکە زیادەو لەو بڕگەیەو، پشتگیری قسەکانی کاك زاناش دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من هەر دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم، کە دوێنێ لیژنەی یاسایی دایان، بەڵێ کاك حاجی کاروان و کاك ئومێدیش ئێستا مۆڵەت نەماوە بەپێی ئەم یاسایە، کە تۆ ئاگاداری نامەکە پێشکەش دەکەی وەزیر لەوێ بێ یان لەوێ نەبێ، هەر کەسێك لەوێ بێ ئەوا لەجێگای وەزیرە، ئاگاداری نامەکەت بە گەیشتوو حیسابە، ئەو دەتوانێت وەڵامت بداتەوە بەوەی کە شوێنەکەی بگۆڕی یان نا، لەبەرئەوە مۆڵەت نییە، ئاگادارییە، وەکو جاران نەماوە کە پێویست بە مۆڵەت هەبێ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، لە ڕاستیدا دوای ٤٨ سەعات ئەگەر وەڵامیش نەدرێتەوە داواکارییەکە، ئەو داواکارییە بە قبوڵ کراو هەژمار دەکرێت، واتە لە ماددەی چوارەم ئەمە برای بەڕێزم کاك ئومێد حمە علی و برادەرانی تر دەتوانن بچنەوە سەری لە ماددەی چوارەمدا، بزەبت دەوتریت دوای ٤٨ سەعات ئەگەر وەڵام نەدرایەوە داواکارییەکە بە قبوڵ کراو هەژمار دەکرێت، بە نەسێکی سەریح هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتیڤانیە لە هاڤ کارێ خۆ دکەم کاك محمد سەبارەت بە بڕگەی سێیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە دار فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم ماددەی سێیەم بە بڕوای من ئەو خاڵە هەر نەمێنێ، لەگەڵ ڕەئی بەهار خانم، تەعریفی خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێت لەوێ، هەروەها لە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ڕەئی دکتۆر محمدم کە جگە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییە ئاینیەکان ئەوەش زیاد بکرێت، کە لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا لەکاتێك کە خەڵك بە کۆمەڵ دەڕژێتە سەرجادەو شەقامەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی سێیەم، بڕگەی یەكەم كە دەڵێت وەزیر ئاگادار دەكرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەكان لەسەر ئاستی هەرێم بوون، تەعریفی ئەوەچییە لەسەر ئاستی هەرێم؟ ئایا مەبەست پایتەختە؟ ئەمە دەزانین لەسەر ئاستی یەكەی كارگێڕی ناحیەكان دەگرێتەوە و قەزایەكان دەگرێتەوە و پارێزگاكان دەگرێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێم ئەمن پێم باشە بنووسرێت پایتەخت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دەمێكە دەمویست قسە بكەم، بەڵام وەكو خۆتان وتتان بەش بەش كرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد ئێستا هەموو قسەكانی خۆت بكە، دوایی كە وتووێژ تەواو بوو دەست بەرز نەكەیتەوەو نوقتەی نیزامی بگری.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە بەسەرچاو، من بۆ بەرژەوەندی خەڵك قسە دەكەم، با ئیلتیباس دروست نەبێ، لەڕاستیدا من نەمزانیوە كوردستان كەوتوەتە نیوان فەرنساو بەریتانیاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد لەسەر ماددەی سێ قسە دەكەین.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تۆ نەت وت قسەكانی خۆت هەمووی بكە، حكومەتێك كە تۆ داوای مۆڵەتی لێ نەكەیت، حەقت نییە داواكاری پارێزگاریشی لێ بكەی، ئێمە لەم ولاتە دواكەوتووە، لەم میللەتە قوڕ بەسەر و ماندووە، لەم هەموو داگیركەرو دەوروپشتەی ئێمە، ئەم یاسایە ئەمە لە ئەوروپاش قبوڵ ناكرێت،.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد لەسەر ماددەی سێ قسە دەكەین.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەی سێ قسە دەکەم، تۆ نەتوت قسەکانی خۆت هەمووی بکە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی سێ.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەی سێ، حکومەتێك کە تۆ داوای مۆڵەتی لێ نەکەی حەقت نییە داوای پارێزگاریشی لێ بکەی، ئێمە لەو وڵاتە دواکەوتووە، لەو میللەتە قوڕبەسەر و ماندووە، لەو هەموو داگیرکەرەی دەوروپشتی ئێمە، ئەم یاسایە لە ئەوروپاش قبوڵ ناکرێ، من تەجروبەم زۆرە، لەوێ بووم، سجنیش کراوم، خۆپیشاندانیشم کردووە، ئیجازەشم وەرگرتووە، ئەگەر تۆ ئیجازە وەرناگریت و مۆڵەت وەرناگری، لیژنەت بۆچی یە نوێنەری خۆپیشاندەران بێ؟ ئەگەر تۆ داوای سەلامەتی لە حکومەت دەکەی، چۆن تۆ بپارێزێ؟ چۆن پۆلیس بۆ تۆ بنێرێ؟ ئەگەر تۆ دەتەوێ لەم وڵاتە خۆپیشاندان بکەی و خەڵك فێری خۆپیشاندان و دیموکراسی بکەی، پێویستت بە دەوڵەتە، دەوڵەتیش پێویستی بە پۆلیسە، پۆلیسیش پێویستی بەوە دەبێ هەموو وردەکارییەکانی تۆ بزانێ کاتێ خۆپیشاندان دەکەی، من پێم سەیرە باسی شیاوی یاساییان کرد، دەیانوت نابێ هەبێ، زۆر باشە، کۆمەڵێ جاسوس و موجریم دەنێرین بچن بڵێن ئێمە خۆپیشاندان دەکەین، ئاخر چۆن دەبێ شتی وا؟ لەبەر ئەوە ئەصڵەن لە شوێنە پێشکەوتووەکانی دنیا دەبێ نوێنەرەکانی خۆپیشاندەران ناسراو بن، لە پۆلیس ناویان هەبێ، (NGO)ن یان حیزبن، ئەو کاتە ئیجازە بە نوێنەری خۆپیشاندان دەدرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی سێ، ماددەی سێ کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ماددەی سێ، دەبێ بە مۆڵەت بێ لەبەر خاتری خەڵك، لەبەر ئاسایشی وڵاتەکە، لەبەر گیانی خۆپیشاندەران، ئاگادارینامە یەعنی چی؟ تۆ دەتوانی لە ڕۆژی جومعە ئاگادارینامەیەك بخەیتە ناو پۆستەکەی وەزیرەوە بچی بۆ خۆپیشاندان، بڵێی ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ڕەنگە یاساکەت بە باشی نەخوێندبێتەوە، ڕۆژانی پشوو بەرچاو دەگیرێ بۆ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز فەرهاد حمه صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ خوێندوومەتەوە، ئەوەتا لەبەر دەستمە، بەڵام ئەوە لە بەرژەوەندی ئەم میللەتە نییە، دەنگیشی پێ نادەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆزان، فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزا من، ئەز حەز دکەم لیژنا یاسایی کو ڕوونکردنەوەك لەسەر ڤی چەندی بدات، نەخاس برگا ئەم بژین دووەمدا، ئەگەر هاتو خۆپیشاندان هاتە کرنێ، ئەڤ خۆپیشاندانیت موفاجیئ بیت، یەعنی لە ناکاو، لەو حالەتەدا چ یاسایەك بیتن؟ چ برگەیەك بێتن؟ ئەز پشتەڤانیا بەهار خانی دکەم کو برگەیەکا تایبەت بە خۆپیشاندانی موفاجیئ بینیتە دانان، چونکە ئەگەر نا، دەبی حالەتی خەلکی مە هانا بخاتە بەر هەندێ کو ئەڤە دوخەکی پەیدا ئەز خاسەتەن یەعنی نوکە ڤان حالاتا د بینین کو هەندێك قەیرانێ هەن باری ئابووری نە باشە، ل بەر هەندێ دێ موئازەرە بکەن، خۆپیشاندانی موفاجیئ، بەڵام حەز دکەین کو برگەیەکی تایبەت بێتە دانان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کەژاڵ خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی یەکەم وەکو خۆی بی، برگەی دووەم و سێیەم نەمێنێ، لابرێت، هەردوو برگەکە، پشتگیری ڕاکەی بەهار خان دەکەم، کە پێناسەی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان زۆری کرا، من ئەوەی کە مەبەستمە بیکەم، برگەی دووهەم نووسراوە هەتا ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت، نابێ خۆپیشاندان بکرێ، دەکرێت ئەو ئاگادارینامەیە کە بە نووسراوە، پێویستە بە ڕای من بکرێت بە ئاگادارینامەکە ئەگەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، یان پەیوەندی کردن بێت، ئاسایی بێت، شەرت نییە بە نووسراو بێت، ئەوە خاڵێك، دوو/ من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك د. محمدم، زۆرجار لە کەمپینی هەڵبژاردنەکان دا بە هەمان شێوە گردبوونەوە

دروست دەكرێت، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، زائیدەن، من دوێنێش تەئكیدم لەوە كردەوە ئەم پرۆژە یاسایە خۆپیشاندانی لە ناكاو لە خۆ نەگرێ، جێی نەكرێتەوە، لە ڕاستی دا كەلێنێك دەبێ تیایا، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. ڤالا ڕوونكردنەوەت هەیە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدات و كۆتایی پێ دێ، بە پێی پەیڕەو نابێ بچینەوە سەری، یەكەمیان/ مەسەلەی تەعریف كردنی خۆپیشاندانی لە ناكاوە، ئەوە دوێنێ دەنگی لەسەر درا، بە هیچ شێوەیەك نابێ پەرلەمان بگەڕێتەوە سەری بە پێی پەیڕەو، خاڵی دووەم/ مەسەلەی وەزیر و وەزارەتە، ئەوەشیان دوێنێ یەكلایی كرایەوە و دەنگی لەسەر درا، نابێ بچینەوە سەری، بۆیە نابێ پێشنیار بكرێ لەلایەن پەرلەمانتاران، خاڵی چوارەم ئەوەی پەیوەستە بە كەمپینی هەڵبژاردن، ئەو بابەتانە دەچنە ناو نیتاقی ئیجتیماعاتی خاص، ئیجتیماعاتی خاص هەمووی لە ئاگادار كردنەوە و مۆڵەت بە دەردەكرێن، بۆیە پێویست ناكات بە تەفصیل هەموو ئەوانەی دەچنە ناو بابی ئیجتیماعاتی خاص، لەو یاسایەدا نابێ ناویان بهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز امنە ذكري.

**بەڕێز امنە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ مە هاتنە كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش كرا، سوپاس.

**بەڕێزد. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك تحسین دۆڵەمەڕی.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، وەڵڵا قسەكانی منیش كرا، تەنها یەك تەعدیلم هەیە، ئەگەر ئیجازەم بدەن، یەكەمیان ئەگەر خۆپیشاندانەكە لەسەر ئاستی هەرێم بوو، ئینجا وەزیر ئاگادار بكرێ، نەك پێش و پاشێك دەبێ هەبێ،

ئەوەی دووەمیشیان بە هەمان شێوە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو، سەرۆکی ئەوەی لێ ئاگادار دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێرکۆ جودت.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە هەموار بکرێ، یەکەم/ ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی سەرتاسەری هەرێم دا بوو، لەو کاتەدا وەزیر ئاگادار دەکرێت، ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕییەکان دا ئەنجام درا، لەو کاتەدا بەرپرسەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێت، بیرم نایەتەوە دوێنێ لە کۆبوونەوەکە باسمان لەوە کردبێ کە باس لە وەزیر و باس لە یەکەی کارگێڕی نەکرێ، یا تەنانەت دەنگمان لەسەر ئەوە دابێ کە خۆپیشاندانی لە ناکاو جارێکی تر باسی لێوە نەکرێت، بۆیە من تەئکید لە ڕەئی بەهار خان دەکەمەوە، لەوەی کە بڕگەی دووەم بۆ ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە زیاد بکرێ، خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەو خۆپیشاندانەبوو کە پێناسەکەی بەهار خان کردی، بڕگەیەکی تریشی بۆ ئیزافە بکرێ، کە بڕگەی سێهەم بۆ ماددەی سێهەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە زیاد بکرێ (لە کاتی خۆپیشاندانی لە ناکاودا پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ڕێوشوێنی مەدەنیانە لە بەرامبەر خۆپیشاندەران دا بگرێتە بەر ودەزگاکانی پۆلیس ئەرکی پاراستنی موڵك و سامانی گشتی و تایبەتی بگرنە ئەستۆ، ئەم خۆپیشاندانی لە ناکاوە بەڕێزان، زۆرجار حاڵەت ڕوویداوە، یەعنی لە کۆلێژەکان، لە بەشە ناوخۆییەکان کارەسات ڕوویداوە، زانیویانە کە سەعاتێکی تر، دوو سەعاتی تر کارەساتێکی گەورە ڕوو دەدا، پەیوەندیان کردووە بە لایەنە بەرپرسەکانەوە، نەهاتوون بە دەمیانەوە، ناچار هاتوونەتە سەر شەقامەکان، خۆ ناوەستن هەتاوەکو بەرپرسەکە مۆڵەتیان پێ دەدا پاش ٤٨ سەعات و پاش ئەوەندە سەعات، لەبەر ئەوە خۆپیشاندانی لە ناکاو زەروورەتە، جا هیوادارم بەڕاستی ئەم دەنگدانەی ئێستای ئێمە پشتگیری لە خۆپیشاندانی لە ناکاو دەکەین، زیاتر لە سێ پەرلەمانتار تەئکیدمان لەسەر کردەوە، بە هەڵەی جاری پێشوودا نەڕۆین کە ئێمە تەئکیدمان لەسەر جۆرێك دەق کردەوە، بەڵام دواتر لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە دەقێکی تر خرایە دەنگدان، دواتر موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆمان کرد، بەوەی کە ئەو دەقەی زیاتر لە ٣ پەرلەمانتار دەنگی لەسەر دا، بۆ ئەوەی کە دەنگدانی لەسەر بکرێ، ئەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوایە تەصویتی لەسەر بکرایە، نەکرا، دەرەنجام بە بڕوای من کەم و کورتییەکی گەورە لە یاساکەدا هاتە دی، ئێمەش موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پەرلەمانەمان پێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. شێرکۆ ئەو مەسەلەی کە زیاتر لە سێ کەس بابەتێك باس بکا و دوایی بخرێتە تەصویتەوە، بە شێوەیەکی عورفی هاتووە، زیاتر بۆ چەند بۆچوونێك هاتبوو بۆ تەعدیل کردنی، بۆیە لیژنە

پەیوەندیدارەکانمان ڕاسپارد کە صیاغەیەکی هەموو ئەو پێشنیارە جیا جیایانە بکەنەوە، خستمە دەنگەوە، سەبارەت بەوە ئەو تێبینییەی لیژنەی یاسایی، ڕاستە، ئێمە دوێنێ تەصویتمان لەسەر ئەوە کرد کە ئایا خۆپیشاندانی لە ناکاو پێناسە بکرێ یان نا؟، ڕەت کرایەوەە کە پێناسە بکرێ لە ماددەی یەکەم، بەلام ئەوەی کە جەنابت باست کرد، ئەوە دەتواندرێ قسەی لەسەر بکرێ، کە لێرە وەکو چۆن لە برگەی سێیەم دا دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ، بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان موعالەجە کراوە، بەو شێوەیەش ئەوە ڕێی تێدەچێ، دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لێرەدا خۆپیشاندانی لە ناکاویش موعالەجە بکرێ، بەلام وەکو پێناسە کردن لە ماددەی یەك دا ڕەفز کرا پێناسەی بخرێتە ناو پرۆژە یاساکەوە، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، برگەی یەکەم، خاڵی یەك و دوو هەر لە سەرەتاوە دەتوانی تەنها بڵێی بە نووسراوێك ئاگادار بکرێت، ئەو کاتە دەتوانی برگەی دووەمیش هەر لابەری، لەگەڵ ئەوەی کاك د. شوانم بە نیسبەت برگەی سێیەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدام کە جێی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێتەوە، دەمەوێ یەك قسەی زۆر کورتیش بکەم کە پەیوەندی بەمۆڵەتەوە هەیە هەڵبەتە، بەڕاستی با دیسان وای لێ نەیێتەوە، بەرەیەك زۆر خەمخۆری ئەو وڵاتە دەرکەوێ، بەرەیەکی تر بە دژی ئەم وڵاتە دەرکەوێ، یەك ئامارم پێ بڵێن کە ئەو خۆپیشاندانانەی داوای مۆڵەتیان کردووە، کە بچووکترین ترسیان هەبووبێ لێی، مۆڵەتیان نەدا پێی، هەر لە زۆر شوێن دا، با ناوی هیچ شوێنێ نەڵێم، بە ئەنواع و ئەشکالی جیاواز کە مۆڵەتیان داوا کردووە، ڕەتیان کردۆتەوە، ئێمە بۆ خۆمان لە سلێمانی بووین بۆ نموونە، لە دوای ٦٢ ڕۆژ ئەگەر وەلامیان نەدایەوە، ئەخیر ڕۆژ ئێمە لە ناو پاص دا بووین، گرتینیان، دوایی ئەو هێزەی کە منی گرتبوو......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ پەیامەکەت گەیشت، بەڕێز کاك قادر وەتمان.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم لە چوارچێوەی بابەت ناتوانین دەرچین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی مۆڵەت بوو، ئاگادار کردنەوە لە چوارچێوەی ماددەی (٣)دایە، وەکو چۆن کاك فەرهاد باسی کرد.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەر حاڵ، من پێموایە لە ڕاپۆرتەکەدا برگەی چوارەمی یاساکە لابراوە، کە تەنها برگەیەك بوو کە ماف تانەی دەدا بەوانەی کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن، لەوانەیە لە ئێستادا وەلامی لیژنەی یاسایی

ئەوە بێ کە مادام مۆڵەت نەما، تانەش نەما، بەڵام لە ڕاستی دا حەق بوو داڕشتنەوەی تیا بکرێ، چونکە بە پێی ماددەی (٥)ی ئەم پرۆژە یاسایەی بۆ هەموار لەبەر دەستمان دایە، لەڕاستی دا نزیکە لە مۆڵەتەوە، چونکە دەڵێن نابێ خۆپیشاندان پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی بێ، هەمووومان پارێزەری بەرژەوەندی گشتی و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانی تێڕوانین هەبێ، یەعنی جیاوازی تێڕوانین هەبێ، بۆ بەرژەوەندی گشتی لەوانەیە هەموومان کۆك بین، تا ڕاددەیەکی کەم جیاوازی هەبێ، ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی لە ڕاستی دا بە هۆی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی، تەنانەت ئایدۆلۆجی و ئەوانە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دوایی لە ماددەکانی تر وتوویژی لەسەر دەکەین کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید وایە، بەڵام هەر مۆڵەت دەگرێتەوە، نزیکە لە مۆڵەتەوە، چونکە تۆ کە کاتت پێ دیاری کردن، ماوەی کۆتایی هاتنت پێ دیاری کرا، شوێنت پێ دیاری کرا، لە هەمان کات دا شوێنت پێ گۆڕدرا، دەتوانم بڵێم ڕاستە مۆڵەت نییە بە مانای مۆڵەت، هەر تەنها لایەنی پەیوەندیدار ناڵێ مۆڵەتت پێ دەدەم، یان پێت نادەم، ئەم وشەیە بەکار ناهێنێ، ئەگەر نا زۆر نزیکە لە مۆڵەتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان، دەبوایە ئەم ماددەیان بە شێوەیەکی تر ڕێکخستبایە، ئەم برگەیە، لەبەر ئەوە مەجالی ئەوەش هەیە، مادام ئێمە ئەوەمان گۆڕیوە، لیژنەمان گۆڕیوە بۆ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، دەبوایە ئێمە داڕشتنێکی ترمان بۆ ئەوە کردبا، مەجالی هەمواریش هەیە، بۆ ئەوەی لایەنی کەم ئەوانەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن مافی ئەوەیان هەبێ لەو حاڵەتانەی کە پێویستە سکاڵای خۆیان پێشکەشی دادگای تایبەتمەند، یان دادگای تێهەڵچوون بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێموایە برگەی دووەم دەتوانین لابەرین، ئەگەر وشەی بە نووسراوێك بخەینە پێش، بەم شێوەیە بیخوێنینەوە (نووسراوێك) وەزیر یان بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی هەرێم بوو، یان وەکو ئەوەی جەنابی کاك تحسین گوتی ئەگەرەکە بخرێتە پێش خۆپیشاندانەکە ئەوەش هەر جائیزە، دووەم بە نووسراوێك سەرۆکی یەکەی ئیداری یان بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی

ئیداری بوو، ئەوە پێویستە لەو کاتە بڕگەی دووەم پێویست ناکا، ئەوە پشتگیری قسەکانی بەڕێز بەهار خان و د. شێرکۆ دەکەم، لەسەر مەسەلەی خۆپیشاندانی لە ناکاو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک خلف.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆربەی قسەکانم کرا، بەلام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئاگادارینامە و مۆڵەتەوە هەیە، ئێمە لەسەرەتا وتمان بەو ئاراستە قسە دەکەین، کە کارەکانی پەرلەمان زۆر بە باشی لە خزمەتی خەڵك بەڕێوە بچێ، بەلام ئەگەر بچینەوە بۆ تەئریخ و کۆمەڵە شتێ هەڵبدەینەوە، بەو ئاقارە ناڕوا، بۆیە ئازادیش تا ئەو ڕاددەیە، خۆپیشاندان تا ئەو ڕاددەیە کە ئازادی بەرامبەر نەخاتە مەترسییەوە، یەعنی خۆپیشاندەر دەبێ حیساب بۆ خەڵکێکی کاسب و ناو بازاڕ و ئەوانەش بکرێ، بۆ خۆمان نموونەی ١٧ی شوباتمان لەبەر دەستە، کە زەرەری زۆرمان لەو مەجالە کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ماددەی (٣) دەکەین کاک خلف.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە ماددەی سێ لە خاڵی دووەم کە باسی ئاگادارینامە دەکات، قسەکەم لەسەر ئەوەیە، لەبەر ئەوە گرنگە هەمووومان ئیلتیزام بەو بابەتە بکەین، خۆشبەختانە مۆڵەت کراوە بە ئاگادارینامە، ئاگادارینامە لە ماوەی ٤٨ سەعات دا وەلام نەدرێتەوە بەوە حیسابە کە خۆپیشاندەران مافی خۆیانە خۆپیشاندان بکەن، پێویست ناکات موزایەداتی سیاسی، تەئریخ بێنینەوە بەرچاو، کە تەئریخێکی ئەوە نەبووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە واز لە نوقتەی نیزامی و نوقتەی نیزامی دژ بێنن، فەرموو مامۆستا حسن.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بێستوون فائق.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من نەك جارێك، دوو، سێ جار، پێشنیازەکانم نەك جارێك، دوو، سێ جار، بە دوو، سێ شێوە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. جوان، با قسەكانی بكات د. شێركۆ، بە یارمەتیت، با قسەكانی بكات، بێدەنگی، تكایە بێدەنگی، تكایە بێدەنگی، تكایە بێدەنگی، د. جوان فەرموو قسەكانت بكە.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی سێیەم، فەقەرەی یەكەم، ژمارە یەك/ وەزیر ئاگادار دەكرێتەوە، ئەگەر وەزیر نەبێ لە قانون (وزیر أو من ینوب عنه)، یەعنی ئەوەی جێگای وەزیریش دەگری صەلاحییەتی هەیە، وەزیر ئەگەر صەلاحییەتی بداتێ، بتوانی ئەو شتەی بكات، باشە، عەینەن لەگەڵ حاجی كاروانم رەقەم (٢) سەرۆكایەتی بێ، ئەگەر هەتا سەرۆكی لیژنەكەی وەحدەكەی ئیداری نەبێ (من ینوب عنه) بتوانێ صەلاحییەتی هەبێ، خاڵی دووەم، فەقەرەی دووەم، بڕگەی دووەم، هەتا ئاگادارنامەیەك بە نووسراو پێشكەش بە وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی نەكرێ نابێت خۆپیشاندان بكرێت، یەعنی ئەوە بڕێك حیددەی تێدایە، سەتڕەكە، دێڕەكە حیددەی تێدایە، ئەگەر موافەقە نەكرێ (كأنه) مۆڵەتی نادەیە خۆپیشاندان، بە نووسراو نەبێ، ئاگادار بێ بەسە، یەعنی بەس ئاگاداری بكرێ، بەسە، چونكە نووسراوێكیش تكایە لەو قالبەی دەربێین، ئێستا ئێمە لە جیهانی (paperless) دەژین، یەعنی (عالم بدون أوراق)، ئێستا ئینتەرنێت هەیە، وەسائیلی زۆر متەتەور هەیە، (كتابنا و كتابكم) بۆ خۆمان هەمووی دەزانین، ئیجرائاتی ڕۆتینی چەند قاتیلە لە ناو دەوائیر، خۆپیشاندانیش سیفەتێكی تێدایە خێرا و پەلەیە، دەبێ نووسراوەكە هەڵبگیرێ، بە وەسائیلی موتەتەور ئاگاداری بكرێ، زۆر سوپاس، سوئالێكم لە جەنابیشتان هەبوو، كاك سالار وتی لە ماددەی چوارەم ئەگەر هاتو ئاگادارییەكە گەیشت بە قبوڵ حیساب دەبێ بۆ ماوەی ٢٤ سەعات، من ماددەی چوارەمم هەموو خوێندنەوە ئەو فەقەرەیەم نەدیت، ئیحتیمالە من هەڵە بم، لەلای ئێمە نییە، لە ئەصڵەكە؟ باشە كاكە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەهراب میكائیل محمد فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میكائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانجا یاسای خۆپیشاندانێ، چەند ئامانجن، یەكێكیان ڕێكخستن و پاراستنە، ئەز دبینم ئەگەر ب شێوەیا بەڕێوە بچێ، نە ڕێكخستن تێدا دەبی، نە پاراستن تێدا دەبی، خۆپیشاندانا لە ناكاو، یان موفاجیئ، زەرورەیەكە كە جیهەتی دبی ببینی، بەرە بەینەكی تەلەفۆنەكی بۆمە هات، شیلادزێ، ئەڤە چەندین ڕۆژە كەهرەب نینە، ڤێ گەرما شەش، حەفت سەعات قەتع دەبی، چونكە كارەبای شیلادزی دەنە باڵندا، د شیلادزێ زەرییە دات، هەندێ گەنج كۆ بوون چوونە سەر وێستگەها كارەبا شیلادزێ، ڤ حالەت وەختی شت ڤی ڕوویدا، لایەنی بەرپرس دچین بەرامبەری دانا، بەر هەندێ ئەڤ پشتەڤانیا بەهار خانیمە، هەروەسا

پشتەڤانیا دکتۆرەیێ، یان دڤێ من تێبینی سەر هەیە، دەرچوونێ خەلکی کۆمەلێ بۆ گۆرەپانا، جاددە، جهێن گشتی ل بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و جەژناوان، ل ڤێرێ ئاگاداری تێدا نینە، ڕوخسەتا هەی تەبیعی یە، هەمی دگەل هەندێینە، بەس غەریب ئەوەیە، وەختی ئیمتیازەك هەبی، شەقام بێتە گرتن، ڕێ بێتە گرتن، بۆ وانە ماف هەبی، بەس ئەو کەسێن داخازی هەی، یەکێتی هەی، ئاریشە هەی، ڤێ دگهەینە حیکمەتێ، ئەوانە ماف نەبی شەقامەکی بچکیش بگرن، یان جێیەکی گشتی بگرن، بۆ هەندەکا هەیە، گەلە جار ئەمە حیزبەکا یا دیتی بازاڕەك هەمیا گرتی، شەقامیش ژێ گرتی، پێت ڤیا ئەوەش بێتە ڕێکخستن، چۆن ئەوە ڤێتە ڕێکخستن، تێبینیا من ئەڤەیە بۆ چۆنێن خەلکی کۆمەلێ گۆڕەپانا بێتە ڕێکخستن، کو چۆن شەقام نەهێنە گرتن، خالا دوماهێ حەز دکەم پێتڤیا ل ڤێرێ ئەم ماڤێ وان کەسا بپارێزین ئەوێ ژێ واش ١٨ سالی کەمتر، بۆ نموونە، قوتابخانەی بنەڕەت هەمی، حەتاکە یازدەی ئامادەیی، ئەوانە ماف نینە خۆپیشاندانا بکەن، چونکە ژ ١٨ سالی کێمترن....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ماددەی سێ دەکەین کاك سەهراب.

**کاك سەهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ ئەژی بەحسی ماددەی سێ دکەم، ئەم لڤێرێ زێدە کەین فەقەرەکی، برگەکی زێدە کەین، بلێین کەسەدا مەحروم نەبن، بۆ نموونە/ مە هەندەکی هەین نوێنەرایەتیا هەرێمێ دکەن، وەرزشێ، ئەشبالن، هەروەسا ناشیئن، چیدی ماڤێ ئەوانە بپارێزی، ماف نەبیت چۆن داخازا خۆ پێشکەش بکەن، یان خۆپیشاندانەکی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك برزۆ مجید.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دای، دواتریش بەڕێز د. ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی دای، من سەبارەت بە ئاگادارینامەکە بۆ وەزیر یان بۆ ڕەئیسی وەحدەی ئیداری دەلێم/ لە حالەتێك دا ئەگەر ئەم وەزیرە یان ئەم ڕەئیسی وەحدەی ئیدارییە بە بیانووی نەخۆشی، یان سەفەری کورت، یان مەشغەلەتی زۆر دەسەلاتەکەی تەحویل نەکردبوو بۆ وەکیلەکەی، لەو حالەتەدا حەللەکە چی دەبێ؟ چونکە ئەگەر بویستێ ئەوە بە ئاسانی بەکار دێ، ئەگەر نیەتی ئەم ڕەئیسی وەحدەیە، ئەم مەسئولە خراپ بێ، سەبارەت بە خۆپیشاندانی لە ناکاویش کە زۆر زۆر قسەی لەسەر کرا، من پێموایە چۆن حەقی تەنزیم دراوە، کە ئەوە ئەو قسەشمان کردووە، حەقی تەنزیم نادرێ بە خۆپیشاندانی لە ناکاو، لە هەمان کات دا حەقی ئیجرائاتیش نادرێ بە حکومەت، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی پەرش و بلاوی بکاتەوە، بۆیە

دەكرێ لەو بۆنە نیشتمانییەكاندا دا تۆزێ جێ بكرێتەوە، پشتگیری د. محمد علی و دواتر كاك عادل عزیز و كاك عبدالرحمن پشتگیریان كرد بۆ ئەوەی كەمپینی ئینتیخاباتیش جێگای بكرێتەوە، یەك حاڵەتی تر دەڵێم لەبەر ئەوەی ئەم مەوزووعە جەدەلی زۆری خواست، ئەو دەسەڵاتی ئەو جارە دروست بووە لە هەرێمی كوردستان، كابینەی هەشتەم هەموو حیزبەكانی تێدایە، دەسەڵاتێك دەبێ هەموو چین و توێژەكانی تێدایە، بۆیە هەموو پێكهاتە سیاسییەكان ئەگەر خۆپیشاندان بكرێ دەبێ وا حیساب بكەن بەرامبەر هەموویان دەكرێ، بۆیە دەبێ مافی خۆپیشاندەرانیش بپارێزرێ، دەسەڵاتی بەهێز ئەوەیە بهێڵێ خۆپیشاندان بكات، لە توانای دابێ زەبتی خۆپیشاندانانەكان بكات، داواكاری خۆپیشاندەران جێبەجێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ڕابوون معروف.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم/ یەكەم، خاڵی یەكەم، ئەگەر پێچەوانە نەبێت بە بەندی پێناسەكان، من پێم باشە لە جیاتی وەزیر وەزارەت بێ، خاڵی دووەم/ پێچەوانەش نابێتەوە لەگەڵ پێناسەكە، من لەگەڵ ڕەئی هاوڕێیانم حاجی كاروان، ئومێد حەمە علی، د. جوان و كۆمەڵێك پەرلەمانتاری تری بەڕێزیش ڕەئیان دا، من لەگەڵ ئەوەم سەرۆكایەتی یەكەی كارگێڕی، سەرۆك بكرێتە سەرۆكایەتی، بۆ خاڵی ئەخیریش لەگەڵ ڕەئی هاوڕێیانم د. محمد علی، برزۆ مجید، هەروەها سەرۆكی پەرلەمانیش ئاماژەی بەو بابەتە دەكرد، ئەگەر خاڵێكیان لەوێ جێی بكرێتەوە، بابەتی كۆبوونەوەیە بۆ هەڵبژاردنە گشتییەكان، ئەوەی تریش كە جێی بكرێتەوە بابەتی خۆپیشاندانی لە ناكاوە، لەو خاڵەدا ئەگەر جێی بكرێتەوە شتێكی باش دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غریب مصطفی حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ دەكەم كە حكومەت پارێزەری مافی گشتی یە، وەكو د. ڤالا باسی كرد، ترس لە خۆپیشاندان، ڕێكخستنی خۆپیشاندان بە یاسا، بۆ ئەوەیە كە پشێوی دروست نەبێ، مافی گشتی پێشێل نەكرێ، بەڵام حكومەت بە هۆی ئەوەی كە دەیەوێ مافی گشتی پێشێل نەكرێ، دەبێ مافی هاوڵاتیش پێشێل نەكرێ كە كاتێك گرفتی بۆ دروست دەبێ، بۆیە بەڕای من لە ماددەی سێ دا بڕگەی یەكەم بەسە كە دوو خاڵی لەخۆ گرتووە، ئیتر بڕگەی دووەم جۆرە كۆت و پەیوەندێكە دروست دەكرێ كە ئاگادارینامەكە بەو جۆرە پێشكەش بكرێ بەلایەنی پەیوەندیدار، بۆ نموونە كاتێ لە خەستەخانەیەك دا هاووڵاتی دەچێتە

خەستەخانەکە، دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی دکتۆر، شەڕی لەگەڵ دەکات، دەکرێ ئەم هەواڵە بگەیەنرێتە وەزارەتی پەیوەندیدار تا موافەقەت دەکرێت؟ بێگومان ئەوە درانسییەتی، یان وەکو ئەو نموونەی د. شێرکۆ هێنایەوە، کەسێك کە مافی ئەخورێت ئەبێ ئەو حەقەی بدەینێ کە هاوار بکات، یەعنی خوا ئەو حەقەی داوە بە ئینسان لەسەر مافی هەڵفرێ، ئەو ئایەتەی کە خوا دەفەرمێ (أيحب الله الجهر بالسوء من القول إلا من ظلم) ئیشارەیەکی ڕاستەوخۆیە بە مافی خۆپیشاندانی ئینسان، کە بۆی هەیە دەنگ بەرز بکاتەوە، بۆیە هەیە قسەی خەراپیشی لە دەم دەرچێ، خوا ئەو حەقەی دابێ بە ئینسان، بەڕاستی دەبێ ئێمە ئەو حەقەی بدەینێ کە خوا خالقی ئێمەیە، کەواتە پشتیوانی لە ڕای ئەوانە دەکەم کە دەڵێن ماددەی دووەم لابرێ، پشتیوانی لە ڕای د. شێرکۆ و بەهار خان و عمر عینایەت دەکەم، کە دەڵێن خۆپیشاندانی لە ناکاو زۆر پێویستە بخرێتە ناو یاساکەوە، ڕام وایە کە بڕگەی سێیەمیش لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار إبراهيم حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم وەزیر بکرێتە وەزارەت، پشتیوانی لە قسەی کاك رابون دەکەم، هەروەها ماددەی دووەم سەرۆکایەتی پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئومێد حەمە علی دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم/ خۆپیشاندانی لە ناکاو، ناکرێ تۆ لە هەرێمی کوردستان ٩٠٪ی خۆپیشاندانی لە ناکاوە کە ناکرێ جێگەی نەبێتەوە لەم یاسایە گەورە و گرانەی کە ڕەهەندی نیشتمانی لەسەرە، بۆیە زۆر گرنگە لە ماددەی دووەم جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قارەمان.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی یەکەم، منیش لەگەڵ ڕەئیەکەی د. جوانم، کە وەزیر یان ئەو کەسەی کە وەزیر تەخویلی دەکات، بە هەمان شێوە بۆ یەکەی کارگێڕییەکەش، سەبارەت بە ماددەی دووەم، لەگەڵ ڕەئیەکەی بەهار خانم، پێموایە دەکرێ جێی بکەینەوە لە بڕگەی دوو دا، هەتا ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت، نابێ خۆپیشاندان بکرێ، ئەم نوقتەیە بکەین بە فاریزە، جگە لە خۆپیشاندانی لە ناکاو، خاڵی سێیەم/ لەگەڵ ڕەئی کاك محمد علی و ئەو برادەرانەم کاك برزۆ و کاك عبدالرحمن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وتووێژەكان تەواو بوو، بە كورتی، لیژنە پەیوەندیدارەكان ڕوونكردنەوەی خۆیان بدەن لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی پەیوەست بوو بە داواكاری لەسەر مەسەلەی وەزیر و وەزارەت، گوتمان ئێمە لەسەر وەزیر دوێنێ دەنگدانی لەسەر كراوە، موستەڵەحی وەزارەت بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بگەڕێینەوە سەری، ئەوەی پەیوەندی بەوە بوو لە پاڵ وەزیر (من ینوب عنە)، واتا وەكیل وەزیر، ئەوە یاسایە، قاعیدەی عامی موجەرەد دادەنێ، ناچێتە ناو تەفصیلات و جوزئیات، خۆشی تەحصیل حاصلە، كاتێك كە وەزیر لەوێ نەبوو، جێگرەكەی، ئەوەی كە وەكالەتی دەكات، ئەویان دەبێتە وەزیر، بە كارەكانی وەزیر هەڵدەستێ، پێویستی بەو تەحدید كردنە نیە، ئەوەی كە پەیوەستە بە خۆپیشاندانی لە ناكاو، خۆپیشاندانی لە ناكاو دوێنێ دەنگی لەسەر دراوە، وەكو ئەو یاسایە یاسای تەنزیم كردنی خۆپیشاندانە، بە هیچ شێوەیەك ئەو جۆرە خۆپیشاندانە هیچ تەنزیمێك نایگرێتەوە، بۆیە جێگای لەو یاسایەدا نابێتەوە، ئەگەر یاساوی ئەوەش دێننەوە كە گوایە جێگای لە برگەی سێیەم دا دەبێتەوە، ئەوەی لە برگەی سێیەم دا هاتووە دەرچوونی خەڵكە، خۆپیشاندان نییە، سەیری صیاغەكەی بكەن، دەرچوونی خەڵكە بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەكان، دەرچوونی خەڵك لە بۆنە گشتی و ئاینییەكان، گردبوونەوەیان لە شوێنێكی دیاریكراو، جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ مەسەلەی خۆپیشاندان، بۆیە موستەڵەحی خۆپیشاندان لە ناو برگەی سێیەمیش دا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ جێگای بكرێتەوە، لە ڕووی یاساییەوە جێگای ناكرێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان خۆپیشاندانە، دەرچوونی خەڵكیش بە كۆمەڵ بۆ شوێنەكان بە مەبەستی تەحقیق كردنی ئەو ئەعرافانەی كە هەیە، ئەوەیان مەوزووعێكی ترە، ئەوەی كە پەیوەندی بە برگەی دووەمەوە هەبوو، ئایا هەر ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشكەش نەكرێ، كاتێك كە ئاگادارینامەكەت تۆ بە نووسراو پێشكەش كرد، ئینجا ئەو كاتە دەتوانی ئەوەی ئاگادارینامەكەی بە دەست گەیشتووە بەرپرسی بكەی لەو مەسئولیاتەی كە دەكەوێتە ئەستۆی، كە مۆڵەت نەماوە، نابێ بڵێین ئاگادارینامەش بە نووسراو پێشكەش نەكرێ، خۆ ئەگەر مۆڵەت نەبێ، ئەگەر ئاگادارینامەش بە نووسراو پێشكەش بە جیهەتی مەعنی نەكرێ، خۆی لە خۆیدا خۆپیشاندانەكە هیچ تەنزیمێكی تێدا نامێنێ و دەبێتە خۆپیشاندانی لە ناكاو، ئەوەی كە باس كرا، مەسەلەی تانە گرتنەكە بوو، كە حەقی ئیجازە لە تەرەفی بەرامبەر دەسێنییەوە، تەحصیل حاصلە، ئەو حەقە بۆ خۆت هاتووە، كە ئەو حەقە هی خۆتە، ٤٨ سەعات كە تێپەڕی، تۆ مافی خۆپیشاندانت هەیە، كە ٤٨ سەعات تێپەڕی بە بێ ئەوەی وەزیر ئیعتیراز بگرێ لەسەر كات و شوێنی خۆپیشاندانەكە، تۆ مافی خۆپیشاندانت هەیە ئەنجامی بدەی، (إذن) كە مافی خۆپیشاندانت هەبوو تانەی چی دەگری؟ كە ئەو مافی نییە ڕەفزی خۆپیشاندانەكەی تۆ بكاتەوە، سوپاس سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر وشەی خۆپیشاندان، ڕاستیەکەی ئەگەر لیژنەی یاسایی وا تێ گەیشتبن خۆپیشاندان بەس نارەزایەیەتیە، ئەوە تێ گەیشتنێکی زۆر خراپە، خۆپیشاندان دەکرێ نارەزایەتی بێ و دەکرێ پشتیوانی بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای خۆتت وت لەسەر ئەمە، کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە نیسبەت وەزیر و وەزارەتەکان وەکو د.ڤالا ئاماژەی پێی کرد ئەوە دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کراوە بە زۆرینەی دەنگ، دووەمیش مەسەلەی ئاگاداری نامە بە نووسراو، خۆی نووسرا ڕێك دەخرێتەوە لەوانەیە پێویست بێ واژووی نوێنەرانی لەسەر بێ لەبەرئەوەی ناکرێ بە نامەیەك یان بە (sms) یێك وەزیر ئاگادار بکرێتەوە، بە نیسبەت بڕگەی ۳ کە هەندێ لە هەڤالان باسیان کردووە کەمپینی هەڵبژاردن بخرێتە ناو ئەو ماددەیە، بە تەسەوری ئێمە شتێکی سروشتیە ئەگەر کەمپینی هەڵبژاردن لەناو ئەو بڕگەیەدا جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی لەسەر ئەسڵی ماددەکە ڕوونکردنەوە بدەم، لەڕاستی دا پێم خۆشە بچمەوە سەر یەك بنەما ئەویش بۆچی ئێمە ئەم هەموارەمان پێشکەش کرد؟، ئەم هەموارە لە خولی پێشودا بە هەمان نەس پێشکەش کراوە، دوای ئەوەی یاسای خۆپیشاندان دەرکرا و نارەزایەتیەکی گەورە دژ بە یاسایەکە دەرچوووێنرا کە مەسەلەی ئاگادارینامە و مەسەلەی مۆڵەت و مەسەلەی پۆلیس و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، تەنانەت خۆپیشاندانی لەناکاو کۆمەڵێ بڕگەی تریش ئەو کاتە جێگەی جەدەل بوون و تەفاهوممان نەکرد ئێمە وەکو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، ئەوکات بلۆکی دەسەڵات و بلۆکی ئۆپۆزسیۆن جیا بوون، ئێستا هەموولایەك لە حوکمڕانی دان، ئەم یاسایە ناکرێ بە دوو ئاراستە ماددەکان درێژەی پێ بدرێ، بۆیە دوای پەسەند کردنی ئەم ماددەیە من پێم باشە لە گفتوگۆ کردن ڕابوەستین تێگەیشتنێکی تەواو هاوبەشم لەسەر کۆتایی هێنانی بە یاسایەکەیە، دۆخێك هەیە لە دەرەوەی ئەم هۆڵە و لە ئاستی کوردستان دا قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی و ئەوانەیە، بۆیە ئەم گفتوگۆیەی ئێمە نەبێتە دافع

بۆ نارەزایەتییەکی زیاتر، هاوشێوەی ئەوەی خولی پێشوو دەرکرا، هەرچەندە ئێستا ئەم یاسایە وابڕوا و پەسەند بکرێ، ئێمە گۆڕانکاری جەوهەری و هێنمان تێدا کردووە، بە تایبەتی چەسپاندنی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە جیاتی ئاسایش و پێشمەرگە و زیرەڤانی، ماددەی ٣ وەکو خۆی برگەی یەکەم بمێنێتەوە، بەڵام تەقدیم وتەئخیر بکرێ و پاش وپێش بکرێ، واتە لە جیاتی ئەوەی بوترێ وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەك لەسەر ئاستی هەرێم بوو، بوترێ ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی هەرێم بوو وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە، ئەمە بزەبت تەرجەمەی عەرەبیەکەیە، دەکرێ عەرەبیەکەی بە شێوەیەکی تر بێ، بەڵام کوردیەکە وا گونجاوترە، پاش وپێش بکرێ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگاداردەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو، واتە ئەمەش جارێکی تر پێویستی بە پێشخستن و دواخستن هەیە، من پێشنیار دەکەم دووەم کە بەم نەسە هاتووە، ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرد نابێ خۆپیشاندان بکرێ، ئەمە لەبەرئەوەی لە زمنی ئەم ماددەیە نییە، لە ماددەی پێشتووتر لەسەر ماددەکان قسەمان کرد، پێشنیار دەکەم بەم جۆرە بێ، ئاگادارینامەکە بە نووسراو پێشکەش بە یەکەی کارگێڕی دەکرێت، واتە نابێ، ئەو نەسە تەوکیدی تێدایە، هیوادارم ڕەئی عامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بێ ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە دابڕێژینەوە، بەشی سێیەم بە پێی نەرێنی خۆجێی باو ئەمە تەفسیر و تەئویلی زۆر جیاوازی بۆ دەکرێت، پێموایە قانونەکە شیاو نییە بمێنێ، لەبەرئەوە ئەمە ڕەئی ئێمەیە و دوای پەسەند کردنی ئەم ئاگادارینامەیە کە لە جەوهەری واتە ڕوحی یاسایەکەیە لە جیاتی مۆڵەت، دوای ئەم ماددەیە بەندە وەکو سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پێشنیار دەکەم لە گفتوگۆ کردنی یاسایەکە ڕابوەستین تاوەکو ئیجماع لەسەر تەواوی ماددەکانی داهاتووی دروست دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هیچ کێشەیەك لە ئاگادار کردنەوەی وەزیر دا دروست نابێ، لەبەرئەوە پێموایە ئەو چوار ساڵە تێ ئەپەڕێ و ئاگاداری نامەیەك لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپیشاندان ڕەنگە بوونی نەبێ، ئەوەی کە هەیە زۆرترینی لەسەر سەرۆکی یەکە کارگێرپەکانە لە قەزا و ناحیە و شارەکاندا کە تا پارێزگار دێت، برگەی ٢ لەگەڵ ڕەئی کاك سالارم کە (نابێ)کانمان یەك خستووە و کە نابێ ئەم خۆپیشاندانەش بکرێ، لە برگەی ٢ بخرێتە ئەو شوێنەی کە (نابێ)کانی تەحدید کردووە، لەبرگەی ٣ دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ پێموایە ئێمە تەنها بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینیەکانمان تێ کردووە، ڕۆژە جیهانیەکانیشی تێ بکەین ئەوە کە لە هەرێمی کوردستان زۆرە، بۆ نموونە ڕۆژی ئافرەتان، ڕۆژی کرێکاران، ئەوە هەمووی بۆنەی جیهانین، دەکرێ ئەوەش بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك بە یەك ئەو پێشنیارانەی کە کرابوون، دەخوێندرێتەوە و دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی نووسیوتانە؟ بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن برگەی یەکەم ناکرێ دەستکاری بکرێ، چونکە دوێنێ دەنگ لەسەر ماددەی یەکەم دراوە، ماددەی یەکەم وەزیر و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی تیایە، لە ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە وەزیری تیایە، سەرۆکی یەکەی کارگێڕیش لە دەقی ئەسڵی یاسایەکە هەیە، بۆیە ناخرێتە دەنگدانەوە، وتوویژ لەسەر ئەو یاسایە کراوە و ئەو ماددەیە کراوە وتەواو بووە، ماددەی دووەم پێشنیار هەبوو کەلابرێ یان ڕێك بخرێتەوە، ئێستا لەو مشاوەرەی کە کردمان دەتوانرێ برگەی ٢ لە ماددەی ٣ لە برگەی ١ لە ماددەی ٤ جێ بکرێتەوە، بۆیە دەکرێ ئەو پێشنیارە ئێستا بیخەینە دەنگەوە کە لێرە برگەی ٢ لە ماددەی ٣ لابرێ، دوایی لە برگەی ١ لە ماددەی ٤ جێی بکرێتەوە، د.ڤالا ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی لە برگەی ٢ دا هاتووە، لەبرگەی ٢ ماددەی ٣ ، لە ماددەی ٤ برگەی ١ بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، پێویستە لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم بە ٤٨ کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لەڕێگەی ئاگاداری نامەیەکی نووسراو کە بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش دەکرێ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار دەکەنەوە، بەمەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخرێتە ئەوێ و موعالەجە دەبێ، نوقتە نیزامی کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد لە سێ کەس وتیان ئەو خاڵە لابرێ، بەڵام لە جێگەی......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ باسی ئەوە دەکەین، دوایی خۆپیشاندانی لەناکاو دەخەینە دەنگەوە ئەوەش مەسەلەیەکی ترە، دوایی باسی دەکەین، بەڵێ بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بە دەنگدان لیژنە کرا بە نوێنەر، لەمە لیژنە هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوەش دوایی لە موناقەشە کردنی ماددەی ٤ دا ئەوەش ڕاست دەکەینەوە، ڕاستە منیش تێبینی ئەوەم کرد، ئەوە دەبێ بکرێ بە نوێنەری خۆپیشاندان، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە برگەی ٢ لە

ماددەی ٣ لابرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی ٢ لە ماددەی ٣ لێرە لابرێ؟، تەسویتە، برگەی ٢ لە ماددەی ٣ لابرێ لەگەڵ برگەی یەکەم لە ماددەی ٤ دەمج دەکرێ، ٧٢ کەس لەگەڵێەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، کاك ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی ١ خاڵی ٢ زیاتر لە پێشنیار هەبوو کە سەرۆك بکرێتە سەرۆکایەتی، نەتخستە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی ١ لە دەقە ئەسڵی یاسایەکە، لە ڕاپۆرتی هاوبەش، باشە ئاخر سەرۆکی یەکەی کارگێری لە دەقی ئەسڵی یاسایەکە ماددەی یەکەم هاتووە کە دوێنێ ماددەی یەکەم موناقەشە کرا، ئێستا ماددەیەك موناقەشە کرا ناگەڕێینەوە سەری، پێشنیاری تر ئەوە بوو کە چوارچێوەی برگەی ٣ خۆپیشاندانی لەناکاویش جێی بکرێتەوە، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك کە دەنگی لەسەر درابێ، ناکرێ جارێکی تر بیخەیە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو پێناسە دوێنێ ڕەد کرایەوە، کە لەماددەی یەکەم جێی بکرێتەوە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا موتەبەعە لە یەکەمەوە بیخەیتە دەنگدان، نەك لە دووەمەوە بۆ سێیەم و لە سێیەمەوە بۆ یەکەم، واتە ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لە ئاستی هەرێم بوو بخرێتە دەنگدانەوە و ئینجا برگەی دووەم و ئینجا برگەکانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسمان کرد ئەو برگەیە، لەبەرئەوەی دوێنێ لە پێناسەکەدا وا جێی کراوەتەوە، بۆیە ئەو داواکاریانەی بۆ گۆڕانکاری تیایدا هات بوون ناتوانرێ لەبەرچاو بگیردرێ، لەبەرئەوەی وەزیر پێناسە کراوە، سەرۆکی یەکەی کارگێریش لە ماددەی ١ پێناسە کراوە، لەبەر ئەوە مادام دەقی ئەسڵی یاسایەکەشمان پەسەند کردووە، دەقی ئەسڵی ڕاپۆرتەکەشمان پەسەند کردووە، ئەو برگەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاك ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی چەند جارێك ئاماژەیان بۆ کرد، لەبەرئەوەی ئەم یاسایە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، ناکرێ وشەی خۆپیشاندان دووبارە لەو بەندەیە بە مەعنایەکی تر پێناسە بکرێتەوە، بەڵام دەکرێ مەفهومی خۆپیشاندانی لەناکاو بە مەعنایەکی تر.... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕایە، دوایی موناقەشەی دەکەین، کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی یاسایەکە مۆڵەتە، لێرە داواکراوە ئاگادار بکرێتەوە وەزیر، نەك مۆڵەت ببەخشێ، دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، تا نەخرێتە دەنگدانەوە ئیقراری لەسەر نەکراوە، بۆیە داوادەکەم بیخەیتە دەنگدانەوە، بەڵام ئێمە دوێنێ ئەسڵی ڕاپۆرتەکەمان خستە دەنگدانەوەو کردمان بە بنەمای وتوویژ کردنی ئەمڕۆمان، بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی تیا بکرێ ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە کە گۆڕانکاری تیا بکرێ، بەڵام دەیشیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٣ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ٦٩ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٥ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، بۆ سیاغەش هەندێ پێشنیار هەبوو، بۆیە ئیعادە سیاغە کردنەوەی وەزیر پێش بخرێ یان ئەوەی تر پێش بخرێ ئەوە لیژنەی یاسایی دەتوانن سیاغەی بکەنەوە جارێکی تر، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕگەی ١ تێپەڕی و دەنگی لەسەر درا قسەم لەسەری نییە، بەڵام ئێمە سێ کەس داوامان کردبوو، گوتمان ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو بە نووسراوێك سەرۆکی کارگێڕی یان نوسینگەکەی ئاگادار بکرێتەوە، یەعنی ئەوە نەخرایە دەنگدانەوە نازانم، ببوورە وشەی نووسراوەکەم باس کرد لە هەردوو بڕگەکە کە باسمان کرد، کەیەکەم تێپەڕی تازە قسەیەکمان نییە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە ئەوەی کاک سالار باسی کرد جەنابی کاك تحسین باسی کرد، ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو بە نووسراوێك سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نووسراوەکە ئەڕواتە ماددەی ٤ پێویست ناکات ئەمە هەموو جارێك دووبارە بکرێتەوە، بڕگەی دووەمیشمان لابرد، ئێستا سەبارەت بە بڕگەی ٣ پێشنیارێك هەبوو هاوشێوەی دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەکان لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینیەکان بە پێی نەریتی خۆجێی باو بەدەردەکرێ لە ئاگادارکردنەوە، پێشنیارێك هەبوو کە بۆنە جیهانیەکانیشی تێ بکرێ، بەڵێ کەمپینی هەڵبژاردنیش پێشنیار کرا، با د.ڤاڵا ڕوونکردنەوە بدا لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەمان دا، ئەوەی پێویستە بە کەمپینی هەڵبژاردن داخلی اجتماعاتی خاس دەبێ، کە بوو بە گردبوونەوەی تایبەتی ئەو جۆرە گردبوونەوانە کە بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دیاری کراو دەکرێ بۆ ناخب و بۆ

مورەشەحێكی دیاری كراو دەكرێ نە پێویستی بە ئاگادار كردنەوە هەیە و نە جیهاتی ئەمنیش مولزەم دەكرێت بە دابین كردنی ئەمە، ئەوە لە بابەتی ئیجتماعاتی خاس دایە پێویست بەوە ناكات بیهێنینە ناو دەرچوونی خەڵك، چونكە لێرە دەرچوونی خەڵكیش بە كۆمەڵ جیاوازە لەگەڵ كەمپینی ئینتخابات، كە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك جێگای لەو بڕگەیە بكەینەوە، چونكە لەڕووی موستەڵەحەوە جیاوازیان هەیە، كەمپین بۆ ئینتخابات بابەتێكە دەرچوونی خەڵك بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەكان بە موناسەبەی بۆنە ئایینی و نیشتمانییەكان بابەتێكی ترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەرحێكم دابوو كاك حاجی كاروان و كاك مەلا غەریب، ئەوە سێ كەسین، یەعنی دەبووایە ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە بەڕاستی زۆر ناڕوونە و شتی زۆر لەخۆ دەگرێت، بڕگەی ٣ لابرێ سێ كەس داوامان كرد لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە ئەوە تەرح كرا، كاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانی لەناكاو لە چوارچێوەی دەرچوونی خەڵكە، بۆ دەبێ لێرە جێگەی نەكرێتەوە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باسی خۆپیشاندانی لە ناكاویش دەكەین، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە ئەو پێشنیارە هەبوو كە ئەسڵەن بڕگەی ٣ لابرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ لابرێ؟ ٧ كەس لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ لابرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ بمێنێتەوە؟ ٥٩ كەس لەگەڵ ئەوە بوو كە بڕگەی ٣ بمێنێتەوە، كەواتە دەمێنێتەوە بڕگەی ٣، داوا كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كە خۆپیشاندانی لەناكاویش بەدەر بكرێ لە ئاگادار كردنەوە، ئەگەر ڕوونكردنەوەیەكتان هەیە لیژنەی یاسایی بیدەن، بەڵام ژمارەی یاسایی داوای ئەوەی كردووە كە بەدەر بكرێ لە ئاگاداركردنەوە، خۆپیشاندانی لەناكاو بەدەر بكرێ لە ئاگادار كردنەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چۆن ئێمە وتمان مەسەلەی وەزیر و وەزارەت كۆتایی پێ هاتووە و دەنگی بۆ دراوە، مەوزوعی خۆپیشاندانی لەناكاویش بەهەمان شێوە ئەو یاسایە ناوی ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، نە لە تەعاریف دەتوانین جێگای

بکەینەوە و نە لەو ماددەیەی کە پەیوەندی بە دەرچوونی خەڵکەوە دەبێ دەتوانرێ جێگای بکرێتەوە، لەڕووی یاساییەوە ناتوانرێ ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە دابڕێژرێتەوە لەناو ئەو یاسایەدا بە هیچ شێوەیەك، ئەوە لەڕووی یاساییەوە، لەڕووی ئیجرائیشەوە بە پێی پەیڕەو کە هەمووومان پابەندین پێی لە پەرلەمان، ئەمە دوێنێ دەنگی لەسەر دراوە کە ئەو خۆپیشاندانە باس نەکرێت و تەعریف نەکرێت و پەیوەندی نییە بەو یاسایەوە کاتێك کە جێگەی کرایەوە فەحوای یاساکە بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن پێش ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ( هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی د.ڤالا ڕاستە، بەڵام بۆ خۆی زۆر دووبارەی دەكاتەوە، ئەڵێ ئەمە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، بەڕێزم لە كوردستانا ٩٠٪ ی خۆپیشاندانەكان لە ناكاوە، یاسایەك دابنێ بۆ ڕێكخستنی ئەم لە ناكاویە هەبێ یان نەبێ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان د.ڤالا دەڵێ دوێنێ موناقەشەمان كردووە لە ماددەی یەكەم دا جێی نەكراوەتەوە، فەرمووو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لە تەعریف دابوو ئێستا ئێمە دەمانەوێ و داوا دەكەین و كە چەند پەرلەمانتار داوایان كرد كە لەم بڕگەیە جێگەی بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێك بخرێت، چونكە یاساكە پێی دەڵێن ڕێكخستن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی دەڵێ ئێمە دوێنێ تەسویتمان كردووە لەسەر ئەوەی كە خۆپیشاندانی لەناكاو نەبێ، كاتێك كە ئەوە نەبووە تەسویتی دوێنێ لەسەر پێناسەی خۆپیشاندانی لەناكاو دراوە، نەك لەسەر ئەوەی كە ئەسڵەن موستەڵەحی خۆپیشاندانی لەناكاو جارێكی تر باسی نەكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانی لەناکاو وجودی نەبووە تا پێناسەی هەبێ و نیقاشی لەسەر بکرێ، داوا کراوە هەبێ یان نەبێ، ئینجا دەنگی لەسەر دراوە، تکا دەکەم ڕێز لەو دەنگانە بگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لیژنەی یاسایی ڕەئی وایە کە نابێ جارێکی دیکە باسی ئەو وشەیە بکرێ و ژمارەی یاسایی ئەندامانیش باسیان کردووە، من پێشنیاز دەکەم لە ماددەی ٤ لە بڕگەی یەکەم کە کاتی دانا ٤٨ کاتژمێر ئەو ٤٨ کاتژمێرە کەم بکرێتەوە یان لابرێ، ئۆتۆماتیکی ئەوە جێگەی خۆپیشاندانی لەناکاویش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابون فەرموو.

**بەڕێز رابون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی لیژنەی یاسایی زۆر بە ئیعتبار وەردەگرم من، ڕێزی لێ دەگرم، بۆیە دەبێ هەوڵ بدەن سیاغەیەك بدۆزنەوە، من پێشنیارم کرد و وتم وشەی خۆپیشاندنی لەناکاو زاهیرەکە ناوێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، د.ڤاڵا لە مناسەبەیەك دا تەجەموعی سلمی پێشنیار کرد، بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسایی دەتوانن سیاغەیەکی تر و ناوێکی تری بۆ بدۆزنەوە ڕەنگە حەلێکی باش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم بابەتە ئەشکالێکی قانونی تیایە، بۆ موشاوەرەیەکی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، ئێمە دوایی کۆدەبینەوە لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان و بۆ وتوێژکردنی زیاتریش لەسەر کۆی بڕگە و ماددەکانی ڕاپۆرتەکە، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمینکی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)**

**دوو شەممە رێکەوتی ٢٠١٤\٧\٧**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی چوارەمی، سالی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٤)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی سالی یەکەم لە خولی چوارەمی هەلبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٧ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی سالی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەمواری کراوی سالی ١٩٩٢

٢- خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی سالی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، کە ژمارەیان بریتییە لە ١٠ پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیار

٣- سوێند خواردنی بەڕێز (عباس صالح فتاح) کە بە زنجیرەی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناوی هاتووە، لە جێگەی ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی هەمان لیست بەڕێز دەرباز عبدالله رسول بەپێی ماددەی ٣١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی سالی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

٤- گفتوگۆ کردن لەسەر قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٥٤ خالی دووەم برگەی دووی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی سالی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان، و بەڕێز مولود مراد محی الداین سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەپێی ماددەی ٥٤ برگەی یەکەم خالی شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوای کردووە کە دەست لە کارکێشانەوەکەی بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، ئێمەش پەسندمان کردووە، دەست لەکارکێشانەوەی ئەویش ئەخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٤)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٧، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ١٤ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕێ ڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٧ بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەمواری کراوی ساڵی ١٩٩٢

٢- خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، کە ژمارەیان بریتییە لە ١٠ پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیار

٣- سوێند خواردنی بەڕێز (عباس صالح فتاح) کە بە زنجیرەی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناوی هاتووە، لە جێگەی ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی هەمان لیست بەڕێز دەرباز عبدالله رسول بەپێی ماددەی ٣١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

٤- گفتوگۆ کردن لەسەر قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٥٤ خاڵی دووەم بڕگەی دووی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان، و بەڕێز مولود مراد محی الدین سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەپێی ماددەی ٥٤ بڕگەی یەکەم خاڵی شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوای کردووە کە دەست لە کارکێشانەوەکەی بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، ئێمەش پەسندمان کردووە، دەست لەکارکێشانەوەی ئەویش ئەخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم کە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەناوی خوای گەورە**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە ١٣ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١ مۆڵەت پێدارون یان ئامادە نەبوون

١ ابوبكر عمر-مۆڵەت

٢- ادريس علی-مۆڵەت

٣-انس محمد-مۆڵەت

٤- ئاواز حميد-مۆڵەت

٥-تەلار لطيف-مۆڵەت

٦-دڵشاد شعبان-مۆڵەت

٧-ڕۆزا محمود-ئامادە نەبووە

٨-ڕێواز فائق-ئامادە نەبووە

٩- زوڵفا محمود-مۆڵەت

١٠- سرود سليم-مۆڵەت

١١- گۆران ئازاد-ئامادە نەبووە

١٢- عمر صالح عمر-مۆڵەت

١٣- مريم صمد-مۆڵەت

١٤- مولود مراد-مۆڵەت

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزت ئەكەم پوختەيەك لە كۆنووسی دانيشتنی پێشوو بخوێنيتەوە

**بەڕێز فخرالدين قادر-سكرتێری پەرلەمان**

پوختەی دانيشتنی ژمارە ١٣ لە بەرواری ٢٠١٤/٧/١ بەم شێوەيە:

١ دەست پێكردنی دانيشتن لەلايەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دانيشتنی پێشوو لەلايەن سكرتێری پەرلەمانەوە

٣- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە ياسای هەمواری يەكەمی ياسای ڕێكخستنی خۆپيشاندان لە هەرێمی كوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠ و ڕاپۆرتی هاوبەشی ليژنە پەيوەنديدارەكان

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نيزامييە كاك عادل؟ فەرموو

**بەڕێز عادل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پێشنيار ئەكەم كە تەوەری چوارەم لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵكی كوردستان لەو قەيرانە دارايی و قەيرانی بەنزين و گازدايە ببێتە تەوەری يەكەم، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەمان پێشنیارم هەیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەزال خان

**بەڕێز گەزال هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەمان پێشنیارم هەیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان تۆش هەمان پێشنیار؟

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڵێ هەمان پێنشیارم هەیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەمان پێشنیارم هەیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو بێگەرد

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من داواکارم بڕگەی سێیەم کە سوێند خواردنی بەڕێز کاك عباس فتاح صالح ببێتە خاڵی یەکەم، و خاڵی چوارەم پشتیوانی هەڤالانم ئەکەم، ئەوجا دوای ئەو خاڵی دووەم بێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشنیار ئەکەم بڕگەی یەکەم دوا بخەین، بیخەینە بڕگەی کۆتایی، و بەرنامەکەمان بەو شێوەیە بڕوات، چونکە پێویستیمان بە خوێندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایانە هەیە، بە تایبەتی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان، پێویستمان بە خوێندنەوەی یەکەمی هەیە، و کاتێکی زۆریش نابا خوێندنەوەی یەکەمی

پرۆژە یاساکان، و سوێند خواردنی بەرێز عباس صالح فتاح ئەنجام بدرێ ، دوایی دەستلەکارکێشانەوەی بەرێز مولود مراد، دوایی دەست بکەین بە گفتوگۆی تەوەری چوارەم، بەرنامەکەمان بەو شێوەیە، فەرموو کاک فەرهاد.

**بەرێز فەرهاد حمه صالح(سەنگاوی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیار ئەکەم بابەتی ئەمڕۆمان بەس تەرخان بکرێ بە مەسەلەی بەنزین، چونکە زۆر ئەخایەنێ، زۆر گرنگە، خەڵك چاوەڕوانیەتی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو

**بەرێز سالار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من تەئیدی بۆچوونەکەی بەرێزت ئەکەم، پرۆژەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێ، تەسەور ئەکەم دوای سەعاتێك فریا ئەکەوین گفتوگۆی برگەی چوارەم بکەین لەسەر بەنزین و بابەتەکانی تریش

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم سەعاتێك کەمتریش ئەخایەنێ، ئێستا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك سۆران

**بەرێز سۆران عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری بۆچوونی بەرێزت ئەکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمَر

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش پشتگیری بۆچوونەکەی بەرێزت ئەکەم، لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەش گرنگە، و کاتیشی زۆر ناوێ، باشترە برگەی یەکەم بچێتە ئەخیر، و بەو شێوەیە بێت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد

**بەرێز ئومێد خۆشناو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری هەموو ئەو بۆچوونانە ئەکەین، بەلام ئێوە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکرێ کە بەرنامەی کار دائەنرێ حیساباتی تێدا بکرێ، هەرکەسێك ئەو بەرنامەی بخوێندایەتەوە، و ئەو مولاحەزاتانەی دروست ئەبوو، بۆیە ئەکرێ وردتر بەرنامەی کاری جەلسەکانی پەرلەمان دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بەپێی پەیڕەو دائەنرێ ئەو بەرنامەی کارە، لەبەر ئەوەی بڕگەی یەکەم و دووەم لەبەرنامەی کارەکانی دانیشتنی پێشوو هەبوو، تەواو نەکراوە، بۆیە پێویست ئەکات بەو شێوەیە لەبەرنامەی کار دابنرێ، بەلام بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانرێ موناقەشەی دوابخرێ، بۆیە ئەوە ئەخەینە دەنگەوە کە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان ببێتە بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کار، کێ لەگەڵە؟ ٨٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەم شێوەی لێ دێ:

خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە لەسەر بڕیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانە

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پرۆژە بڕیاری یەکەم بریتییە لە پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ئەو پرۆژە بڕیارە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە ٤ ماددە پێکهاتووە، ئەمەش ناوی ئەو ئەندامانەیە کە واژوویان کردووە

١ فەمان فیصل

٢- شوان شێخ احمد

٣- انوەر قادر

٤- لینا عزیز

٥- گۆران ئاواد

٦- ڤالا فرید

٧- بەهار محمود

٨- ابوبکر عمر

٩- دلشاد شعبان

١٠- مردان خدر

١١- هیڤا حاجی

١٢- شرین حسنی

١٣- فرست صۆفی

١٤- ابرهیم احمد

١٥- زیاد حسین

١٦ دلێر ماوەتی

١٧- ئاواز جنگی

١٨- قادر ڕەزگەیی

١٩- سەرکەوت سەرحەد

٢٠- فەرهاد سەنگاوی

٢١- شێرکۆ حمه امین

٢٢- منیره عثمان

٢٣- محمود حاجی

٢٤- جوان اسماعیل

٢٥ پەری صالح

٢٦- پەروا علی

٢٧- عادل عزیز

٢٨- فائق مصطفی

٢٩- برزۆ مجید

٣٠- ڕۆزا محمود

٣١- قارەمان قادر

٣٢- مروان گەڵاڵی

٣٣- فخرادین قادر

٣٤- تەلار لطیف

داوا لە بەڕێزتان ئەکەین کە ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

پرۆژە یاسای دووەم بریتییە لە پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی کە لە ٢ پرۆژە پێکهاتووە، پرۆژەی یەکەم ٣٩ ماددەیە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە ئەمانەن:

١ د.عبدالله جاسم

٢- فەرهاد حەمە صالح(سەنگاوی)

٣- عباس غزالی

٤- بەیار طاهر

٥- علی علی هالۆ

٦- د.شێرکۆ حەمە امین

٧- کنعان نجم الدین (حاجی کاروان)

٨- شکریە اسماعیل

٩- امنە زکری

١٠- ڤیان عباس

١١- ڤمان فیصل

١٢- زیاد حسین

١٣- د.شرین حسنی

١٤- وحیدە یاقۆ

داوا لە بەرێزتان ئەکەین کە ڕەوانەی لیژنەی پەوەندیداری بکەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایانە هەردووکیان ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

پرۆژە یاسای دووەم کە هەمان پرۆژەی بیمەی تەندروستییە لە لایەن ئەم بەرێزانەی خوارەوە واژوو کراوە کە ژمارەی یاسایی ئەندامانە، لە ١٣ ماددە پێکدێ، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی

١ هەوارمان حەمە شریف

٢- نجیبە لطیف

٣- فخرالدین قادر

٤- سۆران عمر

٥- شکریە اسماعیل

٦- حسین اسماعیل

٧- عمر مصطفی

علی حەمە صالح

٩- جوان اسماعیل

١٠- قارەمان قادر

١١- ڕۆزا محمود

١٢- ئومێد حەمە علی

١٣- برزۆ مجيد

١٤- پەری صالح

١٥- منيرە عثمان

١٦- حسن صالح

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی ياسايی و تەندروستی و ليژنەی دارايی لە پەرلەمانی كوردستان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ

**بەڕێز د.ڤالآ فريد:**

پرۆژە ياسای سێيەم، پرۆژەی ياسای ئەنجومەن و دەزگای كاروباری دانوستان، ئەم پرۆژە ياسايە لە ١٨ مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندن، و لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامان واژوو كراوە، ئەمە ناوەكانيانە:

١ بەيار طاهر

٢- شوان شيخ احمد

٣- ناظم كبير

٤- نجات محمد

٥- د.عبدالله جاسم

٦- د. شيرين حسني

٧- ئومێد خۆشناو

٨- وحيدە ياقۆ

٩- د.ابرهيم احمد

١٠- علی هالۆ

١١- مردان خدر

١٢- د.سراج خيلانی

داوا لە بەڕێزتان ئەكەين كە ڕەوانەی ليژنەی پەيوەنديداری بكەن

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی كاروباری ياسايی و ليژنەی پەيوەنديەكان و ڕەوەندی كوردستانی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەكرێت.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

پرۆژە یاسای چوارەم بریتییە لە پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان، ژمارە ٧٨ ی ساڵی ١٩٨٠ ی هەموار کراو، ئەو پرۆژە یاسایە لە ٨ مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژوو کراوە، ئەمانەن:

١ شکریە اسماعیل

٢- نجیبە لطیف

٣- عمر مصطفی

٤- فخرادین قادر

٥- بەهار عبدالرحمن

٦- فائق مصطفی

٧- د.هەورامان گەچێنەیی

٨- سۆران عمر

٩- بێستون فائق

١٠-ایوب عبدالله

١١- غریب مصطفی

١٢- منیرة عثمان

١٣- زانا عبدالرحمن

١٤- جوان اسماعیل

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خیزان ئەکرێت، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

پرۆژە یاسای پێنجەم بریتییە لە پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەلاّیەتی بۆ منداڵانی بێ باوك، ئەو پرۆژە یاسایە لە ١٠ مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە واژوو کراوە، ئەمانەن:

١ شکریە اسماعیل

٢- نجیبە لطیف

٣- جمال مۆرتکە

٤- سۆران عمر

٥- هەورامان گەچێنەیی

٦- مەڕوان گەڵاڵی

٧- گەژاڵ هادی

٨- عمر كۆچەر

٩- ئێڤار ابراهیم

١٠- منیرە عثمان

١١- برزۆ مجید

١٢- بێستون فائق

١٣- پەروا علی

١٤- شوان قەڵادزەیی

١٥ بەهار عبدالرحمن

١٦ فخرالدین قادر

داوا لە بەڕێزتان ئەكەین كە ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن، دواجاریش موڵاحەزەیەكمان هەیە ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان و لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی ئەكرێ، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی یاسا عادەتەن لەقەب دوای ناوی سولاسی دێت، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەكەین داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بكەن كاتێ واژوو ئەكەن و ناوی خۆیان ئەنووسن ناوی سولاسی بنووسرێ، ئینجا لەقەب، ئەمە یاسایە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەكەین ڕەچاوی ئەو تێبینیە بكەن، لەكاتی واژوو كردنی پرۆژە یاساكان ناوی سیانی خۆیان بنووسن

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

بەڕێز دكتۆرە بەهار درێژە بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساكان ئەدات.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پرۆژە یاسای شەشەم بریتییە لە پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەكانی كوردستان، ئەم پرۆژە یاسایە لە چوار مادده پێك دێ، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندنی، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، ئەوە ناوەكانیانە

١ عمر عینایەت

٢- بەهار محمود

٣- پەری صالح

٤- منیره عثمان

٥- فائق مصطفى

٦- برزۆ مجید

٧- ئومێد حەمە علی

٨- ڕۆزا محمود

٩- حسن صالح

١٠- عادل عزیز

١١- قارەمان قادر

١٢- محمود عمر

١٣- پەروا علی

١٤- انور قادر

١٥ ایوب عبدالله

١٦- جوان اسماعیل

١٧- عبدالرحمن علی

داواکارین لە بەڕێزتان ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی لادێ و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

پرۆژە یاسای حەوتەم بریتییە لە پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٢ ی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژەو یاسایە لە ٧ مادده پێك دێ، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەمە ناوەکانیانە:

١ شکریە اسماعیل

٢- نجیبە لطیف

٣- جمال مۆرتکە

٤- سۆران عمر

٥- د.هەورامان گەچێنەیی

٦- مەڕوان گەلاڵی

٧- ئێڤار ابراهیم

٨- کنعان نجم الدین

٩- کەژاڵ هادی

١٠- منیرە عثمان

١١- بێستون فائق

١٢- برزۆ مجید

١٣- پەروا علی

١٤- شوان قەڵادزەیی

١٥- بەهار عبدالرحمن

١٦ فخرالدین قادر

داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە و لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان و سەرەجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێت

**بەڕێز د.بەرهار محمود:**

پرۆژە یاسای هەشتەم بریتییە لە پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی، ئەم پرۆژە یاسایە لە ١١ مادده پێك دێ، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندان، لەلایەن ژمارەیی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەمانەن:

١ د.هەورامان حەمە شریف

٢- نجیبە لطیف

٣- شکریە اسماعیل

٥- فخرالدین قادر

٦- حسین اسماعیل

٧- عمر مصطفی

٨- علي حەمە صالح

قارەمان قادر

١٠- ڕۆزا محمود

١١- ئومێد حەمە علی

١٢- پەری صالح

١٣- منیرە عثمان

١٤- حسن صالح

داوا له بەڕێزتان ئەكەین ئەم پرۆژه یاسایەش ئاڕاستەی لیژنه پەیوەندیدارەكان بەكەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه یاسایەش ئاڕاستەی لیژنەكانی كاروباری یاسایی، لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری، لیژنەی دارایی و كاروباری ئاینی و وەبەرهێنان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەكرێت

**بەڕێز د.بەرهار محمود:**

پرۆژه یاسای دووەم بریتییه له پرۆژه یاسای تایبەت بە كورتە بالآكان، ئەو پرۆژه یاسایه له ١٠ مادده پێكهاتووه، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوه، ئەمه ناوەكانیانه:

١ مریم صمد

٢- گەشه دارا

٣- خلف احمد

٤- صالح فقی

٥- زانا عبدالرحمن

٦- ڕێواز فائق

٧- تەلار لطیف

٨- سعید مصیفی

٩- سالار محمود

١٠- قادر وەتمان

داوا له بەڕێزتان ئەكەین ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه یاسایه ئاڕاستەی لیژنەكانی كاروباری یاسایی، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ، لیژنەی كاروباری كۆمەلأیەتی و منداڵ و خێزان ئەكرێ، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

پرۆژه یاسای دەیەم بریتییه له پرۆژه یاسای دەستەی بالآی سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی له هەرێمی كوردستان-عێراق، له ١٩ مادده پێكهاتووه، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندنی، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوه، ئەمانەن:

١ د.ابراهیم احمد

٢- سالار محمود

٣- امنه زكری

٤- د.عزت صابر

٥- د.عبدالله جاسم

٦- د.ڤالآ فريد

٧- بەيار طاهر

٨- مريم صمد

٩- فرحان جوهر

١٠- سعيد مصيفي

١١- ناظم كبير

١٢- ئومێد خۆشناو

١٣- قادر ڕەزگەیی

١٤- ڤەمان فيصل

١٥- وحيده ياقۆ

١٦- شوان شێخ احمد

١٧- محمد علي ياسين

١٨- مەردان خدر

١٩- د.فرست صۆفی

٢٠_ شيلان جعفر

٢١- فيروز طه

٢٢- تحسين اسماعيل

٢٣- نجات محمد عبدالله

٢٤- ئاواز جنگی

٢٥- صالح فقێ

٢٦- سەرکەوت سەرحەد

٢٧- خلف احمد

داواکارین لە بەڕێزتان ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەکانی کاروباری یاسایی پەرلەمان ئەکرێ، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

ئەوە کۆی ئەو پرۆژە یاسایانە بوو کە ئەمرۆ لە بەرنامەی کاردا بوو، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، فەرموو بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، ئێستا ئەچینە سەر برگەی دووەم لە بەرنامەی کار، بریتییە لە سوێند خواردنی بەڕێز عباس فتاح صالح فتاح کە بە زنجیرە ژمارە ٢٠ ی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناوی هاتووە، لە جێگەی ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی هەمان فراکسیۆن بەڕێز دەرباز عبدالله ڕسول، بەپێی ماددەی ٣١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەمواری کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، با بەڕێزی بفەرموێ بۆ سوێند خواردن، فەرموو ئەندامان تکایە هەستنە سەرپێ

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من عباس فتاح صالح، بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم، کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پیرۆزە، بەڕێزان وەکو ئاماژەمان پێدا بەڕێز مولود مراد محدین سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو دوێنێ بەپێی ماددەی ٥٤ برگەی یەکەم خاڵی شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوای کردووە دەست لەکارکێشانەوەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند بکرێ، بۆیە ئێستا دەستلەکارکێشسانەوەی بەڕێزی ئەخەینە دەنگدانی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز مولود مراد محی الدین دەست لەکار بکێشێتەوە وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان؟ ٧٦ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٢ کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسند کرا، ئێستا ئەچینە سەر خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان، لەسەر داوای یاسایی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەی ٥٤ خاڵی ٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان، بەپێی ئەو برگەیە گفتوگۆی ئەم بابەتە ئەکەین، بە ئامادە بوونی وەزیری پەیوەندیدار، لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان کە بریتییە لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان ئەوانیش ڕاپرۆتێکیان حازر کردووە، بۆیە بەرنامەی ئەو تەوەرە بەو شێوەیە بەڕێوە ئەبەین، سەرەتا بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دکتۆر ئاشتی هەورامی ڕوون کردنەوەی خۆی لەسەر قەیرانی بەنزین لە هەرێمی کوردستان ئەخاتە ڕوو، دواتر لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی خۆیان ئەخوێنەوە، دوایی ئەم بابەتە ئەخەینە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان ڕوون کردنەوەی زیاتری هەبێ، سەبارەت بە قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە دیاری کراوی ئەتوانێ بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، بۆیە ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەفدی یاوەری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین بفەرموون بۆ ناو هۆڵی

پەرلەمان، بەخێرهاتنی دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەڕێز مامۆستا مولود باوە مراد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز دکتۆر ئامانج ڕەحیم ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری سامانە سەروشتیەکان ئەکەین کە بفەرموێ بۆ پێدانی ڕوون کردنەوە لەسەر قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی-وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان، زۆر پێخۆشخاڵم ئەمڕۆ لە خزمەتانم، بۆ ڕوون کردنەوە لەسەر قەیرانی سووتەمەنی، و تایبەتی لەسەر قەیرانی بەنزین لە کوردستان، بەڕێزان، هۆکاری قەیرانی بەنزین لە دوو، سێ هەفتەی ڕابردوو ڕوویدا، و کێشەکانی سووتەمەنی بەس شێوەیەکی گشتی ئەتوانم بڵێم ئەمانە سێ، چوار بەشن، بەشی یەکەم دێمە سەری ئەساسەکەی نرخی سووتەمەنی خۆیەتی، بەڵام هۆی یەکەمی ئەو ڕووداوانە بەردەوام بوونی کێشەکانمانە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق و حکومەتی فیدراڵ، دوو، وەستانی کارکردن لە مەسفای بێجی دوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە، سێ، داواکاریەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دهۆك و هەولێر بە تایبەت، و پێویستیەکانی زۆربەی پارێزگای موصل ئەوانیش هەموو هاتنە سەر شانی بەنزینی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێش ئەوەی قەیرانی بەنزین بە دوور و درێژی باس بکەم، بە پێویستی ئەزانم ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار بن کە کێشەی سەرەکی حکومەتی هەرێم کێشەی نرخی سووتەمەنییە، چونکە نرخەکەی زۆر هەرزانە، مەدعومە، و ئەوە وەك باسی ئەکەم دوایی بازاڕەکەی تێکداوە و وای کردووە کۆنترۆڵەکانی حکومەت ئیش ناکرێ، بەتەواوی هەمووی تێك داوە، بۆ نموونە لیترێك بەنزین لە کوردستان بە ٥٠٠ دینارە، یان بە ٥٠٠ دینار بوو، نرخێکی مەدعوم و هەرزانە بە هەموو ستانداره جیهانیەکان، هەرزانە ئەگەر بەراوردی بکەین بە کولفەی حەقیقی کرینی یەك لیتر بەنزین لە بازاری جیهانی، و گەیاندنی ئەو لیترە بەنزینە بۆ ناو کوردستان کە نرخەکەی زیاتر لە ١٢٠٠ دینار ئەبێت، بۆ نموونە کە دێتە سەر فرۆشتنی هاووڵاتیان، لیترێك بەنزین لە تورکیا کە ئەفرۆشرێت زیاتر لە ٢٥٠٠ دینارە، زۆرتریشە لە ئەوروپا، چونکە زەڕیبە دێتە سەر سیعرە بازرگانیەکە کە نیوەی ئەوەیە، نیوەی لە وڵاتانی دەرەوە زەڕیبەیە کە حکومەت داهات بۆ خۆی پەیدا ئەکات، ئەمەی ئێمە لە کوردستان کولفەیەکی زۆرە لەسەر حکومەت، بەداخەوە ئەتوانم بڵێم وەکو وەزیرێك مەعلوماتم هەیە و ئاگادارم لێی سوودەکەشی بۆ هاووڵاتیان ئەوەندە زۆر نییە، و ئەگەر هەشە عەدالەتی تێدا نییە، بەڕێزان، ڕاستە دەعمی نرخی سووتەمەنی یان دەعمێکی غێر موباشیر بۆ هاووڵاتیان موستەحەقە و واجیبە، ئەوەش لەسەر شانی هەموومانە، بەڵام وەکو بەڕێزتان ئەگادارن زۆربەی خەڵکی فەقیر و هەژاری کوردستان کە پێویستیان بە هاوکارییە سەیارەشیان نییە، ئەو خەڵکە فەقیر و هەژارە و ئەوانەش داهاتیان کەمە، هەر تاکسی و پاس بەکاردێنن زۆربەیان، نەوەك سەیارەی تایبەت، واتە دەعمی نرخی سووتەمەنی بۆ تاکسی و پاس واجبە لەسەرمان، چونکە ئەو بەغێر موباشیر هاوکاری فەقیر و هەژار

ئەکات، ئەوانەی داهاتیان کەمە، بەڵام ئەوەش ئەبێ کۆنترۆڵی لەسەر بێ، بۆ ئەوەی سوودەکەی بگاتە ئەو هاووڵاتیانە کە بەکاری دێنن، واتە نرخی هاتوچۆ لە پاس و تاکسی ئەبێ کۆنترۆڵی لەسەر بێ، بەڕێزان، بەڵام زۆربەی ئەو نرخە کەمە ئەڕوات بۆ ئەتراف، و خەڵکی تریش لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەوانە کەمتر موستەحەقن ئەگەر بەراوردی داهات و توانایان بکەین لەگەڵ خەڵکی فەقیر و هەژار و ئەوانەی داهاتیان کەمە، ڕاستە هاووڵاتیان پێویستیان بە سەیارەی خسوسی هەیە، چونکە ژێرخانی ڕێگاوبان و هاتوچۆمان زۆر باش نییە هێشتان، بەڵام خەڵکیش هەیە دوو، یان سێ سەیارەی هەیە، ئایا ئەوە ڕاستە لەو زروفە کە ئێمە بتوانین دەعمی هەموو سەیارەیەك بکەین؟ زیاتر لە ٥٠ هەزار سەیارەی کۆمپانیا نەوتییەکان و قونسوڵییەکان و ئەرکی تایبەتی بیانی و بەشە ناوخۆی هەن، هەزاران تانکەری نەوت و شاحینات هەن کە هاتوچۆ ئەکەن و تیجارەت ئەکەن، ئایا ڕاستە ئەبێ دەعمی ئەوانەش بکەین؟ ئەوانە هەموو سوود لە نرخی بەنزینی هەرزان وەرئەگرن، یان وەریان گرتووە لە پێشدا، چونکە نرخەکەی کەمە بە داخەوە هاووڵاتیانیش کە ئەوانەش موستەحەقن چونکە قیمەتی کەمە، زۆرتر بەکاریدێنن، ئەوەش تا ڕادەیەك ژینگەی تێکداوە، یان تێکی ئەدات ئەگەر بەردەوام بین لەسەری، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئێران بکەی دراوسێی خۆمان، ئێران دەعمی سووتەمەنی هەیە وەکو ئێمە هەمانە، بەڵام ژینگەی زۆر باش تێکداوە، کۆنترۆڵی لەسەر نەمابوو، ئێران سیستەمی گۆڕی، دەعمەکەی لابرد، ئێستا سەیری تاران ئەکەی ژینگەی باشترە، هەر کەس ئەڕوات بۆ تاران ئەڵێ گۆڕاوە، و هاتوچۆی سەیارە لە تاران لە ٢٠٪ کەمی کردووە، و خەڵك ئەچێ بۆ ئیش، بەڵام قیتاعی تاکسی یان پاس بەکاردێنێ لە جیاتی خسوسی، ئەمەش لە هەمووی خراپتر، چونکە قیمەتەکەی هەرزانە، نرخی هەرزانە، بازاڕێکی گەورەی ڕەشی دروست کردووە، ئەوەش کۆنترۆڵەکانی کوالێتی و شەفافیەتی حکومەتی هەرێمی تێکداوە، تۆ سیعری مەدعومت هەبوو دائیمەن مەجالت هەیە کە فرۆفێڵی لەسەر بکرێ، هەزار کۆنترۆڵت هەبێ ئیش ناکات، چونکە ئەساسەکەی غەڵەتە، بەشێکی تر لە سووتەمەنییەکەمان ئەڕوات بۆ ناو عێراق، و بۆ دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی بازاری ڕەشەوە، و دووبارە دێتەوە ناو کوردستان بە نرخێکی گران کە حکومەت ئەبێ بیکڕێت و بیخاتەوە ناو بازار بە سیعرێکی هەرزان، ئەمە سایکلێکە، من هەرزان ئەیفرۆشم، ئەوە ئەیبات تیجارەتی پێ ئەکات، من ئەیهێنمەوە و ئەیکڕم، مەجبوورم، ئەم سیستەمە خۆی سیستەمی دەعمەکەیە کە دروستی کردووە، سیستەمی ئەوە نییە کە حکومەت لاوازە یان ناتوانێ، سیستەمی دەعم کە ٥٠٠ بێ هەر ئەو دەرگایەت بۆ ئەکاتەوە، کەواتە ئەگەر سەیری هەموو وڵاتانی جیهانی بکەین کە ئەم سیستەمەیان بەکارهێناوە هەر فەشیلی هێناوە، هەر دائیمەن دەرگای کردۆتەوە بۆ ناشەفافیەت و ناعەدالەت و بۆ بازاڕی ڕەش، بەڕێزان، ئەزانم لەم جەلسەیە کاتمان زۆر نییە باسی ئەو دەعمە و عەدالەتی یان ناعەدالەتی بکەم، و ئەزانم کاتیش نییە کە تەقدیرێکی ئەو دەعمە یان چارەسەر کردنی ئەمڕۆ باس بکەین، بەڵام ئێمە وەکو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەت دێینەوە پەرلەمان، پێشنیارەکانی خۆمان پێشکەش بە بەڕێزتان ئەکەین، و پێش هاتنمان دووبارە بۆ پەرلەمان خۆمان ئامادە بکەین بە داتاوە، بە تەحالیلەوە دێینەوە، بۆ ئەوەی

پێکەوە بتوانین بڕیارێك لەم کێشەیە بدەین کە جەزرییەن حەلی بکەین، نەك بە پینە و پەڕۆ کە سەرناکەوێ، بەڕێزان با ئێستا بێمە سەر قەیرانی بەنزین کە چۆن بووە؟ ئایا بۆچی ڕوویدا؟ بەلام پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی با لە کێشەکانی بەغداوە دەست پێ بکەم، چونکە ئەوە ئەساسێکە کە ئەمەی دروست کردووە، کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی نەوت، لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بەشی ڕەسمی سووتەمەنی کوردستان کە تەرخان کرابوو لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە لە ١٣٪ بوو، بەلام لە دابەش کردنی فیعلیدا ئەو بەشە لە ١٠٪ تەجاوزی نەکردبوو، هەروەکو موازەنەکەمان ١٧٪ یە، بەلام ١٠٪ وەئەگرین، ١٣٪ یان دانابوو، بەلام ١٠٪ تێنەپەڕیوە بۆ دابەش کردنی، کەواتە ئەوە غەدرێکە هەر لە ئەساسەوە لێمان کراوە لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ دوە، ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ چونکە ڕێکنەکەوتین لەگەڵ بەغدا لەسەر یاسای نەوت و غاز، ئەو ١٠٪ یەش کەم بووەوە بە پەلە کردیان بە ٨٪، کە ئەڵێم کردیان بە ٨٪ باسی هەموو سووتەمەنی و موشتەقاتەکانی ئەکەم، نەوتی ڕەش و بەنزین و نەوتی سپی و گازوایل، کۆی گشتی ئەوەی عێراق ئیستهلاکی کردووە، بوو بە ٨٪، لە ساڵی ٢٠١٠ دکتۆر شەهرستانی بەشی نەوتە ڕەشەکەشی لە کوردستان بڕی بە تەواوی، ئەوکاتە بەشی سووتەمەنی کوردستان بەشێوەکی گشتی بوو بە نزیکی ٥٪، لە ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی نەوت بەرهەمە سپیەکانیشی لێ کەمکردینەوە، وەکو بەنزین و گازوایل و نەوتی سپی، بۆ نموونە بەنزین بوو بە نزیکەی ملیۆنێك و نیو لە جیاتی سێ، چوار ملیۆن لیتر بۆ ئەوکاتە، کۆی گشتی هەموو سووتەمەنی لەو کاتەوە بووە نزیکەی ٣٪ کە لە عێراق ئەهات، و وەکو بەڕێزتان ئەگادارن ٢٠١٤ ئێستا ئەو ٣٪ ش نەما، من ئەڵێم ئەگەر داعشیش نەبوایە وەزارەتی نەوت خۆی هەر ئەیبڕی لێمان، بەڕێزان، با هەر بەردەوام بم لەگەڵ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا، ئەمجارە باسی مەسفا ئەکەم، لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ، دکتۆر ابراهیم بحر العلوم وەزیری نەوتی ئەوکات، بڕیاری دابوو کە دوو مەسفای بچووك دورست بکرێن لە هەولێر و سلێمانی، کە پێیان ئەڵێین کەڵەك و بازیانی ئێستا، دوای دوو ساڵ، لە ساڵی ٢٠٠٧ کە نەك هەر ئیش لەسەر پلانی ئەو دوو مەسفایە نەکرابوو، دکتۆر شەهرستانی کە بوو بە وەزیر بڕیاری دا کە ئیشەکان ڕابگرێ، وتی با حکومەتی هەرێم خۆی تەنفیزی بکات، ئەوە عقوبەی یەکەمان بوو ئەوکات، حکومەتی هەرێم ئەوکات توانای فەنی و مالی نەبوو، مەجبور بووین بیدەین بە کەرتی تایبەت بۆ دروست کردنی ئەو دوو مەسفایە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ مەرحەلەی یەکەمی مەسفای کەلەك دەست کرد بە ئیش کردن، دوای ئەوە مەسفای بازیانیش کەوتە ئیش لە ساڵی ٢٠١٠، لە دوای ساڵی ٢٠١١ توانای پالاوتن لە هەردوو مەسفاکە بەرز بۆوە، و ئێستا تواناکانمان نزیکەی ١٠٠ تا ١١٥ هەزار بەرمیلە لەو دوو مەسفایە لە ڕۆژێکدا، بەڕێزان، بەرهەمە نەوتیەکانی ئەو دوو مەسفایە بەم شێوەیە، نزیکەی ٣٨٪ ی ئەو بەرهەمە نەوتی ڕەشە، کە زۆبەی بە نەرخێکی مەدعوم دابەش ئەکرێ بەسەر کارگەکانی چیمەنتۆ و قیر و ئاسن و تابووق لە کوردستان، کولفەی دەعمەکە لەسەر حکومەت با بڵێین لەسەر هاووڵاتیان، چونکە پارەی هاووڵاتیانە، نزیکەی ٣٥٠ ملیۆن دۆلارە ساڵانە، و بەشێکی کەمی نەوتە ڕەشەکە کە ئەمێنێتەوە دوای ئەو دابەش کردنە، بە نرخێکی تیجاری ٣ قات لە مەدعوم ئەیفرۆشین و داهاتەکەی بۆ کڕینی گازوایلە بۆ

قیتاعی کارەبا، ٥٪ بەرهەمەکانی ئەو مەسفایانە بەنزین و گازوایل و نەوتی سپین، ئەوانەش بە نرخێکی کەم و مەدعوم ئەدرێن بە هاوولاتیان، و بەتایبەتی گازوایل بە موەلیدە ئەهلیەکان کە سوودی لێ وەرئەگرن، دوایی دێمە سەر قیمەتی ئەو دەعمە چەندە، ١٢٪ بەرهەمە نەوتییەکان کە ئەمێنێتەوە لەو دوو مەسفایە نەوتی (نەفتە) یە، بازاڕی نییە لە کوردستان، ئەوەش ئەفرۆشرێت بە نرخێکی تیجاری، و داهاتەکەی دووبارە بەکاردێنین بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ وەزارەتی کارەبا، بەرهەمی بەنزین لەو دوو مەسفایە ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار لیترە ڕۆژانە، ئۆکتانەکەی زۆر باشترە، نزکەی ٩٠ تا ٩٩ یە، باشترە لە بێجی، ئەم ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار لیترە ڕۆژانە هەر بەشی ٥٠٪ تا ٥٥٪ دانیشتوانی هەرێم ئەکات، بەڕێزان وەزعی بەنزین پێش داعش، وەك باسم کرد ئینتاجی مەسفاکانی هەرێم ٣ ملیۆن و ٢٠٠ ە، ئەوە ئێستاش وەکو خۆیەتی، بەڵام ئەو کەمیەی کە لە بێجیەوە بۆمان مابوو، لە زمنی ٣٪ بوو، نزیکەی ملیۆن و نیوێك بوو، ئەوە بڕاوە لە دوای داگیرکردنی مەسفای بێجی، و گازوایل و نەوتی سپیش نەماوە، یەعنی ئێستا هیچمان بۆ نایە لە عێراقەوە یان لە بێجیەوە، ئەوکاتەش پێش داعش ئێمە ڕۆژانە نزیکەی دوو ملیۆن لیتر بەنزینمان ئەهێنا لە تورکیاوە، و ئەوەش هەر بەردەوامە، وەکو خۆیەتی، حکومەتی تورکیا هەفتەی ڕابردوو یاسای خۆیان تەعدیل کرد، قەدەغە بوو بۆ مەنتوجی مەحەلی دروست کراو تەصدیر بکرێ بۆ دەرەوە، پەرلەمان ئەوەی تەعدیل کرد ڕێگە بدات بە قیتاعی مەحەلی خۆیان ئەو مەسفایانەی کە ئینتاجی هەیە ڕێگەی بدرێ بێتە کوردستان، یاساکەیان تەعدیل کردەوە، و بەشێك لەو سووتەمەنییە دەستی پێکردووە، بەشێکی کەمیشی چۆتە کوردستان ئێستا، کەرتی تایبەتی کوردستانیش تەبعەن ئەوەی ئەیهێنێ لە تورکیاوە کەرتی تایبەتی تورکییە، هی کوردستانی نییە، کەرتی تایبەتی کوردستانیش ئەڵێ ئێمە ڕێگەمان پێداوە بە بڕیاری ئەنجومەنی نەوت و غاز کە لە ڕێگەی ئێرانەوە بەنزینی تیجاری داخیلی کوردستان بکات، و ئەوەش دەستی پێ کردووە، و ڕێگەیان پێدراوە لە بەنزینخانەکانی تایبەتی خۆیان بیفرۆشن، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەرپەرشتی کواڵێتی بەنزینەکە ئەکات و نرخەکەی دیاری ئەکات بەپێی ئەوەی ئیتیفاقی لەسەر کراوە لەئەنجومەنی نەوت و غاز و لەگەڵ ٣ پارێزگاکە، کە نرخێکی تایبەتە بۆ کۆبۆن، نرخێکی گرانترە، ئەوە دێمە سەری، بەڕێزان، بەکارهێنانی بەنزین لە کوردستان پێش ئەم قەیرانە نزیکەی حەوت ملیۆن و نیو بوو، ڕۆژانە، ئەمەش سێ و دووسەدی لە مەسفاکانی خۆمان ئەهات، ملیۆن و نیوێك لە بێجیەوە، و باقییەکەی ئیستیرادمان کرد لە تورکیاوە، بەڵام چونکە هەمووی ئەو بەنزینە بە نرخێکی هەرزان ئەفرۆشرا، پێم وایە نزیکەی ملیۆن و نیوێکی ئەگەر زیاتر نەبێ ئەفەوتا، ئەڕۆیشتە بازاڕی ڕەشەوە، چونکە وتم هەرزانە، زۆر ئاسان نییە بۆ حکومەت بتوانێ کۆنترۆڵی ئەو پرۆسەیە بکات، هیچ حکومەتێك ناتوانێ لە دونیا ئەگەر تۆ ٥٠٠ هەیە بە ٢٠٠٠ لەوێ کۆنترۆڵی بکەی، واتە پێویستی حەقیقی کوردستان لەوانەیە لە ٦ ملیۆن تێنەپەڕێ، بۆ نموونە کەرکووك و موصل پێکەوە حیسەی موقەڕەڕیان ٣ ملیۆن و شەسەد بوو، کە دانیشتوانی ئەو دووشارە لە دانیشتوانی کوردستان کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ، کەواتە ئەگەر بزانین تەقەدومان کردووە و پێویستمان بە سووتەمەنی زیاتر بێ،

بۆچی ٣ قات بێ؟ ٢ قات لەوانەیە مەعقول بێ، لەبەر ئەوە تەخمینی ئێمە ئێستا لەوانەیە غەڵەت بێت بین ٦ ملیۆن لەوانەیە تەجاوز نەکات، بۆ نموونە ئێمە داتامان هەیە بۆ چوار ڕۆژی ڕابردوو کە بەنزینمان تەوزیع کردووە، دوای ئەوە ئەوەی کە دابەشمان کردووە تا ئێستا موعەدەل ٤ ملیۆن لیترە، و بەنزینیش قەت تەواو نەبووە لە هیچ بەنزینخانەیەك، ئەوەی من ئاگادارم لە هەولێر و دهۆك، ئەزانم لە سلێمانی نەختێك کێشەمان هەیە، باسی ئەکەم دوایی، بەلام ئێستا هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەولێر و دهۆك بەنزین ئەبەن، و بەم زوانەش کەرکووك و ناوچەکانی کەرکووك و خوارو و بەنزینیان لە کوردستان بۆ ئەڕوات، هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و وەزارەتی تەندروستی داواکاریان زۆرتر بووە، و بەرەو زیاتر ئەڕوات، واتە ئەبێ ئێستا ئێمە حیسابی ئەو پێویستیانەی پێشمەرگە و ناوچەکانی دەرەوەش بکەین، بەرێزان، ئێمە حیسابی ئەوەمان کردبوو کە بەغدا بەشە کەمەکەی ٣٪ بوو هەر ڕۆژێك ئەیبڕێ، پلانمان دانابوو، ئەبێ ئیحتیات وەرگرین بۆ ئەو ڕۆژە، بەلام ئەوە زووتر هات لەوەی تەوەقعمان کرد، پێم وایە ئەگەر داعیشیش نەهاتایە وەزارەتی نەوت خۆی ئامادە کردبوو بیبڕێ، ئەوە موازەنەی بڕیوە، بۆچی ئەوە ئەنێرێ؟ من وا ئەڵێم بە ئەدیلەوە هەفتەی ڕابردوو بۆ نموونە وەزیری نەوتی عێراق ئەمری کردبوو بە کارگەی غازی شیمال کە هەموو کەمیەکەی غازی شل کە تەرخان کراوە بۆ کوردستان بیبڕێت، فیعلەن بڕی، کەمی کردەوە و بڕی، ئێمە تەداخولمان کرد لەگەڵ کاك نجم الدین کریم قسەمان کرد، ئەویش لەگەڵ دکتۆر شەهرستانی، ئاخیری هاتە سەر ئەم هەڕەشە، ئەگەر دەستی پێنەکەنەوە دێین کارگەکە داگیر ئەکەین، لەژێر دەستەڵاتی خۆمانە، ئینجا کردیانەوە، بەداخەوە ئێمە ئەو ئالیاتانەمان بە دەست نەبووە بەکاری بێنین بەرامبەر موشتەقاتەکانی تر کە دژمان بوون، بەلام ئەمجارە سەری گرت، مەبەست ئەوەیە نیازیان خراپ بووە، لەم کاتە کە داعیش هاتووە، شەڕی داعیش هەیە، عقوبەی من ئەدات لەسەر گاز، لەجیاتی ئەوەی بپارێتەوە لە کوردستان وەرە هاوکاریم بکە، ئەم عقوبەی هێناوەتە سەر ئێمە، ئەوە عەقلیەتی بەغدایە، ئینجا با باسی پلانمان بکەین بۆ زیاد کردنی بەنزین، بەرێزان، کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت مەسفایەکی بچووکی داناوە کە توانای هەیە کۆندەنسێت بکاتە بەنزین، خەریکین دیراسەی ئەکەین، یان پەسندی بکەین، یان نا؟ ئەگەر پەسندم کرد ئەوە لەوانەیە نزیکەی ملیۆن و نیوێك بەنزینی تازەمان بداتێ بەمزوانە، ئومێدم وایە سەرکەوێ، لە مەسفای کەڵەك وەحدەیەکی کۆندەنسێتی تازە هاتووە، نەسب نەکراوە هێشتان، ئەویش کە تەواو بوو لەوانەیە نزیکەی ٩ مانگ بخایەنێ، ئەویش ملیۆنێك و ٢٥٠ هەزار لیتر بەنزین دروست ئەکات، مەسفای بازیان مەرحەلەی سێیەمی تەواو ئەبێ لە ماوەی ٢ ساڵدا، ئەویش نزیکەی ملیۆن و نیوێك لیتر ئیزافەمان ئەداتێ، پلانمان هەیە بۆ مەسفایەك بۆ نەوتی خام لە گەرمیان، ئەویش ٢ ساڵ ئەخایەنێ ئەگەر تەواو بوو بەنزین و موشتەقاتی ترمان ئەداتێ، پلانمان هەیە بۆ دامەزراندنی مەسفای گەورەتر لە دهۆك، ئەویش نزیکەی ٢ ساڵ تا ٣ ساڵ ئەخایەنێ، کە تەواو بوو جۆراو جۆر بەرهەمی نەوتمان ئەداتێ، پلانمان هەیە لە ماوەی ٩ مانگ تا ٢ ساڵ ئێمە موشتەقاتمان دەبێ کە بیفرۆشینەوە، بەرێزان، ئێستا با بێمە سەر چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە، ئەنجومەنی بالای

نەوت و غاز لەگەڵ سێ پارێزگاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك دیراسەی قەیرانەکەی کرد، بڕیارێکی کاتیمان دا بۆ حەلی ئەم کێشەیە، بڕیارەکە وابوو کە نزیکەی دوو ملیۆن و نیو لەو سێ و دووسەدە کە هەمانە ڕۆژانە بە سیستەمی کۆبۆنی موئەقەت تەوزیع بکرێ بەسەر هاووڵاتیان، باقی نزیکەی ٧٠٠ هەزار لیترە ڕۆژانە تەرخان بکرێ بۆ پرۆسەی جیاواز، وەکو پێشمەرگە، وەزارەتی تەندروستی و دەوائیری حکومی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە و تا ئەخیر، کەرتی تایبەت ڕێگەی پێ بدرێ بۆ هێنان و فرۆشتنی بەنزینی تیجاری، و بڕیار درا کە نرخی تیجاری ١٢٠٠ دینار تێپەڕ نەکات، لەم مەرحەلە، تەبعەن قابیلە ئیعادەیە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کۆنترۆڵی کۆبۆن و کوالێتی و نەوت ئەکات لە هەموو بەنزینخانەکان، بەڕێزان، سیستەمی کۆبۆنەکە دابەش کردنەکەی بەو شێوەیە، تەخمینی ژمارەی سەیارە کە نزیکەی ٦٠٠ هەزار سەیارەیە، بەو سیستەمەیە کە بڕیار دراوە، ئەوانەش نزیکەی ١٠٠ هەزاری لەوانەیە تاکسی و پاص بن، واتە تەرخان کردنی دوو ملیۆن و نیو لیتر ڕۆژانە ئەکاتە تەقریبەن ٢٥ لیتر بۆ یەك هەفتە بۆ هەر یەك سەیارە، و ٥٠ لیتر بۆ تاکسی و پاص وتەخمینی ژمارەی سەیارە کە موستەحەقی کۆبۆن بن تەبعەن تەخمینە نزیکەی (٦٠٠) هەزار سەیارەیە، بەو سیستەمەیە کە بڕیار دراوە، لەوانەش نزیکەی (١٠٠)هەزاری لەوانەیە تەکسی و پاص بێ، واتە تەرخانکردنی دوو ملیۆن و نیو لتر ڕۆژانە دەکاتە تەقریبەن (٢٥) لیتر بۆ یەك حەفتە بۆ هەر یەك سەیارە و، بۆ (٥٠) لیتر بۆ تەکسی و پاص، بۆ ئەوەی کۆبۆن وەرگرێ، دەبێ بیتاقەی خۆراکی هەبێت، دەبێ ناوت لە سەر بیتاقەکە بێت، دەبێ سەنەویت هەبێت، من دەزانم بەعزێ کێشە هەیە لەو شتانە ئەوەش باس دەکەم لەهەمان کاتدا چەند بەنزینخانەیەکی تیجاری کرانەوە لە بیدایەتەوە لەلایەن حکومەت خۆیەوە ئەوانەی کە کۆبۆنیان نییە، دەچنە ئەوێ بەنزین وەردەگرن، ئەو کەسانەی کە ئەوراقیان تەواو نەبووە ڕێگایان پێدراوە کە بەنزین وەرگرن بە (٥٠٠) دینار، بەڵام ئاگادار کرانەوە کە دووبارە دێنەوە ئەوراقی خۆیان ئەمجارە بە تەواوی بێنن بۆ ئەوەی کێشەیان نەبێ بۆ وەرگرتنی کۆبۆن، من دەزانم لە سلێمانی بەتایبەتی کێشەیەکی تایبەتمان هەیە کە دەیان هەزار خەڵك هەن نازانم دەڵێن (١٠٠) هەزار لەوانەیە کە دانیشتوانی سلێمانین، بەڵام بیتاقەی خۆراکی کەرکووکیان هەیە، بڕیارمان داوە ئێمە ئەگەر وەرەقەی دەعم بێنێ لەگەڵ ئەوان جێبەجێی دەکەین حەلیان دەکەین، قتاعەکی تر هەیە پێیان دەڵێن ڕەقەمی ڕەش، وابزانم ڕەقەمی ڕەش خۆی علوجە، ئینجا کە سەیارەکە علوجە تۆ چۆن داوای کۆبۆن لە من دەکەی بۆ خاتری خودا، نایدەین، پێمان ناکرێ، حکومەت بڕیاری داوە سەیارەی علوج کۆبۆنی نادەینێ، ئەگەر بەڕاستی کە سەیاەی علوج دەبینی دەبێ موحاسەبەی بکەی، بیگری، بزانی بۆچی علوجە؟ لە باتی بێی مفاوەزاتی لە سەر بکەی، من کۆبۆنی بدەمێ، سستەمەکە لە هەولێر و دهۆك زۆر خراپ بوو لە پێش ئەو کۆبۆنە، بەڵام کە کۆبۆنمان تەنفیز کرد لە ماوەی دوو ڕۆژدا و ئێستا من قەڵەباڵغی نابینم، بەعەکسەوە قەڵەباڵغیەکە لە تیجارییەکان زۆرترە موقابیل ئەوانەی بە کۆبۆن دەفرۆشن، بۆ ئاگاداری جەنابتان ئێمە تەقریبەن (٢٠٠) هەزار کۆبۆنمان تەوزیع کردووە تا ئێستا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا واتە تەقریبەن لە (٣٣٪)ی بەڕێوەیە لەوانەیە حەفتەیەك یان دوو حەفتەی تر

هەمووی تەواو بێ، پلانی داهاتوومان بۆ کەمکردنەوەی کولفە و زیادکردنی داهات، بەڕێزان ئەمەیە پێش ئەوەی پلانەکە چۆن کەمی دەکەینەوە باسی کولفەکە دەکەم، کولفە لە سەر حکومەت کە دەعمی ئەو سووتەمەنییە دەکات بۆ هاووڵاتیان پێویستە بۆ هەموومان کە بیکەین، بەڵام لەوانەیە بەشێوەیەکی باشتر سوودی گەورەتر بێ ئەگەر بیری لێ بکەینەوە بە نەوعێکی تر تەوزیعی بکەین، کولفەی حەقیقی لیترێك بەنزین بە (١٢٥٠) دینارە، بەڵام ئێمە بە (٢٥٠) دەیفرۆشین، ئەگەر حیسابی سێ ملیۆن و دوو سەد لیتر بکەی رۆژانە، ساڵانە کولفەی لە سەر حکومەت (٧٥٠) ملیۆن دۆلارە، کولفەی دەعم، کە ئەوەش بێگومان بازاڕێکی رەشی تایبەتی هەیە، بەڵام (٧٥٠) ملیۆن دۆلار تۆ دەعم دەکەی، زیاتر لەوە گاز وایل و نەوتی سپیش کولفەی دەعمەکەی (٩٥٠) ملیۆن دۆلارە، بەتایبەتی گاز وایل بازاڕی رەشی خۆی هەیە، من نازانم مۆلیدە ئیش دەکا یان ئیش ناکا؟ نازانم چۆن کارەبا دروست دەکا نازانم؟ نازانم ئەوەی دێتە بازاڕەوە من دەیکڕم، ئەوە هینەکەی خۆمە فرۆشتوومە بە (٥٠٠) دینار، ئەو شتانە چونکە سیعرەکە هەرزانە ئەم ئاڵ و گۆڕەی تێدایە، کولفەی غازی سروشتی بۆ (١٣) وەحدەی کارەبا لە ویستگەکانی چەمچەماڵ و هەولێر و دهۆك نزیکەی (٥٥٠) ملیۆن دۆلارە، لە سەر حسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کولفەی گاز وایل بۆ (١١) وەحدەی دیکە لە هەمان ویستگەکان دوو ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دۆلارە ساڵانە، واتە کولفەی سووتەمەنی بۆ کارەبا بە تەنها سێ ملیار و سێ سەد ملیۆن دۆلارە بۆ کارەبا، کە یەك دۆلاری ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەگەر بەیەکەوە حیسابی بکەین کۆی گشتی سووتەمەنی کارەبا و بەنزین و سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان دەگاتە (٥) ملیار دۆلار، ئیزافەتەن (٣٥٠) ملیۆن دۆلار، کە دەعمی نەوتی رەشە بۆ کارگەکان، کە ئەمە بە کۆی گشتی دەبێتە شەش ترلیۆن و پێنج سەد ملیۆن دۆلار، کە یەك دۆلاری جەنابتان نەتان دیوە کە ئەو وەزارەتە کردوویەتی چونکە کولفەکە لە حکومەت دەرنەچووە، لای ئێمە دەرچووە، ئینجا ئێمە چارەسەری ئەمە چۆن بکەین، ئەو (١١) وەحدەیەی کە گاز وایل ئیش دەکا کولفەی زۆرە، پلانمان داناوە کە بیکەین بە غازی سروشتی ئەوە لە سەر شانی ئێمەیە، بەڵام غازی سروشتی وەختی دەوێ، بەرهەمهێنانە، تەسفیەی دەوێ، بەکارهێنانی دەوێ، لەوانەیە ساڵێك تا دوو ساڵ بخایەنێ ئەو نەتیجە، بەڵام ئەو ملیارەمان لێ کەم دەبێتەوە، تەقریبەن دەبێتە (٥٠٠) ملیۆن، بەڵام ئەو کاتە کولفەی سووتەمەنی بۆ کارەبا هەر ملیارێك دەبێ بە غازی سروشتیش واتە دەبێ کولفەی ئیراداتی کارەبا زیاد بکەین بۆ ئەوانەی کارەبا زۆر بەکار دێنن، بۆ ئەوەی تەغتیەی ئەو سووتەمەنیە بکات (نیوترەل) بێ ئەڵقەللەن، ئێستا ئێمە کولفەی ملیارێکمان هەیە بۆ تەولید سێ و سێ سەدمان هەیە بۆ سووتەمەنی، پێمان ناکرێ، کولفەیەکی زۆر زۆرە، دەبێ پلانی بۆ دابنێن، کەمی بکەینەوە، واتە ئەگەر کارەبامان چارەسەر کرد ئەوەی دەمێنێتەوە کولفەی سووتەمەنییە بەنزین و گاز وایل دەعمەکەی کە تەقریبەن دوو ملیار دۆلارە، بە رای من پێویستە لە سەر هەموومان کە ئەمەش دیراسەت بکرێ و پلانی بۆ دابنرێ، کە چۆن بتوانین بەردەوام بین لە سەری یان نا؟ چ بەدیلی دیکە جێبەجێ بکەین؟ بەتایبەتی چۆن بازاڕی رەش نەهێڵین؟ چۆن دەعمەکە بە عەدالەت تەرخان بکەین بۆ میللەت؟ ئەم دەعمە زەبەلاحە کە نزیکەی پێنج ملیار و سێ

سەدو پەنجا ملیۆن دۆلارە، شەش ترلیۆن و پێنج سەد ملیۆنە، حکومەتی هەرێم پێی ناکرێت، پێویستمان بە سستەمێکی عەدالەت ترە، سوودمەنتر بێ، ئیدارەی مالی بەم شێوەیە نابێت، وا دیارە ئەم دەعمەمان پێ ناکرێ لە کاتێکدا کە هیچ مووچەی عێراقمان بۆ نایەت، و ئەگەر بودجەش بێت ئەم دەعمە موقابیلی (٥٠٪)ی ئەو بودجەیە، وابزانم بەردەوام بوون لە سەر ئەو سستەمە زۆر قورسە و زەحمەتە لە کاتێکدا کە کوردستان مواجەهەی تەحەدیاتی ئەمنی دەکات و پێویستی بە دەعمە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانمان و کە زیاتر هەزار کیلۆ مەتر سنووری کوردستان و خاکی کوردستان دەپارێزن، دەبێت تەرکیز لە سەر ئەوە بکەین، نەك لە سەر دەعمی سووتەمەنی بەم شێوەیە کە ئێستا دەیکەین، هیوادارم کە هەمووومان عەمەلی، واقیعی بین کە سەیری کولفەی ئەم سووتەمەنییە دەکەین و دەبێ ئەولەویاتی خۆمان بزانین بە عاتیفی تەعامولی لە سەر نەکەین لە سەر ئەم بابەتە و، وەعدێك بە میللەت نەدەین کە نەتوانین جێبەجێی بکەین، با حەقائیقەکانمان لەبەر چاو بێ میللەت ئامادە بکەین بۆ ئەمە، هەمووومان بەیەکەوە بڕیار تەحەمولی مەسئولییەتی ئەم کێشە گەورەیە بدەین، لە کۆتایی یەك هێنم ماوە، ئەمەوێ بڵێیم کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەزارەتێکی زۆر کۆن نییە، هەر چەند ساڵێکە دامەزراوە لە سفرەوە دەستمان پێکرد، واتە هیوادارم کە بتوانین فەخری پێوە بکەین کە توانیومانە ساڵانە نزیکەی (٥) ملیار دۆلار لە دەرەوەی میزانییەی هەرێم پەیدا بکەین بۆ دەعمی سووتەمەنی و کارەبا بۆ هاووڵاتیان، بەڵام بەڕێزتان ئاگادارن لە شەش مانگی رابووردوودا داواکارییەکانی حکومەت لە سەر ئەم وەزارەتە زۆر زۆر قورس بوون و گەورەتر بوون، کە کولفەی مەعاشاتی هەموو هەرێمی کوردستان (٨٥٠) ملیار دینارە مانگانە، ئەویش هاتۆتە سەر شانی ئەم وەزارەتە کە پارەی بۆ بدۆزێتەوە کە کێشەی مەعاشات حەل بکات، بەڕێزان تواناکانمان حدودی هەیە، ئەم دەعمە کە بەم شێوەیە هەیە پێمان ناکرێت، دەبێ واقعی بین میللەت ئامادە بکەین بۆ ئەم فەترە زەحمەتە کە تێدا تێدەپەڕین، ئینتاجی نەوتمان لە بەرزکردنەوە دایە، بەرەو باشی دەڕۆین مواجەهەی ئەم تەحەدییاتەی موازەنەش دەکەین و (ان شاءالله) بەرەو ئایندەیەکی باش و خۆش دەڕۆین، دەوڵەمەند تر دەبین، بەڵام دەبێ تەوازوونێکمان هەبێ تا دەگەینە ئەو رۆژە خۆشە لە موستەقبەلێکی نزیکدا (ان شاءالله) سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان، فەرموون بەڕێزتان دەتوانن لە جێگەی خۆتان دانیشن، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە بفەرموون بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەی خۆیان،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزان سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێ، ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمان هەر لە سەرەتاوە بەدواداچوونی وردی

خۆمان کردووه بۆ ئەم قەیرانە و ئەوەی کە پێویست بێ لە داتا و لە زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ دڵسۆزانی میللەتەکەمان، خەم خۆرانی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بەدەستمان هێناوە و بەرچاوڕۆشنیمان بۆ خۆمان بەدەست هێناوە، بۆیە لە دوو توێی ئەم راپۆرتەدا کە لیژنەکەمان ئامادەی کردووە، عەرزی بەڕێزتان و هاو نیشتیمانیانی هەرێمی کوردستانیان دەکەین، قەیرانی بەنزین کێشەی زۆری بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە بەشێوەیەك کە سەقامگیری و بژێویانی خستۆتە مەترسییەکی گەورەوە، بۆیە بە ئەرکی سەر شانی خۆمانمان زانی وەك لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی پێویست بکەین بۆ ئەم قەیرانە بەمەبەستی دیاریکردنی باشترین و خێراترین چارەسەرەکان، هەروەها بەپێویستمان زانی کە چەند هەواڵ و زانیارییەکی گرنگ بە بەڕێزتان رابگەیێنین سەبارەت بە هۆکاری دروست بوونی ئەم قەیرانە، شایانی باسە ئەم زانیاریانە مەیدانین و لە هاونیشتیمانیانەوە بەرێژەیەکی زۆر بە دەستمان گەیشتووە و شایەت حاڵی زۆرمان هەیە، هیوادارین بەڕێزتان درێژە بە هەوڵەکان بدەن بۆ بنەبڕکردنی ئەم قەیرانە لە روانگەی ئەم زانیاریانەوە، با سەرەتا لە هۆکارەکانەوە دەست پێ بکەین کە لە زۆرینەدا هاوڕاین لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و رێپۆرتەکەی بەڕێز د. ئاشتی هەورامی لە سەر هۆکاری دروست بوونی ئەم قەیرانە کە بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە ئێمە کردوومانە زۆربوونی خواست بەرێژەی نزیکەی لە (٢٥٪) بۆ بەنزین لە کاتێکدا دابینکردنی بەنزین بەرێژەی لە (٢٥٪) کەمی کردووە بە هۆی وەستانی بەنزین لە پاڵاوگەی بێجیەوە، هەروەها نەهاتنی بەرهەمی بەنزین لە پاڵاوگەی بێجیەوە بەهۆی شەڕەوە بۆتە ئەوەی هەرێمی کوردستان رۆژانە لە کوردستان نزیکەی ملیۆن و پێنج سەد هەزار لیتر بەنزین مەحرووم بێ، دووەم: لاوازی لە دادپەروەری لە دابەشکردنی بەرهەمی سووتەمەنی کە ئەمە لە واقیعدا روویدا و نەتوانرا میکانزم و سیستمێکی بەهێز دابنرێ کە بە ئاسانی هاووڵاتیان بتوانن ئەم بەنزینە وەرگرن لەم قۆناغەدا، هۆکاری سێیەم بۆ دروست بوونی ئەم قەیرانە لاوازی چاودێری حکومەت و پابەند نەبوونی هەندێك لە بەنزینخانەکان بە کۆنترۆڵ کردنی هاتوو و دەرچووی بەنزین، کرۆکی ئەم راپۆرتەی ئێمە بەڕێزان ئەم پەیامە بە هەموو لایەك دەگەیەنێ کە ئەم قەیرانە قەیرانێکە پێویستی بە هەڵوێستی نیشتیمانیەوە هەیە لەلایەن هەموومانەوە قەیرانێکە گەورەتر لەوەی کە بتوانین تەنها بە وەزارەتێك یان بە جوهدی شەخسی یان جوهدی گروپێك یان لیژنەیەك بەرەو رووی ببینەوە، قەیرانێکە پێویستی بە هەڵمەتێکی نیشتیمانی هەیە، چوارەم: قۆرخکردنی بازرگانی بەنزین لەلایەن چەند گرووپێکی بازرگانی بەرهەمە نەوتییەکانەوە، هۆکاری پێنجەم: لە بەر دڵەراوکێی سیاسی و ئەمنی خەڵك بەنزین کۆ دەکاتەوە، و ئەمەش خواستی بەرزکردۆتەوە، شەشەم: هاتنی سەیارەیەکی زۆری ئاوەرەکان وەکو باسکرا، حەوتەم: کۆنترۆڵ نەکردنی دەروازەکان بەپێی پێویست، و بە قاچاغبردنی بەنزینەوە لە هەرێمەوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەو ناوەوەی هەرێمی کوردستان، هەشتەم: چاودێری نەکردنی پێویست بۆ پاڵاوگەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی چەندێتی و

جۆرێتی هاتوو و دەرچووی بەرهەمە نەوتییەکان و بەنزین بەتایبەتی، نۆیەم: کەمیْ بەرهەمی ناوخۆیی بەنزین لە ئاست زۆری خواست، چونکە هەرێم پێویستی بە نزیکەی شەش ملیۆن لیتر بەنزین رۆژانە هەیە، ئەم برگەیە لەبەردەستان بە نووسراوی ئامادایە، نایخوێنمەوە لەبەر ئەوەی هەمان ئەو داتایەیە کە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە وەرمانگرتووە، بۆیە تەقدیراتی ئێمە و تەقدیراتی وەزارەت لێرەدا دەتوانی بڵێی موتابیقە، بەڵام دێری ئەخیرم خوێندەوە کە بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە بەو پاڵاوگەی بیْ مۆڵەتانەوە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ بەنزین دابینکردنی بەنزین دەگاتە زیاتر لە (٥) ملیۆن لیتر رۆژانە، ئێمە پاڵاوگەی نا یاساییمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەوەش برِیاری بۆ دەرچووە لەلایەن حکومەت و لەلایەن پەرلەمانیشەوە لە دواین کۆبوونەوەماندا  کە بە هەماهەنگی لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرنامەیەك دابنێین بۆ ئەوەی کە بەرەورووی پاڵاوگە نا یاساییەکان ببینەوە یان تەنزیمیان بکەین یان بیان گەین بە پاڵاوگەی معیار، دەیەم: بەکارهێنانی کۆبۆنی دابەشکردنی بەنزین هەرچەندە بۆ رێکخستنی دابەشکردنی بەنزین بوو، بەڵام لەبەر نا هاوسەنگی کارگێری پێویست لە نێوان هاونیشتیمانیان و فەرمانبەرانی هەڵسوڕاو بۆ مامەڵەکانی کۆبۆنی بەنزین لۆدی زۆر دروست بووە و فریا ناکەون و ئەمەش بۆتە جێی نیگەرانی شوفێران، یانزە: رێنماییەکانی هاوردەکردنی بەنزینی بازرگانی قورسن، پیْ دەچێت لە هەموو هەرێمی کوردستاندا چەند کەسێکی کەم دەتوانن ئەم مەرجانە بێنێتە دی وەکو ئەوەی خاوەنی خەزینی (٣٠) ملیۆن لیتر بیْ لە بەنزین وەکو ئەوەی کە تەقدیرکراوە تەقریبەن بە (٢٢٠) دەفتەر دۆلار کە ئەوە ئیمکانیاتێکی زەخمە وەکو چەند بەنزیخانەیەکی هەبیْ ئەمانە شروتی قورسن، دەرئەنجام بەمەش ریْ لە کێبرکیْ بازرگانە خۆماڵییەکان گیراوە بۆ دابینکردنی باشترین بەنزین بە کەمترین تێچوو، ئەمە لە کاتێکدا دەکرێت لە برِی ئەوەی بەنزینی هەندێك لە وڵاتان هاوردە بکەین لە ئێرانەوە بێت بۆ ئەوی بە (١٢٥٠) دینار بۆ یەك لیتر بفرۆشێت، دەکرێت بەنزینی چەند شارێکی ئێران بکرِین وەك پارێزگای ئاراك یان ئەسفەهان یان بۆ نموونە وڵاتانی تورکمانستان، ئەرمەنستان کە تێچووی کەمترە هەمان کوالێتی و ئۆکتانی (٩٢)ی هەیە، و دەکرێت کەمتر لە (١٢٥٠) دینار بۆ یەك لیتر بفرۆشیْ بە هاووڵاتیان دوانزە: بەڵگەمان لایە بەرِێزان کە هەندێك لە پاڵاوگەکانی هەرێم بەنزینی خۆماڵی دەفرۆشنەوە بە هەندێك لە بەنزینخانە بازرگانیەکانی هەرێم بۆ ئەوەی ئەوانیش بە (١٢٥٠) دینار بۆ یەك لیتری بفرۆشنەوە کە ئەمەش لە سەر حیسابی کەمبوونەوەی دابینکردنی بەنزینی خۆماڵیە بۆ بەنزینخانە حکومیەکان و دروست بوونی پاڵە پەستۆی شوفێران بە سەر بەنزینخانە حکومیەکان دروست دەکات، بەرِێزان ئەم بەڵگەیەی کە عەرزتانی دەکەم کە ئێستا بەدەستمەوەیە وەصلی یەکێك لە دوو پاڵاوگە سەرەکیەکەی هەرێمی کوردستانە کە بە وەصل بەنزینی حکومی دەفرۆشنەوە بە بەنزیخانە بازرگانییەکان کە ئیعلان کراوە، کە ئەم بەنزینخانانە بازرگانین ئەمانە وەصڵی رەسمی خۆیانن بە مەتموغی بە تەمغکراو، بە ئیمزا کراو، مۆرکراو، وەصلی بەنزینخانەی حکومی یەکێکە لە دوو پاڵاوگەکە کە بە رەسمی فرۆشتوویانە بە بازرگانەکان، ئێمە پێویستە

هەڵمەتێکی گشتگیری نیشتیمانی دەست پێ بکەین، کێ لە پشتی ئەمانەویە ئەم دیاردەیە، ئەم گەندەڵییە، گەورەترە لە وەزارەت، گەورەترە لەوەی کە بتوانین بە وەزارەتێك بە رووبەرووی بینەوە، پێویستیمان بە هاوکاری وەزارەتە بۆ ئەوەی کە ئەم گەندەڵییە نەهێڵین ئەمە وای کردووە ریزی بەنزین درێژ بخایەنێ لە بەنزینخانەکان، ئەمە وای کردووە خەڵك نیگەران بێ، ئەم بەڵگانە وای کردووە کە ببێتە مایەی ئەم نیگەرانییە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەرنامەی کار ئەسڵەن نەبوو، یەعنی ئێمە خۆمان پرسیارمان هەیە لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەمە لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا نەبوو، دواتر ئەم راپۆرتە لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا نییە، دەست خۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم کە ناوەڕۆکی راپۆرتەکە ئێمە بە دڵمانە وەکو پەرلەمانتار، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرنامەی کاردا نەبووە دەنگدانیشی بۆ نەکرا، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەی کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان لە سەرکردووە، بۆ بانگکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ لێپرسینەوەو پرسیارکردن نییە؟ بەڵکۆ بۆ گفتوگۆکردنە لە سەر بابەتێکی دیاریکراو لە ناو پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار بۆ زیاتر بەرهەمداربوونی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان، ئێمە خۆمان لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانی کوردستانمان راسپارد کە راپۆرتێکمان لەو بارەیەوە ئامادە بکەن و ئێستا راپۆرتەکەیان ئامادەکردووە، لە بەرنامەی کار لامان نەداوە، گفتوگۆی بابەتەکە دەکەین، بەڵام لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان مەعنیە بەم قەزیە، و کاری پەرلەمانیش وا باشتر دەڕواتە پێشەوە کە هەمیشە ئەو بابەتانەی لە پەرلەمان گفتوگۆی لە سەر دەکرێ لیژنە پەیوەندیارەکان راپۆرتیان هەبێ، قسەیان لە سەر هەبێ، نوقتەی نیزامی کاك ئاری؟

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم ( ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لێرە دەیخوێنێتەوە، خیتابی سیاسی نییە، بە گشتی وەکو دەم راستی پەرلەمانی کوردستان بێ، لەبەر ئەوەی لیژنەی مەعنیە، بۆیە بە بۆچوونی من نوقتەی نیزامی گرتن لە سەر قسەکانی بەڕێزیان لە جێی خۆیدا نییە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بە لە سەر راپۆرتەکەت د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگترین کێشەکانی هاونیشتیمانیان کە پێمان گەیشتووە، یەکەم: ئەو خاوەن ئۆتۆمبێلانەی فۆڕمی خۆراکیان هی دەرەوەی هەرێمە، ئێستا بێ بەش بوون لە کۆبۆنی بەنزین بۆ نموونە ناوچە کوردستانییەکان وەك نموونە، دوو: ئەو خاوەن ئۆتۆمبیلانەی سالانامەی ئۆتۆمبیلەکانیان بەناوی خۆیانەوە نییە، ئێستا بێ بەش بوون لە کۆبۆنی بەنزین، بۆیە پێویستیان بە کاتی زیاترە، چونکە کاتی حەفتەیەکیان بۆ داناون بۆ ئەوەی کە ئەو مۆڵەتە دەربێنن ئەو کۆبۆنەیان دەست بکەوێ، پێویستیان بە کاتی زیاترە، واتا سالنامەی سەیارەکە بکرێت بە بنەما ئەمە یەکێکە لە ئەفکارەکان کە سەنەوی سەیارە سالنامەی سەیارەکە ببێ بە بنەما، وابزانم د. ئاشتی چارەسەری تریش پێ بوو کە پێم وابوو خۆی فەرمووی عەرزی دەکەم بۆ چارەسەرکردن، سێ: ئەم بەنزینە بازرگانییە هەمان بەنزینە خۆماڵیەکەیە لە هەندێك شوێندا دابەش دەکرێت بە نرخی (١٢٥٠) دینار بۆ یەك لیتر بەنزین، چوار: نرخی (١٣٥٠) دینار بۆ یەك لیتر بەنزینی بازرگانی چۆن دانراوە، واتا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم (١٣٥٠) دینارە لە کوێ هات؟ کولفەکەی تا دەگاتە هەرێمی کوردستان چەندە لە هەرێمی کوردستاندا؟ و ئەو قازانجەی کە دانراوە بۆ کۆمپانیاکان چەندە؟ و ئێمە تەقدیراتی خۆمان پێمان دەڵێ کە دەکرێ بە نرخی کەمتر لە (١٣٥٠) دینار ئەو نرخە دابنرێ، پێنج: بڕی (٢٥) لیتر بەنزین ئەمە کێشەیەکی تری هاووڵاتیانە کە دەدرێ بە ئۆتۆمبێلی تایبەت و (٥٠) لیتر بەنزین بە ئۆتۆمبێلی تاکسی لە یەك حەفتەدا زۆر کەمە و بەشی پێویستی هاونیشتینایان ناکات، شەش: ئەم ئۆتۆمبیلانەی کە ژمارەکانیان سەر بە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆکانی هەرێم ئاڕمیان بۆ کراوە، کۆبۆن نایانگرێتەوە، حەوت: ئەو خێزانانەی خاوەنی زیاتر لە یەك ئۆتۆمبێلن و یەك فۆڕمی خۆراکیان هەیە، تەنها یەك کۆبۆنیان بۆ دەکرێت.

**چارەسەر و راسپاردەکان**

هیوادارین ئەم کۆبوونەوەی ئەمرۆی پەرلەمانی کوردستان تەنها بۆ عەرزی راکان نەبێ، ئێمە رەئی خۆمان بڵێین وەکو لیژنە وەزارەتیش رەئی خۆی بڵێ، بەڵکو هیوادارین کە بتوانین لە کۆتاییدا بە هەندێك بڕیار و ئیتیفاقات دەربچین کە ببێ بە چارەسەرکردنی کێشەکە:

یەکەم: چاودێری کردنی وردی پاڵاوگە فەرمی و نافەرمییەکان بۆ کۆنترۆلکردنی چەندێتی و چۆریەتی هاتوچۆی بەرهەمە نەوتییەکان بەتایبەتی بەنزین، دووەم: زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی بەنزین لە رێی زیادکردنی پاڵاوگە نەوتییەکان، بەمەرجێك مواسەفاتی زانستی پێویستیان تێدا بێت وەك ئەوەی لە هەر پارێزگایەك پاڵاوگەیەکی نوێ بکرێتەوە و، ئاسانکاری بۆ مامەڵە حکومیەکانی بکرێت، بۆ نموونە بەدەست هێنانی مۆڵەت، سێیەم: دیاریکردنی بڕی خواست و خستنەڕووی بەرهەمی بەنزین لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی کەم و کورتی و بڕیاردان لە سەر دابینکردنی زیاتری بەنزین، چوار: زیادکردنی ئەو بەنزینخانانەی کە بەنزین دابەش دەکەن، واتا زیادکردنی دابەشکردنی بەنزین، پێنجەم: کۆنترۆلکردنی

بەنزینخانەکان لە رووی هاتوو و دەرچووی بەنزین بۆیان و سزادانی سەرپێچیکەران، بەداخەوە سزاکان لە رووی یاساییەوە سزای زۆر زۆر ئاسانە وەکو غەرامەی مالی کە کابرا دەبێ بە ملیۆنێر، بەلأم دواتر بە مەبلەغێکی کەم نەجاتی دەبێ، شەشەم: بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەوانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان مامەڵە بە بەنزینەوە دەکەن لە دەرەوەی بەنزینخانەکاندا، حەوت: دڵنیاکردنی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان لە سەر سەقامگیری و دابینکردنی بەنزین لەلایەن حکوموتەوە بۆ ئەوەی کە هاونیشتیمانیان ئەو دڵەراوکێیان نەمێنێ، هەشت: چارەسەرکردنی قۆرخکاری مامەڵەکردن بە بەرهەمە نەوتییەکان لە رێی ئاشکراکردنی گرێبەستە نێوخۆییەکان و سزادانی قۆرخکاران، راگەیاندنی بڕیارەکان لەم بارەیەوە، نۆ: وەك ستراتیجێکی درێژخایەن بیر لەوە بکرێتەوە کە ستراتیجێك دابنرێ بۆ بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی بە کۆمەڵ وەك میترۆ، ڤیتار ئەمە بۆ داهاتوو بیری لێبکرێتەوە، چارەسەرێکی باش دەبێ بۆ داهاتوو، دەیەم: بۆ ئەو هاونیشتیمانیانەی فۆڕمی خۆراکیان لە دەرەوەی هەرێمە یان ساڵنامەی ئۆتۆمبیلەکانیان بەناوی خۆیانەوە نییە، کۆبۆنیان لە سەر ئاستی کارتی زانیاری یان ئەگەر بکرێ لە سەر ئاستی تەئید سەکەنیش بێ هەر باشە، یانزە: کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەی بەنزین، واتا حکومەت ئەو بڕیارەی کە دەردەکات لە خوارەوە جیهازی تەنفیزی ئەوانەی کە تەنفیزی دەکەن کۆنترۆڵ بکرێن و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، دوانزە: پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیجی چەند ساڵی داهاتوومان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە دروستی ئاڕاستە و دیدگەی داهاتووی سێکتەری سامانە سروشتییەکان، و دڵنیابوون لە دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە قەیرانانە، سیانزە: داوای هەماهەنگی زیاتری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لەگەڵ لیژنەی وزە و پیشەسازی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین هەنگاوەکان بنێین بەرەو چارەسەر، چواردە: لە دوا کۆبوونەوەماندا لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا کە بەهاوبەشی نەخشە رێگایەك ئامادە بکەین بۆ ئەوەی حکومەت رێگا چارەی گونجاو بگرێتە بەر بۆ کۆنترۆڵ کردن و رێك خستنەوەی پاڵاوگە نا یاساییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان بە دەیانە و، لەو کاتەوە چاوەڕوانین تا ئێستا ئامادەیی وەزارەتمان پێ نەگەیشتووە، بۆیە داوا دەکەین بە زووترین کات ئەم کارە هاوبەشە ئەنجام بدەن، پانزە: بە پێویستی دەزانین لەکاتی دروستکردنی ژووری عەمەلیات یان لیژنەی چارەسەری قەیرانەکان بەلای کەمەوە لیژنەی پیشەسازی و وزە هاوکار بێ، و ئاگادار بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. ئاشتی بۆ ئەوەی هەموو پرسیارەکان بکرێ، هەموو روونکردنەوەی ئەندام پەرلەمانەکانیش بکرێ، و ئەو کات جەنابت دەتوانی دەرفەتت پێ دەدەین روونکردنەوەی خۆت بدەی لە سەر سەرجەم بابەتەکان، فەرموو کاك سالار نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەو راپۆرتەی کە لیژنەی سامانە سروشتییەکان خوێندیانەوە هەروەکو ئەتەکێتی دانیشتنی لیژنەکەیان پێشکەشیان کرد، دەبوایە لە شوێنی کورسی لیژنەکان بان، ئەمە یەك، دووەم: ئەم راپۆرتە بزەبت سەپۆرتی راپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کرد، تەنها یەك خاڵی جەوهەری زۆر جیاواز بوو بەڵگەیەکی خستە روو کە دەلالەتە بۆ بەهەدەردان و گەندەڵی، و ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دوو پالاوگەمان هەیە ئەو باسی یەك پالاوگەی کرد، لیژنەی سامانە سروشتییەکان، دەبێ پێمان بڵێ لەم هۆڵە بۆ ئەوەی ئێمە وەکو پەرلەمانتاران پشتیوانی بکەین، ناوی پالاوگەکە روون بکاتەوە بۆ ئەوەی سەپۆرتیان بۆ بکەین ، چونکە وتی دەعمەکە لە وەزارەت گرنگتر و گەورەترە، سوپاس،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، ئەمە رایە جەنابت دەتوانی ناوی خۆت بنووسی بۆ ئەوەی رای خۆت لەوبارەیەوە بدەی، سەبارەت بە خاڵی یەکەم فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك خاڵی گرنگی باس کرد، ئێمە دەمانەوێ کێشەکە دەست نیشان بکەین، یەك بەڵگەی خستۆتە روو، بەڵام..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار تکایە ئەو کاتەی کە جەنابت قسە دەکەی دەتوانی سەرنجەکانی خۆت لە سەر راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانیش بخەیتە روو، بەڵام سەبارەت بەوەی کە لە شوێنی دانیشتن بۆچی قسەیان نەکرد، ئەندامی پەرلەمان لە لیژنە بێت یان لە هەر شوێنێکی پەرلەمان دانیشتبێ دەتوانێ لە شوێنی سەکۆی قسەکردنی ئەندامی پەرلەمان قسە بکات، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە بۆ ئەوە، بەڵام هەر رایەکی ترت هەیە سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەکە، جەنابت دەتوانی باسی بکەی، فەرموو کاك علی نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تۆمەتەی کە بەبێ نوقتەی نیزامی لە کاتی نوقتەی نیزامیدا کاك سالار وەری گرت، کە گوایە لیژنەکەی ئێمە کە حەفتەیەکە بەیانی و ئێوارە دەگەڕێن بە بەنزیخانەکان و شارەکان و سەپۆرتی وتارەکەی سامانە سروشتییەکانمان کردووە، داوا دەکەین لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، چونکە دەیان رەخنەی تێدایە، و دەیان بەڵگەی جدیشی تێدایە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی وەکو باسم کرد، ئەوە رای ئەوە، ئێوە دەتوانن رای خۆتان لەو بارەیەوە بدەن، فەرموو کاك محمود،

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێیگەیشتم نەیگوت یەك پاڵاوگە، وتی یەکێك لە دوو پاڵاوگەکە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێویست ناکات قسەی لە سەر بکەین، تکایە با ناوەکان بنووسرێ، کەرت کەرت ناوەکان بنووسرێ، هەندێك لە ناوەکن پێشتر نووسراوە، فەرموو کاك فخرالدین،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٥) و (٥٨) ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە پێشتر ناوی خۆیان تۆمار کردبوو، تکایە دەست بەرزنەکەنەوە کاتێك کە ناوەکان تۆمار دەکەین، (فرسەت صۆفی، گۆران ئازاد، سۆران عمر، بێگەرد تاڵەبانی، شکریە اسماعیل، نەجیبە لطیف، رابوون توفیق، عبدالرحمن علی، علی حەمە صالح، ناظم کبیر، فرحان جوهر، علی هالۆ، ئێڤار ابراهیم، خلف احمد، رێواز فائق، پەری صالح) ئێستا من کەرت کەرت ناوەکان تۆمار دەکەم دوای ئەوە دەیخەمە بەر دەستی سەرۆکی پەرلەمان و بۆ گفتوگۆ لە کەرتی ئەلفەوە دەست پێ دەکەم بەس بۆ ئیختیارکردنی ناوەکان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. دیاری دەکات، ئەم کەرتە ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکردووە، (شوان قەڵادزەیی، عبدالله محمود، ابو کاروان، باپیر کامەلا، پروانت نیسان، ماجد عثمان، کاك محمد، منی خان، سرود سلیم، مامۆستا غەریب) کەرتی دی لە ریزی دواوە ناوەکان دەست پێ دەکەین (هەورامان گەچێنەیی، عادل عزیز، کاك فائق، کاك محمود، منیرە عثمان، حاجی کاروان، کەژاڵ هادی، مامۆستا عمر، سهام عمر، شێرکۆ حەمە امین، عمر عینایەت، زولفا خان، برزۆ مجید، د. جوان، بەهار عبدالرحمن، کاك ایوب، د. بەهار، ابوبەکر عمر، ئومێد حەمە علی، پەروا خان، کاك انور مامۆستا حسن) ناوەکانی کەرتی بی (جمال مورتکە، ئومێد خۆشناو، د. ابراهیم، کاك بەیار، کاك تحسین، بشار مشیر، حیات مجید، شیرین حسنی، شیلان جعفر، عباس غزالی، ڤیان خان، مەردان خدر، محمد علی، نجات محمد، مامۆستا انس، ڤەمان فیصل، شوان شێخ احمد، فیروز طه، مدینە ایوب) کەرتی ئەی (گەشە دارا، د. عزت صابر، فەرهاد سەنگاوی، قادر ئۆتمان، مریم صمد، سەرکەوت سەرحەد، سعید مصیفی، سالار محمود، زانا عبدالرحمن، عباس فتاح، صالح فقی، دلێر ماوەتی)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نوقتەی نیزامیمان هەبوو، خاتوو گەشە دارا فەرموو،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا سەبارەت بەو ناونووسینەی پێش وەختە دیارە ئێمە خەڵکی شارەکانی ترین، راستە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانین، بەڵام بەپێی ئەو سیستەمە ئینتیخابیەی کە ئێمەی هەڵبژێردراوین لە خولی

چوارەمدا زیاتر مولزەمین بەوەی کە بگەڕێینەوە شارەکانی خۆمان بۆیە تەواجودی ئێمەبەبردەوامی لە حەفتەکە لە هەولێر نییە، ئەو ناونووسینەی پێش وەخت پێم وایە نادادپەروەرێکی تێدایە، هیوادارم رەچاوی ئەوە بکرێ، یاخود لە رێی ئیمێڵەوە بتوانین ئەم داوایە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سکرتێری پەرلەمان،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داوای گەشە دارا، ئێمە بۆ کار ئاسانی ئەوەی کە نزیك بێ بتوانێ بە نووسین پێشکەشمان بکا، و ئەگەر نا یان بە ئیمێڵ یان بە پەیوەندی تەلەفۆنی دەتوانین ریزبەندی ناوەکان رێك بخەین،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا علی فەرموو،

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر داواکەم سەبارەت بە ناو نووسین بوو، من پێشتر ناوم ناردووە بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڵام ناوم نەخوێندرایەوە هیوادارم ببینن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیار دەکەم ناو نووسین نەمێنێ، چونکە پێشتر تۆ ناو دەنووسی رەنگە تووشی کارەسات یان پرسە ببێ دواجار نەیێ یان هەندێك نا عەدالەتی تێدا بێ، بەڕاستی ئەوەی کە لە کۆبوونەوەکە ئامادە بێن ئەوکاتە دەست هەڵبڕێ قسە بکات،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رێکی دەخەین، ئێستا با گفتوگۆکەمان دەست پێ بکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان (٨٠) کەس ناوی نووسیوە بۆ قسەکردن، بۆیە پێویست دەکات زۆر بە کورتی پەیامەکانتان بگەیەنن، پرسیارەکانی خۆیان بڵێن، قسەی ئەندامانی پێش خۆتان دووبارە نەکەنەوە دەتوانن پشتگیری لە رەئی برادەرەکانی پێش خۆتان بکەن، هاوکارەکانی پێش خۆتان، بۆیە هاوکاری خۆتان و دەستەی سەرۆکایەتیش بکەن لەوەی بەبێ زیاد و کەم پەیامەکانی خۆتان بگەیەنن، فەرموو د. فرست صۆفی،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ ناومان نوسیووە، ئەگەر لایدەن پەیڕەو تەعدیل بکەن، ئەگەر نا حەقەکە پەیڕەو دیاریکردووە، بەشێکیان لە ڕێی جەنابتەوە وەکو پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری سامانە سرشتییەکان دەکەم و پاڵپشتی بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەش دەکەم کە بەڕێز لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان پێشکەشی کرد، سەبارەت بە کوالێتی ئەو بەنزینەی ئێستا لە بەنزینخانە حکومیەکان دەدرێت ئایا هەمان ئەو کوالێتیەیە کە پێشتر هەیبوو؟ و دوای دابەشکردنی بەنزین و دوای سەرهەڵدانی قەیرانەکە لەلایەن شوفێران و خەڵکەوە گلەییەکی زۆر دێت کە ئەم بەنزینە کوالێتیەکەی وەکو جاران نییە، تەنها لە قەزای سۆران ئەوەی بە من گەیشتووە لە دوای قەیرانەکە نزیکەی (٥٠٠) فیت پەم سووتاوە و سەیارەکان زۆر زەرەرمەند دەبن، ئەگەر هەمان کوالێتییە وەزارەتی سامانە سرشتییەکان بەدواداچوونی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە یان لە بەنزیخانەکان دەستکار دەکرێ یان کوالێتیەکەی گۆڕاوە؟ ئەمە یەك، ئەوەی تریان بەڕاستی کێشەی دابەشکردنی بەنزین بە پێی فۆڕمی خۆراك ئەوە کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە و لە ماڵێك چەند سەیارەیەك هەیە ئەمانە لە دائیرەی مرور تەسجیل کراوە، ئەمە حەقی خۆیانە، ئەمە مەسەلەن پەیوەندی بەوە نییە وەکو ئەوەی بەڕێز وەزیری سامانە سرشتییەکان باسی کرد، ژینگە پیس دەبێ، پیس نابێ، ئەمە بەپێی قانون ئەمانە تەسجیل کراون و حەقی خۆیانە، یەعنی بەنزینیان پێ بدرێ، بەهەمان شێوە سەبارەت بەوانەی تر کە ڕەقەم نەکراون بۆ نموونە هەیە ئەمانە علوج نین ئەمانە کارتی زانیاریان هەیە لە ئاسایش و ئەم شوێنانە بەر ڕەسمی تەسجیل کراون، ئەگەر چی کێشەی تری ڕەقەمیان هەبێ، سەبارەت بە مەسەلەی ماددەی (١٤٠)یش ئەمە لە سلێمانی لە هەولێر لە مەخمور لە هەموو ئەو شوێنانە ئەم کێشەیە هەیە، هیوادارین ئەم کێشەیەش چارەسەر بکرێ، خاڵێکی تر سەبارەت بە بەنزینی تیجاری دوو مەرج دانراوە بۆ ئەوانەی بەنزینی تیجاری دێنن، یەکێکیان ئەوەیە کە ئۆکتانەکەی لە (٩٢) کەمتر نەبێ ئەمە کێشەمان لەگەڵ نییە، ئەمە خۆیان دەزانن، بەڵام ئەوەی تریان شەرتێکیان داناوە ئەو کەسەی بەنزینی تیجاری دەهێنێ دەبێ قودرەتی ئەوەی هەبێ (٣٠) ملیۆن لیتر بەنزین خەزن بکات ئەوەش وای کردووە تەنها لە هەولێر ئەوەی من بەدواداچوونم بۆ کردووە، تەنها دوو کەس کە ناوەکانیان لای ئێمەیە دەتوانن بەنزینی تیجاری بهێنن، ئەگەر دەرگا بکرێتەوە بەتەئکید مونافەسە هەبێت، بە ئێمەشیان وتووە کە ئەوان دەتوانن بە هەزار دینار بەنزین بگەیەننە هەولێر، ئایا ئەمە ئیحتیکار کردن نییە؟ ئەمەش ئەگەر ئیحتیکار کردنە بە پیچەوانەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکارییە، بۆیە هیوادارین بۆ ئەم مەرجە پێمان بڵێین سەبەبی قانونی چی تێدایە، (٣٠) ملیۆن لیتر بەنزین خەزن بکات، یەعنی چی ئەوەیەك دروست دەکات؟ بۆیە هێنانی بەنزینی تیجاری بەم شێوەیەی ئێستا بەم شێوە ئیحتیکارییە بەڕاستی قەت ناتوانین نرخی بەنزین بێنینە خوارەوە، **سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری سامانە سروشتییەكان و ستافی یاوەری دەكەین، من لە سەر قسەكانی بەڕێزی هەندێك پرسیارم لا دروست بووە، بەڕێزی كێشەكانی گەڕاندەوە بۆ كێشەی ئەساسی كە بە فیعلی ئەم كێشانە وجودی هەیە كە بریتییە لە هەرزانی و نەهاتنی ئەم حصەیە لە بێجی و هاتنی ئەو ئاوارە و گەڕانەوەی سنوورەكانی ماددەی (١٤٠)، بەڵام خودی ئەم هەرزانییە بەشێكی زۆری قسەكانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان بۆ تەرخان كرابوو كە گرفتی ئەساسیە لە بەهەدەردان، لە گەندەڵی، بەڵام هەر خودی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ئەم نرخەیان دانا، بۆیە ئەوكاتەی كە ئەو نرخە جێگیر دەكرا تەنانەت بەنزین نەبوو لە كوردستان بە (٥٠٠) جۆرەها بەنزین هەبوو دوایی ئەم نرخەیان جێگیر كرد، بۆ ئەو كاتە بیر لەمە نەدەكراوە ئەم (٥٠٠) دینار كە ئەوەندە هەرزانە و كۆنترۆڵ ناكرێ و بەهەدەر دەدرێ، بۆچی ئەو كاتە (٥٠٠) دینارە دانرا؟ ئەمە خاڵی یەك، خاڵی دووەم: ئێمە ئەو كاتەی كە لە عێراق كێشەمان بەو شێوەیە نەبوو (١٣٪) و قسەكانی بەڕێزیمان بۆ دەهات، بەڵام ئێمە بەپێی حەقی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی دەستور ئێمە حەقمانە (١٧٪)ی سووتەمنی عێراقمان بۆ دابین بكرێ، و لە هەموو ئەگەرێك و لە هەموو قەیرانێكشدا ئێمە دەتوانین ئەگەر دەریش نەچین لە دەستور و موشكیلەش لەگەڵ حكومەتی عێراقی دروست نەكەین بەپێی مەصفاكانی خۆمان بێ دەتوانین (١٧٪) با بڵێین ئەو مونتەجاتانەی خۆمان بپاڵێوین، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێ كار نەكرایە بۆ دروستكردنی پاڵاوگەی هاوشێوە و بەرز بۆ ئەوەی بتوانرێ لە هەر قەیرانێكدا ئەم ڕێژەیە دابین بكرێ، چۆن حكومەتی هەرێم ئێستا دەزانی لە ساڵی ٢٠١٧ و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕێژەی ئینتاجی نەفتمان چەند بەرز دەبێتەوە، و ڕۆژ بەڕۆژیش پێشبینی ئەم كێشانەمان كردووە و دەبینین لە (١٣) بوو بە (٧)، بوو (٥)، بوو (٣)، دوایی بڕا، دەبینین پێشبینی ئەو كێشەیەمان كردووە، بۆچی كاری نەكردووە بۆ دروستكردنی یاخۆد مۆڵەت دانی پاڵاوگەی باش ئەو پلانانەی كە ئێستا گوتی بازیانی دوو پەرە پێ دەدەن، لە گەرمیان دەكەنەوە، لە دهۆك، نازانم لە كوێ، كە ئێستا بەشێكی لەو پلاناناى باسی دەكات لە (٩) مانگی دیكە دەكەوێتە كار لە كاتێكدا لە پێشوو دەبینین ئەمانە نییە، و گلەییەكی زۆر هەیە لە پێنەدانی مۆڵەت، ئەگەر قسەش لە سەر مەسەلەی نەوتی خاوە كە بەرهەممان نەبووە، من پێم وایە قەرارمان داوە نەوتی خاو دەفرۆشین و دەمانتوانی لەمەدا دابین بكەین، بە هەرحاڵ كێشەكە بەڕاستی گەورەیە و ئەركیان قورسە، بەڵام دەبینین ئەوان بەرنامەیەكیان دانا بۆ (٩) حەفتە ئەوەی من مەعلوماتم هەیە ئەم كۆبۆنە بۆ (٩) حەفتەیە، بەڵام گوێم لێ نەبوو پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بۆ دوای ئەم (٩) حەفتەیە چییە؟ هەر كۆبۆنە یان كارتی زانیاری دروست دەكات یاخود كارتی زیرەك دروست دەكات، ڕێژەكە زیاد دەكات، چییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا كە

ئەم پلانە بۆ (٩) حەفتەیە پرسیارە سەرەکییەکە ئەمە وا (٢) حەفتە رۆییە هێشتا کێشەی کۆبۆن بەتەواوەتی زەبت نەبووە، من یەك نموونە بۆ بەرێز وەزیر دێنمەوە لە شاری کۆیە تا ئێستا کۆبۆن دروست نەکراوە، یەکەم جار وتیان لە کۆیەی دەیکەن دوایی وتیان نا وەرنە هەولێر (٣٠٠٠) مەعامەلە هاتە هەولێر، ناردیانەوە وتیان لیژنەیەك دروست دەکرێ هاتینە لیژنەکە، موحافەزە ناردیانەوە ئێستا لیژنەیەکی تر وابزانم لە فندقەك لێرە دروستکراوە بۆ ئەوەی دەست بەکار بێ لە کاتێکدا پلانەکە هەمووی بۆ (٩) حەفتەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕەکە کەمە، موشکیلەکە هەیە لە رێنماییەکاندا خەڵك لەگەڵ ئەوەش بەناچاری بەم بڕەش شوکرە، بەڵام قورسی هەیە لە رێنماییەکان، بۆ نموونە ئەوەی ماددەی (١٤٠) من پێشنیارێك بۆ بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم بۆ حەل، ئەوانەی (١٤٠)یانکردووە ئێستا ئێمە لە رووی قانونی و سیاسیشەوە دەڵێن ماددەی (١٤٠) جێبەجێکرا، گەڕایەوە، ئەی ئەگەر وایە ئەمانە ئەرکێکی نەتەوەییان جێبەجێکردووە خۆیان ئامادەکردووە بۆ مەسەلەی راپرسی، گەڕانەتەوە ئەو سنوورە، بەڵام هەموو ئەو هاووڵاتیانە بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کارتی زانیاریان هەرێمە، واتا فەرق دەکرێ لە بەینی هاووڵاتیەکی کەرکووك، هاووڵاتیەکی موسل، هاووڵاتیەکی ئەو ناوچانە کە لێرە بە کاتی نیشتەجێنە یاخود بە سەفەر دێن ئەوانە کارتی زانیاریان نییە، بەڵام بە ئەصڵ لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دادەنیشن ماددەی (١٤٠)یان کردووە، ئەمانە شتێکیان هەیە پێی دەوترێ کارتی زانیاری، کارتێکی موعتەبەرە وەزارەتی ناوەخۆ کردوویەتی، بۆیە پێشنیار دەکەم هەر کەسێك ماددەی (١٤٠) بێ کارتی زانیاری هەبێ پێی بدرێ، و پشتیوانی لە بەشێك لە قسەکانی کاك فرسەت دەکەم لەو سەیارانەی کەوا پێی دەوترێ علوج وا ناوی هات ئەوانە ئارمیان هەیە و ئارمیش ئاسایش دەیدات هەیە ئارمی نوێ نەکردۆتەوەو موشکیلەی هەیە، دەکرێ ئەوانە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئەوەی ئارمی هەیە و نوێ کراوەتەوە حەقە بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و لە سەر ئەو بڕەی کە دەدرێ بە هاووڵاتیان ئێستا راستە هەر ماڵێك (٢٥) لیتری پێ دەدرێ، بەڵام ئێمە دەزانین لە عائیلەیەك تۆ بێنە بەرچاوت (٥) کەس بن یەك سەیارە (٢٥) لیتری پێ بدرێ، تەنها ئەو سەیارە ئیشی تەکسی لە بۆ ئەو (٥) کەسەی خۆی بکا بیان گەیێنێتە دەوام بەشی حەفتەیەکیان ناکات، بۆیە یان دەبێ ئەم رێنماییە لە عائیلەیەکدا ئەگەر چەند کەسێك هەبوو برێکی کەم بە هەر چەند کەسیان بدرێ، یاخود ئەگەر بەیەك کەس دەدرێ لە عائیلەکە دەبێ ئەم بڕە لە (٢٥) لترەوە زیاتر بێ بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بتوانێ تەختیەی عائیلەکەی خۆیان بکات، ئەگەر نا پێم وایە بە (٢٥) لیتر فەردێك لە عائیلەیەکدا تەختیەی خۆی پێ ناکرێ و پرسیارێکی ئەساسی هەیە بە بەڵگە بە دۆکۆمێنت هەیە هەموومان قسە لە سەر بەهەدەردان و با بڵێین گەندەڵی دەکەین لە مەسەلەی سووتەمەنی لە بەنزینخانەکانەوە هەتا وەکو پاڵاوگەکان هەتا وەکو بردنی بۆ دەرەوەی سنووری هەرێم وەك باس دەکرێ بۆ ناو داعش و ئەوانە، بەڵام پرسیارە ئەساسیەکە ئەوەیە من نەمبینێ رۆژێك راپۆرتێك، قسەیەکی جدی بکرێ، بڵێ ئەم باندە، ئەم بەنزینخانەیە، ئەم کەسە، بەم حاڵەتەوە گیرا، عقوبەماندا، لە رووی قانونیەوە لە حاڵەتی ئەزمەدا جەریمە عقوبەی گەورەترە، تۆ لە

حاڵەتی ئەزمەدا دزی بکەی عقوبەکەت گەورەترە، ئێستا ئەزمەی سووتەمەنیمان هەیە کە ژیانی هاووڵاتیانی زۆر زۆر تووشی گرفت کردووە، دەبێ عقوبەی ئەو کەسانە زۆر زۆر قورستر بێ، و دەبێ دەزگای ئەمنی زۆر زۆر جدی بێ، بەڵام من نەمبینی نە لە وەزارەت، نە لە وەزارەتی ناوخۆ، نە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەر ئاستی مەسئوولین تاوەکو خوارەوە سزای قورسی ئەو کەسانە بدرێ کە بەڕاستی دەبێ ئیعلان بکرێ کە ئەو کەسانەی ئەو حاڵەتانە دەکەن، چونکە هەموومان گومانمان نییە لە بەهەدەردان، دوو شتی کورتم ماوە ئەوەیە ئێستا با بڵێین ئەو بەنزیخانانەی بۆ شارەکان دابین دەکرێ هەموو شارێك هێزی سەربازی خۆیانیان هەیە، خەڵکێکیان هەیە، پێشمەرگەیە قورسایی گواستنەوەو دابینکردنی سووتەمەنی بۆ پێشمەرگە لەو شارانە جارێکی دیکە کەوتۆتە سەر قائیمقامیەت موحافەزەکان کە زەرووره حیسەی ئەوانە چۆن موعالەجە دەکرێ لە مەسەلەی گواستنەوەدا؟ ئەم بەنزینخانانە خۆتان دەزانن ئێستا ئەزمەی سڕە و کێشەکە زۆر زۆر گەورەیە خەڵك زۆر زۆر هیلاکە پێویستی بە هەماهەنگیەکی زیاتری وەزارەتی ناوەخۆ هەیە، باوەڕ بکەن لە بەنزینخانەی وا هەیە پۆلیسی پێویست ئاسایشی پێویست نییە بۆ پاراستنی بەنزینخانەکە، لەوانەیە لە ئەگەرێکدا بەنزینخانەکە بسووتێ هەموو رۆژێك خۆپیشاندان دەبینین، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوەخۆ لەو لایەنە زیاتر دەستی قائیمقامیەت وموحافەزەکان و بەڕێوبەرایەتیەکانی شورتە بکاتەوە و هاوکاری زیاتری دابینکردنی ئەمنیەتی بەنزینخانەکان بێ و، ئاخیر خاڵیش من پشتیوانی قسەکەی د. فرسەت دەکەم کە بەڕاستی ئەو رێنماییەی کە (٣٠) ملیۆن لیتر خەزانی هەبێ، من پێم وایە حکومەتیش ئەم خەزانانەی نییە، ئەگەر غەڵەت نەبم، بۆیە ئەگەر بکرێ ئەم رێنماییە کار ئاسانی تێدا بکرێتەوە، لەوانەیە ئەم قۆرخکارییە ئاسان بێ و، ئاخیر قسەشم ئەگەر رێی تێ بچێ وەك پێشنیارەکەم نرخی بەنزین لە بەنزینخانە کە (٥٠٠) دینارە بەگوێرەی قسەکانی بەڕێزتان بێ موراجەعەی تیدا دەکرێتەوە واتا گرانتر دەکرێ، ئەگەر ئەم نرخە لەگەڵ نرخی بازرگانی لەیەکتر نزیك بکرێتەوە لەوانەیە هەم رێگری لە گەندەڵی بکات و هەم کار ئاسانی بێ بۆ هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران عمر.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوێوە دەست پێ دەکەم کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان سەرەتای بەوە دەست پێکرد کە هەرزانی نرخ لە هیچ شوێنێك وڵاتانی دراوسێی بە نموونە هێنایەوە، من دەڵێم لە هەرێمی کوردستان نرخی سووتەمەنی و بەنزین بەتایبەت وەك بەغداش نەبووە کە بە (٤٥٠) دینار فرۆشراوە، واتا بەهانە نییە کە تۆ ئێمە هاوتا بکەی بە تورکیا و هاوتامان بکەی بە ئێران بە وڵاتێکی تر بۆ هاوتامان ناکەی بەو وڵاتە وێرانەی، حکومەتێکی شکست خواردووی وەکو حکومەتی عێراقی بەنزین بە (٤٥٠) دینار دەفرۆشێ و

ئەو قەیرانەی نییە، بۆیە ئەوە بەهانە نییە کە لەم قەیرانە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بێت باس لەوە بکات کە ئەوان ناتوانن بێن ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە بەنزین بدەن، و ئەمە ئەمان خاتە گومانی ئەوەی کە ئەوان بەشێك لە هۆکارەکە سەرەڕای باسکردنی قەیرانەکان دروست بوونی شەڕ هاتنی داعش و نەهاتنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەمانە، بەلام هەست دەکەم وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەیەوێ بەنزین بە (٥٠٠) دینار نەمێنێ، و بۆ خۆی باسی لە موبەڕیڕەکانی کرد، ئەمە بەڕاستی گرفتە، لەم قەیرانە داراییە قەیرانی سووتەمەنی لە سەر خەڵکی هەژاردا بشکێنێتەوە، و هەمووومان باش دەزانین بازرگانی بەنزین کۆمەڵێك بازرگانی غەیر تەبیعین، سەرمایەداری زۆر گەورەن، کە بەشێکیان پاڵپشتیان لە حیزب دایە، کۆمپانیایان هەیە و، من لەوێوە دەست پێ دەکەم ڕێنمایی هێنانی بەنزینی بازرگانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سنووورداری کردووە، بە نموونە هیچ کەسێك ناتوانێ لیترێك بەنزینی بازرگانی وەربگرێ لەم شاری هەولێرە دەبێ بڕوا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەریبگرێ، پێمان بڵێ ئەمە یەعنی چی؟ بۆ لە سلێمانی هەندێك بەنزینخانە سەرپشك کراون بڕۆن بەنزینی تیجاری بێنن، و لە سلێمانیش ئیحتیکاری تەواوی بواری بەنزین کراوە لە غەیری کۆمپانیای قەیوان هیچ کاغەز و وەرەقەیەك ناخوا بۆ وەرگرتنی بەنزین، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە بەنزینخانەکانی سلێمانی دەڵێ بڕۆن لە قەرەجاوە لە کۆمپانیای قەیوان بەنزینی تیجاری وەربگرن، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە بەنزینخانەکانی سلێمانی دەڵێ بڕۆن لە قەرەجاوا لە کۆمپانیای قەیوان بەنزینی تیجاری وەربگرن ، ئەم ئیحتیکارە مانای چی کە غەیری تەنکەر و وەرەقەی قەیوان بۆی نییە بە هیچ بازگەیەك تێبپەڕێ ، ئەمە بۆ؟ دیاریکردنی ئەوانەی کە هەژارن، ئەوانەن کە تەنها ئۆتۆمبێلی تایبەتیان نییە ، ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە وە پشت ئەستوور نییە بەو قسەیەی کە دەڵێت ئەوانەی هەژارن ، ئەوانەن کە بە پێ و پاس و تەکسی هاتوچۆ ئەکەن ، بۆیە ئەوەی ئۆتۆمبیلی خسوسی هەیە هەژار نییە و ئەتوانێ بەنزین بکڕێ ، ئەمە هیچ پێوەرێکی زانستی نییە ، لە هەرێمی کوردستان هیچ داتایەك پێمان ناڵێ (هەژار ئەوانەن کە سەیارەیان نییە) ، بۆیە دەبوو ڕەقەمی ڕەشیش بە علوج نەکرێ ، ڕەقەمی ڕەش مەنەفێستی بەغدایە ، مەنەفێستی ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە ئەمە یەك ، دوو علوج ڕەقەمی سلێمانی هەیە ، ڕەقەمی هەولێری هەیە ، ڕەقەمی دهۆکی هەیە ، ئەوەش نابێ وەزیر ئاگای لەوە نەبێ ، سێ دانانی فۆرمی خۆراك بە پێوەر بۆ پێدانی بەنزین هیچ بنەمایەکی نییە وە هیچ ڕەبتێکی بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە نییە ، چونکە دائیرەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ لە وەزارەتی ناوخۆ کە مۆڵەتی داوە ، ژمارەی داوە بە ئۆتۆمبیل لەسەر فۆرمی خۆراك پێینەداوە ، بۆیە ناکرێ ئێستا لەو قەیرانە سنووورداری بکەی بڵێی فۆرمی خۆراك بۆ یەك ئۆتۆمبیل بۆ یەك کەس ، کەسەکەش دەبێ ناوی لەناو فۆرمی خۆراکەکە هەبێ ، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە تۆ دەتەوێ لەم قەیرانە داراییە بە قەیرانی سووتەمەنی ، پارەی غەراماتی سەیارات و تەحویلی سەیارات وەربگریتەوە کە خەڵك چاوەڕێ ئەکات لێی خۆشببی لە هەندێك غەرامات نەك بچی قورسایی

تری بخەیتە سەر ، دووەم پێدانی (٢٥)لیتر بە هیچ شێوەیەك لەگەڵی نیم ، ڕەتی ئەكەمەوە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان داوا دەكەم وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بەوەدابچێتەوە (٢٥)لیتر بەنزین ، هەندێك خەڵك ئەگەر زۆر تینوی بێ ئەیخواتەوە ، ئەوەندە نارحەتە (٢٥) سەعات ئەوەستێ بۆ (٢٥) لیتر بەنزین ، ئەمە بە ڕاستی دەبێ ڕەت بكرێتەوە ، دەعمی ئۆتۆمبیلی بیانی مەكە منیش لەگەڵ ئەوەم ، بەڵام پێمبڵێ چۆن دەعمی مەقەڕاتی حیزبی و ئۆتۆمبیلی هەندێك حیزب دەكەی؟ سێ خاڵێكی ترم بازاڕی ڕەش ، ڕاستە بازاڕی ڕەش هەیە ، بەڵام كێ لێی بەرپرسە؟ ئێستا خاوەنی بەنزینخانە هەیە ئەڵێ بە (٧٠) وەرەقە تەنكەری بەنزین دەرئەكرێ لە سەیتەرەكان بەرەو ئەوناوچانەی كە ئێستا بازاڕی ڕەشن و وێرانەیە وە لە ژێر دەسەڵاتی بەشێكی حكومەتی هەرێمەو شەڕەو ، بەشێكی لەژێر دەسەڵاتی دعشدایە ، ئەمە كێ لێی بەرپرسە؟ بۆ وەزارەتی ناوخۆ ، بازگەكان و ئاسایش رێ لە تەهریب ناگرن؟ ، خاڵێكی تر ئێستا بەشێك لەوەی كە بەناوی بەنزینی تیجاریە بەڵگەش لەبەر دەستایە نەفتە دەكرڕدرێتەوە لە پاڵاوگە نایاسایەكان كە ئۆكتانەكەی (٨٠)یە تێكەڵدەكرێ لەگەڵ ئەو بەنزینە تیجارییە بڕۆ بزانە هەر سەیارەكەی بەڕێز وەزیر پێی لێبدا گوێی لێ بگرێ بزانە بەنزینێكە ئۆكتانی (٩٢)بێ؟ بۆیە بەڕاستی ئەم قەیرانە باجەكەی خەڵكی هەژار دەیدا وەكو كۆمەڵێك بازرگانی مەترسیدار تیجارەتی گەورەی پێوە ئەكەن ، خاڵێكی تر كۆمەڵێك ئۆتۆمبیلی زۆر هەیە فەلاحیە وەرگیراوە ئەمانە تا (٥)ساڵ تەحویل ناكرێ ، كڕین و فرۆشتنی پێوە كراوە ، بەشێكی تر لەو ئۆتۆمبیلانە قیستن ، بۆی نییە كڕین و فرۆشتنی پێوە بكاو هێشتا قیستەكەی تەواو نەكردووە ، تۆ هەموو ئەمانە مەحروم ئەكەی ، جگە لەوە خەڵكێكی تر زۆر لەم شاری هەولێرە دانیشتووە بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) بتوانین دەعمێكی گەورەی بكەین فۆرمەكەیانمان نەقل نەكردووە ئەو بۆ باجی ئەوە بدات تۆ بەنزینی نادەیتێ ، ماوەیەكی زۆرە لەشاری هەولێر بەنزینی بێجی نەهاتووە و نایەت و دەعم نەكراوە ، بۆیە بڕینی بەنزینی بێجی بۆ دروست بوونی قەیران لە هەولێر جگە لە ئاوارەكانی موسڵ و فشاری نەخۆشخانەو هێزەكانی پێشمەرگە هیچ بەهانەیەكی تر نییە خۆ بەنزینی بێجی ماوەی (٦) مانگیشە بۆ هەولێر نەهاتووە ، بۆیە كۆی قەیرانەكە بخەینە ملی بێجی بەڕاستی وانییە ، مەسەلەی ئاوارەكانیش تۆ ناتوانیت ئاوارەیەك كە ڕێت پێداوە بێت چۆن مەجبوری خێمەی بۆ دروست كەیت ، ژیانی بۆ دابین كەی ، ئاواش لەسەرمان واجبە كە مادام بەسەیارەكەی هاتووە بەنزینی بۆ دابین بكەین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆكی پەرلەمان :**

سوپاس ، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكراللە (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لەقسەكانم لەلایەن برای ئەزیزم كاك گۆران ئازاد و كاك دكتۆر فرسەتەوە كران ، من پشتیوانیان دەكەم بەتایبەتی لەسەر هێنانی بەنزین و ئەو قەیرانەی كە دانراوە بۆئەوەی كە خەڵك نەتوانێ بەنزین

بە تیجاری بهێنێتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە قەیرانەکە کەمتر بکاتەوە ، بەلاّم من دەمەوێ سەرەتای قسەکانم بەزمانێکی سادەی خەڵکەوە دەست پێبکەم بۆ جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان ، دیارە کۆمەڵێك لێرە پاساو هێنرایەوە لەسەر نرخی بەنزین ، لەسەر ئەو گرفتانەی کەلە حکومەتی ناوەندییەوە بۆ حکومەتی کوردستان دروست دەکرێ ، بەلاّم قەیرانی سووتەمەنی لە هەرێم بەتەنها ئەمساڵ دروست نەبووە کە بڵێین گرفتەکان عیلاقە مەندە بەو دۆخەی یاخود بەو بارو دۆخەی کە ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە ، خۆتان دەزانن ئەم قەیرانە ساڵانە ڕوو بەڕووی هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەژارو نەداری ئەم هەرێمە دەبێتەوە ، ئەگەر قەیرانەکە تەنها بۆ ئەم ساڵ بوایە لەوانەیە بڵێین دەکرا تەحەمول بکرێ ، بەلاّم ئەوەی کە پرسیاری خەڵکە هەموومان گوێ بیستی ئەوە دەبین بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان زۆر جار لە لێدوانەکانیدا وە ئەمە واقیعە خەڵك دەیبینێ ، دەیبیستێ کە دەڵێین ئێمە ڕۆژانە هەرێمی کوردستان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکەین ، بەلاّم خەڵك پرسیارە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە ، ئایا ئێمە گەر توانای هەناردەکردنی ئەو هەموو نەوتەمان هەبێ بۆچی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ئاستی چارەسەری ئەو قەیرانە گەورەدا نەبووە؟ کە خەڵکی ئێمە شەوانە تا بەیانی بە چەندین سەعات لەسەر شۆستەکان دەخەون تا ٢٥ لیتر بەنزین وەردەگرن ، من نازانم ٢٥ لیتر بەنزین بۆ خانەوادەیەك کە ئەوە خۆ سووتەمەنی نییە کە خانەوادە بەکاری بێنێ بۆ خودی خۆی ، تۆ خانەوادەیەك چوار سەیارەی هەیە چۆن دەتوانێ بە ٢٥ لیتر بەنزین کە من نامەوێ بچمە تەفاسیلەکەی ، کاك گۆران ئازاد جوان ئاماژەی پێدا بە کاری بێنێ بۆ چەند سەیارەیەك کە لە خانەوادەیەك بەکار دەهێنرێ ، خاڵێکی تر من دەمەوێ پرسیاری ئەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بکەم لە ڕاستیدا باسی مەسفای کرد لە هەرێمی کوردستان ، ئێمە سێ پالاّوگەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە بەرهەمەکانیان واقعێکە کە بەشی نێو خۆی هەرێمی کوردستان ناکا ، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەیان مەسفای ترمان هەیە کە ئەمانە بە نافەرمی کار دەکەن و مۆڵەتیان پێنەدراوە ، من بەپێی زانیارییەکان کە پەیوەندیم پێوە کراوە بۆ نموونە مەسفایەك هەیە ڕۆژانە لە دوکان دەتوانێ ٢٠ هەزار لیتر ئینتاج بکا ، بەلاّم وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مۆڵەتی پێنەداوە لەوانەیە بەشێك لەو مەسفایانە ئەگەر مۆڵەتیان پێدرابا ئەمڕۆ ببانە دەعمێکی گەورە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش قەیرانەکە کەمبکاتەوە ، هۆکاری پێنەدانی مۆڵەت بەو مەسفایانە و جگە لەوەش چۆن ئەگەر مۆڵەتیان پێنادەن ، چۆن دەهێڵن بە نافەرمی لە هەرێمی کوردستاندا کارەکانیان بکەن؟ ، یەکێك لە پرسیارەکانی ترم لە ڕاستیدا جەنابیان خۆیان ئاماژەیان پێدا ئەوە بوو کە بەتەمان مەسفایەك لە ناوچەی گەرمیان دروست بکەن ، ئێمە دەزانین بەشێکی زۆری کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەونە ناوچەی گەرمیان وە بەتایبەتی دوو ناوچە من بە نموونەوە دەهێنمەوە ناوچەی کۆرو مۆر ، حەسیرەی گەرمیان کە زۆرترین ڕێژەی کێڵگە نەوتیەکانی تێدایە ، بەلاّم تاوەکو ئێستا ئەوەندە کە مەعلوماتمان هەبێ گرنگیەکی ئەوتۆ بەو ناوچانە نادرێ ، دەکرێ وەزیری بەڕێز پێمان بڵێ هۆکارەکەی

چییه؟ دەکرا لەم ناوچەیەشدا مەسفایەکی گەورە دابنرێت کە ئەمە دەعمێکی گەورە بووایە بۆ هەرێمی کوردستان ، لەسەر مەسەلەی ڕۆیشتنی نەوت بە قاچاغ بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەمە پرسێکە ، کە پرسی خەڵکە خەڵك زۆر بە ئاشکرا قسەی لەسەر دەکا وە تەنانەت ئەو بەنزینەش کە دەخرێتەوە بەنزینخانە تیجاریەکان دووبارە کە هەمان ئۆکتان و هەمان شێوازی ئەو بەنزینەیە کە لە ڕێگەی کۆبۆنەوە دەدرێتە خەڵك ، ئەمە پرسیارێکە کە دەکرێ ئێمە بە جدی لەسەری بوەستین ، دەشکرێ لێرەوە ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەیوەندیدار بکەم بەوەی کە ئایا من بەلامەوە سەیرە ڕاستە بە قاچاغ دەچێ ، بەلأم دابین کردنی ئەو بەنزینە لە کوێوە دێت ، چۆن دەتوانرێ بۆ ئەو قاچاخچیانە ئەو بەنزینە دابین بکرێ؟ ، لە کوێوە دەڕوات؟ ، چۆن دەهێندرێتەوە دووبارە؟ ، ئەی نازانم هەرێمی کوردستان ئێمە بۆ ئەوەندە بێ ئاگاین؟ بازگەمان نییە ، چۆن ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەتوانین سنوورەکانی خۆمان بپارێزین کە تیرۆرستێك نەتوانێ دزە بکاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە؟ بە خۆشحاڵیەوە ، ئەمە شانازیە بۆ هەرێمی کوردستان کە توانیومانە ئاسایشێکی بەرقەراری باشمان هەبێ کە لە سایەی دا هەموو هاونیشتمانیان بە خۆشی بژین، بەلأم لێرەدا لێرەدا ئێمە سەروەت و سامانەکەمان بە قاچاغ بڕواو هیچ هەڵوێستیشمان نەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا لە وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم وێڕای بەخێرهاتنی ، تۆزێ دڵی گەورەبێ بەرامبەر بە ئێمە لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری خەڵکی هەرێمی کوردستانین ، ئەوان دەنگیان بە ئێمە داوە ، بۆیە ئێمە ناچارین داواکاری و پێشنیار و بێزاری ئەوان بگەیەنین بە بەڕێزیان. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، من دەمەوێ بڵێم بەڕاستی ئەو ڕێنمایی و میکانیزمەی کە لە لایەن وەزارەتی سامانەسروشتییەکان دەرچووە بۆ دابەشکردنی بەنزین بەتەواوی خەڵکی تووشی بێزاری و هەراسان و نارەحەتی کردووە ، ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین ڕۆژانە لە شوێنە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانی لە ناکاو دروست دەبێ ئەو خۆپیشاندانە لە ناکاوانەش سەرەڕای ئەوەی کە خەڵك تووشی ڕێگری لە جادەکان دەکەن ، ئەمە لە ڕێگای کەرکووك و سلێمانی کە ڕێگا گیراوە نەخۆشێك لەبەر ئەوەی کە ڕێگای لێ گیراوە گیانی لە دەست داوە ، بەو شێوە زیان بە خەڵك دەگا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، من فەرمانێکی وزاریم پێیە ، ئەو فەرمانە وزاریە لەلایەن خودی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەرچووە ئەوەتا لەو فەرمانە وەزاریە کە لە ٧/٢ دەرچووە بەپێی ژمارەی ٨٣ ، ٥٣ لەم فەرمانە وەزاریە ئاماژە بەتەواوی بەوە کراوە کە نابێ هەر لیترێکی بەنزین لە ٨٥٠ دینار لە بەنزینخانە بازرگانیەکان زیاتر بفرۆشرێ ، ئەی بۆ چی بە ١٢٥٠ دەفرۆشرێ؟ لەو قەیرانە داراییەی کە خەڵکی هەرێمی

کوردستان تێی کەوتووە ئایا باری داراییان ئەوەندە زۆرە تابتوانن هەرلیترێك ٤٠٠ دینار زیاتر بدەن؟ ئایا بۆچی ئەوە لە کۆنترۆڵ دەرچووە؟ ، هەر لەو فەرمانە وەزاریە ئاماژەی پێکراوە کە لە شاری هەولێر ٢٦ وێستگەی بازرگانی هەبێ ، لەشاری دهۆك ١٩ وێستگەی بازرگانی هەبێ ، لە شاری سلێمانی ٢٧ وێستگەی بازرگانی هەبێ وە لە هەموو وێستگەکانیش نابێ لە ٨٥٠ زیاتر بفرۆشرێ ، ئەم بەڵگەش بە بەڕێزتان دەدەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، لەکاتێکدا کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕێنمایی دەرکردووە بۆ ئەوەی کۆبۆنی نوێ دەربچێ ، ئەم کۆبۆنی نوێیە بەڕاستی خەڵکی تووشی زۆر هەراسان کردووە ، خەڵك داوای لێکراوە کۆبۆن دەربکەن ئەوەتا خەڵك کۆبۆنیان دەرکرد ئەوەتا کۆبۆنەکە لامە ٥٦ دانەی تیادا ماوە ، پاشان جارێکی تر هەر لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داواکراوە کۆبۆن نوێ بکرێتەوە دیسان خەڵك کۆبۆنیان دەرکردەوە ئەوەتا ٩٠ دانەی تیادا ماوە کە بەشی ساڵ و نیوێکی خەڵك دەکا بەم کۆپۆنە بەنزینیان وەرگرتبایە ، ئایا چ حیکمەتێك و چاکەیەکی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان تیادا هەیە؟ لەم گەرمایە ، لەم مانگی تەمووزە ، لەم مانگی ڕەمەزانە ، لەم باری ئابوورییەی خەڵك داوا لە خەڵك بکرێ بچێ کۆبۆن دەربکا ، دەفەرموو سەیری ئەو شوێنانە بکەن کە سرەی کۆبۆنی بۆ گیراوە ، کۆبۆنیش هەروا بەئاسانی نادرێت بە خەڵك دەبێ چەند شتێك بکا سەنەوی نوێ بکاتەوە پارەیەك بدا ، هەروەها پشکنین بۆ ئۆتۆمبیلەکەی بکا کە ئەمەش پارەیەکی ترە ، هەروەها ئەو غەرامەی کە لەلایەن کامێرای هاتوچۆ بەسەریاندا سەپێنراوە ئەمەش بدرێ ، ئایا ئەمە چ چاکەیەکی تێدایە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان؟ بۆیە من داوا دەکەم لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە تایبەتی لە وەزیر ئەم کۆبۆنە با کاری پێبکرێ لەبەر ئەوە ٩٠ دانەی تیادا ماوە ، ئەوانە کە خەڵك کۆبۆنی پێیە با کاری پێبکا ، ئەوانەی کە کۆبۆنیان نییە با ئەوانە کۆبۆن دەربکەن ، ئەوانەی کە خەڵکی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن ئەوەتا سەرۆکی هەرێم چەند ڕۆژێك لەمەو بەر وتی ماددەی ١٤٠ تەواو بووە ، ماددەی ١٤٠ تەواو بووە ئەی بۆچی ئەوانەی کە ماددەی ١٤٠ان کەخۆشم یەکێکم لەوانەی کە کبۆبۆنمان پێنادرێ؟ ئایا ئێمە بە خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان حیسابدەکرێین؟ لەکاتێکدا کە زۆربەمان لە شارە سەرەکییەکان دەژین....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

شکریە خان ئەو خاڵە باسکرا.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

بەڵێ ، من هەر لەسەرەتاوە بەڕاستی دەمویست بڵێم پاڵپشتی قسەکانی کاك دکتۆر فرسەت و کاك گۆران و هەروەها بێگەردخان و کاك سۆران عمر دەکەم ، خاڵێکی ترم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی خەڵك گلەیی ئەوە دەکا لە بەنزینخانەکاندا پۆلیسێك یاخود کرێکارێکی سەر بەنزینخانەکان ئەو کەسانەی بیانەوێ سرە بڕی لۆ دەکەن و سەیارەکەی لۆ فول بەنزین دەکەن ، لەکاتێکدا کە خەڵك ٥ ، ٦ سەعات لەو ڕۆژەگەرمە سرە دەگرێ ، بۆیە دەبێ ئەمە کۆنترۆڵ بکرێ ، چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزیری سامانە

سروشتییەکان ، یەکەم شت بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ خەڵك بکرێ یەکەم شت وێڕای ئەوەی کە ئیش بەو کۆبۆنە بکرێ ، هەر کەسێکیش کە فۆرمی خۆراکی هەیە ئەگەر سەیارەکەش بەناوی خۆی نەبێ کۆبۆنی پێبدرێ ، هەر خێزانێکیش چەند سەیارەیان هەیە لەبەر ئەوەی من چەندها کەس دەناسم کۆبۆنی بۆ ناردوومە ، خێزان هەیە ١٠ نەفەرە ٥ سەیارەیان هەیە ، لەبەر ئەوەی بە خۆتان دەزانن خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆربەیان بەهۆی ئەوەی کە ناتوانێ خانووەکی سەربەخۆ بگرێ ناچارە ، بەڵام بۆ ئیش و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خۆی ئەگەر سەیارەیەکی بەسیتیش بێ سەیارەی هەبێ ، بۆیە دەبێ هەرسەیارەیەك کۆبۆنەکی پێبدرێ ، من پێشنیار دەکەم پێنج ڕۆژ جارێك ٣٠ لیتر بەنزین بەتەکسی و هەروەها سەیارە بارهەڵگرەکان بدرێ ، ماوەی ١٠ ڕۆژ جارێك ٥٠ لیتر بەنزین بدرێ بەو ئویتمبێلانەی کە تایبەتن ، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس ، خاتوو نجیبە لطیف فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ، من قسەکانم هەندێکی لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەیوەندیدارەوە هەبوو ، هەندێکیشی لە لایەن بێگەرد خان و کاك سۆرانەوە باسکرا ، پشتیوانی لە قسەکانی ئەوان دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز ڕابوون توفیق فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەوە دەست خۆشی بۆ ئامادە کارانی ڕاپۆرتەکە ، کە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلە ، زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی دەستنیشان کردووە ، پرسیار و قەلەقیەکانی هاوولاتیانی گەیاندووە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لە پێشەوە تەئکیدی لە وشەیەك کردەوە بۆ تێکڕای قسەکانی لەسەر عەدالەت ، قسەکانی بەڕێزیان ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە سیاسەتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان دا دەچێتەوە بە سیاسەتەکانی خۆی ، بڕبڕەی پشتی بۆچوونە تازەکانیان ئەو سیاسەتە تازە دەگیرێتە بەر بریتییە لەوەی سیعری سووتەمەنی بە دیاریکراوی سیعری بەنزین زیاتر دەکرێ ، لە کاتێکدا خەڵکی وڵاتەکەمان چاوەڕوان بوون ئەمڕۆ ئێمە باس لە چارەسەری کێشەکان بکەین ، پەنجە لەسەر کێشەکان و کەم و کورتیەکان دابنێین بزانین کەم و کورتیەکان لە کوێوەن ، ئەوانە کە ئەگەر دۆزرایەوە ، بەڵگە لەبەر دەست بوو کە کەسانێکی ناوخۆیی بە ڕێکاری نا یاسایی بەشداریان کردووە لە قوڵکردنەوەی قەیرانەکە سزا بدرێن ، بەڵام پێدەچێ سیاسەتی نەوتی داهاتووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خەڵکی کوردستان سزابدات ، ئەگەر بێت و سیعری سووتەمەنی

بەدیاریکراوە سیعری بەنزین زیاد بکرێ ، من پشتگیری لە قسەکانی بەشێکی زۆری ئەندام پەرلەمانتارەکان دەکەم وەکو بەڕێز دکتۆر فرسەت ، بەڕێز گۆران ئازاد ، شکریە خان ئاماژەیان بۆ کرد وەکو کێشەی ئۆتۆمبیلەکانی ماددەی ١٤٠ ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەو کێشەیە کرد ووتی لەناوچەی سلێمانی هەن ، بەلآم من لەناوچەکانی هەولێریشەوە تەلەفۆنی زۆرم بۆ کراوە کە خەڵکی زۆری ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ لەناوچەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆکیش دەژین ، پێویستە ئەو کێشەیە بەگشتی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە ، ئینجا ئەو سەیارانەی کە ژمارەی پارێزگاکانی تری عێراقیان هەیە ، ئەوانەی کە زیاتر لە سەیارەکیان هەیە هەروەها هەر هۆکارێکی تر کە وادەکا کە کۆمەڵێك خەڵك کۆبۆنی پێنەدرێ ، ئینجا سەبارەت بە ئیجرائات لە بارودۆخێکی وەك ئەو قەیرانەی لە ئێستادا هەیە ئەگەر بدۆزرێتەوە ، بەڵگە هەبێ خەڵکانێك بەشدارییان کردووە لە قوڵکردنەوەی ئەو قەیرانە ، بەڕاستی پێویستە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێ ، یەکێ لەو خاڵانەی کە پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئیجرائاتی لەسەر بکا بابەتی شلکردنەوەی ئیجازەیە ، سووککردنی مەرجەکانە بۆ ئەوەی کە بازرگانەکانی خۆمان زۆرتر بتوانن بەشداری لە موناقەساتی هێنانی بەنزین بکەن ، ئێستا بە پێی ڕاپۆرتەکان و بەپێی قسەکردنی بەشێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە هەولێر تەنها دوو بازرگان دەتوانن بە پێی ئەو مەرجانە بەنزین بێنن ، لە سلێمانیش کۆمپانیای قەیوان ، ئەوەش بارودۆخێکی خوڵقاندووە پێچەوانەی یاسایە هەروەکو دکتۆر فرسەت ئاماژەی بۆ کرد ، سەبارەت بە کێشەی بەڵگە لەبەر دەست بوون کە بەنزینی خۆماڵی ، پالآوگە خۆماڵیەکانی خۆمان بە سیعری تیجاری دەفرۆشرێتەوە داوا لە وەزارەت دەکەین بەڕاستی ئیجرائات بکا لەسەر ئەو بابەتە ، بابەتێك کە لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە وزارەت دەبێ بەڵێن بە خەڵکی کوردستان بدات ئەمڕۆ کە ئەو خەڵکانەی ، ئەو قاچاغچیانەی کە بەشداریان کردووە لە قوڵکردنەوەی ئەو کێشانە ، وایان کردووە کە بابەتی سووتەمەنی ئەزمەکەی قوڵترکردۆتەوە ، سیعری بەنزین گرانتر بووە دەبێ تاوانبارەکانی ، وەزارەت کار بکا کە ئیجرائاتی یاسایی لەبەردەم بکرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز عبدالرحمن علی فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لە قسەکانم کرا، ئەوەی کە ماوە پێویستە ئیشارەتی بۆ بکەم ، سەرەتا لە قسەیەکی جەنابی وەزیرەوە دەست پێئەکەم کە دەڵێت لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ بڕیاری دروستکردنی هەردوو پالآوگەی (بازیان و کەڵەك) دراوە ، لە ٢٠٠٧ کە دکتۆر شەهرستانی هات بووە وەزیر بڕیاری وەستاندنی داوە ، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە باشە کە لە ٢٠٠٧ ئەوە بۆ حەوت ساڵ ئەچێت بڕیاری ئەوە دراوە یاخود زانیومانە حکومەتی ناوەند ئەوەندە دژایەتی هەرێم دەکات بۆ بیر لە دروستکردنی چەند پالآوگەیەك نەکرایەوە هاوشێوەی بازیان و کەڵەك؟ ، دووهەم دەنگۆیەك هەیە هیوادارم جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوە بدات لەسەری کە

ئەنجومەنی باڵای وزە بەنیازە وە لەبەرنامەی داهەیە بەنزینی حکومی سیعرەکەی ، نرخەکەی بکات بە ٩٠٠ دینار ، ئەمە بۆخۆی دەنگدانەوەیەکی خراپی هەیە لەناو خەڵکدا ، چونکە لە هەموو دونیا هەتا لە عێراقیشدا بیگرە ڕۆژانە ٧- ٨ ملیۆن لیتر بەنزینن دێنن و بە ٤٥٠ دیناریش دەیدەن بە هاووڵاتیان ، بۆیە دەکرێت تەوزیح لەسەر ئەوە بدات ، خاڵێکی تر من پێموایە هەر ئۆتۆمبێلێك کە لە ئێستادا دێتە کوردستانەوە ، لەلایەن حکومەت و دەزگا پەیوەندی دارەکانەوە مۆڵەتی مانەوەی لە کوردستان پێدراوە ، پێویست دەکات لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە بەنزینی پێبدرێ و کەس بێ بەش نەکرێ لە بەنزین ، ئیتر سەیارەی علوج ئەکات هەر جۆر سەیارەیەکی تر ئەکات ، کاك سۆران ئاماژەی بە سەیارەی جووتیاران کرد من نامەوێ باسی بکەم بە تەئکید ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە ، ناردنی خەڵکێکی زۆر بۆ فەرمانگەکانی هاتوچۆ ، بۆ دائیرەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ لە ئێستادا قەرەباڵغیەکی زۆری دروستکردووە ، لێمان تێك نەچێت لەم وەزعەی کە ڕەمەزانەو خەڵك نارەحەتە قەرەباڵغیەکی زۆر لەو فەرمانگانە دروست بووە ، خەڵك لە لایەکەوە گیری بەدەست قەیرانی داراییەوە خواردووە و لەوێ زۆرێك پارە لە هاووڵاتیان خۆمان ئەزانین جۆرێك ڕسومات هەیە ، کۆمەڵێك خەڵك هەیە دوو مانگ مەعاشی وەرنەگرتووە ئەو پارەیەی نییە بیدات لە ڕاستیا ، بۆیە داوادەکەم وەزارەت بەو بڕیارەی خۆی دا بچێتەوە، ڕێگا چارەیەك دابنێ بۆ ئەو حاڵەتانە ، خاڵێکی تر لەسەر بەنزینی تیجاری کە لە ئێرانەوە دێت ، من بە حوکمی ئەوەی کە نزیکم لە باشماخەوە ، لە ٦/٢٥ تا ئەمڕۆ کە ٧/٧ ە واتە تا ئێوارە درەنگانێك ٢٣٠ بۆ ٢٥٠ تەنکەر بەنزین هاتۆتە ناو باشماخەوە ، بەڵام ئەم تەنکەرانە کە دێنە باشماخەوە پێویست دەکات هەرتەنکەرێك ٥ لیتری لێی وەربگیرێت بۆ پشکنین ئەنێردرێت بۆ سلێمانی کە ئەمەش تا ئەگەڕێتەوە نەتیجەکەی زیاد لە ٢٤ سەعاتی پێئەچێت ، بۆیە داوا لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئەکەم کە لەوێ موختەبەر هەیە کە پێی ئەوترێت موختەبەری گەڕۆك لە باشماخ و هاوشێوەکانی وەکو باشماخ دابنرێت بۆ ئەوەی ئەو ڕۆتینە نەهێڵێت و وە ڕێژەیەکی زۆر لەو کاتە بەنزین بێتە کوردستان بەشێك لە قەیرانەکە چارەسەر بکا ، لەسەر شتێکی تر کە ئەوەی برادەران باسیانکرد مەسەلەی ئەو بڕیاری مۆڵەتدانەی بە کۆمپانیاکان کە یەکێك لە بڕیارەکان زۆر قورسە ئەوەیە کە دەبێت شوێنێك هەبێت کە خەزانێك هەبێت ٣٠ ملیۆن لیتر بەنزین بگرێت ، من لەسەردانێکمان دا بۆ لای پارێزگاری سلێمانی پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە ئایا لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا گەنجینەمان چەند هەیە بۆ ئەوەی بەنزین تێیدا خەزن بکرێت؟ ئەو لە وەڵامدا وتی تەنها بەشی ٤٠ ملیۆنمان هەیە کە ٢٠یان بۆ بەنزینە جا لە سنوورێکی گەورەی وەکو پارێزگای سلێمانی خەزان بەشی ٢٠ ملیۆن هەبێت، ئایا بازرگانێك شوێنی ئەوانەی دیکەی هەیە؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەفدی هاوڕێی ئەکەین ، سەبارەت بە قسەکردن لەسەر ئەم قەیرانە من کۆمەڵێ سەرنجم هەیە زائیدەن ئەوانەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان خرایە روو ، ڕاستە گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی پاڵاوگەیە ، ئایا ئەمە بەهۆی بێ پلانییەوە بووە؟ یان کێشەی نەوتی خاومان هەبووە لە ڕابردوودا؟ هەریەکەیان ئەبێ شەرح بکا ، بەلآم گرفتێکی تر بەئەندازەی ئەمە گەورەیە ئێمە پلانمان نەبووە بۆ دروستکردنی خەزان لە هەرێمی کوردستان کە بەنزینی تێدا هەڵبگیرێ ، هاوشان بیرۆکەی دروست کردنی پاڵاوگە ئەبێ بیر لەوە بکرێتەوە خەزانیش دروست بکرێ ئەمە لە لایەك ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی کۆمەڵێ پاڵاوگەی کرد کە لە ئایندە پلانیان هەیە و قودرەتیان هەیە ، زائیدەن ئەوانەی ئێمە دوێنێ لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ دوو کۆمپانیای بیانی کە کۆمپانیی کاتی کوردی لەگەڵیان دایە ئامادەییان تیادایە لە ماوەی ١٨ مانگی تر کە ئێستا بەشێکی زۆری کارەکەیان تەواو بووە نزیکەی ٤٨ ملیۆن دۆلاریشیان سەرفکردووە ٣ ملیۆن لیتر بەنزین بەرهەم بێنن ، بەلآم کێشەی پێدانی مۆڵەتیان هەیە ، لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەڵێنی پێدانی نەوتی خاویاندا بۆ ئەوەی بتوانن لە دەرەوە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار قەرز لە بانقێکی دەولی وەرگرین ، زۆر قسە لەسەر کێشەو ڕێنمایەکان کرا ، کێشەی ڕێنمایی و قۆرخ کاری ئەم ڕێنمایانە بە تەئکید قۆرخ کاریەکی زۆر گەورەی لێکەوتۆتەوە ، نەك ئەمە کۆی پرۆسەی سووتەمەنی و بەنزین و نەوت لەماوەی ڕابردووا لە کوردستاندا بەگشتی قۆرخ کاری زۆر گەورەی لێکەوتۆتەوە ، یەعنی بەدەر لەم دۆخەی تێداین ، من نموونەیەك بۆ بەڕێزی دەهێنمەوە برۆ لە هەولێردا بگەڕێ خەڵك هەیە ١٤ بەنزینخانەی هەیە ، ١٣ بەنزینخانەی هەیە هەشە دانیشتووە لەگەڵ ئێمە دەڵێ چەندێکە محاوەلە دەکەین مۆڵەتی بەنزینخانەیەکمان پێنادرێ ، یاخود زەویمان پێنادرێ بۆ بەنزینخانە ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی ئەو قۆرخکاریە من ناڵێم بەتەواوەتی قۆرخکاری ڕاستەوخۆ ، بەلآم کۆمەڵێك ڕێنمایی بە کۆمەڵێك مەرج ئەمەی لێدەکەوێتەوە ، من نموونەیەك بۆ بەڕێزی دەهێنمەوە بەشێك لە پرۆسەی سووتەمەنی لە ڕابردووا چەند کۆمپانیایەك مەسەلەن سەگرمەیە ، کەیوانە ، میللەتە .....هتد ، ئەمانە بەتەواوەتی ئەم بازاڕەیان کۆنترۆڵکردووە ، بەشێکی ڕەنگە بە ڕێنمایی بێت هاوشانی ئەوەی کە ئەڵێ چۆن سێ بەنزینخانە ، سی ملیۆن خەزانی هەبێت ، گرفتی کۆبۆن قسەی زۆری لەسەر کرا ، بەلآم من سەرنجی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ یەك خاڵ ڕادەکێشم ، بەهۆی ئەم ڕێنماییانەی بەڕێزتانەوە کۆمەڵێك خێزان کێشەی گەورەی تێکەوتووە ، دوو بران هەردووکیان سەیارەیان هەیە یەك فۆرمی بایەعیان هەیە ئەڵێ ئەیدەینە یەکێکتان ئەم ئەڵێ بۆمن ئەوی دیکە ئەڵێ بۆ من بێ ، ئەمە بووە بە کێشە خەریکە ئەبێ بە شەڕ لەبەینی خۆیان کۆمەڵێ شەڕیش دروست بووە زائیدەن ئەو ١٠٠ هەزارەی بەڕێزی

باسی کرد تەنیا لە سلێمانی نییە ، زۆربەی خەڵکی بنەسلاوەو کەسنەزان و دارەتوو فۆرمی خۆراکیان یان کەرکوکە یان موسڵ ، بەڵام ئەمانە کارتی زانیاریان هەیە، ئەمانە مافی دەنگدانیان هەیە ، نەك مافی دەنگدانیان هەیە دوو جار دەنگ دەدەن ، لێرەش دەنگ دەدەن ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان بڕی سووتەمەنی ئەدەن بە ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان ئەم بڕەیە کە ئەدرێت چەندە؟ بۆ ئەوەی ئێمە لە پلانەکە ئاماژەی پێبدەین ، سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی ئەم نەوتە ئەم بەنزینە لە پاڵاوگەکانەوە من سەرنجتان بە تەئکیدەوە ڕائەکێشم بۆ ئەم بەڵگەو زانیارییانەی لای خوارەوە ، ئەوەی کە دکتۆر شێرکۆ باسی کرد لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان بە دوایدا چووین ئەوە لە پاڵاوگەی کەڵەکە ١٥٠ تەنکەرە بەنرخی بازرگانی دراون بە پاڵاوگەکان زائیدەن ئەمە من دوێنێ شەو تا دوانزەی شەو لە کۆمەڵێك بەنزینخانە لە هەولێرا لەسەر خەت بووم ، ئەڵێ ئەو بەنزینەی ئێمە ئەیفرۆشین بە ١٢١٠ دینار پێمان دەدرێت لەبانکی فیدراڵ مامەڵەکەی ئەکەین باشە ، لە کەڵەك باری ئەکەین تەنانەت ئاماژەیان بەوەدا ئەوان وەسڵەکە ئەبەنەوە بۆ کاك هۆگر لە بەڕێوبەرایەتی ژمێریاری لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، ئێمە ڕوونکردنەوەمان ئەوێت ئایا ئەمە حکومەت ئەمەیان ئەفرۆشێ یان ئەوان سەرپەرشتی ئەکەن ؟ چۆنە ؟ بەڕاستی ئەمە پێویستی بە تەوزیحاتە ، چونکە ئێمە ئەگەر هێن بین لەسوری ئەڕۆین لە دادگا تا دواتر ، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە بەشێکی ئەم ئەزمە بەهۆی بێ پلانی حکومەت و بێ بەرنامەییەوەیە ، ڕۆژانە بگەڕێ ، شەوانە هەولێر و سلێمانی وەکو نموونەیەك وەربگرە بە سەدان سەیارەی ڕەقەم شین ئەبینیت کە هەمووشیان شەش پستۆن و هەشت پستۆنن لەسەر حیسابی هەرێمی کوردستان بەنزینیان تێئەکرێت ، ماڵ و مناڵیان تێدایە ئەم سەیارە چاکردنەوەیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، بەنزینیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، بە پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کڕاون بۆ کاری شەخسی بەکاردێت ، جگە لەم هەموو ئەم مەسروفاتە کە ساڵانە دەیان ملیار دینار ئەکا لە ڕووی ئەتەکێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان جوان نییە سەیارەیەکە ڕەقەم شینەو ماڵ و مناڵ و خێزانی تێدایە بۆ دەیان شوێن بە کار دەهێنرێت ، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە من داوای ڕوونکردنەوەیەك دەکەم لەسەر ئەم خاڵە هەر بەرمیلێك کە لە پاڵاوگەکانی بازیان یاخود کەڵەك ئەپاڵێورێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٧ دۆلاریان ئەداتێ ، واتە ئەوان خاوەنی نین ئەوان ١٧ دۆلار وەرئەگرن بۆ هەر بەرمیلێك ، ئەگەر ١١٥ هەزار بێت ١١٥ هەزار کەڕەتی ١٧ دۆلار بکە لەیەك ڕۆژا ئەکاتە ١٥٥٥٠٠٠ هەزار دۆلار ئەگەر ٤٥٥٠٠٠ دۆلاریش خەرج بکەن لە ڕۆژێکا ١٥٠٠٠٠٠ قازانجیانە ئەم قازانجە لەسەر حیسابی پارەی خەڵکە ، ئەمە پارەی خەڵکە ئەیدەن ، چ مەنتقێك ڕاستە ئەمانە سەرمایە گوزاریان کردووە ، بەڵام بڕی قازانجەکە زۆر زۆرە لە ساڵێکا نزیك دەبێتەوە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار ، چ مەنتقێك ڕێگە بەمە دەدات؟ چونکە ئێستا ئەو پاڵاوگەی من هاوڕێیانم شاهیدن بۆم لیژنەی سامانە سروشتییەکان دوێنێ لەگەڵیان دانیشتووین لە (ا بۆ ی) خۆی دروستی دەکا کۆمپانیای گەورەیە ئۆکتانی باشترە ، ئەڵێ من کەمتر لە ١٧ دۆلار بۆتان بەرهەم دێنم ، قسەیەك کرا لەسەر سەبارەت بەو داهاتانەی بۆ وەزارەتی کارەبا ئەڕوا

ئەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە پلانێکی جدی تر ، پلانێکی وردتر بۆ ئەوەی ئەم مەحتانەی وێستگەی کارەبا بە غاز ئیش کا ، بۆ نموونە مەسەلەن یەکێ ئەوەی کە دهۆك کێشەی بۆڕی هەیە من پێموانیە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ بۆڕی دروست بکا چونکە ئەیبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە بۆڕیەك و خەتی دووەم دروست بکا بۆ تورکیا دەست و برد بکرێ پشت بەم غازە ببەستێت ئەو کاتە لەم ئەزمە بە تەواوەتی نەجاتمان ئەبێ ، خاڵێکی تر کە ئەمە بە رەقەمە عەمەلیەکی حسابیە داهاتی خۆمان نزیکەی ئەگاتە ۳۵۰۰۰۰۰ وە ۲۰۰۰۰۰۰ لە تورکیاوە بێت ئەگاتە نزیکەی ۵۵۰۰۰۰۰ ، ئەگەر ۶۰۰۰۰۰ ئۆتۆمبیل سوودمەندبن واتە ئێمە بەگشتی ۵۵۰۰۰۰۰ هەبێت کەرەت ۷ رۆژی حەفتەم کردووە دابەشی بکە بەسەر ۶۰۰۰۰۰ ئۆتۆمبیلا هەر ئۆتۆمبیلەك دەتوانێ ۶۳ لیتر وەرگرێ ، من ناڵێم ۶۳ لیتر ، چونکە ئەبێ ئەوەی ئۆتۆمبیلی تایبەتە ئەبێ کەمتر وەربگرێت ، ئەوەی ئۆتۆمبیلی گشتییە واتە تەکسی و پاسە زیاتر وەربگرێت ، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگەو ئەخیر خاڵمە کۆتایی پێدەهێنم من وەزیری سامانە سروشتییەکان دڵنیادەکەمەوە بە پێی ئەم رێنماییەی ئەوان دەریانکردووە بۆ کۆبوون لە سەدا پەنجای خەڵکی هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند نابێ هەر لەم پەرلەمانەوە عەینە وەرگرە بڵێ چەند کەس سەنەوی بەناوی خۆیەتی دەست بەرزکاتەوە نیوەی بەناوی خۆیەوە نییە ئێمە لە سێ کەس دووان بەناوی خۆمانەوە نەبوو ، ئەمە جگە لە ناوچە جێناکۆکەکان ، ئەمە جگە لەوەی لە خێزانێك چەند کەس سەیارەی بەناوەوەیە ، بۆیە من سەرنجەکانم لەم خاڵانەی خوارەوە ئەخەمە روو :

- رێنمایەکان نەرمییەکی تێدا بکرێ بۆ هێنانی بەنزین ، چونکە خەڵکی کوردستان پرسیار دەکەن بۆ پێش ئەوەی بەنزین ببێ بە ۵۰۰ تیجاری هەبوو ، ئۆکتانەکەشی هەروەکو ئەمەیە ، ئێستا چونکە سەیارە لێدەخورین ، جیهازمان پێ نییە ، بەڵام کە ئەیکەینە سەیارەی خۆمانەوە ئەزانین بۆ ئێستا ۱۲۵۰ یە ، واتە رێنمایەکان شل بکرێت.
- چاودێرییەکی توندو تۆڵی ئەو پاڵاوگانە بکرێت کە بەنزینەکان بەرهەم دەهێنن.
- پێداچوونەوەیەك بەو رێنمایانە بکرێت کە کۆبوونەکەیە ، فۆرمی خۆراك ، کارتی زانیاری ، لەو ئۆتۆمبیلانەی ئارمیان هەیە ، باشترین حاڵەتیش بۆ ئەمە کارتی زانیاری بە پێوەر وەربگیرێت نەك فۆرمی خۆراك ، چونکە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان فۆرمی خۆراکیان نییە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ناظم کبیر فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رێگای جەنابتانەوە چەند پرسیارێك و تێبینیەك ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەین ، بەڕێزان پشتگیری لە بەشێك لە راپۆرتی لیژنەی سامانە سروشتییەکان دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان ،

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر فرسەت و کاك گۆران ئازاد دەکەین ، پرسیارەکانی من دەخەمە ڕوو بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ، بەڕێزان ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە هاونیشتمانیانی ئەو دەڤەرە چاوەڕوانی ئەوەندە کە هەرێمی کوردستان چیان بۆ دەکا؟ ، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا چ پلانێك هەیە بۆ ئێستا و داهاتوو بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی لە ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان؟ پرسیارێکی تریشم ئەوەیە کە گلەییەکی زۆر دەکرێت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە دەسەلأت لەو وەزارەتە زۆر قۆرخکراوە ، ئایا ناکرێت تا کەی دەکرێت بەشێك لەو دەسەلأتە بکرێتە لامەرکەزی و بێتە خوارەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان ، لەوانەیە ئەوان زیاتر بتوانن بەسەر ئەم گیرو گرفت و ئاستەنگانەدا زاڵببن ، پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئایا ئەو بڕە بەنزینەی کە دابەش دەکرێت بۆ پارێزگایەکان چ پێوەرێك کراوە بە پێوەر بۆ دابەشکردنی ئەو بڕە بەنزینە؟ لەوانەی هەموو پارێزگاکان وەکو یەکتر ئەو بڕە سووتەمەنیان پێ نەگا ، تەئکید لە قسەکانی بەڕێزمان دەکەینەوە ئەوانەی کە باسیانکرد کە گلەیی زۆر هەیە ئەو بەنزینەی ئێستا بە تیجاری دەفرۆشرێت لە هەر بەنزینی ناوخۆییەو وەردەگرێت و بە تیجاری دەفرۆشرێتەوە ، من زۆر ناچمە ناو پرسیارەکانی دەربارەی کە دروستکردنی کۆبۆن من تەئکید لە یەك قسە دەکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە بنەماکانی دروستکردنی کۆبۆن زۆر ئاستەنگی تێکەوتووە ، ئێمە بۆ شتێکی تر ناکەین پێش ئێستا فرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووەو تەعمیم کراوە بەسەر هەموو یەکە یەکەکانی ئیداری کە کارتی زانیاری بکرێ بۆ بنەما بە دروستکردنی بۆ پێ ڕابوون بەهەر ئیش و کارێك ، لەوانەیە ئەگەر کارتی زانیاری بکرێت بە بنەمای سەرەکی بۆ دروستکردنی کۆبۆن هاونیشتمانیان لەو گیرو گرفتە ڕزگار ببن ، من هەر ئەو مولاحەزانەم هەبوو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس ، کاك فرحان جوهر فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی و ڕاپۆرتەکەی لیژنەی سامانە سروشتییەکان تێگەیشتین کە لە کوردستاندا ئەو بڕە بەنزینە کورتهێنانی هەیە ، بە هۆی نەهاتنی لە بێجیەوە ، هەردووکیان تەئکیدیان کردەوە لە ڕاپۆرتەکە و قسەکانی دکتۆر ئاشتی هاوڕابوون لەوەی کە ئێمە لە کوردستان نەقسمان هەیەو بە هۆی ئەو تەتەوراتانەی ئەو دوایەو بەهۆی نەهاتنی لە بێجی و ئەوەی لەتورکیاش هەیە نازانم عەقدەکە نوێ کرایتەوەو یان نوێ نەکرایتەوە کە یەك ملیۆن لیتر لە تورکیاوە دێت ، ئێستا قەیرانەکەش شتێك لە قسەکانی دکتۆر ئاشتی خوێندمانەوە کە حەقە حکومەت بە سەراحەتەن بە خەڵکی کوردستان بڵێ وەکو دیارە بە پێی ئەو دەعمەی کە تا ئێستا کراوە بۆ سووتەمەنی یان بۆ بەنزین لە هەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو قەیرانی داراییەی تووشی بووە بە ڕاستی لە قسەکانی

بەڕێزیان وا دیاربوو نەیویست بەوشێوەیە بڵێ کە بەڵێ حکومەت لە ئێستادا ئەو دەعمەی پێ نادرێتن ، ئەمەش کە شەرمی تێدانییەو حەق بوو حکومەت بە سەراحەتەن بە هاووڵاتیانی کوردستان بڵێتن کە ئێمە بەهۆی قەیرانی دارایی کە تووشمان بووە بۆ ماوەیەك ناتوانین ئەو جا سەقفێکی بۆ دابنێی کاتێکی بۆ دادەنێی تا ئەو کاتە قەیرانەکە چارەسەر دەبێتن ئەم دەعمە لەسەر بەنزین هەڵدەگیرێت ، بەڕێز ئاشتی هەورامی هەر بۆ ئەوەش نەیویستووە بڵێ ، بەڵام کۆمەڵێك موبەریراتی ژینگەیی وەکو لە شارەکانی تەهران و شوێنەکانی تریشی هێنایەوە ، ئێمە تێگەیشتین کە حکومەت دەیەوێت ئەم دەعمە هەڵبگیرێتن، بەڵام بەیەکسەر کە لەبەر ئەوەی کە ناتوانێتن بەسەراحەت بەخەڵك بڵێ و ناتوانێ دەعمەکە هەڵگرێ ، ئەوە ئەزمەی تێکەوتووە ، بۆیە ئەگەر حکومەت ئەو دەعمە هەڵبگرێت و ئەو بەنزینی تیجاری و بەنزینی ئەو ببێتە یەك ، نرخەکەی لەوەی ئێستا هەرزانتر ببێتەوە بۆئەوەی هەم ڕێ لە قۆرخکاری بگرێ ، هەم ڕێ لە قاچاغچیەتی بگرێ، هەم ڕێ لە هەموو ئەو ئەزەماتانەی کە ئێستا بەهۆی ئەو بەنزینەوە پەیدابوونە لەسەر هاووڵاتی کەم بێتەوە، هاووڵاتیانی کوردستانیش تەحەمولی ئەو زروفە بکەن کە بەهۆی ئەوەی ئێمە ئێستا تووشی ئەو تەتەوراتەی ئێستا بووینەتەوە بۆ ماوەیەك بتوانین ئێمەش هاوکاری حکومەت بین تا لەو قەیرانە دەربچێتن و بە سیعرێکی نزیك ، ئەگەر نا بەو شێوەیەی ئێستا ڕێنمایی و چارەسەردانراون بۆ چارەسەرکردنی بەنزین لە کوردستاندا بە ڕاستی بەو ڕێنماییانە چارەسەرناکرێتن ئەم جەلسەیەو جەلسەیەکی دیشی بۆ بگرین هەر چارەسەر ناکرێن ، ڕێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ چارەسەری قەیرانی بەنزین لە کوردستان ڕێنمایی کرچ و کاڵن بەڕاستی بە ڕێنماییانە دەرکەوت چارەسەر ناکرێتن لە ناحیەی عەمەلیەوە ڕەنگی دایەوە بەهۆی ئەوەی کە برادەرانیش باسیان کرد بەهۆی ساڵنامەو کارتی زانیاری و یەك ماڵ چەند عائیلەی هەیە ، ئەم گرفتە چارەسەر نابن کەواتە ئەوەی هەیە ئێمە خەڵکی کوردستان یان ڕێ بدەین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەعمە هەڵبگرێتن ئیتر بەنزینەکە بە شێوەیەکی ئازاد بفرۆشرێتەوە ، سیعرەکەی نزیك بکرێتەوە نەك لەو سیعرەی کە ئێستا هەیە ١٢٥٠ دینارە ، لەوەش پرسیار دەکەین بەڕێز جەنابی وەزیر پێمان بڵێتن ئەم سیعرە چۆن بوویتە ١٢٥٠ دینار؟ بە چ پێوەرێکە؟ لەبەر ئەوەی پێشتریش بە شێوەیەکی ئازادانە فرۆشراوە نەگەیشتیتە ئەم نرخە بۆچی لە پڕێکدا بەو نرخە گەیشتووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس ، بەڕێز علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز خێر هاتنێ بەڕێز دکتۆر ئاشتی و شاندا دگەلدا دکەم ، من دڤیت ڤێ خالێ دەست پێبکەم کو دکتۆر ئاشتی ئیشارەت پێکر ل سەر گرانی و هەرزانیا بەنزینێ ، بەراورد گرانیا بەنزینێ ل کوردستانێ ل گەل تورکیا ، من دڤێت بێژم بەڕێز دکتۆر ئاشتی کو بەنزینا کوردستانێ ئێك وان وڵاتانە نووکە ١٢٥٠ گرانترین

ليتر بەنزينا ل دنيايا دێت فرۆتن بۆ نموونە بريتانيا كو بەنزين نينە دێن بەنزين ژ مە دكرن ، بريتانيا و نەمسا ئەز دێت نموونە دەينم ، ليترا بەنزينا ل بريتانيا بە (٦١ سەنت) يەك يۆرۆيە ، ڕاستە چێ دبت دكتۆر بێژتە گرانترە يۆرۆيەك و شەست سەنتانە بەس ٦٢ لە سەدى باجا واتا بێ باج ٦١ سەنت يەك يۆرۆ دكەڤن كێمترە ژ هەزار دينارە ، لە نەمسا يۆرۆيەك و ٣٧ سەنتانا كو بێ زەريبە ٦٤ سەنتا ، ٥٣ لە سەدى زەريبەيە واتە ئەويش ژ كەمترە هەزار دينارا ، كرێكارەك ل بەنزينخانەيەكا نەمسايا يان بريتانيا كارێ دكەت مووچەى وى دگەل باج و دگەل تەئمينێ ئيجتماعى زێدەترە ٣٠٠٠ هەزار دۆلارا ، ژ بلێ ئەو باجێن ديو ئەو بارێ گران دگەل نەقلياتێ واتە ليترا بەنزينا ١٢٥٠ ژ هەر ولاتەكى ئەوروپى گرانترە ، نزانم ژ پەيڤەكى برادەرەك ژ ئيشارەت پێكرى ١٢٥٠ ئەڤە ژ ئەگەر حكومەتا كوردستانێ بڤێت ڤێ قەيرانێ چارەسەر بكات پێويستە ڕێگە بدات گەلەك كۆمپانيا دى ئەڤ ڕێنماييێن درەكرى ، گەلەك دژوارن دبت سەبەب ڤۆرخكارى بێتە كرن بتەنێ ٣ ، ٤ كۆمپانيا بشێت بەنزينێ بێنن ئى دى دلێ خۆ بەنزين بفرۆشن و قەيران دێ درێژ تربن ، خالا دووێ كو ئەز دڤێت ئيشارەت پێ بكەم دكتۆرى ئيشارەت پێكر كو نە پێشبينيا هەندێ كر كو حكومەت عێراقێ بەهرامبەر بەنزينا بێجى كو مليۆنەك و پێنج سەد هەزارا ببرێت ، ڕاستە تەبعەن هەركەسەكە ئەڤ پێشبينيە دكەت ئەو حكومەتە كو بودجەو مووچەى خەلكى كوردستانێ ببڕت پێشبينى كريە كو بەنزينيش ببڕت ، پرسيارا منيش كو بەرێ هەنگيش هەمى ئيشارەت پێ كرى دوو سالێ بەرى هنگێ پێشبينى هاتە كرن بەهرا كوردستانێ بێت بڕين پلان و بەرنامەى وان چيبيە بۆ هەندێك ئەڤ قەيرانا دروست نەبت؟ حكومەت نوخبا سياسى پێويستە ژ بەرى قەيرانێ بێن خودان پلان و بەرنامە بت ، ل دەمێ قەيرانا چارەسەريە بنەڕەتى بێن ديتن نەكو بە دەركرنا ڕێنماييا بارێ سەر ملێ خەلكى گرانتر بكەن ، خالا دى كو ئەز ئيشارەت پێبكەم كۆبۆن و ئەڤ ڕێنمايەت دەركرين پێنجێ سەدێ خەلكى كوردستانێ بێ بەهر بنش ئەڤ بەنزينا كو نووكە كۆبۆن بێت دان ، هەروسا هاوولاتێن كوردستانێ خەلكێ كەركووك شنگال و موسڵ كو هەندەك ژ وان زێدەتر بيست سالا ل كوردستانێ ئاكنجينە ، ل كوردستانێ دژين ژ ڤان گۆرڤان ڕێنماييە دێ بێ بەهر بنش وەرگرتنا بەنزينا كوبى ، هەروەسا ئەو هاوولاتێن كورد ئەوێ ژ دەرڤە هاتين كو ولاتێ ئەوروپى ژيان ، ژمارا وان ژ گەلەكا ، گەلەكا ژ وان ئۆتۆمبيلا بيانيێت هەين ئەو ژڤێ دێن بێ بەهر كرن ديتنا من ئەڤە ناحەقيەكا خەلكێ كوردستانێ دێتە كرن ، بۆ هەندێ تەبعەن ئەميە ڤێرێ ئەڤ كێشە بێتە چارەسەركرن نەبتنێ ڕەخنە ، ئەز پێشنيارێت دكەم كو وەزارەتا سامانێ سروشتى ئەڤ پێشنيار و ڕەخنێن ئەندام پەرلەمانێ كو نوێنەرى خەلكينە ب سينگەكا بەر فرە وەرگريت بۆ چارەسەركرنا ڤێ كێشێ ، ئەڤ كێشە ديتنا من دێت چارەسەر كردن ئەگەر سزا هەبێت ، ئەو كۆمپانيەت كو بەنزينا ناوخۆيى بە بەهايەكى گەلەك گران فرۆتين ب نەوعيەتەكا گەلەك خراپ كو بيە سەبەبێ تێكدانا سەيارەيەت خەلكى ، ژنگەها كوردستانێ سزا بۆ وان هەبت ، هەروەسا بازاڕ بێت ئازادكرن ئەو ژ دەركردنا هەندەك ڕێنماييا بازاڕ نەيەتە ڤۆرخكردن ، پێشنيارا دكەم كو وەزارەتا سامانێ سروشتى بە پلان و بەرنامەيەك گەلەك باشتر بە دەستەو گرووپێن گەلەك هشيار تر كاربكت ، هەرچەندە ئەوان هەندەك

دەستە ئامادەکرین بۆ کۆنترۆلکردنا بەنزین و بازاڕی بەس دوێ ئاستی دانینە ژمارە وان ژ هەنکێ مە کوفێ ڕاناگەن بازاڕێ کوردستانێ کۆنترۆڵ بکەن ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس ، خاتوو ئێڤار ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆر بۆنەدا بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێن ئێمە شەش مانگ بەر لە ئێستا مالیکیمان ئاگادار کردەوەو هۆشداریمان داوەتێ کە دۆخەکە خراپەو هەروەها دۆخی موسڵیش خراپە ، لەوەش زیاتر بەرپرسە باڵاکان لە هەموو بۆنەکان دەڵێن ئێمە خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە کردووە ، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆ لە پاڵ بیرکردنەوە لە خەندەقەکەو گرتنە بەری ڕێ و شوێنی ئەمنی وەکو وەزیری سامانە سروشتییەکان پلانتان نەبووە بۆ حاڵەتی نەمانی سووتەمەنی و کەمی بەنزین؟ ئەوە پرسیاری یەکەم ، هەروەها سێ مانگ ، چوار مانگی تریش کێشەی نەوتمان دەبێتن ، پرسیاری دووەم لە حاڵەتێکدا شەڕەکە گەرمتر بێت و لە لایەن ئێرانەوە گەمارۆ خرایە سەر هەرێمی کوردستان پلانتان چییە بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دۆخەکە؟ وەك دەزانن ئێران سەرچاوەی ئابووریمانە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك خلف احمد فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و هاوڕێکانی ئەکەم ، خوازیار بووم ئەو دانیشتنەی پەرلەمان وەك چۆن ئەو مانگە درێژکرایەوە بۆ خولی پەرلەمان قسەکردن بوایە لەسەر هەندێك بابەتی پەیوەست بە ژیانی خەڵك کە قەیران نەبوایە هەندێك بابەتی خۆشگوزەرانی بوایە ، بەڵام بە داخەوە ، ئەوەی کە هەیە ئێمە چاودێری پەرلەمانین لیژنەی سامانە سروشتییەکان ڕاپۆرتەکەیان وێڕای دەست خۆشی ، جگە لەو خاڵەی لەو ئەخیرانە بەڵگەکەیان خستەڕوو ئیزافەیەکی تێدانەبوو ، بۆیە گرنگ ئێمە وەك پەرلەمان جیاواز لە حکومەت بیر لەو بابەتە بکەینەوە ، حکومەت حکومەتی خۆمانە ، چاودێری کردن و موتابەعە کردنی ئێمە و پێشنیارو ڕەخنەکانمان بۆ ئەوەیە ئیش و کارەکانی هاووڵاتیان باشتر بڕوا، خودی وەزیر و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش خوازیاری ئەو کێشەیە نین کە هەیە ، بۆیە گرنگە بە چاوی ڕەخنە گرتنێکی ئیجابییانە لێمان بڕوانن و پێشنیارەکانی هەم لیژنەی سامانە سروشتییەکان و هەم ئەندام پەرلەمانەکان بە هەند وەربگیرێ ، ئەوەی کە پەیوەندی بە فۆرمەوە هەیە زۆر قسەی لەسەر کرا تەنها ئەوە ئەڵێم فۆرم لە کاتێکی نەخوازراودا لە عێراق پەیڕەو کرا بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی قەیرانێکی گەورە کە بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٩٨٦ دانرا بۆ خۆراك ، لە کاتێکدا هەموو هاووڵاتییەك**

ئازادە لەوەی کە نەوعیەتی خواردنەکەی بۆخۆی دیاری کردبایە ، بەداخەوە ئێستا ئێمە بەرەو ئەوە هەنگاو بنێین بەنزینیش بکەین بە فۆرم وردە وردە لەو وڵاتە دەوڵەمەندە بەرەو ئەوە دەچین ئاو و ئۆکسجینیش ببێت بە فۆرم ، هیوادارم بەدیلێك بۆ ئەمە بدۆزیتەوە ، چونکە ئەمە جگەلەوەی لە ڕووی ئەتەکێت و وڵاتێکی سەردەمی ، شتێکی جوان نییە لە هەمان کاتدا کێشەو گیروگرفتی زۆری تێدایە ، ڕوونکرایەوە ، ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە هەیە دیسان گرفتی زۆری تێدایە ، هیوادارم ئەوە چارەسەر بکرێ پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەوەیان وت ، فۆرم مەسەلەی گەنجیش کە زەواجی نەکردبێ ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە ، ئەوەی کە پەیوەندی بە سالآنەی ئۆتۆمبیلەوە هەیە ڤیست و ڤاسرین و ئەوەی کە بەناوی خۆیەوە نەبێ گرفتێکی گەورەیە ، لەبەر ئەوە ئەوەشی کە بەڕێز جەنابی وەزیر بە علوج باسی کرد هەر بۆخۆشی لەناو کۆمەڵ وا ناوی دەهێنرێت ، ئەم علوجە ئاسایش و کاتی خۆی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ کارتی زانیاریان بۆ دەرکردووە ئەو کارتی زانیاریە بەدیلێکە بۆ سالآنە ، ڕەنگە لەسەر کارتی زانیاری ئەوە چارەسەر بکرێ ، قەبارەی ئەو کێشەی کە ئێستا هەیە و پەیوەندی بە قەیرانی بەنزینەوە هەیە گەورەترە لەو قەبارەیەی کە بەراورد دەکەی لە نێوان بڕی سووتەمەنی پێویست و لەو بڕەی کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا دابین دەکرێ ، ئەوەندەی هەست دەکەی لە شێوازی تەکتیکی و تەکنیکیەوە لە ڕووی ئیدارەدانی ئەو قەیرانەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ئاست ئەو قەیرانە دانەبووە سەبەب بۆ ئەوەی ئەو قەرەباڵغیەو دۆخە دروست ببێ ئەوەندە هەست دەکەی نەبوونی سەرچاوەکانیان یان نەبوونی بەنزینەکە گرفت نییە ، بۆنموونە سەلآحیەتی پێدانی یان سەلآحیەتی کردنەوەی پالآوگەی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا تەنها لە دەسەلآتی خودی وەزیر دایە ، لە کاتێکدا ئەمە پێویست بوو ئەم دەسەلآتە شۆڕبکرێتەوە بۆ حکومەتە خۆجێیەکان خۆشبەختانە ئێستاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش کراوە ، گرنگە ئەو دەسەلآتە شۆڕبکرێتەوە بۆ خوارەوە ، بۆ نموونە لە سلێمانی تاکو ئێستا سێ جار بۆ چوار جار پێشنیار یا داوای کردنەوەی پالآوگە لەو ناوچەیە کراوە ، بەلآم ئەو سەلآحیەتەیان پێنەدراوە ، موافەقە نەکراوە ، بەخۆشمان دەزانین یەکێك لە چارەسەرەکان کە چارەسەری بنەڕەتییە کردنەوەی پالآوگەی نوێ یا فراوانکردنی ئەو پالآوگانەی کە لە هەرێمی کوردستان داهەیە ، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان عیلمی هەبووە ئیتر بۆ گرفتانەی کە لە مەسەلەی بەنزیندا ڕوویدا؟ وەك بەڕێز وەزیر بەخۆی ئیشارەتی پێکرد داعشیش نەهاتبایە وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو گرفتەی بۆ ئێمە دروست دەکرد ، ئەی بۆ پێش وەخت پلانێك دانەنرا؟ خۆ ڕاستە ئەو ئیشارەتی بەوە کرد کە سالێك زیاترە ئێمە تەسەورمان دەکرد لە سالێکدا ئەوە ڕوویدا بەلآم بە فراوانکردنی پالآوگەکان یان کردنەوەی پالآوگەی نوێ ئەکرا ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێ یان ئیهتیمام بدرابایە بە هێنانی بەنزین ، ناکرێ لە مەسەلەی ئەگەر ئێمە قەرار بێ ڕاستە ئەو کولفەیە زۆرە لەسەر حکومەت سالآنە ٥ ملیار دۆلار بۆ پشتیوانی کردنی پرۆسەی نەوتی و سووتەمەنی و کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان قورسەو کولفەیەکی گەورەیە ، بەلآم ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەمە چارەسەر بکەین بە قەراری کوت

و پرو لەکاتێکی قەیراناوی ئاوا هاو ئێستادا ناتوانین ئەوە بکەین ، بۆیە هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان وە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەم بڕیارە بە پلان و بە بەرنامەبێ وە هەمووی لەسەر شانی هاوولاتی و خەڵکی کەم دەرامەت نەبێ ، بەداخەوە ئەیلێم دۆخەکە ئاوەهایە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەو زەختانە دەکەوێتە سەر ئەستۆ و شانی هاوولاتییە فەقیرەکان کە لە خوارەوەن ، بەناخۆشبەختیەوە ئەیلێم ئەوانەی دەست ڕۆیشتوون ئەوانەی دەوڵەمەندن بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەوەی خۆیان چارەسەر دەکەن ئەوەی کە ناتوانرێ خەڵکی فەقیرە ناتوانێ ئەوە بۆ خۆی چارەسەر بکا ، ئێمە ناکرێ بەراوردی خۆمان بەو وڵاتانە بکەین کە وڵاتی بەکاربەری بەنزینن یان وڵاتی بەکار بەری سووتەمەنین ، ئێمە وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوتین ، پێویستە بەراوردی هەرێمی کوردستان بەو وڵاتانە بکرێت کە بەرهەمهێنانی نەوتی تێدا دەکرێ ، بۆیە ئەو نرخە ناکرێ ئێمە لە بەرزترین نرخی دنیا چۆن بێ بەوە قیاسی بکەی، بۆیە گرنگە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەوە بەهەند وەربگیرێ ، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە خۆمانەوە مەسەلەی پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ بەرهەمە نەوتییەکان ، سندوقی داهاتە نەوتییەکان ئێمە ئەو دوو پرۆژەمان لەسەرەتای کارەکانمان خستۆتە بەردەست ، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە ، پێموایە لیژنەی پەیوەندیدار ڕاپۆرتی نووسیوە ، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەندێك مەعلوماتیان وەرگرتووە هیوادارم وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زوو وەڵامی پەرلەمان بداتەوە ، تاکو ئەو دوو پرۆژەیە بخرێتە بەرنامەی کارو ئیشی لەسەر بکرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، فەرموو ڕێواز خان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و هاوڕێکانی ئەکەم ، لە ڕاستیدا من چەند سەرنجێکم هەیە ، چەند پرسیارێکم هەیە لە ڕێگای بەڕێزتانەوە ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکانی ئەکەم ، سەرەتا سەرنجی بەڕێزتان ڕائەکێشم بۆ ماددەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی یاسای نەوت و غاز ژمارە ٢٢ کە بە ڕوونی باس لە ئەرکەکانی وەزارەت و وەزیر ئەکات سەبارەت بە ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هەموو دەزگاکانی بەکار هاتوو لە پرۆسەکانی نەوتدا ، هەموومان ئەخاتە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، لەناویان دا دەزگاکانی تایبەت بە پاڵاوتن کە بە دەق لە برگەی یەکەمی ماددەی هەشتەم دا هاتووە ، پرسیارەکەی من لەو ڕووەوە ئەوەیە ئایا لە هەرێمی کوردستاندا چەند پاڵاوگە هەیە؟ ئایا چەندیان مۆڵەتی فەرمیان هەیە؟ ئایا ئەو کەرستانەی کە ئەم دەزگایانە بەکاری دەهێنن بۆ بەرهەمهێنان چ جۆرێکن؟ ئایا کوالێتیان چۆنە؟ ئایا ئەم پاڵاوگانە مەبەستم ئەو دوو پاڵاوگە فەرمیە نییە کە هەن ، ئەو پاڵاوگانەی کە هەموومان دەیبینین و ناوی خەڵکی دەخرێتە پاڵ ، ڕەنگە لە دەیان پاڵاوگە زیاتر بێ ، ئایا ئەمانە بەنزین بەرهەم دەهێنن؟ کوالێتی ئەم بەرهەمە چۆنە؟ ئایا بەڕێزتان

چاودێریان دەکەن یان نا؟ چونکە بە گوێرەی زانیاریەکانی ئێمە وا هەست دەکەم کە بەڕێزتان نەوتیان پێ ئەفرۆشن ، یەعنی بە بەشێك لەم پالاوگانە ، ئایا هەمان بەنزین بەرهەم ئەهێنن یان نا؟ سەرنجێکم هەیە لەم ڕووەوە سەبارەت بە ئەرکەکانی وەزارەت و وەزیر ، من وا هەست دەکەم جۆرێك لە نا هاوسەنگی هەیە لە دوو ئەرکی سەرەکی ئەم وەزارەتە ، یەکێکیان مەسەلەی ئەنجامدانی گرێبەستە لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ پرۆسەکانی بە دوادا گەڕان ، دۆزینەوە ، بەرهەمهێنانی نەوت کە بۆخۆتان ئەزانن زیاتر لە ٥٠ گرێبەست لەم ڕووەوە هەیە ، بەلاّم سەرنجی بەڕێزیشتان بۆ ئەوە ڕائەکێشم کە وەزارەتەکەی ئێوە تابعێکی خەدەمیشی هەیە لە پێشکەش کردنی جۆرێك لە شمەکا کە بریتییە لە پێشکەش کردنی یان بەردەستکرنی سووتەمەنی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەو سێکتەرە جیاوازیانەی پێویستیان بە سووتەمەنییە ، بۆ خۆمان یەعنی من ئەو قەناعەتەم لەلا دروست بووە کە لاسەنگیەك هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانتدا لەوەی کە بایەخەکی زۆر بە بەشی یەکەمی ئەرکەکاتان دراوە ، بەلاّم بەشی دووەم تەنها خۆی لە خەرج کردنی بڕێکی زۆر لە پارە ، دابینکردنی سووتەمەنی ئەبینێتەوە ، بە تەسەوری من ئەبوو ئەمە لە دروستکردنی پالاوگەیا ئیشی لەسەر بکرێ ، ئەبوو ئێمە بڕیار لەجیاتی ئەوە ٥٠ زیاتر گرێبەستی دۆزینەوە و گەڕانی نەوتمان هەیە ٤٠ دانەمان هەبوو وایە دەیەکەی تر تەرخانکرابایە بە دروستکردنی یان ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان بۆ ئەوەی بتوانن پالاوگە دروست بکەن لەکاتێکدا زەمینەی دروستکردنی پالاوگە ، حەوافز بۆ کۆمپانیا جیهانیەکان زۆرە بۆ ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان لەم بوارەیەوە ئیستیسمار بکەن بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبینەوە ، چونکە کڕینی بەنزین بەو شێوەیە بۆ هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی بەرهەمهێنە لە بواری نەوتدا ، هەرێمێکە خۆی خاوەنی نەوتە من بە جۆرێك لە کەم و کورتی ، کەمتەرخەمی ئەبینم لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە تا ئێستا بەو شێوەیە چارەسەر نەکراوە کە لە ئاستی تموحی تاکی کوردی ، لە ئاستی تموحی نوخبەشدا بێت ، لە کۆی قسەکانی بەڕێزیان ئەگەر بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەگەر لە ڕووی کاتەوە ، لە ڕووی بابەتیشەوە دابەشی بکەی ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێزیان خوێندییەوە زۆرترین کاتی تەرخانکردبوو بۆ قسەکردن لەسەر نرخی بەنزین ، چوار خاڵی باسکرد وەکو ئاستەنگ بەلاّم ئەوەیان کە زۆرترین تەرکیزی لەسەر کرد هەم وەکو لە ڕووی بابەتی هەم لە ڕووی وەقتەوە قسەکردن بوو لەسەر نرخ ، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکدا دەژین چیتر بەرگەی ئەوە ناگرێ کە ڕاستییەکان لە یەکتری بشارینەوە ، بریا ئەگەر وەزیری سامانە سروشتییەکان و حکومەت مەبەستیان ئەوەیە نرخی بەنزین گران بکەن ئەم قەیرانەیان لە شێوەی قەیرانێکی خۆکردا وێنە بکردبایە نەك قەیرانێکی لە ناکاو وەکو هاوڕێم کاك خەلەفیش باسی لەوە کرد کە بڕی ئەو بەنزینەی ئێستا دێتە هەرێم بە بەراورد لەگەڵ بڕی خواست لەسەر بەنزین ئەگەر بەراوردی بکەی لێکدەرکردن لە نێوان ئەو دوو بڕەدا بکەی ئاستی قەیرانەکە بەو شێوە گەورەنییە کە ئێستا لەسەر شەقامەکانی کوردستان ئەبینرێ بەوەی کە خەڵك لە پارشێوەوە دەچێت لەسەر شەقامەکان ڕۆژ دەکاتەوە بەم مانگی ڕەمەزانە ، من قسەیەکی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بیر جەنابیان ئەخەمەوە لەو

کۆبوونەوەیەی کە لە ڕابردووا کردمان پێش ئەوەی کابینەی نوێ سوێند بخوا ، یەکێك لەو قسانەی کە کردی ئەوەبوو کە لێتان ناشارمەوە کە ئیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ دەعمی بەنزین یان سووتەمەنی بە شێوەیەکی گشتی بکات ، ڕەنگە لە ئایندەدا ئەم ئەرکە ئەرکێکی زۆر بێ ، بریا ئێمە بەیەکەوە دابنیشتباینە بە دوای چارەسەردا بگەڕاباینە ، ئێمە دوو قەیرانمان تێکەڵ کێش نەکردبایە ، چونکە بارێکی قورس لەسەر هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دروست بووە لەبەر ئەوەی هەم ئێستا قەیرانەکە لە نەبوونی بەنزینە وە لە گرانبوونی نرخەکەی یان با بڵێین بە ناڕاستەوخۆ بڕیاری حکومەت بۆ گران کردنی نرخی بەنزینە ، چونکە دەرکەوت کە ئەمە ناڕاستەوخۆ هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە ئەمە بکرێ لە زەمەنێکا کە خەڵك بەدەست قەیرانێکی دارایی زۆرەوە ئەناڵێنێ ، یەکێکی تر سەبارەت بە ڕێنماییەکان من تەسەور ئەکەم ئەم قەیرانەی ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئیستغلال کراوە بۆ لە لایەك بۆ گران کردنی بەنزین ، لە لایەکیشەوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەرکی وەزارەتی ناوخۆشی گرتۆتە ئەستۆ ، ئێستا نوێکردنەوەی سالآنەی ئۆتۆمبیل مەرجی توندو تۆڵی ئۆتۆمبیل هەموو ئەمانە کە لە ڕاستیا ئەرکی ئەم وەزارەتە نین بە ناڕاستەوخۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەم ئەرکەش بەجێ ئەگەیەنێ ......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەمە باسکرا لە لایەن پەرلەمانتارانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

ببوورە ، خاڵێکی تر کاك علی هالۆ ئەو پرسیارەی کرد کە ئێمە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی کەمکردنەوەی پشکەکەمان بووین لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ، ئێوە خۆتان ئەڵێن ئێمە تەسەورمان کردووە ئایا ئەگەر تەسەورتان کردووە ڕاستە زووتر لەوە هاتووە کە خۆتان تەوەقوعتان کردووە بەلآم لە ئێستادا بە دەقیقی چیتان پێ ئەکرێ؟

ئاخر قسەم پێشنیارەکانمە ، داواکارم لە بەڕێز وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بایەخێکی تایبەتی بە بواری پالآوتن بدا ، داوا ئەکەم ماددەی ١٣ی یاسای نەوت و غازی کوردستان کە تایبەتە بە دروستکردنی کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالآوتن و پاشکۆکانی کۆدۆ هاوئاهەنگی بکرێ لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو کۆمپانیایە دروست بکرێ ئەو کات زۆرێك لەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە ڕەنگە ئەم کۆمپانیایە بۆ خۆی بتوانێ ئەم ئیشەبکا ، یەکێکی تر تەرکیزکردنی یان دانانی پلانێکی ستراتیژییە چۆن ئێمە پلانمان دانا بۆ زیادکردنی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان ، پلانێکیش بەهەمان شێوە دابنێین بۆ دروستکردنی پالآوگە ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی ، ئەخیر شت ئەوەیە کە زۆر ناوی کۆمپانیاکان هێنرا کە ئێستا قۆرخی هێنانی بەنزین ئەکەن ، زۆر ناوی بازرگانەکان هێنرا یا با بڵێین بە تەحدیدی باسی شارەکان کرا لە هەولێر دوو بازرگان هەیە ، لە سلێمانی کۆمپانییەك یان چەند کۆمپانییەك ئەتوانن ئەم ئیشە بکەن

ئەمەش بە بێگومان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەرج و ڕێنماییە تەعجیزییەی کە دانراوە بۆ وەبەرهێنەرانی کوردستان ، داوا ئەکەم ئەم ڕێنماییە چاو پێخشاندنەوەی پێبکرێ لەلایەنی کەم لە ئێستادا بتوانێ دۆخەکە بە ئاڕاستەیەك بگۆڕێ کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە یەکەم پێشنیارمە لەلایەن زۆربەیان پێش کەش کرا, ئەو قەیرانە پەیوەستە لەبێ پلانی بیست و سێ ساڵەی حکومەتی هەرێم کەلەو ماوە زۆرەدا هەمووکات لە ئەمڕۆدا دەژی، دووەمین واباشترە بازرگانەکان چیدی موجامەلە نەکرێن، چونکە ئەوان فێربوون ئەگەر حەفتە جارێك قەیران دروست نەکەن چۆنکە دەست ڕۆیشتۆن و لەلایەن هەندێك بەرپرس پشتیوانیان لێ دەکرێ، لەباسی پلانی دوساڵ و سێ ساڵ دەکرێ پلان سودی چیە ئەگەر بازرگانەکان ئەو ماوە زۆرە بەونرخە بەرزە بەنزین بفرۆشن، بە نیسبەت(کۆبۆن)ەوە هەموو کاتێك کە بونی کۆبۆن شەرعیەت دانە بە گەندەڵی, چونکە هاووڵاتی پێویستی بەبڕەبەنزینی زیاترە, کاتی خۆی لەجێی پێشمەرگە کۆبۆن دادەنرا ئێستا بۆچی خەڵك کۆبۆنی هەبو بۆچی دیسان ئەم هەمو پارە لە خەڵك وەرگیراوە بۆ دوبارە کردنەوەی, کاتێك هاولاتی لەبەر هەر هۆیەك بێ پێی ناکرێ لەکاتی خوی بەشە بەنزینی خوی وەر بگرێ بە بێ چ ڕێنماییەك بەشە بەنزینەکەی بۆ بەنزینخانە یاخود بازرگانەکەی دەگەڕێتەوە و کۆبۆنەکەی دەسوتێ ئایا ئەوە شەڕێکی دەرونی نیە لە گەڵ هاولاتی دا دەکرێ پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم کەنرخی بازرگانی و حکومی لەیەك نیزیك بکرێتەوە دلنیاشم لەوەی ئەو قەیرانە شتی دروست کراوە بۆ مەشغولکردنی خەڵك تا داواکاریە بنڕەتیەکانی دیکەیان لەبیر بچێتەوە ئەمە سیاسەتێچی ولاتە ڕۆژهەلاتیەکانی وەك ئەندنوسیایە بۆ خافلاندنی هاولاتی بە ئاوو کارە با و کێشەی نیشتە جێ بون و دامەزراندن و بێکاری . سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروا علی حە صالح فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حە صالح:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپورتی لیژنە دەست خوشیان لێ ئەکەم لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ تێبینی هەیە یا هەندێ ئیزافە هەیە وێڕای دەست خوشیم بۆ هاوڕێیانم کە زۆریان پشتگیری لە داواکانیان یان پێشنیازەکانیان ئەکەم سەبارەت بە مەسەلەی پالاوتن، من حەز ئەکەم ئیشارەت بە وە بدەم کەلە هەرێمی کوردستانا جگە لەو دوپالاوگەی کەهەیە, لە هەمان ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢ دو کۆنتراکت ئیمزا کراوە کە ئەویش یەکێکیان بۆ بلۆکی میران بووە لە پارێزگای سلێمانی کەبە حسابی ئەوەی لەماوەی بیست و چوار مانگە دروست بکرێ،

یەکێکی تریان لە بلوکی سندی ئامێدی هەرلە ٢٠٠٧/١٠/٢ کراوە ئەویش بۆ ئەوەی لە ماوەی هەژدە مانگدا ئەو پالاوگەیە دروست بکرێت، جگە لەوەی کە ئیشارە دراوە بە بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکانیان لە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەوەی کە رەزامەندی بفەرمون بۆ دروستکردنی پالاوگەیەك بەتوانای ٣٠ هەزار بەرمیل ئەویش ٢٠٠٧/١١/٤، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دو پالاوگەی تریش هەبووە بەلام ئایا تا ئێستا نەتیجەی ئەو پالاوگانەی گەیشتونەتە کوێ و بۆ دروست نە کراون؟ پرسیارەکە ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستانا زیاتر لە پەنجا کۆنتراکت کراوە لەگەڵ نزیکەی بیست و پێنج کۆمپانیای جیاوازا بەلام تاچەندیان ئەمانە چەندیان پالاوگەیان تیا هەبووە وە ئایا ئەو کۆنتراکتانەی کراوە یان ئەو کۆمپانیانەی کە ئەو مەرجانەی هەیان بوو جێ بەجێیان کردووە وەکو دروستکردنی پالاوگەکان، وە وەزارەت بۆچی ئەگەر نیانە بۆچی و لە پای چی بێ دەنگ بووە کە ئەو پالاوگانە بو دروست نەکراون، جگە لەوەی کە نزیکەی سەد پالاوگەی دوا کەوتو و بێ مولەت هەن لە کوردستانا وە ! ئایا ئەوانەش چون بونی لەکارەکان و بۆچی بێ دەنگ بون لە ئیهمالیەکانیان کە رەنگە بۆ خویان ئە گەر بکرێ ئەمانە ئەم سەد پالاوگەیە رۆژانە تێکرا بەبرِی یان ئەتوانن نزیکەی دوسەد بەرمیل بپالێون، سەبارەت بەزوری قەیرانەکان کە بەرێزیان ئیشارەتیان بەوە یا گەران بۆ چارەسەرەکان هەمویان لە دوای دووساڵەوە بوون واتەی ئێمە لە ئێستایا هیچ چارەسەرێکی ئانی مان نەبووە بۆ ئەم قەیرانە گەورەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێ کەوتووە، چونکە ئەوەی کەبەرێزیان ئیشارەتیان پێیا هەمووی کەلەماوەی هەژدەمانگە, نۆ مانگە, نۆمانگە بۆساڵێ بۆ دووساڵ بەو شێوەیە بو هەرچەندە ئەم قەیرانانە هەمیشە ساڵانە دوبارە ئەبێت و لە هەرێمی کوردستان و ئێمەش لەکاتی خۆیا ئەگەرێین بۆ چارەسەری هەنوکەی کورت خایەن ئەمە ئەکرا پێشتر کە هەرێمی کوردستان هەمیشە لەو قەیرانانە کە پێشتر ئیشارەتی بۆ بکرایە سەبارەت بەوەی کە بەڵێ مەرجەکان و رێنمایەکان بەرێز زورێك لە پەرلەمانتارانی ئیشارەتیان پێا، بەلام تەئکید دەکەمەوە کە تەنیا لە شاری سلێمانیا حکومەتی هەرێم بۆخۆی ئەتوانێت بیست ملیون لیتر بەنزین بابڵێن(خەزنکا)وێرای ئەمە داوای ٣٠ ملیۆن بەنزین لیتر بەنزین ئەکەن بۆ خەزنکردن بۆ یەکێك لە رێنمایەکان وە ئەبێ کۆمپانیا بێت داوای ئەوە کراوە کە حالەتێك هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئێمە لە هەرێمی کوردستانا ئێستا لە بارودوخێکداین کەزورێك لە ناوچەکانی تری ماددەی ١٤٠ ئێستا تا رادەیەکی زۆر پشتیان بە ئەم سێ شارە بەستووە بەلام زوربەی رێنماییەکان کەلە وەزارەتەوە دێت بەرێنمای حکومەتی هەرێمی کوردستان یان هەرێمی کوردستان دەیکا مەفروزە ببێ بە رێنماییەکان هەموو کوردستان بگرێتەوە، چونکە ئەو ناوچانەش لەوانە کەرکوك بەپێی ئەو رێنمایانە ناتوانرێت بەنزینی تیجاری بنێرێ بو کەر کوکیش یان بۆ ناوچەکانی تر، هیوادارم ئەمە چاو پێاخشانەیەوەیەکی پێابکرێ * سەبارەت بە ئیجازەدان بۆ پالاوگەکان تەنیا ئەوە ئیشارەت پێ ئەهێنمەوە کەئەکرێ زورێك لە وەبەرهێنانی ناوخۆ بابڵێن خواستیان دەربریوە بۆ ئەوەی کە ئەتوانن پالاوگە ئەنجام بدەن، هیوادارین وەزارەتی سامانە سروشتیەکان تەنیا ئەوەیە کە ئیجازەدان بە خەڵکی وەبەرهێنەری ناوخو بدرێ بۆ جێ بەجێکردنی پالاوگەکان و کەئەشیانەوێ ئێوە بکەن، ناردنی

نەوت و کەناردنی نەوتی خاو بەتەنکەر کۆ مەڵێ دەرئەنجامی خراپی لێ ئەکەوێتەوە ئەویش بەهوی کە ئەو تەنکەرەی نەوتی خاوی ئەنێرێتە دەرەوە وێڕای ئەوەی کە کاریگەری هەیە لەسەر ژینگەی کوردستان وەلەسەر جادەکان و لە ڕووی ئابورییەوە کاریگەری زۆری هەیەو لەو سەریشەوە کەدێتەوە بەهەمان شێوە، بەڵێ مەبەستمان ئەوەیە کەپالاوگە ئەرکێکی سەرەکی گرنگە ئهتیمامی پێبدرێت، وە بەڕێزیان ئیشارەتی بەوەیا کە ئێستا باشەو قەرەبالغی نابینرێ، هیوادارم بەڕێزیان زیاتر بە وردی سەیری ناوچەکان بکەن،چونکە بۆ نمونە ئەوبەنزینخانانەی کە دیاری کراوە لە سایمانی تەنیا چوار بەنزینخانە دیاری کراوە بۆ زیاتر لە چل و سێ هەزار تاکسی کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە دڵنیایی قەرەبالغییەکی زۆر هەیە وە قەیرانەکە بەردەوامە. زور سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەڕلەمان:**

بەڕێز شوان احمد( شوان قەلادزەیی) فەرمو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەڕلەمان.**

ئەوەی لە وتەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەخوێنراپەوە کەئەو بڕە بەنزینەی کە پێشتر هاتوتە کوردستان ١٠٠٠٥٠٠ لیتر فەوتاوە یان بە هەدەر دراوە ئەی جەنابی وەزیر بۆچی لێکوڵینەوەی نە کردوە بۆچی بەهەدەر دراوە بۆچی فەوتاوە ئەو ١٠٠٠٥٠٠دە لەپێش ئەو قەیرانە وە قسەکانیشیان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەنزین گران دەکرێت ئەوە بۆ خۆی کارەساتێکی ترە خەڵك چاوەڕیی ئەوەیە کەنەوتی کوردستان بەرەو ولاتانی ئەوروپا و شوێنەکان دەڕوا چاوەڕیی هەرزانتر دەکەن نەك گرانتر بکرێت، *خاڵێکی تر هەر سەبارەت بەداهاتی نەوت لەم هوڵی پەڕلەمانە سەرۆکی کابینەی شەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی چوار ملیار دولار داهاتی نەوت هەیە ئەوە عەلاقەی بەوە هەیە ئایا لەو چوار ملیارەنەدەکرا ئستیفادە بکرێت بو دامەزرندنی پالاوگەی زیاتر لە هەرێمی کوردستان *خاڵێکی تر مەسەلەی کۆبون ئەو میکانیزمەی کە دانراوە هەر خۆی شێوازی میکانزمی دانانی کۆبون بۆ خوی قەیرانی دروست کردووە تازە فەرمانبەرێکم بینی خەڵکی مەخمورە سەنەوی سەیارەکەی هەولێرە بەلام لەبەرئەوەی کۆبونەوەکەی مەخمورە پێی نادرێت کەواتە ئەوە دەی سەلمێنێ کە ماددەی ١٤٠ لە ئێستاوە جێ بەجێ نەکراوە وەکو ئەوەمان ڕاگەیانراوە کە جێ بەجێ کراوە * خاڵێکی تر پالاوگە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کەباسی ئەو پالاوگانە دەکات ئەڵێت پالاوگە دادەنێن لە دهۆك لە مەقابیلدا باسی پالاوگەی گەرمیان دەەکات باسی پالاوگەی خەبات دەکات کەزیادەکەن لە هەمان کاتدا باسی بازیان دەکات کەواتە تائێستا لەسەر محاسەسەی حزبی ئەوپالاوگانە دەکرێنەوە بۆچی تا ئێستا بەس ئەو پالاوگانە لە دوو نەکراوەتە چوار و پێنج و زیاتر بۆ ئەوەی کەوا ئەمە ئەگەر بڕیارماندا سەر بە خوبین لەڕوی ئابورییەوە لە هەرێمی کوردستان و پێداویستییەکانی ناو خو دابین کەین هێنانی بەنزین بەو مەرجانەی کە دانراوە بو هێنانی بەنزین مەرجی زۆر سەختن ئەکرێ ئەو مەرجانە ئاسان بکرێت وەبەڕاستی هەدەفیش لە

هێنانی بەنزین ئەوە نەبێت لەپڕێکا بەهۆی قەیرانەکەوە کۆمەڵێك دەوڵەمەندی کون فەیەکون پەیدا بـبن * خالێکی تر لێپرسینەوە لـەو پالأوگەیـەی کـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی سامانە سروشـتییەکان ئامـاژەی پێکـرد ئـەو پالأوگەیەی کێیە کە ئەو سوتەمەنییەی فروشتووە پێویـستە ئاشـکرابکرێت ئینجا لیژنـەکە بۆچـی وەزارەت تەبریئەدەکات ئەگەر وەزارەت لـە هـەمو سلبیات و ئیجابیـاتی سـوتەمەنی لـە هـەرێمی کوردسـتان وەزارەت بەرپرسە نەك شتێکی تر هەبێ لە سەروی وەزارەتەوە، *خالێکی تر کە بـاس لـەوەکرا کـەوا پارەیـەکی زۆرو یان سوتەمەنی تەرخان دەکرێ بو وەزارەتی کارەبا بەلأم لە مقابیلدا لەکارەبا پارە وەردەگرێتەوە * خـالێکی تر کەدیاریکردنی ٢٥ لیتر و ٥٠ لـیتر ئـەوە بـۆ خـۆی قەیرانـە بەڕاسـتی وەکـو بـاقی برایـان باسـیانکرد ئـەوە هەربتڵ ئاوبێ دەخورێتـەوە ئەوەنـدەی کـە چـوار سـەعات و پێـنج سـەعات، دە سـەعات لەسـەرەی بـەنزین دەوەسـتن علـوج کـە باسـی سـەیارەی علـوج دەکرێـت علـوج حـەقی خۆیـەتی دوای ٢٣ سـاڵ لـە حکـومڕانی کێشەکەی چارەسەر بکرێت ئەگەر نا قانونییە بۆچی ئەو چارەسەر ناکرێ، ئەوە نرخی ١٢٥٠ یە چۆن دیاری کراوە پێشتر لـە هـەرێمی کوردسـتان بـەنزیی سوپەر هـەبووە و بـەنزینی نایاب هـەبوو نرخەکەی لـە ١٠٠٠ دینار تێ نەدەپەڕی لەکاتی دروست بونی ئەوقەیرانە وەزارەتی سامانە سروشـتییەکان چـەند بەنزینخانـەی سـزاداوە لـەو سەرپێـچکارانە، ئینجـا ئێـستا ئـەو قەیرانـەی کـە هەیـە کـێ لێـی بەرپرسـە وەزیـر بەرپرسـە وەزارەتەکەی بەرپرسە، سەرۆکی حکومەت بەرپرسە میللەت بەرپرسە، کێ بەرپرسـە ئـەبێ کەسـێك هـەبێ لـەوە بەرپرسـبێ، ئـەو پالأوگانـەی کـەباس دەکـرێن مۆڵـەتیان نییـە کـەتا ئێـستا مۆڵـەتییان نییـە بۆچـی مولەتییان پێنادرێت کە مولەتییان پێنادرێت بۆچی داناخرێن. زور سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەوڕامان حمە(هەوڕامان گچێنەیی) فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دەمەوێ هەر بـەکورتی ئامـاژەی پێبکـەم پشتگیری لـە زۆربـەی سـەرنج و بۆچـونەکانی ڕاپۆرتەکـەی لیژنەی پیشەسازی ووزە دەکەم * خـالّی دووەم جـەنابی وەزیـر باسـی پلانـی درێـژ خایـەنی کـرد بـەلأم ئایـا پلانـی کـورت خایـەن بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم قەیرانـە ئەگـەر تـەنها کۆبـون بـێ ئـەوا بەڕاسـتی کۆبـون چارەسەری تەواوی کێشەکەی نەکردووە ئایا چارەسەری تر چی یە؟ سێهەم لەڕاسـتیدا قسەیەکم بیـست لـە جەنابی وەزیر ووتی تاوەکو ئێستاش بەنزین لە بەنزینخانەکان نەبڕاوە جا حەزئەکەم ڕۆنکردنەوەی زیاتر با لەوبارەیەوە توزێك ڕونی کاتەوە زیاتر* خالّی چوارەم ئەو بەلگەیەی کەلیژنەکە باسـیانکرد مـن پرسـیار لە جەنابی وەزیر ئەکەم، دەلێم جـەنابی وەزیـر ئایـا جـەنابت ئاگاداریـت بەمـە یـان ئاگادارنیت، لەهەردوو حالەتەکە عەرەب وتوویانە ( ان کنت تعلم فذالیك مصیبة وان کنت لاتعلم فالمصیبة اعظـم )، سـەبارەت بـە بەنزینی تیجاری و مەرجەکانی کەتەنها چەند کەسێکی یـان چـەند کۆمپـا نییائێـك کـە خـاوەنی سـەروەتوو سامانێکی زۆرن،و پشتگیری ئەکرێن دەتوانن بەنزینی تیجاری بێـنن لەبـەر ئـەوەی کـە مەرجـەکان قورسـن،

ئەمە ئەو حالەتەیە کە قورئان هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەو پێش ڕەتی کردوتەوە کەخوای گەورە ئەفەرموێت ( كي لا يكون دولة بين الأغنياء منكم ) ئەو پارەو سەروەتوو سامانە هەر دەهێنرێ و دەبرێ لەبەینی دەوڵەمەندەکانا و تەنها دەوڵەمەندەکان دەتوانن ئستیفادەی لێ بکەن *خاڵی شەشەم سەبارەت بە ئەو کوردە بەڕێزانەی کە خەڵکی کەرکوك و شوێنەکانی ترن کەبەڕاستی سەرنجی بەڕێزی ڕا ئەکێشم بۆ قسەی بەرێزێك کە دوێنێ لە دانیشتنی لە نوسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی بەرێزێك هات کەوەعدم پێدا قسەکەی بگەێنم ووتی ماموستا من لە ٤٢ ساڵە خەڵکی کەرکوکم ٤٢ ساڵ لە سلێمانیم لەماوەی ئەم ٤٢ ساڵە من بۆیە ئێستا ناچم کۆبونەکەم لەکەرکوکەوە بێنم و بیخەمە سەر سلێمانی لەبەر کوردایەتی لەبەر ئەوە دەنگی کوردێك کەم نەکا لە کەرکوك، بەلاّم زور بەداخەوە وتی من لە ماوەی ئەم ٤٢ ساڵە هێشتا لجوئم وەر نە گرتووە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز جمال عثمان(جمال مۆرتکە) فەرمو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پێشە کی بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و هەڤاڵانی وە دەست خۆشی لە ڕاپورتەکەی دەکەم هەرچەندە کەموکوری تییا هەشبیتن لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی سامانە سروشتییەکان، ئەوەی کەمن دەمەوێ لێرە باسی بکەم زوربەی هەرە زۆری باسکرا، بەلاّم لۆ تەئکید کردنەوە لەسەر هەندێ بابەت کەزۆر گرنگن، بەرنامەی ئێستا مان گرنگە کە بمانەوێ باسی بکەین بە شێوەیەکی گشتی بەڕاستی ئەوبەرنامەی بەڕێز وەزیر باسیکرد بۆ ڕێکخستنی ژێرخانی ئابوری کوردستان یان دابین کردنی پێداویستییەکانی کوردستان بو بواری سوتەمەنی زۆر گرنگە پێویستە زیاتر داکۆکی لەسەر بکرێتن، بەلاّم ئەوەی کە ئەوڕوداوەی کە ئێستا هاتوتە پێش پێویستە چارەسەربکرێتن، ئەو چارەسەرکردنەش بەڕای من هەندێك هەنگاو هاوێشتڕایە لەو مەسەلەی کۆبۆن یان مەسائلی هێنانی بەنزین ئەو بابەتانە من وەکو ڕەئیی خوم، ڕێنمایی یەکەم شت ئەوەیە هێنانی بەنزین ناڵێم بەهەڕەمەکی لە هەمولایەکی بێتن، بەلاّم قورغ نەکرێتن بو چەند کومپانییاێك بۆ ئەوەی هەم ئەوان ئستیفادە لێ بکەن هەمیش بازاڕەکە ڕابگرن بەشێوازێك بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بویە من پێم باشە فروان بکرێ، وە ئەو مەرجانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کەدایناوە ئاسانکاری زیاتربکرێ بۆئەوەی بتوانێت لەو ئەزمەی کە ئێستای کوردستان تێدایە ئێمە دەربازمان بیتن، کێ ئەو ئەزمەیە ڕەچاو دەکرێتن کانێ وەختەك بکێشێتن بەوشێوازەی کەئێستا خومان دەبینین لە بازاڕ لەبەنزینخانەکان لەو ئەزمەی کە خەڵك معاناتی هەیە هاولاّتییان معاناتیان هەیە، کە یەکێك چەند سەعاتی ڕادەوەستێتن بۆ وەرگرتنی بڕێك بەنزین، بەڕای من ئەو ئەزمەیە دەبتە هوی شێوازێکی ڕاگرتنی هەمو ئیش و کارو وەکو بڵێن ژیانی هاولاّتیان بەتایبەتی لەو تەقدیراتەی کە باسیشکرا ٢٥ لیتر بەنزین بەکۆبین من بەکەمی دەزانم، وە بەشێوازێکی تریش باسی بکەم

دەستنیشانکردنی هەر بیتاقەیەك بو خێزانێك ئەوەش بەڕای من گونجاو نییە لەگەڵ ئەو واقیعیەتی ژیانی کومەڵگای ئێمە ڕانەهاتون، ئێمە خومان دەناسین مللەتی ئێمە هاوڵاتییانی ئێمە فێرە زیاد مەسرەفی و شێوە بێ بەرنامەییێك بوینە یەعنی ئەوەی کە ئێستا بمانەوێ لەو شێوازە ژیانەی کە بەر لە بیست ڕۆژ لەمەو پێشتر کەهەبووە ناگەڕێتەوە دۆخێکی خۆی کەدەهە ساڵ لەوەپێشتر هەبووە، کەواتە ئێمە دەبێ هەندێك واقعبین بین، بۆیە من ئەڵێم ئازادکردنی هێنانی بەنزین بەمەرجەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بو نەوعییەتی بەنزینەکەی بیتن، یەعنی دەسەڵات بەڕای من بێتە خوارێ بۆ سەر پارێزگاکان، چونکە عادەتەن لەکاتی شەڕ لەکاتی عالەم دەبینی وەزعی ژییان لەڕوی پێداویستی هاوڵاتییان ئەزمە دروست دەبیتن، دائیمەن حکومەت دەسەڵات تەوزیع دەکاتن دەسەڵات بدرێ بە پارێزگاکان بۆئەوەی بتوانن وەکو بڵێی نەوعییەتێکی بەنزینی باش کومپانیاکان شەریکەتەکان هاوڵاتییان بینن تەسلیم بە یان وەکو بڵێی دەزگایەك وەکو بڵێی مەوقعێکی دیارکراو لە هەر پارێزگایێك بکەن وە حکومەت خۆی سەرپەرشتی بکاتن، نەك کومپانییا ئازادبی و بەنزین بینیتن و بەکەیفی خوی شێوازەکەی دابەشبکاتن، ئەوە بەڕای من ئەو ئەزمەیە چارەسەر دەکاتن، ئەوی تر گرنگییەکەی لەوەی دایە مەوزوعی قاچاغە قاچاغ ئەگەر کونترۆل نەکرێ ئەویش بە ئیجرائات دەکرێتن نەك هەر باسکردن، چونکە برۆ دەبینین بەنزین لەبەنزینخانەی حکومی بە ٥٠٠ دینارە لە بەنزینخانەی ئازاد کەسانێ حکومی دەستنیشانکرایە هەست دەکەم پێم زۆرە بە ١٢٥٠ دینارە بەڵام وەرە لە چەند کیلو مەترێك لەدوری سنوری هەرێمی کوردستان بە ٢٠٠٠ و ٣٠٠٠ هەزار دینارە، ئەوە بەچ دەکرێ بەئیجرائات دەکرێ ئەوحەدە دابنرێ ئیجرائات ئەوەڵەن لە خۆمان ئەوەڵەن لەدامودەزگاکان لەڕەقابەی لەشێوازێك دەستنیشانبکرێ یەعنی ئەوشێوە یاسایەی بۆ ئیجرائاتی موخالەفی هەندێ قانون دەرکرایە، هەرچەندە ناتوانم ئەمن ڕەئی خوم بەوشێوە فەرزکەم، بەڵام هەمواربکرێتەوە بەپەلە بۆئەوەی هەلاکەس نزبەی بەنزینی دەباتن بەئیجرائات لێی دەگیرێ جەزایەك لۆ دابنرێ بەشێوازێك جارێکی دیکە نەتوانێ ئەو موخالەفەی بیکاتن، ئەوی تر ئەوەیە تەئکیدکردنەوە لەسەر خودی بەنزینخانەکانی کەبە ئازاد دەفروشن لەگەڵ بەنزینخانەکانی حکومی تەعاون نەکرێتن، یەعنی ئەمن فکرێکم هەیە لەمێشکم دا پێم باشە هەرچەندە لەگەڵ بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین نیم بەڵام ئەگەر بکرێت کونترۆل بکرێ بەنزین بەقاچاخ نەبردرێ،بەڵام بەنزینخانەکان ئازادبکرێن بەشێوازێك چۆن ئەوبەرنامەی پێشو دانرابو تاکو جوت، تاکوجوت بکرێتە هەفتەی جارێك، یەعنی هەفتەی دوجار بەئازادی بەنزین بدرێتن بێ بیتاقە، بەڵام کۆنترۆڵ بکرێ وە بەشێوازێك بی بتوانێ کەچارەسەری ئەو، بو بەرنامەی داهاتو من ناڵێم هەندێك شتێك پێویستە ناشمەوێ باسی هەندێك شتێك بکەم مەسەلەن ئەو بۆ ئەوهای نەکرد لەوبابەتانە، هەوڵ بدرێتن بۆ بەرنامەی دابێ ئەو ئەزمەیە لەپێشەمەیە پالأوگەزیبادبکرێ وەزییاتر مەجال بدرێتن بو ئەوەی کە بتوانین لەو جۆرە ئەزماتانەی کەبەردەوام ناوچەکەمان توشبیتن توشی ئەو جۆرە کارەساتانە نەبین،و زۆر سوپاس لەگەڵ ئامادەبونی بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئومێدەوارم

که دیراسەت بکرێتن و ئەو شێوەیە ژیانی هاولاتییان ئێستا توشی کێشەو مەشاکلی یەعنی ئەزمەیەکی نەفسی بووە بوچارەسەرکردنی ئەو ئەزمەیە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ولامن لەڕێی بەڕێزتانەوە پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەکەم سەبارەت بەوەی کە ناچمەوە سەر ڕێنماییەکان، بەلام بۆ ئەو ڕێنماییانە وابوون ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی کێشەی کومەلایەتیش دروستکات، لەکاتێکا گوێ لەلایەنی پەیوەندیدار نەگیراوە کە ئەو برە زۆر کەمە بۆ خێزانێك لەکاتێکا ئەو ژیانی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە داناوە، کەچوار سەیارەی هەیە باشە ڕاستە ئەویش بەرگەی ئەو فەیرانانە بگرێت و هەماهەنگبێت و هاوکاربێت لەگەل حکومەتا، بەلام ناکرێت چوارسەیارە یەك سەیارە ئەو برەی بدرێتێ، بۆ یە ئەکرا هاوسەنگییەك هەبێت لەو برەیا، وە ئەوەی کە ڕەچاویش نەکراوە جیاوازی لەو برەیا نەکراوە کەلەنێوان پاسی خەتێك بو خەتێکی تر، بو نمونە پاسی خەتی کەلار سلێمانی هەمان بری ئەدرێتێ کە ئەدرێ بەلە نێوان سایمانی و عەربەت، ئایا ئەمە چۆن چارەسەرئەکەن کە پێویستە پێداچونەوەی پێیابکرێ، ئەو پێش زۆر لە هاورێکانم باسی ئەوەیانکرد کەئەمەیان دیراسەی ووردکراوە پێشبینی کراوە بەرێزییان خۆشییان باسیان کرد یەعنی پرۆژە پێشکێش کراوە بەجەدوای ئیقتسادییەوە بەدیراسەیەکی وردەوە کەپالاوگەی ئەهلی هەیە کەتەقدیم کراوە ڕۆژانە ٧٥٠٠٠ بەرمیل بەرهەم بێنێ کەلێرە ئەمە کاریگەری لەسەر بازاڕا بۆ هاولاتییانیش ئەو نرخە لەسەرییان گران نەئەبو، بۆیە ڕێگا نادرێ بەو ئیجازانە وە ئەو کوگایانەی کە وابزانم کە عەلی حەمە صالح باسیکرد، کە پرۆژە پێشکێش کراوە کەئەتوانێ ١٢٠٠٠٠٠٠ لیتر خەزن کا یەعنی لەپارێزگاکان ئەم پرۆژانە بۆ ئیجازەیان نادرێتێ، ئایا سەبارەت ئەو سەیارانەی کە ئارمییان هەیە لێرەیە فۆرم ئەکەینە بنەماو خەلکی ناوچە دابرێنراوەکان بێ بەشن لەم برە، لەلایکی ترەوە هەندێك لە سەیارەمان هەیە کە ئارمی هەیە ژمارەی شارەکانی تری عێراقی هەیە بەلام فۆرمی ئێرەی هەیە فۆرمی هەرێمی هەیە کەچی نایدرێتێ، بۆ یە من پێشنییار ئەکەم لەجیاتی گرانکردنی بەنزین ئەم سیستەمە لەسەری کۆك بین وە لەسەری بەردەوامبین بەزیادکردنی برەکەوا بو ئەوەی هاولاتیش زییادە مەسرەفیش نەکات لەوەیا بەپێی پێویستی هۆکاری گەیاندنی خۆی شەخسی بەکار ئەهێنێ، یەکێ لە پرسییارەکانی ترم سەبارەت بە ئەوەیە یەعنی کێشە لەم حکومەتە ئەوەیە هەماهەنگی نییە لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکانا یەکێ لە هۆکارەکان کە لە دونیا بەکارئەهێنرێت دروستکردنی هۆکارەکانی گەیاندنە هۆکاری گشتی واتە هۆکارەکانی گواستنەوە، کەبەڕاستی ولاتی ئێمە لە خراپترین ئاستییایەتی ئایا لەرێگای وەزارەتی پلان دانان یان ڕاستەوخو لەگەل وەزارەتی گواستنەوەیا هەماهەنگی نەکراوە کەئەم هۆکارانە بەهێزکەین بۆ ئەوەی هەم لەسەر هاولاتی فەقیرو هەژار

ئەم کێشەیە کەم بێتەوە و وەبڕی بەکارهێنانی سوتەمەنیش کەم ئەبێتەوە کەدەبێتە هۆی کەئەو بارگرانیە لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانا کەم بێتەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی) فەرمو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پرسییارەکان هەموی لە شوێینی خویەتی نەختێ تەنەقوزات هەیە حەزدەکەم لەوەوە دەست پێبکەم، من نەموت سیستەمەکە عەدالەتە، دامان نا من وتم ئەمە سیستەمی کۆبون زۆر باشە من دژی کۆبونم لەئەساسا، چونکە کێشە دروست ئەکا ئێستا کێشەی تازەی دروستکردوە پێش ئەوەی کێشەی تری هەبو، بەلام ئەمەی شتێکی ئیستراری موئەقەتە ئێمە کە بڕیارماندا چۆن ئەم قەیرانە کونترول بکەین بۆ ماوەیەکی کەم هەتاکو دیراسەیەکی تەفسیلی بکەین دوای مانگێك دومانگ بێنەوە خزمەتان بلێن ئەمە ختوەی باشترە بەدیلی باشترە، بەلام ئەوەی کەڕاستە ئەبێ لێرە باسی کەین، چونکە زۆربەی پرسییارەکان وەلام ئەداتەوە و مشکیلەکانیش هیوادارم حەلکەن ئەگەر بڕۆینەوە سەروی سالێك لەمەوپێش ئێمە دونەوع بەنزینمان هەبو تیجاریمان هەبو کۆبونمان هەبو کۆبونێکی کتێبێك بو هەر ساحیب عائیلەی وەرئەگرت، بەڕێزان هەموتان ئاگادارن لەو سیستەمە، ئەوکاتە وەپێش ئەوەش ئێمە لە عێراقەوە ٣٠٠٠٠٠٠ شتێکمان وەرئەگرت کە حسەی مقەڕەری کۆبون ئەوەیە کەئێمە تیجاریکڕایەوە هەر ئەو کەمییە تەوزیع ئەکرا بەکۆبون ئێمە هیچمان نەگۆڕی هەرعەینی ٣٠٠٠٠٠٠ کە تەوزیع ئەکەن بە کۆبون، یەك شتمان گۆڕیوە وتمان ئەمە بەش ناکا ئەگەر هەر ئاوا بیخەینەوە بەدوو ڕۆژ تەواوئەبێ ئەی خەڵك چیبکا ئەمە عەدالەتێکی باشتری تیا ئەبێ زۆر بۆ تەقسیمێکمان کرد وەکو ئێوەش ئەی کەن ئەگەر ٦٠٠٠٠٠ بێ ٢٥ بەرئەکەوێ ئەگەر ئەتانەوێ لایبەن بابەنزینخانەکان ببرێتەوەو کە ٣٠٠٠٢٠٠ تەواو بوو بچێت تیجاری بکڕێ بەسەرچاوم، بەلام چی دروستی ئەکا ئەوەی دروست ئەکا کەهەبوو، کەدیتان بەچاوی خوتان لەهەمو پارێزگاکان خەڵك ئەچێ بو ئەوە، چونکە هەرزانە، چونکە حدودی نەبوو ٢٥ لیتر بوو، خو من حەزناکەم شتێ خەڵەت بلێم لێرە زۆربەی کەس لەوێ کەوەستابوو کۆی ئەکردەوە و ئەچێ بەتالی ئەکاتەوە و ئەفروشت بەزەلامێ لەموسڵ بە ١٠٠ دولار ئێ باشە بەرەلاییەکە لەوێ بو، بۆ ئەوەی کۆنترولی کەی تۆ ئەبێ شتێ دانێ بۆ ئەوەی کۆنترولی ئەوەی کەی ئەمن هیچم نەگۆڕیوە، وەزارەتیش هیچی نەگۆڕیوە، ئەنجومەنی نەوت و غاز هیچی نەگۆڕیوە، ووتومانە ئێمە چۆن تەنزیمێکی مئەقەت بکەین بۆئەوەی ئەو کۆنترولە نەختێ باشتربێ، ئایا مەعقولە سێ کیلومەتر خەڵك وەستاوە لەسرەی بەنزینخانەیا، ئایا مەعقولە کەپری ئەکا ئەچێ خەزنی ئەکا خێرا ئەیفروشێ و یەك دوانی تر کۆ ئەکاتەوە، ئێمە لەوە نەجات مان بووە، ڕاستە قەیرانەکە ناحییەی ئەساسیەوە خوم نەهاتوم بەکۆبون لای بەم، ڕاستە گلەی خوم هەیە لەسیستەمی کۆبون هیچ بڕیارێکمان نەداوە و نەمان ووتووە سعری ئەوکۆبونە گران کە هەر بەجێمان

هشتووه ٥٠٠ دینارەکه وەکو خۆیەتی، بەلام جییامانکردەوه وتمان ئێمه ئەبێ سیستەمەکە بەو شێوەیەبێ کە عەدالەتی تیابێ عەدالەت وەکو ئەلێن نسبییە لەوانەیە عەدالەتی تیا تەواونەبێ، بەلام باشترە لەوەی کەئەم هەفتەیەی لەمەوپێش هیوادارم، چونکە ئەقەلەن خەلك ئەزانێ ٢٥م بەرئەکەوێ ئەچێ وەری ئەگرێ مافی خوی نەسوتاوە، سیستەمی کۆبون پێویستە بۆ ئەوەی وەری گرێ ئەگینا هەروا بێت و وەرەقەیەکی پیشاندێ مزەوەرە، کوبۆنەکان عەینی دەزانین کەهەبوو لەپێشەوە کردومانە بەیەك لاپەڕە، دوو لەبۆ ئیزافەوە نەختێ باشترە بەستومانە بە خوراك ڕاستە ئیشی من نییە بەخۆراك، بەستومانە بە بیتاقەی نازانم سەنەوییەوە ڕاستە ئیشی من نییە نەوەزیری ئەوەم نەوەزیری ئەوەم،بەلام تۆ وەکو هینێکە سیستەمێك دەبێ ببەستی بەشێوەیەك کەئەم شەخسە موستەهەقی ئەم، وەشتی تر دامانناوە کەئێمە لەکوێوە تەحەکوم بکەین بە ئەمە باشە یان باش نییە، ئینجا با بێینە سەر ئەوەی ئێمە بەرێزان ٣٠٠٠٢٠٠ لیترمان هەیە ڕۆژانە ئەبێت دابەشی کەین، هەر ئەو ٣٠٠٠٢٠٠ بۆ لەوانەیە ٣٠٠ بوایە پێش ئەوەی کەلەبێجی بۆمان ئەهات پێش ئەوەی پالاوگەی خۆمان هەبۆ، هەرئەوە بووە بە کۆبون ئەوەمان نەگۆڕیوە، ئینجا ئێستا بۆئەو چونکە داواکارییەکانی کوردستان زورترە لە سێ و دو ئەبێ تیجاری بکەیتەوە، ئێمە چیمانکردوە خو ئاوا ناتوانی تیجاری تیجاری بکەیتەوە ئەبێ هەفتەیەك دوو هەفتە سێ هەفتە لە باخیرە بیهێنێ و نەقلی کا لە تورکییاوە, نازانم چی هەموو ولاتێك هینی هەیە ڕێگاوبانی کۆنترۆلی هەیە بێتە کوردستانەوە، ئێمە ئەو کەمییەی کەهەبوو ئەمە سوء تەفاهومێك ئەبێ ڕونی کەم بۆ هەموو بەرێزان لێرە ئەو ئیستیرادە کەهێناومان لەتورکییا تەقریبەن ملیونێك دووملیون ب وتمان ئەوە ئەکەین بە تیجاری هینەکەی خۆمان بۆ کۆبونە بە کۆبون ئەی فرۆشین، لەهەمان کاتدا چیمانکرد مەسەلەن بۆ نمونە لە هەولێر ٢٩ بەنزینخانەی تیجاری و وتمان ئەتوانی ئەو تیجارییەی ئێمە وەرگری بەسیعری تیجاری پێت دەفروشم توش بەسیعری تیجاری دەفرۆشی، من بە تیجاری کڕیومە دوای دێمە سەر سیعرەکە باسی ١٢٥٠ کە لەکوێوە هاتوە پرسییارکرا، ئەوە ئێمە دامان بەتیجارییەکان بەسیعری تیجاری حکومەت بە بڕیاری خۆی برۆ تو ئەو بەنزینخانانە فەقەد تیجاری ئەفروشی، تاوەکو هی خۆت ئەهێنی من تیجاریت ئەدەمێ بەلام ئەبێ بە ١٢٥٠ دینار کەمتر نە فرۆشی، بەچەندی ئەفرۆشین پێیا بە ١٢١٥دینار ٣٥ دینارمان بۆ داناون ئەوەش کە کوبون ئەفروشێ ئەویش پێی ئەفروشین بە ٤٦٥ ئەو بە ٥٠٠ ئەفروشێ هەردولا ٣٥ دیناری بەدەستە بۆ لیترێ هەر عەینی قازانجی تییایە بۆ بەنزینخانەکە ئەوە حەقیقەتە، ئینجا ئەو وەرەقانە بەدەستەوەیە لەوەی کێ ئیمزای کردوە لەمەسفای حکومەتەوە دەرچوە لەوانەیە لەوانەیە لە حکومییەکەوە دەرچوبێ لەوانەیە ئەوەی تورکییا هێناون، بەلام بە ١٢٣٥ فروشتۆمانە ئێمە، بۆئەوەی ئەگەر من فەقەد کۆبونم بکردایەتەوە تیجاری نییە هەموو کەسێ دێتە هەر عەینی بەنزینخانە، وتمان بۆ ئەوەی بیکەینەوە بلێی ئەگەر تو موستەهەقی بەنزین نیت یان پەلەتە تیجاری هەیە برۆ لەوێ بوەستە هەتاوەکو پرۆسەکەمان دەست پێبکا وە سەرکەوتوش بوو لەهەولێر و لە دهۆك بەڕاستی پرۆسەکە سەر کەوتوو بووە ئینشائەلاه تەواوئەبێ ٢٠٠٠٠٠ هەزار کۆبون تەوزیع ئەکرێت لەماوەی دو سێ ڕۆژا کەم نییە ها، یەعنی

ئەمە وەکو حەملەیەکی ئینتخابیە هەموو وەلاتەکە هاتوە سرەی بەنزین بۆ ئەوەی کۆبون وەرگرێ، ئێمە بە وەزارەتێکی بەسیتەوە کەهاتوینە ئەم سرە تەنزیم کرد خراب نییە نالێم پێرفێکتە، بەلام کۆبونەکە پێویست بۆ من دژی کۆبونم، بەلام ئەگەر ئەوشتەی کە بەدەست نەبێ ناتوانی بلێی تو ٢٥ وەرئەگریت ناتوانیت زۆرتر وەرگریت، باشە ئێمە ئەتوانین هەموو کوردستان بێنە سەرێ کوردستانی تازە ماددەی ١٤٠ ئەو سێ و دوسەدە بەش ناکا ئەبێ بیکەین بە پانزە مەسەلەن ئامادەین ئێمە بۆ ئەوە مشکیلەمان نییە بۆ ئەوە ئێمە خۆ نەمان وت نایان دەینێ ووتمان ٢٥٠٠٠٠٠ کۆبونەکە تەوزیع ئەکەین بە کۆبون بۆ ئەوانەی موستەهەقن کە هاولاتییانی ئەو سێ پارێزگای کوردستانن ٧٠٠ مان بۆ ئەمێنێتەوە بۆ ئەوەی تەسەڕوفی پێ بکەین یەك بۆ پێشمەرگە باقییەکەشی ئیشارەتمان دا بەوە کەچۆن تەعامول بکەین لەو مەنتیقانەی کە ئێستا بوون بە کوردستانی بەڕەسمی، ئێستا ئەمە پلانی ئێمە بوو ئەو ٧٠٠٠٠٠ بەو شێوەیە تەرخان کرا، یەعنی موتابیقێك داواکارییەکانتان ئەوەی کە جەنابتان باسی ئەکەن ئێمەش عەینی شت بیرمانکردەوە ئەوە خالی یەکەم، خالی دوەم ئەم بڕیارە بڕیاری من نەبوە من ئەندامێکم لەئەنجومەنی نەوت و غاز مەجلس وزەرائی تیایە نائیب وەزیری مالیەی تیایە وەزیری پلاندانانی تیایە وەزیرێکی تری تیا ئەکید پێنج وەزیرین، ئێمە ئەو ئەندمانە بەتەنیا دانەنیشتین ئێمە سێ محافزمان بانگ کردوە ئەوان مستەشاری خۆیان هێناوە وەزیری داخلیەمان هێناوە وەزیری ناوخو لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و موستەشارەکانیان، چونکە تەئسیری ئەکەن لەسەر ئەوان تەئقیمی مەناتقی بابلێن کوردستانییەکان بکەن بەیەکەوە هاتینە قەناعەت دوای دووکۆبونەوەی دوورو درێژ، بەدیل نیە ئەبێ شتێکی موئەقەت بکەین وە ئەمە بەدیلەکەیە ٢٥٠٠٠٠٠ ئەبێ تەوزیع کەی بەم شێوەیە، بازاڕ ڕزگارکەن هین بکەرەوە هەتا حەلێکی موستەدیر بدۆزینەوە ئەو بڕیارە لەوێ دراوە، لێرە وەکو ناتقێك من بەناوی ئەو لیژنە گەوەرەیەوە قسەئەکەم، سێیەم شت ئەمەوێ ڕونی کەمەوە هەتا کە باسی تاوانبارە یا ئەو خەتای ئەوەیە یا کەم و نوقسەی هەیە هەتا حەقایق بزانین بەڕێزان لە یاسای نەوت و غازا هاتوە ڕاستە مەسئولیەتی وەزیرە وەزارەتە کە تەنزیمی ئەم ئیشە بکا، ئێمە خوشکێ وابزانم ئیشارەتی دا، واجبمان بوو کە ئەو شەریکاتەمان هێنا وە ئەزانم وە خزمەتگوزاریش بەشێکە زور ڕاستە، باشە یەکێ لەو خزمەتگوزارییانە ئەمەیە بزەبت ئێمە چیمان کردوە لەسەرەوە ئێمە وەختی خوی کەهاتین ئەو وەزارەتە یاساکەی دەرچو تەوزیع بەدەستی محافزەکانەوە، بوو ئێمە هەزار جار محاولەمان کرد بینە وەزارەت وەزارەت وەزارەتی ٢٠٠٥پێنجەم شەشەم حەوتەم سەرنەکەوت هەرئەبێ ئەوەی تەوزیع دابەشکرا بەینی ئێمە کەتێك ئەچێ خەتای وەزارەتە کەسەرئەکەوێ شوێنێکی ترە ئاخرەگەی، چونکە کوالیتی خرابە ئتیفاقمان کرد وەزارەت کونترۆلی پرۆسەی کوالیتی ئەکات دابەش لە ئێمە نیە ها فەقەد کۆبونەکە دابەش ئەکەین، دابەشکردنی تەوزیعی بەنزینخانەکان کە ئەمە ئەکرێتەوە و کەئەمە مۆلەتی ئەدرێتێ لای ئێمە نییە، من قەت بەنزینخانەیەك نەهاتوتە لام بو ئەوەی مولەت وەرگرێ موحافەزە مۆلەتی ئەدەنێ، قەت من نەم توانی لە بەنزینخانەیەك دانیشم هین کەم داخم پێشم ناخوشبێ بەدڵم نەبێ ناتوانم پێم نییە لە شوێنێکی ترا ئەو بڕیارە، ئینجا بابێینە سەر ئەوە ئایا ئێمە کە بەعزێ

جار شتی خرابمان دیوه ئیجرائاتمان کردوه, بەڵێ بەرێزم کردومانە, ئێمە کەهاتین سیستەمی پێشومان گۆڕی کردمان بە ٥٠٠ دینار بەکەشفە دو سێ کومپانییای گەورەمان دوزیوە گەورە و بچوك یەکێ لەوانە ١٧,٠٠٠,٠٠٠ دولار غەرامەم دایەسەری من, چونکە تەلاعوبی بەکوبونەکە کردبو ئێمە کردومانە ئیجرائاتمان کردو کەئەوەی پێمان کراوە کراوە, بەلاّم من ناتوانم سەیتەرەی بەتەنها وەکو وەزیری ڕاستە ئیشی حکومەت هەموی بەیەکەوە سەیتەرەکان بگرن و هەزار کیلومەتری ناوخوم هەیە و هەزار کیلو مەتری ترم هەیە لەگەڵ ولاّتانی دراوسێ بەیەك وەزارەت ناکرێ و بەهەمو حکومەتیش ناکرێ, بەڵێ ئەکرێت ئەگەر تەناقوزێك بۆ خۆی دروست نەکەی کەئێستا شتێکمان دروستکردوە ئێمە هەمو کەسێ ئەتوانێ بچێتە ناو ئەم یارییەوە قاچاخچی بکا, (٥٠٠) لەکوێ و (١٢٥٠) لەکوێ (٥٠٠ ) لەکوێ (٢٥٠٠) لەکوێ, لەولاّتێکی ترا ئەمە حەقیقەتە برادەرێ وابزانم ئیشارەتی دا بە نازانم نەمسا بو بریتانییا بو بەرێز وانییە من ئەگەر زور ئامادەم بە سیعری بریتانی پێت بفروشم بەخوا ئەچێتە دوقات تەقریبەن, بەلاّم باشە پرسییارەکە لەکوێوە هاتوە بابچینە سەر حەقیقەت ئێمە لەکوێوە هاتین ئەم ژمارە لەئاسمانەوە هێناومان نە, دانیشتین بەنزین ئەبێت لە دەرەوە بێت بەنزین قاچاغچی ناکرێت لەوناوەوە دروست بێتەوە و ئەوەی بێجی قاچاغی پێ ئەکرا نەما کەواتە بەنزین حەقیقی لەدەرەوە دێت سەیری بازاڕ کەن هەموتان ئەتوانن سەیری ئینتەرنێت ببکەن سێعری بەنزین بو یەك تەن (١٠٧٠ تا ١٠٩٠ و ١٠٦٠) جاروبار دولارە بو یەك تەنێ بەنزین ئەو ژمارەیە بنوسن بو لای خوتان تکایە, هەرتەنێ بەنزین تەقریبەن (١٣٠٠) لیترە ئەوە تەقسیم ئەوەکە ئیزافەبکە لەسەر بو هەرتەنێ چەند ئەوێ کە نەقلیکەی لە دوبەیەوە بو کوردستان تەبعەن بە باخیرەوە دوای بە سەیارات و نازانم چی و زەرایبی حدود بدات و ئەو شتانە لە دو سێ ولاّت کە ئەگاتە ئێرە بە تەخمینی ئێوە بۆ ئەوەی قازانجێکی بەسیتی هەبێ یا وەکو مەعقولی هەبێ بۆ ئەوانەی ئەو موجازفە ئەکەن و باخیرەێك ئەکرێ تەقریبەن (١٧٠) دۆلارە نرخی تەنێ کەبێتە کوردستان, ئەوە ئیزافەکە لەسەر سیعرەکە تەقسیمی (١٣٠٠) کە تەقریبەن ئەکاتە (١٢٥٠) دینار بۆ لێترێك ئەوەش سێعرەکەیە کەبێتە بازاڕی کوردستانەوە باشە ئەوەی کەکرێویەتی و هێناویەتی قازانجی خۆی وەرگرتوە ئێ باشە ئەوەی کە ئەفروشێ ئەویش خێزانی هەیە بەنزینخانەی هەیە ئەوەی کە خەزنی ئەکا ئەبێ شتێ بەجێ بێلی لەوێش ئێمە حسابێکمان کرد تەقریبەن ئەوەی کەرۆژانە ئەفروشێ بە (٣٥) دینارەکەی وەرئەگرێ مەسەلەن لەوانەیە بەش نەکا تەقریبەن (١٢٥٠) کە وتمان کە سەقفی ئەعلابێ بەلاّم ئەگەر مونافەسە دروست بو لەوانەیە بگاتە خوارەوە بەلاّم ئەوە بو بەنزینی موحەسەنە ئوکتانی (٩٠ و ٩٢) لەوە کەمتر نەبێ ئەمانتوانی بلێین ئوکتانی بێجی بێنە با هەرزانتربێ برادەرێ وتی لەپێشەوە حەوسەد بۆ بۆچی بۆبە ئێمە قەت بەنزینی حەوسەدیم هەر نەبینیوە بەناو حەوسەد بۆ بەلاّم حەقیقیە (١٥٠ )بو (٩٥٠) بو جاروباری کەگەیشتە هەزار, بەلاّم ئەوە بۆ موستەوای ئوکتانی (٨٥ و ٨٦ و ٨٧) بۆ من ئەتوانم بریارەکە بگورم بلێم بەنزین هەموی ئەبێ موستەوای بێجی بێ وەلەو بێجی نەماوە لەوە بێنم ئێ لەکوێ بوم ئەهێنێ، لەدەرەوە موستەوای بێجی نیە قوربان لەدەرەوەی موستەوای بێجی نیە عالەم گۆڕاوە موستەوای ئوکتێنی بەرزە

لەبەر بیئەو لەبەر ژینگە ئەم شتانە کە ئەی فروشن لە دەرەوە موستەوای ئوکتانی ٩٢ و ٩٥ شتی خوارو ئەتوانێ بو دروستکا ئەی هێنێ باشە کە ئەی هێنێ ئەو نەفتە خرابە کێ تێ ئەکا، برادەرێ ئیشارەتی دا بە هین بەڕێزی ئیشارەتی دا بە ئەونەفتە کە ئوکتانی ٨٠ یە ئەچێت بەنزینەکەی تێکەڵی ئەکا شتی وا نییە ئوکتان هی نەفتا لە ٦٥ یش تێ ناپەڕێ لەوانەیە موستەوای بێجی نەفتێ وەکو بەنزین بێ بگاتە ئەو مەرحەلە، بەڵام ئوکتانی ٨٠ ی نەفتە من ئاگادار نیم موشتەقی وا هەبێ، جا نەختێ ئەوە بە شێوەیەکی گشتی وەڵامەکان بەخێرا ئەوانەی کە ئیشارەتم پێنەدا هیوادارم، مەسفا بۆچی مەسفا مان نەکردوە وا پێشتر، چونکە زۆر جار هاتەوە و منیش هەر وتم با ئێمە چەند مەسفایەکمان لەرێگایە ئەوانە ئەبن نۆمانگە ئینشائەڵاھ ئیترمان ئەوێ لەوانەی کە، کوردستان زیاتر لە ١٠٠ مەسفای پاڵاوگەی بچوکی تییایە بێ موڵەت وەکو هەموتان ئاگادارن، بڕیار دراوە لەسەرەوە ئەمە قەپاتبن، بەڵام بەڕاستی ئێمە کە نەوتی کوردستان لەبورپییەوە هەموی چوو نەوتی ناوخو نامێنێ ئەو پاڵاوگانە خویان ئوتوماتیکییەن قەپات ئەبن ئەوانەی کە نەختێ موشتەقاتیان باشە لەوانەیە شتێکی تر دروستکا وەکو بەنزین یا کێروسین لەوانەیە بمێنن، بەڵام ئەوانە لەوانەیە بەیەك دەست ئەوا بیان ژمێری، زوربەیان نەوتی خاو ئەبا ئەیکاتە پاڵاوگا دوو موشتاقی لێ دروست ئەکا لەوانەیە سێ یەکێکیان نەوتی ڕەشە کەمن پێویستیم نیە لەبازاڕ بۆی، ئەوەی کەخۆم هەیە بەشەکا، دو نەفتایە کەئەویش پێویستیم پێ نییە هینەکەی خۆم ئەفروشم دەرەوە بۆ ئەوەی گازوایلی پێ بکرم نەختێ گازوایل دروست ئەکا کەئەویش موستەواکەی کبریتی زۆری تیایە کەواتە ئەو پاڵاوگە بچوکانە بەکەڵکی ئێمە نایەن ئەگینا من خۆم ئەچوم لێیان ئەپاڕمەوە و بیانخەمە سەرئیش موشکیلەکە حەل ناکا...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس پرسیارە کە ئەوەیە کەمادام بەکەڵك نایە پڕسییارەکەی پەرلەمانتاران ئەوەیە بۆ داناخرێن بۆ ماونەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەروکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتیەکان فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بڕیاردراوە داخەین ئێمە لەم مەرحەلەیا کەتێپەرین ئیمسال بڕوا ناکەم لە سەدا نەوتی ئەوانە نامێنێ لەوانە لە سەدا دەی ئەوانە نەختێ باشیان هەبێ مەسەلەن دوان لەوانە ئێمە سەیریان ئەکەین ئێستا ئەزانم کام ڕۆژ ئەچین و بەنزین دروست ئەکەن ئەگەر کوندنشینی تییا نەبێ، ئێمە ئەوانە موتابەعە ئەکەین لەوانەیە ئەو بەجێی بێڵین، ئەوەی کە دوو سێ مەسفا هاتوە ٣٠٠٠٠ ی و نازانم ئەو شتانە ٣٠٠٠٠ ی هەرخۆی مەسفانیە کوپن پلاوتە وەکو مەسفا بچوکانە وایە، ئێمە لەبەر ئەوە مولەتمان نەداوە، بۆچی سێ چوار مەسفای گەورەمان نەکردوتەوە پرسیارەکەی لەشوێنی خویەتی مەسفا کولفەی

ئەگەر بپرسی دو سێ چوار ملیار دولارە کەس نایەتە کوردستان دو سێ چوار ملیار دولار دانێ بۆ مەسفا بەبێ ئەوەی زەمانێکی نەبێ، زەمانی یەکەم ئەبێ مولەتی هەبێ باشە ئەوە ئیشی ئێمەیە ئەی دەینێ، زەمانی دوەم ئەبێ نەوتی بدەیتێ موشکیلە نیە ئەوە ئەی دەینێ، بەڵام نەوتەکەی بەهەرزان ئەوێ نەوتەکە بەهەرزان ئەدەم بەو من خۆم توشی مشکیلە لەگەڵ بەغدا ئەکەم ئەڵێ تو ئەتەوێت تیجارەت بەنەوتی عێراق ئەکەی مولکون شەعبون عێراقی هەقت نییە ئەوە بدەی و لەسەر حیسابی موازەنەکەی تو ئەی برم ئەبێ بیکەینە سەر گولفەی عالەمی نەوت بە ١٠٠ دولارە تو ناتوانی بیدەی بە ٥٠ دولار بە مەسفاکە، ئێمە موراعاتی ئەو شتانەمان کردوە ئاسان نەبوە کە بڵێن برۆ ئەو مەسفایە دروست کە کەسیش ئامادە نە بوە من تەقریبەن سەدان هینم هەیە پرۆ پۆزەڵم هەیە نەك دو سێ کە مەسفا دروستکا بێ ئەوەی زەمانی یەك نەوتەکەی بەهەرزان پێی ئەفرۆشین، دوو ئەبێ موشتەقەکانیشی لێی بکرپیتەوە ئێ باشە من موشتەقات چی لێ بکەم چی پێبکەم بەموشتەقات من لەسەر بەحرنیم بچم بیفروشم، یەکێ لەکێشەکانی ئێمە ئەك سەست نییە بو ئینتەر ناشییونالْ بو هی عالەمی کە ئەوە نەبێ من ئەبێ ئتیفاقێکی دەولیم هەبێ لەگەڵ ئێران لەگەڵ تورکیا بێ ڤیتارێکم هەبێ بۆریەکم هەبێ بۆ موشتەقات ناتوانم موشتەقی هەموو کەسێك بکرم بیکەم سەر شانی خوم مەسئولییەت نەوتێکی ئەرزانیشی بدەمێ ئەو وەختە چ پێمان ئەکرێت راستە ئێمە ئەو مودێلەمان ئەکرا بۆ ئەو دوو مەسفا بچوکەمان بدایەتەوە مەجبور بوین کەسێ ئیشترمان نەبو، ئەگەر لێم بپرسی (١٧) دولار باشە نەوەڵا کاکە عەلی باش نیە موراجعەشی ئەکەینەوە، ئێمە وتومانە فەقەت ئەوە بۆ چەند محەلێکە بە ( ١٧) دولار مەرحەلەی یەکەم دوەم سێیەم مەکسیمەم دوای ئەبێ خوت دێیتە خوارەوە بۆ نیوە ئەوە برپارەمانداوە ئەوەش کە دژی ئەم مراجعە ئەکەن، بابزانم ئەگەر بەعزێ شت هەیە کەلێرە لەوانەیە، شەرتەکانمان قورسە بەرێزان نەختێ تێنەگەیشتن هەیە لەوێ شەرتەکانمان ئەوەندە قورس نییە، بەڵام دوای شتێکی تر ئەڵێم دوای ئەوە، ئێمە وتومانە ئەگەر طاقەی خەزنێکت هەبێ زورگەورەنیە ئەگەر دوو سێ بەنزینخانەت هەبێ ئەگەرێکی تریشی تیایە لەوانەیە تێنەگەیشتن هەبێ ئەگەر هیچ کامیشت نەبێ ئەتوانی عەقد بکەی لەگەڵ دوو سێ بەنزینخانە بەنزین لەتۆ بکرن وەر مۆڵەتەکەت دە دەمێ ئەگینا بەبێ مولەت بەبێ بەنزینخانەو بەبێ خەزن ئەی هێنێ چی پێ ئەکا ئەبێ بیخاتە شوێنێکا، ئێمە وتومانە برۆ عەقدێ لەگەڵ دو سێ بەنزینخانەی تیجاری بکە ئەو بڵێی لەتۆ ئەکرم من مۆڵەتەکەم دەدەمێ بەڵام لەوەرزی ئیزافە ئەڵێم من کەس تا ئێستا نە هاتوە داوای مولەت بکا وتومانە نا هەتا شەرتەکانی خوشمان تەدبیق نەکردوە کەس نە هاتوە داوای مولەت بکا بڵێن نا ناتدەینێ ئەوە یەکەم، دوو خەڵك هەر مولەتەکانی ئیهمال کردوە وەکو جاران چوە بەنزینی هێناوە بەبێ مولەت بو سلێمانی من ئاگادارم کاك (احمد)دوێنێ لەوێ بو دۆزیومانەتەوە دوو سێ کومپانی هێناویەتی بەلگە نامەیێکم بەدەستە هاتوەتە ژورەوە نە مۆڵەتی هەیە نە بەنزینخانەی هەیە خو شتەکە هەر ئەرِوا، ئەوەندە قورس نیە هینەکانی ئێمە حەزدەکا لای ئە بێ مشکیلەی نیە هەموو کەسێ بەنزینی هەمومان با بچین بەنزین بێنین چی پێ ئەکەین، ئێمە فەقەت دامانا

بۆ ئەوەی خەڵکەکە بناسین کێ کێیە هەتا کۆنترۆلی لە سەربکەین، ئێمە لەوێ نین بۆ چەند مقاولێك ئیش بکەین بەعەکسەوە من ئەمەوێ فراوانبێ بە عەدالەت بێ موشکیلە نیە، ئینجا من ئەڵێم ئەمەی کێشە دروست نەکردوە هیچ مشکیلەمان نییە کە ئەوەی توانای هەیە بەنزین بێنێت با بیهێنێ هەتا ئەو مۆلەتانە هەر ئێستا لایان ئەبەم تەئسیر ناکاتە سەر لیستەکە، بەلام هەر ئەبێ خۆی تەسجیلکا هەرئەبێ بزانین کێیە ئەبێ مۆلەتێکی بدەینێ هەتا وەکو بیناسین لەسەر حدوود هەتاوەکو بە تەهریب نەهێتە ژۆرەوە هەتا بەتەهریب شت نەباتە دەرەوە هەر لەبەر ئەوە ئالیاتێك کۆنترۆلە بۆ ئەوەی شەفافیەتێکی هەبێ بزانین کێ کێیە بو ئەوەی ئیحتیاتی خۆمان وەر گرین, پلان چیە دوای نۆحەفتە من باسم کرد ووتم ئێمە ئەوە موئەقەتە ئەبێ بیری لێ بکەینەوە بێینەوە ئایا ئەم سیستەمە ئەتوانین بەردەوام بین سیستەمی تر بکەین, ئێمە خەریکی سیستەمێکی ئەلکترۆنین ئێستا لە بۆ هەموو بەنزینخانەکان هەموو پەمپێ کۆنترۆلی ئەلکترۆنی لەسەر ئەدەین کارتت هەبێ ئەتوانێ بیخوێنیتەوە وەحداتت هەیە ئەڵێ ئەو وەحدەیەی بەکارت هێناوە ئەم هەفتەیە ناتوانی ئەگەر بەردەوام بین کۆبونەکە نەختێ باشتر کۆنترۆل ئەبێ مەعلوماتی ئیزافی ئەچێتە سەری, بەلام یەك شت هەیە قەت نا گۆڕێ تاڵەما دوسیستەمت هەیە یەکێکی گرانە یەکێکی هەرزانە بەهیچ شێوەیەك تو ناتوانی کۆنترۆلی بازاڕ بکەی ئەو بانزینخانەی شەو ئەکرێتەوە بەیانی ئەکرێتەوە خەڵك هەیە ئەچێ وەرئەگرێ و ئەفرۆشێ چون بیگری ناتوانی ئاسان نیە ئاسان نیە کە دو سیعرت هەبێ لە سیستەمی عالەمییا کەس نەیتوانێ کۆنترۆلی وەکو بڵێی بلاکمانکا بازاڕی ڕەشکا کەسیستەمی جیاوازت هەبێ, کەواتە دوو سێ برادەر نازانم وتییان بیکەن بەیەك, فیکرەیەکی خۆشە ئێمەش باسمان کردبوو بیکەین بەیەك ئەبێ بێتە ژمارەیەکی ناوەڕاست, بەلام بازرگانیەکە ناکرێت بەو سیعرە کەواتە فیکرەکە ئەیکەین بەو سیعرە من لە باتی ئەوەی دەعمی میللەت کەم دەعمی ئەوانە ئەی کەم کە ئەهێنن گران ئەیهێنێ ئەبێ بە هەرزان بیفرۆشن ئینجا ئەوە قوربان من چۆن ئەتوانم بچم دەعمی میللە تەکە نەتوانم بچم دەعمی بازرگانەکان بکەم چۆن ئێمە دێینە ئێرە بەتو بڵێم وائەکەم ٣٠٠ دینار ئەدەم بە فلانەکەس چونکە بە گران فرۆشتویەتی مەعقول نیە, هەر ئەبێ یەك حەل هەیە سیستەمەکە تەوحید کەین ئەگەر لەمن بپرسی بەڕێزان قورسە لایبەین, بەلام ئالیەتێکی تر بدۆزینەوە کە هاولاتیان ڕازی کەین ئالیەتێکی تر بدۆزینەوە لەڕێگای شتێکی درێژ خایەنی دوور درێژ موستەحەق بەلێ لەم نەوتە کەشەریکن بەشدارن ئەمانە شتی موئەقەتن ئەمانە ڕێك ناکەن, بەلام ئەوە بڕیاری من نیە بڕیاری جەنابتانی ئەوێ بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوێ, بەلام حەل نیە بەردەوام بوون بەدەعم ئەمەیە یا کارەبایە بەردەوام بوون ناکرێت, مەسەلەن کارەبا ئێستا بۆ نمونە ئێمە ئیستیهلاکی کوردستان بۆ یەك شەخسێ جیاوازی نیە بۆ یەك شەخس سێ لیتر ئەکەوێ تەقریبەن عەینی شتە ٤٠ هەزار مێگاواتی هەیە من دوو هەزار سێ هەزارم هەیە پێنج ملیون شەش ملیونێ ئەوا حەفتا ملیونین حسابی کە تەقسیمی کە ژمارەکە تەقریبەن عەینی شت لەوانەیە جاروبار هی ئێمە زییاتر دەرئەچێ, ئایا شەخسێ لە کوردستان لە سلێمانی یا لە گەرمیان ئەژی عەینی موستەوای مەعیشی هەیە لەوەی لە ئەستەنبول ئەژی نا لە تورکیا

ئقتيسادێكى جياوازت هەيە ئيستيهلاكى كارەبا بۆ زيراعەيە بۆ (تۆريسم)ە بۆ سيناعەيە بۆ زۆر شتە پارە دروست ئەكا بۆ حكومەت بو ميللەت لە مەعاميلا خەڵك تەعين ئەكا ئێمە فەقەت دانيشتوين ئەم كارەبايە بەكار بێنين سەبەبی يەكەمی بو چونكە ئەرزانە چونكە كەس ئيهتيمام نادا بە كوژاندنەوەی من خوم نای كوژێنمەوە ئێستا لاكەمان هين بوە بەرەلای كردوە كە ئيحترامی نەماوە, بەلاّم ئەگەر هاتو بلێی چ فەقير و هەژار موستەوايێكی هەيە ناتوانی لەوە زياتربا بەسەر چاوم, بلێی تا ئەو حەدە با بەو سيعرە بێ لەوە زياتر بيكە سيعری تيجاری ئەگەر تۆ ئەتوانی ئەوەندە بەكاربێنی مەعنای ئەوەيە توانايەكی باشترت هەيە ئەبێ داهاتەكە بۆمان بگەرێتەوە هەتا وەكو موقابيلی كولفەكەبێ ئەقەلەن موقابيلی كولفەكە بێ ئەگينا بەو شێوەيە بەردەوامبين, ئەم وابزانم كاك (عەلی) بو باسی هينی كرد حەقو تەقسيمێكی كرد گوتی ئەگەر ئەوانە هەموی وەرگرين تەقسيمی ئەوەكەين ٦٣ ليتر ئەكا نەخێر ٦٣ ليتر ناكا وابزانم پارەی كارەباكەت هەيە و تێكەڵ ببو لەمە ئێمە دەعمەكەی سوتەمەنييەكەمان ٧٥٠ مليونە, كەميەكەمان ٣٠٠٠٢٠٠ ە ئەو ٣٠٠٠٢٠٠ ە ئەگەر تەقسيمی ٦٠ سەيارەی كەی ٢٥ ئەكا, هەرئەوەيە ئەوەمان هەيە بيفروشين بە هاولاّتييان بە دەعمی كوبون، باسی ٤٠٠ هەزار بەرميل نەوت ئەرواتە دەرەوە بەرێزان خوزگە وابوايە وانيە ئێستا ووتومانە سەری ساڵ ئەگەينە ئەو وەختە ئينشائەلاّە لەوەش تێپەرێ بەلاّم ٤٠٠ هەزار بەرميلمان نيە ٤٠٠ هەزار بەرميليشم هەبێ زەربی سەد دولاری كە و تەقسيمی كە بەشی موازەنە كەم ئەكا بەشی ٥ مليار دولاری ئيزافيم ناكات كە ئەم دەعمەم بكەم بەشی ئەوە ناكات ئەبێ بيكەمە ٤٥٠ تەقريبەن ئينجا فەقەت موقابيلی موازەنەكەی ئێمەی ئەكا كە بڕواتە بەغدا ٤٥٠ زەربی سەد دولاری كە ئەوە تەقسيم كە مانگانە مليارەها دولارت دەمێ ئەو ئيزافەيەم ناداتێ كە ئەم دەعمەش بكەم لەسەری ئينجا لەبەروە نەختێ رونكردنەوەی پێويستە بۆ ئەوە، وابزانم ئەمەم دوبارە ئەكەمەوە ئەو چونكە يەك ويست بەراستی ئەم رەئيە زۆرم پێ خۆش بۆ زۆرجوان بەراستی رەئيی لە شوێنی خويەتی دو سێ خالی تيايە يەكيان ئەوە بو كە ئێمە دوومەسفامان هەيە كەسی تيجاری ئەوە نابا بەسيعری كۆبون بيفرۆشێ بۆ خۆی نەخێر ئێمە خومان بە عەمدی ئەوەی توركيا ئەمە دابەشمان كردوە دوو سيستەمە بۆ ئەوەی بڕيارەكە بڕوات ووتومانە تا بەنزينی تيجاری دێتە بازارەكەوە وەك خۆی لەرێگای موقاويلەكانەوە ئێمە خومان بەشێ تيجاری ئەخينەگەر ئەگينا بازارەكە كەسب ناكرێ، ئەوەی تيجارييەكەمان بە ١٢٥٠ی ئێمە خۆمان فروشتۆمانە بە ١٢٣٥ هيوادارم، چونكە زۆر بەرێزان باسی ئەوەيان كرد كەئەنەما دزی لەوە هەيە نەخێر شتی وانيە لەوەيانيە ئەوەی كە هەيە خەلەلی تيايە ئەوەی سيستەمەكە كە دوسيستەمی تيايە ٥٠٠ دی و ١٢٠٠دو ئەوە كە ناتوانی كۆنترۆلی بكەی ٢٠٠٠ كيلومەترت هەيە ناتوانی كۆنترۆلی بكەی ئێمە پێشمەرگەكان هەمەو كێلومەترێ بكە هەر تێ ئەپەرێ، يەعنی ئەوە ئەبێ سيعرەكە عيلاج كەين نەوەك كۆنترۆلەكە ناچێتە سەرەوە، زۆرگلەيی هەبوو, ئەوە مەسەلەن ناو بنەماڵەيە خەڵك شەرئەكا لەسەر ئەوە ئەوە هی منە يا هی تۆيە ڕاستە شتێكی خرابە، بەلاّم ئێمە ناتوانين سەيارەی زيياتر بدەين بە خێزانێ ئەتوانين بيدەين بە هەمو كەسێ ئەتوانين بێنينە خوارەوە بو ١٠ ليتر ١٥ ليتر نازانم، ئێمە كورت و موختەسەر كەمی يەكەمان

مەحدودە ٢٥٠٠٠٠٠ وە ئەوە تەوزیع ئەکەین چون بەدڵتانە پێمان بڵێن سیستەمەکە ئەگۆڕم وا تەوزیعی ئەکەم بڵێن بیدە بە هەمو عەسکەرێك ١٠ لیتری بدەرێ موشکیلەم نیە باقی بابچێتە دائیرەی، بەلاّم ئێمە سیستەمێك مان داناوە پێرفێکت نیە ئەوە نیە ئێمە نەمان وتوە بە پەلەمان داناوە هەفتەیەکمان بۆ زۆر زۆر موشکیلە بوو لە شارەکان، بەلاّم بەڕاستی سەرکەوتوبووە تا ئێستا یەعنی دیارە کە خەڵك ئیهتیمامی بدا ئەوە دو کێشەمان هەیە لە سلێمانی یەکێکییان ئەو ڕەقەمە بابلێین ڕەشانەیە ئێمە بڕیاری من نیە کە نەیاندەینێ من بە وەزارەتی داخلییەوە برادەران وتو یانە ئەمان بەعزێکیان علوجن نا کرێ ئەبێ ئیسباتی کا ئەگەر ئیسباتیشی کا لەسەر حیسابی ئەوەیە کە هەقت بە کۆبۆنەوە نیە ئاخرەکەی ئەگەر ٢٥٠٠٠٠٠ بەشی نەکرد من ٦٠٠ هەزار سەیارەکەم بوو بە ٨٠٠ کە دێمەوە ئێرە ئەکەم بە ٢٠ لیتر نیمە ئەمە با ڕونبێ ئێمە پێمان ناکرێ لە سێ و دوسەد زیاتر تەوزیع بکەین پارەمان نیە داهاتمان نیە ئێمە ئەو پارەیەی بە دوایدا ئەگەڕێن پێ معاشاتی پێشمەرگەو معاشاتی مۆەزەفەکان بدەین ئەوە ناتوانین ئەوە چاوەی پێ بکەین بیکەین بە دەعم لێرە، کەواتە حدودمان هەیە لە کەمیەکە حدودمان هەیە لە سیعرەکە، ئامادەین ئەوە مراجعەی کەینەوە بیکەین بە کەمتر بیدەین بە هەموو کەسێ هیچ موشکیلەمان نیە بەلاّم ئێمە ٧٠٠ هەزارمان...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل/ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك هەیە ناوازحە با جەنابی وەزیر ڕونی کاتەوە بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین ئێستا بەنزینی تورکی دێت وەزارەت دەی هێنێت بو کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی) فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەڕێز وەزارەت ئەی هێنێ بۆ کوردستان بەینی ملیون و دوو ملیونە ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل/ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەچ نرخێك ئەفرۆشرێ بەڕێز جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی) فەرموو. بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل/ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاهەفتەیەك پێش ئێستا بەنزینی تیجاری لە کوردستانا نەبوو چ خێرا ئەمڕۆ بۆ بە بازرگانی لە کوردستان پێش ٦/٩ بەنزین بە ٥٠٠ دینار بوو لە هەموو کوردستان بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەو بانزینەی کە ئەیدا بە ٥٠٠ ئێستا کردویەتی بە بازرگانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی) فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ئێمە ئەوەمان نەکردوە دووبارە ڕونی بکەمەوە ئێمە بەرهەمەکانی دوو مەسفاکەی خۆمان کە ٣٠٠٠٢٠٠ لیترە ئەوە ماوە بۆ کۆبۆن بەو سیعرەی ٥٠٠ دینار ئەوەی کە ئەیکڕین بە سیعری تیجاری ئەی فرۆشین بەسیعری تیجاری هەتا وەکو موقاولە تیجارییەکان خۆیان فریا کەون هی خۆیان بێنن ئێمە واز ئەهێنین ئەو وەختە، ئەو وەختە شەرت نیە ئێمە بەردەوامبین بیکڕین ئەگەر بیشیکەین زەرەر ناکەین هەر بازارەکە پڕ ئەکەینەوە بە سیعری تیجاری داهاتەکەم بۆ بێتەوە بە سیعری تیجاری فەقەت ئەوە ئەکەین بۆ ئەوە ئاسانکاری بکەین لە ڕێگای تورکیاشەوە بەنزین بێت. چونکە موقاولی کوردستانی ناتوانێ بچێتە تورکیا، لەبەر (security) و ئەو شتانە بەنزین بێنێ، دەمانەوێ دوو ولأتمان هەبێ کە بەنزین بێتن، یەکیان: ئێمە دەیهێنین، ئێمە تەسهیلات دەکەین وەکو حکومەت، ئەوەی تریان ئاسانترە لە ڕێگای ئێرانەوە تاجیرەکان خۆیان دەتوانن بیهێنن، ئینجا ئەوە کە ئێمە خستوومانە بازاڕەوە دەڵێین تیجاریەکە حکومەت خستوویەتی، لەبەر ئەوە بوو کە هانگاوێك بوو هەتا وەکو تیجاریەکە بە شێوەیەکی گشتی بکرێتەوە، تاجیرەکان خۆیان بیهێنن کە حەفتەیەك، دوو حەفتە، سێ حەفتە دەخایەنێ کە مەسەلەن لە بحرێنەوە، یاخود لە دوبەیەوە بێتە ئێرە ئەوە تەقریبەن گەیشتووە بەشێکی دوو، سێ ڕۆژ لەمەوبەر گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر، کەوابێ ئێمە ئەو بەڵگەیەی کە خستمانە روو باس لەوە کرا کە لە پاڵاوگەکەوە بەنزینی خۆماڵی نێردراوە بۆ بەنزینخانەی بازرگانی بۆ ئەوەی کە بیفرۆشێتەوە، ئەوەی کە جەنابت دەفەرموی لە تورکیاوە هاتووە ئەوە بەنزینی بڵێین دوای کراوە بە بازرگانی، ئایا ئەوەی لە تورکیاوە هاتووە

چووە بۆ باڵاوگەکە و لە پاڵاوگەکە دەرچووە؟ چونکە بەڵگەکانی ئێمە دەڵێت لە پاڵاوگەکەوە دەرچووە بۆ بەنزینخانە بازرگانیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی وا بزانم تۆش هەمان قسەت هەیە؟ وایە؟ با جەنابی وەزیر قسەکەی بکات فەموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن (د.ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کەمیەیەکمان هەیە کە (سێ و دوو سەد)ە، کە ئۆکتانی (٩٠، ٩١، ٩٢)ە ئەوەش کە لە دەرەوە دێت تەقریبەن ئۆکتانی نەختێك زیاترە لەوە، کەمیەیەکەمان ئێمە با بڵێین (٥)ملیۆنە، ئەوە بەشێکی بە گران کڕیوومانە، بەشێکی تەصفیەی داخلیە، ئەو کەمیەیەی کردوومانە بە دوو بەش، کردوومانە (سێ و دوو سەد)، لەوانەیە بەشێك لە ئەوەی تورکیا هاتووە خستوومانە کۆبۆنەوە، چونکە ئاسانترە بەنزینخانەکە نزیکە، لەوانەیە ئەوەی پاڵاوگەکە خۆمان وتوومانە ئاسانترە ببێتە تیجاری لەوێیە، بەڵام سیعرەکە گرنگە، ئێمە وتوومانە لە (سێ و دوو سەد)ەوە کۆبۆنە، باقیەکەی بۆ تیجاریە، مەصدەرەکەی شەرت نییە هەمووی تورکیا بێت، تێکەڵاو بووە لەوانەیە ئێمە چونکە بە پەلە ویستمان چەند بەنزینخانەیەك بکرێتەوە لە سلێمانی هی تیجاری، چونکە هی تیجاری نەبوو وتوومانە بەشێك لەوە بیخەنە تیجاریەکانەوە، چونکە تیجاری نەبووایە لە بەنزیخانەکان (١٠٠٪) خەڵکەکە دەهات بۆ کۆبۆنەکە کە تیجاریشە، لەبەر ئەوە وەکو پلانێکی موەقەت بوو ئەوە ببە بۆ ئەوە، بەڵام ناحیەی کەمییە (سێ و دوو سەد) بەینی ئەو کەمییە ئیجمالیە چووە بۆ کۆبۆن، باقیەکەی چووە بۆ تیجاری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئەوە عەبر نەبێت بە سەرماندا، ئێمە دەڵێین بەرهەمەکە (سێ ملیۆن و دوو سەد)ە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی دەعمی حکومەتی کرد بۆ (دوو ملیۆن)، کەواتە کۆی گشتیەکە دەکاتە (پێنج ملیۆن و دوو سەد) کەڕەتی حەوت ڕۆژی حەفتەیەکی بکە دابەشی (شەش سەد هەزاری) بکە دەکاتە (٦١) لیتر، ئەگەر (دوو ملیۆن)ە دەعمەکەش نەبێت (سێ ملیۆن و دوو سەد) کەڕەتی حەوت ڕۆژی بکە دابەشی (شەش سەد هەزار) بکە دەکاتە (٣٧) لیتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن (د.ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاسیبەکەم پێیە، با روونی بکەمەوە دووبارە ئێمە ئەو (دوو ملیار)ە کە باسم کرد ئەوە سێ بەش بوو، (حەوت سەد و پەنجا) بۆ بەنزین، (نۆ سەد و پەنجا) بۆ گازوایل و نەوتی سپی، (سێ سەد و پەنجا) بۆ نەوتی رەش بۆ مەعامل و ئەو شتانە، ئەو ژمارەیە ناتوانی تەقسیمی ئەمە بکەی، تەنها دەبێ بەنزینەکە وەرگری، من باسی بەنزین دەکەم، ( سێ ملیۆن و دوو سەد)م هەیە، دەعمەکەم (حەوت سەد و پەنجا ملیۆن) دۆلارە بۆ هاوولاتیان، ئەگەر بە (پێنج سەد) بیفرۆشم لە جیاتی ئەوەی بیفرۆشم بە (هەزار و دوو سەد و پەنجا)، من باسی ئەوەم کردووە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەوەی تریش پارەکە واز لێ بێنە، چونکە بە پارە حیساب ناکرێت، من (سێ و دوو سەد)م هەیە فەقەت، ئەگەر (شەش سەد هەزار) سەیارەیە زەربی حەوت رۆژی بکە و تەقسیمی ئەو ژمارەی بکەی (٢٥) لیتر دەکات، با ژمارەکان تێکەڵ نەکەین، چونکە تەبعەن هەموو ژمارەکان هەڵەیە، خاڵێکی زۆر گرنگ خوشکێك، بەڕێزێك نامەیەکی پیشاندا دەڵێت (حەوت سەد و پەنجا) دینار بۆ لیترێك، ئەوە موزەوەرە بە داخەوە ئێمە نازانین هێشتا مەصدەرەکەی لە کوێیە لە ژێر تەحەرپیدایە، ئەوەش بە عەمدی کرابوو ناردبووشیان بۆ هەموو مەحتاتی تەلەفزیۆن و ئیعلام و ئەو شتانە، ئێمە نامەیەکمان بلاّو کردەوە پێش ئەوە روخسەتم دابوو بە (کاك احمد) بەڕێوەبەری گشتی کە ئەو بینێرێت، چونکە من لە کۆبونەوەیەك دابووم، نامەکەی ئەویان تەزویر کردووە، دووبارەیان کردۆتەوە کردوویانە بە (هەشت سەد و پەنجا)، موزەوەرە، هی ئێمە نییە، ببوورن، ئەوانەی کە بردبوویان لەوانەیە موستەفید بن ویستوویانە سیستەمەکە تێك بدەن، نەوتی قاچاغ بۆ دەرەوە دەچێ؟ نەخێر نەوتی قاچاغ بۆ دەرەوە ناچێت، لەوە من موسیرم ئەوەی کە نەوتی قاچاغم بۆ دەگرێت، دەچێت بۆ دەرەوە، وەرە من ئیستیقالەی خۆم لەسەر مێزەکە دادەنێم، ناهێڵین، ئێستا کۆنترۆلمان لەسەر نەوت هەیە، چونکە لە مەصدەری کۆمپانیا نەوتیەکانەوە دەردەچێت کە بە عەقد دەردەچێت، هەمووی راستە دەردەچێ بۆ دەرەوە، بەلاّم بە مۆڵەت دەردەچێت، ئێمە دەزانین بۆ کوێ دەڕوات، کێ دەیبات ، بۆچی دەیبات؟ مۆڵەتمان داوە ئەوە نەوتی خام موشکیلە نییە، موشتەقەکان بە دەست حکومەت نییە ئەمە موشکیلەکەیە، دەڵێ بۆچی موقارەنە دەکەی لەگەڵ تورکیا موقارەنە ناکەی لەگەڵ بەغدا؟ ئێ بەغدا پێویستە من بیڵێم چەند دەورێکێ ناجیح و سەرکەوتووە، ئێمە دەمانەوێ خۆمان موقارەنەی بەغدا بکەین و وەکو بەغدامان لێ بێت؟ یەکێك لە سەبەبەکانی لەوانەیە ئەم شتانە بێت کە ناتوانێ ئیدارەی هیچ بکات مالی، من موقارەنەی خۆم انشاءالله هیچ رۆژێك لەگەڵ عێراق ناکەم، موقارەنەمان لەگەڵ ولاّتی پێشکەوتوو رێکەوت و بکەین بۆ ئەوەی ئایندەی خۆمان دیار بێ، روون بێت بۆ هەموومان.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با قسەکانی تەواو بکات، وەلاّمی پرسیارەکانی ئێوە دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن (د.ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێت (٢٥) لیتر کەمە، من دووبارەی دەکەمەوە لەوانەیە کەم بێت، لەوانەیە (٥٠) لیتریش کەم بێت، بەڵام توانامان هەر ئەوەندەیە، هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وتوویژەکەمان بەردەوامە، ئێوە ناوتان نووسیوە، بەشێکی زۆرتان ناوتان نووسیوە، د.شێرکۆ ناوتان نووسیوە دوای چارەگێکی تر پشوویەك وەردەگرین، دێینەوە وتوویژەکەمان بەردەوام دەبێت، دوای ئەوە وەڵامی پرسیارەکانتان دەدرێتەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەحدید ئەوەی من نوقتەی نیزامییە، بەراستی ئەگەر ئەمە پرسیار و وەڵامە با ئەوها بەسەرە بڕوات و بۆ من پرسیار وەڵام بکات، ئەگەر یەك جاریش بۆم هەیە قسە بکەم، بەراستی ناکرێت بە رەئی من نوقتەی نیزامی، یەعنی تۆ سێ جار قسە بکەی و من قسە نەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، هەڵە بوو ئەو دوو نوقتە نیزامییەی تریش نوقتەی نیزامی نەبوون، کاك سۆران نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر بڕیار بوو وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە تا ئێرە کراوە، بەڵام چەندین پرسیارم ئاڕاستە کردووە وەڵامی نەداومەتەوە، بۆ ئیحتکار لە هەولێر لە (١٠٠٪)ە بۆ وەزارەتە کە هیچ کەس بەنزینی تیجاری لە غەیری وەزارەت ناهێنێ؟ بۆ لە سلێمانی تەنها قەیوانە؟ زائیدەن ئەو پێمان دەڵێت کە رۆیشتوون بازرگانان بیهێنن مەرجەکان لا دەدەین، ئەگەر بڕیارە مەرجەکان غەیری کوالیتی لا یبەرن، فەرموو ئێستا رای بگەیەنە، با مونافەسە دروست ببێت (هەزار و دوو سەد و پەنجا) بێتە خوارەوە، ئێستا کوالیتی بەنزین ئۆکتان هاتۆتە (٨٠) بڕۆ لە بەنزینخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەمە نوقتەی نیزامی نەبوو، پرسیاری هەبووە، هیواداریین ئەو پرسیارانەی پەرلەمانتاران کردوویانە ببێتە هۆی پێدا چوونەوە بە رێنمایەکانی وەزارەت لەو بوارەدا، بەس با نوقتەی نیزامییەکان وەربگرین، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزام دەربارەی سەرۆكایەتی پەرلەمان وەردەگیرێتن، دەربارەی مێوان وەرناگیرێت، ئەوانەی وەرت گرت هیچیان نوقتەی نیزام نەبوون، بۆیە ئەوەی كە بە داخەوە مەجالیشت بەوانە دا كە ئەوانەی قسەیان كردیە، زۆر لە ئەندام پەرلەمانەكانمان هەموومان قسەمان هەیە، بەشێك لەو قسانەی كە كراشن ئەو بەڕێزانەی كە تیكرار بۆوە ئێمە تەئیدی بەشێك لە قسەكانی ئەوان دەكەین، پشتگیریان لێ دەكەین، بەلاَم تۆ فرسەتی ئەوانەت دا كە زیاتر پێشتر قسەیان كردبوو، دەربارەی دەنگ و رەنگی پەخشی راستەوخۆش كەناڵەكانی راگەیاندن گلەیی ئەوەیان هەیە كە تا ئێستا چارەسەر نەبووە، ئەمڕۆ نە دەنگ نە رەنگی پەخشەكەمان تەواو نییە، داوای لێبووردن دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا منیش هەندێ نا رەزایەتیم بۆ هاتووە لەسەر پەخشی راستەوخۆ، تكایە بێ دەنگی، بەدوا دچوونمان بۆ ئەوە كرد، هەندێكی بە هۆی كەناڵەكانی راگەیاندنەكانی خۆیانەوە بووە، هەندێكیشی بە هۆی ئەم هۆڵەوەیە كە هەر جارێك شتەكانی چاك دەكەینەوە بە داخەوە تێك دەچێتەوە، بۆم باس كردن یەكێك لە كێشە سەرەكیەكانمان ئەم هۆڵەیە، دراوە بە كۆمپانیایەك كە كۆمپانیای رێگاوبانە، دوایی تا ئێستا نایەتە ژێر باری ئەوەی كارەكانی تەواو بكات، ئەو خەلەل و كەم و كورتیانەی كە لەم هۆڵە هەیە چارەسەری بكات، ئێستا پشوویەك وەردەگرین و دواتر دەست دەكەینەوە بە گفتوگۆ كردنەكەمان، بۆ ماوەی (١٥) خولەك پشوو وەردەگرین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای پەخشەندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە بەردەوام دەكەین، وا دیارە موناقەشەی زۆرمان ماوە لەسەر ئەم تەوەرە، بەراستی داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەین رەچاوی كات بكرێتن، پرسیارەكان دووبارە نەكرێنەوە، قسەی ئەوەی پێشتر قسەیان لەسەر بابەت دەكەن ئەوانیش بەراستی دووبارە نەكرێنەوە، ناوەكان دەست پێ دەكەینەوە، بەڕێز عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من سەرەتا دەمەوێ وەك سەرەنج و تێبینیەك هەر كاتێك بابەتێكی زۆر هەستیار دەبێت ئەو پەخشە رادەوەستێ ئەگەر وابوایە لە سەرەتاوە ئەو پەخشی راستەوخۆیەمان نەكردایە بە بڕوای من، ئەگەر وابێ كەواتە ئەو پەخشی راستەوخۆیە زیادەیە هەر كاتێك كە بابەتێكی هەستیار یان وەزیرێك دێتە ناو پەرلەمان پەخشەكە دەوەستێ، ئەمە بۆ خۆی جێگەی گومانە بەراستی، بە بڕوای من ئەو قەیرانەی ناویان ناوە قەیرانی بەنزین من پێموایە ئەو بەو شێوەیە نییە، بەلاَم دەكرێ بڵێین ئەم قەیرانە قەیرانێكی تری پێ چارەسەر دەكرێ كە ئەویش قەیرانی داراییە، لەبەر ئەوە وەكو ئەوەی من لێی تێگەیشتبێتم لە

قسەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، لە قەسەکانی کاك سۆران عمر کە دەڵێت گوایە شەش مانگە بەنزین لە بێجییەوە نایەتە ئێرە، باشە ئەگەر شەش مانگە نایەت خۆ ئەم قەیرانە هەمووی چەند ڕۆژێکە رووی کردۆتە هەرێمی کوردستان، ئەی کەواتە پێشتر بۆ ئەم قەیرانە نەبووە؟ ئەگەر بەنزین لە بێجییەوە نەهاتووە بۆ ئێرە، دەمەوێت پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان بکەم، پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك سۆران عمر و کاك علی حەمە صالح دەکەم، هەروەها سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەسەر ئەوەی کە دەڵێت وڵاتەکەمان سەیارەی زۆر تێدایە، ئەوە گوناحی ئەوانە نییە کە سەیارەیان هەیە، ئەوە دەکرێت حکومەت پلانی نەبووە بۆ هێنانی ئەو هەموو سەیارەیە، تەنها لەبەر خاتری وەرگرتنی باج و گومرگ لێیان، تەنانەت ژمارەی ئۆتۆمبێلیش کە دەیان درێتێ لە چوار پستۆنەوە بۆ هەشت پستۆن کۆمەڵێك باج و گومرگیان لێ وەردەگیری، بەڵام لە ئێستادا کە دێیتە سەر بەنزین دەڵێن والله سەیارە زۆرە نابێ بەنزین دابین بکرێت، دەبوایە لە سەرەتاوە پلانی ئەوەیان هەبووایە کە ئەو هەموو سایەرەیە نەهێندرێتە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە سەیارەی کە ناوی نا بە سەیارەی علوج کە کۆبۆنی بۆ ناکرێت، کە من بۆ خۆم لەگەڵ کۆبۆن نیم و لەگەڵ ئەو ڕێژەیەش نیم وەکو کاك علی روونی کردەوە کە ئەو برەی کە هەیە زۆرتر دەکات، یەعنی دەکاتە (٦١) لیتر نەك (٢٥) لیتر بۆ هەر سەیارەیەك، (٢٥) لیتر ئەگەر پەترۆلێکت پێ بێت رەنگە بە سلفێك ئەو (٢٥) لیترە بڕوات، سەبارەت بەوەی کە وتی سەرەتا ئەولەویەت، راستە منیش دەڵێم ئەولەویەت بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و ئەو سنوورانەی ماددەی (١٤٠)ە، بەڵام ئەوشمان بیر نەچێت ئەو ریزە دوور و درێژەی کە خەڵکی کوردستان لە بەنزینخانەکان سەری بەستووە زۆربەی زۆریان کەس و کاری ئەو پێشمەرگانەن کە لە هێڵی تەماسدان، پرسیارێکی زۆر گرنگ من پێشتریش هەر بە پرسیار ناردوومە بۆ سەرۆکایەتی، بەڵام بە داخەوە نەخوێندرایەوە، من گومانم هەیە لەوەی کە بەنزین هاتبێت، بەڵام ئەگەر بەنزین لە تورکیاوە هاتووە باشە بۆچی لە تورکیاوە بەنزین دەهێنن لە کاتێکدا نرخی لیترێك بەنزین لە تورکیا بە (٣) دۆلارە؟ بۆچی لە ئێرانەوە ناهێنن کە نرخی لیترێك بەنزین بە (٧٠٠) دینارە؟ سەبارەت بەوەی کە کۆبۆن نادرێت بەو ئۆتۆمبیلانەی کارتی زانیارییان هەیە، یان ئەو شۆفێرانەی کە لە ناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ن، بە بڕوای من نەك نابێ بیاندرێتی، بەڵکو دەبێ ئەمانە زۆرتریان بدرێتێ بە جۆرێك کە جیاوازیان هەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوانە لەناو هێڵی تەماسدان لە بەرەکانی پێشەوەن، لە سەردەمی (د.ابراهیم بحر العلوم) کە وەزیری نەوتی عێراق بوو بناغەی پاڵاوگەی کۆیە داندرا، ئەو پاڵاوگەیە چی بەسەر هات؟ ئەمەیان وەك هینی لێ هاتووە والله، ئەمەیان تەسەور دەکەم زۆر شمولی نەبێت بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڵام دیارە پەیوەندی بەو کۆبۆنەوە هەیە کە وەکو نوکتەیەك وایە دەڵێ تەسکەرە نفووسی فسفۆریش بۆتە کێشە لە کاتی وەرگرتنی فۆرمی خۆراك لە بریکاران، بۆ نموونە ئەگەر تەنها یەك کەس لە خێزانەکەدا، واتە ئەگەر من و خێزانەکەم و منداڵەکەم، منداڵەکەم تەسکەرە نفووسی نەکردووە بە فسفۆر کۆبۆنی بەنزینی نادەنێ، لەبەر ئەوەی کۆبۆنی خۆراکی دەوێت بۆ کۆبۆنی بەنزین، من هیوادارم

ئەوها نەبێت، بەڵام لە ئێران کە وڵاتی دراوسێمانە کە وەك تورکیا نزیکە لە ئێمە لیترێك بەنزین بە (٧٠٠) دینارە و تیجاریەکەشی بە (١٠٠٠) دینارە، بەڵام نرخی بەنزینی حکومی و ئەوەی لای خۆمان با بڵێین کارت و بازرگانیەکە لە (٥٠٠) بۆ (١٢٥٠) دینارە، یەعنی ئەوە جیاوازیەکی زۆر زۆری هەیە، کە من هیوادارم لەوەش کەمتر بێت وەك ئەوەی کاك سۆران باسی کرد کە لە حکومەتی عێراق لەو هەموو ئەزمەو لەو هەموو مەشاکیل و لەو هەموو وەزعە خراپەدایە لیترێك بەنزین بە (٤٥٠) دینارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، نزیکەی (٦٠) پەرلەمانتار ماوە قسە بکات، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بێت دانیشتنەکەمان تا پارشێو دەخایەنێت، بۆیە تکایە هەم قسەکانتان کورت بکەنەوە، هەم ئێمە بە داوای لێبووردنەوە ڕێکێ دەخەین قسەی دووبارە ڕێی پێ نادەین ئەو قسانەی کە کراون پێشتر ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە ئێوە دووبارەی مەکەنەوە، بەڕێز یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهتنا جەنابێ وەزیری دکەین و دگەل شاندێت دگەل وی، راستی ئەز دووبارە نەکەمەوە ڤی گوتین ئەز ئەوە دکەم کۆبۆن و هەموو تشتێت، بەس هەندەك خالا دبێژم، ئینتاجا مەصافیەت مە لە کوردستانێ جەنابی وەزیر گوتی (٣٨٪) نەفتی رەشە، (١٢٪) نەفتە بازاڕ نینە لە کوردستانێ ئەو (٥٠٪) پانزین و نەفتی سپییە، دیڤ حیساباتێت (سێ ملیۆن و دوو سەد و پێنجی) ئەو دگەڵ (سەد و پازدە) هەزار بەرمیل بۆ رۆژانە، تەقریبەن پانزین دەبیتە (١٧,٥٪)، ئینجا نزانم ئەڤە دروستن؟ یان نا؟ وەك رەقەم (١٧,٥٪)، پشتی ئەو عەدەدا سەیاراتا پرسیارا دووێ (شەش سەد هەزار)ن، ئەرێ ئەڤ (شەش سەد هەزار) دگەڵ وانە ئەوێت خەڵکی (میصل)ن رەقەمێ وان (دهۆك)ە خەڵکی (بەغدا)نە رەقەمێ وان (ئەربیل)ە دیڤ ئەوەش هەر (شەش سەد هەزار) بیت، ئەگەر (دوو ملیۆن و نیڤ) تەقسیمی (شەش سەد هەزار)ی بکەین دەبیتە (٢٩_٣٠) لیتر، نە (٢٥) لیتر، ئەز پێشنیارێکی دکەم تەبعەن بەریکا نوکە (دوو ملیۆن) لیتر پانزانین هات، نوکەژی دێت، بەس بەری نوکە هات دگەڵ پانزینا بێجی بوو ڤی حالەتی (شەش سەد هەزار) سەیارە، ئەم بشێین حیساباتا بکەینە (ملیۆن) سەیارە (دوو ملیۆن) لیتر دەعما تیجاری دکەتن، هەر دەعما مەحەلی بکەین دێ (٤٥) لیتر دێتە وەرگرتن، هەر سەیارەیەك (٤٥) لیتر دێتە وەرگرتن، چۆن؟ مە (سێ ملیۆن و دوو سەد و پێنجی) لیتر پانزین هەنە دگەل یێ تورکی دێبیتە (دوو ملیۆن) دێبیتە (پێنج ملیۆن و دوو سەد پێنجی)، (حەفت سەد هەزار) بۆ پێشمەرگە دێبیتە (چوار ملیۆن و پێنج سەد و پێنجی) لیتر، ئەگەر ئەم عەدەدێ سەیارە بکەینە (ملیۆن) سەیارە ژی دێبیتە هەر سەیارەك دێ (٤٥) لیتر وەرگری، نەك (٢٥) لیتر، دێ ئەڤە هاریکار بیت بۆ سیکامەیا کەم دەرامەت و وەزعی مەحەلی، پێشنیارێکی دی ژی دکەم ڤی بابەتی نایەتە حەل کرن ب تشتەکی وەختی لازمە ئەم تەختیتەکا ستراتیجی هەبیت بۆ ڤی پرۆژەیێ، هەندەك ئەهداف تە هەبن، تە روئیە هەبیت، تە ئەهداف هەبن، تەحلیلەکا باش بێتە کرن، نەك ل سەر سەرێ

وەزارەتا سامانە سروشتییەکان بەلکی وەزارەتا تیجارە دگەل بیت و وەزارەتا دارایی دگەل بیت ئەڤ سەیارەیەت دێن نە ژ بەر باجا بیت، یەعنی بێتە چێ کرن رێکاکە پلانەکا ستراتیجی، دیڤ راپۆرتا یا مەیا لیژنەیا دارایی تەبعەن (٢٥٪) بێجی کەم کریە، بەس دیڤ ئەحسا کریە ل دهۆك ژمارەیا سەیارەیا مە ئەڤێ ل دهۆکێ خصوصی (سەد و هەشت هەزار)ە، حمولە (پێنجە و هەشت هەزار و نۆ سەد سێزدە)، ئوجرە (شازدە هەزار و نۆ سەد و سێ)، زراعی و ئینشائی نادەنێ (چوار هەزار و نۆ سەد) زراعی (دوو هەزار و نۆ سەد) سەیارە، ڤێ حالەتیدا ئەگەر ئەم دیڤ وی بچین حسەمەیا دهۆکێ تەقریبەن دی ئەوە نوکە کۆبۆنە تەبعەن مە چەند ژی بچینە خار ئەو سەیارە ژی (١٠٪) شاغرن رەقەم خالینە، تەقریبەن (٢٥٪) هەتا (٣٠٪) نە خەلکێ کوردستانێ نە، یەعنی کا چ ئەوێدینە کرینە شەریکات و ما شەریکاتن، حسەمەیا دهۆکێ دێتە دانان لازمە بێتە دان رۆژانە (چوار سەد و حەفتێ هەزار) لیتر هەتا (پێنج سەد و دە هەزار) لیتر، ئایا نوکە بۆ دهۆکی چەند دێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، بە تەئکید کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەو دۆخەی کە ئێستا لە عێراق هەیە، یەکێك لە ئەنجەمەکانی ئەو قەیرانە لەوانەیە بەشێك راستە لەوانەیە هەر دوو دیوی هەبێتن، بەشێکی ناوخۆی خۆمان بێتن، بێ پلانی حکومەت و نا رێکی دەزگاکانمان بێتن، بەلام بەشە سەرەکیەکەی تەئکید ئەو دۆخەی ئێستا هەیە لە عێراقدا، بۆیە دەبێ ئێمە لە ئاستی دۆخەکەدا بەرپرسیارانە قسە بکەین و بدوێین، ئەو دۆخەی کە هەیە دەبێ ئەو حیسابەش بکەین بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی ئێمە چ ئەندامانی پەرلەمان، چ لە وەلامەکانی حکومەت حالەتە دەروونییەکانی هاوولاتیان حیسابی دەربارەوە بکرێت کە لە هەموو رووەکانی حالەتی نەفسی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ، وێڕای گەشبینییان بە ئایندە، بەلام ئەوەکیشی تێدایە کە قەلەقی تێدایە، کە باس لەوە دەکرێ من تەئیدی بە تەحدید ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کردیە تا ئێستاکە پشتیوانی قسەکانیان بکەم (بەڕێز کاك علی، بەڕێز کاك خلف، مامۆستا هەورامان، کاك عادل)، بە تایبەتی لەو نوقتەیەی کە باسی لێوە کرد لە بێ پلانی حکومەت لە هێنانی سەیارەدا، ئەوە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان نینە گوناح بارن، ئەمڕۆ لە هەر مالێکدا دوو سەیارە و زیاتری تێدا هەیە، ئەوە جگەلە پلانی حکومەت و مەسەلەی زەریبە و گومرگ، بەلام نەبوونی ترام و میترۆ، هەروەها پاس و هەتا پایسیکل لە شەقامەکاندا شوێنی تایبەت و ئەو رێکارە، یان ئەو مەسەلە کەلتوریانە بۆی نەرەخساوە، بۆیە لە حالەتێکی وای بەنزین ئەگەر بەو شێوەیە نەبایە ئێستاکە مەسەلەی بەنزین و قەیرانی بەنزین راستەوخۆ رەبتی بە هەموو مالێکی کوردستانەوە هەیە، شتێك نییە چەند کەسێك و چەند نوخبەیەك، یان گرووپێکی دیاری کراوی کۆمەلایەتی تێیدا زەرەر مەند

ببێتن، ئەوەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی دەربارەوە کرد لە پلانەکاندا هیچ گەشبینیەك هەستی پێ ناکەین، باس لە دوو ساڵی دیکە دەکات، پلانەکانی وەزارەت و حکومەت ئەگەر بۆ دوو ساڵی دیکەیە، واتە وەکو مەسەلەی کارەبا کە ساڵانی رابردوو پلانەکانی حکومەت و هەوڵەکانی حکومەت لەو (sector)ە گرنگەی ژیاندا هەوڵەکانی چڕ دەکردنەوە بۆ دوو ساڵ بەرنامەی دادەنا لە دوای ئەو دوو ساڵەدا قەیرانەکان قووڵتر و زیاتر دەبوون، واتە ئەگەر دوو ساڵی دیکە بەو شێوەیە بێت جادەوبان و رێگاوبان هاتنی سەیارە بەو شێوەیە بێتن و هاووڵاتیان بەو شێوەیە بە کاری بهێنن ئەو پلانەی ئێستای حکومەت بۆ دوو ساڵی دیکە دایدەنێن لەو کاتیشدا ئەو قەیرانە بەردەوامی دەبێتن، خاڵێکی دیکە مەسەلەی قسە کردن دەربارەی نرخ، نرخی بەنزین کە ساڵێکی رەت نەکردیە ئەو قەیرانەی کە لە هەرێمی کوردستان ساڵی رابردوو، پار ساڵ لە مانگی حەوت بڕیاردرا بووە (٥٠٠) دینار، دەپرسین ئەگەر لەو کاتیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و بەرنامەیەکی مەدروس و مەعقوولی نەبووە؟ واتە بە داهاتی ئەو ولاتە یاری کردیە، بڕیار دەداتن بەنزین دەکاتە (٥٠٠) دینار دەبێتە جێی سەرەنجی هاووڵاتیان و ناکرێ ئەوەش لە بیر بکەین ئێمە لەو کاتیدا باس لەوە دەکرا بە تایبەت ئێمەی پەرلەمانتارانی ئەم خولە روو بە رووی ئەو قسەیەی هاووڵاتیان دەبووینەوە، پێمان دەوترا ئەوە حەملەی هەڵبژاردنە بەنزین نرخەکەی دادەبزێت، ئێمە ئێستا رایدەگەیەنین و قسە دەکەینەوە هەموو ئەو قسانەی ئەو کات لە میدیاکان دەمانکرد ئەو کاتی لەناو کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان دەمان کرد ساحێبی ئەو قسانەین، بۆیە دیفاع لەوە دەکەین وەکو پەرلەمان مەسەلەی نرخ ئەو (٥٠٠) دینارە ئەگەر چڕ بکرێتەوە لەو (٢٥) لیترەی کۆبۆن، کەواتە ئەو کاتی ئەو قسانە راست بوونە، دیارە حکومەت پلانی نەبووە لەوەی کە مەسەلەیەکی ستراتیجی بێتن دوایی لە خزمەتی هاووڵاتیان دابێتن، کۆبۆن بەڕێز وەزیریش رەفزی کردەوە کە لەگەڵ سیستەمی کۆبۆندا نییە، بەلام ئەگەر سەیر بکەین ئەو تەعقیداتانەی لە کۆبۆن دەکرێن ئەمە لە کاتێکدایە خەڵکی کوردستان دڵخۆشە بەوەی کە ماددەی (١٤٠) و سنوورەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەلام ئەوان ئەگەر شمولیان نەکات واتە هاووڵاتی ئەو ولاتە نینە و حیساب لەسەر قسەکانیان ناکرێت، مەسەلەی تەهریب کە خەتەر ترین گرفتی ئەو قەیرانەیە کە باسی لێوە دەکرێت تا ئێستاکە نەتوانراوە حاشای لێ بکرێت و میدیاکارانیش قسەی دەربارەوە دەکەن و دەلائیل و موستەمسەك هەیە، راستە بە مەسەلەیەکی رێژەییە رێگرتن لە تەهریب لە هەموو سیستەمێکی ولاتانی دونیادا، لە کۆبۆن و مەسەلەی کارتی ئەلیکترۆنی کە بەڕێز وەزیریش باسی کرد، ئەگەر سەیری مزەخەکانی بەنزینخانەکان بکەین هەمووی مۆدێرن و هی بەنزینخانە سەردەمیاکانی دونیای پێشکەوتوونە، بۆیە زۆر ئاسانە دەتوانرێ بەو کارتەی کە کۆبۆنەکە لە جیاتی کۆبۆن، کۆبۆنیش حەق نییە ئیعتیماد لەسەر پسوولەی خۆراك بکرێت کۆبۆن هی هاووڵاتی نییە، کۆبۆن هی بەنزینە، کەواتە هی سەیارەیە، هەر سەیارەیەك حەقی بەنزینی دەبێتن، بۆیە ئەو کارتە ئەلکترۆنیە پێموایە کۆمەڵێك ئیشکالیاتمان لە کۆڵ

دەکاتـەوە لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە بەنزینخانـەکان نـا عەدالـەتی هەیـە، باسـی لێـوە کـرا ئەگـەر کەسێك لـە مزەخەکە بناسی، یان پۆلیسێك لەوانەیە بتوانێت حوکم بەسەر بەنزینخانەیەك بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت صابر فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم، لە راستیدا دەمـەوێ بـە کورتی، بـە پـوختی بـیر بۆچـوونی خـۆم سـەبارەت بـەم قەیرانـە دەربـبڕم، بەشـێکی ئـەم قەیرانـە خـەتای وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکانە، لەبەر یـەك سـەبەبی بەسیت، ئەمـە راپۆرتی وەزارەتـی سامانە سروشـتییەکانە هـی ساڵی (۲۰۱۲) بـە گـشتی بـاس لـە پرۆسـەی بەرهـەمی نـەوتی دەکـات، لـەم راپۆرتـەدا ئیـشارەت دراوە لـە (۷۳٪)ی بەنزینی هەموو کوردستان لە بێجییەوە دێت، لە ساڵی (۲۰۱۳، ۲۰۱٤)یەدا کەواتە تێگەیشتین کە (دوو ملیۆن) لیتر بەنزین لە تورکیاوە دێت، (دوو ملیۆن) لیتر لە بێجییەوە دەهات، (سێ ملیـۆن) ئینتـاج بـوو، ئەمـە بێ پلانیەکەیـە (چوار ملیـۆن) لـیتر بـەنزین لـە دەرەوەی هەرێمـەوە بێـت، خـۆت خـاوەنی (سـێ ملیـۆن) لـیتر بەرهەم بیت، کە بەنزینی بێجی دەبڕێت قـەیران دروسـت دەبێـت، بەشـێ قەیرانەکـەی تـر ئەمەیـە، تـا دوو حەفتە پێش ئێستا ئەو بەنزینەی لە تورکیاوە دەهات لەگەڵ بێجی تێکەڵاو دەکرا بە (٥٠٠) دینـار دەدرا بـە هەموو کوردستـان، تۆ خێرە لەم ئەزمەیە ئـەو بەنزینـە بکـەی بـە تیجاری و لـیتری بـدەی بـە (١٢٥٠) دینـار وەزارەت؟ ئەمـە بـە پـلان (step by step) دەکـرا، ناکرێـت لـە یـەك کاتـدا ئەزمەکـە قـوول بکەیتـەوە لـە جیاتی چارەسەری بکەیت، دڵنیاین لەوەی کە بەنزینی بێجی نـەماوە، کەواتـە بەرهـەم کـەمی کـردووە، ئـەو بەنزینەی تورکیـاش کـە دێـت بـە (٥٠٠) دەدرا بـە خـەڵك ئێـستا بیـدەی بـە (١٢٥٠) کێشەکە قـوولتر دەکات، یەعنی کەواتە ئەزمەکە، قەیرانەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە، وەکو تریش لە دونیادا هـیچ وڵاتێـك نـاتوانێ پرۆسەی نەوت بە تەنها وڵات بەڕێوەبەرێ و کەرتی تایبەتی تێدا نەبێت، عەکسەکەشی راسـتە، خـاڵێکی تـر دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم ئەمەیـە، بـەڕێز وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان دوو جـار باسـی لـەوە کـرد کـە پرۆسـەکە لـە هـەولێر و دهـۆك سـەرکەوتوو بـووە و لـە سـلێمانی سـەرکەوتوو نـەبووە، وەڵامەکـەی ئەمەیـە بەرهەمی بەنزینی پاڵاوگەی هەولێر دوو ئەوەندەو نیوی پاڵاوگەی سلێمانییە، لە کاتێکدا سلێمانی چوارەم گەورەترین شاری عێراقە، دانیشتوانی سلێمانی و گەرمیان ئەگەر زیاتر نەبێت کـەمتر نییـە لـە دانیـشتوانی هـەولێر و دهـۆك، بـۆ بەرهـەمی هـەولێر دوو ئەوەنـدەو نیـوی سـلێمانییە؟ لـە کاتێکـدا دانـانی ئـەو دوو پاڵاوگەیە لە یەك کاتدا بووە بە هـەمان توانـای بەرهـەم هێنانـەوە بـوو، کەواتـە ئەمـە نـا عەدالەتییەکەیـە، ئەمەیـە وای کـردووە ئەگـەر لـە هـەولێر و دهـۆك سـەرکەوتوو بووبێـت لـە سـلێمانی سـەرکەوتوو نـەبووە، خاڵێکی تـر لـە سـاڵی (١٩٩٢)وە پەرلـەمانی کوردسـتان بڕیاریـدا سیـستەمی ئـابووری ئـازاد بێـت لـە هـەرێمی کوردستان، ئەمەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەیکات پێچەوانەی ئابووری ئازادە، بە نموونە وەزارەتی

تەندروستی لە هەولێرە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە لە هەموو شارەکان، وەزارەتی پەروەردە لە هەولێرە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە لە هەموو شارەکان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەڕێوەبەرایەتی نییە لە هیچ شارێك، کەواتە دەسەلاتەکانی چڕکردۆتەوە لە وەزارەتدا، بۆیە من دلنیام بە تەنها ئەم قەیرانە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چارەسەر ناکرێت، پشتیوانی لە گواستنەوەی گشتی دەکەم، پشتیوانی لەوە دەکەم سیستەمی کارەبا کە کاك دکتۆر ئیشارەتی بەوەدا (دوو ملیار) دۆلار سالانە دەعم دەکرێت بۆ ڤیتاعی کارەبا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کارەبای کوردستان خراپترین جۆری کارەبایە لە جیهاندا، هەتا سەر هیچ ولاتێك ناتوانێت، خراپیەکەی لە رووی ئەوەی کە زۆرترین خەرجی دەوێت، وەك ئیشارەتی پێدا بەڕێز وەزیر (دوو ملیار) دۆلار دەبێ بدرێت بە نەوتی رەش بۆ کارەبا، لەوەش وردتر بۆت باس بکەم هەموو کارەبای کوردستان ئێستا یەك کۆمپانیا بەرهەمی دەهێنێت...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ئەگەر لە کاتێکی تر باسی بکەین د.عزت؟

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەستە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جەنابی وەزیریش ئیشارەتی بەوەدا ئەم خەرجیە زۆرە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەت ناکرێت، خالێکی تر دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی لەوە کرد سالانە بە بڕی (پێنج ملیار) دۆلار بەشداری لە حکومەتدا دەکات بۆ ئەو خەرجیانەی کە باسی کرد، نە خولی چوارەمی پەرلەمان و نە هەر سێ خولەکەی پێشوو هەرگیز لەگەل ئەوەدا نین، هیوادارم هاوڕابن لەگەلمدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە دەرەوەی بودجەی گشتی نە داهات کۆ دەکاتەوە لای خۆی، نە پارە خەرج کات لە لای خۆی بەبێ ئەوەی لە ژێر چەتری پەرلەمان و نەخرێتە ناو بودجەی گشتییەوە، یەکێك لە داواکاریەکان و پێشنیارەکان ئەوەیە داواکارم لە (٢٠١٤) ئەگەر فریا نەکەوتن لە (٢٠١٥)ەوە سەرجەم پرۆسەی نەوت و داهاتی نەوت بچێتە ناو بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانەوە، بە کورتی سەبارەت بەم کۆبۆنە، ئەم کۆبۆنە جیاوازی نەکرد لە نێوان دەولەمەند و هەژاردا، بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر دەولەمەندتر وەریان گرتووە لە هەژارەکان، ئەوانەی کە وەریان نەگرتووە هەژارەکانن ئەوەی (١٤٠)ە هەژارترینن، لەبەر ئەوە پرس و را بە زۆرینەی خەلك نەکراوە، زۆر ورد دیراسە نەکراوە، ئەوانە وەریان نەگرتووە کە هەژارن، ئەمانەی دەیلێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هیچ شتێکی دووبارەی تێدا نییە، لەبەر ئەوە هیوادارم کاتم پێ بدەیت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەك هەر وەزارەتێکی تری حکومەتی هەرێم کۆمپانیایەکی بازرگانی نییە بەدوای قازانج و زەرەردا بگەڕێت، وەزارەتی تەندروستی زەرەر دەکات، وەزارەتی پەروەردە زەرەر دەکات، بۆیە ئاساییە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش قازانج نەکات، بەلام راستە حکومەتی بەغدا بودجە نانێرێت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تاکە وەزارەتە بەراورد بە وەزارەتەکانی تر کە لەسەر شانیەتی، لە ئەستۆیەتی داهات پەیدا

بكات بۆ ئەوەی بودجەی فەرمانبەران بدات، لە ڕێنمایەکانیاندا سەبارەت بە کۆمپانیاکان بەندێکی تێدایە دەڵێت ئەو کۆمپانیایەی بەنزین لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنێت بۆ هەرێمی کوردستان مافی هەیە لە هەرێمەوە بیبات بۆ دەرەوەش، بەڵام بە ئیجازەی وەزارەت، داوا دەکەم ئەو فەقەرەیە لابەرن، ئێستا ئەگەر تۆ بەراوردی (١٥) پارێزگاکەی تری عێراق بکەی بە کوردستان، ئەزمەکە لە کوردستان گەورەترە، کۆمپانیایەك لە دەرەوەی وڵاتەوە بەنزین دەهێنێت بە هیچ پاساوێك لە پشت ئەوە نییە ڕێگەی بدەی لە هەرێمەوە بیبات بۆ شارێکی تری عێراق، بۆ شوێنێکی تر، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەو فەقەرەیەی لێلابەرن، هەر بە ئیجازەی کۆمپانیاکان ئەمە یاسای ئابوورییە تا کۆمپانیاکان زۆربن کێ برکێ دەکەن، نرخ دادەبەزێت، هیوادارم مەرجێکی تێدایە کە دەڵێت (سی ملیۆن) لیتر خەزن، بیکەن بە (دە ملیۆن)، یان (پێنج ملیۆن) لیتر، بازاڕی بەنزین گەرمە ئێستا لە کوردستاندا ئەوەی بەنزین دێنێ نامێنێتەوە دەفرۆشرێت، لەبەر ئەوە گرنگ نییە شوێنی (سی ملیۆن) لیتر بەنزین بگرێت، خاڵێکی تر ئەم جارەش تەئکید لەوە دەکەمەوە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داهات و خەرجیەکانیان بخرێتە ناو بودجەی گشتییەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستیدا گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەس تەنها لە ئەستۆی ئێوەیە پارە بۆ وڵات پەیدا بکات، تەنها لەی ئەستۆی ئەوە، کارەبای کوردستانیش هەر لە ئەستۆی ئەوە، بەنزین و نەوتی کارگەکان هەر لە ئەستۆی ئەوە، بۆ ئەوەی بەشێك لەم مەسئولیەتە لەسەر شانی بەڕێزیان لابچێت، هیوادارم دەسەڵات و ئەرك و مافی وەزارتی سامانە سروستییەکان چەندە و لە یاسا و لە ڕێسادا پێی دراوە وەکو وەزارەتەکانی تر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا وەزیری سامانە سروشتییەکان دکەم، پیروزبایی لە (کاك عباس فتاح) دکەم کە بووە ئەندام پەرلەمان، بەراستی ئەم بۆ خزمەتا خەلکێت خۆ هاتینە وێرێ، یەعنی ئەم دوو تشتا لە یەك جودا کەین هوسا دیار بویە کو مە دڤیا ئەڤرۆکە گەلێ ڕێز و ئیحترامێت مـن گەلەکا خۆش دیار کەت بەس باش بوو پەخشێ تەلەفزیۆنێ خەلەلەك کەتبو تێدا گەلەك ئاریشە پەیدابن، هەم بۆ خزمەتا خۆ و پشتەڤانیا حکومەتا خۆش ژی هاتین، کو حکومەتا مە پتر سەر فراز بیت ڤی بابەتیدا، لەورا مە دڤێت هەندەك خاڵ بدەنە بەر چاڤ ئەو خاڵێت هەڤاڵێت مە گۆتین ئەم دێ هەما سەراچن بەحس ناکەن، بەس ڕاستی ژی تشتەکی دلخۆشکەرە کو حکومەت ڕەنگە هەندەك بێژن ڤێ ئەزمەیا دارایی دامە هەبیت (پێنج ، شەش) ملیار دۆلارا دەعم کەت بۆ ڤی حالەتی، کو سیعرا پانزینی ل دەف مە بکاتە (٥٠٠) دینار، هێڤیت دکەین باشتر تێڕابگەن کو ڤێ (٥٠٠)ی بێلن ئەڤ (٥٠٠)ە ئەگەر بوو بە (٦٥٠) چ جاری دی نایەتە خارێ لە کوردستانێ فێربووین، هەر (٢٠) ساڵ جارەکی تشتەکی باش دێتە کرن، ئەڤێ جارێ (٥٠٠) دینار تشتەکی

باش هاته کرن، ئەم هێڤی دکەم چ حالێ هەی ڤێ (٥٠٠)ی زێدە نەکەن ئەگەر کەمتر نەکەن، ترومپێلێ و نەبوونا ترومپێلا ل دەڤ خەلکێ مەیا هەژار راستی ئەز پێم سەیر بوو جەنابێ وەزیر بەحس کری کو ئەو کەسێ سەیارەیا هەی، یەعنی وەزعێ وی باشە ئەڤە نە فەقیرە، باوەرکە سەیارەش ئەڤرۆکە نە گوندەکی جارانە، نەگوندەکی جارانە حاشەیا رینشتنا مە کو موحتاج چەند دەوارانە پێ بێن و بچن، موحتاجی سەیارانە کورێ وی ل جامیعەیە سەیارەی دڤێت، کورێ موەزەفە سەیارەی دڤێت، بابی ل دەرڤەی وەزیفە سەیارەی دڤێت، هەتا ئەڤێ بەناء ژی، ئەڤێ بەنایی دکەت لەباغیێ دکەت یا شۆلەکی دکەت سەیارەیا هەی، لەورا ئەڤ دابەشکرنا چوار کەسا سەر هەر مەلەکا چوار ترومپێلێ هەبت ، یەك ترومپێلێ، یان دوو ترومپێلێ، من پرسیارەکا هەی ئەز ڤێ پرسیاری ب رێکا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئاراستەی حکومەتا هەرێما گوردستانی دکەم، چونکە ئەڤ بابەتە بلا ئەڤ ژی نە چوارچێوەی بەر تەنگی کو هەما هەمی تیشت بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکانە هەر باشە وی گوتی کو (پێنج، شەش) وەزیر بوونە حکومەتا هەرێمی دوو رونیشتنێت کرین، ئەز پرسیارەکی ل حکومەتا هەرێمێ دکەم، رێکێ دەدەتەخۆ ئەگەر مالەکێ چوار موەزەف هەبن سێ کەس حیساب کات بە ئیجازە؟ پرسیارا من ئەوە ئەگەر مالەکێ چوار موەزەف هەبن سێ موەزەف، سێ برا هەر رۆژێ یەك بچیتە وەزیفەی؟ نە هەر رۆژێ هەرچوار بچنە وەزیفەی؟ ئەڤە موڤارەنەیەکا، یەعنی هەندەك تشت هەی ئەز پێم سەیرە ئەڤ ئسلوبێ هەنە هەر مالەکا چەند سەیارە هەبن واللە ژبەر خاترا دا تۆ وەزعێ خۆدا راگرن نەیدێ، (١٠) لیترا دەدێ، (٥) لیترا دەدێ، بەس نێخنە ڤی قالبیدا، برا دگەلێ برا ب شەڕ کەڤیت ل سەر واللە بۆچی ترومپێلا من بت یان بابێ من بت، خالاکا دیتر یا گەلەك چ هەڤالەك بەحس نەکری، ئەز ڤێ پرسیاری ل رێکا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئاراستەی حکومەتا هەرێمێ دکەم، ئەم موشکیلەکا مەزن بۆ خۆ پەیدا کری بەریکا ڤی قەیرانی، ئەڤ ئاوارەیین برا عەرەب ئەڤێت کو بۆمە ل ئەنبار هاتی، بۆمە ل فەلوجە هاتی، بۆمە ل دەڤەرێ دی هات، هەمییەت هاتی کەتینا خانیادا ل هەولێرێ و دهۆکێ هێشتا قەناعەت بخۆ نەهینایا کو ئەو ئاوەرەنە، ئەم ژی مادام سیستەمێ ئاوەرەیی مە بەکارهینایە ئەمە دوو خیوەتگەی مەزن دانایین لە سنووری (شێخان) و لە سنووری (خازر)ی، رەنگە لە سلێمانیش تشتەکی هۆسا هاتبیتە پێش، بلا ئەم رێکەکی ببینین کو ئەڤ خەلکە هەنە بچیت خۆ قەبیل کەت سەر خۆ کو ئاوارەیە، دا بەلکی کرێی خانوو لەسەر خەلکی مە ژی هەرزان دەرکەڤیت، یا دیتر راستی ئەڤ رێنمایە هەنە کو (سێ) پانزینخانە هەبن هەتاکو ئەو بەحسێ (سی ملیۆن) کری، حەقیقەت ئەز بە کورتی بێژم بلا دەستی فەکری بیت، انشاءالله ئینسانێك بشێت ترومپێلەك بینیت، تانکەرەکی بینیت، بەس بشێت ئەزمەیا پانزینی هەرزان کەت، چونکە دا بێختە ناڤ موناڤەسێدا، لەورا لە دوماهیێ ئەز دبێژم ئەز دگەلێ ئاخافتنێت بەرێزان (کاك گۆران و کاك سۆران و کاك عزت) لە ڤێ دوماهیێ گەلەك بە دیقەتی بابەت دا بەرچاڤێت وەزیری، سەرەرای شێوەیەکی پێچەك توندایەتی تێدابوو، نە شیرینی تێدابوو هەرچەندە وەکو هەڤالەکی من بلا قەبیل کەن لە من، کاك عزت گەلەك دەست دانانا سەر برینا، بەس شێوازێ گۆتنێ ئەم هێڤی دکەین کو هەڤالێت مە نێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە بۆچوونەکانی (کاک علی حەمە صالح و د.فرست صۆفی و کاک ئومێد خۆشناو) دەکەم، دیارە هەموو بەڵگەو زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم قەیرانەی کە ئێستا لە ئارادایە دوو بەشە، بەشێکی واقیعیە بەهۆی ئەو کورت هێنانە لە بڕە بەنزینی بێجی و زیاد کردنی بەکار هێنان بە هۆی روو تێکردنی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەمە قەیرانە واقیعیەکەیە، بەلام بەشێك لەم قەیرانە دەستکردە کە بازرگانی کردن و قۆرخ کردن و قاچاغی کردنە بە بەنزینەوە لەلایەن کەسانێکی دەست ڕۆیشتووە وە لە پشت کۆمپانیاکانەوە، ئەو بەڵگانەی کە ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا پێشکەشکرا بەڕێز وەزیر وەڵامی ئەوەی دایەوە کە ئەوە بەنزینی حکومی لە هەندێك لە پالاوگەکان دەنێردرێ بۆ بەنزینخانەی بازرگانی، هەروەها لە جیاتی ئەوە بەنزینی بازرگانی دەدرێت بە حکومی، ئێمە ئەو بەڵگانەمان پیشاندا کە لە پالاوگە ناوخۆیەکانەوە دەردەچێ بە بازرگانی دەفرۆشرێت، ئایا ئەوان دەتوانن ئەو بەڵگانە بخەنە ڕوو کە بەنزینی بازرگانییە و داویانە بە بەنزینخانە حکومیەکان؟ سەبارەت بە جۆری بەنزین من ئۆتۆمبیلەکەی خۆم ئێستا لەو جۆرە بەنزینەی تێدایە کە لە چەند کیلۆمەترێك لە دەروازەی هەولێر کڕیم زۆر بە زەحمەت پێی گەیشتمەوە ناو هەولێر کە بەنزینخانەیەکی بازرگانی بوو، (sample)ێك لەو بەنزینە وەرگرن فەحسی بکەن ئەگەر (٥٠٪) پێکهاتەی بەنزین بوو ئۆتۆمبیلەکە بۆخۆیان، سەبارەت بە کردنەوەی پالاوگەی ناوخۆیی بۆ چارەسەری دوور مەودا بەڕێزیان فەرمووی دوو تا سێ ساڵی پێویستە، بەلام پالاوگەی دوکان تەنها مۆڵەتیان پێ بدرێت و نەوتی خامیان بۆ دابین بکرێ (هەژدە تا بیست و چوار) مانگیان پێویستە کە (سێ ملیۆن) لیتر بەرهەم دێنێ و لەبەر دەستدایە، بەڕێزیان باسی گرانی نرخی بەنزینی کرد کە بەو شێوەیە بۆمان دەرناهێنێ دەیانەوێ گران بکرێ، بەلام ئەم گران کردنە دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی هاووڵاتیانـدا لەگەڵ دەخلی هاووڵاتیانـدا بگونجێ، من لەگەڵ هیچ قەید و بەندێکدا نیم بۆ کۆبۆن دروست کردن، چونکە کۆبۆن قەیرانەکەی ئەوەندەی تر قوول کردۆتەوە، دوا جار ئەوە هەمووی ئۆتۆمبیلیان هەیە و پێویستە ئەو قەید و بەندانەی لەسەر نەمێنی، لەسەر هاوردە کردن و بازرگانی پێویستە ئەو قەید و بەندانە لاببرێ و ڕکابەریەك دروست ببێ کە بتوانێ نرخی بەنزین دابەزێنێت، من هیچی ترم نەماوە تەنها ئەوەندە دەڵێم کەسانێك لەم قەیرانەدا، کەسانێك کە پێشمەرگەن، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بە نرخی گیانی خۆیان بەرگری لە سنووری ڕاستەقینەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ناکرێت ئێمە ڕێگە بدەین لە پشتی کۆمپانیاکاندا کۆمەڵێك کەسانی دەست ڕۆیشتوو بازرگانی بەم هەلومەرجە و بە قووت و پێویستیەکانی خەڵکی کوردستانەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم كە ساڵانێكە ئێمە پەیوەندیەكانمان بەرەو ئاڵۆزی و خراپی دەڕوات لەگەڵ بەغدا، بە تایبەتی لەو كاتەوە كە شەهرستانی بوو بە وەزیر، بۆچی ئێمە لە كاتی خۆیدا پلانمان دانەنا و كارمان نەكرد بۆ دروست كردنی پاڵاوگە؟ ئایا ئەمە كەمتەرخەمی نەبووە؟ لە داهاتوودا چی دەكەین وەكو باسكرا بەو شێوەیە؟ دوو: لەگەڵ ئەو ڕەئیەم ئەو هاووڵاتیانەی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك نیشتەجێن و فۆرمی خۆراكیان كەركووك و ئەو شوێنانەیە با بڵێین بە پێی ئەو كارتی زانیاریە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، مەسەلەی سەیارەی جووتیاران ئەوە دەبێ بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ و ئەوە داخوازیەكە كە بە بەردەوامی داوایان لەسەر كردووە، بیركردنەوە لە كەم كردنەوەی سیعری بەنزین لەم بارودۆخەی كە كوردستانی تێدا تێپەڕ دەبێ و هاووڵاتیان كە كار نییە، گرفتی مووچە هەیە، تەبعەن ئەوە بیركردنەوەیەكە رەنگە لە جێگای خۆیدا نەبێت، ئەم پرسیارەی ترم كە ڕەنگە پێویستی بە موعالەجات هەیە ئەوەیە، یەعنی ئەو مامۆستایانە یان ئەو قوتابیانەی لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر، یان فەرمانبەر كە دەوامیان هەیە پێویستیان حەفتانە ڕەنگە بە (٣٠٠، ٤٠٠) لیتر بەنزین بێت، چۆن (٢٥) لیتر بەنزین بەشیان دەكات؟ پێویستە حیسابی تایبەتیان بۆ بكرێت، دوا پرسیارم ئەوەیە بە پێی مەعلومات لە هەندێ لەو بەنزینخانانەی كە بەنزینیان پێ دەدرێت، چەند تەنكەرێكی بەنزینیان پێ دەدرێت كە دەكات (٣٦)هەزار، بەڵام بەشێكی دابەش دەكەن و بەشی دووەمی كە دەمێنێتەوە دەوترێت كە ئەوە كۆتایی هاتووە سەرفی بەنزینەكەمان، پرسیارەكە لەوەدایە كێ چاودێری ئەوە دەكات؟ پێویستی بە چاودێری كردن نییە؟ دواتریش تەبعەن باقیەكەی بە سیعرێكی گران دەیفرۆشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز محمود حاجی عمر فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری سامانە سروشتییەكان و وەفدەكەی یاوەری دەكەم، هیوادارین ئەم هاتنە ببێتە مایەی بە عەمەلی كردنی ئەو وەزعەی كە ئێستا تێیداین، هەموومان دەزانین ئەم بابەتە بابەتێكی گرنگ و گەرماو گەرمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵكەوە هەیە، بۆیە بە ڕاستی پێویستە بە هەند وەربگیرێ و هەڵوەستەی تەواوی لەسەر بكرێت، من ئەمڕۆ لە سلێمانییەوە هاتم بۆ ئێرە لە دوو شوێنی جیا جیا خۆپیشاندان هەبوو سەر ڕێگەكەیان گرتبوو شەڕ دەبوو لەسەر سرەی بەنزین، بەڕاستی بۆ وڵاتێك لەسەر دەریای نەوت بێ ئەمە شوورەییە، هەتا كەی سەدان

سەیارە لە بەنزینخانەکان وەکو دەنکی تەسبیح سەرە بگرن؟ بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان پێمان رابگەیەنێ لە نزیکترین فرسەتدا بە عەمەلی دەبێ رێگا چارەیەك بۆ ئەم وەزعە بدۆزێتەوە، نابێ ئەوە درێژە بکێشێ، چونکە نەتیجەکەی باش نابینین، ئەوەی هەیە لە هەموو قەیران و ئەزمەیەکی ئابووری و سیاسیدا کۆمەڵە خەڵکانێك هەن رەنگە بە شێوەیەکی نا یاسایی ئیستیفادە بکەن، یەکێك لەو سیستەمانەی کە بۆ ئەمڕۆی بەنزین پێویستە بەکار بهێنرێت ئەو سیستەمەیە کە لە بەغداش پیادە دەکرێ ئەویش ئەو سیستەمە ئەلکترۆنییە کە وەکو رایەلەیەك سەرجەم بەنزینخانە حکومیەکان یان بەنزینخانە شەرعیەکان پێکەوە ببەسترێت لە رێگەی ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی خەڵکانێك هەن راستەوخۆ ئیستیفادە لەوە نەکەن لێرە (٣٠) لیتر بەنزین تێ بکات و لە بەنزینخانەیەکی تر (٣٠) لیتر بەنزین تێ بکات و هەتا دوایی، رۆژانە بەس ئیشی ئەوەبێت وەکو موشەخۆر بەشی خەڵکی تریش بخوات ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر دانانی پاڵاوگەیەك کە دەبوو پێشتر ئەمە کاری بۆ بکرایە، پاڵاوگە تاوەکو ئێستا ئەو دوو پاڵاوگایەی کا باسمان بۆ دەکرێت دوو پاڵاوگەی گەورە ئەویش یەکێکیان لە کەڵەك و ئەوەی تریشیان لە بازیان تاوەکو ئەم ئەزمەیە دروست بووە بە پێی مەعلوماتی من جگەلە ئەو نەوتەی بۆ دەرەوە دەچێت لە (٨٠٪)ی بەرهەمی بەنزین یان هاوردەی بەنزین لە بێجییەوە دەهات، لە (٢٠٪)ی لەسەر ئەرکی ئەو دوو پاڵاوگەیە بووە، دەکرێ جەنابی وەزیر پێمان بڵێت داهاتی ئەو دوو پاڵاوگەیە بۆ کێ یە؟ هەروەها بەرهەمی ئەو دوو پاڵاوگەیە تا ئێستا لە کوێیە؟ سەبارەت بەو پاڵاوگانەی کە لە داهاتووشدا دادەنرێن پێویست دەکات بەراستی پاڵاوگە دابنرێت بدرێت بە کەرتی تایبەت، بدرێت بە تیجاری سەربەخۆ، نەك بە دەستی حیزب و مەسئولینی لە پشتەوە بێت، ئەمیش تەحەیوزاتی تێ بکرێ و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، هەروەها بۆ کۆمەڵە خەڵکانێك ئیحتیکاری بکەن، ئەمە یەکێکە لە زەرەرەکان، خاڵێکی تر سەبارەت بە کۆبۆن، ئەم کۆبۆنەی کە باس دەکرێ ئێستا هەیە، پێموابێت لە (٥٠٪)ی سەرکەوتوو نییە و پڕە لە کەم و کورتی، لەوانە مەسەلەن کێشە بۆ فۆرم کە زۆرێك لە هاوکارانم باسیان کرد، من ئێستا نامەیەکم بۆ هاتووە لە تەلەفۆنەکەم پیشانتان دەم پێشمەرگەیەکە نووسویەتی من ئێستا لە بەرەکانی جەنگم لە جەلەولایە، بەڵام فۆرمەکەی خۆی وتەنی لە خوارە، ئایا دەڵێ دیفاع نەکەم؟ لەبەر ئەوەی بەنزینم نادرێتێ، ئەم جیاوازیە کارێکی زۆر خراپە، سەبارەت بەوەی کە (٢٥) لیتر بەنزین دەدرێ، من شتێکتان بە بیر دەهێنمەوە ئێمە لە شاخ کاتی خۆی لە پێشمەرگایەتیدا لە سەیارەیەك بە یەك دەفعە (٢٥) لیتر بەنزینمان لێ وەردەگرت، زۆر عەیبە ئێمە ئێستا لە حەفتەیەکە (٢٥) لیتر بەنزین بە خەڵك دەدرێت، مەسەلەی هاوردەکردنی نەوت پێوست دەکات مەرزەکانی ئێران بەراستی ئەو سنوورانەی کە بەنزینی لێوە دێت والا بکرێ بۆ زۆرێك لەو خەڵکانەی کە دەتوانن بەنزین بێننە ئەم وڵاتە، بە شەرتێك زۆر گومرگ و ئەوانەی لەسەر دانەنرێ، بە شێوەیەك کە کاك عادل باسی (٧٠٠) دیناری کرد، من پێموایە زۆر لەمە کەمترە، چونکە هەمووومان دەزانین عوملەی ئێران چەند بەرامبەر بە عوملەی ئێمە ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، ئیتر باسکرا، کاك عادل باسی کرد، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو کاك ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم حەز دکەین ئەندامێت پەرلەمانی لە وی ئاستی دابن هەندەك وشەی بێ سەروبەر نەبێژن، پەیڤا (عەیبە) نە لە جێی خۆدابوو لە ڤێرێ بێتە مەسح کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانن وەکو خوشکە بێگەرد باسی کرد گەرمیان یەکێکە لەو شوێنانەی کە ئێستا لە شوێنە جیاجیاکان نەوتی تێدا دەدۆزرێتەوە، بێگەرد خان ئیشارەتی بە (حەسیرەو، کوردەمیر)دا، من (میرقاسم و، کانی قادر و، قادر کەرم و، بناری گڵ)ی دەخەمە سەر، هەموو ئەو شوێنانە کە ئێستا نەوتی تێدا دەدۆزرێتەوە تەنها دوکەڵەکەی بۆ سەر خەڵکە بێ هیچ سوود و قازانجێك، بۆیە پێویستە پەلە بکەین لە دانانی پاڵاوگەیەکی گەورە بۆ ئەو شوێنانە، بۆیە ئەمە بەشێکە لەو موعاناتانەی هەمووومان دەیزانین، ئایا بۆ بەشێك لەم شتانە ستراتیجی دوور و درێژە؟ بەڵام بۆ کورت خایەن بۆ ئەم سەردەمە پێویستە ئێمە بە عەمەلی چی بکەین بۆ ئەوەی خەڵك سەرباری بێ کاری و ئەو وەزعە سیاسیەشی هەیە، هەروەها نەبوون و کەمی کارەباش کە رێژەیکی زۆر و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت، ئایا چی بکرێ راستەوخۆ لە ئێستا بۆ بەنزین؟ من لەگەڵ بەشێکی زۆر لە قسەکانی (د.عزت)دام، بەراستی پێویستە ئەمە بەدوا داچوونی جدی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتر ئاخفتنێت من هاتنە کرن، تەنها من دڤێت جەنابی وەزیر روونکردنەکی بداتە مە دەربارەی حسەیا پارێزگەها دهۆکێ، چونکە ب راستی مە دڤێتن مە و خەڵکی دهۆکێ پشت راستکەت کو ئەو رێژەیا (٢٤٪)ی کو بەر پارێزگەها دهۆکێ دکەڤیتن دێتە هەناردن بۆ پارێزگەها دهۆکێ، خالا دووێ ژی ب راستی من دڤێتن پتر داکۆکیێ سەر هەندێ بکەن کو کارێ وەزارەتی ب شێوەیەکی لامەرکەزی بەرێڤە بچیت، چونکە چەندین فەرمانگەهـ لە وەزارەتێ هەنە ل پارێزگەها موصل، هێڤیا مە ئەوە ئەڤ فەرمانگەهە ل پارێزگەهاش بێتە ڤەکرن دا پتر بشێن خزمەتا گشت خەڵکی کوردستانێ و هەرێما کوردستان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لە کاتێکداین کە حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە رەئی خەڵك و رازیکردنی خەڵکە، چونکە گوایە پڕۆسەیەکی گەورە و هەنگاوێکی گەورە لەبەردەمان دایە، لەبەر ئەوە هەر چۆن ئەمە چارەسەر بکرێ ئەمڕۆ لە بەیانی زۆر پێویسترە، بەڕێز جەنابی وەزیر ئامۆژگاری کردین کە عاتیفی نەبین، فەرموون با عاقلانی بین، حکومەت تەنها یەك پێناسەی هەیە لە هەموو دونیا ئەویش ئەوەیە حکومەت دەزگایەکە بۆ پارێزگاری مافەکانی خەڵك، پرسی ئالیەتەکە چییە؟ ئالیەتەکە ئەوەیە حکومەت و حیزب واز لە بازاڕ و بازرگانی بهێنن، هیچ موشکیلەیەك نامێنێت، حکومەت تەنها موناقەسەو کوالیتی و کۆنترۆڵ لەسەریەتی هیچی تر، عەرز و تەڵەبە، ئەگەر خەڵکێکی زۆر بازرگانێکی زۆر بچن لە وڵاتان بەنزین بێنن نرخ دادەبەزێت، هەرزان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە چارەسەرەکە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تەحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ کە دانیشتووین بۆ چارەسەر کردنی قەیرانێکە کە پێی دەگوترێت قەیرانی سووتەمەنی، بە تایبەتی بەنزین، سەرەتا من بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و هاوڕێکانی دەکەم، سوپاس بۆ راپۆرتی لیژنەی سامانە سروشتییەکان، هەروەها بۆ راپۆرتی جەنابی وەزیر، زۆربەی قسەکانی من کرا، من پشتگیری ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە لەسەر کوالیتی بەنزین، واتە باشی بەنزین کە دەبێ بەنزین باش بکرێت، لەسەر ئەوەی ئاسانکاری بکرێ خەڵك چۆن وەری بگرێ هەمووی لەگەڵدام، دیارە لە راپۆرتی لیژنە و راپۆرتی جەنابی وەزیریش ئیشارەت بە شتێك نەکرابوو بێجگەلە تەکسییەکان هەندێك پیکاب هەیە کە بەروبوومی کشا وەرزەکان دەگوازنەوە بۆ بازاڕ، هەروەها لەوانەیە هەندێك مینی پاس هەبن حەقە حیسابیان بۆ بکرێت، لەوەی کە حکومەت بەنزین لە تورکیا دەکڕێت، من پێشنیارێکم هەیە بە حەقیقەت رەنگە زۆر لەو گرفتانەش چارەسەر بکات، ئەگەر حکومەت کەمییەی زیاتر بکڕێ هەر خۆی تەسەڕوف بکاتن لەو حاڵەتانە نە (٥٠٠) دینارەکە بهێڵێتەوە نە (١٢٥٠) دینارەکە، واتە بیکات بە (٩٠٠) دینار یان حدودێکی ئەوها، کۆبۆن تەنها بۆ تەکسییەکان و ئەوانەی کە ئیش بە سەیارە دەکەن واتە سەرچاوەی ژیانیانە زۆر گرفت چارەسەر دەبێتن، ئەوەی تریان جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا کە دوو پالۆگە لەسەر کەرتی تایبەت دروست کرا لەبەر ئەوەی حکومەت توانای نەبوو، دەگرا مادام لەسەر کەرتی تایبەتە ئەم پالۆگانە زیاتر بکرایە، ئێستاش هەنگاوی بە پەلەی بۆ بنرێ باشە، لەگەڵ ئەوەی کە بەنزینی تیجاری دێتن، بەڵام دیارە ئەزمە حەل نەبووە کە دەبینین لە سلێمانی تەنانەت لە هەولێریش لە زۆربەی جیگاکان

ئەزمەی بەنزین هەر ماوە ئەم سرانە هەر بەردەوامن، کەواتە هەوڵبدەین هەموو بەنزینخانەکان بەنزینیان هەبێ بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەفدی یاوەری دەکەم، دیارە من لە سەرەتادا دەڵێم پێویستە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بە کۆمەڵێك بڕیار دەربچین، چونکە ئەمە قەیرانێکە تاك بە تاکی کۆمەڵگای کوردی گرتۆتەوە و قەیرانێکە ئەمڕۆ چەندین سەعات ئێمە لێرە دانیشتووین پەرلەمانتاران قسەی لەسەر دەکەین، بۆیە پێویست و گرنگە ئێمە بە کۆمەڵێك بڕیارەوە دەربچین کە تێیدا بەرژەوەندی هاووڵاتیان تێیدا پارێزراو بێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازی وزە دەکەم بە تایبەتی ئەو چارەسەرانەی کە دایان ناوە، پێشنیاریش دەکەم ئەو پێشنیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کردوویانە کە پشتگیری لە (٣) کەس زیاتریان هەیە بخرێنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بکرێنە ڕاسپاردەی کۆتایی کۆبوونەوەکەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەم لەحزەیەی ئێمە موناقەشەی ئەوە دەکەین لەسەر مەسەلەی کێشەو کەمی بەنزین ئێستا لە شاری سلێمانی ڕێگای نێوان (سلێمانی – بازیان) داخراوە بە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان لە سرەی بەنزین لە کاتێکی ئەوەندە زۆر و درێژخایەندا لە سرەی بەنزیندان، بۆیە دواجار ڕێگاکەیان قەتع کردووە، هەر بۆ زانیاریتان ئێستا پاسەکانی ناو شاری سلێمانی مانیان گرتووە و هاتوچۆ ناکەن، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی ئەوەی کرد بۆیە هاوکاری پاسەکان و تەکسییەکان دەکەین بۆ ئەوەی هەوڵبدەین یارمەتی خەڵکە هەژارەکان بدەین، بەڵام بە داخەوە کەمییەکەی کە ئێوە دابینتان کردووە بۆ پاس و تەکسییەکان ئەو کەمییەتە نییە کە لە ئاست داواکاری خەڵکی کوردستان بێت، هەروەها بتوانین کە هاوکاری خەڵکی هەژاری پێ بکەین، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وەڵامەی ئەو پرسیارانەی دایەوە من وەکو پەرلەمانتارێك بەراستی نەمتوانی قەناعەت بە خۆم بێنم بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەڕێزیان، من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز (د.عزت) دەکەم کە نابێت هیچ کۆمپانیایەك ڕێگەی پێ بدرێ بەنزین بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، پێویستە ئەو حاڵەتەی کە هەموو خەڵکی کوردستان بێزار کردووە مەسەلەی ئەو هەموو قیودەیە کە بۆ دەرهێنانی کۆبۆنی بەنزین دانراوە، بەراستی کۆبۆنی بەنزینیان وا لێکردووە کە ئێستا هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان زۆر بیزارن، بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم پێداچوونەوە بەو ڕێنمایانەدا بکەن بە پەلە، چونکە هاووڵاتیان چی دیکە نەفەس درێژ نابن لە نەبوونی کارەبا، هەروەها لە نەبوونی بەنزین، لە بێ مووچەییدا، بەراستی نەفەس درێژی خەڵکی کوردستان تەنها

پەیوەندی بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە هەیە، ئەم حاڵەتەی لە هەرێمی کوردستان رووی داوە لە هەر وڵاتێکی دیکە رووی بدایە هەرگیز جێگەی قبول نەدەبوو لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بەڵام پەیوەندی بە مەسەلە نەتەوایەتیەکەوە هەیە کە خەڵکی کوردستان تا ئێستا دانی بە خۆیدا گرتووە، هەروەها ئێمەی پەرلەمانتاریش بەرپرسیاریەتیەکی گەورەمان لەسەر شاندایە کە نوێنەری خەڵکی کوردستانین لەم پەرلەمانەدا، بۆیە پێویستە بە بڕیار و راسپاردەیەکەوە دەربچین کە لە ئاست داواکاری خەڵکدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك باپیر کامەلا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیر (بەڕێز کاك مولود باوەمراد و بەڕێز کاك ئاشتی هەورامی) دەکەم، هەروەها وەفدی یاوەری، سەرەتا لەوە دەست پێ دەکەم وەڵامەکانی جەنابی وەزیر بۆ بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان زۆر وازح نەبوو، زۆر روون نەبوو، بەشێکیان هەر لێی تێنەگەیشتن، داتاکانی هەندە تێکەڵ کرد سەری لێ شێواندین، ئەوە هەموو جارێك جاری یەکەم نییە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئەوە بۆ چەندەمین جارە ئێمە لە سەرەتای کۆبوونەوە ئەگەر ئەزمە نەبێ زۆر دڵخۆشمان دەکات دەڵێت (٤٠٠) هەزار بەرمیل دەنێرین، لە کاتێکدا ئەزمە دەبێ ئەوە کەم دەبێتەوە، ئەوە دەبوایە جەنابی وەزیر بە قسەکانی خۆی دابچێتەوە، وەکو لە سەرەتا لە قسەکانی جەنابی وەزیرەوە بکەین، دەربارەی کۆبۆن زۆر قسەکرا لەسەر کۆبۆن من نامەوێ مەسەلەی کۆبۆن تەنها پێشنیارم ئەوەیە بۆ کۆبۆن لەسەر ئەساسی سەنەوی بێ و لەسەر ئەساسی کارتی زانیاری بێ بۆ ئەوەی هەموو کەس لێی سوودمەند بێت، دەربارەی علوج باسی کرد، یان رەقەمی رەش ئەوە کە باسکرا کاك ئاشتی فەرمووی کە خەڵکی هەژار سوودی لێ نابینێت، بەڵام لەلایەکی دیکەش دەڵێ رەقەمی رەش نابێ بیدرێتێ، خەڵکی فەقیر رەقەمی رەشی پێیە، لەبەر ئەوەی توانای نییە بە (٢٠٠٠، ٣٠٠٠) دۆلار سەیارەکە دەکرێت. خەڵکی فەقیر سوودی لێ نابینێت، بەڵام لەلایەکی تریش دەڵێت رەقەمی رەش نابێ بیدرێتێ، خەڵکی فەقیر رەقەمی رەشی پێیە، لەبەرئەوە توانای نییە بە ٢٠٠٠ دۆلار، ٣٠٠٠ دۆلار سەیارەکە دەکرێت، کەواتە لێرە جارێکی تر غەش دەکات، جارێکی تر غەدرو ناعەدالەتیەکە دووبارە دەبێتەوە ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر باس لە چارەسەر دەکرێ، پێشنیار چییە بۆ ئەو چارەسەرە؟ من پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر بەتەنها کاك ئاشتی یان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرپرسە لەو قەیرانەی کە ئێستا هەیە، حکومەت بە کۆمەڵێك بەشێك لە وەزارەتەکانی بەرپرسە، نەبوونی پلانە، هەمیشە لەگەڵ قەیراندا ئێمە بیر لە پلان دەکەینەوە نەك پێش قەیرانەکە، دەلیلیش ئەوەیە کە هەمیشە لە قەیران کەوتووین، نەمان توانیوە خۆشی لێ دەرباز کەین، لە کاتێکدا قەیران، قەیرانێکی تریشی بەدواوە بووە، ئەوەی کە من پێشنیاری دەکەم لە

دەرەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، بۆئەوەی ئەو دەعمە مالییەی کە دەکرێت بۆ کەرتی کارەباو کەرتەکانی تر، کە وەکو کەرتی خزمەتگوزاری دەکرێت، بەتایبەتی لە نرخی سووتەمەنی یان دابین کردنی سووتەمەنی، بۆئەوەی کە کارەبامان ببێت و ڕووناکی و پێداویستییەکانی کارەبا، دەکرا چارەسەرێکی تر بدۆزرێتەوە، بەنداوەکانی ئاو دروست کرابان، ببان بە بەدیلی ئەوانە، ئەوە دەبوو بە سەرمایەکی تر، ژمارەیەکی زۆری دەبوو، دەبوو بە سەرمایەکی سەدان ملیۆن دۆلار کە دەدرێت هەم پالاوگەی پێ دەکڕا و پێ دامەزرا با، هەم دەتوانرا لەلایەکی تریش بەنداوەکانی پێ تەئسیس کرابا، کە دەبوو بە سەرچاوەیەکی تر و کۆمەڵە شتی تریش پێدەبووژاوە، لەبەرئەوەی ئەو ئاوە بەخۆڕایی دەڕوات، من مەبەستم حکومەتە، قەسەیەکی تر دەربارەی کە برادەرانمان زۆر باسی ئەوەیان کرد، بە سیعری حکومی دەفرۆشێ و، بەنزینی حکومیە بە سیعری تیجاری دەفرۆشن، وەڵامەکانی جەنابی وەزیر زۆر ڕوشن نەبوو، زیاتر ئەگەر بۆمان ڕوون بکاتەوە، بزانین لێی تێ بگەین بزانین وایە یان نا؟، ئەگەر وانییە ئەو بوختانەیان با پێ نەکەین، من شتێکی تر لەسەر پالاوگەکان کە بەپێی زانیاری من هەمە کە چەند شەریکەکەیەك هاتوون، فەرەنسی ، ئەڵمانی، سینی، ویستوویانە پالاوگە دروست بکەن، بەپێی ئەوەی کە باس دەکرێت، لایەنی پەیوەندیدار تەنها بۆئەوەی ئیجازەکەی بۆ دەربێت تەمشیەی مەعامەلاتی بۆ بکات، داوای لە ٥٠٪ی دەکرێت لەو پالاوگانە، لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵك نایێت بۆ پالاوگە لێرە کە ئیستسمار بکات، یەکێ تریش ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر دەدرێت بە خاوەن پالاوگەکە، ئەوە بە مودەیە، بۆ مودەی ١٥ ساڵ دەبێت تەمویل بکات بە نەوتی خاو، بەڵام بیدایەتی سیعرەکەی حکومەت دەیداتێ لە ١٥ دۆلار دەست پێ دەکات تا ١٧ دۆلار زیاتر نییەو، فەترەی یەکەم بەوەیە، فەترەی دووەم دەبێتە نیوە، ئەوە فەترەیەکی زۆرە ئەوەی کەورگۆسك و ئەوەی بازیان نەوت دەپاڵێون و ، نەوتی خاویان تەسمیل دەکرێت تا ئێستا ئەو ئیجرائاتە نەکراوە، پێم وایە کەمتەرخەمی سامانە سروشتییەکانە، داهاتێکی زۆر دەگەڕایەوە بۆ هەم وەزارەت و ئەوڕۆ دەمان توانی بەشێك لە مووچەکانی پێ دابین بکەین، یان بڕێك لە داهاتی وڵات و داهاتی خەڵکی کوردستان دەبوو، بۆیە لێرەدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێویستە هەنگاو بنێ، کۆی پێشنیارەکانم کۆدەکەمەوە لە چەند پێشنیارێکدا، یەکیان ئەوەیە کە کۆبۆن بەپێی سەنەوی و کارتی زانیاری بدرێ، دوو: ئەوەی کە ڕەقەمی ڕەش ناکرێ بێ بەش بکرێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر دەیانەوێ عەدالەت بێ، ئەو پالاوگانە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و، ڕێگاش بدرێت پالاوگە بکرێتەوە و، ڕێگریش نەبێ لەوەی کە کەسێکی تر، تەرەفێکی تر، دەسەڵاتدارێك شەریکی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیودارام ئەو ئەزمەو نارەحەتییەی تووشی ئەم قەیرانی بەنزینە بووە، نەگاتە ئەو ئاستەی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی دەست لەکار بکێشێتەوە، یەکەم پێشنیار دەتوانم بڵێم ڕێگرتن ئەگەر تەنها لە بردنی

بەنزین بگرین، وابزانم لای کەم ٥٠٪ی کێشەکان حەل دەبێ، یەعنی ڕۆژانە لای کەم بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی سامانە سروشتییەکان تەقریبەن ٢٠ تەنکەر دەڕوات ئەوە ئەگەر بە عەددەدێکی ئەگەر بەلای کەمەکەی بێ، ئەی نزیکەی ٧٢٠ هەزار لیترە، ئەمە بەڕاستی زۆر زۆرە، بۆیە تەنها ئەگەر تەبعەن بەڕێزی ئیشارەتی بەوەی دا کە دکتۆر ئاشتی، کە وتی ئێمە ناتوانین ڕێ لەوە بگرین کە نەدزرێت یان نەبردێت، باشە من تێناگەم یەعنی کێ ئیجراء بکات، یەعنی ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەیکات، ئەبێ ڕوو لەکێ بکەین، وەزارەتی داخلییە؟، وەزارەتی پێشمەرگەیە؟ کێ سنوورەکان دەپارێزێ؟، کێ سەیتەرەکان دەپارێزێ؟ بۆیە بەڕاستی ئەوە ئەرکی سەرشانی یەعنی یەکەم کارە کە ئەنجامی بدەن، بۆئەوەی ئەو بردنە لە پالاوگەکانەوە نەکرێت، بۆیە بەڕاستی من لێرەوە پێشنیاردەکەم کە جەنابیان وەکو وەزیر لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەری هەردوو پالاوگەکە موحاسەبەیان بکات و نەتیجەی موحاسەبەکەش بگەیەنەتە پەرلەمان، ئەمە بەراستی زۆر زەرورە، چونکە لەو دوو پالاوگەیە بەنزین دەردەچێت، ئەگەر ئەو ڕێگایە بگرێ، ئەو دەرگایە دابخرێت، دەرگای بردنی بەنزین بە تەنکەر ڕۆژانە لای کەم ٢٠ تانکەرە تەئکیدی دەکەمەوە بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەوە تەقریبەن ئەزمەکە بەعزێکی چارەسەر دەکرێ، پێشنیارێکی تر کە ئەویش ئەوەیە پێشنیارەکە ئەوەیە کۆمپانیایەکی نیشتمانی بکرێتەوە بۆ دانانی بتڵێ غاز بۆ سەیارەکان، کە ئەمە بەعزێك زەختێکی زۆر علی الاقل بۆ تەکسییەکان چارەسەر دەکات، کە کاتی خۆی کۆمپانیایەك هەبوو غاز دەدرا، ئەوە هیوادارم بکرێتە بەرنامەی کارەوە، کاری لەسەر بکرێت، خاڵێکی تر کە زۆر گرینگە هیوادارم دکتۆر ئاشتی بە دەقیقی باسی عقودی ئەو نەوتانە و کە شەریکەی نەوتی ئۆکسیل و ئەو بابەتانە، بۆ چارەسەرکردنی مەسفای موستەقبەلی کە لە ئایندەیەکی زۆر نزیك ڕەنگە بکرێتەوە، کە تەکلیفەکەی لەسەر حکومەت لابچێ، ئەوەی کۆمپانیایەکان خۆیان بیکەن، بەڵام لەسەر ئەساس، ئێستا لەجیاتی ئەوەی شیرینیان لێ وەردەگیرێت، کۆمپانیایەکان چۆن دەڵێی مەودای عەقدەکەیان بۆ زیاد بکرێت، لەبەری کردنەوەی مەسفا، یەعنی ئێمە ئەوکاتە عەقدەکە یەعنی شەریکەکان بیکەن، دکتۆر ئاشتی قسەکانم بۆ جەنابتە، هیوادارم گوێ بگری، چونکە ئەوە دەقیقە ئەو پرسیارە، دکتۆر عەفوەن باسم لەو عەقدەیە ڕەجائەن ئەوە پرسم کردووە بە ٢ دکتۆری زۆر گەورەی کە لە بواری عقودی نەوتدا ئیشیان کردووە، هەموو عەقدە نەوتەکانی شەریکە گەورەکانیان بینیوە، بۆ دەربازبوون لە ئەزمەی موستەقبەلی، بۆ کردنەوەی مەسفاکان و لەسەر حکومەت دەبێ، کە جەنابی ئیشارەتی پێدا بە ملیارەها دۆلارەو لە قوەتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا نییە، شەریکەکانی ترن، بەڵام لەبەرامبەری چی؟ لەبەرامبەر درێژکردنەوەی عەقدەکان، یەك پرسیاری تر کە من بەراستی لەگەڵ دوو کۆمپانیای گەورە قسەم کرد بە دەقیقی هەتا ئەو بەنزینەی لە بەحرینەوە، لە کازاغستانەوە بگاتە کوردستان ناگاتە ١٠٩٠ دینار، نەك ١١٥٠دینار، چونکە بەڕاستی ئەوە دەبێ لە پارەکەدا دەقیق بین، کە ئەوە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر ئیستفادەی لێ دەکات، بۆیە بەڕاستی من وەکو خۆم قەناعەتم بەو جوابە نییە، کە بەوەندە کراوە بەپێی ئەوەی کە من قسەم کردووە لەگەڵیان، ئەو مەسفایانەی کە دەڵێن تەشجیعی مەسفایەکان دەکەین، بەڕاستی ئەو

مەسفايانە ئەوە حەقى وايە ليژنەى تەندروستى و ژينگە بێنە جواب، كە ئەو مەسفايانە كارەساتێكى زۆر گەورەيان لەم ژينگەيە دروست كردووە، هيچ كواليتى تێدا نييە، هيچ فلتەرى تێدا نييە، كە جارێكى تريش كاك على حەمە صالحيش ئيشارەتى پێدا برۆ لەنێوان كەركووك هەتا دەگاتە قوشتەپە دنيايەك مەسفاى بێ ئيجازەيە، هيوادارم ئەوە رِێ نەدرێن بەو شێوازەى كە ئێستاكە هەيە، پرسيارەكە لێرەيە كە بەرِێز كاك محمودیش ئيشارەتى پێدا بە بەنزين، كە سەيارەكەى ئێستا فەرقى هەيە لەگەڵ پێشووتر كە بەنزينى تێكرد، بۆچى كواليتى دابەزى، هەر ئەو بەنزينەيە كە وەرمان دەگرت، هەمان بەنزين لە بەنزينخانەكە كواليتەكەى دابەزيوە ئێستاكە، يەعنى بە ماناى تر گلۆپ ئێستاكە پێ بێت ئەو حاڵەتە تەواو نييە، من هەر ئەو پێشنيارانەم هەبوو، هيوادارم جێبەجێ بكرێت.

**بەرِێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك بشار فەرمووو.

**بەرِێز بشار مشير اسماعيل:**

**بەرِێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشەكى بەخێرهاتنى جەنابى وەزيرى سامانە سروشتييەكان و وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى كۆمەڵايەتى دەكەين، ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەوەى داين كە قەيرانەكانى دارايى و ئابوورى و لەسەرەوەى هەمووشى قەيرانى سووتەمەنى رووويان لە هەرێمى كوردستان كرد، بۆيە ئەركى هەموو تاكێكى ئەم وڵاتەيە كە بە دڵسۆزى و بە هەستى نيشتمانى و، بە يەك دەست، بە يەك هەڵويست بەرامبەر ئەم قەيرانانە و ئەم كێشانە راوەستين و خۆراگر بين، هەندێك لە قسەكانى من زۆربەى برادەرەكان باسيان لێ كرد، بەڵام ئەوەى گرينگەو دەمەوێ تەئكيد لەسەر بكەم، ئەوەيە كە لە هەمان كات پرسيار و داواكارى زۆربەى دانيشتوانى پارچەكانى هەرێمى كوردستانن، بەتايبەت دانيشتوانى پارێزگاى دهۆكن، يەكەميان خاوەن ئوتومبێلەكانى بارهەڵگر كە نيشتەجێى دهۆكن، بەڵام تابلۆى ئوتومبێلەكانيان هەولێرە يان سلێمانيە، كۆبۆنى گازيان پێ نادرێت و، بەرِێوەبەرايەتى دابەشكردنى نەوت لە پارێزگاى دهۆك پێيان دەڵێت برِۆن ژمارەى ئۆتۆمبێلەكانتان بگوازنەوە بۆ پارێزگاى دهۆك، ئەمەش حەقيقەت كێشەيەكى گەورەيە و كاتێكى زۆر دەخايەنێ، بە هەزاران خاوەن ئۆتۆمبێلى لەو جۆرە هەيە، خاڵى دووەم: خاوەن ئۆتۆمبێلەكان ئەوانەى دانيشتوانى ناوچەكانى كوردستان لە دەرەوەى هەرێمن و كارتى نيشتەجێبوونيان لەسەر ماددەى ١٤٠، وەكو دانيشتوانى قەزاى شێخان و مەخمور، بەڵام تابلۆى ئۆتۆمبێلەكانى هەولێر يان دهۆك يان سلێمانيە، ئەوانە مەحروم كراينە لە پێدانى كۆبۆن، خاڵى سێيەم هەروەكو لە راپۆرتى ليژنەى پيشەسازى و وزە هاتووە، جەنابى وەزيريش ئيشارەتى پێدا كە فەرق و جياوازى و ناعەدالەتيەكى زۆر هەيە لە دابەشكردنى بەشە سووتەمەنى لەنێوان خاوەن ئۆتۆمبێلەكانى بارهەڵگر، كە دانيشتوانى پارێزگاى دهۆكن لەگەڵ پارێزگاى هەولێرو سلێمانيا، بۆ نموونە لە پارێزگاى دهۆك خاوەن ئۆتۆمبێلى باهەڵگر هەفتانە يەك كۆبۆن واتە ٢٠٠ ليتر گاز وەرگرى، كە لە پارێزگاى هەولێر و سلێمانى هەفتانە ٢ كۆبۆن واتە ٤٠٠ ليترى گاز وەردەگرێ، ئەمە

فەرق و جیاوازیەکی زۆرە، زۆرجار باسی ئەوە دەکەن کە خاوەن بەنزینخانەکان ئەو بەشە بەنزینەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەری دەگرن بڕێك لەو بەنزینانە بە قاچاغی دەفرۆشن، کە سەبەبی سەرەکی ئەم پێشێل کردنە لەلایەن خاوەن بەنزینخانەکان، فرۆشتنی بەشێك لەو بەنزینانە بەرێگای قاچاغ ئەوەیە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نیسبەی ٢٠ دینار وەکو عمولە بۆ خاوەن بەنزینخانەکان بۆ هەر لیترێك دابین کردیە، کە حەقیقەت ئەمەش بەشێکی زۆر کەمە خاوەن بەنزینخانەکان زۆر زەرەرمەند دەبن، هەندێکیان ناچاردەبن کە هەندێك بەنزین بە قاچاغی بفرۆشن، بۆئەوەی مەساریفی خۆیان پڕکەنەوە، لە کۆتایی دا جەنابی وەزیر داواکارین ئەم کێشانە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، چونکە خەڵکێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆیە، هیوادارین بە بڕیار و ڕاسپاردەی باش دەربچین بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە بەشێك لە برادەرانیش کردیان، لەڕاستیدا ئێمە لەسەر دەریای نەوتین و، هەرێمی کوردستان چووەتە سەر نەخشەی جیهانی وزە، هەرێمی کوردستان توانی نەوت ببات بۆ بازاڕ و بێگەیەنێتە ئەوروپا لەرێگای تورکیاوە، کە ئەمە دەستکەوتێکە بەڕاستی، بۆیە ئێمە توانیمان نەوت بنێرین بۆ ئەوروپا لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی کە هەبوو لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا، بەڵام ناتوانین بەشی خۆمان لە پێداویستی بەنزین بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی خۆمان دابین بکەین، لەڕاستیدا ئەمەی کاك دکتۆر ئاشتی ئیشارەی پێدا، کە لە ئەنجامی نەبوونی پاڵاوگەیەو بەشی زۆری پەرلەمانتارانیش لەو بارەیەوە قسەیان کرد، کە حکومەت پارەی نییە بۆ کڕینی پاڵاوگە، من پرسیار دەکەم حکومەت پارەی هەیە بۆ دروستکردنی چەندین بیناو باڵاخانەی گەورە لە ڕابردوودا بەناوی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون، من ئەوەی لە ڕوونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر گوێ بیستی بووم لەڕاستیدا تەنها ئەوە بوو کە بەشی زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەزانن کە هۆکارەکانی قەیرانی سووتەمەنی بەتایبەتی بەنزین لە هەرێمی کوردستان چییە؟، زیاتر باس لە کێشەکان کرا کە لەگەڵ بەغدا هەیە، ڕاستە، ئێمە پەیوەستین بە بەغدا، هیچ میکانیزمێکی تازە، ڕێ و شوێنێکی تازە نەخرایە ڕوو لەلایەن وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە قەیراناوییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، غەیری ئەوەی کە وەك ئەوەی برادەران ئیشارەتیان پێدا باس لە زیاد کردنی نرخی بەنزین دەکرێ، کە ئەمە لە ڕاستیدا ناکرێت بە هیچ شێوەیەك بیری لێ بکرێتەوە، هیچ پاساوێکیش نییە بۆ زیاد کردنی نرخی بەنزین، کە هەموومان دەزانین هەرێمی کوردستان پڕیەتی لە قەیران، قەیرانی نەبوونی تەماتە، خەیار، نازانم قەیرانی سیاسی، قەیرانی دارایی، هەموو جۆرە قەیرانێك هەیە تەنها هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن، کە ئەمیش بەدەست

خوای گەورەیە، بەدەر لەمە هەموو قەیرانەکانی تر هەیە، بۆیە من بەڕاستی پێم باشە کە چاو بەو میکانیزمە دابخشێنرێتەوە، برادەران زۆر لەبارەی ئەوانە قسەیان کرد، من پێم وایە کە هەموو تاکێك لە هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە خاوەنەکەی بەنزین وەربگرێت، ئەمە باس کرا بەڵێ، بەڵام من تەنها نموونە دەهێنمەوە سەیارەکی شەش پستۆن چۆن دەتوانێ مەسەلەن بە ٢٥ لیتر بەنزین بچێتە کەرکووك، بچێتە موسڵ، بچێتە هەموو ئەو شوێنانە، بۆیە من تەئیدی ئەو ڕەئیەی دەکەم کە قۆرخکاری لەو پرۆسەیەدا دەبینم، کەرتی گشتی کە کەرتی دەوڵەت و کەرتی حکومەتە، کە ئێمە دەوڵەتمان نییە لەڕاستیدا موشارەکە بەکەرتی تایبەت ناکرێت، پێویستە ئەم قۆرخکارییە نەمێنێ، موشارەکەی کەرتی تایبەت بکرێت بۆئەوەی کە کێبڕکێ و مونافەسە هەبێ لە دابەزاندنی نرخ، من لەگەڵ ئەوەدام کە بەنزین لە ئێرانەوە بهێندرێت، چونکە لیتری بەنزین لە ئێران ١٠٠ تومەنە، بۆیە تەئکید لەو ڕایانە دەکەمەوە، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن لەگەڵ ئەوەش کە خرانە ڕوو، شتێکی دیکە بەدەر لەوە کە باس نەکراوە، کە تایبەتە بە مەسەلەی خاوەنی بەنزینخانەکان، لەڕاستیدا ئەم بڕە بەنزینەی کە دەگەیەندرێت بە بەنزینخانەکان بەپێی بەدواداچوونی ئێمە ئەو بڕەی کە پێیان دەدرێت، یەعنی هەمان بڕ پێی نادرێت بۆ نموونە بەنزینخانەیەك، ئەگەر ٢٠ هەزار لیتر بەنزینی پێ بدرێت ئەوا ٣٤٠ لیتر کەم دەکات، ئەم قازانجەی کە خاوەن بەنزینخانەکە دەیکات، ئەوا ٣٤٠ لیترە پارەی ئەم ٣٤٠ لیترەی لێدەر بکات، کە دەکات ٥٧٠ هەزار، لەو سەریشەوە ١٥ هەزار دەدات بە خاوەنی تانکەر، ١٥ هەزار دەدات بە تاکسی، ١٥ هەزار دەدات بەوەی بانك، یەعنی قەسدم لەوەیە من پێم وایە کە ئەمە هۆکارێکە بۆئەوەی کە خاوەن بەنزینخانەکان بەشێکیان لەگەڵ داوای لێبووردنەوە، بەنزین گل بدەنەوە بەنرخی تیجاری بیفرۆشن و، پێویستە جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدات، ئەم بەنزینەی دەهێندرێت هەر ئەم بەنزینەیە کە لەناوخۆی هەرێم پێشتر بەکارهێنراوە، یاخود ئەم بڕەی کە هەبووە بەشی نەکردووە، باس لە ڕاپۆرتی لیژنەی وزە دەکەم لە ڕاستیدا ئەمەش کە وترا، من سەرەتاش پشتیوانیم لە ڕاپۆرتی لیژنەی وزە کرد بوو، ئەمەی کە وترا بوو لە ڕاستی بەداوای لێبووردنەوە بۆ چەواشەکاری بوو، من ڕێگا بەخۆم نادەم لەبڕی پەرلەمانتارەکانی تر قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەمشێوەیە قسە بکەن، دوورو درێژ قسە بکەن، قسەی پێش خۆتان دووبارە بکەنەوە، تەواو نابێ، لەبەرئەوە تکایە قسەکانتان کورت بکەن، حیات خان فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و ستافە یاوەرەکەی دەکەم، بەڕاستی لێرە کۆمەڵێك خاڵ هەبوو، سوپاس بۆ دکتۆر فرست کە خاڵەکانی بیدایەتمی باس کرد، هەرچەندە بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەڵامی دایەوە، بەڵام بەڕاستی وەڵامەکەی موقنیع نەبوو، جا داوا لە بەڕێزی دەکەم کە با بڵێین

ڕوونکردنەوەی زیاترمان بداتێ و بەرچاو ڕوونیمان بداتێ لەسەر هاوردەکردنی بەنزین، کە ئیحتکاری نییە، چونکە بازاڕ تێر ناکات و نرخەکەشی گرانەو لەگەڵ ژیانی ئێستای تاك و دەخلی خەڵك دا ناگونجێت، خاڵێکی تر ئەوەی لە دەزگاکانەوە بیستوومانە ئەو بەنزینە ئۆکتانەکەی ٩٢ە، بەڵام ئەگەر ئەو بەنزینە لە تورکیاوە بێ ئۆکتانەکەی ٩٦ بۆ ٩٧ە، ئایا نزمی ئۆکتانی ئەو بەنزینە جارێکی تر ئەوە دەرناخات کە ئەم هاوردەکردنە ئیحتکاری بێت و ئەم بەنزینە تێکەڵی شتی تر بکرێت؟ خاڵێکی تر داوا لە بەڕێزیان دەکەم ئەو گرێبەستانەی کە کراوە بۆ هاوردەکردنی بەنزین، بۆمان بنێرن بالای تێکرای ئەندامانی پەرلەمان هەبێ بۆ بەرچاو ڕوونی، ئەو گرێبەستانەی کە کراوە، ئەو گرێبەستانەشی کە ڕەفز کراوەتەوە، بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە میدیاکانی تورکیاوە کە دوێنێ شەو بڵاو کراوەتەوە، کە دوێنێ شەو تاوەرێکی گەورەی پاڵاوتنی نەوت لە ڕێگای بەندەری ئەسکەندەرۆنی تورکیاوە گەیشتووەتە تورکیا، کە لە وڵاتی دوبەیەوە ڕەوانە کراوە بەپێی ئەو ترێلەی کە ئەو پاڵاوتە گەورەیەی هێناوە، ئەو پاڵاوتە گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بۆ باشووری کوردستانە، جا داوا لە بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی دەکەم، کە ڕوونکردنەوەمان بداتێ ئایا ئەو هەواڵە دروستە، تا چەند دروستە، ئەو پاڵاوتەیە لەکوێ دادەنرێت، ئایا تا چەند عیلاجی قەیرانی بەنزین دەکات؟، بەپێی ئەو هەواڵە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا، ئەو پاڵاوتگەیە پاڵاوتگەیەکی گەورەیە ئەگاتە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها چوار خاڵم هەیە زۆربەی قسەکانم کران، یەك هەواڵمان لایە کە فۆرمی خۆراك تەزویر دەکرێت بۆ دروست کردنی کۆبۆنی زیاتر، ئەمە چۆن کۆنتڕۆڵ دەکرێت؟ دوو: وەزیری سامانە سروشتییەکان وتی ئەم نرخە ١٢٥٠ دینار بۆ یەك لیتر بەنزین، دەکرێت دەستکاری بکرێت، با ئەمڕۆ هەر لە تەلاری پەرلەمان وەزیری سامانە سروشتییەکان موژدە بداتە هاووڵاتیان کە چاو بەو نرخە بخشێنرێتەوە و نرخەکەیان بۆ کەمتر بکات، ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزیر دایە، سێ: هاووڵاتیان پێویستیان بە دڵنیابوون هەیە بۆ دابینکردنی بەنزین، بەڵام بەداخەوە قسەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ کاتی ئێستا ئومێد بەخش نەبوون، چونکە دەڵێت ناتوانین و پارەمان نییە و داهاتمان نییە، من وا تەسەور دەکەم لە دوای وەڵامدانەوەی وەزیری سامانە سروشتییەکان قەیران زیاتر دروست دەبێ، چوارەم: پشتگیری پێشنیارەکەی کاك باپیر دەکەم، کە دەڵێت با کۆبۆن لەسەر ئەساسی سەنەوی و کارتی زانیاری بێ، تا ئەوانەی ماددەی ١٤٠یان کردووە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دوای ئەو ڕەوشەی کە دروست بووە، هەموومان دەزانین مەسەلەی بەنزین لە بێجی دروست بووەو ئەزمەی دروستکرد، من چەند پرسیارێکم هەبوو، هەندێکی جوابم وەرگرت لە جەنابی وەزیر، مەسەلەی پلان و پالاوگەو کوالێتی و ئەوانە جوابم وەرگرت، چەند پرسیارێکی ترم هەیە، لەبەرئەوەی خاوەنی کێلگەی زۆرین لە هەرێمی کوردستان، بە تەسەوری جەنابی وەزیر لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوردەکردنی بەنزین لە هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت، ئەمە وەکو پرسیار، پرسیارێکی ترمان ئایا بەڕاستی لە هەرێمی کوردستان ڕاستە بە قاچاغ دەچێتە دەرەوە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە چارەسەری ئەو سەیارانەی کە لە بایەعەکان یان لە هەندێ کۆمپانیا هەندێ لە هاوکارانیشم باسیان کرد، مەسەلەی جوتیاران، مەسەلەی گەمئەندامان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەسمی ماوەی ٥ ساڵیان بۆ نووسراوە، کە تاپۆ ناکرێت یان ناگرێت بەناوییانەوە، ئایا ئەم مەسەلە چۆن دەتوانن چارەسەر بکرێ، مەسەلەی بەنزین تەرتیب بکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کۆچەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێنج پرسیارێت هەی بۆ وەزیرێ سامانە سروشتی، یا یەکێ ئەز گەلەك وی چەندیمە کو یەك ڕێزیا خۆ بپارێزین، خەلکەکێ مەوزوعی حاڵەتی دەرونی بەرچاو وەرگرین، تشتەکێ تەبیعیە بۆ وان هەمی ڤێ دکەین، خاسەتەن مامۆستاییێت ئاینی ئەم ڤێ دەوری ببینن، بەس ڤێرە جهێ دیارە، نوکە ئەڤ دیعایەتە هەی، کو ئەڤ بەنزینە هێشتا چ عەقد نینە، بەنزینە تیجاریی نەهاتییە، ئەڤە دێتە کرن کا بەرسڤ بۆ وێ چییە؟ بەنزین هەر ئەڤە یا هەرێمێ بۆ خۆیە دێتە فرۆشتن بۆ خەلکێ هەرێمێ، یادیتر پرسیارە دووێ یەعنی ئەڤە ڤەیرانەکا مەزنە، ئەڤ ڕەنگە دوژمنێ مە خودێ نەکات ڤەسف تشتەك لەسەر مە دابێت، ئاسایشە نەتەوەیی ڤێ میللەتی یاژێر مەترسیێ، سەیارە هەمی چەند ڕۆژەکە عاتل ببن، یەعنی ب شەڤ و ڕۆژ خەلك تەحەمولێ بکات، سەبر بکێشێ زێدەتر خەلکێ مە چەند ئینسانێت باشن و چەند میللەت پەروەرن، لازمە حوکومەتا ئەڤە بەرچاوێ وەرگریت و بەرێ خۆ داتێ نەهێڵێت، مە خەزینەکێ هۆسا نەبیتن، هەموو ڤەیرانەکە هۆسا موفاجی سەرێمە بێتن، بەس ئێمە خەزێنەك مە هەبیتن، ئیحتیاتەیك مە هەبیتن، ئەڤە لە پلانێ دابێتن، یا سیێ/ ٢٠٠٧ حکومەتە مەرکەزی و حکومەتە بەغدا مادام ئەڤە کریا، دەڤ من جهێ تەعەجوبێ کو مەسفایات ئەهلی گەلەك، بەنزینخانێت ئەهلی ئەم پتر دەعمێت کەین، ئو یێ حکومی حکومەت نەشێ، حکومەت نەشێ چ مەسفا ئیمکانە مەسفا نەبن، یا دیتر مەوزوعێ بیتاقەیا ئەرزاقیا بۆ جهەکی ئیستیغرابییە ل سەر بیتاقا ئەرزاقیا، بەس ل ڤێرێ ئەم دچینە مستەشفێ دکتۆری ژی بێژیتە مە وەرەڤێ ئەرزاقێ بینن، ئێجا هەمی گاڤا مرۆڤ گەل ژنکا خۆ کەڤیتن وەرەڤا ئەرزاقی بەرزە بوی،**

هەرە ئیکادی چێکە، هەموو موشکیلێت عائیلیٚ ئەڤەنە، داعی نینە وەرەڤا ئەرزاقی عیلاقە ب بەنزینیٚ ژی هەبیتن، ئاخیر پرسیار، جەنابیٚ وەزیری نەقدەك و رەخنەك گرت سەر کو گەلەك سەیاریٚ خەلکی، هەکا پاسا و ئەوە، ئەز بەس پێشنیاریٚ دەکەم هەکە بەس یەعنی حکومەتا هەرێمیٚ هەندەك پاسیٚ بەس بۆ فەرمانبەرا و دائیرا دابین بکەت، جاریٚ نەبێژین یەکا دی کو ڤیتارا و میترۆیا، جاریٚ هەندە پاسێت موحتەرەم بەس بۆ فەرمانبەرا چیٚ کەت، هەر دائیرەکیٚ چەند فەرمانبەرێت هەی، هەمی سەیارێت خۆ دێت و دچیت، ئان ژی خوتەك ل ئوردن هەبوو، مەوزوعیٚ سەرفیسا، هەر گەرەکەکیٚ و هەر محەلەکیٚ سەر فیس هەبن، ئو گەلەك نرخەکیٚ هەرزان بوون، خزمەتەکا مەزن دکر کو ئەو پیچەکیٚ گێم ببن مەوزوعیٚ سەیارا، یا دیتر جەنابیٚ وەزیریٚ ئیشارەت کر کو گەلەك پارە بۆ کارەبیٚ دچیتن، ئەزیٚ ڤێریٚ داخاز دەکەم کو وەزیریٚ کارەبیٚ دەعوا بکەین و بێتە ڤێریٚ، روو بکەتە خەلکی کا چەند پارە بۆ کارەبیٚ دچن؟، ئو کارەبێش ئەزمەیە، ئەزمەیەکا دیتر، ب ڕاستی ئەڤە ڤەیرانەکا مەزنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز د. شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکیٚ بەخێرهاتنا بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەوارمی دکەم، قسەکانم کرا، پشتیٚ وی قسەکانی کاك ئومێد خۆشناوو کاك علی حەمە صالح دەکەم، هەمان پرسیاری کاك بەیار سەبارەت بە حیسەی دهۆك، ڕوونکردنەوە سەبارەت بە حیسەتی دهۆك چۆن دەگاتە پارێزگای دهۆك؟ حەزدەکەم بڵێم ئەو قەیرانە تەنها لە ئەستۆی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی نییە تا ئەو ڕادەیی دەست لە کاربکێشێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مریم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەم، دەست خۆشی لە بەڕێزان ئامادەکاری راپۆرتی لیژنەی پیشەشازی و وزە دەکەم، سەرەتا من دەمەویٚ پشتگیری لە کۆمەڵێك ڕای بەڕێزان بکەم، کاك گۆران و بێگەرد خان و بەشێکی زۆری قسەکانی خاتوو ڕێواز و کاك دکتۆر عزت و کاك ئومێد خۆشناوو کاك طارق و کاك قادر، دیارە من کۆمەڵێك پرسیارم هەیە دەمەویٚ لەڕێی بەڕێزتانەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکانی بکەم، دیارە بەشێکی زۆری پرسیارەکان کراون و دووبارەی ناکەمەوە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم نزیکەی ٩ ساڵ دەبیٚ، بەڕێزیان وەزیرن لە کابینەی پێنجەمەوە تاکو ئێستا، لەو ماوەیەدا پرۆژەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چی بووە بۆ ئاسایشی وزە؟، وەك نەوت و بەنزین و گازوایل، کە پێویستیەکی ڕۆژانەی خەڵکە، هۆکار چییە دوای ئەو

هەموو ساڵە ماوە درێژە ئێستاش پشت بە وڵاتانی دراوسێ و ناوەند دەبەستین؟ هەر بەڕێزیان بۆخۆی ئاماژەی بەوە دا کە ساڵ بە ساڵ لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە فشاری کەمکردنەوەی سووتەمەنی دەخرایە سەر هەرێم، بۆ لەو هەموو ساڵە نەیانتوانیوە ئەم قەیرانە تێپەڕێنن؟ پرسیارێکی تریشم برادەران زۆر باسیان کرد منیش دەمەوێ تەئکید لەوە بکەمەوە، بۆ دەبێ ٢ یان ٣ پاڵاوگە هەبێ؟ کە ئەوانیش بە توانایەکی سنووردار کە ناتوانن پێداویستی تەواوی ڕۆژانەی خەڵك دابین بکات؟ ئەویش پاڵاوگەی خەبات و بازیانە، ئایا هیچ کۆمپانیایەك داوای نەکردووە بۆ دانانی پاڵاوگە؟ ئەگەر هەیە وەك ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد، هۆکاری چییە مۆڵەتیان پێ نادرێت؟ پرسیارێکی ترم ئایا باشتر نەبوو بەر لەوەی بیر لە ناردنە دەرەوەی نەوت بکەن، بیر لە باشتر کردن و بن بڕ کردنی قەیرانی سووتەمەنی کرابایەوە، یان پڕۆژەی گەورەو بچووك کرابا، پێویستمان بە ناوەند و دەوڵەتی دراوسێ نەبووایە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئایا ناردنی بەشە بەنزینی شارو شارۆچکەکان لەسەر چ ئەساسێك و داتایەك حیسەیان بۆ دابین دەکرێت؟ چونکە فەرق و جیاوازیەکی زۆر لەنێوان شارو شارۆچکەکان، دەکرێت، بزانین لەسەر چ ئەساسێك و بنەمایەك ئەو حیسەیە دەنێردرێت بۆ شارو شارۆچکەکان جگە لە پارێزگاکان؟ حەلیان چییە بۆ ئەو شوفێرانەی کە بەڕێزان باسیان کرد لەسەر ئەوانەی ماددەی ١٤٠ دەیان گرێتەوە؟ ئەو پرسیارەش کە زۆر گرینگە بەلامەوە، بەشێك لە بەڕێزان باسیان کرد کە ئایا ئەو بەنزینە ئۆکتانەکەی بە گوێرەی ستاندارد و بەوردی لەژێر چاودێری لایەنی بەرپرس دایە؟ چونکە ئەگەر ئۆکتانی زۆربێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەو تەندروستی هاووڵاتیان هەیە، بەڕێزان منیرە خان و کاك محمود ئاماژەیان پێدا هەر ئێستا، ئێستا و چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە پارێزگای سلێمانی لەو ڕۆژەوەی قەیرانی سووتەمەنی دروست بووە، بەردەوام خۆپیشاندان جادە و شەقامەکان دەگرن، لە بەڕێزیان دەپرسم دەکرێ بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەو جیاوازیە چییە لەنێوان سلێمانی و پارێزگاکانی تر؟ لەکاتێکدا لایەنی مەعنی چەندینجار پێشنیاری چارەسەری ئەو قەیرانەی کردووە، بەلام وەڵامی پێشنیاریان نەدراوەتەوە، ئاخیر پرسیارم لەسەر سەیارەی علوجە و سەیارەی ئارم دیارە لە سنووری هەرێم بەتایبەتی لە دەڤەری ڕاپەڕین و لە دەڤەری گەرمیان، بەدەیان و سەدان سەیارەی ئارم هەیە ناکرێت ئەو شتانە پەراوێز بخرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو بەڕێزان وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری هەرێم دەکەم، لەگەڵ شاندی یاوەریان، هەروەها دەست خۆشیش لە ڕاپۆرتەکەی سامانە سروشتییەکان دەکەین، کە بەڕاستی ڕاپۆتێکی باش بوو، من نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکان و باس لە کێشەکان بکەم، چونکە بەڕێزان هەر

یەکە لە پەرلەمانتاران باسیان کرد، من درێژەی پێنادەم، بۆیە پشتگیری تەواوی خۆم بۆ قسەکەم و ئاخاوتنەکانی بەڕێز کاك سۆران دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سهام خان فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی هاتنا جەنابی وەزیرێ بۆ پەرلەمانێ، بۆ هەندێ کو ئەو قەیرانە بێتە گفتوگۆکردن، لێ نوکە هاوولاتیانێ مەیە لێ هێڤیا مە ئەڤ قەیرانە بهێتە چارەسەر کرن، ئەڤ قەیرانە هەنێ یا گرێدایە ژیانێ رۆژانە خەلکی ڤە، دیارە وەکی جەنابی وەزیرێ ئاماژەی کری کو ئەڤە دێ پەیڤە و سالا دکێشێتن، ژ بەر هەندێ گەلەك گرینگە واقیعیانە سەرە دەریی ڤێ قەیرانێ بکەین، چ ئەمە وەك پەرلەمانتار چەندین تێبینیا پێشکەش بکەین، چ جەنابێ وەزیری هەندەك راسپاردە بڕیاریش ل وەزارەتێ دەرکەڤن، کو فیعلەن ئاسانکاری بهێنە کرن، ژ بەر هەندێ ئەز یا ناچارم ئەڤ خالە بدەمە بەرچاڤ، یەکی بابەتە ئاسانکاریا بۆ دروستکرنا کۆبۆنە بڕیارەکی دەم و دەست بوو بهێتە کرن، بابەتە ئاسان کرنا بەنزینێ رێگا چارە بۆ هەبیتن و زێدە کرنا رێژەی لیترا بەنزینێ بۆ هاوولاتیان بهێتە زێدەکرن، دیسان دیڤ چوونە سەرپێچیان جدی بهێتە کرن، چونکە ئەڤ سەرپێچیا هەندێك دەبنە ئەگەرێ ئەڤێ قەیرانێ و گەندەلی ژی پتر پەیدا دبێتن، وەزارەت ژ بەرپرسە ژ ڤێ چەندێ، دیسان ئەز داکۆکیا لە پرسیارا کاك پروانت و کاك بەیاری دەکەم، کو بەشێ پارێزگا دهۆکێ بەنزینێ پێتە ڤیا بهێتە دیاری کرن، یان ژی سەرە دەریەکا دژی بهێتە کرن، چونکە ئەڤ گلەییە هەر دەهێتە کرن و ژ لایێ پارێزگایە دهۆکێ ڤەژی هاتنە کرن، ژلایێ گەلەك ئالیەن دی پەیوەندیدارێن پارێزگایە دهۆکێ هاتیە کرن، خەلکێ مە ژ بێ چەندێ گازاندە ژێ دکاتن، هەروەسا پشتیوانی کاك فەرهاد سەنگاوی دکەم، کەواتە قەیران ڤی ڕەنگی بێتڤیا بەرچاو بهێنە وەرگرتن و دەم و دەست بهێنە چارەسەر کرن، نەك تەنیا ئەمە هیڤی بین خەلکێ مە هەر تەحەمولێ بکاتن، چونکی پشتی ٢٣ سالە تەحەمول کرن و ٢٣ سالێ ژی دانینە سەر، کەواتە هاوولاتی مە چ ژیان هەبێت لەناو کوردستانێ دا، هەروەسا هاتنا سەرۆکێ هەرێمێ بۆ پەرلەمانێ هەمان پرسیار لێ هاتنە کرن کانێ چ سەری دەری لە ئەڤ قەیرانێ ناڤ هەرێمێ کوردستانێ دا دێتە کرن، کو یا هەڤ دەمە دگەل بڕیارێ سەربەخۆی کوردستانێ داین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەلا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من قسەکانم زۆربەی کرا، بەلام بە حەدیسەکی پێغەمبەر (ص) دەست پێ دەکەم، کە دەفەرموێت (من کان یؤمن بالله و الیوم الاخر فلیکرم ضیفه)، زۆر بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرەکان دەکەم و لەگەڵ

وەفدە یاوەرەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە جەنابی وەزیر باس لە کۆمەڵێ کێشە دەکات، کە ئێمە زۆربەمان ئاگادارین و ، دەزانین هەندێکیان ئەتوانم بڵێم پلانی ستراتیژین بۆ ماوەی درێژخایەن، هەروەها ئەو برادەرانەی کەوا قسەکانیشیان کرد زۆربەیان بەڕاستی وەختێکی زۆریان کوشت، قسەکانی ئەوانیش دەتوانم بڵێم دەکرێ ئەوان پلان بن، گرینگ ئەوەیە ئێمە ئێستا تووشی قەیرانێك بووین چۆن چارەسەری دەکەین؟ من پێم وایە دەکرا زوو بەزوو کار لەسەر ئەوە کرابا کە بەشێوەیەکی کاتی ئەم قەیرانە چارەسەر کرابا، نەوەك بە دەرکردنی ئەو هەموو ڕێنماییە زەحمەتانە، بەتایبەتی ڕۆژانە خەڵك تەلەفۆنمان بۆ دەکرێ، کە ئامادەن خیلالی ٤٨ سەعات بەنزین بۆ کوردستان بێنن، بتوانن بەزووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام ڕێگایان پێ نادەن لەبەرئەو تەعلیماتە قاسییە، لە جەنابیان دەپرسم دەڵێم ئەگەر ڕێنمایی هاوردەکرنی بەنزینخانەکانتان خستووەتە ئەستۆی خۆتان، بەڵام بۆچی میکانیزمی دابەشکردنی خستووەتە ئەستۆی خۆی؟، یەعنی میکانیزمی دابەشکردنەکە، ئەی کاری پارێزگاکان چییە؟ هەروەها ئەو بارهەڵگرانەی کە کاروباری ئیستیراد و تەسدیر دەکەن، ئایا چارەسەر بۆ ئەوانە کراوە چۆن بەنزین وەردەگرن یان گاز وەردەگرن؟ ئایا چارەی چۆنیەتی سووتەمەنی وەرگرتنیان وەرگرتووە یان نا؟ ٢ پێشنیارییشم هەیە هەرچەندە ئەوش لەوانەیە جۆرێك بێ لە ئەو پلانەی داهاتووە، بەڵام سەبارەت بە کۆبۆن برادەران زۆربەیان باسیان لەوە کرد، پێشنیار دەکەم کە هەر ئۆتۆمبێلێك کە سەنەوی وەردەگرێ یەکسەر وەکو پسوولەی خۆراك کۆبۆنیشی پێ بدرێت، یەعنی هەموو کاتێ لەلای بێ، وەختێکی ئەوها دەتوانی ئەو کۆبۆنە بەبێ ئەوەی پارە بە هەدەر بدرێت و هەمووجارێ کۆبۆن بکرێت، هەروەها بەنیسبەت تەکسیەکان ئێستا بۆ نموونە مەسەلەن ئێمە ئەگەر سەیری وڵاتی ئەنقەرە بکەین، لە ئەنقەرە مەسەلەن دانیشتوانیان ٦ ملیۆن کەسن، کەچی ٦ هەزار تەکسیان هەیە، شارێکی وەکو هەولێر ملیۆنە کەسێکە بەس ژمارەی ئەو عەددەدە تەکسی هەیە، چارەسەرێك بۆ ئەو تەکسیانە بکەین، هەم ئەوان ئیسراحەت دەکەن هەموو ڕۆژێ مەسەلەن لە ١٢ سەعات یان ١٥ سەعات لە جادەکان بسووڕێن و ژینگەش پیس بکەن، جادەکان قەڵەباڵغ بکەن، دەکرێ بکرێتە تاك و جووت ڕۆژانە ئەوانیش ئیسراحەتی خۆیان وەردەگرن، لە هەمان کاتدا کاری خۆشیان دەکەن، لەجیاتی ئەوەی ١٢ سەعات بسووڕێ مەسەلەن ١٠ نەفەری بەدەست کەوێت، دەتوانێ مەسەلەن ڕۆژێك ئیسراحەت بکات، ڕۆژەکەی تر بایی زیاتر لە ٢ ڕۆژ زیاتر ئیش بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆشتان بێتاقەت بوون کەوتوونەتە قسەکردن، بەڵام دەڵێن قسەکانمان کراوەو ٥ دەقەش قسەی دەکەن، بۆیە تکایە قسەکانتان کورت بکەنەوە، فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیر و ستافی یاوەری دەکەم، من سەرەتا زۆر بەخێرایی پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز علی هالۆ و دکتۆر عزت لەبەشی زۆری قسەکانی ئەوان دەکەم، بەتایبەتی لەو شوێنەی کە باسی ئەوە کرا ئەو

کۆمپانیایانەی کە سووتەمەنی هاوردە دەکەن بۆ ناو هەرێمی کوردستان ئەمە لابرێت، یان ئەم خاڵە لە دوولاوە یەعنی دەتوانی بەکاری بێنی هەر ئەمەش دەکرێت بە بیانوو، بۆئەوەی بەنزینی بازرگانی نەچێت بۆ کەرکووك و ناوچەکانی تریش، یەعنی بەپێی ئەم خاڵە دووجار غەدر لە کەرکووك دەکەین، جارێك لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانەی کە کۆبۆنەکانیان هی ئەوێیە نایان دەیتێ، جارەکی تریش بەم خاڵە رێگا نادەی بەنزینی بازرگانیشی بۆ بچێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی و کاك سۆران عمر و کاك گۆران و کاك علی حەمە صالحیش دەکەم، لەڕاستیدا یەکێك لەو کێشە هەرە گەورانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئایندە بینییە واتە یەعنی هەر بەڕێز وەزیر وتی پێشبینی ئەوەمان کردووە کە کەم دەکرێتەوە، فیعلەن کەمیش کراوەتەوە، بەڵام نەتوانراوە پاشەکەوت هەبێت، نەتوانراوە لەتەنیشتیەوە پاڵاوگەی گەورە لە تەنیشت پاڵاوگەی گەورەشەوە خەزانی گەورە هەبێ، ئێستا هەموومان دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا باس لە دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەتی کوردستان دەکرێ، یەعنی بۆ ئەمە لە ڕاستیدا خۆ هەرکێشەی بەنزین نییە، سبەینێ مەسەلەن نەوتە، گازوایلە، رۆنی سەیارەیە، هەروەها قیرە هەموو ئەمانە یەعنی تۆ پێویستت بەوە هەیە کە پاڵاوگەی گەورە هەبێ، جا من قسەیەکی کاتی وتووێژی ساڵی ٢٠١٣ ی پەسەند کردنی بودجە لەم پەرلەمانە، کە پەرلەمانتارێکی خولی پێشوو رووبەڕووی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکانی کردووەتەوە، دەڵێت لە کاتێکدا کە بەڕێزی لە یەکێك لە سەردانەکانی بۆناو لیژنەکان بەتایبەتی لیژنەی مەعنی، باسی لە دروست کردنی کۆنتراکتێك کردووە لەگەڵ تورکیا بۆ دروستکردنی پاڵاوگە، یەعنی ئەمە من خۆم گوێم گرتووەتەوە لەو وتووێژانەی کە ئەوکاتە کراوە، بڕوام وایە ئەوکاتەش وەڵامی پێویست نەدراوەتەوە، ئێستاش ئایا ئەگەر کۆنتراکتێك کراوە لەگەڵ تورکیا بۆ دروستکردنی پاڵاوگە، بەکوێ گەیشتووەو؟ جگە لەوەش هەموو ئەو مەرجە قورسانەی کە رووبەڕووی خەڵك کراوەتەوە بۆ دروستکردنی پاڵاوگە، بەنموونە ئێمە دوێنێ لەگەڵ هاوڕێی پەرلەمانتارم پەروا خان کە لەناو خۆپیشاندانەکانی سلێمانی بووین و، دواجاریش چووینە لای ئیدارەی سلێمانی بە هەموو ئەوانەی کە لە پارێزگای سلێمانی بەرپرسن لە ئیدارەدان و وەزعی سووتەمەنی، ئەوان لەوێ دوێنێ پێیان وتین کە وەبەرهێنی خۆماڵی هەیە، کە لە ٢، ٣ رۆژی رابردوودا چووەتە لایان، تەنها مۆڵەتەکەی ئەوێت و هیچی تر، قسەی پارێزگاری سلێمانی بوو کە دوێنێ بە ئێمە وتووە، کەواتە ئەکرێت چارەسەری زۆر بە پەلە لەوە خێراتر بدۆزرێتەوە؟، نوقتەیەکی تر ئەوەیە لەڕاستیدا یەعنی من پشتگیری هەموو ئەو قسانە دەکەم کە ئەم رێنماییانە زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەتایبەتی ناکرێت تۆ یەعنی ٣٠ ملیۆن لیتر ئەمە شەرتێکی زۆر تەعجیزیە، نوقتەیەکی تر ئەوەیە لەڕاستیدا لەنێوان کۆبۆنی خۆراك و ساڵنامە بەڕاستی یەکێکیان هەڵبژێردێت، ئێستاکە سەرەیان بۆ ساڵانەی ئۆتۆمبێلیش داناوە، سەرە گەیشتووەتە ٢ مانگ لە هاتوچۆی سلێمانی، هاوکاتیش کە دەچیت بۆ کۆبۆنەکەت وەرگریتەوە پێت دەڵێ برۆ تەزکەرەکەو بگۆرە ئەوەش ٨ مانگی دەوێ، یەعنی لەڕاستیدا هەموو ئەمانە گرفتن ناکرێت هەروا بەسەریاندا تێپەڕی، نوقتەی ئاخیرم ئەوەیە ئەگەر بەشێك لەو وەزعەی کە ئێستا دروست بووە، بێگومان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

یا بڵێین دەبێت مووچە دابین بکات، یان بچێتە ژێرباری دابینکردنی بەشێکی زۆر لە مووچە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەی باشە چەند ساڵی رابردوو هەموو ئەو پارانەی بەتایبەتی ئەوەی کە ناونراوە پاداشت، ئەی ئەوانە چیان لێهاتووە؟ یاخود پرسیارێکی زۆر سادە بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەڕێی جەنابتەوە، ئەو وتی ئێمە لە ٥٠٪ی بەنزینی ناوخۆ ئێمە دابینمان کردووە، ئێ ئەو پارەیە چووە بۆ کوێ؟ وەکو باسیش دەکرێت کە لە دەرەوەی بودجە بووە، بابڵێین داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، کەواتە هەم پێشتر نەیان توانیوە پارە بەباشی کۆ بکەنەوە، هەمیش لە ئێستادا، لەڕاستیدا پلانێکی دوور مەودامان نەبینی بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکە، نوقتەیەکی تر ئەوەیە ئایا بەهەمان ئەو ئەندازەی کە خەڵکی ئاسایی یاخود خەڵکی خوار هێڵی هەژاری ئێستاکە زەرەرمەند بووە لە هەرێمی کوردستاندا، بە هەمان ئەو ئەندازەیەش حیزبەکان، ئۆتۆمبێلی حزبەکان زەرەرمەند بوون لەو قەیرانە؟ نوقتیەکی تر ئەوەی کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وتی ئێمە ئەم ئیشەمان بەشێکی زۆری لە خزمەتی خەڵکی هەژاردایە، بەڵام ئێستاکە ئەوەی بە فیعلی باجەکەی دەدات خەڵکی هەژارە، هەروەکو ئەوەی کە ئە مرۆ لە پارێزگای سلێمانی هەموو پاسەکانیش مانیان گرتووە، بۆیە من تکا دەکەم کۆمەڵێ بڕیار و راسپاردە بەخێرایی دوای ئەم کۆبوونەوەیە گەلاڵە بکرێ، بە نەتیجە هەمووشمان کە لە خزمەتی ئەوەبین کە ناونراوە پایەکانی دەوڵەتی کوردی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە باسی گرفتێك دەکەین، ڕەنگە بڵێین بۆچی بەنزین، بەنزین یەکێکە لەو سیستەمانەی کە پەیوەندی هەیە بە تاك تاکی کۆمەڵگا، کە ئەمە بەخۆی گرفتێکە، جا من ناچمە سەر هۆکارەکان، دەست خۆشی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەم، کە لە سەرەتادا لە گیروگرفتەکان دەکۆڵنەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دیارکردنی گیروگرفتەکان و چارەسەریشی دەوێتن، هەر بۆیە دەمەوێ بە چەند پێشنیارێك لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین بۆ ئەم گرفتە، یەکەم: هۆی گواستنەوەی ئێمە هەمووی شەخسیە، ئەمە گرفتێکی سەرەکییە کە پێویستمان بەوەیە هەڵوەستەیەك بکەین، ئێمەی پەرلەمانتاریش لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە دوو جێ نیشتەجێین سبەینێ با دوو پاس بمان هێنن و دوو پاس بمان بەنەوە، نە پارکیگەکانمان پڕی سەیارە بن و، هەموو ئیدارەتەکانی حکومەتیش ئەو سەیارە بچووکانە کۆبکرێنەوەو بفرۆشن حکومەت بەخۆی شتێ بنووسێ وموشکیلەکەش چارەسەر بکات، بەنیسبەت دانی ٢٥ لیتر یان ١٠ لیتر یان ١٠٠ لیتر هیچ چارەسەرێك ناکات، ئێمە لە ڕێگای وەزارەتی پەیوەندیدارەوە گواستنەوەی بە کۆمەڵ بکەین، لە راپۆرتەکەدا چارەسەری کێشەکان کراوە، بەڵام ڕێگا درێژەکان میترۆ، قیتار ماوەیەکی درێژی دەوێ، ئێمە پێویستمان بەوەیە پاس لەنێوان شار بۆ شار بچێتن، ئەمەش بەوەی نییە کە پاسێك لە هەولێر

دەچێتە دهۆك و ٣٠ ليتری بدرێتێ و هەفتانەو ئەوانە، ئەوە پێويستی بە کيلۆمەترە بۆی حيساب بکرێت، لە هەر کيلۆمەترێك چەند سەرف دەکات، کيلۆمەتر بکرێتە عيار بۆئەوانە، سەيارەی شەخسی وەختێك دابين بکات بۆ کارمەند، بۆ هەر شتێکی تر ئەوە دەتوانی بەنزينی کۆبۆنی ١٠ ليتری بدەیێ، ٥٠ی بدەيتێ کە چارەسەر لە بنەڕەتی لەوەی دايە، لەڕاستيدا ئەوەی باس کرا ئەوەی ئەمن هەستم پێکرد، گرفتی بەنزين پەيوەندی بە چەند وەزارەتێکەوە هەيە، باسی کۆبۆن دەکرێ وەزارەتی بازگانييە، باسی تابلۆی سەيارە دەکرێ وەزيری ناوخۆيە، باسی کارەبا دەکرێ وەزيری کارەبايە، بەڵکو وزەی خاوێنمان پێويستە، ئاوە ، هەوايە، هيوادارم ڕەچاوی ئەوانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خليفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزيری سامانە سروشتييەکان و وەفدە ياوەرەکەی دەکەين، پشتگيری لە راپۆرتی ليژنەی پيشەسازی و وزە دەکەين، بەنيسبەت ئەوە نابێ باجی حکومەت هاووڵاتيان بيدات، پێويستە حکومەت پلان و بەرنامەی هەبێ بەتايبەتی وەزارەتی سامانە سروشتييەکان، کە لە رابردوودا چەندين کۆمپانيای گەورەی دونيا هاتووەتە کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت، لەو کۆمپانيايانە کۆمپانيای ئۆکسۆمۆبيلە، کە کۆمپانيايەکی باش و دەورو ڕۆڵی هەيە، ئەوە دەستکەوتێکی گەورەی هەيە، بەڵام بۆ وەزارەت بيری لەوە نەکردووەتەوە کە کۆمپانيايەکی هاوشێوەی وەکو ئەو کۆمپانيايە بۆ پاڵاوگەی نەوت وەك خەزانەکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا ببێت؟ کە دووچاری ئەمە نەبين کە هاتووەتە بەردەممان، پرسيارێکی تريشمان ديارە مەرجی قورسی دانان بۆ هێنانی سووتەمەنی کە چارەسەرێکی کاتييە، ئەويش کە ٣٠ مليۆن ليتر کە لەئارايە، دەسەڵاتی حکومەتيشە، حکومەت ٣٠ مليۆنی نييە، خەزانێکی نييە، کەوا بۆ بازرگانەکان جێبەجێ بکرێت، پێويست دەکات چاوخشاندنێکی پێدا بکرێت، داواش دەکەم وەزارەت دەسەڵاتەکانی خۆی هەمووی قۆرخ نەکات لە دەسەڵاتی خۆی بێ، ئەو دەسەڵاتانەش شۆڕبکرێتەوە بۆ پارێزگاکان، بۆ حکومەتی خۆجێی کەوا لە دەسەڵاتی پارێزگا هەبێت بۆ پاڵاوگەو ئەو شوێنانەی کەوا پێويست دەکات پاڵاوگەی لێ دابندرێت و خەزانەی بۆ دابين بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا نين قۆرخ کردنی دەسەڵاتی هەندێ کۆمپانيا، هەندێ بازرگان تايبەت بکرێت لێرەو لەوێ لە شارەکان جياوازی هەبێ، پێويست دەکات ڕێگا بدرێت بە هاووڵاتيان بە کۆمپانياکان، نەك کۆمپانيايەك لێرەو لەوێ جياوازی نەبێ، ئەو دەسەڵاتە شۆڕبێتەوە بۆ هەموو شوێنەکان و ئاسايی بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤيان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی هێندێ بێزاربووین، تەبعەن ئەز پشتیڤانیا لە هاوکارێ خۆ دەکەم، دەربارەی ئەڤێت گۆتن کۆبۆن زانیاری ببێتە بنەما لە جێیە خۆراکی، دیسان فیعلەن ٢٥ لیتر گەلەك کەمە، من دڤێت ڤێرێ ئەز باسێ پارێزگەها دهۆکێت بکەم، پشتی چەند پەیوەندیە لەگەل لیژنا دیف چوون قەیرانا سووتەمەنی پارێزگەها دهۆکێ، سەرەدانا چەندین بەنزینخانە ل پارێزگەها دهۆکێ ئەڤ پێزانینەمە وەرگرتینە، بەهرا پارێزگاهە دهۆکێ وەك پارێزگا پێدڤی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار لیترا، لە یادگەهی ڕۆژانە ٦٠٠ تا ٧٠٠ هەزار لیترەیە، بەهرا پارێزگەها دهۆکێ ٢٤٪، لە یادگەهی ١١ تا ١٣٪ ، هێڤیدارین جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکی بۆمە بداتن سەبارەت ڤێ چەندێ، فیعلەن ئەزیت دگەل هاڤ کارێ خۆ کاك ئومێد خۆشناویمە، حکومەت نەشێتن مالێکێ ٣ تا ٤ سەیارە بەنزینێ بۆ پەیدا بکات، بەس لە دەمێك کوردستان مە سیستەمی ڕێکخستنا مواسلاتێ نینە ، ژ بەر هەندێ ئەز پشتیڤانیا هاوکارێ خۆ کاك ئومێد خۆشناو و هاڤکارێ خۆیت ژی دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ ڕەقەمێکی حیسابی هەیە لەنێوان بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و کاك علی ڕاستی بکەمەوە، ئەو ژمارەیەی کاك علی وتی، کاك علی ڕاستی وتووە، ئەگەر بێتو بە دەقیقی ئێمە ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار لیتر ئینتاجی خۆمالّی بێ، ٢ ملیۆنیش ئیراد بکەین لە تورکیاوە دەکاتە ٥ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار، زەربی حەوتی بکە بۆیەك هەفتە، کە ٣٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار تەقسیمی ٦٠ هەزار سەیارەی بکە، کە جەنابی وەزیر وتی دەکاتە ٦٠ پۆینت ٦ لیتر، ئەگەر ئەوەی کاك یروانتیش کە باسی ٧٠٠ هەزارەکەی دەکات لێ دەربکا دەکاتە ٤٥ لیتر، لەبەرئەوە هەموو جارێ حەقە هەفتانەی ٤٥ لیتری بداتێ ، نەك ٢٥ لیتر وەکو ئێستا باسی دەکەین، بەخێرهاتنی بەڕێزان دەکەم، من پێم خۆشە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەو قەیرانە وازحە، ئازادکردنی ئەو ناوچانەو هاتنەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئاواتی هەموومان بووە، لە تەوەقوعی نەك حکومەتی هەرێمە لە تەواقوعی ئەمریکاش نەبووە، کەواتە شتێك ناکرێت تەنها ئۆباڵەکەی بخەینە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی خۆمان هاتووەتەوە بۆ باوەش کوردستان، ئێمە بەخێرهاتنیان دەکەین و حەزدەکەین مافی ئێمەش بدرێت بەوان، بۆئەوەی ئەوان دڵنیابن لەوەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیهتمامیان پێ دەدات، ناکرێت ئۆباڵی ئەم ئەزمەیەش بە تەواوی بخرێتە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵێ ئەوان گوناحی بەشێك لە قەیرانەکە هەڵدەگرن ، پێویست بوو پلانەکەیان گشتگیرتر بووایە، پێویست بوو زیاتر بیریان لێ

بكردباوه، بەڵام بەڕاستی هەموو قەیرانەکە رووبەڕووی ئەوان نابێتەوە، من یەك عەمەلییەی حیسابیم هەیە، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کە خۆمان بەرهەماکەمان ٣ملیۆن و ٢٠٠ هەزار لیترە، ملیۆنێك ٥٠٠ هەزار لیترمان لە بێجیەوە بۆهاتووە، ئەوە نەماوە، ٢ملیۆن و ٣٠٠ هەزار لیتریش ئەگەر حیساب بکەین، جەنابی وتی ٦ ملیۆن لیتر ئێمە دەتوانین بە ٦ ملیۆن کیفایەت دەکەین، با ٧ ملیۆن بێ، تەقدیرەکە ٧ ملیۆن بێ بەهۆی ئەو ناوچانەی کە ئازاد کراون، هەمووی دەکاتە ٧ ملیۆن لیتر، ئەو ٧ ملیۆن لیترە ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزاری بە ٥٠٠ دینارە، دەکاتە ملیارێك و ٦٠٠ ملیۆن، ٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزاری بە ١ هەزار دینارە، چونکە زۆربەی ئەو مقاولانەی کە لەگەڵ ئێمە بوون، دەڵێن بە ١ هەزار دینار دەتوانین بیهێنین، گریمان هەزارە، دەزانم جەنانبی وەزیر سەری رادەوەشێنی لەوانەیە ١٠٠٠ی تێدا نەبێت، گریمان بە ١٠٠٠ بێ، دەکاتە ٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار، یەعنی هەمووی دەکاتە ٥ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دینار، ئەگەر ئەوە دابەش بکەین بەسەر ٧٠٠ هەزار سەیارە، ٧ ملیۆن لیتر، دەکاتە ٧٧٠ دینار، یەعنی ئێمە دەتوانین ١ لیتر دابین بکەین بە ٧٧٠ دینار بۆ هاووڵاتیانی خۆمان، کەواتە لە ١٢٥٠ نەبێ، ٥٠٠ نەبێ، بە ٧٧٠ دابین بکرێ، سەپۆرتێکی تەکسیەکان بکرێت، ئەوانەی کەوا کاسبی دەکەن، مەسەلەن بۆ خەڵکی ئیعتیادی بە ٨٠٠ بێ، بەڵام بۆ هەندێك بە٦٠٠ بێ؟، ئەمە من ئەو پێشنیارە دەخەمە دەستی جەنابت و جەنابیشت لەڕێگای خۆتەوە بە جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکانی دەگەیەنی، دەتوانم موناقەشەشی لەگەڵ بکەم ئەگەر جەنابی ویستی، دەستخۆشی لە برادەرانی لیژنەی پیشەسازی و وزە دەکەین، تەنها لە یەك خاڵ لەگەڵ ئەوان نیم، زیاد کردنی بەنزینخانەکان، من یەك ئیحسائییە بە جەنابت دەڵێم، ١٨٩ بەنزینخانە لە سلێمانی هەیە، ئەگەر ئەم ٣١٩ هەزار سەیارەش کە بەنزین بەکاردەهێنن لەناو سلێمانیدا هەیە، ئەگەر ئەم بەنزینخانانە هەر ٣ رۆژ جارێك بەنزین تەوزیع بکەن، ئەگەر ١٨ سەعات جارێك ئیش بکەن، هەر بەنزینخانەیەك ٣١ سەیارەی بەردەکەوێ، ئەگەر هەر پەمپێك لە سەعاتێکدا ٥ بەنزینخانە ئەوەندە زیاد دەکات بووەتە کاسبی لە سوپەرمارکێت زیاترە، لێرەوە داوا لە جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم، ئیتر بەس بێ بەنزینخانە، کوردستان بووەتە مەحەتەی بەنزینخانە، داوای لێ دەکەم واز لە ئیجازەدانی بەنزینخانە بێنێ، پێم خۆشە ئەوەی پێ بڵێم هەموو بەنزینخانەیەك، باسی سیعری کرد جەنابیان من پێم خۆشە ئەو سیعرانە بە جەنابیان بڵێم، لە دوبەی ١ لیتر بەنزین بە ١ درهەمە، کە دەکاتە ٢٥٠ دینار، لە ئوردن ١ لیتر بەنزین بە ٨٠٠ فلسە کە دەکاتە ١٠١٥ دینار، لە سعودیە ٢٠ لیتر بە ١٠ دۆلارە کە دەکات ١ لیتری بە ١٨٠ دیناری عیراقی، لە ئیران بە ٤٠٠ تومەنە کە دەکاتە ١١٠ دینار، یەعنی لە هەموو شوێنێك لە چواردەوری ئێمە جگە لە تورکیا بەنزین هەرزانترە لە کوردستان، لەبەرئەوە داوای لێ دەکەم هەوڵ بدات سیعری بەنزین کەم بکاتەوە، هەوڵ بدات سیعری بەنزین زیاد نەکات لەسەر هاووڵاتیانی خۆمان، ئەوەی زۆر گرینگە پێمان بڵێ جەنابی ئەو ١٠٠ پاڵاوگە نایاساییەی کە هەیە و ئیش دەکەن، ئێستا بەرهەمی بەنزینیان هەیە یان نییە؟، ئەگەر سوودیان نییە بۆچی هەبن لەو کوردستاندا، ئەمە زۆر گرینگە ئێمە تا ئێستا نەمان زانی لەم رەقەمانە بەرهەمی ئەوانەمان دەست نەکەوت، ئەو ١٠٠ پاڵاوگەیە چەند بەرهەم دەخەنە

ناو بازاڕی کوردستانەوە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێم وایە جەنابی وەزیر باسی کرد دەتوانن خۆیان بەنزین بێنن، مەسەلەن بۆ نموونە لە سلێمانی ٨٠٠ کارمەندیان هەیە، دەتوانن کۆمپانیایەك دروست بکەن ئیشی ئەو کۆمپانیایە بەس ئەوە بێ بەنزین ئیستیراد بکات، ئەوان لە دهۆك بیکەن، لە سلێمانی بێکەن، لە هەڵەبجە بیکەن، یەعنی کارێك بکەن لە هەولێر بیکەن، کۆمپانیا هەبێ، کۆمپانیای حکومی لە دەستی کۆمپانیایەکانی ئەهلی دەربێنن کە خوێنی ئەو میللەتەیان بە تەواوی مژیوە، ئەوانە زۆربەی پارەی ئەو میللەتە بۆ گیرفانی ئەو کۆمپانیایانە دەڕوات، دەتوانین لە ڕێگای کۆمپانیا حکومیەکان ئەو ئیستیرادە بکەن، ٢٣ ساڵە کارمەند هەیە لە بەنزینخانەکانی کوردستاندا هەر ئەوانەن، دەکرێ جەنابی وەزیر پێداچوونەوەی بکرێ لەوانەی کەوا بەرپرسن لەو بەنزینخانانە، ئەوانە پێشنیارێك بکەن کە بیانگۆڕن، یەعنی ئەو ستافانە بگۆڕن، خەڵکی شارەزا، خەڵکی ئەکادیمی، خەڵکی پسپۆڕ هاتووە، ئەوانە بگۆڕن، بیکەن بە ستافی کار، چونکە زۆربەیان خەڵك لە دەست نادادپەروەری ئەوانە ئەناڵێنێ، پێمان خۆشە بەدواداچوونێ بکەی بۆئەوە، خەڵك نارازییە لەو بەرپرسانەی کە ئێستا لە بەنزینخانەکان هەیە لە کوردستان، بە جەنابی وەزیر دەڵێم پارێزگای هەڵەبجە تا ئێستا کۆبۆنی هەیە، نە خەزن کردنی بەنزین لەناو هەڵەبجە هەیە، هیوادارم لە پلانی ئایندەیدا جەنابی وەزیر حیسابێك بۆ پارێزگای هەڵەبجەش بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فائق نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك راست کردنەوەی ئەو خالەت راپورتەکەی ئێمە مەبەستمان بەنزیخانەی تازە نییە مەبەستمان ئەوە بەنزینە خانانەی کە بەنزینی دابەش دەکەن زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زور سوپاس بو بەڕێز کاك عمر عنايت. فەرموو کاك محمد سعدالدین.

**بەڕێز محمد سعدالدین :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بو چارەسەر کردنی کێشەی بەنزین وەزارەتی سەرچاوە سروشتی یەکان دوو ڕێگەی چارە بۆ دانا بوو، یەکەم بو پر کردنی ئەم بۆشاییە بو دابین کردنی ڕێژەی پێویست لە بەنزین هەنا کردنی بەنزینە ڕێگە چارەی دووەم بو ڕێك خستنی کاروباری یان ڕێك خستنی دابەش کردنی بەنزین سیستەمی کۆبۆن دیسان گەرایانەوە لە هەر دوو ڕێگە چارەکان کێشەکە ئەوەیە کە لێرەش بەحس دەکرێت ڕێنماییەکانە، ڕێنماییەکانی وەزارەتی سەرچاوە سروشتی یەکانە لە مەسەلەی هەنارده کردنی بەنزین هەر وەك لە راپورتی لیژنەی پیشەسازی ووزە هاتووە ڕێنماییەکان زور قورسن لە بەر ئەوەی کەس ناتوانێ ئەو مەرجانە بهێنێتە دی لە مەسەلەی کۆبۆنیش دەبینین حەسر کراوە لە جیاتی ئەوەی بەنزین بو

موستهەلیك دابین بكرێتن وای لێ هاتووە رێژەی موستەهلیك لە بەرامبەر بەنزین كەم دەكرێتەوە چونكە بەستنەوەی بە پسوولەی خوراك، لویە باشترین چارەسەری ئەوەیە وەزارەتی سامانە سروشتی یەكان پێداچونەوە لە رێنماییەكان خوی بكات، هەم لە مەسەلەی هەناردنی نەوت، هەم لە مەسەلەی سیستەمی كۆبۆن ئەو تێبینی یانەی دیكە كە ئامادەمان كردبوو لە لایەن بەرێزان د.فرست و كاك سۆران باس كراون، پێویست ناكات دووبارەیان بكەینەوە و هەروەها پشتگیری لە قسەكانی كاك باپیر و كاك ماجد دەكەین زور سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس زولفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبد الله :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

قسەكانی من هەموویان كران، سوپاس بو هاوركارانم و پشتگیری لە قسەكانی كاك علی حەمە صالح و منیرە عثمان شێركۆ حەمە امین و كاك عمر عینایەت دەكەم. سوپاس بو ئێوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز مەردان خدر. لێرە نییە. كاك محمد علی.

**بەرێز د. محمد علی یاسین :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

وەزیرێن سامانێن سروشتی و وەفدێن دگەل دا بخێر بهێن و ئەگەر هوسا بچیت ئەز باوەر دكەم دێ مێهڤانێن بەردەوام بن. دبێژن كو وەلاتێن سامانێن ژێر عەردی هەین ژ دەست نەبونا سامانێن سەر عەردی دنالن و ئەوە ڤان كێسێن ل بەر چاڤێت مە دا كو راستیەكە پرسەكێ دكەم، بوچی ژ دایك بونا ڤەیرانەكێ ڤەیرانەكا نوی ب كار دینن بو چارەرسەر كرنا ڤەیرانەكێ. هەڤالان ڤەیران چارەسەر كرنا وان پروسیس دهێتە كرن نەك ب ئیمێدیێت شوك ئەوا نهو هاتیە كرن ئێكسەر نرخا بانزینێ ژ ٥٠٠ دیناران دبیتە ١١٥٠ ئانكو ١٥٠ ژ سەدێ نرخا وێ بلند دبیتن ئەڤە پێدڤی نەبوو هوسا بهێتە كرن و ژ ئاخفتنێت هندەك هاوولاتیان كو گەهشتنێ بەر دەستێ من ئێك ژ وانا ئەو بو كو گەلەكا بالكێش بو وەزارەت گەلەكا ئوپچنس بو گەلەكا ئەو هەلە بو خو كار ئینا، گەلەك ئیستغلالا ڤێ هەلێ كر كو ددەمەكێ كو خەلك دڤەیرانەكا دارایی دا بو خەلك ڤەیرانەكا ئەمنی دا بو دلەراوكێ دابونە وەزارەتێن سامانێ سروشتی ژێ جهێ هندێ كو ببیتە پشتەڤان بو خەلكی بو پشكەك ژ ڤەیرانێ و ڤەیرانا سوتەمەنی پێش كێشی وان كر. ژ گوتنێن جەنابێ وەزیری دیارن كو ژ گوتن و كریارێن وانا دیارن كو وان نەڤێتن وانا دڤێتن كو نرخا بانزینێ زێدە بكەن و ئەڤە بو مە یا دیار و ئاشكرایە گروڤە ژێ بو وێ ئەڤەیە جەنابێ وەزیری ئەڤرو بەحسێ داتایان دكەت باسی پولیوشن ئانكو پیس كرنێ دكەت باسی دستارشنێ دكەت باسی ڤان بابەتان هەمیان دكەتن كو دكەتە بیانوویەك دكەتە هێجەتەك بو هندێ كو بەنزین گران ببیتن، باشە كو جەنابێ تە دەما كو پارسال

راگەهاندنا بەنزینا ٥٠٠ دیناری کری، کو جەنابێ تە بخو ئەڤە کری، باشە پارسال ژی داتا لبەر دەستێ هەوە نەبوون پارسال ژی پولیوشن ل بەر چاڤێت هەوە نەبوون باشە ئەگەر پولیوشن نهو ل بەر چاڤێت هەوە هەیە ل ئێکستراکشنێ دا مەسەلا ئێکستراکشنێ دایە دەرئێخستنا نەفتا خام دا مەزنترین پولیوشن دهێت کرن، بوچی هوین بەرچاڤ ناوەرگرن پولیوشن پیس بوونا ژینگەهێ ببورن ئەز وان پەیڤا ب کار دئینم ژبەر کو جەنابێ وی تێدگەهیت ئەز چ دبێژمێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. کاك سعید مەسیفی.

**بەڕێز سعید محمد سعید مەسیفی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە خێر هاتنی وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەفدە داوەرەکەی دەکەین، سەرەتا من تێبینیم لە سەر راپورتەکەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بوو کە لە راپورتەکەیدا باس لە ژینگە ئەکات کە هەرزانی نرخی بەنزین هوکارە بو پیس بوونی ژینگە، ئەوە وا ئەگەیەنێ کە ئێمە تووشی قەیران نەبووین لەبەر پاکی ژینگە هاتبێ، یەعنی ئەوەی لە راپورتەکەی دا بە راستی ئەوە نەبوو و بەڕێز وەزیری سامانە سروشتی یەکان ئەڵێ پێویستە میللەت رابهێنرێ، ئێمە ئەزانین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر باجی داوە تا کو بەم ئاستە گەیشتووە، بەلام ناکرێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان باجی کەم و کوڕی کار بەدەستانی حکومەت بدات، بویە پێویستە لە سەر وەزارەتی پەیوەندی دار هەوڵی جدی بدات بو چوونیەتی چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە و هەر لە راپورتەکەیدا هاتووە ئەوەی سەیارەی نییە هاووڵاتانی کەم دەرامەت کە زۆرن لەم ولاتە باشە ئەگەر بەنزین گران بێت هەمان باجە کەم دەرامەتەکان ئەیدەن کە سەیارە لە کاتی هاتوچو کردن کرێکان گران ئەکات و بە هەمان شێوە ئەڵێ بەنزین لە هەرێمی کوردستان زور هەرزانە بە بەراورد لە گەڵ حکومەتی ناوەند رێژەی دانیشتوانیش لە حکومەتی ناوەند زیاترە کە کاك سوران باس کرد، بەڵام ئەو ئەڵێ خومان بەراورد لە گەڵ عێراق ناکەین، بەلام بەراورد بەم شوینانە بکە کە کاك عمر عنایەت گوتی بویە بە راستی پێویستە ئێمە خومان بەراورد لە سەر ئەوە بکەین پرسیارەکانیشمان ئەوەیە وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە لە کام شوێن بیرە نەوتەکانیان لە نێزیکترین شوێنی چاڵە نەوتەکەی پالاوگەکە دروست بکرێت وەك ئەوەی شوان قەڵادزەیی گوتی لە سەر پاڵاوگەی ئەم لا ئەو لا نەبێت لەو شوینانەی کە زەروورن تێدا دروست بکرێت یەعنی هەبووە ئەگەر چی لە هەرێمی کوردستان پاڵاوگە زیاد نەکرا هوکارەکانی وت بەلام بۆچی پشتیوانی لە پاڵاوگەکەی دوکان نەکرد؟ هوکارەکەی چی بووە، چەند پاڵاوگەیەکی نافەرمی هەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە گەڵیان رێکەوتوون چۆن بە هەمان نرخی پاڵاوتە فەرمیەکان دێتە بازار، یان ئەوانیش وەك بەنزینی تیجاری ئەهێنرێتە بازار؟ کە ئەو بەنزینانەی لە پاڵاوگە فەرمییەکان ئەیان درێتێ یان ئەو گازە ئەیان

دریێی، نرخی گاز تا کو ئێستا گرانە تەنها بە کۆبۆن بڕی دووسەد لیتر ئەدرێ بۆ یەك هەفتە یەعنی ئەو سەیارانە کە بار هەلگرن کە نرخی بار و ئەوانە زور گرانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باس کراوە.

**بەڕێز سعید محمد سعید مەسیفی :**

لە راپورتی وەزیری سامانە سروشتییەکان هیچ دلنیایەکی نەدا کە هاوولاتیانی کوردستان بۆ ماوەیەکی کورت چارەسەری کێشەکانیان بکرێ یان نا بۆیە پرسیار ئەوەیە گرفت چییە ناتوانرێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ و پلانت چییە بو چارەسەر کردنی؟ لە کوتایی دا پێویستە لە وەلامی پرسیاری پەرلەمانتاران کە دەنگی نارەزایی هاولاتیانە دلنیا بین بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە کە لێرە ئەچینە دەرەوە. ئەلێ مەسەلەن هەمویان باس ئەکات دەلێ بازرگانی بە بەنزین ئەکرێ و رێی لێ ناگیرێ باسی بازرگانی ئەکرێ و تا کو ئێستا کەس گیرایە لە سەر بازرگانی و دادگایی کرا بێت. سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. خاتوو نجاة محمد.

**بەڕێز نجات محمد عبد الله:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەر هندێ پتریا ئاخفتنێت من هاتنە گوتن ب کورتی دێ ئاماژەی سێ پێشنیارا دەم. یا ئێکێ پێشنیار دکەم کو سەنەویا سەیارێ و ئیجازا شوفێری تنێ بێتە پیڤەر بۆ دانا کۆبۆنێ بو هەر شوفێرەکی دا کو ئاستەنگ دروست نەبن بەرامبەر شوفێرا. یا دوویێ ژی پێداچوونەك ب سیعرا بانزینێ بهێتە کرن، کو ب مەرجەکێ یا گونجای بیت دگەل رەوشا ئابووری یا ئەڤرۆ یا هەرێما کوردستانێ، چونکی ئەگەر ئەم بەس نموونە تەکسیا وەرگرین ئەو رێژا بۆ هاتیە تحدید کرن جارەکێ هاتوچونێ بکەتن ئەو رێژا بو هاتیە تحدید کرن دێ خلاس بیت، دێ نەچار بیت یا تجاری ب کار بینیت، ڤی حالەتی دا چونکی ژیانا وی یا روژانە یێ ل سەر دێ بهایێ هاتن و چونا هاوولاتیان ژی دێ گران بیتن کو دێ بارگرانیێ ئێخیتە سەر هاوولاتیان ژی چونکی ئەڤە پتر خەلکێ هەژارە هاتن و چونێ ب تەکسیا دکەت. یا سیێ کو جەنابێ وەزیری ئاماژە ب هندێ دای کو یێ د هەولێت هندێ  کو سیستەمێ کارتێن ئەلەکترۆنی دروست ئەز پێشنیار دکەم ئەگەر ئەو سیستەمە پەیرەو کری بەردەوام بیتن د ظروفێ ئاسایی دا بلا رێژا بانزینێ زێدەتر بیت و ظروفێن نە ئاسایی دا ئەگەر وەختێ کێم ژی بیتن یێ کاتی ژی بیت بلا کێمتر لێ بێتن دویماهیکێ ژی پشتەڤانیا ئاخفتنێت کاك فرحان و کاك گوران ئازاد دکەم بو هندێ سیعرا بانزینێ یا حکومی و یا تیجاری نێزیکی ئێك بیتن، دا هەم سیرا کێمتر لێ هێت و هەم ژی دێ پتر بیتە هاریکار بو هەمی هاوولاتیان هەروەسا پشتەڤانیا ئاخفتنێت کاك بەیار دوسکی و ڤیان خانێ ژی دکەم سەبارەت رێژا کێم یا پانزینێ ئەوا دگەهیتە پارێزگەها دهوکێ، ئەوا جەنابێ وەزیرێ رونکرنەکێ سەر بدەت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. كاك برزۆ مجيد عبد الله.

**بەڕێز برزۆ مجيد عبد الله :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من هەوڵ ئەدەم زۆر بە كورتی قسە بكەم لە بەر ئەوەی ئەو قەیرانەی كاریگەری جۆرا جۆریش هەبووە من ناڵێم لێرە بڕیار ئەدەم بەلام مەنتیق تیا نابێ دوای تەواو بوونی ئەم كۆبونەوەیە بو كاری پەرلەمانی و بو كاری حكومەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

هەر بو رون كردنەوە كاك برزۆ لیژنەی وەزیری سامانە سروشتییەكان لە گەڵ وەفدی وەزارەت دانیشتنێكی كردووە و هەندێك راسپاردەی حازر كردووە لە كۆتایی دانیشتنەكەدا باس ئەكرێ.

**بەڕێز برزۆ مجيد عبد الله :**

زۆر چاكە، چونكە دوای تەواو بوونی كۆبوونەوەكە دەبێ گوڕانكارییەك بكرێ ئەگەر نا هوكارێكی ناخوشە. من ویستم بڵێم پێش دروست بوونی ئەم قەیرانە تەنها بەنزینە موستەوردەكە مەدعوم بووە لە حكومەتەوە انتاجە خۆماڵیەكە مەدعوم نەبووە، چونكە من لە بەرێز وا تێنەگەشیتم چونكە ئەگەر موستەوردەكە مەدعوم بووە دەكرا ئەویش ئیستمراریەتی هەبووە لە گەڵ خۆماڵیەكە تێكەل كرایا توزێ لەوانە باشتر بووە. دوو لەوانە جەنابی وەزیر دو سێ جار ئەوەی تكرار كردووە كە نەدەبووایە لە كاتی خوی دا بیكات بە ٥٠٠ دینار هەر وەكو ئەوە وایە ئەم هەرزان كردنە لێ پەشیمان بایە ئێ، خو لە وولاتان سیعری بەنزین ئەگەر بیپێوێ بە دەخلی فەرد، داهاتی تاكە كەس لە گەڵ نەقلی عام و مواصەلات زور فەرق دەكاتەوە، بویە لێرە دەخلی فەرد لە نەبونی نەقلی عام ناتوانێ لەوە زیاتر سیعركە بە دەست كەوە بویە هیوادارم لە دوای تەواو بوونی ئەم قەیرانە هەنجەت و بیانوو لە یەك نەدوزینەوە، بویە ئەم ٥٠٠ دینارە بەرز بكرێتەوە، چونكە دەخلی فەرد تەحەمول ناكات. پۆلیسی نەوت و ئەوانە هەیە دەكرا لە ماوەی رابردوو، لە داهاتووش دا پەنایان بو ببرێ، بویە زەحتی بەنزیخانە كەم بكەن زۆر كەس بە ناڕەوا و بە ئسلوبی ناشرین بەنزینیان تێ دەكەن لە بەنزیخانە كە هیوادارم ئیستیقدامی پولیسی نەوت بكرێ بو ئەو زەوڕت و رەبتەی بكرێ. بۆ مەسەلەی ئەو بەنزینەی ئیستیراد كردنیش كە لە دەرەوە دێ خوشترو و باشترە پرۆسەی تەندەرینەكە و ناوی ئەو تاجرانەی كە دەهێنن وەزیری سامانە سروشتییەكان ئیعلانی بكا بۆیە پرۆسەكە شەفاف بێ و پرسیار هەڵنەگرێ. بۆ كۆی گشتی پرۆسەكە بۆ پرسیار لە هیچ لایەك نەكرێ، دەبوایە تا ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەكان داتا پێسێك دانێ هەم لە مصدر لە ئیخراجی نەوت لە تەصفیەی نەوت، لە خەزانەكانی نەوت دوایی بۆ موشقاتەكانیش بە تایبەت لە بەنزینخانەكان یێ ئەو داتە بەیسە هەم پەرلەمان هەم حكومەت هەم هاووڵاتیان بیانزانیبا كۆی گشتی پروسەكەی چونە؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز منی خان.

**بەرێز منی نبی نادر:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بە خێر هاتنی وەزیرە سامانە سروشتییەکان د.ئاشتی هەورامی و بەرێز کاك مولود وەفدە و یاوەرەکەیان دەکەم، لە راستی دا ئێمە چەندەها تێبینی و سەرەنجمان هەبوو، بەڵام لە برادەرانی بەرێزم پشتگیری بەرێز کاك ئومێد خوشناو دەکەم، هەورەوەها کاك گۆران ئازاد و کاك عادل و کاك خلف و کاك محمد و کاك ماجد، بەلان دو پرسیار ئاراستەی بەرێزتان دەکەم بە رێگەی جەنابتان بۆ بەرێز ئاشتی هەورامی. ئایا بۆ چارەسەر کردنی ئەم قەیرانەی بەنزین ئێمە دەتوانین تا رادەیەك ئەو سەیارانەی کەوا لە دەرەوەی وڵات دێت بو هەرێمی کوردستان رێگە نەدەین، تا ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێت، چونکە چەندەها روژە ئەو قەیرانە بەردەوامە، بەلام دێتە ناو هەرێمی کوردستان. دواتریش ئێمە جەخت لە سەر کۆبۆن دەکەین ئەو کۆبۆنەی بە شێوەی کارتی زانیاری بێتن نەك اعتماد لەسەر فورمی خوراك بکەین چونکە لەوانەیە چەندەها کەس بێ بەش بێت لەو بەنزینە. سێیەمیش ئاخر شتم من جەخت لەوە دەکەمەوە کە ماددەی ١٤٠ ئەوانەی لە دەرەوەی ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستانن ئەوانەش بێ بەش نەکرێن لەو بەنزینەدا. زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. خاتوو د. جوان اسماعیل عزیز.

**بەرێز د. جوان اسماعیل عزیز :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

دەمەوێ بزانم هەتا ئێستا چەند پیاو قسەی کرد؟ چەند ئافرەت قسەی کرد؟

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

والله بە دەقیقی نازانم بەڵام بە سەرە نوسرا بوو.

**بەرێز د. جوان اسماعیل عزیز :**

بەرێز سەروکی پەرلەمان ئەگەر وەها بێ بە راستی، راستە ژمارەمان لە پەرلەمانی کەمترە بەڵام ئەگەر وا بمێنێ پیاوەکان زیاتر پێش دەکەون لە قسە کردن و ئەمەش قسەکانمان هەمووش دەبێتە دوبارە واتە من یەك بە خوم ئەو خولەی تەواو دەکەم روژێك بە حەسەرەت یەك قسەی نو بکەم دەبێ هەموو دووبارە بێت کە ئافرەت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

حەز دەکەی هەر لە ئێستاوە ناوی جەنابت ئەنووسین بو دانیشتنی داهاتوو بو ئەوی یەکەم کەس قسە بکەی.

**بەرێز د. جوان اسماعیل عزیز :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

دەست خوشی لە وەزیرە سامانە سروشتیەکان دەکەم بەخێرهاتنی گەرمی لێ دەکەم لە وەفدەکەشی و دەست خوشی لە لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان دەکەم لە سەر ئەم راپورتە بە نرخە کە تەقدیمیان کرد و لە گەڵ راپورتی جەنابی وەزیر دەست خوشیان لێ دەکەم بەرێز جەنابی وەزیر وتی حکومەت. بەرێز جەنابی وەزیر وتی حکومەت بە نرخێکی هەرزان لە بەعزێکی بەنزینەکەی دەکرێت دوایی دەداتە هاووڵاتی بە نرخەکی گران دەکرێ بە نرخێکی هەرزانی دەداتە هاووڵاتی. ئەمن گومانم لە سەر ئەو قسە هەیە کە دەزانم ئایا ئەو حکومەتە ئەوەندە فەقیرە بە گرانی بکرێ و بە هەرزانی بداتە هاووڵاتی، گومانم لە قسەیە هەیە. ئایا حکومەت ناتوانێ دەست نیشانی ئەو تاجرانە بکا کە لە هەموو قەیرانێکی لە هەرێمی کوردستان لەتی ئەمن لە دایك بوومە هەمو قەیرانێکی لە هەرێمی کوردستان روو دەدات مجموعەیەك بازرگانی هەیە ئیستیفادەی دەکا و قازانجی دەکا لە سەر حسابی هاووڵاتی ئایا ناتوانین ئەمە سزای وانە بدەین دەست نیشانی بدەین بە ئیعلامی لۆ ئیعلام بە شتێکی زور سریع دەتوانێ بە پەلە بگاتێ، لۆ ناگاتە ئەو کەسانەی کە بیلفیعل بزانە مسئولە، بزانە کێیە کە لە سەر حسابی هاووڵاتی قازانجی دەکەن ئەمن لێرەدا پێیان دەڵێم قەت لەو قازانجەی ئیستیفادەی ناکەن چونکە وایان کرد لەو رەمەزانە موبارەکەی، پیروزەی خەڵك لە بەر ئەو سرەی بەنزینەی لە بەر ئەو گەرمایە روژی بشکێنێ و ئەوەی تەحەمول بکەن با جوابی خویان بدەن لە داهاتوو. خاڵەکی دیکە زۆر گرنگە، بەڵام بە نیسبەت ئەمە وایان لێ کرد سیستەمەکی سەقەتی کە حکومەتی کە ٢٢ ساڵە کە ٢٣ ساڵە لە ٩٢ یەوە ئەو حکومەتەکەی وەرگیراوە، پەرلەمان و حکومەتمان هەیە دەبوایە ئێستا ئەمە لە ئیدارەی لە کارگێری دەڵێن (پری اینجیرلیك) ئیعادە هندسە دەبێ لە ٩٢ یەوە ئێمە، لە سفرەوە دەستمان پێکردبوو بە شتی نوێ گەندەڵی نەماوبا لە ناومان وەسائلی نەقل، یەعنی ئەمە یەك لە کێشەکان ئەی باس دەکرێ برادەران وامان دەکرێت جوتیاران عەردی خوی بفروشی دەراسە ی خوی بفروشی تراکتوری خوی بفروشی چونکە پشگیری حکومەتی نەبو بێتە ناو پایتەخت بێتە ناو شار ئەوە زور لە ترافیك لایت لە ازدحام.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەمە پەیوەندی بە بابەتی ئەمڕۆمان نییە.

**بەرێز د. جوان اسماعیل عزیز :**

نا ئێستا پەیوەندی بەوە هەیە دکتور گیان. بەرێز ئێستا پەیوەندی هەیە وای لێکرد کە جوتیارەکە هاتە ناو شار، ترافیك ازدحامێکی مروری پەیدا بێت کە هاووڵاتی بو نموونە یەکێکی وەکی من بە پارەی کەم قەت ناتوانم کورم بگەینمە زانکوی یان کچم بگەینمە دەوامی لە یەك بە یەك سەیارەی وای لێ بکەم پارەی قەت کەم بچم سەیارەی لە کور و کچی بکرم چونکە کێشە هەیە، راستە هاووڵاتیش بەرپرسیارە، بەڵام پرسیاری گەورە ئەمەیە کە سەقەتەکە حکومەتەکە بێ پلان و ئیستراتیجی دەجولێتەوە، پلان ئیستراتیجی

بەڕێزان ئەوەی ئیدارە و ئیقتصادی تەواو کردبی دەزانێ پلان دانان یەعنی مەجموعەیەك (ئولتەردیفی) دادەنێ یەعنی بەدائیلی دادەنێ ئیحتیاتی تەواری دادەنێ کە ئەو بەدیلە نەبوو ئەو بەدیلە بوو بەلام بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان کە قەیران دروست دەبێ هەینێ دەڵێن کە قەیرانەکەی کو چارەسەر کەین، ئەوەها نارەزای هاووڵاتی پەیدا دەبێت ئەوا کێشە پەیدا دەبێ لو هەمووومان لێرەدا پرسیارەکی دیکەشمان هەیە تا کەی راستە ئەمە برادەران ئەمن و ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە الحمد لله و زوریش حەسوودیمان پێ دەبەن بەڵام کانێ ئیستقراری، نەفسی، دەرونی لە کن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تا کەی فکر و دەماغ و عەقلی هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لەو کێشە و قەیرانانە، ٢٢ساڵە ئێمە دەڵێن ئاو، کارەبا، مووچە ئەوە کەینە ئەمە مەعنا هەر لە فەترەی لە قوناغی ئیسلاحی دەمێنێ قەت بەرەو پێشەوە نارۆین، ئەگەر ئەو سیستەمە بمێنێ. ئاخر قسەم دەڵێم لۆ سەروکی هەرێم، لۆ سەروکی حکومەت، لۆ وەزیرەکان نەك بەس مەسئولیەکەی وەك کاك عمر گوتەنی مەسئولیەتی بەس بو وەزیرە سامانە سروشتییەکانە؟ بەلکو هەموو حکومەت، هەموو وەزیر هەتا ئەندام پەرلەمان تا کەینێ و کەینێ ئەم مەسەلەی هاووڵاتی قوڕ بەسەرەی هەرێمی کوردستان سەری داینێ سەر بە بالیفی روژێك دانێت بو ئیستراحەت بلێت ئاه ئەوە سبەینێ هەڵدەستم نە قەیرانی سووتەمەنیم هەیە، نە قەیرانی ئاوم هەیە نە قەیرانی کارەبام هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

دەست خوش دکتورە جوان. مامۆستا انس. لێگەڕێ دکتور ابراهیم با دانیشتنەکەمان تەواو بکەین. ماموستا انس فەرمووو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخازێ دکەم ژ دکتورە جوانێ ئەو پەیڤا دویماهیێ چونکی کەس خۆلی سەرتر نینە ژ ئەندام پەرلەمانی بلا بەس ئەم ژی ئەندام پەرلەمانی بشکێنین یەعنی ئەم ژی یێت وێ ئەزمێ دا ئەزما خەلکێ مە تێدا هەی. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

والله راست دەکەیت کەسمان تێنەگەیشتین. مامۆستا انس فەرمووو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من داوای لێبوردن دەکەم من دەڵێم قسەی ئەخیری دکتور جوان کە گوتی ئەندام پەرلەمانیش من قبول ناکەم چونکە ئەندام پەرلەمان وەکو خەلکی تریش لەم دەورەیە بێچارترین کەسن. تەمام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

تەواوە. مامۆستا ئەنەس فەرمووو.

**بەرێز انس محمد شريف :**

**زۆر سوپاس سەروكی پەرلەمانی.**

حەقیقەت هەموو تشتێ من دڤیا هاتیە گوتن. تەنها یەك پرسیار من هەیە دابەش كرنا سووتەمەنیا ل سەر پارێزگەها سەر چ پیڤەرە؟ چ پیڤەرێت مەعلوم هەنە نیسبەت نفوسێ یە یان تشتەكێ تره رێژا دهوكێ ئەگەر ٦٥٠ هزار لیتر بن هندەك روژا بتنێ ١٠٠ هزار لیتر بێت دگەهن هندەك روژا ٣٥٠ هزار، ئەرێ ئەو فەرقیا دیتر كیفە دچیت؟ ئەگەر ئەڤە هاتبا رون كرن و زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز كاك سالار محمود.

**بەرێز سالار محمود مراد :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

لەم كوتاییانە ئێمە تێگەیشتین وەزارەت بەشێكە لە قەیرانەكان نەك بەشێك بێت لە چارەسەر و نیگەرانێكی گەورەشە لە زوربەی فراكسیونەكان ئەم تێروانینە خرایە روو كە وەزارەت كە خەزینەی حكومەتیشە بو سەیتەرەكانی تر لە روی ئابورییەوە ئەگەر قەیرانی تر بێتە كایەوە، كەواتە لە هەرێمی كوردستانەوە بو زۆر پرس دەستە پارچە ئەبین، من بۆیە هەر پەیوەندی بە سووتەمەنییەوە هەیە دەپرسم بو چوار مانگی ئایندە نەوت چی ئەكرێ؟ كە زستانێكی سەخت بەرێوەیە، ئایا لە ئێستاوە احتیاطی كراوە یان نا؟ ئەوەی رووی ئەدا روی داوە بە دلنیاییەوە قەیرانە بەڵان بە داخەوە لەو روژەوە كە قەیرانەكەی سەری هەلداوە وەزارەتە سامانە سروشتیەكان نەهاتووە تەماسێكی راستەخوی لە گەڵ رای عامی كوردستان و خەڵك هەبێ و هەڵویست و مەوقفی روژانە بدا لە بارەی ئەو چالاكیانەی لە بۆحەسر كردن و كەم كردنەوەی قەیرانەكە، بۆیە نەك تەنها خودی وەزیر، جێگیری وەزیر و ستافی وەزارەتیش دەبوایە وەكو تیمێك رۆژانە دەركەوتبونایە بو ئەو وەڵام دانانەی ئەو پرسیارانەی كە هەبوون و ئێستاشە دڵنیام تا ماوەیەكی تر بەردەوام بێت هیوادارم وەزیر و ستافی وەزارەت روژانە لە هەموو ئاستەكان وەڵامیان بۆ ئەو بارۆدوخە هەبێت. بەڵێ ئەم دۆخە دەراوێشتەی ئەو دۆخەیە كە لە عێراقەوە بە گشتی و هێرش تیرورستانی داعش هێنایە كایەوە، بەڵام حیكمەتی هەر حكومەتێك ئەوەیە پێش دروست بوونی قەیران، پێش بینی بكا و ئەو دۆخە لە كوردستان پێش بینی كرا بووە؟ بۆیە من لێرەوە پەرلەمانی كوردستان لەوە ئاگادار دەكەمەوە كە مەترسی ئاسایش و قەیرانی تریش كە ئەو دۆخەی هەرێمی كوردستان و عێراق هەیە پەرلەمان دەبێ فشار بكا، پەرلەمان نابێ قسە بكات لە پێناو قسە دا بۆیە ئەبێ حكومەت بێنیێتە ژێر باری بەرپرسی حەقیقی. داوا كارێن بۆ ئەم بابەتە وەزارەت صەلاحیەت شۆڕ بكاتەوە و سیستەمی لا مركزی پەیرەو بكا دڵنایین محافظە كان ناتوانن عەقدی نەوتی لە گەڵ كۆمپانیا گەورەكانی دونیا بكەن، بەلام بۆ دروست كردنی پاڵاوگە و ئەو پارێزگانەی هاوسنوورن لە گەل وڵاتانی تر بو نموونە پارێزگای سلێمانی و بەشێك لە هەولێر هاوسنووره لە گەڵ ئێران بتوانێ رێ و شوێنی خوی

بگرێته بەر، چونکی پارێزگاکان تەماسیان لە گەڵی پارێزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئیران هەیە، ئێمە رۆژانە ئەو پەیوەندیانە هەست پێ ئەکەن. جەخت دەکەینەوە لە دەرکردنی یاسای صندوقی داهاتە نەوتییەکان کۆمپانیایی کوردستان بو وەبەر هێنانی سامانە سروشتییەکان و دەزانین قەیرانی سووتەمەنی بە دوای خۆیەوە قەیرانی کارەبای هێنایەوە، کارەبا، ئاوی هێناوە، قەیرانی ئاو مەسەلە خواردن و کشتوکاڵ و ئەوانە ئەهێنێ و سەر دەکێشێ بۆ ئەزمەیەکی گەورەترە ئەم دۆخە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و جەنابی وەزیر زۆر زۆر بە جدی وەری بگرن لە راستی دا ئێمە دەزانین لە مەسەلەی عقود و لە گەل بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە نەخشەی سووتەمەنی و سامانی سروشتی و دنیایەکی بە ئیمکانیەتە گومانمان لەوە نییە، بەڵام لە ورد کردنەوەە ئەو دۆخەی کە ئەم قەیرانانەی دروست کردووە قسەی تری هەیە لە راستی دا. بۆیە پرسیارێکی تر ئەوەیە ئێستا لە سیستەمی نوێ جیهانە بۆ مامڵە کردن لە گەڵ کەرتی سووتەمەنی و سامانە سروشتییەکان کومپانیا گەورەکانی کەرتی تایبەت لە پێشەوەی ئەو پرۆسەیە دانین، یەعنی ئێستا کە چەندین کومپانیای وەکو شیفرۆن و ئێکزل موبێل و گازپرۆم و کومپانیای تر لە کوردستانن ئەوانە کومپانیای جیهانین، دێنە کوردستان حکومی نین بەڵام حکومەتەکان و دەوڵەتەکانیان ناراستەخۆ لە پشتیانەوەن، کاتێ ئەوە هاتووە وەزارەتە سامانە سروشتییەکان و خودی بەرێز ئاشتی هەورامی کە خودی ئیماکانیەتی لەو بارە هەیە دەرگا بکاتەوە بۆ کومپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەو پروسەیە لە ئاستی هەرێم و لە ئاستی جیهانی بەرێوە بیەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوان بێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز ڤەمان فیصل.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دەست پێکی ئەز پشتگیریا بەشەك ژ ئاخفتێت زۆر بەرێز عمر عینایەتی دکەم ل دەمێ گوتی کو ئەڤ مسئولیەتا هەر بتنێ حکومەت یان وەزارەتا سامانێن سروشتی تەحەمولا ڤێ چەندێ ناکەت و هەروەسا پشتگیریا ئاخفتنێت مەلا ئەنەسی دکەم کو نسبەتی حصەیا دهوکێ پیڤەرێ وان چیە؟ ئەو رێژەیا بو دهوکێ دهنێرن دیارە زۆر بەرێز وەزیرێ سامانێ سروشتی ئەو کێماسیێن هەین دناڤ یەعنی ئەو مەسولیەتا حکومەتێ هەی هەروەسا راپورتا یا وزێ ژی ئەو خەلەلە ب باشی یێن دای دیار کرنێ من نەڤێتن بەحسێ ل سەر ڤێ چەندێ بکەم بەس بتنێ من دڤێتن ئەز بتنێ ئێك تشتێ بێژم یەعنی ئەو واقعێ هەی وەك هەی بەحس نەهێت کرنێ دوماهیکێ ئەمێ تووشی قەیرانەکێ بین یەعنی قەیرانەکێ ل دویف قەیرانەکێ بو نموونە ل دەمێ بێهن فرەهیێ و بانزین گەلەك بیت یان ژی ئەرزان بتن رەنگە جەنابێ وەزیرێ سامانێ سروشتی ژی دگەل ڤێ چەندێ نابیت دێ بینی هندەك بەرپرسێن ئیداری دێ ئێن بارێ وەزارەتێ سامانێ سروشتی ژی گران کەن و دێ بێژن ئەو بەرهەمە یێ خومالیە و ئینتاجێ مەیە و

مه پێ ئیناى و نزا چەوا. دەمێ تووشى ڤەیرانەکێ بین دێ بینین ئەڤ بەرپرسێن هەى خو ڤەدزن و دێ بێژن حصەیەك ژ ڤێ ژى دهات و حصەیەك ژ تورکیا دهات و حصەیەك نزانم ژ کیڤە دهات دگەل یا هەولێرێ مەسەلا مە دشیا ژیانا رۆژانە پێ دەرباز بکەین دگەل هندێ دا ئەڤروکە هندەك ئاماژە ب هندێ دهێنە دان کو تاخیر بینا ئینانا بانزینا تیجارى بو ئینانا ناڤ هەرێما کوردستانێ ڤەدگەریتەڤە هندێ کو تورکیا یا رێگر بیە و دهەمان دەمدا کو نزانم ژبیر کرى یان چەوا بیە کو حصەیەك ژ تورکیا دهات هەوروسا من دڤێت دەمى دیار کرنێ و پرسیار ژى بتن بۆ وەزارەتا سامانێن سروشتى کو ئەو بانزینا نوکە ژ تورکیا دهێت وەکە ئەز دزانم و ئەز پێ ئاگەهدار بانزینا تورکیایە نینە راستە ل تورکیا را دهێتن بەس بانزین بخو بانزینا ئازەربایجانە، چونکى ئەگەر ئەڤ بانزینە ژ تورکیا بێتن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەگەر هەمى ئیمکانیاتێن خو بێخیتە کارى نەشێتن ڤێ سیعرێ بکرپتن، ئەوا ل تورکیا هەى و ئەو سیعرا نووکە ٥٠٠ بتن یان ١٠٠٠ بتن یان چەند بتن بدەتە هاوولاتیێن هەرێما کوردستانێ ئەڤە نسبەتى ڤێ مسئولیەتا سەر ملێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەشێ دیتر یێ مسئولیەتێ ڤەدگەریتەڤە بو خودى هەرێما کوردستانێ، ئەڤروکەدا بەرێز سەروکى پەرلەمانى کۆمەکا یاسایێن دەرکەتین ب ناڤێ بازرگانى و کو د ئەصل دا هیچ بنەمایەکى بازرگانى ل دەف نینە و تشتەکێ ل بارزگانیێ یەعنى شارەزاییەکا وەسا نینە، بەلکو ل هەمان دەمدا ئێك دنیا پارە ژى دڤەردارن دەمێ ڤەیرانەکا ل ڤى دەمى دروست دبتن دێ سەرەدانا جیهەتێن مەعنى کەن و دێ چن بێژن ڤان جیهەتێن مەعنى بو نمونە چ وەزارەت بت یان ژى موحافەزە بتن ئەڤرۆکە ڤەیرانا بانزینێ یا دروست بیت بەلێ ئێ بانزین چەندێ یە ب هەزارانە ئەز دێ بۆ وە ب ٧٠٠ دا ئینم، گاڤا دبتن عەمەلى و دبتن د بوارێ جێ بە جێ کرنێ دێ بینى ئەڤ کەسێ هەر خۆ ڤەدزتن و تۆ ئێدى دەم و چاڤێ وى نابینى هەتا کو ڤەیران خلاس دبتن، بەس ل ڤێرێ کێماسى چیە وەکو پەرلەمانتارەك دەم دیار کرنێ کو ل سەر ملێن وەزارەتا سامانێن سروشتى یان ژى هەر پارێزگەهەکێ ئەڤەیە ڤى دەمى دا عەقدەکى دا دگەل ڤى کەسى دروست بکەتن بو هندێ، یەعنى فەوزایەکى دناڤ کومەلگەهێ دا دروست نەکەتن فەوزایەکێ دناڤ دام و دەزگاى حکومەتێ دا دروست نەکەتن کو کەسەکێ هەى بازارێ ب بانزینێ یان سووتەمەنیێ قورخ کرى بتنێ ئەو دئیێتن و گران دئێنیتن و ئەو دێ ئەرزانى ئینێتن و بەلێ رێگرییا وێ هاتن کرنێ نەخێر وەسا نینە، بەلکو ئەوى چو شیان نینن بانزینێ بینیت بتنێ ئێ دئێتن ڤەسێت خوشێت دگوتن و گوتنێت خوش بو خەلکى بێژتن و بو حکومەتێ دبێژتن دویماهیکێ ژى خو ژ مەسئولیەتێ دیار دکەتن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکى پەرلەمان :**

کاك ڤەمان توزێك کورتى بکەیتەوە تکایە.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم :**

**بەرێز سەرۆکى پەرلەمان.**

گوتنەکا گەلەك باش ژ زۆر بەرێز وەزیرێ سامانێ سروشتى هاتە گوتنێ کو هەر پێشنیارەك یان تەرحەکا باش ژ لایێ پەرلەمانێ بهێت دانێ بو هندێ باشتر خزمەتا خەلکى بکەتن ئەو دێ جێ بە جێ کەتن،

كەواتە دڤێت ئەم د نوکە دا هندەك تەرحێن باشتر بکین کا چ ئالیەت خەلکەك دێ ژ ڤێ قەیرانێ خلاس بیت نەك بزڤریتن ٢٣ سالا مە چ نەکریە؟ یەعنی دوهی بەحسێ ئەڤرۆ بکین و ئەڤرۆ جارەکا دی بزڤرین بەحسێ دۆهی. ئەگەر فرصەتێ بدییە من ئێك خالا دی بتنێ بو مەسەلا کۆبۆنا وانا ببت کۆبۆنەکا نشتیمانی کو ئەز کۆبۆنا خو ل دهوکێ ژی چێکەم من ئەو حەصە هەبتن هەولێرێ ژی بار خۆ داگرم، یەعنی نە شەرتە ئیلا وەکیلێ من یێ ئەرزاقیە ئەز ل دهوکێ نەشیام وەرگرم ئێدی تەواو نەشێم ل هەولێرێ داگرم یان ژی ل سلێمانیێ داگرم وە سوپاس من نەڤێت گەلەك درێژ کەم هەکە من گەلەك ئاخفتن یێت هەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز بەهار عبدالرحمن.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من چوار خاڵ وەکو سەرەنج و پرسیار ئەخەمە روو. یەکەم وەزارەتی پلان دانان لە کابینەی حەوت پلانی داریشتووە تا ٢٠٢٠ کە لە بواری ئابووریە سەرجەم سەکتەرەکان کشتوکاڵ و ئاو و ئاودێری و پیشەسازی هەتا دوایی باس کراوە، بەلام سامانە سروشتییەکان باس نەکراوە لەو پلانەدا، ئایا نادیاری ئەو بوارەیە یا خود وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاوکار نەبووە یا چ هۆکارێکی ترە کە دیارە زور لە هاورێیان باسی نەبوونی پلانیانیان کرد. دووەم بەرهەمی ناوخۆیی کە سێ ملیون و دو صەدە، دو ملیونیش لە تورکیاوە دێت لەم لایە ٢٥ ئەدرێت بە هاووڵاتیان و هەروەها رێگە بە بەنزینی تیجاریش دراوە، کەواتە فەرقەکە زور نییە بۆیە پێ ئەچێت هندە کێشە لە چاودێری و بەدوا داچوون و رێکخستنی بەنزینەکە هەبێت، لە خودی کەمە بەنزینەکە نەبێت. سێیەم سەبارەت بە وەڵامەکانی بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لە لایەك دڵخۆشکەر نەبون بو هاووڵاتیان و هەروەها موقنیع نەبون بو ئێمە کە وەلامی ئەو مجموعەیە دایەوە. هیوادارین لە وەڵامەکانی دا لە دوایی دا ورتر و وەڵامی دڵخۆشکەری پێ بێت بو هاووڵاتیان. چوارەم لە زۆربەی وڵاتانی دنیای کاتێك قەیرانێك، کێشەیەك رووئەدات وەکو عورفێك وەزیری تایبەتمەند دەست لە کار ئەکێشێتەوە، بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەگەر لە ماوەیەکی دیاری کراو دا ئەم قەیرانەی بۆ چارەسەر نەکرا ئامادەیە ئەمە بکات. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز د.سرود سلیم.

**بەڕێز سرود سلیم :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم موداخەلەیەکی کورتم هەیە لە مەنتیقەی سەر دەشتی نەینەوا. پاش روخانی رەوشی ئەمنی لە موسل و پاش ئەوەی کە ناوچە کێشە لەسەر کراوەکان چوونە لە ژێر کونترولی

پێشمەرگە بە پێویست دەزانین حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێداویستی ئەم ناوچانە دابین بکات. پرسیارەکەم تایبەتە بە قەزای حەمدانیە یان قەرەقوش لە مەنتیقەی دەشتی نەینەوا ئەم شوێنە زۆری پێویستە بە ماددەی گاز بۆ ئێش کردنی مووالیداتی ئەهلی و بیرەکانی ئاو و فیعلەن بو ماوەی ١٠ رۆژی رابردوو ئەم مەنتیقەیە بێ کارەبا و بێ ئاوە راستە ئێمە لە ناو هەرێم موشکیلەی بەنزین و گازمان هەیە، بەلام ئەم کێشە، کێشەی گاز ئەگەر چارەسەر نەکرا خەلکی ئەم شوێنە مەجبور دەبن روو بکەن بەرەو هەولێر و دهۆك کەواتە قەیرانی کۆچ کردن گەورەتر دەبێت کەواتە قەیرانەکە دەبێتە دو قەیران پرسیارکەم بو جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا قەزای حەمدانیە پێویستی بە ١٢٠ هەزار لیتری گاز هەر حەفتەیەك بو ئێش کردنی موالیداتی ئەهلی و بیری ئاو، ئایا هیچ پلانێك هەیە ئەم پێداویستە دابین بکرێت بو ئەم شوێنە ئەگەر پلان هەیە کەنگی دەست پێ دەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك ایوب.

**بەڕێز ایوب عبد الله اسماعیل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان گوێ بیستی ئەوە بووین کە لەو دوا ناتوانن چیتر دەعمی سووتەمەنی بکەن و ئێمەش وەکو نوینەرانی خەلك ئەمروە لە گەلْ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دا کۆ بووینەتەوە ئێستا خەلك چاوەروانی موژدەی خوشی و هەولی چارەسەری دەکات لە دانیشتنەی ئێمە دا. بەڵام بە داخەوە کێشەی گرانی سووتەمەنیش لێرە ورووژێندراو زیاد کرا، بە راستی ئێستا حەقی خۆیەتی خەلك بە ئێمە بلێت هەر دەست کاریتان نەکردبایە و دەستان لێ نەدەدایە لەم کێشەیە لە باتی چارەسەری بنەڕەتی بکەن هاتن کێشەی گرانی سووتەمەنیشتان بو زیاد کردین بویە بە راستی من لە گەلْ بوونی سیعری سووتەمەنی دا نیم، چونکە ئەو کاتە خەلك حەقی خۆیەتی پێمان بلێن ئەو کێشەیە پەرلەمان زیادی کردو سووتەمەنی لە سەر هاووڵاتیان گران کرد، خالێکی کە ئێستا بۆمان دەردەکەوێ پالاوگاکانی هەولێر توانای ئەوەیان نییە کە سوتەمەنی دابین بکەن بو هاووڵاتیان من دوو رۆژ پێش ئێستا مەحامیەك پەیوەندی پێوە کردم گوتی سەرمادارێك ئەتوانێ پڵاوگایەکی گەورە دابنێت بەلام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاوکار نییە بۆ دانانی ئەم پالاوگەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەمە باس کراوە.

**بەڕێز ایوب عبد الله اسماعیل :**

بەلێ. جا مەبەستم ئەوەیە ئێستا پێشنیار دەکەم بو دوو خالْ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بانگەواز کا خالی یەکەمیان ئەوەیە کە کێ دەتوانێ پاڵاوگە دابنێت پەیوەندی بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکات، چونکە بە راستی شتێك لە لایەن هاووڵاتیان و سەرمایە داران دروست بووە هاوکاری نییە خالی دووەمیان

بو ئەوە بێ کێ دەتوانێ سووتەمەنی بە سیعرێکی کەمتر بێنێ بە کەم کردنەوە کە حکومەتی ئیعلانی کردووە بو ئەوەی سەرمایەداران بتوانن سووتەمەنی بێنن و بە پێداچوونەوە بەو مەرج و شەرایتانە کە باسی کرد وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاوکار بێت. کۆتایی قسەم ئەوەیە هاووڕێیانم باسیان لە جۆرێك ناهاوسەنگی کرد لە دابەش کردنی سووتەمەنی دا کێشەیەکی قەزا سنووریەکان ئەوەیە کە هاتوچۆ و بازرگانی لە قەزا سنووریەکان زۆربەی بەو سەیارانەیە دەکرێ کە جۆری لانەکرۆزەر و نیسان پەترول و ئەوانن کە شەش پسنن و جۆری بەنزینیان زیاتر دەوێ بە راستی ئەگەر بیرێك لەوە بکرێتەوە کە هاوسەنگیەك بۆ ئەو دابنرێ، برێك لەوانە بەنزینی زیاتریان پێ بدرێت بو قەمەرە و ئەوانە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك شوان شێخ احمد.

**بەڕێز شوان شێخ احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەیان کران بەڵام ئەوەی کە پەرلەمانتارانی بەڕێز کە لەو هۆڵەی دا کە قسە و باسیان لە سەر کرد ئەوەی موعاناتی خەڵکە موعاناتی هاووڵاتیانە ئومێد دەکەن لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەندێك شت بکرێت کە دڵی خەڵك کە وەکو ئێمە موتابعە دەکەن دڵ خۆش بکرێت لەو وەزعەی کە تێدانا رزگاریان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك عباس فتاح.

**بەڕێز عباس فتاح صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە زۆر لەو خاڵانەی کە من دامنابوو لە بەر ئەوەی کێشەکە کێشەیەکی گشتی یە لە هەموو ناوچەکانە زۆربەمان قسەمان لە سەر کردووە، ناکرێ من دووبارەی کەمەوە، بەڵام ئەوەشمان لا گرنگ نەبێ، یەعنی گرنگ ئەوەیە چارەسەری کێشەکە بکەین، لامان گرنگ نەبێ کە من قسەکە دەکەم یان هەڤاڵێکی تر قسە دەکات، پێم وایە زیاتر لە سەر ئەوەیان دەکرێ و زۆر سوپاسی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم، بە راستی هەر لە سەرەتاوە شەفافیەتی خوی و وەزارەتەکەی پێمان نیشان داوە، ئێمە حەقە سوپاسیان بکەین هەر لە سەرەتاوە پێمان گوتی ئەم بەنزینە هەرزانە و پێویستە گران کەین، یەعنی هەر لە سەرەتای گوتارەکە یەکەم جاری ئەم قسەیەی کردو ئەمن دام نەنا بو قسە بکەم لە بەر ئەوەی بەس لە وەڵامەکەی دایناوە هێچ وەڵامێکی برادەران و هەڤاڵانی نەدایە ئەندام پەرلەمان و گوتی لە بەر خاتری فەقیر بیانووشی هێناوە بەڵام بە داخەوە خوی فەقیر لە مەوە زەرەمەند دەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەر من بەنزین وەربگرم و کاسبی بکەم و بە تور و خەیال و سرق و کرێ یەوە و هەمویان لە فەقیری دەسێنێتەوە کەواتە ئێمە هەر لێرەش غەدر لە فەقیر دەکەن بەڵام یەك قسەی پێش هەڵبژاردنی

ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بە یەك شەو و ڕۆژ بەنزین یەك بەنزینخانەی توجاری نەماوە هەمووی بوو بە ٥٠٠ و بەنززینەکەشی زۆر چاك دەبێت ئێستا بە یەك شەو و ڕوژ نەك جاران بە ٩٠٠ دەست دەکەوت لە بەنزینی توجاری ئێستایە لە ١٢٥٠ و ئەو بەنزینەی کە ئێستا کە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەمە باس کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمجا من حەزم لێ بوو قسەکەم هەر لە سەرتاوە گوتی باس کرا وەزیرەی جەنابی گوتی ئێمە ئەگەر بەنزینی وەکو بێجی بینین بەو سیعرە دەستمان ناکەوێ، مەبەستمان ئەوەیە بۆ جەنابی سەرۆك قسەیە جەنابی سەرۆك. ئێمە زۆر مەمنوونین ئەگەر ئەو بەنزینەی بێجی بومان دەهاتو تۆزێکیش لەوە خراپتر بێت زۆر مەمنوونین لە بەر ئەوە ئێستا سەیارەی پێ ناڕوا و باسی دو پاڵێوگای کردی، گوتی کاتی خوی وەزیری نەوتی عێراقی ابراهیم بحر العلوم کردوویە و دوایی بۆیان تەواو نەکردین بەڵام گەورەترین پاڵێوگا پاڵێوگای کۆیێ بوو لە شێواشوك کە خوی بەردی بناغەی دانا یەك سالێش کاری لێکرا جێگاکەی تەواو کرا،بەڵام بەداخەوە ئێستا بۆتە جێ پرکردنەوەی تانکەرەکان و هەر یەکە بە لایەکە دەڕوات. باسی سەیارە کرا بە ٢٥ لیتر و ٣٠ لیتر بە راستی هەموومان کە دێین لێرە قسە دەکەن خۆمان بە نوینەری خەڵك و خەڵکی هەژار دەزانین باسی قەمەرە و خصوصیمان کردە خەڵکی کاسب و فەقیر ئەگەر سایقیش بێ ئەگەر قەرزشی کردبێ ئەگەر لە ڕێگەی فەلاحیەوە بێ تویۆتای کڕیوە، حەق بوو تویۆتای ئەوانەی تویۆتای پیکەپی کە بارن حەق بوو ئەوانە حیسابێکی تایبەتیان بو کردبایە جەنابی وەزیر، جەنابی وەزیر لەم کۆبوونەوەیە پێم وایە ئەگەر بتوانێ لە کۆتاییەکەی دا یەعنی ئێمە هەر قسەمان نەکردبێ و ئەنجامان پێ نەبێ یەعنی ئەنجامێك هەبێ بو ئەوەی کە چووینە دەرێ هەم ئێمە دڵمان پێ خوش بێ هەم خەڵك نەتیجەکەشی دەست دەکەوێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. خاتوو فیروز طە. لێرە نییە. خاتوو مدینە ایوب

**بەڕێز مدینە ایوب :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر یا پێدڤیە دەمێ ڕێنمایی دهێنە دانان بیر و بوچوونێن شیرەتێن پترپا جهێن پەیوەندی دا بهێنە کرن، دەمێ ئەڤ ڕێنمایيە هاتینە دانان ما هزرێ دهندێ دا نەهات کرنێ دەمێ مالا دو، سەیارە، سێ سەیارە پێت هەین دڤێت هزر دهندێ دا هاتبا کرنێ ل شوینا ٢٥ لیترا بۆ وانا کربا ٤٠ لیتر ٥٠ لیتر دڤێت پێداچوونەك بۆ وان ڕێنماییا بهێت کرنێ دبەرژەوەندیا هەمی هاوولاتیان دا بیت. دەمێ ڕێنمایی دهێنە دانان دڤێت هند توند نەبیت، بلا پیچەك سڤکاتی ژی تێدا هەبیت سەبارەت وان سەیارێت نەهێنە تەحویل کرن ب ناڤێ وانا

ئەوان ژی ئەگەرێن خو یێن خاص یێت هەین گەلەك هاووڵاتی یێت هەین سەیارێت خو تەحویل نەکرنە ئەو ژی ئەگەرێ هندێ یە کو ئەو شەخص نەماینە ئەو کەسە بەلێ زاروکێن وان کەسا ژی ئەو قاصرن، ئەو سەیارە ناهێنە تحویل کرن ژبەر هندێ دڤێت بوچوونەك بۆ ڤێ چەندێ بهێتە کرنێ پێشنیار دکەم ل دویف هندێ نەچن کو سەیارە ب ناڤێ وان بهێتە کرن بلا ل دویف ڤێ جورێ سەیارێ و رەقەمێ سەیارێ کا چەندە بچن. پێشنیارا من یا دویێ ئەڤەیە دەمێ پانزین دهێتە دابەش کرن بتنێ سەر حصا پارێزگەهێ بیت بلا سەر حصا قەزایێ ژی بتن، چونکە گەلەك قەزا دڤی حالەتی دا بێ بەهر دبن ژ هندێ. زۆر سوپاس.

**یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز دکتورە بەهار.

**بەرێز د.بەهار محمود فتاح :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بە سوپاسەوە لە لایەن هاوکارانم کرا دوبارەیان ناکەمەوە تەنها سەرنجێکم هەیە بو بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وێرای بە خێرهاتنم بو خوی و وەفدە یاوەرەکەی ئەومەوێ منیش وەکو هاوکارانی ترم پێ بلێم کە وەڵامەکانی بەرێزیان نەیتوانی قناعەتم پێ بکا بە تایبەتی لەو بوارەی کە پەیوەندی بە ئیهتیمام نەدانی وەزارەتەکەیان هەیە لە بواری پاڵاوتن و سەبارەت بە بوونی مەسەلەی ئیحتیکار لە هاوردە کردنی بەنزین. زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز ماموستا غریب.

**بەرێز غریب مصطفی حەمە خان :**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

هەڵبەت من ئەمرۆ کە هاتم بو پەرلەمان ژمارەیەکی زوری پرسیاری خوم و هاووڵاتیان کە پەیوەندیان کردبوو لە گەڵ خۆم هێنام بو ئێرە، بەڵام نەتیجەی وتارەکەی بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان و دواتر وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران گەیشتوومە ئەو قەناعەتەی کە هیچ پرسیارێکی ئاراستە نەکەم، حەز دەکەم بەس ئەوەندە بلێم کە لەم گەرمانە هاوینە و لەم رەمەزانە هاووڵاتیان زمانیان بە رۆژووە و ئەو واقعانە بلێ دەڤەری سلێمانی چۆن هاوارییان لێ هەستاوە، ئەگەر هاواریان لێ هەڵنەستێ جادە ناگیرێ لە هاووڵاتیان، ئیتر چاوەرێ بوون لە وەزیری سامانە سروشتییەکان بە روویەکی خۆشەوە لە سەر ئەم مەنەصە روو لە ئێمە و روو بە هاووڵاتیانی کوردستان موژدەی رابگەینێ کە ئیحتوای ئەو کێشەیە ئەکەن و لە ماوەی قیاسی زۆر کورت دا زاڵ ئەبەن بە سەر یا بەڵێمان پێ بدا کە ئەو بەنزینەی بە شێوەی بازرگانی حکومەت خوی ئەهێنێ وەکو باسی کرد بە هەمان سیعری ٥٠٠ دینارەکەی دەیدەن بە هاووڵاتیان بەڵام لە

وتارەکەی باسی ئەوەی بوو کردین کە وتی یەکەم کێشە لەوەیە کە بەنزین هەرزانە لە ولاتی ئێمە و وتی میلەت ئامادە بکەین بۆ قەیرانەکە و بە سوپا نا یاسای لەم ولاتە و باسی ئەوەی کرد کە نەوت بە قاچاخ ئەبرێت لەم ولاتە پەرلەمانتاران کومەلێ پرسیاری زور هەستیاریان ئاراستەی بەرێزیان کردووە لە ضمنی پرسیارەکاندا پێیان وت ئەو پالاوگە نائاساییانە چین کە ئێوە چەند وەختە، چەند سالە باسی شەفافیەتی نەوت ئەکەن لە کوردستاندا پالاوتگەی نا ئاسایی یەعنی چی؟ خۆی شەفافیەت نییە لە نەوتدا. نەوتی پالاوتگەی ناوخۆی ئەدرێ بە شێوەی تیجاری ئەفروشرێ لە بەنزیخانەکاندا بۆ حکومەت بەنزین دێنێ بۆ لە ئیرانەوە ناهێنرێت بو مونافسەی بازرگانی دروست ناکەن؟ بو کۆبونی بەنزین ئەم هەموو گرێ کۆیرەیەی بو دروست کراوە هاوولاتی ناچار بکرێ نەیکرێ بچێ لە بازرگانیەکە بیکرێ جەنابی وەزیر وەلامی پرسیارەکانی کە دایەوە بۆچوونی هیچ نەگۆڕابوە سەرەتا چۆن پرسیارەکان ئاراستە کردین بە هەمان نەفەسەوە وەلامی پرسیارانی دایەوە ئەگەر پرسیارەکانی ئێمە بۆ بەرێزیان هیچ لە بڕیار و هیچ لە بۆچوونی جەنابیان نەگۆڕێ بە راستی پرسیارەکانی ئێمە زیادن، بویە وەلامەکەی بەرێزیان جێگەی قناعەتی من نەبون و بەرێزیان بە هوکاری سەرەکی چارەسەر نەکردنی قەیرانەکە ئەزانم بویە پێشنیار ئەکەم پەرلەمان متمانە لەو وەزیرە بسێنێتەوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

بەلێ ئێستا ئێمە لە پروسەی پرساندانین، بۆیە باسی متمانە سەندنەوە لە ئارا دا نییە. زۆر سوپاس ماموستا غەریب. کاک ابوبکر هەلەدنی فەرموو.

**بەرێز ابوبکر عمر عبد الله هەلەدنی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاک گۆران و کاک علی حەمە صالح و کاک عەلی هالۆ و خاتوو پەروا ئەکەم چوار سەرنجم ماوە ئاراستەی بەرێز وەزیری ئەکەم. یەکەم هەر هاوولاتیان خۆیان گومانیان لە دروست بوونی ئەم قەیرانە هەیە، کە بو دوو هۆکاری ئەگەرێنمەوە، یەکەمیان : فیعلەن وەزیر دانی پێنا کە حکومەت بە نیازی ئەوەیە کە نرخی بەنزین بەرز بکاتەوە ئەگەر بگەرێتەوە خەلك شتێکی باشە دواتر بۆ هاوولاتیان سەرف بکرێتەوە بەلام ئەگەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەلێك ملیاردێر و ملیۆنێری تر بچیتە سەر یانزەهەزار ملیۆنێرەکەی تر ئەبێتە کارەساتێکی تر. دووەم ئەم جورە قەیرانانەی بۆ بچووك کردنەوەی خواست و طموحی هاوولاتیانی کوردستانە لە دوای پرسی چاك سازی و دژایەتی و گەندەلی و مافی هاولاتی بون ئێستا هاوولاتی کوردستانی هاتۆتە سەر ئەوەی کە هەر مووچەکەی پێ بدرێ، هەر سووتەمەنی بەنزین دەست بکەوێ، هەر ئاوارە نەبێ ئیتر باسی شتی تر ناکا. دووەم چۆن وەزارەت خاوەنی دەست کەوتی گەورە گەورەیە وەك راکێشانی بورِی و هێنانی کومپانیا زەبەلاحەکان و هەورەها دابین کردنی مووچە بە هەمان شێوە ئەبێ بەرپرسیاریش بێ لە شکستەکان نەبونی خەزانی بەنزین نەبوونی پالاوتگەو رێگە نەگرتن لە قاچاغی نەوت و بەنزین و بوونی پالاوگەی نەئاسایی زیاد لە ١١٠ پالاوگە لە هەرێمی

کوردستاندا بـە شـێوەی ئاسایی هەیـە، معقولـە وەزارەت لـە راستی ئەمانـە تەماشـەگەر بێ بەرامبـەر بـەو پاڵاوگانە یان ئەمانە لە سەرووی یاسان و پشتگیرییان هەیە، سێیەم ئەو وەزراەتەی بەرێزیان سێ جار نـاوی سلێمانی هێنا ئایا ئەم وەزارەتە وەزارەتی هەولێر و دهۆکە یەعنی چی رێنماییـەکانی وەزارەت لـە سلێمانی خوی جێ بە جێ ناکرێ، یا خود ئەمە هێشتا ئاسەواری دو ئیدارەییە. جاران سێ سیستەمی بەنزین هەبوو عادی، سوپەر، موحەسەن دوایی دەرکەوت ئەوە راست نەبوو خەڵکێکی زور لە سەر ئەوەش دەولەمەند بوو، بەڵام چەند کەس لێیان پرسراوە کـە بـە شـێوەیەکی نـارەوا ئـەو بەنزینانـەی ئەفروشت بـە هاووڵاتیـان بـە جۆری جۆراجۆر بە ژمـارەی جۆراجـۆر لەبـەر ئـەوەی ئـەخیر قسەم ئەوەیە کە یـەکێك لـە ئێمـە خـوی لـە شوینی ئەو خەڵکە دابنێت مێلەتەکەی ئێمە قوربانی زۆری دایەوە، بە عەمەلی قوربانی داوە رۆژێ لە رۆژان قوربانی داوە لە رووبەرووی بەعسەوە، لە شەری نـاوخویی قوربـانی دایـە، لـە سـەر صندوقی دەنگدان بـەم هەموو کەم کورپەوە پێویستی بەوە نییە بە رای من کە وانەی تری پێ بڵێین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەرێز صالح فقێ.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سێ پێشنیار و چـەند تێبینیـەکم هەیە. یـەك پێـشنیار ئەکـەم لیژنـەی کاروبـاری ئـابووری و دارایـی بەشداری کۆبوونەوەکان بکا بو ئەوەی کە لیژنەی پیشەسازی وزە لـە گـەڵ وەزارەتـی سامانـە سروشتییەکان راستەوخۆ پەیوەندی بە پارەوە هەیە. دوو پێشنیار ئەکەم هەر ئـەمرۆ دوای قسەکانی بـەرێزان ئەنـدامانی پەرلەمان بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بریار بدا کە چی تر لـە پاڵاوگـەکان لـە بـری نـەوتی تـورکی نەوتی ئەو پاڵاوگانە بە تیجاری نەفروشێ ئەمـە دەروازەیـەك ئەکاتـەوە بـۆ بـرد بـە هـەدردانی بـە لا بـە لا. سێیەم پێشنیار ئەکەم لە بازیان کە هـەمان خەباتـە بۆیـە هـەوڵ دەیـن رێـژەی بەرهـەم هێنـانی بـە هـەمان شێوەی ئێرە زیاد بکرێ. تێبینیەکانم یەك بەنزینخانەکان لـە راستی دا دڵنیـام ئێستا بـەرێز وەزیـر چـەند غرامەیەك، چەند سەرپێچیەك ئەخاتە روو کە برادەران سەرپێچی غرامە نەکرا، بەڵام ئەوە ناکرێ هەر بە غرامە کۆتایی پێ دێت من پێشنیار ئەکەم بیر لە بریارێك بکرێتەوە، بۆیـە لـە دوای دو، سێ سەرپێچی کـە غرامە کرا هەڵ دێ، مولەت لە بەنزینخانەکە لێوەربگیرێتەوە، تـەنها تاکـە رێگا بـۆ ئـەوەی بتـوانێ رێگا لـە دزی بگرێ وەرگرتنی مولەتەکانیانە. خاڵێکی تر لە ساڵی رابردوو لە کەرکوك پەیرەو ئەکرا هەموو ژمـارە سەیارەکان داخلی سیستەمی ئینترنێت بکرێت و بەنزینخانەکان لـە رێگـەی کـامیرا چاودێرییەوە چاودێرێ بکرێ لەوانەیە سەیرە بکرێتە سەری هەم بە هەدەر نەردێت هەم سەیارەکانیش دووبـارە نەبێتـەوە، ئێستا وایە دەبینین کومەڵێك سەیارە لە ناکرێ بەڵام هەندێك دوو جار و سێ جار وەری ئـەگرن، لـە راستی دا بـۆ ئـەوەی بـەرێزی باسـی کـرد نرخـی سووتەمەنی بـە ٥٠٠ دینـار نـەك هەرزانـە بـەڵکو زۆر زۆر گرانیـشە بـو وەڵاتێکی ئێمە لە سەر دەریای نەوتیدا بین نرخی سووتەمەنی بە ٥٠٠ دینار بە کەمی بزانین. یەك خاڵێکی

تر ئەوەیە کە ئەوەی کە زورتر قسەی لە سەر کرا بۆ ئەوەیە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە گشتی کار بە فورم نەکرێ لە بەر ئەوەی ئەرکی ئەوان لە ئەستۆمانە بۆیە کار بە سیستەمی سەنەوی بێ یان بەر هەر رێگای تر دروست بێ یان لە رێگەی گەڕەکەکان هەر گەرەکێك دابەش بکرێتە بەنزینخانەیەکە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ ئەکەم کە بێ گومان سەرئەنجامی ئەم دانیستنە دەبێ بە کومەڵێك بڕیار و راسپاردە بێ کە چارەسەری هەنووکەیی جدی پێ بۆ ئەم کێشەیە بدوزێتەوە، پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم بە کورتی ئەمە قەیرانێکە چەندین بارەیەوە بەڕێز وەزیر ئێستا کە بەردەوام وەزیر بووە ئەمە ئەوەندەی گوێ بیست بووم زۆربەی پاسەوەکان پاساوی دوای هەموو قەیرانەکانی رابردوویە، بویە زور گرنگە ئەو جارە کۆبوونەوەکە بەرهەم دار بێت کۆمەڵە بڕیارێکی لێ بکەوێتەوە، ئەگەر جارێکی تر تووشی هەر قەیرانێکی تر بووین ئەم پاساوانەی ئێستا ئەم هۆکارانەی ئێستا کە لە بەغداوەنە کەمە رێژەکەی بەش ناکا،نرخەکەی هەرزانە هەموو ئەم پاساوانەی ئیتر کۆتاییان پێ بێ ئەگەر قەیرانێکی تریش رووبەرووی وڵاتەکەمان بوویەوە پاساوی تر و هۆکار و فاکتەری تازەی هەبێت. خاڵی هەرە گرنگ مەسەلەی قۆرخ کاریە کە لە دروست بوونی قەیرانەکاندا کۆمەڵێك خەڵك کۆمەڵێك کومپانیانەی ئەم قەیرانانە دەقۆزنەوە بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و کەڵەکە کردن لەم رووە پشتیوانی لە قسەکانی کاك سۆران عمر ئەکەم کە باسی لەو قۆرخ کاریە کرد لە سەر هەر دوو ئاستەکە بۆیە ئەوە زۆر پێویستە بە جدی رێگەی لێ بگیرێ و ئەم قەیرانانە لە لایەن حکومەت و وەزارەتیشەوە نەبێتە هوکاری بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین، چونکە هەمیشە قەیرانەکان نرخی ناله بار بۆ خەڵك دورست دەکات نرخ دەبێتە ١٢٥٠، بۆیە دواجار خەڵك زۆر مەمنوونیش دەبێ، زۆر رازی دەبێ کە نرخەکەی بکەی بە ٨٠٠ بە ٧٠٠ کە نرخێکی بەرزترە لە چاو ئەوەی پێشوو. پشتیوانی لە قسەکانی کاك سوران عمر ئەکەم لە رووی مەسەلەی خراپی فۆرمی خۆراك و ئەو ٢٥، لیترە پێشنیاری ئەوە دەکەم پێداچوونەوەیەکی جدی بە رێژەی ئەو بەنزین دا بکرێ چوننکە لە سەر ئەساسی چەند خاڵێکە دەبێ رچاو بکرێ شوێنکاری ئۆتۆمبێلەکان و جوری ئۆتۆمبێلەکان و ئوتومبێلی کەسی یا خود گشتی کە ئەوانەی هەموو پەیوەندییان بەوە هەیە چەندە پێویستە بازاری رەش کە جەنابی وەزیر خۆشی ئاماژو پێکرد، پێویستە ئاماژە بەوە بکات کە بازاری رەشە ئایا تا چەند ئاگاداری هەیە و رێگرەکانیان چین ئایا ئەو بازارە رەش لە کوێیە ئەو بەنزینانەی ئەو رێژە بەنزینەی کە زۆر لە پەرلەمانتاران باسیان کرد لە کوێوە دەروات ئایا بۆ نموونە پرسیارەکە ئەوەیە لای خەڵك ئایا لە مەنتیقەی موسل بەدەر لە ئاستی بچوك بە ئاستی گەورە بە تانکەر بەنزین ناڕوات بۆتە هوکاری ئەو قەیرانە،

پشتیوانی بێ گومانی لە قسەکانی کاک علی حەمە صالح دەکەم کە قسە و پرسیارەکانی تەبعەن هی منن و لە سەر ئەساسە پیشتوانی لێ دەکەم یەعنی گرگن بە لامەوە سەرەنج لە سەر قسەیەکی بەرێز هەیە وەزیر کە باسی بەرزبونەوەی نرخ دەکا کە خزمەت بە ژینگە دەکا لەو رووە نموونەی شاری تارانی هێنایەوە کە پێم وایە ئەوە زۆر جیاوازە ئەوە پەیوەندی بە پلانێکی پێش وەختە هەیە کە ئەساس و مەبەست لە دانانی پلانەکە ژینگە پارێزی و پاك راگرتنی ژینگەیە، نەك قەیرانێك ناچارمان بکات دواجار پاساوی قەیرانەکە بە مەسەلەی ئەوە بهێنینەوە وە ئاخر پێشنیار دەکەم کە مەرجی هێنانی بەنزین بە شێوەی بازرگانی یەکەم تەنها کوالێتی بەنزین و کەمی نرخ بێ، ئەمە دو مەرجی ئەساسی و بنچینەیی بێ نەك بۆ ئەو مەرجانەی تر کە دانرا. زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز کاك دلێر ماوەتی

**بەرێز دلێر مصطفی حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەڵام یەك پێشنیارم هەیە مادەم خەڵك زور بە فۆرم و سەنەوی تازە کردنەوە قەڵسن لە روی سایکۆلیژیشەوە ماندوون، سیغەیەکی تر بوو ئەمە هەیە، کارێکی باشە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

کارێکی زور خراپە ئێوە بەشێك لە ئەندام پەرلەمان لە کاتی قسەکردنی ئەندامانی تر دا دەست بە مایکروفونەکانتاندا ئەدەن و ئێمە ئەزانین لە ناو هولە سەرەنجمان دایە، تکایە بە ناو ناڵێین بە ناو ناڵێین کۆتایی بەو دیاردە بێنێن، لە ناو هۆڵدا کاتێك ئەندامان قسە ئەکەن دەست بە مایکروفونەکان مەنێن. بەرێز کاك انور قادر. کاك عادل فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ نوقتەی نیزامی؟

**بەرێز عادل عزیز شکر :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بزەبت نازانم نیزامیە یان نا؟ بەڵام یەك راست کردنەوەم هەیە لە کاتی قسەکانمان سەبارەت بە جۆری دراو بوو کە گوتم کە لە وڵاتی ئیران بەنزین بە ٧٠٠ دینارە بەڵام خوی ٧٠٠ تومانە کە ئەکاتە ٣٥٠ دینار تیجارەکەشی ١٠٠ دینارە کە ئەکاتە ٦٥٠ ە شتێکی وا، ببوورە بەرێز.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس. کاك انور.

**بەرێز انور قادر مصطفی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێشنیارێکم بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەیە ئەویش ئەوەیە مادام خەڵك روژانە هەتا ئێوارە لە سەرەی بەنزین بێ و شەوانە لە ناو سەیارەکانی دا بخەون پێویستە پەرلەمانتاریش بەنزینخانەی تایبەتی نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

نیەتی، بەنزینخانەی تایبەت نییە پەرلەمان بەنزیخانەی تایبەتی نییە ئیستا.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ سەرەتا من لەوە دەست پێ دەکەم کە حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مەبەستیان بێت و ئیرادەیەکی راستەقینەیان هەبێت ئەوا دەتوانن کۆتایی بە قەیرانی سووتەمەنی بێنن بە هەموو جۆرەکانیەوە. دوو خاڵێکی تر وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێ بازاڕی رەش کونترۆڵ ناکرێت، من دەڵێم ئەگەر یاسا جێ بە جێ بکرێت و حکومەت و بەرپرسەکان و لایەنە پەیوەندی دارەکان مەبەستیان بێت کونترۆڵ دەکرێت، بەڵام من پێم وایە دەسەڵات و بەرپرسەکان خۆیان سەبەبن و خویان لە پشت بازاڕی رەشەون. خاڵێکی تر کە وەزیری سامانە سروشتییەکان لەڕابردووشدا زۆرمان گوێ لەوە بووە و باسی ئەوە دەکات کە وەزارەتەکەی و کارەکانی شەفافە، من پێی دەڵێم وەزارەتەکەت نەك هەر شەفاف نییە، بەڵکو وەکو تاریکیستان نا شەفافە، خاڵێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمن ئەوەی تێبنیم کرد لە قسەکانی و لە وەڵامەکانی دا، قسەکانی چەند ساڵە ئێمە دەیبینین، لە کەناڵەکان دەبینین دووبارە و سەد بارەیە، من هیچ قەناعەتم بە قسەکانی نییە......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

قسەکانی تۆش دووبارەیە، کاك انور دووبارەیە.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کەمن پێموایە پەرلەمان متمانە لەم وەزیرە بستێنێتەوە، بە پێی ئەو بەڵگانەش کە دەرکەوتووە ناشەفافی لە وەزارەتەکەی هەیە، پێویستە خەڵکی کوردستانیش ڕاپێچی دادگای بکەن ئەم وەزیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز مامۆستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله خەریکە من بڵێم پشتگیری هەر هەشتا کەسەکە دەکەم کە قسەیان کردووە، یەعنی ئەوە جارێکی دیکە و چەند جاری دیکە دووبارەی دەکەمەوە، لە ئێستاوە من ناوی خۆم دەنووسم بۆ دانیشتنی سبەینێ و دوو سبەی ئەگەروابێ، من ناکرێ هەر بڵێین ئاساییە، من شانازی بە هەموو برادەران دەکەم، کە ڕاستە ئێمە دەمانەوێ ئیش بکەین نامانەوێ قسە بکەین، من برادەرێك و هەر کەسێك بێ، بەڵام خۆشیش نییە ئێمە چوار ساڵ بڵێین پشتگیری لە فلان و فلان دەکەین، پشتگیری لەو ڕایانە دەکەم کە دەڵێین کە چووینە

دەرەوە بە بڕیارەوە بچین، چونکە بەڕاستی دەچینە دەرەوە خەڵك لێمان دەپرسێ، هەموو خەڵك چاوەڕێیە ئەمڕۆ وەزیر هاتووە، چتان کرد؟ چ بڕیارێك درا، وەزیر چی وت؟ ئێوە چیتان وت و نەتیجە چی بوو؟ بەڕێزان ناکرێ ئێمە هەر تەنها بڵێین بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان هاتووە و ڕوونکردنەوەی داوە، دەبێ بڵێین ئەو بڕیارانەمان دا، بەڕێز وەزیر ئەو بڕیارانەی دا لە ئەنجامی موناقەشەی پەرلەمانتاران، من بەلامەوە سەیرە ئێمە هەموو ئەو ماوەیەی ڕابردوو کەلەگەڵ حکومەتی عراقی ناکۆکیمان بوو، ئەو یەك، دوو ساڵەی ڕابردوو، بەڕاستی پێشتریش هەمووی لەسەر نەوت بوو، یەعنی لەسەر نەوت و گرێبەستە نەوتییەکان بوو، ئێ باشە ئێمە تەنها لەبەرئەوەی مەسەلەی نەوت بچێتە سەر نەخشەی جیهانی و وزە و ئەوانە ئێ خۆ لەگەڵ عراقیش باین هەر دەچوو، هەر نەوتی هەرێم دەچوو، ئێمە ئەو هەموو باجەمان داوە لەسەر نەوت، ئەمە حاڵی خۆمان بێ، یەعنی نەمانتوانیوە بەم نەوتە ئیدارەی خەڵکی کوردستان بدەین، کە ئەگەر ئاوامان کردبا بەو شێوەیە نەوتمان بەڕێ نەکردبا ڕەنگە ئێستا بودجەی خەڵك نەبڕابا، یەعنی ئێستا مووچەی خەڵك لە ئەنجامی ئەم نەوتەیە، نەوتەکەش ئاوا بێ لە تورکیا ئێمە نەوت بکڕین، لە کاتێك دا تورکیا دڵۆپە نەوتێکی نییە، یەعنی مەنتقی تێدانییە خەڵکی هەرێمی کوردستانە، هەرێمێك ڕووبارێك و بەحرێك لە نەوت بین لە تورکیا نەوت بکڕێ، من پشتگیری قسەکانی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی دەکەم کە سەد لە سەد ئەگەر دەمانەوێ واقعی بین، عەمەلی بین، با دەستی حزب لە هەموو و لە کوێی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری دەربێنین بە مەسەلەی نەوتیشەوە، ئەو نەوتە قاچاغەی کە بەڕێز وەزیر باسی دەکات من پێم سەیرە و ناکرێ وەزیر باسی نەوتی قاچاغ بکات و بڵێ دەڕوا و نەشڵێ ئەگەر خەڵکێکی کەم دەرامەت و فەقیر و هەژاری ئەم وڵاتەیە ئێستا بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەیگوت فلان کەس نەوتی بە قاچاغ بردووە و داومانەتە دادگا و گرتوومانە، ئەگەر لەسەرووی خەڵکی هەژار و دەوڵەمەند و سەرمایەدار و خەڵکی فەقیرەوەیە، ئەوە دەکرێ وەزیر پێمان بڵێ کێ یە، ئەم خەڵکە کێیە کە نەوت بە قاچاغ دەبا و باسی ناکات، دیارە لەسەرووی وەزارەت و ئەوانەشەوەیە، ئێمە ناکرێ تا سەر هەر بڵێین بە قاچاغ دەڕوات و حەلیشمان پێ نەبێ و نەشزانین کێیە، باس لەگرانی کرا من دووبارەی ناکەمەوە، تەئیدی هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە باس لە هەرزانی دەکەن، چونکە بۆ هەموو کەس و بازرگانێك و سەرمایەدارێك بێ ئەمە بە دڵنیاییەوە هەرزان دەبێ، گران نابێ، بەلام ئەگەر بۆ تەنها یەك، دوو کۆمپانیای حزبی و، یەك، دوو سەرمایەداری تایبەت و ئەوانە بن، بە تەئکید گران دەبێ، بۆیە ئەم مەرجانەی دانراون هەموویان مەرجی زۆر تەعجیزین، بەڕاستی ناکرێ ئەم مەرجانە. دەکرێ هەموو هەڵگیرێن تەنها یەك مەرج بمێنێتەوە کە سەلامەتییە، سەلامەتی لەبەرچاو بگیرێ و ئەوانی دیکە، بەڵێ، پێنج سەد دینارەکە هەموو باسیان کرد با باسی نەکەمەوە، زۆر گرانە بە بەراورد بە دەخلی تاکی کورد، ئێمە ئەگەر باس لە بریتانیا بکەین کرێی یەك سەعاتی کرێکارێکی بەریتانی و موەزەفێکی بەریتانی هەشت لیتر بەنزین دەکات، کرێی یەك سەعات موەزەفی ئێمە چوار لیتر بەنزین دەکات، بۆ باسی بەریتانیا دەکەی و باسی ئەوێ دەکەی و، باسی ئەوێی نەکردووە، بەلام کە دەڵێ لە وڵاتی ئێمەدا هەرزانە، نەخێر گرانە بە بەراورد بە

دەخلی تاکو بە تاکی خەڵك، یەعنی موەزەفێك لە مانگێکدا سێ بەرمیل نەوتی پێ دەکڕدرێ، موەزەفێکی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەگەر بە ناوەندەکەی وەرگرین مووچەکەی ٣٠٠ هەزار بۆ ٤٠٠ هەزار دینارە، سێ بەرمیل نەوتی پێ دەکڕدرێ لە یەك مانگدا و کرێی یەك مانگی، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم قەت قەت ئەمە زیاد بکرێ و دەکرێ داوای هەرزانتری بکەین، دەکرێ پلانمان هەبێ بۆ ئەوەی بەڕاستی نەوتی ئەم هەرێمە و بەنزینی ئەم هەرێمە، سووتەمەنی ئەم هەرێمە و خەڵکی ئەم هەرێمە تێر بکات، نەك بەقەدەر ئەوەی کە باس لە گران بوونی بکەین، لە کاتێکدا ئێمە باس لە دەوڵەتی سەربەخۆ و ئەوانە دەکەین، پشتگیری لە قسەکانی کاك عادل عزیز دەکەم و دووبارەی ناکەمەوە لەسەر هێنانی سەیارە، بەتایبەتی هەشت پستن و ئەمانە، کە ئەمانە جیا لەوەی بەنزین سەرف دەکەن ژینگەش پیس دەکات، هەروەکو پلانمان بۆ سپلیت و ئەوانە بوو، لە ١٩٩٢ ەوە من گوێم لێیە لە بەڕێزان وەزیر و کاربەدەستان هەر دەڵێن دەبێ پلانمان هەبێ، ئێمە دەبێ پلانمان هەبێ بۆ چەند ساڵی داهاتوو، لە ١٩٩٢ ەوەوە تا ئێستا ئێمە پلانمان نەبووە، نازانم یەعنی کەی پلانمان دەبێ بۆ ئەوەی ئێمە وڵاتی خۆمان باش بکەین بۆ ئەوەی پێشی بخەین، پشتگیری لە د.عزت دەکەم ئەم وەزارەتەدەبێ پارە پەیدا بکات نەك قەیران دروست بکات، چونکە ئێمە دەبێ بە نەوت، نە کەرتی کشتوکاڵیمان برەو پێداوە و نازانم چی و چی ؟ ئێمە هەموو تەرکیزی ئەم وڵاتەی ئێمە، ئەو هەرێمەی ئێمە لەسەر نەوتە، بۆیە دەبێ ئەم نەوتە. ئەم هەرێمە بژیێنێ، نەك قەیران دروست بکات، بە پێی ئەو زانیاریانەی من هەمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، دیارە کۆمپانیا حزبییەکان کە هەموومان دەزانین لە هەموو جۆرە سەیارەیەکیان هەیە و بە ڕێژەیەکی زۆر زۆریشیان سەیارە هەیە، ئەم کۆمپانیا حزبیانە هەزار و یەك جۆر سەیارەیان هەیە وڕێژەی زۆر لە بەنزینخانەی تایبەت بە بێ ئەوەی سەرە بگرن و بە بێ ئەوەی کۆبۆنییان هەبێ، بە بێ ئەوەی هیچ شتێکیان هەبێ بەنزین وەردەگرن و کە ئەمە دەکرێ بەڵگەی تەواو دواتر دەست خەم بۆ ئەوەی ئەمانە بەشێکن لە بەهەدەردانی ئەم بەنزینە و گران بوونی بەنزین کە ئەمانە بەرژەوەندی تایبەتە، بەڵام لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی بەنزین کەم دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا حسن تۆ وتت زۆربەی قسەکانم کراوە، جا خۆ ئێستا لە هەمووی زیاتر قسەت کرد، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله وایە بەڕێز بڵێم چی، من پشتگیری بەڕێز علی حمە صالح دەکەم بۆ ئەوەی ئەم رەقەمە شینە زۆرانە، ئەوانیش بەڕاستی بەنزین زۆر بە هەدەر دەدەن و لە کاتێك دا جومعان دەیان بینین لە سەیرانگاکان دەسوڕێنەوە، لە کاتێك دا تۆ ٢٥ لیتر دەدەی بە هاووڵاتیان لە هەفتەیەك دا، بەڕێزم بەڕاستی هەموو باسی کەمییان کرد، ئەگەر یەکێك لە قەڵادزێ بیەوێ بچێتە سلێمانی نەخۆشێکی پێ بێ لە دوکان لێی دەبڕێ، ئەم ٢٥ لیترە زۆر زۆر کەمە، پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان دەکەم،

من پرسیارێکم لەبەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان هەیە، کە دەڵێم پشتیوانی لە قسەکەی کاك علی و کاك عمری حاجی عینایەتیش دەکەم، بە داتا و بە حیساب ڕوونیان کردەوە کە هەر سەیارەیەك ئەوەندی بەردەکەوێ، بەڵام من پێشنیار بۆ ئەوی دەکەم و پرسیاری لێ دەکەم با ئەو بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەو ٢٥ لیترە بە چ حیساباتێك و بە چ زەرب و تەقسیمێك ئەو ٢٥ لیترە دەدرێ بە خەڵك؟؟ لە کۆتایی دا من دوو، سێ پێشنیار دەکەم، یەك/ خاوەنی پێداویستی تایبەت کە ڕەنگە زیاتر لە خەڵکی ئێمەمانان پێویستیان بە بەنزین و بە سووتەمەنی هەیە، حسابی تایبەتیان بۆ بکرێت و هەر نا بەوە ڕێزیکان لێ بگیرێ، حکومەت و وەزارەت بەڕاستی زۆریان، یەعنی زۆر ئاساییە ........ ئەمە دیاردەیەکی ناشیرینە کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، حکومەت و وەزارەتەکان و هەتا هەموو دامودەزگاکان زۆر ئاساییە بچن لە بەنزینی تیجاری بکڕن جا بە هەزار و دووسەد و پەنجایە بە کەمتر یان بەچەندە، با ئەم بەنزینەش بچێتەوە لەگەڵ حیسەی هاووڵاتیان و بە پێنج سەد وەری بگرن، بۆیە خەڵکێکی زۆر و کارمەندێکی زۆر لەسەر حیسابی وەزارەتەکان وەری دەگرن بە پەرلەمانیشەوە ئەگەر بۆمان دابین بکەن، من پێشنیار دەکەم ئەوەی کاك انور باسی کرد پشتیوانی لێ دەکەم، چونکە هەیە، یەعنی شتێکیش ئەگەر هەبوو دەکرێ بڵێی هەیە، ......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

نییە کاك حسن، بەس تەنها یەك ڕۆژ بەنزین دابین کراوە، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم نەبێ، بۆ سەرجەم و کۆی وەزارەتەکانیش نەبێ، ئاخر پێشنیارم من تەئیدی قسەکەی مامۆستا غریب و کاك انور دەکەم، بەڵام من ناڵێم وەزیر دەست لەکاربکێشێتەوە، من دەڵێم لە هەر شوێنێك ئەگەر قەیران هەبوو ئەم وەزیرە پلان دادەنێ بۆ ئەم قەیرانە، ئەگەر توانی لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەری بکات باشە، ئەگەر نا دەکرێ زۆر ئاساییە ئەوپەڕی گەورەییە بۆ وەزیرێك کە بڵێ لەبەرئەوەی ئەو کێشەیەی پێ چارەسەر نەکرا من دەست لەکاردەکێشمەوە، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، قسەکانی من هەمووی کران، باسیان ناکەمەوە، هەروەکو پشتگیری دەرچوون بە بڕیارێکی، پشتگیری ڕەئیەکەی کاك عباس و کاك ئومێد دەکەم، بۆ هێنانی بەنزین کەمییەکەی کە ٢٥ لیترە لە ڕەقەمی ڕەش، پشتگیری قسەکانی د.فرست دەکەم، یەك خاڵ نەگوتراوە بە تەسەوری من ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی بەداخەوە زۆرێك لەو قەیرانانەی کە دروست دەبن بەشێك لە بەرپرسانمان موعامەلەیەکی تەندروستی لەگەڵ ناکەن، دەبێتە مایەی ئەوەی کە خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکرێت و

ببێتە مایەی نیگەرانی خەڵك و جەماوەر، بۆ نموونە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی بەنزین لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێکم لە بەرپرسان بینی کە هاتنە سەر خەت و قسەیان کرد بۆ خەڵك گوتیان ئەو قەیرانەی کە دروست بووە تەئسیر لە هەرێمی کوردستان ناکات، لەبەرئەوەی سەرجەمی ئەو بەنزینەی کە دێتە هەرێمی کوردستان لە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم دەهێندرێ، لەبەرئەوەی ئەو شەڕی داعش و ئەو شتانەی کە هەنە تەئسیر ناکات دڵنەواییەکی زۆریان دا بە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێچەوانەکەی دەرچوو، هیوادارم لە داهاتوو ئەو جۆرە تەصریحاتانە نەدرێن، بۆ ئەوەی کە لەگەڵ واقعەکە موعامەلە بکەین و بتوانین کە بەرگریەکی چاك بۆ خۆمان دابنێین و، دەربارەی وەڵامەکانی بەڕێز وەزیریش پشتگیری لە ڕەئیەکەی بەهار خان دەکەم دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی وزەو سەرچاوە سروشتییەکان دەکەم، خاڵێك هەیە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەی ئێستا بەردەوام بێت بەو مەرجانەی تێیدایە، ئەوە دەبێ چارەسەریەکی بکرێ بەڕاستی بۆ ئەو سەیارانە، من بەڕاستی دەمەوێ لەسەر قەزای کۆیە قسە بکەم، لە قەزای کۆیە زیاتر لە ٤ هەزار سەیارە لەلایەن کشتوکاڵەوە دابەش کراوە، یەعنی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان تەوزیع کراوە، ئەم مەرجێکی بۆ دانراوە، ئەم مەرجە تاوەکو ٥ ساڵ بەناو ناکرێ، یەعنی ئەوانەی کە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کراون، بەڵێ دوو برادەری تریش باسیان کرد، کۆمەڵێ سەیارەی تریش لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە دابەش کراوە، ئەوانەش سێ ساڵ مەرجیان بۆ دادەندرێ، ئەو کۆمەڵە سەیارەیە یەکجار زۆرن، یەعنی لە قەزای کۆیە ئەگەر قسەی لەسەر بکەم زیاتر لە ٤ هەزار سەیارە هەیە، لە ناحیەی تەق تەقیش خەڵکێکی یەکجار زۆر لە تەق تەق دادەنیشن، بەڵام وەکو ئەوە سەر بە کەرکووکە و زۆرترین پەیوەندیمان پێوە کراوە، برادەران زۆر باسیان کرد بەڵام دەمەوێ تەئکیدی لێ بکەمەوە، ملاحەزەیەکم هەبوو لەسەر وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، یەعنی لە کۆی قسەکانی جەختی لەسەر نرخی بەنزینەکە دەکردەوە، هیواردام ئەم بەنزینە نرخی لە ٥٠٠ دینار بەرز نەکرێتەوە، لەبەرئەوەی نەك ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەیارەن، بەڵکو خەڵك و هاووڵاتیش بەدەست کرێی سەیارەوە و زۆر لە سایەق و لەو کەسانەی کە پێویستیان بە بەنزینە زیاد کاریگەری و تەئسیری لەسەریان هەبووە، سەبارەت بە وەڵامەکانی بەڕێزیشیان بە گشتی منیش وەکو هاوڕێیانم موقنع نەبووم، هیوادارم وەڵامێکی دروستمان لەسەر ئەو پاڵاوگانەی کە سەد پاڵاوگەی نایاسایی هەیە، یەعنی وەڵامێکی دروستمان بداتەوە، هیوادارم کۆتایی ئەم دانیشتنەش بە کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی گونجاو بێ، لەڕابردوو ئەگەر باسی قەیرانی بەنزینیش نەکەین، قەیرانی کارەبا دەیان جار قسەی لەسەر کرا، سەدان جار قەوڵ بە خەڵك درا، لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوو، پێموایە

قەیرانی کارەبا بە ملیارد دیناری ئەو وڵاتەی بەهەدەر برد، ئەگەر قەیرانی بەنزینیش بەو شێوەیە بێ تەنها بەهەدەر بردنی سەروەت و سامانی خەڵکە، لە کۆتاییشدا دەڵێم ئەگەر ئەمەی ئێستاش دەکرێ بۆ پڕکردنەوە و کورتهێنانی بودجەیە، بۆ چارەسەر کردنی مووچەی فەرمانبەرانە، پێموایە ئەمە لە جیاتی چارەسەر کردنی قەیرانەکە قوڵتری دەکات، هیوادارم کە وەکو کورد گوتەنی چاکی مەکە با خراپ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك زانا ببوورە، ڕاستییەکەی ناوی جەنابت هەبوو، من بیرم چووە بیخوێنمەوە، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئامادەبوونی جەنابی وەزیر، لێرەوە دەست خۆشی لە لیژنەی پیشەسازی و وزە دەکەم بۆ ڕاپۆرتەکەیان، دیارە دروست بوونی قەیران چەند گرفت و لێکەوتەی خراپی هەیە، هەندێ شتی باشیشی هەیە لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە لە کاتی قەیرانەکان ئێمە هەندێ ئیعترافمان گوێ لێ دەبێ کە لە کاتی ئاسایی گوێمان لێی نابێ، یان هەندێ زانیاریمان دەست دەکەوێ کە لە کاتەکانی تر باس ناکرێ، بە تایبەتی لە مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، من خۆم و هەروەکو فراکسیۆنەکەشم پشتیوانی لە سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەرامبەر بە بەغدا، بەڵام ئەمەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد، ئێمە حیسەی خۆمان ١٣٪ ی کەلە ١٠٪ هاتووەو دوایی بووە بە ٥٪ و دوایی بووە بە ٣٪ زانیاریەکی زۆر تازەیە، یەعنی پێشتر ئەم بابەتە باس نەکراوە و ئەم گرفتە هەیە لەگەڵ حکومەتی عیراقی و ئەم فشارەش وەکو فشارەکانی تر لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە من ئەو بابەتە باس دەکەم، دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەنەوە، ئەگەر نووسراو هەیە هی وەزارەتی نەوتی عیراقی بۆ ئەوەی ئێمە ئەوانە ببینین و بزانین چۆن فشار کراوە، چۆن ئەو حەقە شەرعیەی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو وەزارەتەوە دەستی بەسەراگیراوە، چونکە ڕەئیەکیش هەیە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆی داوای کردووە کە نەوتی لە بێجی ناوێ لە شوێنی ترەوە بەنزین و نەوتی باشتر پەیدا دەکات، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بێ، لایەکی تری ئەم قەیرانە بەڕاستی ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە گەڵ دروست بوونی قەیرانی مووچە چاویان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بوو کە مووچەیان بۆ دابین بکات، بەڵام بەڕاستی ڕوونکردنەوەکانی وەزیر یەعنی خەڵکی بێ هیوا کرد، پێموایە لەمەودوا جۆرێك لە کارەساتیش دروست دەبێ، خەڵك کە پێی وابێ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەك ناتوانێ پارە پەیدا بکات، ناتوانی نەوتیش و بەنزینیش پەیدا بکات کە خۆی لەئەساسدا کارەکەی ئەوەیە، بۆیە ئومێد دەکەم بەڕاستی ڕوونکردنەوەی زیاتر و هیوای زیاتر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم قەیرانە بدرێ کە ئێمە لەبەردەم هەنگاوێکی گرنگ داین کە باسی ڕیفراندۆم دەکەین، یەعنی خەڵك ناتوانێ لەسەرەی بەنزینەوە بچێ بۆ ڕیفراندۆم، یەعنی ئەم پرسە پرسێکە پەیوەندی نەك بە لایەنی ئابووری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بەلایەنی

دەروونیشیانەوە هەیە، یەعنی سەیرکەن پەرلەمانتاران لەسەرەی قسە کردن چەند ماندوو بوون، جاوەرە ئەگەر لەسەرەی بەنزین بوەستن چەند هیلاك دەبی، مەسەلەیەکی تر هەیە کە پەیوەندی بە وەڵامەکانی جەنابی وەزیرەوە هەبوو، مەسەلەی سلێمانی کە بەداخەوە هەستم کرد زانیاری نییە لەسەر ئەوەی کە لە سلێمانی چی ڕوودەدات، قسەکان وابوو و هەتا چارەسەرەکانیش تەنها لەسەر مەسەلەی هەولێر و دهۆك بوو کە ئومێد دەکەم، ئەو مەسەلەیە وانەبێ، دەبووایە لەم قەیرانە جەنابی وەزیر سەردانی سلێمانیشی بکردایە و لەوێ لەگەڵیان دابنیشتایە بیزانیایە گرفتەکان لەوێ چییە، یەعنی قسەکان وەکو ئەوەی کاك ابوبکر گوتی جۆرێك لە مەسەلەی دوو ئیدارەیی پێوە دیار بوو کە ئومێد دەکەم ئەوە نەبێ، شتێکی تر هەیە کە گرنگە لەم مەسەلانە پێویستە بەڕاستی ڕاوێژ بکرێ، ناکرێ دوو کەس لەسەر پرسێك کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوەیە قەرار بدەن لە مەسەلەی ئەوەی چەند بەنزین وەرگرێ و چۆن وەری بگرێ، یەعنی ئەبووایە ڕاوێژ بکرایە، چونکە دیاری کردنی ئەو بڕە و ئەو سیستەمەی کە دیاری کراوە، پێموایە نرخەکەی ئەمانە هەمووی گرفتە، دەبووایە لەگەڵ خەڵکی موختەس ڕاوێژ بکرێ، مەسەلەی ژینگەو مەسەلەی هەژاری و ئەوانە دوو پرسن کە ڕێکخراوە گەورەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان پێوەی خەریکن، یەعنی ناکرێ بە زیاد کردنی ٥٠٠ دیناری پارە بۆ بەنزین وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بیەوێ مەسەلەی هەژاری و ژینگە لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، من پێموایە ئەوانە قەناعەتی بە من نەکرد وەك ئەندامی پەرلەمان، ئەوەی کە زۆر گرنگ بووە بە بڕوای من دەستکەوت بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە و ئەو بڕیارەی کە داویانە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە سوودی هەیە، کە هەمووومان لە سایەیا کۆدەکاتەوە بەیەکەوە بچین بۆ شوێنان و هاتووچۆ بکەین، من پێموایە بەس ئەوەیە، ئاخر قسەم ئەوەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتاران ئەوە بزانن گەلێکی ماندوو ناتوانێ دەوڵەت دروست بکات، بۆیە ئەگەر گەلەکەمان لەم ماندوویەتییە بە قەرار دەربهێنێ ئێستا ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لە پەرلەمانی کوردستان چەند بڕیار دراوە، ئومێد دەکەم لەم دانیشتنە بڕیار بدرێ و بە بڕیارەوە بچینە دەرەوە، نەك بە ڕاسپاردە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەین کە ڕوونکردنەوەکانی خۆی لەسەر قسە و پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بخاتەڕوو، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، تەبعەن زۆر پرسیار کرا، بەشێکی دووبارە و بەشێکی وەڵاممان داوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تر من مولەخەسی ئەمە ئەدەم، ئێمە بودجەمان بۆ نایەت لە عیراقەوە، خەتای کێیە و چۆنە؟، حەز دەکەن ئەوەش با خەتای من بێ، یان خەتای حکومەتەکەی مالیکییە، کەیفی خۆتانە، حکومەتی عیراق بڕیاری داوە موازەنەت بۆ نەنێرێ، ئێمەش تووشی قەیرانێکی دارایی بکات، ئەوەش هاتووەتە سەر ئەوەی کە

چیمان پێ دەکرێ، دەبێ حەل بدۆزینەوە بۆ ئەوە، ئەوە مەعاشاتی پێشمەرگە، پێش هەموو شتێك ٨٥٠ ملیار دینار مانگانە ئاسان نییە، کە هێشتا ئێمە تازە دەستمان کردووە بە تەسدیری نەوت، تا ئێستا چوار تەنکەرمان فرۆشتووە، کاتی ئەوێ، دەبێ تەحەمولمان هەبێ، ئاسان نییە، باشە، ئیستهلاکی ئێمە بەقەد تورکیا وایە، باسم کرد کە بۆ هەر شەخسێك، لەلایەکەوە دەڵێین فەقیر و هەژارین، داهاتمان کەمەو لەلایەکی ترەوە ئەو سەرفیاتە دەکەین، دەبێ تەوازون هەبێ لێرە، (٢) ملیار و (٧٥٠) دۆلار کە سەرف دەکەین، کە گازوایل دەکڕین بۆ کارەبا، یان ئەوەمان پێ دەکرێ یان مەعاشاتمان پێ ئەکرێ، یان دەعمی سووتەمەنییەکەیە، دەڵێ داهات چی بەسەر هات؟ ئێ داهاتەکە ئەوەیە کە باسم کرد، ئەو داهاتەی کە لە موشتەقاتەوە کە فرۆشتوومانە ئیزافەکە داهاتی بەنزینە هەرزانەکە و داهاتی گازوایلە هەرزانەکە ئەو شتە بۆتەوە بە داهاتێك کە بەکارمان هێناوە، چووینە گازوایلمان کڕیوە بۆ وەزارەتی کارەبا، ئەوە داهاتی نەوت نییە؟، ئەوە داهاتی مدەوەری با بڵێین مدەوەری موشتەقاتی نەوتە، ئەوە بەکارمان هێناوە، نابێ بە داهات بۆ حکومەت بەداخەوە لە موازەنە بەکاری بهێنێ، چونکە هەرچیمان کردووە لە مەسفاکاندا کەوتووتەوە ناوخۆ و بەکارمان هێناوە بۆ دەعم، داهاتی نەوت ئێستا دەستمان پێی کردووە، زۆر نییە؟ انشاءالله سەری ساڵ دەگەینە (٤٠٠) هەزار بەرمیل لەوانەیە زیاتریش بەشی موازەنەشمان دەکات لەهەمان کاتدا، چونکە دەستمان کردووە بە تەسدیری نەوت، بازاڕی جیهاتی بڕوامان پێ دەکات و قەرزمان دەداتێ، ئەگەینە ئەوێ ئاسانە، دەوڵەت دروست کردن ئاسان نییە تەبعەن، سەربەخۆیی ئاسان نییە، ئێوە پێشمەرگایەتیان کردووە من لە دەرەوە تەوەنووسم دەکرد، باسی ئەوە بکە تۆ بە ئاسانی نابێ، دەبێت تەزحیەیەکی تر بدەین لێرە، لەم ڕێگایەوە دەبێ بگەینە نەتیجە ئەبێ هەموو بەیەکەوە بە یەك دەنگ مقاوەمەی ئەم شەڕە بکەین کە بەغدا ئێمەی تووش کردووە، ئەگینا چونکە زەحمەتە دەبێ خۆمان تەسلیمی بەغدا بکەین، دەنگی لێ بدە، ناگرێ میللەتیش قبوڵی ناکات، بەڵام بابێینە سەر حەقیقەت، من حەز لە کۆبۆن دەکەم؟ ناوەڵلا ڕقم لێیەتی، من پێم وتن کۆبۆن هەر دژی بووم، لە ئەساسەوە خۆم دژی بووم برادەران بپرسن لە کۆبوونەوەکان من وتم سەر ناگرێ، من لە بیدایەتەوە من خۆم لام برد کە ئێمەی تووشی گەندەڵی دەکرد، کە هەرزانە تووشی مەشاکل دەبێ، ئێستا دەڵێم ئەو کۆبۆنە کە دامان ناوە وتمان موەقەتە هەر بۆ دوو مانگە و لەوە تێ ناپەڕێ، تاوەکو حەلێکی تازە بدۆزینەوە، تەحەمولمان نییە، منیش تەحەمولم نەماوە بەڕاستی، چونکە لەوانەیە هەر کێشەمان بۆ دروست بکات، ئێستا ئێمە لە شارە گەورەکان دەستمان پێ کردووە، هەڵەبجە نەکراوە، گەرمیان نەکراوە، زۆر ماوە، حەلی بەدیل ئەوەیە بەڕاستی من پرسیم لە پێنج، شەش لە بەڕێزان کە حەلی وەسەت بدۆزینەوە، ئەگەر ئەوەتان دەوێ ڕاستە ئێمە سێ و دووسەدمان هەیە، لەوانەیە سێ و دووسەدی تریشمان هەبێ، پێویستە بۆ تیجاری، ئەوە دەکرێ بە بازرگانی بیکڕین، باسی سیعرەکە دەکەین چەندە، ئەو دووە وەرگرە و تەقسیمی دووی بکە، تاوەکو کۆبۆن هەر نەمێنێ، بەڵام دەبێ حکومەت ئەوەی دەرەوە بکڕێ و دەبێ دەعمی ئەوەش بکات، لەوانەیە کولفەکە لەسەر حکومەت عەینی ژمارە بێ، بەڵام ئاسانترە کۆبۆن دەمێنێ و نە شەڕ دەبێ و لەسەر ئەوە، بەنزین زۆر دەبێ لە بازاڕ و

موشکیلەمان کەم دەبێتەوە، من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی من پێم خۆش بوو ببیستم، بەڵام ئەگەر بە دڵتانە و دەنگی لێ بدەن تاوەکو بڕیارێك بدەن ئەچم تەنفیزی دەکەم، بە برادەرانی خۆم لە رەئیسی وزەرا و لیژنەکە دەڵێم دەنگم لەگەڵ ئێوەیە، بەڵام ئەگەر دەمانەوێ پێنج سەد بمێنێ، من دەبێ ئیتجاهێکی ترم هەبێ بۆ تیجاری، چونکە بەش ناکات، تیجاریەکە ناتوانم بکەمە (٥٠٠)، پارەم نییە، دەنگی لێ بدەن هەمووی بکەن بە ٥٠٠، بەڵام لەمن وەری گرن ناتوانین مەعاشات بدەین، ئاخر دەبێ تەوازونێ دانێن کە کامەمان پێ دەکرێ؟ ئەمری واقع ئەوەیە مەسئولیەتی هەمووتانە، مەسئولیەتی ئەم وەزیرە نییە بە تەنها، ئیستقالەکەم ئەوەتا فەرموو کەی ئەتەوێ لە خزمەتتانە، من پێویستم بەم ئیشە هەر نەبووە، ماڵی خۆم وێران کردووە و هاتوومەتەوە ئێرە، من خزمەتی ئێوە دەکەم، کەی میللەت بەدڵی نییە حازرم، لە رەئیسی وزەرا بپرسن من ئەمجارە وتم ئەم ئیشەم ناوێ، وتی نەخێر ئەمە ماوە دەبێ تەواوی بکەی و ئەو شەڕەمان کردووە و بێ تۆ نایکەین، بەڕێزان بەزووترین کات زەلامێك بدۆزنەوە ئەم ئیشەی من بکات من خۆم دەنگی بۆ دەدەم، قورسە، ئاسان نییە، موشکیلەم نییە لەسەر مەنسەب و ئەو شتانە، پێم مەڵێ وەزیر، من خزمەتکاری ئێوەم، موشکیلەم نییە لەسەر ئەوە، بەڵام ئیشێکی قورسمان لەبەردەمە شارەزاییەکی دەوێ لە خزمەت ئێوەدا، تکایە گوێی لێ بگرن، با هەموومان بەیەکەوە بگەینە نەتیجە کە سەرمان بەرز بکەینەوە، ڕاستە و دووبارەی دەکەمەوە وڵات دروست کردن، سەربەخۆیی ئاسان نییە، ئێمە یەکسەر تەسلیمی ئەوە بکەن هەمووی دەچێتەوە سەر مەرکەزی، ناتوانین بەو شێوەیە بکەین، با بێینە سەر سیعر، من هەفتەیەکە لەگەڵ کاك نجم الدین کریم قسە دەکەم لە کەرکووك، چونکە من تەوەقوعی ئەوەم کردووە، ئەویش تووشی عەینی موشکیلە دەبێ، ئەگەر ئەم مەسەلەی داعش و بەزم و ڕەزمە بەردەوام بێ لەوانەشە بەردەوام بێ، ئەوە کە من لە مستەوایەکی نزمە من دەیزانم، باشە ئایا بەغدا مەعاشاتی کەرکووك دەنێرێ، چونکە ئێمە وتوومانە کوردستانییە، نازانین چی دەبێ، ئەوەش دەبێ بە کێشە بۆمان، ئەو ئێستا بەنزینی کەم بووەتەوە، بەغدا بۆی دەنێرێ یان نانێرێ بەنزینی نەماوە؟ کاتەکەی تەواو، وەکو پارێزگا بڕیاریان داوە هەمووی دەبێتە تیجاری، نازانم تەمییز کراوە یان نا؟، دەبێ بە تیجاری و ئەوانیش باسی عەینی سیعر دەکەن و ئێمە هەر کۆبۆنیشیان نییە ئەوان، باسی ئەوە دەکەن کە هەمووی ببێ بە تیجاری و بە (١٢٥٠)، لە موسڵ (٣) دۆلارە، ئاخر دەبێ ئێمە سەیری دەوروپشتمان بکەین، خۆ ئەوە نییە کەئەنەما هیچ ڕووی نەداوە و خۆمان بشارینەوە، شتەکە وایە و ئەمری واقیعە کە موشکیلەمان هەیە و دەبێ تەوازونێ بدۆزینەوە بۆئەم کارە، تەوحیدی نرخەکە من لەگەڵی دام ئەگەر ئەو ژمارەیە حسابی بکەین (٩٠٠) ەکە تەقریبەن ڕاستە، (٩٠٠) مان پێ نادرێ با بە (٨٥٠) دەست پێ بکەین، بەڵام با بڵێین موەقەتە و دوو مانگی تر حکومەت موراجەعەی دەکاتەوە، لەوانەیە کەمی بکەینەوە، لەوانەیە بەرزی بکەینەوە، بەبڕیاری هەموومان، ئێمە بڕیار نادەین، من پێشنیار دەهێنم بەڵام بە داتا و حەقائیق، با بێینەوە سەر ئەو ژمارە خۆشە کە کاك علی و برادەران باسیان کرد، من باسی سێ و دووسەدم کرد کە دەعم بکرێ، ئێوە باسی (٦) دەکەن، لەبەرئەوە ژمارەکە زەربی بکە دەبێ بە دوو قات، من لە (٢٥) ەکە باسی

(٧٠٠) سەیاردم کردووە، (٦٠٠) حەقیقی تەکسی و پاس دوو قات وەردەگریٚ، کەواتـە دەبیٚ بـە (٧٠٠)، ئەگـەر سیٚ و دووسەد تەقسیمی (٧٠٠) ی بکەی بە (٢٥) لتر بزەبت دەردەچیٚ، کورت و موختەسەر(٢) ملیۆن و نیوم هەیە بۆ ئەوە، (٧٠٠) مان وتـووە بـۆ پیٚشمەرگە ئـەوەمان حساب نـەکردووە، (٢) ملیـۆن و نیـو بـۆ هەفتانـە زەربی (٧) ی بکە و تەقسیمی (٧٠٠) ی بکە، چونکە تەکسی دوو قات وەردەگریٚ، بزەبت (٢٥) لیتر دەردەچیٚ، ژمارەکانمان عەینی شتە، تۆ تەقسیمەکەت لە ژمارەیەکە و منیش لەسەر هینەکە، حەقیقەت ئەوەیە، جا با سوئی تەفاهوم نەبیٚ لەسەر ئەوە، دروست کردنی مەسفا، بەلیٚ ئیٚمە کردوومانە و ئیٚمە ئـەم مەسفایانەمان باشـە، دوو مەسـفامان کـردووە تاقـەی (٢١٥) یـە، بـەلاّم تاقـەی حـەقیقی (١٨٠) یـە، مەرحەلـەی (١٨٠) یەکـە هیٚشتا تەواو نەبووە و بەرەو تەواو بوونە، دوو مەسفای ترمـان کـردووە کـە ئـەویش دەبـیٚ بـە (٤٠٠) هـەزار بەرمیل، وەختی دەویٚ مەسفا دروست کردن ئاسان نییە، باشە گلەیی دەکەی کە تۆ هەر (١٨٠) پیٚکراوە، یـان (١١٥) ت پیٚکراوە، باشە ئەو عیراقە زەبەلاحە بە موازەنەکەیەوە یەك مەسـفای کـردووە لـەم حـەوت سالّەی، نا!!! تۆ بە موقارەنە ئیش بکە، عیراق هیچی نـەکردووە، هـەر مەسـفا کۆنەکـەی بیٚجیـە و مەسـفا کۆنەکـەی دۆرەیـە و عـەینی شـتە، لەبەرئـەوە ئیٚمـە عەلـەل ئەقـەل تەقـەدومیٚکمان کـردووە، مەسـفایەکی کـەم لـە ماوەیەکی کەمدا، بەلاّم ئایا بەش دەکات؟ نەخیٚر نایکات، من وتم حەلی ترمان داناوە، سیٚ مەسـفای بـچووك بۆ کۆندەیسەی، یەکیٚکیان لەوانەیە دەست بکات بـە ئـیش ئـەم هەفتەیـە، نـازانم خـەریکی فەحسین ئیٚمـە، ئەوە ملیۆن و نیویٚکمان دەداتیٚ ئەگەر ڕاست بیٚ، دووانی تر عەینی شت لەوانەیـە (٩) مـانگ بـیٚ، گـەورەکان کە تەتەور دەکەن دوو سالّی دەویٚ، یەعنی مەسـفای زەبـەلاح لەوانەیـە (٥ تـا ٦) سـالّی بـویٚ، خـەلّك دانیـشیٚ دوو سالّ هەر دیزاینی بۆ دەکات، مەسفا ئاسان نییە، با بیٚینـە سـەر تـۆپیٚن پلانتـەکان ئـەوەی پیٚـی دەلیٚین مەسفای بچووك، ئەوانە قوربان، بەڕیٚزان مەسفا نین، ئەمانە وەکو گوتم، باسم کرد، بەنزین دروست ناکەن، نەوتی سپی دروست ناکەن، بە کەلکی ئیٚمـە نایـەن، فەقـەت لـە کـاتی تـەنگاوەدا نـەختیٚ گازوایلمـان دەداتیٚ باشە بۆ کارەبا، نەختیٚ هەرزانتر دەیکرین، هەر گازوایلەکەیە بەڕاستی بە کەلّك دیٚت، بەلاّم نەوتی ڕەشـیش جاروبـار ئـالّوگۆڕ پـیٚ دەکـەن و تیجارەتی پـیٚ دەکـەن، بـەلاّم بەنیـسبەت ئیٚمـەوە، فەقـەت بازاڕەکـەی هـین کردووە، ماندووی کردووە و جاروباریش هاوکار بووە، یەکیٚکیان مۆلّەتی نییە، لەوانەیە دە لەوانە بە کەلّکی شتیٚ نایەن، لەوە زیاتر نییە، کە فەحسمان کردووە، باقیەکەی وەکو گوتم هەر نامیٚنیٚ کە تەسدیر و نـەوت هەمووی چوو بۆ دەرەوە بە بۆڕی، ئەمانە بازاڕیـان نـامیٚنیٚ، بەکـەلّك نایـەن، ئایا ئیٚمـە تـەعامولیان لەگـەلّ دەکەین؟ نـا واللە، بـەلاّم مـەجبورین جاروبـار داخلی مەسـەلەن نـەختیٚ نـەوتیان پـیٚ بفرۆشـین، بـۆ ئـەوەی نەختیٚ گازوایلمان بۆ بیٚتەوە، ئالّوگۆڕ دەکەین بەوە، بەلاّم شتەکە گـەورە نییـە و ناشی کـەین و ئیعترافیـان پیٚ ناکەین، بە هیچ شیٚوەیەك بە مەسفا حیساب نـاکریٚن، انـشاءلله حـەلی خۆیـان دەدۆزنـەوە، چـی و چـی، بەس مۆلّەتم بەکەس نەداوە، ئەمانە درابوون پیٚش ئەوەی من بیٚمەوە کوردستان، ئەمە سیاسەتی وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان نەبووە، سیاستی حکومەتی هەریٚمیش نەبووە، یەعنی زۆربـەی هـەر وایـە کوردسـتان وابووە و بەو شیٚوەیە هاتووەتە بازاڕەوە، باسی نرخەکە کرا، ئایا ئەگەر هاتو بمانەویٚ تەوحیدی نرخەکـەی

بكەین، خۆ پێش ئەوە (٨٥٠) بوو تەقریبەن بێجی، ئێمە کردمان بە ٥٠٠، دەعمەکە (٣٥٠) بوو، دەعمی حەقیقی کە حکومەت دەعمی میللەتی دەکرد (٣٥٠) دینار بوو بۆلیترێك، ئێستا ئەگەر (١٢٥٠) یەکە ڕاست بێ بە (٩٠٠) بیفرۆشی تەوحید هەر دەگاتە (٣٥٠)، حسابێکی تری بۆ بکەی، ئایا (١٢٥٠) یەکە ئەساسەن ڕاستە؟ پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوە، دەڵێ بۆچی لە تورکیا ئەیهێنی کە (٣) دۆلارە بۆچی لە ئێران نایهێنی کە (٧٥٠) یە، بەڕێزم ئەیهێنم، بەڵام ئایا ئێران ڕێگە دەدات مەدعومی خۆی بدات بە من بە (٧٥٠)، هەروەکو هینەکەی من وایە کە باسی (٥٠٠) مەکەم نامەوێ قاچاخچی بیباتە دەرەوە، ئەویش تەبعەن نایهەوێ بیهێنێتە کوردستان بە (٧٥٠)، نا ئێران ئێمە فەقەت بۆ ترانزێت بەکاری دەهێنین، ئێران دەبێ من بچم لە ئازەربایجان و لە بەحرین و نازانم لە کوێ بیکڕم بە سیعری بازاڕ کە (٧٠١٠٠) دۆلارە بۆ تەنێك، لەڕێگەی ترانزێتەوە، ئەویش زەریبەیەکم لەسەر دادەنێ لە حدود ئینجا دەبێ بێتە کوردستانەوە، ئەگەر حەق و حیسابی ئەوە بکەی دەگاتە (١١٢٥و ٥٠) دۆلار بۆ لیترێك، بابێینەوە سەر حیسابێکی تر کە کرا و دەڵێ، چەند برادەرێك هینێکیان دا بەمن دەڵێ لە سیعری پێش زەریبە لە بریتانیا و نەمسا و ئەڵمانیا تەقریبەن (٦٥) پۆینت دەبێ یەعنی یۆرۆ، تەقریبەن ئەوە ژمارەکە لەسەر ئەنتەرنێتە هی من نییە، ئەمە، ئەوە پێش زەریبە، دوای زەریبە دوو قاتە، بە زەریبە حیسابی بکەین، چونکە ئێمە زەریبەمان هەیە، (٦٥) مەکە تەقریبەن دەکاتە (٠,٨٥) دۆلار، زەربی (١٢٢٠) ی بکە دەگاتە شتێکی تر، (١٦٠) دۆلاری بخەرە سەر بۆ نەقڵەکەی، چونکە ئەو کولفە کە باسی دەکەین لەسەر بەحرە، ئەو وڵاتانەی کە دەیکڕن لەسەر بەحرن، من دەبێ هاتوچۆکەی بدەم، خۆ بە بەلاش نایەتە ئێرە، سیعرەکە دەبێتە ئەو سیعرە کە باسمان کرد، ئینجا ئەگەر کوالیتیەکە بێنینە خوارەوە، بەڵام کوالیتی وا لە دەرەوە بیهێنین، لەوانەیە بیکەینە (١٠٠٠) دۆلار، بەڵام ئەو کوالیتیە لە کوێ دەهێنین، ئاسان نیە کواڵتی خراپ بکڕی لە دەرەوە، دەرگا دەکەیتەوە لێرە یاری پێ بکەن و نەفتەکە تێکەڵ بکەن، برادەران باسیان کرد، ئەگەر بۆ ئەوەی سەرئێشەکەمان کەم ببێتەوە و ئەقەلەن و موەقەتەن، یا بەردەوام بین بزانین دەگەینە کوێ؟ هەر وتوومە ئەمە موەقەتە، هەوڵ دەدەین بۆ سیستمێکی تازە لەماوەی دوو مانگدا، یان ئەوەتا ئێستا با بڕیاری لەسەر بدەین، ژمارەی ناوەڕاست کە ئەندامانی بەڕێز پێشنیاریان کرد کە بیکەن، بە نیسبەت منەوە (٩٠٠)مەعقولە، (٨٥٠) یش لەوانەیە دەست پێ بکەین، بە (٨٠٠) دەست پێ بکە، بابێینەوە بۆ پەرلەمان بۆ دوو مانگ تەحەمولی ئەوەمان هەیە، بەڵام ئێستا یان ئەمە یان ئەوە، ناتوانین سیستەمەکە یان بگۆڕین کە ئێستا لە ناوەڕاستی تەنفیز کردن داین، یان ئەتوانین بڵێین وازی لێ بێنە با هەمووی ئەو ژمارەیەی ناوەڕاست بێ، بەڵام قابیلە بۆ موراجەعە دوای دوو مانگ بزانین چیمان پێ دەکرێ؟ بەڕێزان من نامەوێ بچمە ناوەڕۆکی پرسیارەکان کە دووبارە بوون بەعزێکیان، مولاحەزاتی خۆم بۆ ئەو (٢) ملیۆن (٧٥٠) کە گوتم سووتەمەنی گازوایلی کارەبایە، ماعەدا غازەکە، بەڕێزان ئەوە (٥٠٠) ی بۆ کەرکووکە، باشە لێی بڕم؟ دوو مەحەتەی، دوو وەحدەی کارەبا بۆ کەرکوك ئیش دەکات کە ئێمە سووتەمەنییەکەی دەدەین، وەحدەیەکی بۆ موسڵە، کە دەڵێی موسڵ بۆ ئەو ناوچانە بوو کە کوردستانین بەڕاستی، کارەبایەکەیان لەڕێگەی موسڵەوە بۆ دەهات ئێستا هاتوونەتە سەر

خۆمان هەر دەبێ بیدەین، ئێمە ئەو زەربیەشمان لەسەرە، ئەم وەزارەتە چۆنە، ئەم کێشەیە حەل کرا، ئێستا پێشمەرگەش هاتووەو دەڵێ پێویستمان بەوەیە و پێویستمان بەوەیە و نەختێ پارەمان بۆ ئامادە بکەن، ئاسان نییە، دەبێ هاوکاری ئەوەمان بێ، دەبێ شتێ کەم بیکەینەوە وشتێ زیاد بکەین، وەکو شتێ هەیە پێی دەڵێن (ماس بەلانس) ناتوانی هینی بکەی، لەوە زیاتر نییە، هینی بکەی دەتەقێتەوە، هەمووی خراپ دەردەچێ، بەڕێزان من ئەوەی کە تێی گەیشتم زۆر سوپاستان دەکەم، کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو دەست خۆشی لە هەمووتان دەکەم، ئەوانەشی کە گوتیان وازبێنە، هیچ موشکیلەم نییە لەسەری، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ بڕیارێکی ئاسان بدەین، با بەیەکەوە بڕیار بدەین سیعرێکی وەسیت وەربگرن با شتەکە بڕوات بە ئاسانی، با برا لەگەڵ برا شەڕ نەکات، با خزمێ لەگەڵ خزمێ شەڕ نەکات، با سلێمانی و هەولێر نەبێ، من شەرمەزارم ئەوە تەفسیری وابکرێ بۆ شت، من خۆم سلێمانیم، خۆم هەڵەبجەییم، خۆم هەورامیم، چۆن شتی وام پێ ئەڵێی!!، ئەوە وڵاتی خۆمە، بەڵام من کوردستانیم پێش هەموو شتێك، جا ئێمە باسی جیاوازی سلێمانی و هەولێرمان نەکردووە قەت قەت موستەحیلە کەس ئەوە بە من بکات وەکو کوردێك و وەکو هەورامییەك و وەکو بێ لایەن خۆم حیساب دەکەم، ئەوە سیاسەتی من نەبووە، دەڵێ بۆچی سەردانت نەکردووە، بریکاری من دوو ڕۆژە لەوێیە، مودیر عامێکم لەوێ داناوە، وەفدێکم ناردووە بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە لە سلێمانی دانیشتوون، کردوومانە بەڕێزان، هەموومان کردووە و ئالیەتمان بۆ داناوە، لە خزمەتی دابووین،لەسەر تەلەفۆنم شەو و ڕۆژ لەگەڵیانا، دەڵێ ئەم وەزارەتە هەر دەبێ داهات بێنێ، هێناومانە بەقوربان، وەزارەتێکی تازەیە هێشتا تەسدیرمان دەست نەکەوتووە، داهاتی ئێمە تەقریبەن بەبێ شیرینییەکان کە ئێوە باسی دەکەن، باسی ئەم داهاتە هی موشتەقاتە، کە وتمان (٦) ترلیۆن و نیوە، کە بەم شێوەیە سەرف کراوە، دەڵێ دیار نییە، کتێبەکەم تەوزیع کردووە هەموو تەفاسیلمان داوە بە پەرلەمان، تکاتان لێ دەکەم بیخوێننەوە یەك دۆلار نەشاردراوەتەوە، هەمووی هەیە، ئاخر کە بە من دەڵێی شەفاف نییە و دیار نییە، خۆت ئیتهامی خۆشت دەکەی، ئیتهامی وەزارەتی خۆت، ئەگەر ڕاستە حکومەتەکە لابە، بەڵام کە دەڵێی ئێمە شەفاف نین، سیلاح بە دوژمنی خۆت دەدەی، دەڵێن خۆیان و پەرلەمانی خۆیان دەڵێن شەفاف نییە، لەبەرئەوە حەق نییە ئیدارەی نەوتی خۆی بکا، لەبەرئەوەی موستەحەق نییە، موستەحەقیش نییە کە دەوڵەتی خۆی هەبێ، بەڕێزان کە ئیتهامێ دەکەین دەبێ بنەمایەك هەبێ، داتایەك بپێکیەوە، مەعلوماتێك هەبێ، موستەمسەکێ هەبێ، تکاتان لێ دەکەم و هیوادارم کە روحی تەعاون و ئەو شتەی کە ئێمە یەك حکومەتین و هەموومان بەیەکەوەین مەسئولیەتمان بەیەکەوەیە، لەسەر شانی هەموومانە بەو شێوەیە قسە بکەین لەگەڵ یەکتری و سوپاستان دەکەم، من حەز دەکەم بەو بڕیارەوە دەربچین ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بیدات بە دەنگدان من لەگەڵیدام، خۆتان بڕیار بدەن و دوایی پێمان بڵێن ئەگەر نا ئێمە سیستەمێکمان داناوە ناتوانین هەڵی وەشێنینەوە، سیستەمە کۆنەکەی کۆبۆن، خوشکێك وتی بۆ بەکارمان نەهێنا، زۆر خەڵك هەیە فرێی داوە، نەماوە، ناتوانین بە سیستەمێك سالێکە وازمان لێ هێناوە بڵێی ئەو کۆبۆنە بەکاربێنە، مەجبورین کۆبۆنی تازە تەوزیع بکەین،

ئەوەش کێشەی هەیە و تەوزیعی کۆبۆن ئاسان نییە، تەوزیعی کۆبۆن هەفتانە و چەند مانگێکی دەوێ، ئێمە خستوومانەتە چەند ڕۆژێکەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەست خۆش بەڕێز ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان، جگە لەوەی نرخ ئەوەی بەرپرسیارەیتی خۆتانە لە حکومەت و لیژنەی باڵای وزە کە بڕیار لەسەر نرخ بدەن، ئەو ڕاسپاردانەی تر کە نووسیوتانە و لیژنەکە نووسیویەتی تکایە ئەوە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی وەکو ڕاسپاردەی ئەم کۆبوونەوەیە لێی دەرچێ، هەر شتێکیش لەلایەن وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە وەڵام نەدراوەتەوە دەتوانن وەکو پرسیار ئاراستەی بکەن، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاتووین بڕیار بدەین، نەهاتووین ڕاسپاردە بدەین، یەعنی پەرلەمان شوێنی بڕیاردانە و دەرکردنی یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ وەکو بڕیارە، کاک سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابی وەزیر تەرحی کرد کە ئامادەیە نرخەکە موەحەد بکات و ئەو دەعمەی کە وەزارەت دەتوانێ بیکات لەگەڵ ئەوە بۆ ئەم دۆخە کە بۆ دوو مانگە من بە گونجاوی دەزانم و بەمە لێی دەربچین و ئەو قەیرانە تا ڕادەیەك دەتوانین لێی بچینە پێشەوە بەرەو هەنگاوی ئیجابی سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان وایە هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ خەڵك چاوەڕێیە، ئێمە نزیکەی ٧ سەعاتە کۆبووینەوە، بە ئەنجامێك بۆ خەڵك دەربچێ، بەڵام دەبێ نەکەوینە هەڵەیەکی قانونی، بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی کە باس کرا، بڕیاری پەرلەمان شتێکە و ڕاسپاردە شتێکی ترە، بەڵام لێرە ئەوەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە لەگەڵ بەشێك لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە کە ڕەئی ئەو ئەندامانە بووە، ئەگەر وەزیر هەر خودی ئەو داواکاریەیە کە کۆبۆن خراپە و ١٤٠ بگرێتەوە و ئەمانە، بەڵێن بدات کە ئەم ڕێنماییانە چاك دەکات و نرخەکە دەگۆڕێ ئەوا ئەو کاتە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری خۆمان خستەڕوو، پێموایە بە پێی ئەوەش کە پێی دەوترێ پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وا باش نییە بیکەینە عورفێك لێرە پەرلەمان بڕیار بدات و بە بێ ئەوەی تەفاسیلی حکومەت و ئەنجومەنێك کە هەیە هی نەوت و گاز کە پێشتر باسیان کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم مەسەلەیە بخرێتە بەردەم حکومەت بۆ ئەوەی ئەوان لەچەند ڕۆژی داهاتوو، دوو ڕۆژی داهاتوو، وەڵامی پەرلەمانی کوردستان بدەنەوە، بەڵام پێموایە بە بێ دیراسە کردن لە ئێستاوە ئێمە قەرار بدەین لەوانەیە خۆمان وەکو پەرلەمان بکەوینە ناو هەڵەیەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم باشترین مەرجەع بۆ پەرلەمان، حەوت سەعات بەشی ئەوە دەکات، چونکە بڕوا ناکەم هیچ ئیجتماعێك حەوت سەعات بخایەنێ بۆ ئەو بڕیارانە، سەد کەس، هەموو برادەران موناقەشەیان کردووە، دەکرێ مادام وەزیر خۆی کە شارەزایە لەو مەوزوعە ئەو ئالیەتەی دۆزیەوە لەو فەترە کورتەی کە دانیشتووە لێرە بڵێت ئەو سیعرە ببێتە خاڵێکی ناوەڕاست بڵێین کە گوتی ٨٠٠ چ دەکرێ ئەگەر ئەو پێشنیارەی وەزیر ئێمە ڕەزامەندی لەسەر بدەین بۆ ئەو دوو مانگەی کە کاك سۆران گوتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕووی یاساییەوە ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئێستا دەنگدان وەکو پەرلەمانتاران لەسەر تەحدید کردنی نرخی بەنزین بدەین، مەسەلەی تەحدید کردنی نرخی بەنزین لە سەلاحیەتی ئێمە نییە، بۆمان نییە بە هیچ شێوەیەك بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەمە بکەین دەکەوینە هەڵەیەکی یاساییەوە کە هیچ خولێکی پەرلەمان شتی وای تیا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەم من داوا دەکەم هەندێك مەسەلە هەیە وەکو مەبدەئێك جێگیر بکرێ، ئەویش دەکرێ لەڕێگەی ئەوەی کە بەشێك لەو پێشنیارانەی کە ئێمە کردمان شایەنی ئەوەیە کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ نموونە ئێستا بەڵێن بدات ئەو کەسانەی کە فۆرمی ١٤٠ یان هەیە یان بڵێین بایعەکانیان ١٤٠ە مەسەلەی تازە نەکردنەوەی سەنەوی نەکرێ بە مەرجێك

بۆ خەڵك، چونكە تازە كردنەوەی سەنەوی وەختی ئەوێ، ئەو مەسەلانە، یەعنی مەسەلەی مەبدەئێك جێگیر بكەین، بكرێ بە بەڵێن، بەڵام دەنگدان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ زانینتان ئەو ڕاسپاردانەی كە چەند كەسێك نووسیومانە زانیمان نابێ بە بڕیار، بەڵام هاتین وەزعی بودجەكەمان دیراسە كرد كە ئەمە نەبێ بە هۆی ئەوەی حكومەت مووچەی فەرمانبەران نەدات، ببێ بەوەی زۆرترین خەڵك لێی سوودمەند بێ، كۆمەڵێ خاڵی تیایە ڕێگر دەبێ لەوەی كە بەنزین بۆ ناوچەكانی تر بڕوات، بۆیە پێمان وایە ئەو ڕاسپاردانە ئێمە ناڵێین بكرێت بە بڕیار دەزانین ئێمە مافی بڕیاردانمان نییە، بەڵام پێشنیارمان كردووە بۆ وەزیر بۆ ئەوەی پەسەندی بكات، تكا دەكەم ئاگاداری كاتیش بن، چونكە ئەوە بانگی مەغریبی دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

دوا نوقتەی نیزامی كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەس ناتوانێ نكۆڵی ئەوە بكات، مەسەلەیەكی قانونی نییە ناتوانین پەرلەمان سیعری بەنزین دیاری بكات، بەڵام قەیرانێكە ٧ سەعاتە قسەی دەبارە دەكرێ، چەند ڕۆژە خەڵكی هەرێمی كوردستان پێوەی نیگەرانە، هەموومان خەڵكی هەرێمی كوردستان دەزانین چاوەڕوانی ئەوەن ئەمرۆ لە پەرلەمانی كوردستان دوای ٧ سەعات، دوای ئەو هەموو ڕوونكرنەوە و جەدەلە چاوەڕوانی ئەنجامێك دەكات، ئەنجامەكان بریتیە لەو ڕاسپاردانەی كە پێشتر بە وەزیر دراوە و وەزیر دەكرێ ئێستا لێرە ئەوە ڕابگەیەنێ كە بەڵێ ماددەی ١٤٠ و سیعرێكی مەحدود و یەكخستنەوەی هەردوو بەنزینی حكومی و ئەهلی، هەموو ئەوانەی كە لە چوارچێوەی ئەو گوتنانەی لە بەیانیەوە قسەی دەربارەوە دەكرێ لە مەساڵحی خەڵكی كوردستان بێت، دوو ڕۆژی دیكە، سبەی یان دوو سبەی حكومەت تەعلیماتەكانی خۆی دەربكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

با كورتی بكەینەوە قسەكانمان لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی كە ئەمرۆ لە پەرلەمانی كوردستان ئەنجام درا، بەشێكی زۆر لەو بیروبۆچوونانەی هەیە، بیروبۆچوونی زۆر دروست بوون، بۆیە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بڕیاری داوە بە بەشێك لە ڕێنماییەكانی خۆیدا بچێتەوە، سەبارەت بە نرخیش دیسانەوە ڕەنگە ئەوان هەندێ بڕیاری تازەیان هەبێ، بیروبۆچوونەكانی ئێوە ڕەنگ دەداتەوە لەو ڕێنماییانەی كە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان دەری كردووە، پیا دەچێتەوە، بۆیە ئێستا با بەڕێز وەزیری سامانە

سروشتییەکان کورتەی ئەو بیروبۆچوونانەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کردووە و ئەو دەیکاتە بڕیار لای خۆی، بیخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێنین دوو ئیختیارم هەیە، تەوحیدی سیاغەکە شتێکی تازە نییە، ئێمە لە لیژنە زۆر باسمان کردووە، من بەڕاستی خۆم وەکو شەخسی خۆم حەز ناکەم بڵێم من وابووم و ئەوانی تر وابوون، شەخسی خۆم دژی ئەو دوو سیعرە بووم، من تەوەقوعم دەکرد کە کێشە دروست دەکات، کە دوو هینت هەبێ گەندەڵی و قاچاخی، یەکێ لە نەخۆشیەکانە کە موشکلەم هەیە لێی، من حەزم دەکرد کە سیعرێکی موەحەد بێ، بەڵام کە ناکرێ، زیاتر لە نیوە، زۆر، ئەوە هەمانە بە کۆبۆن بێ، ئەوی تر تیجاری، وادیارە کێشەکانی زۆرە، کۆبۆنە، تەوزیعەکەیە، تێ نەگەیشتنە، هەمووی کێشەی تیایە، ماوەکە کورتە، تەوحیدی سەیارەکە حەلە، من دەتوانم تەحەمولی مەسئولیەت بکەم کە سیعرێ پێشنیار بکەم کە دەزانم ئەوە لە زمنی سیعرەکان بوو کە لەوێ باسمان کردووە، یەعنی شتێکی تازە نییە بۆ لیژنەی باڵا، یان وەکو دەڕۆمەوە پێشنیاری خۆم بکەم بەو سیعرە عەینەن بزەبت و دێمەوە بۆ لای ئێوە، ئەگەر دەتانەوێ کۆتایی پێ بێنن، پێشنیاری من ئەوەیە بە ۸۰۰ دەست پێ بکەین، قابلی موراجەعە بێ دوای دوو مانگ، حکومەت بێتەوە بۆ ئێرە و پێتان بڵێ چیمان پێ دەکرێ بۆ کەم کردنەوەی یان زیادکردنەوەی یان حەلێکی تر و بەدیلێکی تر، با کۆتایی پێ بێنین، من تەحەمولی مەسئولیەت دەکەم لەگەڵ لیژنە، چونکە ئەوە لە زمنی موناقەشاتی ئێمە بووە، کە من نەمهێنا بۆ پەرلەمان، چونکە بڕیارێکی تر درا لەوێ، ئێستا چونکە ئەو کێشانە کە هەموو وڵاتەکەمان گوێی لێ بووە، من خۆم لەو قەناعەتەم ئەو هینانەی کە باستان کرد من لەگەڵتانم بەڕاستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بڕیارەکانی تریش هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر موافقن لەسەر ئەوە نازانم دەنگدانی لەسەرە؟ من ئەوە دەڵێم ئێمە ئەڕۆین، یەك/ کۆبۆن لائەبەین، دوو/ سیعرێکی موەحەد، ئێمە تیجاری دەکەینەوە و خەڵك بیهێنێ و خۆمان دەیهێنین، هەرچی ئەو هینە فورسانە هەن لایان دەبەم، هیچ نایەڵین فەقەت کوالیتی کۆنترۆڵ بمێنێ، کوالیتی ئەوەی کە دەیهێنێ دەبێ موسەجەل بێ لای ئێمە هەتاوەکو ئەوەی ئەیهێنێ هین بێ کوالیتیەکەی خراپ بێ عقوبەی بدەین، لەوە زیاتر شەرت و شروتمان نامێنێ، دەبێ بەنزینخانەت هەبێ، ئەوە لا دەبەم ئەگەر جەنابتان ڕازین بەمە، نازانم دەتانەوێ دەنگی لەسەر بدەن یان نا؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لەسەر مەسفاکانیش کاك د.ئاشتی، پاڵاوگەکان یان مۆڵەتدان بە پاڵاوگەی تازە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شتانەی کە من لەو قەناعەتەم ڕۆژێك دێت و دوو ساڵیش ناخایەنێ لەوانەیە تەسدیری موشتەقات بکەین، بەڵام لەوانەیە بازاڕی ئێمە بازاڕی عیراقی بێت، موسڵ پێویستی بە ئێمە هەبێ، کەرکووك پێویستی بە ئێمە هەبێ، ئێمە دەگەینە ئەو مەرحەلە دڵنیا بن کە زەحمەتە، بەڵام ڕێگای ئێمە بۆ سەرکەوتنە، ئێمە مەوادی سەوائیلمان هەیە پێی دەڵێن (condn sayt) خێراترە بۆ مەسفا بیکەی بە بەنزین، ئێمە یەك، دوو دانە لەو مەسفا بچووکانە باسمان کرد تاقەیان تەقریبەن موتەوەستە، لەسەر کۆندەن سەیت دروست کراوە، ئێمە پەلە دەکەین بۆ ئەوەی کێشەی بەنزین یەکەم جار حەل بکەین، بۆ مەسفاکان ئامادەین، ئەوەی ئامادەیە مەسفا لە کوردستان بکاتەوە، بەڵام تەحەمولی ئیقتیسادی خۆی وەرگرێ، ئەیەوێ من دەعمی بکەم، نەك بڵێم پارەی میللەتت دەدەمێ برۆ بیکە، چونکە ئەوە دەعمێکە کەس قبوڵی ناکات، بەڵام لە ناحیەی ئیقتیسادیەوە ئەوەی دەیەوێ بیکات ئێمە دەرگامان کراوەتەوە، حەز دەکەین بونیەی تەحتی کوردستان هەبێ، حەز دەکەین مەسفا بێ، حەز دەکەین هەموو شت بێتە کوردستانەوە، بەڵام بەشەرتێك یەعنی شتێکی تیجاری بێ و مەعقول بێ، لەسەر حسابی میللەت نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، مەسفاکانی کە نایاسایین، ئەوەی کە جەنابت باست کرد وتت لە ماوەی ئەمساڵدا کۆتایی پێ دەهێندرێ، هەموو ئەو مەسفا نایاساییانە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەسفایانە لەرێگان، بەڵێ، باسی کۆندەشنەکە دەکەین کە بەنزینەکەمان حەل دەکات، یەك لە گەرمیان دەبێ، یەك کەڵەك بەردەوام دەبێ، ئەوەی تریش وابزانم دەوروپشتی کەرکووکە خەریکە فەحسی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مەسفا نا یاساییەکان کاك د.ئاشتی. ئەو مەسفایانەی کە نایاسایین. فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی نایاسایین ئێمە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە کە قەپات بکرێ، لە کابینەی شەش، قەپات نەکران، چونکە شەهرستانی هینەکەی ئێمە بڕی ئەو کاتە، نەوتە ڕەشەکە، بڕیار درا قەپاتیان نەکەین، چونکە ئەمە نەوتی ڕەش دروست ئەکا عەلەل ئەقەل، ئینجا لەو وەختەوە مایەوە وەکو خۆی، بڕیاری لەسەر دراوە، لە ناحیەی ژینگەوە، لە ناحیەی هەموو شتێکەوە، بەڵام بەڕێزان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

قەپات کردنی مەسفا بە دەست من نییە، من نە پۆلیسم هەیە و نە ئاسایشم هەیە و نە ئالیاتم هەیە بچم مەسفایەك قەپات بکەم، بڕیای منت دەویٚ قەپاتن، تەواو، لەگەڵ حکومەت هەموومان دەبیٚ دانیشین و تەنسیق بکەین کە کیٚ دەمیٚنیٚ و کیٚ نامیٚنیٚ؟ ئەسبابی موجیب چییە بۆ ئەوانەی کە دەمیٚنن، تاوەکو ئەوانیش ببن بە یاسایی و ئەوەشی قەپات دەکریٚ قەپات بکریٚ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، ئیٚستا کەواتە کورتەی قسە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەگەڕیٚتەوە بۆ لیژنەی وزە بۆ ئەوەی سیعری تەوحید بکەن بۆ ماوەیەکی کاتی، بۆ ماوەی دوو مانگ سیعر تەوحید بکەن، بەو پیٚیەی کە ئیٚستا قەیرانیٚك هەیە بەشیٚك لەو سووتەمەنییەی کە پیٚشتر هاتووە بۆ هەریٚمی کوردستان ئیٚستا نایەت، سیعر تەوحید دەکەن بۆ ماوەیەکی کاتی و پیٚشنیاری ئەو (٨٠٠) دینارە بۆ لیتریٚك بەنزین، پیٚشنیاری دووەم و بڕیاری دووەمیان ئەوەیە کە هەموو ئەو مەرجانەی دایانناوە بۆ هاتنی بەنزینی بازرگانی هەمووی هەڵدەوەشیٚننەوە، بەس تەنها مەسەلەی کوالیتی لەبەرچاو دەگرن، هەموو ئەو مەرجانەی تری کە پەیوەندیدارە بەم خەزانی (٣) ملیۆن لیتری و (٣٠) ملیۆن لیتر و مەرجەکانی تر هەموو ئەو مەرجانە هەڵدەگرن، دەرگا دەکەنەوە بەڕووی کردنەوەی پاڵاوگەی تازە لە هەریٚمی کوردستان، پاڵاوگە نایاساییەکان بڕیاریان داوە دابخریٚن، ئیٚمە پیٚویست دەکات وەکو پەرلەمان بەدواداچوون بکەین لە ڕیٚگەی لیژنە مەعنیەکانەوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەو بڕیارە جیٚ بەجیٚ بکەن، ئەمە ئەو بڕیارانە بوون کە لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان دراون، لەلایەن وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە، زۆر سوپاس بۆ ئیٚوە کۆبوونەوەکەمان لیٚرە کۆتایی پیٚ دەهیٚنین، کۆبوونەوەی ترمان دەکەویٚتە ڕۆژی چوار شەممە ٢٠١٤/٧/٩ سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئیٚمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتیٚری پەرلەمانی** | **جیٚگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عیٚراق** | **کوردستان – عیٚراق** | **کوردستان - عیٚراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

چوار شەممە ڕێکەوتی ٩\٧\٢٠١٤

خولی چوارەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی چوارەمی, ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٥)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٩، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین، داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

ناوی ئەندامی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٧ مۆڵەت پێدراون، یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ادریس علی اسلام/ مۆڵەت.

٢- تەلار لطیف محمد/ مۆڵەت.

٣- دڵشاد شعبان عبدالغفار/ مۆڵەت.

٤- سهراب میکائیل محمدامین/ مۆڵەت.

٥- مولود مراد محی الدین/ مۆڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤) لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوو و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣- ئاڵوگۆڕ کردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بۆ خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار.

٤- خوێندنەوەی یەکەمی (١) پرۆژە بڕیارو (٩) پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٥- سوێند خواردنی یاسایی پەرلەمانتاری بەڕێز (عباس فتاح صالح).

٦- پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاری بەڕێز (مولود مراد محی الدین) لە ئەندامیەتی پەرلەمان.

٧- گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان دەکەین کە بێنە سەر مەنصە بۆ دەست پێ کردن بە خاڵی یەکەم، کاک عومەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم بدەیت برایانی بەڕێزم لە پەرلەمان هی بڕگەی چوار لە بەشی دووەم لە ماددەی (٥٤) ڕێگە دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بیرۆکەیەکی هەبێت کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك بێت لەناو حکومەتدا بە هەند وەربگیرێت، ئەگەر ڕێگەم پێ بدرێت ئەو لاپەڕەیە بخوێنمەوە راپۆرتێکە دەربارەی بیرۆکەیە هەر پەیوەندی بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، با تەوەری یەکەمی دانیشتنەکەمان گفتوگۆ بکەین، دوای ئەوە دەرفەت بە جەنابت دەدەین بیرۆکەکە بخوێنیتەوە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەترسم، چونکە تەوەری یەکەم زۆر بخایەنێت و تەواو نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەوەی جەنابت دەخەینە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، تکایە سەرۆکایەتی لیژنەکان بێنە سەر مەنصە بۆ دەست پێ کردن بە گفتوگۆ کردن لەسەر تەوەری یەکەمی بەرنامەی کار.

ئێستا دەست دەکەین بە وتووێژەکەمان، لە دانیشتنی پێشوو لە ماددەی سێیەم بڕگەی سێیەم وەستاین، موناقەشەیەك هەبوو لەسەر جێ گرتنەوەی خۆپیشاندانی لەناکاو لە پرۆژە یاساکە، هەندێك داواکاری روون کردنەوەمان هەبوو سەبارەت بەو بڕگەیە کە لە دانیشتنی پێشوو دەنگمان لەسەریدا، لەسەر بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەم، ببوورن لەسەر بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، داوای روون کردنەوە کراوە ڕێگا

سەرەکییەکان، ئەو ڕێگا گشتییەکان کە دەنگی لەسەر دراوە، داواکارم لە لیژنەی یاسایی روون کردنەوەی پێویست لەسەر ئەو بابەتە بدات بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زاراوەی ڕێگا گشتییەکان، کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، مەبەستمان لە ڕێگا گشتیەکان ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارو شاروچکەکانە، واتا مەبەستمان لە شەقامەکانی ناو شارەکان نییە، چونکە هەر خۆشی لە رووی زمانەوانییەوە ڕێگا جیاوازی هەیە لەگەڵ شەقامدا، کە دەڵێی ڕێگا بەپێی یاسای ڕێگا گشتییەکان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێگای گشتی بریتییە لەو ڕێگایانەی کە دەکەوێتە دەرەوەی شار، واتا ڕێگاکانی نێوان شارو شارۆچکەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە بڕگەی سێیەم ماددەی سێیەم، بۆ ئەوەی زوو بە زوو وتووێژەکان تەواو بکەین لەسەر ئەو بڕگەیەو بیخەینە دەنگدانەوە، لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەس، جا سەرۆکی فراکسیۆن بێت یان هەر کەسێك لەسەر ئەو بڕگەیە ئەگەر قسەیەکی هەیە بیکات، بۆ ئەوەی دوای ئەوە دەنگدانی لەسەر بدەین، پێشنیارێك هەبوو لە بڕگەی سێیەم لە دانیشتنی پێشوو کە خۆپیشاندانی لەناکاویش لە ناو بڕگەی سێیەمدا، یان وەکو بڕگەیەکی سەربەخۆ لە ماددەی سێیەم دەست نیشان بکرێت، بۆیە دەرفەتێکی کەم دەدەین بە فراکسیۆنەکان بۆ وتووێژ، چونکە پێشتر وتووێژی لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی پێش دەنگدان سوورەیەکی وازیحتر هەبێت، دوایی لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەی خۆیان لەسەر بکەن تا دەنگی لەسەر بدەین، بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکان، یان لیژنەی یاسایی هەوڵ بدەن بگەنە ئیجماعێك کۆ بکەنەوە، یان تەنسیق بکەن کە لەسەر فۆرمیلەیەك ڕێك بکەون، ئەگەر ڕێك نەکەوتن فرستەمان بدەنێ بۆ ئەوەی لە فراکسیۆنەکان فۆرمیلەیەك حازر بێت، چونکە ئێستا لای فراکسیۆنەکانە لای خۆمان نییە، لەلای لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان دانیشتنەکەمان هەڵگرت، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێك کەوتن، لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر کات تێ پەڕیوە، بۆیە هیواخوازین شێوەیەك لە تەوافوق دروست ببێت لەو پرسە، کێ قسەی هەیە لەسەری؟ لە هەر فراکسیۆن یەك کەس، کاك تحسین نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٢) نابێت بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتانەی یەکلایی کراوەتەوە، ئەم بابەتە یەکلایی کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك تحسين ناگەڕێینەوە بۆ ماددەی یەك لە ڕاپۆرتەکە، بەڵێ، ڕاست دەکەیت ئەوە موناقەشە کراوە، لێرە پێشنیارەکە ئەوەیە کە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بوو لەم ماددەیە جێی خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێتەوە، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونا پێشووی بڕیار هاتە دانێ ب ڕەزامەندیا ئەندام پەرلەمانێ کو ڕاپۆرتا لیژنا یاسایی ئو ل ڕاپۆرتا موشتەرەك ببت ئەساسێ گەنگەشێ، جا ڤێرێدا ئەڤ ناو کەوانا ناوڤ ڕاپۆرتا لیژنا یاسایێ دا نینە، یەعنی چ حەقەك دێنە سەر ئیزافە کرن، ژ لایەکی دیڤە بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، خۆپیشاندان حەقەکی موتڵەق نینە، حەقەکی تەبیعی ڕێکخستیا لا یاسایێ تایبەت، ژ بەر هەندێ هیچ مەجالەك نینە ئەڤ موستەلەحێ ناکاو بێتە زێدە کرن ناو ڤێ یاسایێدا، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوّفى على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە دەکەین، یان من نوقتەی نیزامیم نییە، قسە دەکەین.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز د.فرست صوّفى على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر چوار لیژنە کۆبوونەوەمان کرد، لەوێ ئەو تەوقیعانەی ئێستاش لای ئێمە هەیە لەو ڕاپۆرتە واژوومان کرد، بۆ ئەوەی بەو پاساوەی کە مادام خۆپیشاندان لە مۆڵەت پێدانەوە دەبێتە ئاگادار کردنەوە، هیچ پاساوێك بۆ مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو نامێنێتەوە، چونکە دەرگا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك لە هەر کاتێك بیەوێت، یان دەیانەوێت خۆپیشاندان بکەن هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگایان لێ بگرێت، جارێ پێش هەموو شتێك ئێستا ئەم ڕێککەوتنە چی لێ هات؟ دوایێ ئێمە کاتێك کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەین و، ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە دەکرێت، مانای وایە مانایەك بۆ ئەوە نامێنێتەوە، ئەمە یەك.

خاڵی دووەمیان/ ئێمە کە باسی خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەین بە موتڵەقی ئەو کاتە هیچ مانایەك بۆ ئەحکامەکانی پێشووتر بۆ خۆپیشاندانی سلمی کە ئێمە مەبەستمان لە خۆپیشاندانە، خۆپیشاندانێکی سلمییە نامێنێتەوە، چونکە تۆ ئەگەر دەرفەت بدەیت بە ئەوانەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن بە دڵنیاییەوە لەوانەیە لە ماوەی ساڵێکدا کەس پەنا نەباتە بەر ئەحکامەکانی تر بۆ ئاگادار کردنەوەو کات و شوێنی دیاری کردن و ئەوانە، ئەمە خاڵی دووەم.

خاڵی سێیەم/ ئەوەیە کە ئێمە چەند پلەیەکمان هەیە، با بڵێین چەند ئەحکامێکمان هەیە بۆ هەر یەك لە حاڵەتەکانی عونف، یان ئەوەی سلمی، لە کۆبوونەوەی داخراو، لە کۆبوونەوەی تایبەت، لە خۆپیشاندان، دواتر دەچێتە قالبێکی تر کە دەچێتە ناو مەسائیلی عونفی شەغەب، کە تەوەتوراتە، اضطراباتە، ئیقتیتالی داخلییە، حروبی ئەهلیە، نیزاع داخلیە، هەر یەکە لەوانە قانونێك تەنزیمی دەکات، بۆ نموونە کاتێك کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتە، یان کۆبوونەوەیەکی داخراوە، یان کۆبوونەوەیەکی کراوەیە، ئەمە حاڵەتێکی ترە بە هیچ شێوەیەك پێویست بە تەنزیمی قانونیەوە نییە، ئەمە مەسەلەیەکی بیداهیە، کە دێیە سەر خۆپیشاندان یەکسەر یەکسانە بە سلمی، واتا خۆپیشاندانەکە لێرە ئەحکامی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو قانونەیە، ئەگەر بڕۆی بۆ ڕێگە گرتن و ئاگر کردنەوەو ئەمانە یەکسەر دەچینە بابی تەوەتورات و ئەمانە قانونی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە عقوبات هاتووە قەتع و قەتل ئەوانە لەسەری، بەسەرتر بکەویت یەکسەر قانونی دەولی ئینسانی، قانون دەولی حقوقی ئینسان بۆ مەسائیلی تر تەتبیق دەبێت، بۆیە ئەگەر بێتو ئێمە بێین ئەم مەسائیلانە لەناو یەك قانوندا تێکەڵاو بکەین، ئەو قازییە تووشی تەتبیقی قانون بکات، تووشی سەر لێ شێوانی دەکەین، نازانی ئەمە حوکم تەتبیق بکات، چونکە ئێمە دێین باسی شتێك دەکەین کە لە حاڵەتی ئەزمە ڕوودەدات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەم قانونە بۆ حاڵەتی ئەزمە نانووسین، ئێمە بۆ حاڵەتێکی ئاسایی دەنووسین، کە هەرێمی کوردستان ئازادی ڕا دەربڕینی هەیە، ئازادی خۆپیشاندانی هەیە، ئەگەر بێین بڵێین ئێستا ئەزمەی بەنزین هەیەو ئەزمەی مووچەیەو خەڵك بێزارە دێتە دەرەوە، ئەوە لە وڵاتانی دونیا ئەوە پێی دەگوترێت حاڵەتی تەوارێ بە قانونی موحەدەدی فەترە تەنزیم دەکرێت، ئەگەر بڕیارە ئێستا خەڵکمان پێ کۆنترۆڵ نابێت، وەرن قانونێکی موحەدەدی فەترە دادەنێین بۆ ماوەی دوو مانگ کە وڵات لە ئەزمە دایە، پێمان ناکرێت ئەحکامەکانی قانونی خۆپیشاندان تەتبیق بکەین، بەڵام بێین ئیستیسنا لەناو قانونێك دروست بکەین.

بە تەسەوری من ئێمە لێرە شتێك دەکەین، ئیلحایەك دەدەینە دەرەوە کە دائیمەن هەرێمی کوردستان بە ئەزمات تێپەڕ دەبێت، پێمان کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە بە تێڕوانینی من وێڕای ئەوەی زۆر زۆر لەگەڵ ئازادی ڕا دەربڕین داین لەو شوێنەدا کە ئازادی لێیە، با کەسیشمان موزایەدە لەسەر کەسدا نەکەین، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئێمە دەبێت ئەو قانونەی کە پێی دەگوترێت قانونی خۆپیشاندان بە ئەحکام و نەصەکانی قانونی خۆپیشاندان تەنزیمی بکەین، شتێکی تری لەگەڵدا تێکەڵاو نەکەین کە نامۆ بێت بەڕاستی،

لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوە لەبەر دەستمانە، ئەگەر هەر برادەرێك دەیەوێت زیاتر لە چوار یاسای خۆپیشاندانی ولآتانم لەبەر دەست دایە بەبێ تەرەدود ئەوە فەرموون سەیری بکەن یاسای خۆپیشاندانی ئێستا ئێمە لەبەردەستماندایە لە هەموویان کراوەترە، لە هەموویان ئازادیترە، لەهەمووشیان نەرمترە، ئەوانەش کە لەبەردەستی من دان یاسای خۆپیشاندانی ولآتانی دیموکراتن، ولآتانی پێشکەوتوون، بۆیە تێڕوانینی من یەعنی کردنەوەی جێگای خۆپیشاندانێك بەناوی لەناکاو نە لە رووی عورفی قانونی موقارن شتێك هەیە بەو ناوە، نە ئێمەش سوودمەند دەبین لەوەی کە شەرعیەتی بدەینە شتێك کە لە داهاتوو لە وانەیە موشکیلە بۆ دەزگاکانی حکومەتی ئێمە دروست بکات و دیسان تەئکید دەکەینەوە حکومەتی هەموومانە، مەسئولیەتی ئەمنی و پاراستنی ئیستیقراری ئەمنی هەموومانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سراج نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك تحسین باسی کرد بزەبت من هاوڕام لەگەڵی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر مورەبەعی یەکەم، کە گەیشتینە سەر مورەبەعی یەکەم، کەواتە هیچمان نەکرد....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامان دایەوە.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم خاڵ/ کە دەمەوێت باسی بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر هەر هەوڵێك هەبێت، بۆ ئەوەی کەوا بمانەوێت کەلێنێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانی لەناکاو جێی بکەینەوە، گومان لەوە دانییە کە ئەوە تەعاروز دەبێت لەگەڵ ماددەی سێیەم و ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەی لەبەردەستتاندایە، چونکە ئەم جۆرە خۆپیشاندانە نە وەزیر علیمی دەبێت، نە یەکەی ئیداری علیمی دەبێت، هەروەها نە کات و شوێنیشی دیاری دەکرێت، نە ئامانج و هەدەفەکەشی دیاری کراوە، چەندین نصوصی قانونیشمان هەیە کە رەد دەکاتەوە دەڵێت (لایجوز اعمال نصین متعارضین في أن واحد)، ناکرێت ئێمە دوو برگە دابنێین، یان دوو ماددەمان هەبێت لە یاسایەك هەردووکیان دژی یەکترو پێچەوانەی یەکتر بن، کەواتە هەر لە سەرەتای هەموارەکە ئێمە دەکەوینە هەڵەیەکی یاسایی، چونکە چەندین ئیشکال و موعەویقاتی لێ دەکەوێتەوە، کە بە زۆر زەحمەت خۆمان لێ خەلاص دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی پێشوودا پێشنیارێکی زۆر هەبوو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لەسەر خۆپیشاندانی لەناکاو، کە ئەمە دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و بە ئیعتیبار وەربگیرێت، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە راپۆرتەکە، ئەوەی کە تەحەفوزی زۆری لەسەر نووسراوە، هەندێکی ئیمزای نەکردووە لەسەر خۆپیشاندانی لەناکاوە بەشێکی زۆری، بەو ئیعتیبارەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو نە مەنع دەکرێت، نە تەنزیم دەکرێت، ئێمە لە پێناسەکاندا جێمان نەکردەوە بەو ئیعتیبارەی کە تەنزیمی نەکەین، فیعلەن تەنزیم نەکراوە، بەلام بەو ئیعتیبارەی کە نابێت مەنع بێت، دەبێت خۆپیشاندانی لەناکاو لە یاسایەکدا جێی هەبێت، کە واقیعێکە لە هەرێمی کوردستانە، ئێمە یاسا بۆ واقیع دادەڕێژین بەپێی واقیعی خۆمان دایئەڕێژین، واقیعێکە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت، هەروەها کێشەو قەیرانەکان هێندە زۆرن لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە ئێستا دەبینین کە رۆژانە خۆپیشاندانی لەناکاو ئەنجام دەدرێت، لەم ولاتەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم خۆپیشاندانە لەناکاوانە دەکرێت؟ ئەی ئێمە لە یاسادا جێمان نەکردۆتەوە، یاسایەکیش لە هەمان کاتدا دەربکەین، ئەوە بەڕاستی عەیبداری دەبێت بۆ پەرلەمانی کوردستان کە نەتوانێت جێی شتێك بکاتەوە کە واقیعی خۆیەتی، هەروەها بە ناوی خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەگەر جێی نەکرێتەوە، دواتر پێموایە بەو ئیعتیبارەی کە زۆر روودەدات، دەتوانم بڵێم قەمع روو دەدات، ئەو سزا دانەی کە لێرە دانراوە رۆژانە بەسەر هاوولاتیاندا تەتبیق دەکرێت.

بۆیە ئیعتیبار بۆ ئەو پێشنیارە زۆرانە بکرێت، کە پەرلەمانتاران کردوویانە، بۆیە ئەگەر لە ماددەی (٣ و ٤)دا کە هەر دووکیان باس لە ئاگادار کردنەوەو رێکخستن و تەنزیم کردن و ئەو بابەتە دەکەن، ئەگەر لە ماددەی (٣)شدا نەبێت، لە ماددەی (٤)دا هەر دەبێت جێی بۆ بکرێتەوە، گرنگە لەم یاسایە تێ نەپەڕێت بەسەرماندا، کە خۆپیشاندانی لەناکاوی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

راستە ئێمە دەنگمانداوە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان بکرێت بە بنەما، بەلام خۆ مافمان هەیە وەکو پەرلەمانتار دەستکاری ئەم نووسراوە بکەین، ئەم راپۆرتە هاوبەشە بکەین.

خاڵێکی تر، ئەوەیە لەو پرۆژە یاسایانەی کە پێشکەش کراون بۆ هەمواری یاسای خۆپیشاندان، باسی خۆپیشاندانی لەناکاوی تیایە، ئەی چۆن لیژنە هاوبەشەکان مافیان بەخۆیان داوە کە لەناو راپۆرتە هاوبەشەکەدا نەینووسن.

دووەم/ بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم کە نەچینەوە سەری، بەڵام زۆرترین قسەی لەسەر کراوە لەدوای هەموارەوە، خۆ لە هیچ یەکێك لەو پرۆژە پێشکەش کراوانە نەبووەو، کەچی ئەو لیژنە هاوبەشانە مافیان بەخۆیان داوە بۆیان زیاد کردووە، کەواتە وەك چۆن لیژنە هاوبەشەکان مافیان بەخۆیان داوە کە شتێك لە ئەسڵی پرۆژەکانی پێشکەش کراو و هەمواردا هەیە داینەنێن، شتێك کە نییە ئیزافەی بکەن، کەواتە ئێمەش مافمان هەیە قسە بکەین و پێشنیازی تازە بکەین و دەستکاری ئەم راپۆرتە هاوبەشە بکەین، بۆیە من پشتیوانی لەو رەئیانە دەکەم کە باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەگەڵ گفتوگۆ کردنین، نەك لەگەڵ قسە کردن، چونکە دائیمەن گفتوگۆ نەتیجەی هەیە، لەسەر مەسەلەی یاسای خۆپیشاندانی لەناکاو ئێمە لە پرۆژە یاساکەمان هەبوو و ئیحتیرامەن بۆ تەوافوقی فراکسیۆنەکان کە ئەم راپۆرتەیان ئامادە کرد، ئێمە ئیحتیرامی رەئی فراکسیۆنەکان و تەوافوقەکانمان گرت، رازی بووین بەم راپۆرتە کە هات موناقەشەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەداخەوە ئەم راپۆرتە لە کاتێکدا ئامادەکار بەشێکی زۆر پەرلەمانتاراندا گەورە بوو.

ئێستاش بۆچوونی ئێمە لەسەر مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاوە، ئەگەر فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بگەنە صیغەیەك لە تەوافوق کردن، ئێمە جارێکی تر ئیحتیرامی ئەو تەوافوقە دەگرین، بەڵام زۆر جار تەوافوق دەکرێت دەرچوون لە تەوافوق و هەبوونی رەئیەکی تر وای کردووە بەڕاستی دانوستاندنەکان نەتیجەو دەنگدانیان نەبێت، بۆیە گرنگە لەنێو پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەندامەکانی ئەو فراکسیۆنانەی کە سەرۆکەکەیان دەچێتە تەوافوق پابەندی ئەو دانوستاندن و تەوافوقانە بن، بەتایبەتی ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە، پەیوەندی بە مافی ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بۆ دەربڕینی رای خۆیان.

رای ئێمە ئەوەیە کە ئەمە پەلەی تیا نەکرێت، یەعنی جۆرێك لە دانوستاندنی بۆ دروست بکرێت، بەڕاستی بە داخەوە دوای دانیشتنەکان جۆرێك لە موزایەدەی سیاسی، یان جۆرێك لە تاوانبار کردن لە میدیا دروست دەکرێت، کە ئەمە بڕوام وایە فراکسیۆنەکان زیاتر لە یەك دوور دەخاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەندامان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان بە بەرپرسیاریەتی کاری پەرلەمانی لەبەردەم میدیا قسە بکەن، چونکە زۆر جار بریندار کردنی فراکسیۆنێك و بارز کردنی فراکسیۆنێکی تر وا دەکات ئێمە یەعنی رەئیمان پێچەوانەی یەکتری بێت، یان زیاتر لە یەکتریمان دوور بخاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەمە پەلەی تیا نەکرێت و ئەم پرسە جۆرێك لە دانوستانی تێدا هەبێت، چونکە ئەم راپۆرتە نووسراوە بەڕاستی، دەبوایە ئەم لیژنانە بە وردتر لەسەر ئەم راپۆرتە بوەستانایەو پەلەی تیا نەکرابایەو باشتر بنووسرا بوایە، تاکو تووشی

ئەم هەموو گفتوگۆیەمان نەکات، ڕەئی ئێمە ئەوەیە ئەگەر تەوافوق و دانوستان هەبێت، ئێمە پشتیوانی هەر جۆرە دانوستانێك دەکەین لەسەر ئەم پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی خاتوو شوکریە فەرمووو.

**بەڕێز شوکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئێمە دەتوانین تەوافوقێ دروست بکەین لەنێوان هەردوو ئاراندا، ئەوانەی کە دەڵێن نەبێت و ئەوانەی کە دەڵێن هەبێت، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەرێمی کوردستاندا واقیعێك هەیە خۆپیشاندانی لەناکاو هەر دەبێت، ئیتر کە هەر دەبێت کەواتە ئێمە دەتوانین تەوافوقێك دروست بکەین بەو شێوازە، لە کاتێکدا کە ئەزمەیەك هەیە خۆپیشاندانی لەناکاو ڕێگای پێ بدرێت لە کاتی بوونی ئەزمە، بەڵام لە کاتێکدا کە ئەزمە نییە، بۆ نموونە خەڵکانێك هەن گلەییان لە شتێك هەیە، ئەم شتە بەردەوامە، چەند ساڵێك بەردەوام بووە، ئەمە ناکرێت ئەم کەسانە هیچ پاساوێکیان نییە بڵێن والله خۆپیشاندانی لەناکاومان هەبوو، بەڵام بۆ نموونە خەڵکانێك زۆر بێزار دەبن لە کاتی بوونی ئەزمەیەکدا، ئەو ئەزمەیە زۆر ماندی و هیلاك و شەکەتیان دەکات، ئیتر بتەوێت و نەتەوێت ئەوان هەر خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن، بۆیە من پێموایە ئێمە بە بڕگەیەك ڕێگا بدەین بە خۆپیشاندانی لەناکاو، بەڵام ئەو مەرجەی بۆ دابنرێت لەکاتی بوونی ئەزمەیەك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تورکمان، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خۆپیشاندانی لەناکاو، لەڕاستیدا ئێمە کە پرۆژەیەکی هاوبەشمان ئامادە کردووە لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان و چەندەها ڕۆژی خایەند بۆ ئەو ڕۆژە، ئێستا ئێمە دێین دەڵێین بڕگەیەك، یاخود جێگەیەك بکەینەوە بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو، واتا لێرەدا هیچ مانایەکی قیمەی قانونی ئەو پرۆژە یاسایە نامێنێت، چونکە ئەگەر هاتو ئێمە ڕێگەماندا بە خۆپیشاندانی لەناکاودا چ پێویست دەکات ئێمە ئاگادار بکرێینەوە، ئێمە ئاگاداری وەزیر بکەینەوە، یاخود پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بێت، یاخود ئەو پۆلیسە بێت، کە ئەمن و ئاسایشی ئەو هاووڵاتیانە دەپارێزێت، بۆیە خۆپیشاندانی لەناکاو یەك/ فەوزای دروست دەکات.

دوو/ ئەو خۆپیشاندانانە، ئەو لیژنەیەی کە ئەو خۆپیشاندانە لەناکاوانە ئەنجام دەدات، کێ بەرپرسی ئەوەیە؟ ئەگەر ئەو خۆپیشاندانە دروست بوو و ئەو خۆپیشاندانانە ئەنجام درا بۆ ڕێگایەك دەڕۆن، باشە

کێ بەرپرس دەبێت لە ژیانی هاوولاتیانی ئەو خۆپیشاندانە کە هاوبەشیان کردووە لەو خۆپیشاندانەدا؟ کێ بەر پرسیار دەبێت لە ئەمن و ئاسایشیان؟ لێرەدا ئێمە ئیجرائات لە کێ وەردەگرین؟ ئێمە پرسیار ئاراستەی چ لایەنێك دەکەین؟ بۆیە من داوا دەکەم کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بڕیارمانداو بە کۆدەنگی هەموومان واژوومان لەسەر راپۆرتەکە کردووە بەتایبەتی خۆپیشاندانی لەناکاو فەحوای قانونی نامێنێتن، بۆ دروست بوونی فەوزاو بەگوێرەی موخالەفەی نیزام عام و ئادابی عامە، دەبێت ئێمە رەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکەین، نەك بەرژەوەندی تایبەت، ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو دانرێت، پێموایە ئەوە بە هیچ شێوەیەك دانەنرێت، ئەو پرۆژە یاسایە ئیبتاڵ بکرێت و پووچەڵ بکرێتەوە، هەر کەسێك دەتوانێت خۆپیشاندان بکات بەبێ رەزامەندی و وەرگرتنی ئاگادار کردنەوەی هیچ لایەنێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان قەلآدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى(د.شوان قەلآدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئاراستەیەی کە ئێستا گیراوەتە بەر، وا پێ دەچێت خۆپیشاندانی ئاسایی هەر نەبێت، وا پێ دەچێت، جا لەبەر ئەوە ئەوەی کە هەیەو واقیعە لە کوردستاندا یاسا پەیڕەوی ناوخۆ قانون بە واقیع دەردێت بۆ کۆمەڵگا دادەنرێت، لە ٩٠٪ی خۆپیشاندانەکان لەناکاون، پێویست ناکات ئێمە هێندە لە هاوولاتیانی کوردستانیش بترسین، هاوولاتی کوردستان هەستی نیشتمانی هەیە، هەست کردن بە مەسئوولیەتی هەیە، ئەو روحیەتی عیدوانیەی نییە تا ئێمە هێندە لێمان بوو بێتە کابووسێك خۆپیشاندانی لەناکاو نەتوانین لەو شوێنەدا جێی بۆ بکەینەوە، کە جێمان نەکردەوە، ئەو یاسایە هەر هەموار نەکرێتەوە باشە، چونکە ئاساییەکە وا پێ دەچێت، یەعنی ئەوەی کە ئاراستەی دەکەن دەبنین شێوازی بەکارهێنانی حکومەت و ئەوانە دوور کەوتبێتەوە لەناکاوەکە ماوە، کە مافێکی سروشتی هاوولاتیانە لە هەرێمی کوردستان، هەر رێگریەك لێی بکرێت وەکو ئەوە وایە ئەو یاسایە هەموار نەکرێتەوە باشترە، یا وەکو نرخی بەنزینەکەی لێ نەیەت، لێرەدا خۆپیشاندانی لەناکاو پێویستە بخرێتە ناو یاساکەو جێی بۆ بکرێتەوە، کە جێی نەکرایەوە واتا تۆ بە گژ لە ٩٠٪ی خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە رۆژانە بە چاوی خۆمان دەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەبو کاروان، لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەس، چونکە ئەمە پێشتر وتووێژی لەسەر کراوە.

**بەڕێز عبدالله فارس( ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەحەقیقەت لەنێوان پرۆژە یاسایەك داین دەنگی لەسەر درا، لەلایەکی ترەوە واقیعێك هەیە لەکوردستان زۆرجار ئەم خۆپیشاندانە لەناکاوە دەکرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو رایەدام ئەتواندرێت

سیغەیەکی هاوبەش بدۆزرێتەوە، وە فراکسیۆنەکان بواریان بدرێتێ کۆببنەوە بۆ ئەوەی سیغەیەك بدۆزنەوە، کە ڕەنگە ئەو سیغەیە هەرچی بێت ناوەکەی کە لای من هەبێت بتواندرێت موعالەجە بکرێت، ئەگینا ئێمە زۆر زۆر موناقەشە ئەکەین و ناگەینە نەتیجە، ئەوەندەی کە موناقەشە ئەکەین با بوار بدرێتە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ گەیشتن بە نەتیجەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە ئێمە نەگەشتووینەتە نەتیجە، چوار ڕۆژ لەمەوپێش داوام لێکردن کە ئیتیفاق بکەن، کاك عبداللە فەرمووو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یاسا بۆ هاوولاتیانی کوردستان دەر ئەچێت، تەسەورم وایە ئێمەش هاوولاتیانی خۆمان خۆش ئەوێت، باوەڕمان بە ئازادی و بنەماکانی ئازادی هەیە، بە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بە بۆچوونی من باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ناوی نەهێندرێت لەم یاسایەدا، لەبەر چی؟، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەگەڵ مەبدەئی قانون و لەگەڵ ئەوانەی کە باس کران، خۆپیشاندان کاتی بۆ دیاری کراوە، لەماوەی دیاری کراو ئەگەر جواب نەدرێتەوە تۆماتیکیەن مەجرای خۆی ئەگرێت، لەلایەکی تریشەوە خۆپیشاندانی لەناکاو ئەو خۆپیشاندانەی کە لەکاتی کتوپڕدا ڕوو ئەدات، پێناسەکەی ئەوەیە، بە بۆچوونی من نەبێت، کە ڕووشی دا وەزارەتی پەیوەندیدار بە تەعلیماتی خۆی بەڕێنمایی ئامادە سازی بۆ کردووە، لەئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك ئامادەسازی ئەکات، خۆی ئامادە ئەکات بۆ ئەو خۆپیشاندانە کە لەهەر ناوچەیەك ڕوو ئەدات، ئەگەر لەیاساکەدا نەبێت ڕەنگە گونجاو تر بێت، وە خۆپیشاندانیش هەر هەیە، هی لەناکاو من پێم وایە لەیاساکەدا ناوی نەیەت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئێستا ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەکان وەر ئەگرین، لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی تیبینیمان هەیە، یەکەم: لەڕووی شکلەوەیە، ئێمە ئەو بابەتەمان دایە دەنگدان و دەنگی نەهێنا، کە خۆپیشاندانی لەناکاو پێناسە بکرێت یان نەکرێت؟، کە پێناسەت نەکرد ناتوانیت لەشوێنێکی تر جێگای بکەیتەوە، چونکە یاساکە خۆی ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، ڕێکخستنەکەش لەبابی ئاگادارکردنەوەکە دەست پێ ئەکات، ئەگەر تۆ نەزانیت خۆپیشاندانی لەناکاو چییە، ئایا چۆن لەئاگادارکردنەوەکە بەدەری ئەکەیت؟، ئەوەیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ نە ئەبوایە بگەڕێندرێینەوە سەری، خاڵی دووەم: ئەو ڕاپۆرتە کە ئامادە کراوە، دیارە پێشتر کۆبوونەوە لەنێوان

سەرۆكی فراكسیۆنەكان كرابوو، سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئیتیفاقیان كردبوو، كە خۆپیشاندانی لەناكاو لەناو هەردوو پرۆژەی هەمواردا هەیە، بەلام بە ئیتیفاقی ئەوان لەسەر ئەوە رێك كەوتن كە خۆپیشاندانی لەناكاو لەناو راپۆرتەكەدا نەبێت، دوای كۆبوونەوەی سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئینجا كۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش دەستی پێكرد، بەرێزەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لەكۆبوونەوەكەشدا دووبارە زۆر ئەندامان كە لەوێ بوون، لەسەر ئەوە رێك كەوتین كە خۆپیشاندانی لەناكاو موستەلەحێكە لەگەڵ ناوی یاساكە، لەگەڵ ناوەرۆكی یاساكە ناگونجێت، ئەگەر بێت و ئێمە جیگای خۆپیشاندانی لەناكاو بكەینەوە ئەی چۆن تەنزیمی رێكخستنی خۆپیشاندان دەكەین، یان زەروورەتی رێكخستنەكە لەكوێدا ئەبێت.

لەلایەكی تر بەرێز سەرۆكی پەرلەمان كاتێك كە خۆپیشاندانی لەناكاو دەكرێت تۆ ئاگاداركردنەوە دەر ئەكەیت ئەویان ئەبیت بە ئەصڵ، ئاگاداركردنەوەكە دەبێت بە ئیستسنا، چونكە هاندەر چییە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەر بچێت ئاگاداركردنەوە پێشكەش بكات بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ئاگاداری بكاتەوە؟، ئەگەر تۆ خۆت لەناو یاساكە رێگات پێدا كە لەناكاو خۆی پیشاندان بكات، لەگەڵ ئەوەی كە یاساكە ناوی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندانە، ئەصڵ ئەوەیە كە مۆڵەت بوو بە ئاگاداركردنەوە، ئاگاداری جیهاتی مەعنی بكرێت بۆ پارێزگاری كردنی گیان و سەروەت و سامانی هاوولاتیان لەلایەك خۆپیشاندەران لەلایەكیش هاوولاتیانی تر كە لەكۆمەڵگادا بوونیان هەیە.

بۆیە رای ئێمە ئەوەیە كە خۆپیشاندانی لەناكاو، لەگەڵ ناوەرۆك و لەگەڵ فەحوای یاساكەدا نایەتەوە لەرووی عیلمیەوە، ناتواندرێت صیاغەیەكی وای بۆ بدۆزرێتەوە كە بەشێوەیەكی ئەوتۆ تەنزیم بكرێت، كە لەرووی یاساییەوە رەخنەی لێ نەگیرێت، پێم وایە دەكەوینە هەڵەیەكی یاساییەوە، كە ئەم جۆرە خۆپیشاندانە تا ئێستا تەنزیم نەكراوە، زیاتر لەمانگێكە من وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی داوام لەو ئەندامانە كردووە كە داوای رێكخستنی خۆپیشاندانی لەناكاو دەكەن كە تەنها یاسای یەك ولاتم بۆ بدۆزنەوە كە تەنزیمی یاسای خۆپیشاندانی لەناكاوی كردبێت، تا ئەم كاتەی من قسەی تێدا ئەكەم، یەك ئەندام یاسایەكی بەنەص بۆ نەهێناوین بلێت ئەوە نەصی فلانە ولاتەو تەنزیمی كردووە، تا ئێمەش موتەبەعی بكەین و خۆپیشاندانی لەناكاو لەهەموو ولاتێك بوونی هەیە، خۆپیشاندانی لە ناكاو بوو لەولاتێكی وەكو مصر دووجار نزامی حوكمی لەو ولاتە گۆڕی، یاساكەشیان تەنزیمی نەكردووە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە قسە كردن لەسەر خۆپیشاندانی لەناكاو كۆتایی هاتووە، من پێم وایە ئەوەی كە كۆتایی پێهاتووەو هەر واشە، ئەوە بووە كە ئایا خۆپیشاندانی لەناكاو لەماددەی یەكەمدا كە پێناسەی زاراوەكان ئەكات پێناسەی بۆ بكرێت یان نا؟ بەڵێ دەنگ لەسەر ئەوە دراوە كە پێناسەی بۆ نەكرێت، من خۆم

یەکێکم لەوانەی کە دەنگم بۆ داوە، چونکە پێناسەکردن کە هەمیشە لەماددەی یەکەم وەکو عورفێکی موتەبەعە لە سیاغە کردنی یاسادا دەکرێت، بۆ ئەوەیە کە موستەڵەحێك تۆ زیاتر لەجارێك بەکاری ئەهێنیت لەناو مەتنی یاسادا، بەدوور و درێژ خۆی بەکاری نەهێنیت بۆ نموونە ئەڵێی وەزیر، وەزیری ناخوی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە لەماددەی یەکەم ئەمە فەنێکی تەشریعیە، کاتێك کە تۆ ئەڵێی وەزیر: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیتر تۆ ئەم جوملە درێژە بەکار ناهێنیتەوە لەناو یاساکەدا، تەنها وشەی وەزیر بەکار ئەهێنیت، ئەبێ بزانرێت کە مەبەست لەوەیە، بەڵام خۆپیشاندانی لەناکاو ئێمە لەیاساکەدا لەچەند جارێك زیاتر بەکاری ناهێنین تا پێویستیمان بە پێناسە هەبێت، ئێمە لە برگەیەکدا ئەمانەویت جێگای بکەینەوە، چونکە چەند جارێك بەکاری ئەهێنین، بۆیە پێویستی بە پێناسە کردن نەبوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە نەتواندرێت جارێکی تر باس بکرێتەوە، چونکە پێناسەکردن جیاوازە لە باس کردنەوەی، جگە لەوە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، ڕاستە کە لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە تێیدا نییە، بەڵام بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، ئەگەر سێ کەس لەئەندامانی پەرلەمان داوای شتێك بکەن دەخرێتە دەنگدانەوە، مافی خۆیانە کە داوای حەزف یان ئیزافەی هەر شتێك بکەن، سەبارەت بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو لەیاساکەدا جێگای نەکرێتەوە شتێکی یاسایی نییە.

من پێم وایە هەر واشە بۆ ئەوەی قانونێکی سەرکەوتوو بێت تۆ قانون بۆ خەڵك دائەنێیت، بۆ ئەوەی خەڵك قانونەکەی تۆ قبوڵ بکات کە بۆی دائەنێیت، پێویستە مواکەبەی خەڵك بکات، خۆپیشاندانی لەناکاو واقیعێکە هەیە، لەناو خەڵکدا هەیە، بۆیە پێویستە یاساکەی ئێمە مواکەبەی ئەو واقیعە بکات، وە تەنزیم کردنی باشترە لەتەنزیم نەکردنی، تەنزیم کردنەکەش لەوانەیە لە مەسڵەحەتی لایەنی پەیوەندیدار بێت، وەك لە مەسڵەحەتی خۆپیشاندەران، چونکە تۆ کاتێك خۆپیشاندەران دەخەیتە بەر باری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کەواتە حوکمەکانی تری یاساکەی بەسەردا جێبەجێ ئەکەیت، بەپێی یاسا، تەنها لە ئاگادارکردنەوە بەدەری ئەخەیت، بۆیە کاتێك کە موشەڕیع یاسا دائەنێت پێویستە ئاگای لە واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت، ڕاستە ئێمە نموونەی جوانی یاسای دەرەوە ئەهێنینەوە لەوانەیە قازانجی لێ ببینین بەڵام ئەبێت واقیعی وڵاتەکەی خۆشمان لەبەرچاو بگرین، ئەگەر ئێمە واقیعێك بهێنین بەیاسا فەرزی بکەین، کە خۆی لە ئەصڵدا نییە، دڵنیا بن کە ئەو یاسایەی واقیعێك فەرز ئەکات لەناو کۆمەڵگای خۆیدا نییە، یاسایەکی سەرکەوتوو نابێت هەربەدوای خۆیدا داواکاری تەعدیل ئەهێنێت و ئیستقرار ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە بەفیعلی ڕەهەندێکی یاسایی هەیە، یەکێکە لەو یاسایانەی کە ئەم خولە دەری بکات ئەبێت بەیاسا سەرەتاییەکان، بۆچوونی لیژی ئێمە ئەوەیە ئەم یاسایە کۆکەرەوەی فراکسیۆنەکان و کۆکەرەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بێت، لەگەڵ ئەوەدانین بە زۆرینەو کەمینە یەکلا بکرێتەوە، مادام زۆر قسەتان لەسەرمەسەلەی کۆبوونەوەی فراکسیۆن کرد، لەدەرەوەش لەجیاتی سەرۆکی لیژنەکان، لەجیاتی بایەخدان بە ئەهەمیێتی لیژنەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاپۆرتەکان ئیعتیماد لەسەر فراکسیۆنەکانە ئەوانیش نەگەیشتوونەتە نەتیجە، لەناو هۆڵی پەرلەمانیش جارێکی تر باس کرا کە لەپەیڕەودا شتی وا نییە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەسنگی فراوانەوە ئەم بۆچوونە وەربگرە، ئەم بابەتە ئەبێت لەڕێگای لیژنە مەعنیەکانەوە یەکلا بکرێتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە، لەگەڵ فراکسیۆنەکان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەڵام لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی و لیژنەی ناوخۆو لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیان نەبووە، بەڕەئی ڕەسیمی بەئیمە نەگەشتووە، لەبەر ئەوە من ناچمە تەفاصیلی ئەو بابەتەوە، ئێمە ئەو بابەتەمان ئامادە کرد، یەعنی ئەگەر قسەکانی سەرەتای ماددەی یەکەمی خۆم دووبارە بکەمەوە، تێ ئەگەن ناچینەوە سەری، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە پێویست ئەکات باشتر دیراسە بکرێت، باشتر بۆچوونەکان یەکلا بکرێتەوە، بەدیدی ئێمە ڕۆحی یاساکە مەسەلەی ئاگادارکردنەوە بوو، بگۆڕدرێت بە ئاگادارکردنەوە، وە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕۆڵی سەرەکی خۆی تێدا ببینێت، بەڵام هەندێ برگە ئیزافە کراوە لەناو ڕاپۆرتەکەدا مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاوی ئیسرار کردووە لەناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە ترس لە تەقیدی یاساکە ئەم بابەتی خۆپیشاندانی لەناکاوەی هێنایە پێشەوە، ئەگەر برای بەڕێزم مامۆستا مەروان پشتیوانیم بکات پێکەوە لە لیژنە هاوبەشەکە وتمان لەبەرامبەر ئەوەی ئاگادارکردنەوە بچەسپێت خۆپیشاندانی لەناکاو لائەبەین، وتی مالت ئاوا بیت و دوعای خێر ئەکەین، ئەو مەسەلەیە بڕیمانەوە، کە ڕاپۆرتی کۆتایی هات ئەوەی لەلیژنە هاوبەشەکە لەسەری ڕێك کەوتبین ئیزافاتی لەسەر ئەکات، بۆیە هەندێ بابەت لەسەرەتاوە سەری هەڵدایەوە، بۆیە من لێرەوە پێشنیار ئەکەم بچینەوە ئەو سەرەتایە، بەتایبەتیش لەسەر برگەی خۆپیشاندانی لەناکاو، ڕێککەوتنێکی هاوبەشە، صیغەیەکی نوێ هەبێت، مادام یاسا بۆ ئەوە بێت، مواکەبەی واقیع بکات، لە ئەساسدا یاسا بۆ ئەوە بووە واقیع بگۆڕدرێت، نەك ئەوەی واقیعە یاساکە بەو ئاراستەیە بێت، هەموو یاسایەك لەژیان بۆ ڕێکخستنە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵێك واقیعە لەم ژیانە، لەبەر ئەوە مادام ئێستا بەم بارودۆخەوە، بەم میکانیزمەی کە جارێکی تر جەلسە ڕێك خراوەتەوە، من پێم وایە ناگەینە نەتیجە، بۆیە داواکارم ئەم گفتوگۆیە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی لیژنە مەعنیەکان ئەگەنە ڕێك کەوتنێکی هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە دانیشتنی پێشوو کە هەڵمانگرت داوامان لە ئێوە کرد، لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد، بە تەحدید داوامان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد لە ٢٠١٤/٧/١، داوامان کرد کە کۆببنەوەو حەل بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە، چەند جار بەنووسراویش داوامان لێکردن کە کۆبوونەوە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر پرۆژە یاسای خۆپیشاندان ڕاپۆرتی هاوبەش دروست بکەن، دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا کۆبوونەوەکەتان کرد ئینجا دوایی بەداخەوە کە کۆبوونەوەتان کرد بە ڕەئی هاوبەش لێی دەرنەچوون، دینە ئێرەو لیژنەکان بۆچوونی جیاوازتان هەیە لە قسەکردن، هەر لەدانیشتنی پێشوو، لەدانیشتنی ٧/١ لەسەر برگەی ٤ لەماددەی دووەم، چارەکێك دەرفەتمان پێدان، تا لیژنە مەعنیەکان پێکەوە گفتوگۆ بکەن، ئێمە لەهۆڵدا ماینەوە، دەستەی سەرۆکایەتی لەهۆڵدا مایەوە، سەرۆکایەتی بەشێك لە لیژنەکان ڕۆشتن بەجێیان هێشتین ئیسراحەتیان کرد، لەبری ئەوەی لێرە خەریکی تەوافوق کردن بن لەسەر ئەوەی بگەنە شتێکی هاوبەش لەسەر ئەوماددەیە، دوایش بینیمان کە خرایە دەنگدانەوە بەزۆرینە ئەوە تێپەڕێندرا، لەبەر ئەوەی بەشێك لەسەرۆکایەتی لیژنەکان لێرە نەمانەوە، هۆڵی پەرلەمانیان بەجێ هێشت، بۆیە ئێمە دریغیمان نەکردووە لەوەی کە داوا لەئێوە بکەین، کە لیژنەکانی پەرلەمان بگەنە ڕایەکی هاوبەش، بەڵام دیارە ئێوە خۆتان ناگەنە کۆتا، ئێمەش لێرە لەهۆڵی پەرلەمان جگە لەلیژنەکان فراکسیۆنەکانیش هەن، ئەندامی پەرلەمانیش هەن، تەنها تەندامانی لیژنەکان نین، ئەوەتا دوای قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری فراکسیۆنە جیاوازەکان، ڕای لیژنەی پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانیش وەر دەگرین، پەروا خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە، بەڕاستی ئەم یاسایە پەیوەستە بەهەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەڵام ئێمە زانیمان لە دانیشتنەکانی پێشوودا بەداخەوە کاك سالار ئیشارەتی بەزۆرێك لەو شتانە یا، کە من ویستم قسەی لەسەر بکەم، وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە خرایە ڕوو و دواتریش کۆمەڵێك گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، زۆرێك لە ئەندامانی لیژنە تەحەفوزیان هەبوو، بۆیە ئیمزایان نەکردبوو، بەڵام لەبەر ڕێزگرتنی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان کە دەنگیان بۆدا، ڕاپۆرتەکە ڕۆیی، ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام سەبارەت بە یەکێك لەو کێشانەی کە دروست بوو، ڕاستە مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو لە پێناسەکەیدا لەماددەی یەکەمدا پشتگوێ خرا، بەڵام دواتر ئەکرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر لەسێ کەس زیاتر لە ئەندامانی پەرلەمان داواکاری بکەن کە زیادە یان هەر گۆڕانکارییەکی تر بکرێت بۆیان هەیە و دەخرێتە دەنگدانەوەو بۆی هەیە دەنگ بهێنێت، سەبارەت بە زیاد کردنی برگەی ٤ لەماددەی دووەم، لەڕاستیدا ئەوە یەکێك بوو لەهۆکارەکانی کە دیسانەوە داواکاری ئەکرێت بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو بخرێتەوە ناو ئەم پرۆژە یاسایە، چونکە ئەوەندە برگەیەکی قورسە، ئەوەندە قەید بەندی تێدایە کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت خۆپیشاندان بکرێت، مەگەر لە یاریگایەکدا دوای

ئەوەی کە یاری تێدا نەبێت بەداخەوە ئەوە مافی خەڵك نابێت، سەبارەت بە لیژنە هاوبەشەکان، بەڵێ لیژنە هاوبەشەکان کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە بۆ ئەوەی تەوافوق بکرێت پێم وایە هیچکام لە لیژنەکان بانگ نەکراون بۆ ئەوە، زیاتر وەکو سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان، لەگەڵ ڕێزمدا، بەڵام نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی ئەوتۆ کە لە ئاستی پێویستدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێم وابێ ئێستاش هێشتا تەوافوق نیە لەسەر ئەم بابەتە، دەرفەتێك دەدەینەوە بەتەوافوق، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ماددەیە، باشە، ببوورن لیژنەی ناوخۆش ماوە، فەرموون.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوەیە بەسەرپەرشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنە مەعنیەکان و لێپرسراوی فراکسیۆنەکان بکرێت، بۆ ئەو تەوافوقەو هەر ئەمڕۆ ئەوە یەکلایی بکەینەوە، چونکە بەڕاستی موناقەشەکە زۆری خایاند، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرمووو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کاتێك کە ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەین لەلیژنە پەیوەندیدارەکان، ئیتیفاق دەکەین لەسەر ڕەئیەك من نازانم کە دێینەوە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکان، من ڕێزم هەیە بۆ هەندێ بەڕێز کە لەناو کۆبوونەوە بوونە بۆچوونەکانیان جیاوازە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە ئێستا دەیڵێن و ئەوەی لەناو کۆبوونەوە هاوبەشەکە دەیڵێن، هەر وەك کاك سالار وتی من ڕێزم هەیە بۆ سەیدا مەروان، کە ئێمە ڕێك کەوتین لەسەر ئەوەی کە مۆڵەت بکرێتە ئاگاداری نامە، زۆربەمان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین، بەڵام ئەوە بوو کە لەناکاوەکە نەخرێتە ناو ئەم یاسایە، کاتێك بەڕێزان خۆپیشاندانی لەناکاو بەدەر بکرێت لە ئاگاداری نامە من نازانم ئەم یاسایە چ مانایەکی بۆ ئەمێنێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، کە ئێمە دەبێت پارێزەرو بەرگری کەری بەهێز بین بۆ ئەوەی کە دەستەبەری مافی خەڵك بکەین، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئێمە پارێزەرو داکۆکی کەری بەهێزیش بین دژی پێشێلکردنی مافی خەڵکی تر، کاتێك کە خۆپیشاندانی لەناکاو دەکرێت ئێمە ڕەئیمان هەیە بۆ ئازادی هەر تاکێك لەهەرێمی کوردستان، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دەبێت پارێزەرو داکۆکی کەری بەهێز بین دژی پێشێلکردنی مافی خەڵکی تر و هاونیشتیمانیانی کوردستان، بەتەسەوری من کاتێ کە خۆپیشاندانی لەناکاو جێگای بۆ دەکرێتەوە بەدەر بکرێت لەئاگاداری نامە، ئەم یاسایە تەجمید دەکرێت وتەعتیل دەکرێت و ئێمە دەبێت ناوی ئەم

یاسایەش بگۆڕین کە دەڵێت یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەتەسەوری من ئێمە قەید و کەلەپچەیەك بۆ ئەم یاسایە دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەکو باسم کرد وابزانم تەوافوق ناڕوونە لەناو لیژنەکاندا، بۆیە پێویست ئەکات وتوو ویژێکی زیارت بکەن، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەزموونی ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشەی چوار لیژنەکە هەڵگری ئیشکالیەتە، دواجاریش یەکلایی کردنەویە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە بەزۆرینەو کەمینە تێ دەپەڕێندرێت، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە زۆرینە ڕەئیان جیاوازبووە وە کەمینە نەیخواردووە، بۆیە من نامەوێت بێمەوە سەر موزایەدەی ئەوە لەلیژنەکان کێ لەگەڵ ئەم فەقەرە بوو کەئێستا لەناو پەرلەمان دەنگێ دژیەتی، با ئەوە نەبێتە موزایەدە کردن لەسەر یەکتری، کە ئەگەر من لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو بم یەعنی من مەدەنی نیم و لەگەڵ خۆپیشاندان نیم، ئەگەر لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو نەبم یەعنی من دەسەڵاتم و بۆ سەرکوتکردنی هەموو بیرێکی ئازاد و ناڕازی ئامادەم، بەڕاستی ئەم دیدە ئەبێت تێپەڕێنین.

من یەك سەراحەت بڵێم سەرۆکی پەرلەمان کاتی خۆی کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن جەختمان لەدانانی خۆپیشاندانی لەناکاو کردەوە لەبەر ئەو قەیدو بەندانەی مۆڵەت بوو، با وازح بین لەگەڵ یەکتریدا، ئێستا کە قەید و بەندی مۆڵەت نامێنێت دەبێت بەئاگاداری کردنەوە، ترسمان لەوە نییە ڕێ لەهەموو خۆپیشاندانێك بگیرێت، ناشکرێ لەژێر ناوی نارەزایەتی، هەندێك فیئەی بچووکە، کە هێشتا موحتەوای یاساکە تەواو نەبووە، یەك ماددە تەواو بووە، نارەزایەتییەك وا لێ بکەن کە پەرلەمان ڕابگرن، دەبێ جورئەتمان هەبێ بڵێین، مادام خۆپیشاندان لە ناکاو بێ، بە مۆڵەت بێ یان بێ مۆڵەت بێ، تاوان نییە، کەواتە خۆپیشاندانی لە ناکاو کە ڕوودەدات، واقعێکە و بەڵێ هەیە، مامەڵە لەگەڵیا دەبینین دەکرێت و قەمعیش نەکراوە، هیچ خۆپیشاندانێکی لەناکاو قەمع نەکراوە، بەڵام دەبێ بزانین ماددام خۆپیشاندان تاوان نییە، ئەوەندە ترسمان نەبێ لەوەی کە تەعریفی هەموو جۆرە خۆپیشاندانەکان بێنین.

من دەڵێم ڕاستە خۆپیشاندانی لەناکاو زۆرێك داکۆکی لێ دەکەین هەبێ، من لەگەڵیام هەبێ، تەعریف بکرێ، بەڵام بەتەعریف کردنی تووشی ئەو ئەشکالیەتە قانونیە دەبینەوە کە ئایا ئیتر ئاگاداری نامە ڕەواجی دەمێنێ؟ من بەیانی خۆپیشاندان دەکەم بۆ ئەوەی ئاگاداری نامە نەنووسم دێم لەسەر تەعریفی لەناکاو پەنجا برادەر کۆدەبێنەوەو لەم فەرعە دەڵێین لەناکاوە، کێ دەڵێ لەناکاو نییە، والله لەناکاوە، ئاومان نیە، کارەبا مان نییە، ئەو کاتە ئاگاداری نامەش بوونی نامێنێ و ئەوکاتە پێموایە دەست لە یاساکە نەدەین، یان هەر یاسای خۆپیشاندان لابەرین، بڵێین هەرچی ڕوویدا لە ناکاوە، ئەمە ئەشکالیەتی قانونییە، تۆ کە تەعریفی دەکەی مامەڵە لەگەڵی چۆن ڕێك دەخەی، وەرە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو ڕێك

بخە بۆم؟، چۆن ڕێکی بخەین؟ بەنزینخانەی فلان سەد سەیارەی لێیە و بەنزین نەما و بوو بە خۆپیشاندان، وەرە بە یاسایەکە بڵێ ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو ڕوویدا چۆن هێزی ئەمنی بیپارێزێ، پۆلیسی چالاکی مەدەنی چۆن بگاتە ئەوێ، چۆن مامەڵە بکات؟، ئێ خۆ ئەمە یاسایە بەیانیش ڕەدەکان و ڕەخنەکان لەسەری، دیسان وا دەکات و بێینەوە و هەمواری بکەین.

بۆیەش وا قسە دەکەم کەس موزایەدە بەسەر کەس نەکات، کێ دەسەڵات بووەو کێ خۆپیشاندەر بووە کێ کاتی خۆی خۆپیشاندانی کردووە، کاتی خۆی نەیکردووە؟، من وەکو سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ قسە دەکەم، وەکو خۆپیشاندەر قسە ناکەم ڕەئی لیژنەکەش دەڵێم و تەنها خودی خۆم لێرە ناڵێم کە بۆ ئەوەی کە دوایی چوومە دەرەوە لێی دەربچم و بڵێم ئەو یاسا خراپە من لەگەڵی نیم، زۆر سوپاس، بۆیە دواجار ڕەئیەکەم ئەوەیە، یەك کاتژمێر مۆڵەتی تر بدرێت بە جۆرێك لە تەوافوق ئەگەر نا با بەردەوام بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

فیرۆز خان فەرموو لە لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز فیروز طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە چار لیژنا کۆبوونەوە لەسەر کری، مە واژوو کری ئەڤ ڕاپۆرتا هاوبەش، زۆرینەی ئەندام پەرلەمان واژوو کری، پێتڤیا ڕێز لێ بێتە کرن وان واژووان، ل یەکەم برگەی ٧ مە دەنگێ لسەر دای، لڤێ هۆلێ دا کە نەمینیت خۆپیشاندانا لە ناکاو، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ نیە خۆپیشاندانا لناکاو، چونکە بۆ هەموو خۆپیشاندانەك ئامادەکاری تێتە کرن، مە هەمیا دڤێتن تەنزیم کرنا قانونێ بیتن، ل پەرلەمانێ بێت تەنزیم کرنا قانونێ، نە فەوزا، نوکە دبینین ئەڤ خۆپیشاندانە لناکاو فەوزا دێت دروست بیتن، من پێم باشە نەمینیتن، جارەکا دی سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا مەران فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلالی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، والله من پێم خۆشە ئەو چەند ڕوونکردنەوەیە بدەم، یەکەم، مەسەلەی خۆپیشاندان کە دەکرێت بەرامبەر بە هەموو لایەك دەڵێم، چونکە هەموومان لە دەسەڵاتین، بۆ ئەوەی کە نەبێتە دووبەرە، بەرەیەکمان وەکو بەرەی دیفاع کردن، بەرەیەکیش حکومەت بین و ببێتە ئەو دووبەرەکیە، ئەوە یەکیان، دوو/ ئێمە بەڕاستی من وەکو خۆم کە بەشدارم لە لیژنەی ناوخۆ وەکو مەروان گەلالی بەشدارم ئەندامی پەرلەمان، وەکو سەرۆکی فراکسیۆن لەو لیژنەیە نیم، لە ڕەئیەکەی خۆشم پەشیمان نەبوومەتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ برایانم کاك سالار و کاك نازم کبیر، کە ئیشارەتیان بەوەدا، من ڕەئی خۆم هەتا دوایین دانیشتن کە د.ڤالا شایەدی بدات دیفاعم لەو خاڵەی کردووە، قەناعەتم هەبووە هەبێ،

بەڵام لەپێناو دوو خاڵی تر دەستبەرداری ئەو خاڵە بووم، یەکیان/ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کە تەحەفوزیشم نووسیوە، دووەم/ مەسەلەی ئاگادار کردنەوەکە، ئەو دوو خاڵە وتم کاکە ئەگەر تێشی دانەبێت کێشە نابێت، ئەگەر ئەو دوو خاڵە جێگیر بکرێت، ئەوجا دوو جار ئەوە دووبارە کراوە کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئیتفاقمان کردبێت، من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە هیچ ئیتفاقێك دانەبووم کەلەسەر ئەو خاڵە کرابێت، لیژنەکان، بەڵێ ئیتفاق کراوە و ئیمزاشم کردووە پێشی پابەندم وەدەنگیشی بۆ دەدەم کە تێیدا نەبێ، بە قەناعەتیشەوە، چونکە قەناعەتم وایە ئەو ئاگادار کردنەوەیە، ئەو پۆلیسی چالاکی مەدەنی شوێنی دەگرێتەوە، دوو/ مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو ئەگەر ٧١ قانون و بڕیاریشی بۆدەربکەی نە مەنع دەکرێ، کە کەس ناتوانێ مەنعی بکات، تەنزیمیش ناکرێ، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك............. .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد نوقتەی نیزامی هەیە، کاك ئاری فەرمووو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت خۆت فەرمووت لەهەر فراکسیۆنێك یەك کەس، ئەگەر قەرارە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بۆتەوە، ئەوە لەوانەیە زۆر خەڵکی تریش قسەی هەبێ، ئەگەر حەسمیش دەکرێت با بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئیتفاق نییە، بۆیە ناچارین لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەسی تر قسە بکات، بەڵکو بگەینە ئیتفاق، ئەگەر نا ناچارین بۆ ماوەی نیو سەعات جەلسە هەڵبگرین، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هەموو شتێك پشتیوانی لە هەموو قسەکانی کاك سۆران عمر دەکەم کە بەڕاستی زۆر واقعیانە و زۆر جدی قسەی دەربارەی هەموو ئەو پرسە کرد کە ئەوە بەشێکە لە ناخی زۆربەمان و لێی دەڕوانین، دوو/ ئەو قۆناغە نوێیە قۆناغی پێش ٢١/ایلول/٢٠١٣ یە، واتە خۆپیشاندان هی گرووپێك نییە بەدیاری کراوی، هی گرووپێك نییە بە دیاری کراویش کە دژی بێت، خۆپیشاندان مافێکی سەرەتایی هەر هاووڵاتیەکە

لەهەر سیستەمێك و لەهەر وڵاتێك و لەهەر هەرێمێك بژین، كە ناتوانی ڕێگەی لێ بگری و قەید و شەرتی بۆ دابنێی، تەنها بە یاسا ڕێكی دەخەی وەكو ئەو یاسایەی كە ئەمڕۆ و چەند ڕۆژێكە ئێمە قسە لەبارەی خۆپیشاندانەوە دەكەین.

دوو/ ئێمە تا ئێستا قسەمان دەربارەی ڕای لایەنی پەیوەندیدار نەكردووە، ئایا بڕیارمان هەیە ئێمە پەرلەمان و حكومەت ببینە دوو دەزگا و پێكهاتەی ئەو وڵاتە و دژ بە یەك و ڕەئی یەكتر وەرنەگرین؟ ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەكان، ڕای وەزارەتی پەیوەندیداریان وەرگرتووە؟ نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری پۆلیس هاتووە؟، زۆر بەڕاشكاوی بە پەرلەمانی كوردستانی گوتووە ئەگەر خۆپیشاندانی لەناكاو بكرێ ئێمە مەسئول نابین و حیمایەتیمان پێ ناكرێ، واتە هاووڵاتی گرنگترە یان چوونە ژێرباری چەند كەسێك و گرووپێك كە بیەوێ قسەیەك فەرز بكات كە پێی دەگوترێ خۆپیشاندانی لەناكاو.

سێ/ خۆپیشاندانی لەناكاو لە هەموو دنیادا دەكرێت، نەهێزێك و نە سیستەمێك هەیە كە بتوانێ ڕێ لە خۆپیشاندانی لەناكاو بگرێت كە بابەتێكی مەعنی دیاری كراو بێت، نە دەشتوانی بە یاسا ڕێكیبخەی، واتە حاڵەتێكە لە هەموو وڵاتە پێشكەوتووەكان هەیە، لە هەموو وڵاتە دواكەوتووەكانیش هەیە، خۆپیشاندانی لەناكاو دەكرێ، بەڵام ناتوانرێ بە یاسا ڕێك بخرێ، ئێمە دەپرسین لە شوێنێكی وەكو هەولێر نوێنەرایەتی و كونسولخانەكانی لێیە، بارەگای UN ی لێیە، كێ دەتوانێ ئێستا بچێتە بەردەم بارەگای UN بە ٥٠٠ كەسەوە، نەك بە ٥٠ كەسەوە بچێ بە بێ مۆڵەت، بە بێ ئاگادار كردنەوە، بە بێ مەوعید بڵێ هاتوومە و گوێم لێ بگرن، ئامادە نییە گوێت لێ بگرێت، دە فەرموو كامە كونسولخانەی كام وڵات هەیە پێی موعجیبین و كە ڕوحی دیموكراتییە لە سەر كورەی ئەرزی با بچین لەبەردەم ئەو كونسولخانەیە ٢٠٠٠ كەس كۆبكەینەوە، ئەگەر یەك موەزەف لەو كونوسولخانەیە ئامادە بوو بێت گوێ لە خۆپیشاندەران بگریت، خێرە لە هەرێمی كوردستان، لەوانە دیموكراسی ترین؟ نەخێر وەكو د.فرستیش باسی كرد، فەرموو با بێین یاسای خۆپیشاندانی وڵاتانی دیكەش سەیر بكەین، ئەو یاسایەی كە ئێستا لە بەردەستمان دایە دەكرێ شانازی پێوە بكەین.

بۆیە دیسانەوە دەڵێم ئێمە ئەو زەمەنەمان بەڕێ كرد و ئەو زەمەنە كۆتایی پێ هات، خۆپیشاندان هی گرووپێكی دیاری كراو نییە، سوڵتە و حكومەتیش هی گرووپێكی دیاری كراو نییە، نیشتمانێكە هەموومان تێیدا بەشدارین، هەموومان تێیدا مەسئولین و هەموومان تێیدا خۆپیشاندانیش دەكەین و حیمایەی خۆپیشاندەرانیش دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

پێم وابێ لەناو هۆڵدا بەم شێوەیە ناگەینە نەتیجە، نیو سەعات جەلسەكە هەڵدەگرین، سەرۆكایەتی لیژنەكان لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان بێنە دەستەی سەرۆكایەتی بۆ ئەوەی قسەیەكی لێ بكەین و بگەینە ئەنجام، ئەگەر نەگەیشتینە دەرئەنجام ئەوا لەناو هۆڵ یەكلایی دەكەینەوە، سوپاس بۆ ماوەی نیو سەعات جەلسە هەڵدەگرین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٩، بەردەوامین لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، لەسەر ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە ماددەی ٣ لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پرۆژە یاسای خۆپیشاندان، چەند تەرحێك هەن، تەرحەکان ئەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی یەکلایی کەرەوە بێت، تەرحی یەکەم ئەوەیە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا لە پرۆژە هاوبەشەکەدا هاتووە، و دوایی ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە خۆپیشاندانی لە ناکاو و خۆپیشاندانەکانی تر، لە بڕگەی چوارەم ماددەی چوارەم بە سیغەیەك، بە داڕشتنێکی یاسایی جێی بکرێتەوە، تەبعەن تەرحێکیش هەیە کە خۆپیشاندانی لەناکاو لێرە موناقەشە بکرێ و بچەسپێنرێ لە ماددەی سێیەم لە دوای بڕگەی سێیەم، و بڕگەی چوارەمیش خۆپیشاندانی لە ناکاو جێگەی بکرێتەوە، بەلاَم لە پێشدا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو ئەوەیە کە ئێستا لە پرۆژە هاوەبەشەکەدا هەیە، لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە تەسبیت ببێ، و ببێتە بەندێکی یاسایی، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەسویت کرا، نوقتەی نیزامی نییە لە کاتی تەسویت، ٧٧ کەس لەگەڵیەتی، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسند کرا، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرابوو بەوەی خۆپیشاندانی لە ناکاو جێی بکرێتەوە لە یاساکە، بۆچوونێك هەیە، کە لەلایەن ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران سیاغە کراوە، لە گفتوگۆی لیژنە پەیوەند بە خۆپیشاندان، و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان موناقەشە کرا، ئەو تەرحەش بەو شێوەیە کە ئەو بابەتە لە ماددەی چوار، بڕگەی چوار، و لە ماددەی پێنج بڕگەی دووەم موعالەجە بکرێ، و خۆپیشاندان لەو شوێنانە بکرێ بە سیغەیەکی موتلەق، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە خۆپیشاندانێك بگرێتەوە، و لەوێ موعالەجە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە ئێستا لە ماددەی سێیەم هیچ بڕگەیەکی تر ئیزافە نەکەین، و ڕاپۆرتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، و خۆپیشاندانی لە ناکاو لە شوێنێکی تر موعالەجە بکەین، لە ماددەی چوارەم و ماددەی پێنجەم، کێ لەگەڵیەتی؟ موعالەجەکە بەم شێوەیە، لە ماددەی چوار لە بڕگەی چوار ( هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك ئەبێ ئاشتیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ)، لە ماددەی پێنجەمیش بڕگەی دووەم (ئەبێ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن، و لەکاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان بن، موعالەجەکە بەو شێوەیە، کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ماددەی سێیەم بەو شێوەیە ئیتر موعالەجە بکرێ لە بڕگەکانی تری یاساکە؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە،

کەواتە پەسند کرا، ئەچینە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی چوارەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خۆپیشاندان، نوقتەی نیزامییە کاك سهراب؟ فەرموو

**بەڕێز سهراب میکائیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕیاردەرێت لیژنە ل سەر مەنەسێت حازر نینە، مە ئاخافتنێ هەی یان نا؟ مە مافێت مرۆڤین، چونکە مە ٥ دەقە دەستێت بڵند بوو، نوقتە نیزام بوو، مەجالی تێدا نەکر

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی چوار لیژنە پەیوەندیدارە بەو پرۆژە یاسایە، بۆیە تەنیا سەرۆك و جێگری سەرۆك لیژنەکان لێرە لەم مەنەسەن، جەنابت وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆت هەیە ڕاو بۆچوونی خۆت دەبڕی، و وەکو ئەندامی لیژنەش کە پێویست بوو ئەتوانی وەکو ئەندامی لیژنەش ڕای خۆت دەربڕی، ڕێم بە ٢ ئەندام پەرلەمانی لە فراکسیۆنەکەی ئێوەدا قسە بکەن کاك سهراب، لیژنەی یاسایی تکایە ماددەی چوارەم بخوێننەوە

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پێویستە نوێنەری خوپێشاندەران لایەنی کەم بە ٤٨ کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەشی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بکەن، بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ

٢- پێویستە ئاگاداری نامەکە ئەم زانیاریانە لەخۆ بگرێ:

أ کات و شوێنی خۆپیشاندان

ب- ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان

ج- ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان

خ_ ماوەی خۆپیشاندان

هـ_ ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی سێیەم و چوارەمی ماددەکە؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

بڕگەی سێیەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ، بە مەرجێ لە ڕێگەی نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری لیژنەی

ڕێکخەری خۆپیشاندان بکاتەوە لە ماوەیەکدا کە لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندان کەمتر نەبێ

چوارەم: پێویستە خۆپیشاندان ئاشیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری

گۆڕانی بەسەردا هات بەپێی ئەوەی دەنگی لەسەر درا، بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

پێوستە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان ئاشتیانە بێ و دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراوبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا، هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك ئاشتیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە جارێ، فەرموو کاك خلف

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی دەنگمان پێدا لە ڕابردوو، ئەوە بوو کە ماددەی سێیەم بە کاملی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئیزافە نەکرێ، لەبەر ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە گۆڕانکارییە لە بڕگەی چوارەم و ماددەی چوارەم ڕوویدا، لەبەر ئەوەی دەنگمان بەوە نەدا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با، با، ڕوونم کردەوە، وتمان بەوە چارەسەر ئەکرێ خۆپیشاندانی لە ناکاو کە بڕگەی چوارەم لە ماددەی چوارەم، و بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم گۆڕانکاری تێدا بکرێ، هەموار بکرێتەوە وەکو ئەوەی بەو شێوەیە هاتووە، فەرموو بێگەرد خان

**بەڕێز بێگەرد دلشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیغەکە بەو شێوەیە بوو (پێویستە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان ئاشتیانە بێ و دووربێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ، بەڵام ماددەی پێنجەم بڕگەی دووەمی (ئەبێ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزێ کە ڕوودەدات، و لەکاتی پێویست دەزگای پۆلیس هاوکاری بکات

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەم خوێندەوە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان ئەوەم خوێندەوە، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو ڕەئیەی ئێستا خوێندرایەوە لەلایەن بەڕێزتان و لیژنەی یاسایی، واتە ئەندامان بۆیان هەیە ئەمە موناقەشە بکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بۆتان هەیە موناقەشەی بکەن، فەرموو مامۆستا هەورامان

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە بەراستی زیاد لە چەندین ئەندام پەرلەمان کە ژمارەیان زۆرە داوای ئەوەمان کرد باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێ، ئیتر بۆ ئەوەی وازیح بێ، یەعنی بە شتی موتلەق و کێشمەکێشم و ئەوانە شتەکە هین نەبێ، داوای ئەوە ئەکەین خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو ئەم یاسایە جێی بکرێتەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگی هێنا مامۆستا

**بەڕێز د.هەوارمان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

دەنگی هێنا، کەواتە تەوافوقی لەسەر بکرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرینە لەگەڵ ئەوەن بەو شێوەیە، بە سیغەیەکی تەواوفوقی بێ

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

ئێمە بۆیە لە پێش هەر یاسایەك کۆمەڵێك تەعریف ئەکرێ، لەبەر ئەوەی لە ناو یاساکە هەر زاراوەیەك بەکاربێ بۆ مەبەستی ئەوەی پێشووە کە تەعریف کراوە، کاتێ تۆ پێشتر تەعریفی خۆپیشاندانت کردووە، لێرە کە باسی هەر خۆپیشاندانێك ئەکەی ئەو خۆپیشاندانە ئەگرێتەوە کە پێشتر باست کردووە، نەك خۆپیشاندانی لە ناکاو؟ سوپاس، ئەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە دوایی ڕەخنەمان لێ نەگیرێ، چونکە بە سەراحەتەن یاسا ئەبێ وازیح بێ، جامیع بێ، مانیع بێ، شامیل بێ، داوا ئەکەین یاساکە ماددەیەکی تێدابێ باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکات، چەندین جار دووبارەمان کردەوە، ئەگەر ئەکرێ با بکرێ، ئەگەر ناکرێ با وازیح بێ، ڕوئیەی هەموو کەس وازیح بێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای ڤفتوگۆ ئەکەینەوە، فەرموو کاك تەحسین نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز تحسين اسماعيل(دۆڵەمەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەماددەی چوارەم بڕگەی دووەم خاڵی پێنج، ئەڵێ ( ناو و واژووی ئەندامانی نوێنەرانی خۆپیشاندان، ئەوەندەی ناوێ، ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندان).

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەرگای وتووێژ ئەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ قسەی هەیە؟

**بەڕێز فخرالدين قادر_سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کەرتی یەکەم (گۆران ئازاد، ڕێواز فائق، سەعيد محمد، صالح فەقێ، فەرهاد سەنگاوی، مريم صمد، زانا عبدالرحمن)، کەرتی دووەم (جمال مۆرتکە، حياة مجيد، شيرين حسنی، ڤەمان فيصل، عباس غزالی، فرست صۆفی، مدينە ايوب، مەردان خدر، نجات محمد، هيڤا حاجی) کەرتی سێیەم (ڕابوون مەعروف، ابو بکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، ئێڤار ابراهيم، شکريە اسماعيل، برزۆ مجيد، بێستون فائق، جوان اسماعيل، سهراب ميکائيل، حسن صالح، زوڵفا محمود، عمر عينايەت، سهام عمر، علی حەمە صالح، عادل عزيز، فائق مصطفی، قارەمان قادر، محمود عمر، عمر صالح، گەزاڵ هادی، منيرە عثمان، ڕۆژا محمود) کەرتی چوارەم (مامۆستا غەريب)

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست ئەکەین بە گفتوگۆ کردن، فەرموو کاك زانا

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستی من لەسەر کاتەکە قسەم هەیە، پێم وایە ٤٨ سەعات زۆرە، ئەگەر بکرێتە ٢٤ سەعات لەوانەیە مەسەلەی ئەوەی کە زۆر گلەییان لێی هەیە کە مەسەلەی خۆپیشاندانی لە ناکاویش حەل بکات، چونکە ٤٨ سەعات کاتێکی زۆرە ئەگەر لەسەر قەزیەیەکدا تێپەڕ بێ، بۆیە ئەگەر ئەو کاتە کەم بکرێتەوە، لەوانەیە جۆرێك لەو کێشانەی دروست ئەبێ و ئەو گرفتانە خێران، بتوانن لە ماوەی ٢٤ سەعات هاوڕێ بن، ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، لەسەر مەسەلەی پشووی فەرمی پێم وایە زیادە، چونکە یەکەی ئیداری و وەزیر پێویست ناکات ڕەچاوی پشووی فەرمی بکرێ، چونکە کە کێشە دروست بوو پەیوەندی نییە بەوەی دەوام هەیە یان نا؟ لەبەر ئەوە پێم وایە زیادە، و جۆرێك لە ڕێگرییە، لەسەر وەڵام دانەوەکەش ئەگەر کاتەکە بگۆڕێ لە ٢٤ کاتژمێر، چونکە زۆرە کە وەڵام ئەدەنەوە، کەمتر بکرێتەوە، لەسەر بڕگەی چوارەم قسەم زۆرە، من جارێکی تریش لەسەر ئەو یاسایە قسەم کرد کە هەندێ شتی لاستیکی تێدایە، ئەبێ ڕوون بێ، مەسەلەی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، نازانم یەعنی چی؟ یەعنی خەڵك کە دێتە سەر شەقام گرفتی هەیە، پێم وایە ئەوە زیادە، ئەکرێ وەکو بيانوو لە ئاييندە بەکاربێت کە ئەم خۆپیشاندانە ئاشتیانە نییە، یەعنی ئاشتیانە چۆن

تەعریف ئەکرێ؟ چۆن ڕوون ئەکرێتەوە بۆ خەڵك، چی ئاشتییە؟ چی ئاشتی نییە؟ خەڵك دێتە سەر جادە نارەزایی هەیە، هاوار ئەکات، ئەمانە ناچێتە زمنی شتێك ناوی ئاشتی بێ، لەبەر ئەوەی پێویستە وای لێ بکرێ (پێویستە خۆپیشاندان دووربێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری)، پێویست ناکات بڵێی ئاشتیانە بێ، کە وتمان دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری، یەعنی توندوتیژی تیانەبێ، مەسەلەی جیاکاری تێدا نەبێ، لەبەر ئەوە ئەو وشە مەتاتییە، لەوانەیە تەفسیری جیای بۆ بکرێ، یان بگۆڕدرێ و بکرێ بە مەسەلەیەکی تر، یان هەر لابرێ، پێم وایە زیادە، (پێویستە خۆپیشاندان دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام بە نیسبەت بەندی یەکەم، ڕای من بۆ ئاستی پارێزگا پێویستە ٤٨ سەعات، بەڵام ئەگەر قەزاکان بێ با ماوەکەی کەمتر بکرێتەوە، دەزگای پۆلیس، یان فەرمانگەی چالاکییە مەدەنییەکان ئەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، ئەو تیبینیەم هەبوو لێرە، لە بەندی دووەم ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان، بەڕای من بکرێتە (ئامانج لە خۆپیشاندان)، چونکە مەبەستەکە دیارە، ڕوون کرایتەوە لە ڕاپۆرتەکە، یان مەبەستی خۆپیشاندان، یان ئامانج لە خۆپیشاندان، بەو شێوەیە، خاڵی پێنجەمی هەمان بەند، ناو و واژووی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشاندان، ناو و واژوو، ئەوەی ئیمزا ئەکات عادەتەن ناوی خۆشی ئەنووسی، کەواتە شێوازەکەی بەڕای من بنووسرێ (واژووی ئەندامانی ڕێکخەر) یان بە سیغەیەکی تر، ئەوە لیژنەی یاسایی ئەتوانن، ئەوەی تریش لەگەڵ ئەوەم شێوازی خۆپیشاندان دائیمەن داواکارییە، شێوازی نارەزاییە، کەواتە شێوازی ئاشتیانە بۆ پشتگیری کردنە، یەعنی حکومەت هاوکاری ئەکات، یان لە وڵاتێك سەرکەوتنێك بەدەست دێ، ئەوە شتێکی ترە، ئەو بابەتانە ئەگەر بە سیغەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر داوای لێبووردن ئەکەین کە سێ پەرلەمانتار پێشتر ناویان نووسیوە، لە یادم کرد، ئێستا ناوی ئەوان ئەخوێنینەوە، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێش ئەوەی هیچ شتێك بڵێم پێم وابێ یەکێ لە خەلەلەکان کە ڕووبەڕوومان ئەبێتەوە ئەوەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان شتێك هاتووە لە کاتی خوێندنەوەی دووەمی هەر پرۆژە یاسایەك دەنگی لەسەر ئەدرێ، بۆیە ئەکرێ کاتێك لیژنەیەکتان دیاری کرد بۆ تەعدیل کردنی ئەو پەیڕەوی ناوخۆی

پەرلەمانـە، کـار بـۆ ئـەوە بکـرێ لـە خوێندنـەوەی دووەم دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدرێ برگـە و ماددەکـان بـێ، ئەکرێ لە دوای خوێندنەوەی دووەم ڕاو بۆچوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ نموونـە بابـەتێکی لەم شێوەیە لە خەڵکانی پسپۆر وەرگیرێ، قسەی ئەوانیش بە هەنـد وەرگیـرێ، لەسـەر بابـەتەکان، پـشتگیری قسەکەی کـاك زانـا ئەکـەم، دیـارە ٤٨ کاتـژمێر زۆرە، چـونکە زۆرجـار خۆپیـشاندان دوای ٤٨ کاتـژمێر هـیچ کاریگەری نامێنێ ئەگەر بکرێ، و لە خاڵی ئەخیر (بە مەرجێ ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ)، ئەکرێ بکرێ (ئەگەر لە ماوەی دیاری کراودا وەڵام نەبوو، ئەوە ئاگاداری نامەکە پەسـند بکـرێ، یـان هـەژمار بکـرێ بە کارکردن)، لە برگەی دووەم (پێویستە ئاگاداری نامە ئەو زانیاریانە لە خۆ بگرێ (یەکەم، کـات و شـوێنی خۆپیـشاندان) ئـەم کاتـە ئەگـەر بکـرێ بـە کـاتی دەسـت پێکردنـی خۆپیـشاندان و شـوێنی خۆپیـشاندان، و خۆپیشاندەر بۆخۆی شوێن دیاری بکـات، نـەك فـەرز بکـرێ لەسـەری و بۆشـی دیـاری بکـرێ، خـاڵی دووەم و سێیـەم هیـچ، خاڵی چوارەم، ماوەی خۆپیشاندان، پـێم وابـێ مـاوەی خۆپیـشاندان کـاتی بـۆ تەحدیـد نـەکرێ، خاڵێك دابنرێ بۆ ئەوەی وەڵام نەدرێتەوە، تا وەڵامی پێویـستی خۆپیـشاندەر ئەگـەر لـە قـەزا بـوو قائیمقـام وەڵام بداتـەوە، ئەگـەر لـە پارێزگایـە، پارێزگـار جـواب بداتـەوە، تـا وەڵامێکـی ئیقناعکـەری خۆپیـشاندەر نەدرێتەوە، خۆپیشاندان کاتی بۆ تەحدید نەکرێ، لە برگەی سێیەم، (وەزیـر یـان سـەرۆکی یەکـەی ئیـداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەنـدی گشتی بـۆی هەیـە کـات و شـوێنی خۆپیـشاندان بگـۆڕێ)، (بیگۆڕێت بە مەرجێ ڕەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندانی لەسەر بێت)، ئەوەی بۆ زیاد بکـرێ، لـە برگـەیی چوارەم، ( پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك دوور بێ لـە کـاری توندتیـژی و جیاکـاری)، ئەگـەر ئەمەی بۆ زیاد کرا، (هەروەها ئەو گردبوونەوانەی کـە ڕێکخستنی پێشوەختەیان بـۆ نـەکراوە، وە دەرفـەتی ئاگادار کردنەوەیان بۆ نەڕەخساوە، لەبەر هەنووکەیی و کتوپڕی بابەتی خۆپیشاندانەکە) یەعنی لە ئاگـادار کردنـەوە دەربـچێ، بـە مـەرجێ حوکمـەکانی ئـەم یاسایەی تێدا ڕەچاو بکـرێ)، چـونکە لێمـان تێکنەچـێ، پەرلـەمانتارانی بـەڕێز، ئێمـە لـە هەرێمێکـداین، یاسـا دائەڕێـژین بـۆ خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان، و لـە هەرێمێکیش داین هەندێ خۆپیشاندان بۆتە ئەمری واقیع، ناتوانین خۆمانی لێ بەدەر بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی چـوارەم برگـەی یەکـەم بـۆ چارەسـەری ئـەوەی لـە موناقەشـەکانی پێشوو باسـمان کـرد، ئـەوەی کـە کەسـیش وەکـو تاکـە کـەس بـۆی هەیـە خۆپیـشاندان بکـات، ئـەکرێ وای لـێبێ (کەسـێك یـان نوێنـەری خۆپیشاندان لایەنی کەم) تەبعەن لەگەڵ ئـەو ڕایـەی کـاك زانـا و هاوڕێیـانی تـرم کـە کـەم بکرێتـەوە بـۆ ٢٤ سـەعات، ( ٢٤ کاتـژمێر بـەر لـە ئەنجامـدانی خۆپیـشاندان لـە ڕێگـەی ئاگاداری نامەیـەك بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێشکەش ئەکرێ، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار ئەکرێتەوە، بە مەرجێ ڕۆژانی پـشووی فـەرمی

ڕەچاو بکرێ)، ئەمەی بۆ زیاد بکرێ، ( ئەگەر لەو ماوەیەدا وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی وەڵامی نەدایەوە، ئاگاداری نامەکە بە گەیشتوو هەژمار ئەکرێ)، ڕەنگە هاوڕێیەك بڵێ ئەوە لە ئەسڵی یاساکە لە ماددەی چوارەم چارەسەر کراوە، بەڵام ئەبێ دیسانەوە گۆڕانکاری بەسەر بێ، چونکە لە ئەسڵی یاساکە ئەڵێ (داواکاری)، بۆیە داواکاریەکە لەوێ بۆ مۆڵەت هاتووە، جگە لەوەش ٤٨ سەعات پێشنیاری ئەوە ئەکەم ببێتە ٢٤ سەعات، کەواتە لە ئەسڵی یاساکەش ئەبێ ئەوە گۆڕانکاری بەسەر بێ، دووەم، (پێویستە ئاگاداری نامە ئەم زانیاریانە لەخۆ بگرێ)، لە خاڵی یەکەم کاتی دەست پێکردن لەگەڵ ڕاکەی (مامۆستا عبدالرحمن) م، لەبەر ئەوەی هۆکار ئەوەیە، لە دوایی دا باسی ئەو کاتی خۆپیشاندانە ئەکەم، کاتەکە پێشنیار ئەکەم لابرێ، ئەگەر بیهێڵینەوە ڕەنگە دوایی وا لێکبدرێتەوە ئەوە مەبەستی سەرەتا و کۆتایی خۆپیشاندانەکەیە کە دیاری بکرێ، بۆیە ئەبێ ئەو کاتەش تەحدید بکەین، کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندان، دووەم، ئیشکال نییە، سێیەم، (ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان)، وا ئەزانم ئەم خاڵە پەرلەمانتارنی بەڕێز ئەوەش ئیشکالی تێدایە، کە ڕێگایەکی دیاری کراو دیاری ئەکەی بۆ خۆپیشاندان ڕەنگە بە هۆکارێك لە دەرەوەی خۆپیشاندەران ئەو ڕێگەیە گیرابێ، چاکسازی ئەکرێ، ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل، یان هەر ڕووداوێکی ترە، تەبعەن ئێمەش یاسا دائەنێین نامانەوێ لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە خۆپیشاندەران مەحکوم بکەین، بەڵام لادان لەو ڕێگەیەی کە تۆ لە ئاگاداری نامە دیاری ئەکەی دواتر ئەبێتە هۆی مەحکوم بوونی خۆپیشاندان، بۆیە زۆر گرنگە بە وردی سەرنج بدەین، ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە گرنگ نییە، چونکە شوێنی خۆپیشاندامان دیاری کردووە، ڕەنگە ڕێگەیەکی دیاری کراومان نەبێ، شوێنیك دیاری ئەکەین، لە ڕێگەی جیاوازەوە، لە کۆڵانی جیاوازەوە خەڵك کۆئەبێتەوە بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بکات، بۆیە ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان ئیشکالێکی گەورە دروست ئەکات، ڕەنگە دوایی ببێتە هۆی مەحکوم بوونی خۆپیشاندان، چوارەم، ماوەی خۆپیشاندان، تەبعەن ماوەکە وەکو لە سەرتا ڕوونم کردەوە، ئەمەش کێشەیە، لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، ئێمە ئەمانەوێ سەرباری ئەوەی پارێزگاری لە خەمە گشتیەکانی کۆمەڵگاو بەرژەوەندی گشتی ئەکەین، بەڵام خەلەلی گشتیش بەشێکی گەورەی ئەوەیە کە داواکاری هاووڵاتیان لە هەر ئاستێك بوو، دەربارەی هەر کێشە و داواکارییەك بوو، جێی خۆی بگرێ، و گوێی لێ بگیرێ، بۆیە کە ئەڵێی ئەو خۆپیشاندانە ٢ سەعات یان هەر سەعاتێك ئەبێ هۆکاری ئەوەی دامودەزگای پەیوەندیدار گوێی لێ نەگرێ، ئەو سەعاتە چاوەڕێ بکەن تا ئەوە تەواو ئەبێ ئیشکال دروست ئەکات، بۆیە ئەگەر لاشی نابەن با پەیوەست بکرێ بەوەی کاتێ ماوەی خۆپیشاندان لەو ماوەیە کۆتایی بێ کاتێك لایەنی پەیوەندیدار وەڵامێکی بەڵگەدار بە داواکاری خۆپیشاندەران ئەداتەوە، ڕەنگە وەڵام دانەوەکە جێ بەجێ کردنی هەموو داواکاریەکان نەبێ، بەشێکی بێ، بەڵام ڕەتکردنەوەی هەندێ لە داواکاریەکان بە بەڵگەوە بێ، بڕگەی سێیەم، (وەزیر یان سەرۆکی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ)، با سەرنجی خۆم بدەم، بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، هەموومان ئەزانین یاساییەکان، یان ئەوانەی یاسایی نین، وازیحە لە ڕووی زمانەوانییەوە، زۆر زۆر

مەتاتییە، پاساو چییە؟ بەرژەوەندی گشتی چییە؟ بۆیە ئەبێ تۆ ڕێگەیەك دابنێی، ئەبێ تۆ باس لە شوێنی خۆپیشاندان ئەکەی، کەواتە بەم شێوەیە پێشنیار ئەکەم، (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەتوانێ شوێن)، سەرنج لەسەر ئەوەی کاتیشی لێ لابدەی، ڕەنگە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە گۆڕانی کاتەکەدا خۆپیشاندانەکە بخاتە شەو، دوایی چی ئەکەی؟ مافی ئەوەی هەیە بیگۆڕێ، ئەڵێ شەو بێ، ناکرێ، ئەمە ئیشکالە، لەبەر ئەوە با وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەو شێوەیە، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەتوانێ شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ، ئەگەر ئەو شوێنە لەلایەن گروپێکی تر ئاگاداری نامەی بۆ پێشکەش کرابوو، واتە گروپێکی تر ئاگاداری نامەیەکیان پێشکەش کردبوو ئەو شوێنەیان گرت، لەو کاتە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بتوانێ گۆڕانکاری لەو شوێنە بکات، و سەرنجی دوایی ئەوە، ٢٤ سەعات دیاری کراوە، پێشنیار ئەکەم ئەم ٢٤ سەعاتەش لابرێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی پێویستی بە ٢٤ سەعات نییە، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە بزانێ ئایا ئاگاداری نامەی تری پێگەیشتووە؟ کە ئێمە دیاریمان کردووە ئاگاداری نامە ئەگاتە سەرۆکی یەکەی ئیداری یان وەزیر، کەواتە بێگومان لە هۆش خۆی نەچووە، ئەبێ بزانێ لەو لەحزەیە، ئاگاداری نامەی تری پێ گەیشتووە یان نا؟ کە پێی گەیشتبوو، گۆڕانکاریەکە ئەکات، کە پێی نەگەیشتبوو، وەڵامەکە ئەداتەوە، کەواتە پێویست ناکات ئێمە ئەو هەموو کاتە بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بدەین، لە چوارەم، لەگەڵ قسەی کاك زانام، ئەوەش کەمێ ئیشکال ئامێزە، کە ئەڵێین توندوتیژی نەبێ، یەعنی خۆپیشاندانی نا توندوتیژی باس ئەکەین، کەواتە ئەمە لە ناو خۆی ئاشیتانەشی هەڵگرتووە، کە ئەڵێی ناتوندوتیژی، هەموو ئەو ڕەهەندانەی تری لەخۆی گرتووە کە یەکێ لە ڕەهەندەکانی ئاشتیانەیە، بۆیە لەوێ ڕەنگە پێویست نەکات وشەی ئاشتی بەکار بێت، کە ئەڵێین بەدەر بێ لە توندوتیژی، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامانی بەڕێز ئەو سیاغانەی کە لیژنە پەیوەندیدارەکان و لایەنەکان و فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەری ڕێککەوتن، ئەوەی پەیوەندی بە برگەی سێیەمی ماددەی چوارەمەوە هەیە، (شوێنی خۆپیشاندان ئەبێ بە ڕەزامەندی یان بە هەماهەنگی نوێنەری خۆپیشاندان بێ)، ئەمە ئیزافە کراوە، بۆیە ئەندامان بەرچاویان ڕوون بێ کە ئەم برگەیە دەستەواژەیەکی تێدا ئیزافە کراوە لە مەهامەکەی ئەگۆڕێ، تکایە ئاگادار بن، لە کاتی موناقەشەش ئەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ڕاستە ئەوە موناقەشە کراوە، ئەو برگەیە پێشنیار کراوە بەو شێوەی لێ بێ، خاتوو پەری صالح فەرموو

**بەڕێز پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەشێکی قسەکانم کاك زانا و کاك ئومێد و کاك عبدالرحمن کردییان، بەڵام ئەگەر ماوەم بدەن ڕوون کردنەوەم هەیە، پرسیارێك لە بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بکەم، بە دڵێکی فراوانەوە لێم وەرگرن، لەبەر ئەوەی ٢٣ ساڵە کوردستان ئازادە و حکومەتی خۆمان هەیە، هەتا ئێستا یەك چین و توێژ لە ٥٠٪ لە ئیش و کاری خۆیان ڕازی نین، گەنج هەلی کاری نییە، کێشەی خانووبەرەی هەیە، فشارێکی زۆری لەسەرە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەری ماددەی چوار.......

**بەڕێز پەری صالح:**

بەس ئەوەندەم لێ وەرگرن، هانا بۆ ماددە هۆشبەرەکان ببات یان خۆپیشاندان، ئێمەش وەکو دایك و باوك وەریان بگرین، دەستیان بەسەردا بێنین، هەتا ئێستاش دەرئەنجامی هیچ خۆپیشاندانێك وا نەبووە کە بە دڵی خۆپیشاندەران بێ، وەریان بگرینەوە، دەستیان بەسەردا بێنین، ڕێیان بۆ خۆش بکەین، هەلی کاریان بۆ بدۆزینەوە، نەك وەکو ئەو شیعرەی ئەڵێ (القاه في اليم مكتوفا، فقال له اياك اياك انت بتلبا)، یەعنی گەنج و لاو لای ئێمە، هەمووی بەو شێوەی بەسەرهاتییە، دوێنێ خوێندکارێك پەیوەندی پێمەوە کردووە، دوو ساڵە تەخەروجی کردووە، ئێستا نان بۆ جیرانەکانیان ئەکات، پەیوەندی ئەکەن ئەڵێن خۆپیشاندان نەکەین، ئەدی چبکەین؟ سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاسایە خۆی بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، موناقەشەی ئەوە ئەکەین چۆن خۆپیشاندان ڕێکبخرێ.......

**بەڕێز پەری صالح:**

ئاخر هەموو پرسیارەکان بۆ ئەوەیە نەکرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غەریب

**بەڕێز غەریب مصطفى(پێنجوینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئێمە سیاغەی یاسای خۆپیشاندان بۆ واقیعی کوردستان ئەکەین، ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ لە کوردستان دەیان کێشەی جۆراو جۆری وەکو مووچە و کارەبا و بەنزین و تا ئەخیری لەم وڵاتە هەیە، بۆیە پێویستە ئەو یاسایە کە سیاغە ئەکرێ بە تایبەتی ئەم خاڵی چوارە، مۆرکی کوردستانی بوونی پێوە بێ، واقیعی کوردستان ڕەنگ بداتەوە، نەك مۆرکی یاسایەکی ئەوروپی، وەکو هەندێ لە برادەران ئاماژەیان پێ کرد، مافی هاووڵاتی لەوێ، لە نان و لە ئاو و لە مووچەی و لە شوێنی نیشتەجێ بوونی لە هەموو

ڕوویەکەوە پارێزراوە، ئینجا ئەگەر خۆپیشاندانی لە ناکاویشی کرد، مافی ئەپارێزرێ وەکو مرۆڤ هەڵناکوترێتە سەری، نابرێتە زیندان، فیشەکی پێوە نانرێ، مافی پارێزراوە، بۆیە ئاگادار کردنەوەی حکومەت بە ٤٨ سەعات پێش لە ڕوودانی خۆپیشاندان، ئینجا ئەو پشووە ڕەسمییەی ئاماژەی پێکرا، حیساب بکرێ، ئینجا سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەبێ لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە مەتاتییە، کاك سالار ئاماژەیەکی پێکرد، ئومێد ئەکەم ئەوە بچەسپێ، بەس ئەبوو دکتۆرە فالا بیخوێندبایەوە بۆمان، ئەگەر گۆڕانکاری تێدا کرابێ، ئەگەر ئەمانە بچەسپێ بەڕاستی تەوفکردنی خۆپیشاندانە پێش ئەوەی ڕوویدات هەر بە یاساکە تەوق دەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە (٤٨) سەعات پێشتر بێ، بکرێ بە (٢٤) سەعات، و لەگەڵ ئەوە نیم کە وشەی ئاشتیانەی تێدابێ، تەنها وشەی توندو تیژی کیفایەتە کاك زانا و ئەوانی تر ئاماژەیان پێکرد، و لەگەڵ ئەوە نیم کە خاڵی سێ ماددەی چوارەم بمێنێ کە دەڵێ لەبەر بەرژەوەندی گشتی کە ئاماژەم پێکرد مەتاتیە و لە کۆتاییدا داوا دەکەم خۆپیشاندانی لە ناکاو بخرێتە ناو ماددەی چوارەم و بەم جۆرەی لێ بکرێت، پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بە وانەشەوە کە لە ناکاو ڕوودەدەن دوور بێ لە کاری توندو تیژی جیاکاری و پارێزراو بن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچوونی مامۆستا غەریبم هەیە، قسەکانی کردم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو هیڤا،

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە کە برگەی دووەم خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت، وەکو دانانی بارمتەی ڕاهێنان بۆ خۆپیشاندان بۆ ئەوەی کە بەکاربێت بۆ پاککردنەوەی شەقام و قەرەبووی ئەو زەرەرە ماددیانەی کە بە ماڵی خەڵك دەگات لە کاتی خۆپیشاندان، نەك حکومەت تەقەبولی ئەم زەرەرە بکات، وڵاتی (ئەسکەندەنافیا و ئیرلەندا) ئەم یاسایە بەکاردەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو خاتوو مریم،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك، دوو مولاحەزەی ڕێزمانیم هەیە، وەڵلا لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوار لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم ئەگەر ئەو لایەنی کەمە بکرێت بە لانی کەم لە ڕووی زمانەوانییەوە تۆزێك خۆشتر دەگوترێت و (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی ئەگەر لە بری لە ئەنجامدانی بەڕێوەچوونی دابنرێت لە بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکە و لە ماددەی دووەم من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بکرێ ئاگادارینامە پێناسەی بۆ بکرێ، نەك ئەو خاڵانە ریزبەندی بۆ بکرێ، ئەگەر نا خاڵی چوار بێتە خاڵی یەکەمەوە کات و شوێن و ماوەی خۆپیشاندانەکە، یەعنی خاڵی چوارەم لە بڕگەی دوو لا ببرێ، ماوەکە بێت لەگەڵ کات و شوێن و ماوەی خۆپیشاندانەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو حیات،

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەمدا ماوەی خۆپیشاندانەکە هەندێك لە بەڕێزان هاوکارەکانم باسیان لەوە کرد منیش جارێکی تر باسی دەکەمەوە لە سەر ماوەی خۆپیشاندانەکە، خۆپیشاندەر تا وەڵامێکی موقنیعکەری پێ نەبی بۆ عیلاج کردنی ئەو کێشەیەی کە خۆپیشاندانی لە سەر دەکات خۆپیشاندەرەکە بەردەوام دەبێ، ئینجا ماوەکە ئەگەر بکرێ هەر لا ببرێ، تێدا نەبێ ماوەکە تەحدید نەبێ ماوەی با بڵێین خۆپیشاندانەکە، لە خاڵی سێیەمدا دەڵێ لە ڕێگەی نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان بکاتەوە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێ، ئەی ئەگەر لەم ماوەیە نەتوانرا وەڵام بدرێتەوە چی؟ خاڵی چوارەمیش پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێ و دوور بێ لە کاری توندو تیژی و جیاکاری ئەگەر بکرێت ئەو یەك دێڕەی بۆ ئیزافە بکرێ بەهیچ جۆرێك چەك بەکار نەهێنرێ، وەك لە خۆپیشاندانەکانی پێشتردا بینیمان کە چەندەها کەس بوونە قوربانی بەهۆی تەقەکردن، ئەگەر تەقەی تێدا نەکرێ و چەك بەکارنەهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو منیرە،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کاك ئومێد و مامۆستا عبدالرحمن کردیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شوان قەڵادزەیی،

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ تەواوی قسەکانی کاك زانا دام، ئەو (٤٨)سەعاتە بکرێ بە (٢٤) سەعات، ئەوەش کە نووسراوە لیژنە، لیژنە بۆ خۆی لابراوە، بکرێ بە نوێنەری خۆپیشاندەران، پشوو پێویست ناکات، چونکە لەوانەیە پێداویستیەك هەبێت کە وا بێ داواکاری خوێندکاران بێ یان هەر چین و توێژێکی تر بێ لە ڕۆژی پشوودا بێتە پێشەوە، بڕگەی دووەم لە ئاگادارییەکان ئەگەر لە یەکەمدا کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە، چونکە دەڵێ کات ڕۆژەکە خۆی هەمووی کاتە لە بەیانیەوە تا ئێوارە کاتەکە دیاری بکرێ ئامانجەکەش ئەوە دیارە، ڕێگای ڕۆشتنی خۆپیشاندانەکە ناکرێت لایەنی حکومەت یان دەسەڵات دیاری بکات، چونکە خۆپیشاندەر لە کوێ فشاری زیاتر دەخاتە سەر لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی تەسلیمی داواکاریەکانی بێ ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێ، ئەوە پێم وایە گرفتێك بێ لەبەرامبەر خۆپیشاندەر، ماوەی خۆپیشاندانەکەش ئەو ماوەیە ناکرێ دیاری بکرێ، دەکرێ بەم شێوەیە بێ ماوەی خۆپیشاندانەکە بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی لایەنی بەرامبەر بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران دەدات، ئێستا کێشەکە ئەوەیە سەدان خۆپیشاندان ڕوو دەدات، بەڵام هیچ وەڵامێکی نادرێتەوە هەموو بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە، بڕگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی نییە، مەسەلەن شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێ تەنها ئەوەی کاك سالار باسی کرد بە ئیتیفاق لەگەڵ خۆپیشاندان، دووەم لە کاتێکدا ئەو شوێنە خۆپیشاندانی تری لێ بکرێ، بڕگەی چوارەم بەخۆی هەمووی زیادە، کە دەڵێ خۆپیشاندان ئاشتیانەیە لە پێناسەکەدا هاتووە ماددەی یەکەم لەوێ ئاماژەی پێکردووە کە هەموو خۆپیشاندانەکان هەر چۆنێك بێت ئاشتیانەیە کە دەڵێ دوور بێ لە توندو تیژی و جیاکاری، لە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم باسکراوە، نابی مەبەستی خۆپیشاندان هاندانی گروپێك بێ دژی گروپێکی تر بەناوی ئاین یان بە ناوی شتێکی تر، بەڵام بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشە، چونکە تا ئێستا لەو ماددانەی کە ئێمە هەموارمان کردووە هیچی مافی خۆپیشاندەران تێدا نەپارێزراوە بە نووسراو بۆ نموونە بنووسرێت پێویستە ڕێکخەران و خۆپیشاندەران لە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن نەگیرێن و ئازار نەدرێن و هەڕەشەیان لێ نەکرێ، ئینجا مەسەلەی لە ناکاو، ئەگەر لە ناکاو، لێرە بێتە دەرەوە وەکو ئەوە وایە ئەو فڕاکسیۆنانە لە ژووری تاریکدا ئەوەیان کۆتایی پێ هێنابێت، چونکە بەڕاستی خۆپیشاندانە ئاساییەکەش و ئەوەی تریش خۆ خەڵك ئاماژە پێ دەکات چوار ساڵی ئارام و پێنج ساڵی ئارام، ئەوە ئاساییەکە هەر نەما، لە ناکاوەکەش هەر نەما، کەواتە هەمووی (الفاتحە)ی لە سەر بخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حسن،

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ رای ئەو برادەرانەم بەتایبەتی کاك ئومێد و ئەوانی تر (٤٨) سەعاتەکە زۆرە، بکرێ بە (١٢) سەعات، چونکە بەڕاستی (٤٨) سەعات ئەگەر بتەوێ رۆژانی یەکشەمە و دووشەممەش شتێك دێتە پێش دەبێ دووشەمە خۆپیشاندان بکەی، بۆت نییە یەکشەمە خۆپیشاندان بکەی دەبێ ماوەی (٧٢) سەعات و زۆرتریش پێشتریش مۆڵەت وەربگری، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام (٤٨) سەعاتەکە بکرێ بە (٢٤) سەعات ئەگەر کەمتریش بێ باشتر، ماوەی خۆپیشاندانەکە لەگەڵ د. شوان دام لا ببرێ، نەمێنێ بەڕاستی، چونکە خۆپیشاندان جاری وا هەیە ئامانجەکەت ناگرێتەوە، وەڵام بە داخوازیەکانت دەگرێتەوە چۆن دەتوانی بڵێی خۆپیشاندان ماوەکەیان بۆ دیاری بکرێ، خاڵی سێیەم هەر لە ماددەی چوارەم مەبەست چییە بە پاساوی دروست؟ ئەمە کاك ئومێد باسی کرد من نایەمەوە سەری بەڕاستی ئەمە زۆر مەتاتیە پاساوی دروست، قسەکانی ترم هەمووی کراون پشتگیری لە هەموو ئەو رایانە دەکەم کە پێش من گەیاندوویانە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو نجات،

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا دوویێ خالا چارێ سەبارەت بە ماوەی خۆپیشاندانەکە، ئەز پێشنیار د کەم کو ماوە بێتە دەست نیشان کرن مەرجی گونجاو بێ لەگەڵ واقعێ کوردستانێ، چونکە دەست نیشان کرنا ماوە زۆربەی وڵاتێ پێشکەفتی ژی تێدا دەست نیشان کرن بۆ نموونە هەندێ وڵات چوار سەعات، هەندێ وڵات شەش سەعات ئەگەر ماوە هاتە دەست نیشان کرن ئەڤە ئۆتۆماتیکی لەو ماوەدا لایەنی پەیوەندیدار ژی دێ ل دیف گازیا خۆپیشاندەران دیت و د بێتە سەبەبی زووترین دەم ژی خۆپیشاندان دی ماهی دێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی یەکەمی ماددەی چوارەم پشتیوانی رەئی برادەرانم دەکەم کە لیژنە بکرێ بە نوێنەر، سەبارەت برگەی دووەم لە راستیدا بەلای منەوە واریدە، گرفت نییە، کات و شوێن و ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندانەکە دیاری بکرێ، چونکە ئەمە لە ئاگاداری نامەکەدا نوێنەرانی خۆپیشاندان کات و شوێنەکە دیاری دەکەن و ئامانج و مەبەستەکەش دیاری دەکەن، بەڵام منیش هاوڕام ماوەی خۆپیشاندانەکە پێشنیار دەکەم لا ببرێ لەبەر ئەوە مادام ئێمە بە قانون پابەندی خۆپیشاندەران دەکەین کە دەبێ ئامانجیان و مەبەستیان دیاریکراو بێ و رەواش بێ ئەمانیش ماڧ خۆیانە کە ئەو ئامانجە و ئەو مەبەستەی کە

خۆپیشاندانەکەیان لە پێناویدا کردووە بیپێکن، خۆ ئەگەر لایەنێ جێبەجێ کار لەو ماوەیەی کە دیاری دەکرێ، تێدەپەڕێ و جەوابی خۆپیشاندەرانی نەدایەوە ئەو کاتە هیچ قانونێك نییە، و هیچ بڕگەیەك نییە کە سزای لایەنی جێبەجێکار بدات، لەوەی کە راستە بەپێی ماددەی پێنج بڕگەی سێیەم هەیە کە دەبێ لە دوای خوێندنەوەی داوای خۆپیشاندەران لایەنی جێبەجێ کار یان لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ داواکەیان وەربگرن و لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران کۆبێتەوە، هەوڵ بدات چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکرا راستە پێشێلی قانونە، بەڵام ئەی کێ سزای دەدا؟ هیچ دەقێکی قانونی نییە بۆ سزادانی، بۆ ماوەی خۆپیشاندانەکە پێویستە لا ببرێ، و سەبارەت بە ئەوەی پێنجەم ناو و واژۆی ئەندامانی رێکخەری خۆپیشاندانەکە من پێشنیار دەکەم ناونیشانی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە دابنرێ، و سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ئەم بڕگەیە لە راستیدا هاوڕام زۆر مەتاتییە، چونکە بەرژەوەندی گشتی و پاساوی شیاو و نەشیاو ئەمە جەدەلی تێدەکەوێت، چ پاساوێك شیاوە، کام پاساو لۆجیکییە ئەمە بە لا تۆ لۆجیکییە، بە لای من لەوانەیە لۆجیکی نەبێ، مەنتقی نەبێ، بۆیە ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە جەدەلی تێدەکەوێ، بۆیە من پێم وایە ئەگەر ئەم بڕگەیە بمێنێ دەبێ لە کۆتاییەکەیدا ئەمە زیاد بکرێ کە بە مەرجێك پاساوەکە بە لای نوێنەری خۆپیشاندەرانەوە لۆجیکی بێ، یەعنی بۆ ئەوەی کە رێگە بگری کات و شوێنەکە بگۆڕی، چونکە گۆڕینی کاتەکە و شوێنی خۆپیشاندانەکە لە راستیدا کات خۆ هەر سەعات و هین ناگرێتەوە، زۆر شت دەگرێتەوە لەوانەیە مانگێك بە سەر ئەو وادەیە تێپەڕ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەردان،

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر بڕگە سێ تەئیدا وێ رەئی د کەم کو پاساوی درو ست و شیاو زۆر زۆر مەتاتییە، ئەز پێشنیار د کەم ئەو پاساو بێتە دیار کرن، مەسەلەن ئەگەر مەترسیەکا ئەمنی هەبوو وەزیر یان سەرۆکی یەکا ئیداری دزانێ وەختدا یان ئەو ژی مەترسیەکا ئەمنیا هەی یان جهی کە هاتیا تەحدید کرن بۆ خۆپیشاندانێ بۆ خرڤەبوونەکا دی دهێتە ب کار ئینان بۆ هندێ کو جهی وێ بگۆڕێ یان ئەگەر هێزی ئەمنی پێتڤی بەردەست نەبوو ب وەختا خۆپیشاندانی بپارێزن، یەعنی ئەڤ پاساوە بهێنە تەحدید کرن نەك ڤێ مەتاتی بمێنێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو کەژاڵ،

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار بڕگەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدام کە (٤٨)ەکە زۆرە، و ئەو بڕگەیەش بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ بە زیادی دەزانم، لە بڕگەی سێیەمدا وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ تەنها بۆ یەك جار، بەمەرجێك لە ڕێگای نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری نوێنەرانی خۆپیشاندان بکاتەوە، پێویستیش بە ماوەکە ناکا، چونکە ئەگەر بڕیار بێ (٤٨) سەعاتەکە زۆر بێ ئەو ماوەیەش زۆرە، لە بڕگەی چوارەم پێم باشە ئاوای لێ بکرێ هەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاو یان موڵەت پێدراو دەبێت ئاشتیانە و پارێزراو بێت، پێویست ناکات باس لە کاری توندوتیژی بکرێ، چونکە تۆ کاتێك کە باسی ئاشتی دەکەی پێویست ناکات پیچەوانەکەشی باس بکرێت، هەر وای لێ بکرێ هەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاو یان موڵەت پێدراو دەبێت ئاشتیانە و پارێزراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە خوارەوە دەست پێ بکەم منیش هاوڕام مادام توندوتیژی هەیە ئاشتیانە نەشبێ هیچ کێشە نییە، لەگەڵ کاك زانا و ئەوانی تر پاڵپشتی ئەم تێڕوانینە دەکەم کە هەماهەنگی لە بڕگەی سێیەم زیاد بکرێ، بەڵام سەبارەت بە لابردنی ڕۆژانی پشوو ئەوە لە قانونی مورافەعات و لە قانونی تریش ئەم مەسەلەیە لە نیزامی عامە، یەعنی خۆپیشاندان خۆ لە کاتی نائاسایی ناکرێ، یەعنی خۆپیشاندان لە کاتی ئاسایش دەکرێ، و ئەسڵ وایە لە کاتی ئاسایی بکرێ، بۆیە زەرووره لە هەموو قەوانینەکان مەسەلەی پشووی فەرمی دەبێ ڕەچاو بکرێ، و لە نیزامی عامیشە و لە هەموو قانونەکانی تریش کاری لە سەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صالح فقێ،

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە بڕگەی دووەمدا ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە پێویستە کۆتاییەکەی دیاری بکرێ، دوو شێوە خۆپیشاندان هەیە ڕەنگە بەشێکی ئەوە بێت کە لە جێگایەکدا بە سابتی دەبێ، بەڵام هەندێك جار خۆپیشاندان بە ڕێگایەکی ئاڕاستەکراودا دەڕوات، پێویستە لێرە لەو داواکارییە شوێنی کۆتایی خۆپیشاندانەکەشی تێدا دەست نیشان بکرێ، سەبارەت بە خاڵی چوارەم ئەگەر ئاشتیانە لا ببرێ هێمنانە با جێگای ئاشتیانە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عباس غزالی،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار لە بڕگەی یەکەمدا ئێمە دەمانەوێ هەر خۆپیشاندانێك بێتن، و ئامادەکاری بکرێ، ڕەنگە لەگەڵ (٤٨) سەعات بم، چونکە لایەنی پەیوەندار خۆی ئامادە بکات، چونکە ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانیشی لە سەرە لەوانەیە لەوکاتەدا پۆلیسی چالاکی مەدەنی بەو شێوەی بەردەست نەبێ پاساوێك دێنێتەوە لەگەڵ ڕەئی د. فرستی دام کە ڕۆژانی پشوو کە ناوی پشووە خۆپیشاندەرانیشمان لە پشتی دابن، چونکە ماوەکەی ئەوەیە، بۆ دیاریکردنی کات لەگەڵ ئەوەدام کات دیاری بکرێ، چونکە هێزی پاراستنی ئەو خۆپیشاندەرانەدا مەحدوودە، و لەوانەیە ئەگەر شتیش درێژ بوو بە لاڕێ ببرێ و شتی تریشی بچێتە ناو و ئامانجی تر بپێکی، و لە بڕگەی چوارەمدا بۆ ئەوەی ئارام بێ پێشنیار دەکەم  هەروەکو ئەو ڕۆژەش وتم خۆپیشاندان نیشانەی شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەکە، و پێشنیاریش دەکەم کە پێویستە خۆپیشاندەران ڕەچاوی ژینگە پارێزی و منداڵ بۆ مەرامی خۆپیشاندان بەکار نەهێنن بۆ ئەوەی پاسایەکی شارستانی لە کۆمەڵگایەکی نێو نەتەوەیی و بە معیاری پاراستنی میساقی ماڧی مرۆڤیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو جوان،

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم دوێنێ وەعدەکم وەرگرت کە ئافرەت ئەوەل جار قسە بکات، بەڵام ئەمڕۆ ئافرەت نیسبەی موشارەکەی باش بوو، حەقت دا بە ئافرەتان، بەڕاستی باس لە دیموکراتییەت دەکرێ باس لە ماڧی مرۆڤ دەکرێ، من بەخۆم واقیعێکم دیت زاهیرەیەکم بینی، خۆم لە ناوی بووم لە ٢٠١٣دا مەجموعەك کەمئەندام لە پێش دەرگای پشتەوەی پەرلەمان خۆپیشاندانێکی لە ناکاویان کرد ئەوانەش بەڕاستی تەڵەبیان زۆر زۆر ڕەوا بوو، داخوازییان زۆر ڕەوا بوو مووچەیان زۆر کەمە لە مابەینی (١٠٠ تا ٢٠٠) هەزارە دەیانویست چاکیبکەنەوە، تەبعەن ئەو وەختی قەیرانی داراییش نەبوو، دوو مانگ، سێ مانگ جارێك مووچەشیان وەردەگرت، ئەو ئیعانەی حکومی وەردەگرن، سەعات سێی شەوێ  کە برادەران لەگەڵم بوون کە کاك برزۆ بوو، کاك علی حەمە صالح بوو، خوشکە ئێڤار بوو، دوو سێیەکی تریش بوون سەردانی ئەوانەمان کرد، سەعات چواری سبەینێ بە سەیارەی ڕەش، بە دەمامکەی ڕەش ئەوانە هەڵگیران فڕێ درانە پشت سەیتەرەی یەك، دوو: کارمەندی حکومی من ئەو دیاردەیەم دیتیە لەگەڵیشم قەومایە خاسەتەن ئەگەر کارمەندەکە حکومی بێ، بەڕاستی حکومەت بزانێ خۆپیشاندانە یەکسەر چاوسۆرکردنەوەو تەهدید دەست پێدەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کێندەرمان دێشی دەزانین واقیعەکەمان کووە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەعزێکمان

پێداگرین خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو ئەو یاسایە هەبێ، هەتا ئەزیەتی نەخوا هاووڵاتی، هەتا بیل فیعل دیموکراتیکە فیعل و کار بێ، بەس قسە نەبێ، شیعار نەبێ، بەنیسبەت موقتەرەحەکان ماددەی چوارەم هاوڕامە لەگەڵ کاك ئومێد و کاك زانا و برادەران کە باسیان کرد (٤٨) سەعاتەکە ببێ بە (٢٤) سەعات، و کات و شوێنی خۆپیشاندان بەس دووبارە ناکەمەوە لە سەری ناڕۆم، چونکە موبەڕیڕەکان کاك ئومێد و کاك زانا و برادەران باسیان کرد، کاتی دەست پێکردن، و ڕێگایەکە نەمێنێ ڕێگای ڕۆشتنی خۆپیشاندەران، و ماوەکە ئێمە تەحدید نەکەین، چونکە تۆ نازانی خۆپیشاندان کەی دەست پێدەکات؟ بەڵام کەی تەواو دەبێ تا ئامانج وەڵامیان نەدرێتەوە ناتوانی ئەوەی بکەی، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری پاساوی دروست و شیاو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئەمە زۆر زۆر مەتاتییە، ئەوە بەعەکسەوە ڕێگرە لە پێش خۆپیشاندان ئەوە نەمێنێ، و کاتەکەش بسڕێتەوە نەمێنێ بە مەرجێك کاك ئومێد باسی کرد ئەگەر گرۆپەك دەست نیشانی نەکردووە کەسێك دەتوانێ، وەزیر یان سەرۆك بیگۆڕیتەوە ئەو چوارە کە پێشنیارەکە مەجموعەك ئەندام پەرلەمان، و جەنابت خوێندتەوە من لەگەڵدامە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقەت یەعنی د ڤێتن ئەم ئەندامێت پەرلەمانی تایبەتی سەر ڤی ماددەی ئب وی چاڤی نە سەحکەنێ یان ژی نەکەنە ڤالبێکی بازارپدا ئێك بێژی (٤٨) سەعات کێمە، ئێك بێژی زێدە بکا و ئێك بێژی بلا (٧٢) سەعات بێ، ئت د ڤیابا پتر دیراسا ڤی مەوزووعی هاتبا کرنێ یان ژی رەئیا جهەتێت مەعنی ژی هاتبا وەرگرتنێ سەر هەندێ کا غایا ژی چییە دەینا د (٤٨) سەعات، چونکە رەبتەکا گەلەك موباشیر برگا ئێکێ ئەگەر بەرێ خۆ بدەنێ ژ مادده چارێ برگا سێ رەبتەکە گەلەك ب ئێك و دوو هەی، بۆ نموونە ئەگەر ماوە هاتە کێمکرنێ بۆ (٢٤) سەعاتا خۆشحالێ ڤە کو موستەلەحیکی تر سەر برگا سێ هات زێدە کرن کو د بێ رەزامەندی هەردوو لایە بێتن، ئەو ژی د بێت ماوە (٢٤) سەعاتدا ئاگاداریا لیژنا خۆپیشاندانا بکەتن، دی جەوە دێتە تەنزیم کرن یەعنی ئەڤە، مەفرووزە مودەتێك بەردەستێ لایەنێت پەیوەندیدار بتن یان ژی دەسەڵات بتن، بۆ هەندێ بشێتن ئەو جیهەتێ خۆپیشاندان دێ لێت کرنێ بێتن تەئمین کرنێ، خۆ ئەوان پێتڤیت مودەتەکی هەیا (٢٤) سەعات بێتن یان (٤٨) سەعات بێتن، د ڤێت موراعاتا ڤان هەردوو خالا بێتە کرنێ و ژ نێین جودا کرنێ، ئەگەر بێنە جودا کرنێ هندێ بێ غەلەتیەکا ڤانونی د جێبێتن، سەبارەت برگا دووێ: د ڤێتن بێت دیارکرنێ کو ئەڤێت هەرچەند بەیانەتەکا پێتە ڤیا ئەڤ ئاگادارینامە هەبن، بەلێ گەلەك نۆرماڵە ژی ئەگەر برگەیەکا دی لێ بێ زێدە کرنێ ئو جیهەتێت مەعنی دی ماوێ خۆپیشاندان تێت کرنێ، بەلێ داخازیا وە گەهیشت، یەعنی کو پێ موتەڵیع بن کو ڤانا مەعاناتا کو ڤانا داخازیەکا هەی ژ لایەنێت پەیوەندیدار ئو ئەڤ لایەنی پەیوەندیدار خۆ د ڤی مودەتێدا خالێ بکەن خودان بێژا چەوا

بەرسفیدەر یان کەنگی مودەی تەنفیز کرن ئەڤە بابەتێکی ترە، سەبارەت بڕگا چارێ سەر هەمان ماددەی کو پێتەڤیا خۆپیشاندان ئاشتی بێت، ئەڤێ رۆژێ من گوت من نەڤێت دووبارەکەم، بەس قسە هاتە سەر هەندێ ل مادده (٢٠)ی ژ جاڕ ناما جیهانیا ماڤێ مرۆڤ مادده (٢١) ژ عەهدی دەولیێ خاص ب حقوقی مەدەنی و سیاسی دەستوری عێراقێ مادده (٣٨)ی یەعنی هەمی بێژن د ڤێتن خۆپیشاندان سلمی بێتن ئەڤ موستەلەحی مەتاتی بێتن یەعنی بۆ چ موشەرعی نێڤ دەوڵەتی ئەڤ موستەلەحی ب کار ئینایا کەسێك رەخنە لێ نەگرتیا نە گوتیا ئەڤە مەتاتییە بو چ ل موشەرعی کوردستانێ د رەخنە گرتنێ بێژێتن ئەڤە موستەلەحێکی مەتاتییە نابێت بێتە ب کار ئینان، بتەنێ من ئێك تێبینی بۆ ژ فەقەرە هەی کو لێ بێت زێدە کرنێ، کو پێویستە خۆپیشاندانا ئاشتی بێت ئو دویر بت هەتا دوماهکێ نابتن تەحریز ژ بتن بۆ ئەنجامدانا جنایەکێ جا ئەڤە جنایە بن یان جونحە بیتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێواز،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆری لە قسەکانم کرا، بەڵام لە سەر بڕگەی سێیەم قسەم هەیە کە دەڵێ سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە بە پاساوی دروست لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، زۆر قسە لە سەر مەسەلەی مەتاتییەت و ئەوانە ناکەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەم کە دەڵێن فیعلەن دەستەواژەیەکی مەتاتییە دەتوانرێ بە زۆر عاقاردا ببرێ، بەڵام قسە لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەم بڕیارە رەنگە هەندێ جار ببێتە هۆی لە بار بردنی ئامانج لە خۆپیشاندانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە گۆڕینی شوێن و کاتی خۆپیشاندان، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی پەیامی خۆپیشاندەران بەو جۆرەی کە مەبەستیانە، و پلانیان بۆ داناوە نەگات، بە نموونە خۆپیشاندەران ئەیانەوێ لە کاتێکدا کە وەزیری خارجی وڵاتێك، سەرۆکی وڵاتێك، سەرۆك وەزیرانی وڵاتێك هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان پەیامێکیان هەیە دەیانەوێ بگات، و دەشزانن ئەو کەسە کەی دێت، و ئاگاداریشیان داوە بە حکومەت، حکومەت ئەگەر شوێنی خۆپیشاندانەکە یان کاتێ خۆپیشاندانەکە بگۆڕێ ئامانجی خۆپیشاندانەکە لە بار دەبرێ، بۆیە بە تەسەوری من ئەم بڕیارە شتێکی موباحە با بڵێین دەگۆڕێ شتێك لە ئەسڵدا نابێ دەسکاری بکرێ، دەستکاری دەکرێ، بۆیە دەبێ قەرارەکەی تەسبیت بکرێ، واتە دەبێ لە ناو بڕیارەکەدا پشتیوانی ئەو رەئیەی کاك مەردان دەکەم دەبێ لە ناو بڕیارەکەدا سەرۆکی یەکەی کارگێری بڵێ بۆ؟ یەعنی کام بەرژەوەندی گشتی، لەبەر چی؟ تەسبیبی قەرارەکە بکا لەبەر چی کاتەکە، و لەبەرچی شوێنەکە دەگۆڕێ؟ ئەمە یەك، سەبارەت بە وەی کە ئەگەر ئەو سەبەبەی کە دەوترێ یان ئەو هۆکارەی کە دەدرێتە خۆپیشاندەران ئایا مەنتقییە یان مەنتقی نییە؟ بۆ خۆمان هەموومان ئەو حەقیقەتە دەزانین، کە قسەکردن لە سەر مەنتقیەت و نا مەنتقیەتی سەبەبێکی دیاریکراو یان پاساوێکی دیاریکراو جەدەلێکی زۆری لە سەرە، نەك لە هەرێمی کوردستان ئێمە تا رادەیەکی زۆر هەژارین بە

قسەکردن و جەدەلکردنی عیلمی لە سەر زۆر شت، لە هەموو ولآتانی دونیا قسەکردن لە سەر هەندێك مەفهوم جەدەلی زۆری لە سەرە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلە دەبێ عیلاج بکرێ، عیلاجەکەشی بەوەیە کە لەبەر ئەوە هیچ زەمانەتێك نییە بۆ خۆپیشاندەران وەختێك خۆپیشاندانەکەیان لە بار دەبرێ، هیچ زەمانەتێك نییە، کاتێك ئامانج لە خۆپیشاندانەکە بە گۆڕینی کات یان شوێن لە بار دەبرێ، بە تەصوری من دەکرێ بەمە عیلاجی حاڵەتەکە بکەین بەتەنها ئەگەر پێشتر ڕێکەوتن لەگەڵ خۆپیشاندەران نەبێ بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێ بەوەی کە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بتوانێ شوێن و کاتی خۆپیشاندان بگۆڕێ، چونکە بۆ نموونە ئەگەر من قائیمقامی شوێنێك بم دەتوانم شوێنی خۆپیشاندەران بە ئاڕاستەیەکدا ببەم کە نەك پەیامەکەیان نەگات، بەڵکو خۆپیشاندانێکی لە ئەسڵدا بە مردوویی لە دایك بوو ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوە تەئکید دەکەمەوە کە مەفرووزە ئەسڵ ئەوەیە تەنها لەیەك حاڵەتدا بۆیان هەبێ ئەم گۆڕانکاریە بکەن ئەویش کاتێك کە ڕێك دەکەون لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد حەمە علی نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێزم کاك ڤەمان وشەی بازاڕی بەکار هێنا، بۆیە تکا دەکەم لە پرۆتۆکول بیسڕنەوە، ئێمە قسەی بازاڕیمان نەکردووە پێشنیاری ئەوەمان کردووە (٤٨) سەعات بکرێ بە (٢٤) سەعات، وەکو تێبینیەکی تریش کە پێشتر،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەحسێ کەسێك نەکریا و بازاڕیش ئینایا نە سەر هەندێ بیا کاك ئومێد یان هەر برادەرێکی تر وە گوتبیتن، بەس ڕەئیەکە هەی کو مودە بێتە زێدەکرنێ بۆ (٧٢) سەعاتا، ڕەئیەکا هەی کێمکرنێ بۆ (٢٤) سەعاتا ژ بەر هەندێ من گوتی دا ئەم نەکڤین ڤێ تەناقوزێ، ئینجا سڕینا ئاخافتنی من پرۆتۆکولیدا نابێتن سەر حەزا پەرلەمانتارەکی بێت ئەو سەرۆکا پەرلەمانی سەرکێشیا جەلسێت کرن وا حەقە هەێی بسڕن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نەبووە لەگەڵ منیەتی، بەڵام وشەی بازاڕی بۆ قسەی پەرلەمانتار لە ناو پەرلەمان پێم وایە ئەگەر بە گونجاوی دەزانن با ئەو جارە هەموومان بەکاری بهێنین، وەکو تێبینیەکی بچووکیش ئەوەی پێشتر لە بیرم چوو برای بەڕێزم کاك سۆران عمر رایەکی وت بە لیژنەی مافەکانی مرۆڤەوە، و من ئەندامی لیژنەی مافەکانی مرۆڤم، بێگومان هاوڕا نەبووم لەگەڵ رایەکەی کاك سۆران،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان جەنابت دەتوانی رەئی خۆت بڵێی لە پەرلەماندا نابێت تەعقیب بکەی لە سەر رای ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە تکات لێ دەکەم من راستی ئاگاداری ئەوە نەبووم تکات لێ دەکەم لەمەولا ئاگادارت دەکەمەوە کە لە سەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان قسە نەکەی بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان، و بەڕێزیشت هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەوەی کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا رای خۆیان بڵێین، راو رای جیاوازیش لە ناو هۆڵی پەرلەماندا هەیە پێویست دەکات هەمووومان رێزی لێبگرین، فەرموو کاك تحسین،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم تەصەوڕ دەکەم لێك تێنەگەیشتنێك دروست بوو، مەبەستی لە بازاڕ مەعامەلەکردن بوو، یەعنی ئێمە نەیەین دانوستان بکەین ئەوەندە زیاد بکرێ ئەوەندە کەم بکرێ، بەڵام ئەو نەیتوانی دیفاعی لێبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە لە سەرۆکایەتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کە رامان وەکو لیژنە وەردەگیرێ تەعبیر لە رای لیژنە دەکات، و مافیشمان هەیە رەئی شەخسی خۆمان هەبێ ئێمە زۆرترین تەحەفووزمان کردووە کە رای خۆمان زۆر جار تێکەڵ بە رای لیژنە نەکەین، و ئەوەشی برای بەڕێزم کاك ئومێد وتی من نامەوێ بچمەوە سەر ئەو راپۆرتە کە کاك ئومێد لەوێ نەبووە و بە تەلەفۆن واژووی کردووە، بەتەلەفۆن تەحەفووزی نووسیوە، ئەگەر عوزریشی هەبێ لە وورك شۆپ بووە قسەکردن لە یاسایەکی وەها گرنگ مەفرووزە ئەندامان حزووریان هەبێ، بەداخەوە لیژنەکەی ئێمە سێ ئەندام حزووریان هەبووە لەو راپۆرتە هاوبەشەی کە ئێستا تەحەفووزیان لە بری واژوو کردووە نووسیوە، زۆر ویستم نەیەمە سەر باسی ئەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر بە گرنگی دەزانن قسەی لێ دەکەن (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) شەش ئەندامی لیژنە غائیب بووە لە کاتی ئەو راپۆرتە کە موناقەشەی جدی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە ڕەنگە بەهۆی لێك تێنەگەیشتن لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی شێوە زاری کرمانجی و شێوە زاری سۆرانی، ڕەنگە هەندێك جار لێك تێنەگەیشتن بێتە کایەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ڕەنگە هیچ گرفتێك نەبوو‌بێت جاری وا هەیە لە ناو پەرلەماندا سەرو سەودا دەکرێ، مفاوەزات دەکرێ، دانوستان دەکرێ، ئەوە ئەو کاتە ئەمە بە شتێکی ئاسایی وەردەگیرێ، بۆیە تەجاوزی ئەوە دەکەین، فەرموو شیرین،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگا ئێکێ ژ مادده چارێ لەگەڵ ڕەئی گەلێك هەڤالی خۆمە کو (٤٨) سەعات ببن (٢٤) سەعات، برگا دووێ بۆ ئاگاداری نامێ خالا چارێ دەمج بکرێ د گەل خالا ئێکێ کات و شوێنی ماوەی خۆپیشاندانەکە، و گرنگە دوو خالی تریش ئیزافە بکرێتن ئێك ژ ڤان داخازی و لۆگۆ و لافیتەیی بەشداربوویی خۆپیشاندان بێتە دیار کرن، و خالەکا دی ژی جهێ ریدشتن و رێکێ پەیوەندی کرن و د گەل نوێنەرێ خۆپیشاندان کو هەر ریدانێك وئاریشەیەك هەبێت کو بزیترین دەم بشێن پەیوەندیی د گەل نوێنەری خۆپیشاندانێ بکەن، و برگا سێی دا کو هەماهەنگی جێببێتن ما بەینا برگا سێی و یا چارێ بۆ دەمی ژ بوو وەختی ئەو (٢٤) سەعات ببێتە (١٢) سەعات باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سهراب،

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده چارێ: ئێك: ئەزیش د گەك کاك زانا و کاك غەریب و کاك ئومێدم (٤٨) سەعات کێم بێ ببێتە (٢٤) سەعات رۆژانی پشوو زێدەیە لوێرێ، هەروەسا پاساوی دروست یا سێیەم د گەل کاك مەردانم بێتە تەحدید کرن و دەست نیشان کرن د گەل کەژاڵ خانێمە ئەڤ نوقتە بێتە زێدە کرن، وەزیر یان سەرۆکا یەکا ئیداری، وەزیر بەس جارێکا هەی دەم و جهێ خۆپیشاندانێ بێتە گۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو نجیبە لطیف.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە لە بڕگەی یەکەم (٤٨) سەعات بکرێتە (٢٤) سەعات، و پێشنیار دەکەم بڕگەی سێیەم هەر لا ببرێت نەمێنێ ئەو بڕگەیە، و بڕگەی چوارەم ئاشتیانە لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو ڕۆزا

**بەڕێز ڕۆزا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد و کاك حسن دەکەم، و لە سەر ماددەی چوارەم بڕگەی چوارەم کە دەڵێ پێویستە هەر خۆپیشاندان ئاشتیانە بێت و بێ توندو تیژی بێ، پرسیارەکەی من ئەوەیە مەبەست لێی کە ئاشتی خوازی بێ و توندو تیژی لە ئەستۆی خۆپیشاندەر بێت یان هێزە ئەمنیەکانیش، و ئەگەر هاتو لەلایەنی هێزە ئەمنیەکانەوە توندوتیژی کراو بووە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە، ئایا جگە لە یاسای سزادان چ سزایەکی تر هەیە؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم حاجی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو زوڵفا،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەك ماددەی چوارەمدا (٤٨) سەعات زۆر زۆرە، پێشنیاز دەکەم کەمتر بێ لە (٢٤) سەعات مودەی ئاگادارکردنەوەکەیان، و هەر لەم خاڵەدا کە دەڵێ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار بکرێتەوە پێویستە ئیشارەت بەوە بکرێت کە بە نەبوونی وەزیر یان یەکەی ئیداری جێگرەوەکەیان لەم ڕۆژەدا ئاگادار بکرێتەوە، لە خاڵی یەکی بڕگەی دوو کە دەڵێت کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە پێشنیاز دەکەم بکرێتە کاتی دەستپێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە لە خاڵی چوارەمی هەمان بڕگەدا پێویستە ماوەی خۆپیشاندانەکە دیاری نەکرێ، چونکە ئێمە لێرەدا مەجالی سووکایەتیکردن بە خۆپیشاندەران دەکەینەوە، چونکە لەوانەیە بە دیاریکردنی مودەکە بۆ نموونە کە مودەی دوو سەعات دیاری دەکەین لەوانەیە لەو مودەیەدا سەرۆکی یەکەی ئیداریەکە یاخود بەرپرسی ئەم جیهەتەی کە خۆپیشاندانەکەی لەبەردەم کراوە لەوانەیە لەو مودەیەدا هەر نەیەتە دەرەوە، لە دوای ئەمەدا بە تەواو بوونی مودەکە بەپێی ئەم یاسایە کەواتە خۆپیشاندەرەکان مۆڵەتی خۆپیشاندانەکەیان نامێنێ یان ئەوەتا دەیەوێ بڵاوەی پێ بکرێ بەبێ نەتیجە یان ئەوەتا دەبێ بێ یاسایی بکات ودوای ئەوان ئەزیەت بدرێن و بکرێنە سجنەوە، لە بڕگەی سێیەمی ماددەی چوارەمدا کە دەڵێت کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕدرێت پێویستە لەگەڵ ئەوە ئیزافەی ئەوە بکرێت کە بە ڕەزامەندی لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو مدینە،

**بەڕێز مدینه ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زیادەکا هەی ئەو جهێن پەیوەندیدار و ب ئاریشێ فە یا پێتڤیا داخازێن خۆپیشاندانێ بهێنه جێبەجێکرن ژ لایێ جهێ پەیوەندیدار موده بۆ بێته دیار کرن، ژیان و بارودۆخێن لایەنی پەیوەندیدار ڤەن، چونکه بەردەوامی دان خۆپیشاندانێدا جێ بێت هەندەك کاری جاڤەرێ کری بهێته ئەنجامدان، پێشنیارێکی تر خۆپیشاندان نەهێته ئەنجامدان ئەگەر ئاریشەیا گرێدان بێت بارودۆخی سروشتی ڤە یان ژی بارودۆخێ ژ دەرەڤەی دەسەلاتە هەرێمێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایات حەمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له سەرەتاوە یەکەم رۆژ کاتی ئەم یاسایە دەنگی لەسەر درا، ئەم راپورتە لە لایەن هەر چوار لێژنەکەوە کرا بە بنەما بو گفتوگۆ، من سەرنجم لەسەر واژووکان هەبوو کە کراوە، ئەوەی سەرنجم داوە تەنیا لێژنەی یاسایی و ناوخۆ بە تەواوی شەش کەس یەکیان سێ کەس غایب بووە و ئەوی دیکەیان پێنج کەس، یەعنی نیسابی قانونیان تەواو کردووە مافی مروڤ لە یانزە کەس، شەش کەس واژووی نەکردووە یان لە بری واژوو کراوە و لێژنەی کومەلگای مەدەنی لە یانزە کەس، هەشت کەس واژووی نەکردووە، کەواتە لە چل و سێ کەس کە ئەمە تەوافوقی لەسەر کراوە و (٢٢) ئەندام یان واژووی نەکردووە یان لە بری ئەوان کردوویانە، من داوا دەکەم لێرەدا ئەوە ئەم یاسایە تێپەڕی کردووە ئەڕوات، و لەمەو دوا هیچ ئەندامێك لە بری ئەندامێکی دیکە ئیمزا نەکات ئەمە سەرەتایەکی باش نییە، ئەو یاسایە بەم شێوەیە بەسەر ئێمەدا رۆیشت، سەبارەت بە سەرنجەکانم لەم یاسایە برادەران پشتگیریان دەکەم هەندێ لە برادەران لێژنە نەماوە بۆتە نوێنەر، باشترە نوێنەری رێکخەری خوپێشاندان پشتگیری لە ئەو بەڕێزانە دەکەم بە تایبەتی یەکەم جار، کاك زانا باسی کردبوو زولفا خانیش باسی کردبوو، (٤٨)ەکە بکرێت بە (٢٤) کاژێر وشەی کاتژمێر لا ببرێت، کاتژمێر یەعنی سەعات و کاژێر یەعنی ماوە، کاژێر لە بری کاتژمێر دابنرێت بەر لە ئەنجامدانی خۆپێشاندانەکە ئەوە لەگەڵی دام برگەی دووەم یەك: کات و شوێنی خوپێشاندانەکە ئەمە بگۆڕێ بە شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەن ئەو کاتە دەتوانین فەقەرەی سێ لا بەرین، من داوائەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەن ئەوکاتە ئەتوانین برگەی سێ لا بەرین یەعنی فەقەرە سێ لا بەرین کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە بکرێتە شوێن و ڕێڕەوی خوپیشاندان، ئامانج و مەبەست هەردووکیان یەك شتە بکرێتە ئامانج ئەوەش پشتگیری کاك جمال مورتکە ئەکەم کە ئامانج و مەبەست هەر یەك شتە، مەسحی ئەوەی لەوکاتە ئەتوانین ڕێگاو ڕویشتنی خۆپیشاندانەکە لا بەرین کانسڵی بکەین، چونکە لێرە لەسەر ئەوە شوێنمان کردەوە، ماوەی خۆپێشاندانەکە

لەبڕگەی چوار ئەوکاتە ئەبێتە سێ، کاتی دەستپێکردن و کوتایی خۆپیشاندانەکە بەمەرجێك ئەگەر مەرجێکی لەگەڵ بێ وەڵامێك هەبێ بۆ خۆپیشاندەران ئەمە ئەبێ ڕێگایێ بکەنەوە برادەرانی یاسایی لەوانەیە خۆپیشاندانەکە بچێتە بەردەرکی وەزارەتێك وەزیر هەر نەیێ بتبینێ، کەواتە تۆ چیت کردوە ئەبێ هیچ نەبێت سکاڵای خۆپیشاندەران بگاتە شوێنی مەبەست ئەوە زور گرنگە ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگە بڕگەی سێهەم من پێم خۆشە بەم شێوەیەبێ ئەگەر هاوڕێیان لە لیژنەی یاسایی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەپاساوێکی بڕوا پێکراو بەنوسراوێکی فەرمی پێش ٢٤ کات ژمێر لەوادەی دەستپێکردنی خۆپیشاندان وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەڕەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندەران بۆی هەیە ڕێرەوی شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت تەواو ئەوە کوتای هات. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕابون توفیق معروف فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاران داوای ئەوەیانکرد کە ٤٨ کات ژمێرەکە یا بابڵێین بەزمانی کاك عمر ٤٨ کات ژمێرەکە بکرێتە ٢٤, من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم بکرێتە ٢٤، لەبڕگەی دوەم لەگەڵ ئەوەم وەکو ئەویش دیسان ژمارەیەکی زۆر ئاماژەیان بۆ کردو پشتیوانی ڕەئیەکەی کاك عمریش ئەکەم بۆ ئەوەی بڕگەی سێ کانسڵ بکەین و لای بەرین ببێتە کاتو شوێن و کاتی دەستپێك و شوێن و ڕێڕەوی خۆپێشاندانەکە، خاڵی دوەم لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عمرو کاك جمال مورتکەم, ئامانج و مەبەست هەریەك شتە بکرێتە ئامانجی خۆپیشاندانەکە، خاڵی سێیەم لا دەچێ، خاڵی چوارەم پێم وایە پێویست ناکا، بەڵام ئەگەر هەر دامان نایەوە بکرێتە ماوەی خۆپیشاندانەکە ئەگەر سروشتی کورت خایەنی هەبوو، چونکە مانگرتن هەیە دیاریکراو نیە نازانی کەی کوتایی پێدێ، خاڵی سێیەم سەرنجی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕادەکێشم لەبەرئەوەی خاڵێکی خیلافی بوو ئتیفاقمان لەسەر کردوە بەپێی ئەو ئتیفاقە کاك سالارو برادەرانیش سەرنجیان بۆ ڕاکێشا، ئێمە وشەی ڕەزامەندی دەخەینە ناو ئەو بڕگەیەوە لەنێوان یەکەی وەزیر یان بەرپرسی یەکەی کارگێڕی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندان لەو حاڵەتە دەبێت بەچی، کەواتە ئەو دەبێتە وەزیر یا سەرۆکی یەکەی ئیداری بەپاساوی دروستکراویش لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا بەڕەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندان کاتو شوێنی خۆپیشاندان بگوڕێت بۆی هەیە، کەواتە ئێمە کەوامان لێکرد لەوێوە بەمەرجێکەوە هەر هەمووی پێویست ناکات، چونکە لەبنەڕەتەوە کە تۆ لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان ئیشەکە دەکەی بەمەرجێك لەڕێگای نوسراوی ڕەسمی ئەوە پێویست ناکات کۆتایبێ، لەخاڵی چوارەمیشا لەگەڵ ئەو بۆچونەم دوای ئەوە کە ئتیفاقمان لەسەرکردووە دیسان برادەران ڕەنگە بەشێکی پەرلەمانتاران ئاگادارنەبن، بەڵام وشەی ئاشتیانە مادەم لەپێناسەکەی هاتووە لەخۆپیشاندان پێناسەکراوە کە ئەوەیەکی

ئاشتیانەیە، ووشەی ئاشتیانە دیسان کۆمەڵێك پەرلەمانتار ئاماژەیان پێکرد پێویست ناکات هەبێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام عمر قادر فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا چارێ برگا ئێکێ ئەزدگەل هندێدامە وەکو زۆربەیان گۆتی ببیتە ٢٤ دەمژمێر ڕۆژانێن پشوێن فەرمی ئەڤە هەمی بهێتە لابرن، برگا دوێ ماوەی خوپیشاندانەکە بهێتە لابرن، هەروەسا برگا سییێ پشتەڤانیا کاك ڕابونیت کەم بۆ هندێ کو ب وی ڕەنگی بهێتە سیاغەتکرن، هەر وەسا برگا چارێ پشتەڤانیا کەژاڵ خانێت کەم کۆ ووشا پێویستە هەر خۆپێشاندانێك و گردبوونەوەیەك و مۆڵەت پێدراوبێت یان لەناکاو ئاشتیانەبێت و دووربێت لەکاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراوبێت و. سۆپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکو حمە امین قادر فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکو حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبرگەی چوارەم عەفو ماددەی چوارەم برگەی یەکەم نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان هەر ئەم دەستەواژەی لایەنی کەم هەر بۆخۆی زیادەیە، نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان بە ٤٨ کات ژمێر بەر لەئەنجامدانی خوپیشاندانەکە یەعنی ئەوە هەر لابرێت جوانتریش ئەخوێنرێتەوە، ٤٨ کە لەگەڵیان بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر بەڵام بێگۆمان لەدواتریشا لەبرگەی سێیەما دیسان هەر ٢٤ ڕێکی تر هەیە ئەوکاتە ئەبێت ئەوەش موعالەجەبکرێت یان بکرێت بە(١٢)ە، لەوانەی ماددەی لە برگەی دووەمە منیش لەگەڵ ئەوەم کە کات و شوێن و ڕێڕەوی خوپیشاندانەکە یەعنی ئەوەی کە کاك ڕابون لەئاخیردا وتی، وەلەگەڵ ئەوەشدام کە ماوەی خۆپیشاندانەکە لابرێت وە ئەو دەقەی کە کاك عمر عینایت خوێندیەوە پشتگیری لێ ئەکەم، ئەوەی کە دکتۆرە ڕێواز وتی کە یەعنی بڕوا پێهێنەربێت بۆ لایەنی نوێنەری خۆپیشاندەران ئەوپاساوەی کە لایەنی ئیداری ئەیخاتەڕوو، ئەوی تریش لەبرگەی چوارەمیشە لەگەڵ ئەو ڕایانەم کە باسی ئەوەیانکرد یا لەنێوان ئاشتیانەو توندو تیژیا یەکێکیان بمێنێتەوە و. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆرێك لەهاوڕێیان کردیان تەنها ئەمەویت یەك سەرنج بخەمەڕوو ئەمانەتەن بۆ ئەوکۆبونەوەی کەکرا، کاتێك کە ئەودەقەی کە هاوڕێیان هێناویانە زۆر لەوانەیە هەر خۆپیشاندانێك ئەوهەڕە وتیان جێگەی لەناکاو ئەگرێتەوە لەوانەیە، بەلام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە لەوانەیە ئەمانەتەن بۆ هویە یاساییەکەی ئەیلێم، چونکە لەپێشەوە ئێمە وتومانە باسی ئاگادارکردنەوەمان کرادووە، کە ئەڵێی هەر خۆپیشاندانێك تۆ مەبەستی لەوەیە کەلەپێشەوە باسیکردووە هەموو خوپیشاندانێك بە ئاگادارکردنەوە ئەکرێت بۆ ئەوەی تێنەپەڕێت بەسەرمانا بۆیە منیش پشتگیری ئەوڕایانە ئەکەم لەوانەیە کە ئەبێ بەوازحی وشەی کتوپڕی تێدابێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم من پشتیوانی لەهەڤالانم دەکەم لە ٤٨ کات ژمێر ببێتە ٢٤ کات ژمێر، هەروەها لە ماددەی چوارەم پێشنیاردەکەم ئەم بڕگەیە جێ بەجێ یەعنی جێی بکرێتەوە هەموو خۆپیشاندانێك و گردبونەوەیەك و مانگرتنێك بەئاگاداری کردنی لایەنی حکومی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت، بەلام ئەو گردبونەوە کە پەیوەستبن بەماف و ئازادی کەس و گرووپێك لەشوێنێکدا کتوپڕ ئەنجام دەدرێت لەمەرجی ئاگادارکردنەوە ئستیسناء بکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شکریە سمایل مصطفی فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە وشەی لیژنە وەکو برادەران وایان گوت بکرێت بەنوێنەر، هەروەها لایەنی کەم لابدرێت ٤٨ بکرێت بە ٢٤ وە ئەو ٢٤ ڕەی خوارێش بکرێت بە ١٢ە، وە هەروەها لە وەزیر یا سەرۆکی یەکەی ئیداری هەروەها ئەوەشی بۆ زیادبکرێت یا جێگرەکەیان، هەروەها بەمەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاوبکرێت لابدرێت، وە پاڵپشتی ئەو ڕایەی کاك عمر عینایەت دەکەم کە دەڵێ کات و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە ڕێڕەوەکەی بۆ زیادبکرێت، وەهەروها لە خاڵی چوارەم ماوەی خۆپیشاندانەکە لابدرێت، چونکە لەدەست خۆپیشاندەران نیە ڕەنگە وەلامێکی ڕازیکەریان پێنەدرێ، بۆیە بائەو پێویستە لابدرێت بەبۆچونی من،وەهەروەها ئەو کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێت بەمەرجێك بەڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخەری

خۆپیشاندانەکە، وەهەروەها لە خاڵی چوارەم منیش پاڵپشتی ڕای کەژاڵ خان دەکەم کە دەڵێ پێویستە هەر خۆپیشاندانێکی لەناکاو یان گردبوونەوەیەك ئەو کە وشەی هەروەها لەناکاوەکەش جێگیربکرێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

علی حمە صالح طە فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا وشەی لیژنەکە بکرێت بەنوێنەر منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ٤٨ کات ژمێربێت عەفو ٤٨ بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر *سەبارەت بە کات بکرێتە کاتی دەستپێك و شوێنی خۆپیشاندانەکە، چونکە کاتەکە ئەگەر تەحدید بکرێت ڕەنگە دەرهاویشتەی تری بەدواوەبێت، بەبیانوی کاتەوە وەلام نەدرێتەوە ویستی خۆپیشاندانەکە وابکات درێژبکرێتەوە ئەمە، پێم وایە خاڵی سێیەم ڕێگای ڕویشتنی خۆپیشانانەکە ئەمە ڕەنگە ئەمە زیادبێت، چونکە جاری واهەیە مەسەلەن بۆ نمونە ئەو ڕێگا گیراوە ئێ ئەبێ هەم دیسانەوە بڕواتەوە ئاگاداری نامەیەك بکاتەوە بۆ ٢٤ کات ژمێری دیکەش پێم وایە ئەمە زیادە، *سەبارەت بەماوەی خۆپیشاندانەکە دیسانەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەر لابرێت، ناو واژۆی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشانداکە نەکرێتە نوێنەران بکرێت بەنوێنەر، چونکە ئێمە بیرمان لەوەش بکرێتەوە ئەگەر تاکەکەسی بۆ کەووتت بەنوێنەران لەڕوی زمانەوانیەوە کۆیە و نوێنەر یەك کەسە، خاڵی سێیەم کەبە ڕەئیی من ئەم خاڵە وەکۆ خاڵی دووەم کۆت و بەندی زۆری تیایە بەپێی ئەگەر ئەم بڕگەی سێیەمە وەرگرێت لەگەڵ بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەم ئەگەر دەسەلات بیەوێت دەتوانێت بەئاسانی ڕێگە لەخۆپیشاندان بگرێت یان ئەڵێت ڕێگەی گشتی گرتووە، یان ئەڵێت خزمەت گوزاری گشتی پەکخستووە، یان شوێنەکەت دەگۆڕێت، یەعنی بۆ نمونە ئێستا خواستێك هەیە داواکاری هەیە بۆ پەرلەمان وەزارەتی ناوخۆ یاخود پۆلیس ڕێگاکەی بگۆڕێت بڵێت برۆ لەپارکێکا خۆپیشاندان بکە ئەسڵەن هەر سارد دەبنەوە هەر داخوازیەکانیان وەك خۆی ناگەن بۆیە بەدیدی من ئەم بڕگەیە بەتەواوەتی زیادە وەپێویستە لابرێت، *سەبارەت بەبڕگەی چوارەم کەئەڵێت پێویستە هەر خۆپیشاندانێك یان گردبوونەوەیەك ئاشتیانەکەی لابرێت دووربێت لە کاری توندوتیژی لێرە ئەگەر هەدەفەکە ئەمەیە, ئەبێت بەڕوونی ئێستا بوترێت بۆئەوەی ببێت بەماڵ، واتە کەتۆ ئەی پارێزیت گردبۆنەوەیەکی لەناکاو ئەبێ بەڕوونی بڵێین ئێمە کاتێك کەئەی پارێزیت واتە دووحالەت هەیە ئەم گردبوونە لەناکاوە ئەکرێت یان ئەبێت هەموویان بگریت یان ئەبێت بیان پارێزیت، یەعنی حالەتی سێیەم نیە بڵێی کەیفی خۆتانە چی ئەکەن بیکەن، چونکە ئەگەر دووکەسیش شەڕبکات یەعنی خۆپۆلیسی لێ ئاگادارناکەنەوە پۆلیس هەرئەبێ ئەوە بپارێزێت یان جیایان ئەکاتەوەو لێکیان ئەیانکرێت بۆیە ئەمە پێویست بە لیژنەی یاسایی بەڕوونی تەوزیحاتمان پێبدەن لەسەر وشەی هەروەها.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مەڕوان گەلاڵی)نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحيم)، وەکو بەرچاو ڕوونیەك بۆ برایانی پەرلەمانتارو خوشکانم ئێمە لە ماددەی یەکەم لەفەقەرەی بڵێن چوارەم لیژنەکەمان تەسویتی لەسەرکردووە کردومانەتە نوێنەر کەواتە هەر نوێنەرو هەر لیژنەیەك لەو یاسایەدا پێویست ناکاتن دوبارەی بکەینەوە بۆخۆی بڕیاری لەسەر دراوەو تەسبیت بووە و دەستتان خۆشبێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قارەمان قادر فتاح فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوارەم خاڵی یەکەم لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە ٤٨ کات ژمێر بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر، وەهۆکارەکانیشی لەگەڵ ڕای کاك ئومێدو کاك زانام کە بەتەواوەتی هۆکارەکانیان باسکرد، بڕگەی دووەم خاڵی یەکەمی بکرێت بەکاتی دەستپێك و شوێنی خۆپیشاندانەکان، خاڵی دووەم ئامانج و مەبەست لەخۆپیشاندانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، خاڵی سێیەم و چوارەم لابدرێت، خاڵی پێنجەم ناو واژۆی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە بکرێت بەناو واژۆی نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە هەر لەگەڵ ڕەئیی کاك (علی)م کەباسیکرد لەوانەیە یەك کەس نوێنەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکات، خاڵی سێیەم لەگەڵ ئەو ڕایەم کە بەڕاستی ئەو بەتەواوەتی لابدرێت لەبەر ئەوەی لەبڕگەی چوارەی ماددەی دوو هەموو شوێنێکی خۆپیشاندانەکان قەیت کراوە بەتەواوەتی یەعنی ئەگەر ئەوەش لێرە جێ بەجێ بکرێت هیچ کەسێك ناتوانێت خۆپیشاندان لەناو شارەکان بکرێێت ڕێگاکان قەیت کراوە بەردەمی هەردوکانێکی دو بەسێش بۆ بەشوێنی ئابووری و ئەوانەی قەیت کراوە هەموو داموو دەزگاکانی حکومەتیش قەیت کراوە بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕایەم هیوادارم برادەرانی تریش پشتیوانیمان بکەن، بڕگەی سێیەم لەو ماددەیە لابرێت، بڕگەی چوارەمیش لەگەڵ ڕای ئەو برادەرانەم کە ووشەی ئاشتیانە لابدرێ و ئەگەر بشکرێت لەگەڵ ڕای بەڕێز (کەژاڵ خان) کەوشەی لەناکاو زیادبکرێت بۆی. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز برزۆ مجید عبدالله فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەبڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم بۆ ٤٨ سعاتەکە پشتیوانی هەموو ئەو ڕایانە دەکەم بکرێتە ٢٤ سەعات، وە جملەیەکی ئیزافیشم هەیە هەموو ئەو دامەزراوانەی پۆلیس بەگشتی، بەتایبەتی چالاکییە مەدەنییەکان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون و لەسەر ئەو بنەمایانە تەدریب و ڕاهێنانیان پێکراوە کە بۆ حالەتی(طارئ) ئامادەبن جا چجار حالەتی (طارئ) ٢٤ سعات خۆی زۆرە, بۆیە ئەو دائیرەیە ئەو فەرمانگەیە دەبێ لەو ئاستەدابن لە ٢٤ سەعات بتوانێت خۆی ئامادە بکات, چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە * سەبارەت بە ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە زۆر خۆپیشاندان یەعنی لە کۆنترۆڵی ڕێکخەرەکانیش نیە یان نوێنەرەکان, بوویە ئەگەر ڕێگاکە لابدرێ پێم وائەبێ سەربەستی زیاتر دەدرێ بەخۆپیشاندانەکان، ماوەی خۆپیشاندانەکە، خۆپیشاندان ماوەی تەحدید ناکرێت لەیەك حالەت ماوەی تەحدید دەکرێت ئەگەر بڵێین دەسەلات یان لایەنی پەیوەندیدار وەلامی مووقنیعی خۆپیشاندەرانی دایەوە یا خود زروفێکی ئانی دێتە پێش ئیستمراریەت دەخوازێت بۆ خۆپیشاندانەکە، بۆیە ماوەکەی دیاری نەکراوە لەیەك حالەت ئەگەر بڵێین وەلامی موقنعیان پێدرا، هاوکارم دکتۆر شێرکۆش باسیکرد لەسەر ٢٤ سەعاتەکە دووبارەبۆتەوە، چونکە لە برگەی سێیەمی ماددەکە دەڵێت لەماوەیەکدا کەلە ٢٤ سعات کەمتر نەبێت ئەگەر بەرەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە کات و شوێنەکە گۆردرا، کە چی لەسەر ئەوەش ئێمە خۆمان لەبڕگەی یەکەمی ماددەکە داوادەکەن کە ببێتە ٢٤ سعات، یەعنی ئەگەر ئەمەی برگەی سێیەمەکە خۆی جێ بەجێ بکرێت ڕێك لەدواساتەکانی دەستپێکردن یان لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە بڵێت کات و شوێنەکەت دەگۆرم, بۆیە ئەم تەناقوزێکی زۆر وازح و موباشرە ئەم ٢٤ سەعاتەی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم بکرێت بە ١٢ سعات یان کەمتر. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق محمد فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەزۆری کرا پشتگیری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ٤٨ کات ژمێرەکەیان لەبرگەی یەکەم بکرێت بە ٢٤, لەبرگەی دوەمیش خاڵی چوارەم کاك عمرو کاك برزۆ ڕۆنیان کردەوە لەسەر ماوەی خۆپیشاندانێك ئەگەر ماوەیەك دیاری بکرێت ئەوە هیچ دەزگایەکی حکومی وەلامی هیچ خۆپیشاندانێك ناداتەوە، وەئەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان دەسەلاتی مەعنی کە خۆپیشاندانی بەرامبەر دەکرێت لەو برگەیەدا مولزەم بکرێت پابەند بکرێت بەوەی کە بەجۆرێك لەجۆرەکان وەلامی خۆپیشاندان بداتەوە ئەوە باشە، وە برگەی سێیەم ئەوەی کە باسی پاساوی دروست دەکات ئەمەش جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەیەکی موحتەریمانە یان ئەم برگەیە لابرێت یان پشتگیری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە داوای تەعدیل کردنیان کرد. زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز عادل عزیز شكور فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلاّ من پێم وایە ئەم یاسایە برگە لەگەلّ برگەی مادده لەگەلّ ماددەی تەنازقوێكی وازحی هەیە بەنموونەوە برادەران ئێستا نیو سعاتیان پێدرا كەبچن تەوافق بكەن لەسەر ئەوەی كە خۆپیشاندانێكی كتوپڕ یان ئەوەی كەپێدەڵێن خۆپیشاندانی لەناكاو بخەنە ناو یەكێك لەبرگەكان, ئێستا لەخاڵی چوارەم گوایە كە ئەڵێت هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك دیارە یەعنی خۆپیشاندانی لەناكاو لەوێ جێكراوەتەوە، ئەگەر لەخاڵی چوارەما خۆپیشاندانی لەناكاو جێكرابێتەوە تەناقوزی لەگەلّ هەرسێ خاڵەكەی تر هەیە, بەبڕوای من یان ئەوە تا دەبێت كات، زەمەن، شوێن هەمووی لابرێت بەڕاستی بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەكە بەتەواوەتی بەیاسایی بكرێت ئەو تەناقوزاتە نەمێنێت، یان ئەبێت خۆپیشاندانی لەناكاو بەبرگەی لەبرگەكان جیابكرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە ڕێڕەوی خۆی بكرێت، یەعنی لەسەرەتاوە دەبێت ئەم یاسایە بكەی بەیاسای هەمواركردنی ڕێكخستنی هەر خۆپیشاندانێك، چونكە تۆ ئێستا لێرە كەئەڵێیت پێویستە هەر خۆپیشاندانێك كەواتە هەر خۆپیشاندانێك لەبرگەی چوارەمە خۆپیشاندانی لەناكاو جێیی كردوتەوە تیایە، ئەگەر جێیی كردتەوە خۆپیشاندانی لەناكاو نە پێویستی بە ماددەی یەكەمە نە پێویستی بە ماددەی بلێین برگەی یەكەم و دووەمی ئەو ماددەی چوارەم هینە بە پێویستی بە برگەی سێیەمە, ئەگەر خۆپیشاندانی لە ناكاو لە بەبرگەی لەبرگەكان لەشوێنێك لەشوێنەكان جێیی بكرێتەوە یەعنی لەناكاو تەنها بەشە خزمەت گوزاریەكانی هەرێمی كوردستان ئەگرێتەوە لەئاوو كارەبا و جادەو بان بابڵێین, بەنزین ئەم قەیرانانەی كە ئێمە هەیە ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر ئەوكاتەش كە ڕوونكردنەوەیەكی بچووك بۆ سەرنجە نەك ڕوونكردنەوە, دیارە هەردوو بەڕێزان دكتۆر فرست و دكتۆرە ڤالا زۆر قانونیترن كە قانونین، بەلاّم باسیان لەوەكرد كە گووایە ئەم یاسایانەی كەلەبەر دەستی ئێمەیە هەمووی یاسایی وەلاّتە دیموكراسیەكانن یاسایی وەلاّتە ئەوروپیەكانن، منیش پێیان ئەڵێم ڕاستە یاسایەك نیە لە ئەوروپا بۆ خۆپیشاندانی لە ناكاو لەبەر ئەوەی جەوێكی وا دروست نەبوو خۆپیشاندانی لەناكاو بكرێت لەوەلاّتێكی دیموكراسیە كەهیچ قەیرانێكی ئاو كارەباو جادەو بان و بەنزین نەوت و دارایی و مووچەو سەرە و نازانم چی و چی و چی نەبێ خەڵكەكە خۆ هەر نەبوو هەرلەخۆ خۆپیشاندانی لەناكاو بكات لەڕاستی, لەبەر ئەوە ئێمە لەگەلّ واقعی هەرێمی كوردستانا خۆپیشاندانی لەناكاو حالەتێكی زۆر زەرووره وەمن پێم وایە دەبێ بەبرگەیەك لەبرگەكان جێیی بكرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە مسداقیەتی خۆی هەبێ ئەگەر جێیی نەكرێتەوە ئەم یاسایە هەمووی تەناقوزە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز محمود عمر صالح فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕایی من ماددەی چوارەم بڕگەی یەك بەم شێوەیە سیاغەبکرێت نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی کەم بە ٢٤ کات ژمێر بەر لەدەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە لەڕێگەی ئاگاداری نامەیەکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە پێش کەش دەکرێت، لایەنی بەرپرس، وەزیر، یا سەرۆکی یەکەی کارگێری ئاگادار دەکرێتەوە، لێرەدا مەرجێك دانراوە بۆ ڕۆژانی پشوو ڕۆژە فەرمیەکان مەبەستم هەندێك جار هەیە مەسەلەن پشوو هەیە زیاد لەدوروژ و سێ ڕۆژ، بۆ نمونە سەری ساڵ و نەوروز ڕەنگە هەفتەیەك زیاتریش بێ ئەوە تۆزێك تەناقوزی تیایە، ئەگەر خاڵێکی تر لە وەڵامی پرسیارێکە بۆ خاتۆ مریم خان پرسیاری کرد ئەویش ئەوەیە ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار لەو ماوەیەدا وەڵامی نەبوو پێویستە ئاگاداری نامەکە بەبێ قەیدو شەرت بەگەیشتنی ئەو داواکاریە سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکە بەموافقەت حساب بکرێت، چونکە هەندێك جار، زۆر جار سەرۆکی وەحدەی ئیداری خۆی دەدزێتەوە لەمە وەکو لەماوەی ڕابردوومان بینیمان هیوادارین ئەم مۆڵەتە کەلە ماددەکانی پێشووا گۆڕیمان بە ئاگاداری نامە جێگەی مۆڵەت نەگرێتەوە ئاگاداری نامە بە مانایەکی تر، بڕگەی دوو لەخاڵی سێیەم منیش لەگەڵ قسەی کاك قارەمانم لابدرێت بەڵام ئەگەر لاش نەبرێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کاك عمر عینایەتم ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە دابنرێت لەجیاتی، خاڵی پێنجەم نوێنەرانی خۆپیشاندان واژۆ بکرێت نەك ناو نوێنەری واژۆی نوێنەرانی خۆپیشاندان ئاوای لێ بکرێت باشە، بڕگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری سنوورەکە بە پاساوی شیاو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە خۆپیشاندان بگۆڕێ بەهەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بەمەرجێك لەڕێگای نووسراوی ڕەسمی نوێنەرانی خۆپیشاندەران ئاگادار بکرێتەوە لەماوەیەك دا کەلە ٢٤ کات ژمێر لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت، بڕگەی چوارەم وەکو کۆت و بەندێك وایە بەڕای من هەڵ بگیرێت ئەگەر هەڵ ناگیرێت وای لێ بکرێت هەوڵ بدرێت هەر خۆپیشاندان و مان گرتن و گردبوونەوەیەك کە ئەنجام دەدرێت بەدووربێت لەکاری تێك دەرانەو توندوتیژی وە پارێزراوبێت لەلایەن پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانەوە. زۆر سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله نۆفتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی کە گوێبیستی قسەکان ئەبم لەسەدا ٦٠ قسەکان دووبارەیە، لەیەکەم جەلسەی ئەم پەرلەمانە تاکو ئێستا ماددەی ٥٦ وەکو خۆی جێ بەجێ ناکرێت، یەعنی هیچی تیانیە پەرلەمانتارێك پشتگیری پەرلەمانتارێکی تر بکات یان بڵێت قسەکانم کراوە، بەڵام یەك بەجێ کەشەرحی ئەکاتەوە ئێمە خەمی

ئەوەمانە بەراستی ئەم چوار ساڵە بەو پێنج یاسایی باش دەرناکرێت تکایە ئەو مادده وەك خۆی جێ بە جێ بکرێت. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز عمر صالح عمر(عمر کۆچەر)فەرموو.

**بەرێز عمر صالح عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت بەس ئەز تشتەکی رۆن کەم بۆ ئەندامێت پەرلەمانی یێت بەرێز کۆ ئەم هەمی گاڤا هەر یاسایەکا تەشریع بیتن دڤی پەرلەمانی دا ئارمانجا سەرەکی تێدا بەرژەوەندیا خەلکی و مواتنیە، ئەم گەلەك جارا، من ئەڤ ملاحزەو تێ بینیە یا لسەر لیژنا یاسایی و برایت یاسایی هەی کەئەنەما بدیتنەکا یاسایی و قانونی یا(بحث)تنێ خودێ برا مەدڤی وەلاتی دا چ کێشە لسەر قانۆنێ نینن قانۆنێت مە ژێت وەلاتێن ئەوروپی گەلەك جوانترن و تازەترن، بەس ئەم هەمی مووتەفقین کێشامە یا سەرەکی لسەر سولتێ و جێ بە جێ کرنا ڤێ یاسایێ یە, و ئەم هەمی دزانین مەوزۆعێ خۆپیشاندانا مافەکێ سەرەکییێ هەر هولاتیەکێ یە، ئەڤ خۆپیشاندانە ئەگەر تۆ بەرێ خۆ بدەیێ ئەڤ یا هاتیە گۆهارتن ژموولەتێ بۆ ئاگەهدارییێ بەس هند شەرت و قەید هاتنە تێدا ژ موولەتێ خرابتر لێ هات، ڤێجا ب قەناعەتامن ئەز نزانم کا بەرسڤا لیژنا یاسایی برۆنی چیە بۆ ڤێ، مە نیف سعات رێنشتنا خۆ راگرت ژبەرچ دا ئتیفاقەکێ رێکەفتنەکێ بکەین تەوافقەکێ بکەین لسەر مەوزۆعێ موزاهەرات لەناکاو موفاجەئە، ڤێ گاڤێ دوو برادەرا خۆیشکا بهار و سەیدایێ هەورامان گۆتی ئەڤ خۆپیشاندانە هەر خۆپیشاندانەك تەعریفا ئێکێ پێناسا ئێکێ وێ دباردکەت کۆ ئەو بیت یا ئاگەهدارکرن ئیزەن مەعناوێ ئەو قەید کر جەواباوان چیە؟ بۆ ڤێ با ئەڤ نیف سعاتە بۆچ مەئەڤ جەلسە راگرت؟ و تشتێ سەرەکی یێ مایی, ئەوێ دیتر ٤٨ بیت چەندبیت ئەڤە جهو فلان ئەم هەمیت هاریکاربین هەمی ئەندام پەرلەمان، و بەرێ خۆ بدەینێ چاوا دێ ئەڤێ خۆپیشاندانێ ومعیەکێ و تێگەهشتنەکێ ناڤ خەلکی بەلاڤ کەین، هەمی جهێ دلێ خۆشییێ یە کۆ خۆپیشاندان دناڤ وەلاتێ مەدا هەندێ هات بنەکرن چەند غەوائین چەند فەوزانە هەمی بۆ داخازا حقوقایە و خزمەتایە و بۆ ڤان تشتایە، وەختێ ئەم هەمی ڤێ دبینن ئەم هەمیت هاریکاربین ڤان شەرت و قەیدا کێم کەین نە سەرا تشتەکێ هۆسا ئەم وەختێ خۆ خرێ پێڤە ب بوورینن. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سعید محمد سعید فەرموو.

**بەرێز سعید محمد سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار برگەی یەکەم کەدەڵێت لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم بە ٤٨ کات ژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەرێگایی ئاگاداری نامەیەکەوە کەبۆ ئەم مەبەستە پێش کەش دەکرێت وەزیر یان

سەرۆكی یەكەی ئیداری ئاگادار دەكەنەوە ئەوە پێویستە بكرێت یان هەر بەرپرسێكی تر كەلە شوێنی ئەم یەكە ئیداریە بێ لەكاتی ئامادە نەبوونی ئەوان یەعنی ئەوەی تێدا زیاد بكرێتن, وە لە ماددەكەش كەئەوە زیاد بكرێت ئەگەر ئاگاداری نوێنەری خۆپیشاندەران نەكرا لەماوەی ٤٨ كات ژمێر خۆپیشاندانەكە رێگە پێدراو ئەبێت بەهەمان كات و شوێن و زانیاری ناو ئاگاداری نامەكە، بۆیە لەبەر ئەوەی كە ماددەكە لە خاڵی سێیەم زۆر لە هەڤاڵانی ئەندام پەرلەمان ووتیان هەڵبگیرێ لەو برگەی سێیەمیش كەدەڵێت وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بەپاساوی دروست و شیاو لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە دەڵێت بۆی هەیە یەعنی وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بۆی هەیە، ئەگەر كەسێكی تر دیارنەكرێت كەئەوانە لەو شوێنە نەبن بوویان نیە یەعنی ئەوكاتەش دیسان مەبادیء لەو خاڵە دروست دەبیتن، لە ماددەی چوارەم دەڵێت پێویستە خۆپیشاندانەكە ئاشتیانە و هێمنانە بیت كەلەبرگەی چوارەم باس دەكرێت ئێمە هەر باسی ئاشتیانە و هێمنانە دەكەین بەس ئەگەر بەر پرسی ئیداری یان ئەو خۆپیشاندانەی كەلە پێناو ئامانجێك دەكرێتن بۆ جارێك یان دووجار گوێی لێ نەگیرا ئەو كاتەش هەر بەهێمنانە و ئاشتیانەبێ, بەراستی خۆپیشاندان لەپێناو خۆپیشاندان دەكرێ و بەرپرسە ئیداریەكانیش لێ رادێن كە بە هێمنانە دێنە وێندەرێ و هیچ رەنگدانەوەیەكی نابیتن. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس تەنها كاك گۆران ماوە، گۆران ئازاد كە ئەویش لە هۆڵ نییە، بۆیە داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەكان دەكەین رۆن كردنەوەی خۆیان بەناو رۆن كردنەوەیەكیان هەیە لە لیژنەی ناوخووە دەست پێدەكەین.

**بەرێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان من دڵنیام كە هەموو بەشدارانی ئەم هۆڵە لەو پەری دڵسۆزی و خەم خۆری بۆ گەلەكەیان قسە ئەكەن وە بیر ئەكەنەوە, بەلام دوو دەقەم لێ وەرگرن كاتێك كە بیرە نەوتیەكانی كویت تە قینەوە رۆژنامەی تایمز نووسیبووی دەڵێت تۆزۆ خۆڵۆ چەوریەكانی نەوتەكە گەیشتە سەر لەندەن لە لەندەن كە باری بارانەكە چەور بوو لەوێ كەباری گەلاكان چەور بوون گەلاكان كەوتنە سەر سكەی ڤیتارەكان سێ دەقە ڤیتار دواكەوت بە ملیار پاوەند زەرەر بوو، لەبەر ئەوەی ملیۆنێك كرێكار ئەچوون بۆ سەر ئیش، قەراری حەربی عالەمی رەنگە بە دوو جەلسەی وادرابێ، نازانم ئەو كات كوشتنە زۆر عەجائیبە لەراستیدا من گوێم لە هەڤالان گرت هەموو شتەكانیان ووت, بۆیە سێ شت ئەڵێم كە رەنگە زۆر تازەیە یەكێكیان پۆلیس بۆ رێگە پیشاندان لەگەڵ خۆپیشاندەران ئەروا باسی رێگا بكات بە (جی پی ئێس)ە كەی باشترین رێگا دەدۆزێتەوە دوای تۆ كاروانێكت پێیە خۆپیشاندەران رەنگە هەزارمەتر درێژبن رەنگە دوو هەزار مەتر درێژبن دە جار ترافیك لایت سۆرۆ سەوز دەكات پۆلیسەكە مەجبورە لەگەڵ تۆ بێت رێگاكەت پیشاندات بۆ ئەوەی كەوا ئۆتۆمبیلی خەڵك رابگرێت، ئەی هاوار لە دانیمارك ئیجازەی خۆپیشاندان ٢٤ سەعات و ٤٨ سەعات نییە، من لێرە ئەمە ئەڵێم بۆ یارمەتی دانی خۆپیشاندەران و بۆ ئەوەی ئیشەكانیان زۆ جێ بە جێ

بێت، دوو بۆ سێ سعات پۆلیس ئیجازە دەدات خۆپیشاندەران ڕەنگە ئەوە مۆشکیلەی ناکاوەکەش حەل بکات کە زۆر پەلەیانە بۆ ئەوەی کە کەی بیکەن, دوو بۆ سێ سعاتە خۆپیشاندان کاتێك کە پۆلیس ئیجازە دەدات فەرموو بڕۆ خۆپیشاندان بکە یان نەیکە, شتێکی تریش پەیدا بووە ئەوە زۆر جێی خۆش حالیە گازی پێکەنین پەیدا بووە خۆپیشاندەران زۆر توندو تیژیژبن گازی پێکەنینیان لێدەن هەموو بە پێکەنینەوە بلاْوە دەکەن و دەچن بۆ مالْەوە. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل/لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لە هاوڕێیان لەسەر بڕگەکانی ماددەی چوار قسەیان کرد وە زۆربەی هاوڕێیان باسیان لەوە کرد کە ٤٨ سعاتەکە کەم بکرێتەوە بۆ ٢٤ سعات ئێمەش هەر پێمان باشە ئەوە بکرێتە ٢٤ سعات و وە ٢٤ سعاتەی کەش بەو شێوەیە موعالەجە بکرێت و بکرێتە ١٢ سەعات, لەسەر بڕگەی دووەم کە زۆر لە هاوڕێیان باسی ئەوەیان کرد کە ئاگاداری نامەکە لە خۆ بگرێت کات و شوێن وە ئامانج و مەبەست هەر یەك شتە وە کاك عمر عینایەت پێشنیارێکی باشی کرد لەسەر ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە کە ئیزافە بکرێت ئەوە باشە کەئەوە بکرێت *وە لە سەر بڕگەی سێیەم زۆر قسە لەسەر مەتاتیەتی ئەو خالْە کرا کە پاساوی دروست و شیاو پێمان باشە ئەو پاساوی دروست و شیاوە, چونك بەراستی لەوانەیە یەکەی کارگێریەکان لێپرسراوی یەکەی کارگێریەکان تەفسیرو تەئویلی دیکەی بۆ بکەن ئەوە نەمێنێت و هەر بەو شێوازەی کە لادرا دووای ئەوە بە هەماهەنگی لەگەلْ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکان ئەوە کە بگۆڕدرێت, یەعنی بەو شێوازەی لێ بێت وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری یەکەی ئیداری لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بە هەماهەنگی لەگەلْ نوێنەراندا بگۆڕێت بەو شێوازەبێت، ئەوەی چوارەمیش خستمانە دەنگدانەوە نازانم. زۆر سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم/لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم زیاتر لە سێ کەس پێشنیاری کردووە کە جێگای تاکە کەس بکرێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکەسیش مافی لە خۆپیشاندان بپارێزرێ و وە مافی لە مانگرتن بپارێزرێتن بۆیە ئێمە لێرە بەو شێوەیە ئەو بڕگەیە هەموار دەکەینەوە بۆ ئەوەی جێگای تاکەکەس بکرێتەوە دەلێین پێویستە تاکەکەسی خۆپیشاندەرو نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی کەم بە ٤٨ سەعات واتە ئەو بڕگەیە لێرە بەو شێوەیە دوای هەموار دەکرێتەوە و داوا لە سەر داواکاری ئەندامانی پەرلەمانە ئەوەی پەیوەندی بە ٤٨ سعاتەکەوە هەیە

زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان داوای کردوە کە بکرێت بە ٢٤ سەعات، ئێمە دیارە دانانی ئەو کاتە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە بە ڕاوێژ بووە لەگەڵ جیهەتی پەیوەندیدار جیهەتی پەیوەندیدار کە وەزارەتی ناوخۆیە هاتوە بۆ پەرلەمان داوای ٧٢ سەعاتی کردووە گۆتی ئەگەر ئەوە بکەن بە ٧٢ سەعات ئەوەی دیکەش ببێ بە ٤٨ سەعات ئێمە لێرەن لەبەر ئەوەی ئەو دوو ماوەیە لەیەك بەستراوەتەوە کردومانە بە ٤٨ سەعات بۆ ٢٤ سەعات، ئینجا لێرە پێشنیار کراوە ئەو ٤٨ سعاتە بکرێت بە ٢٤ سعات وە ئەگەر ئەوە دەستکاری بکرێت پێویستە ماوەکەی تریش بکرێت بە ١٢ سەعات، بەڵام دەبێت ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگادارین کە جیهەتی مەعنی داوای کردوە کە لە ٤٨ سەعات کەمتر نەبێت لەگەڵ ٢٤ سەعات، چونکە ئەوان حەدی ئەعلا داوای ٧٢ سەعاتیان کرد ئینجا دوای لە ٧٢ سەعات هاتینە سەر ٤٨ بە ٢٤ سەعات ئەوە ڕۆن کردنەوە لەسەر ئەو بابەتە، ئینجا ڕۆژانی پشووی فەرمی چەند بەڕێزێك ئەندام پەرلەمانێك داوای کرد کە ئەمە هەڵبگیرێتن کاتێك کە ڕۆژانی پشووی فەرمی نابێت هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی ستانداردە و لە قانونەکان واهاتووە ئەوڕۆژانەی پشووی فەرمی ڕۆژی ئیستراحەتی خەڵکە وە بەهیچ شێوەیەك هین ناکرێتن، بەڵام لەلایەکی تر کەداوای دەکەن ٤٨ سەعات ببێت بە ٢٤ سەعات ئەگەر بکەوێتە ڕۆژی پشوو کە وەزیر لەوێ نییە وە سەرۆکی یەکەی کارگێریش لە پشودایە ئایا ئەگەر ئاگادرکردنەوەکە لێرە چۆن دەکرێت، کەمت کردۆتەوە کاتەکەت بۆ ٢٤ سەعات لەلایەن ڕۆژی پشووی فەرمیش هەڵدەگری، لە لایەکی تر یەعنی خۆی وەزیری یان جیهەتی مەعنی ئایا لەماڵەوە ئاگادار دەکرێتەوە یان لەکاتی بوونی لەدەوامدا ئەوە دەبێتە تووشی تەناقوزێك دەبین دەرچوونی لێی نییە، کە ئەوە دواجار پێویستە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دای بڕێژینەوە بگۆنجێتن لەگەڵ بەشێوەیەك کەکار نەکاتە سەر ئاگادار کردنەوە، ئینجا دێینە سەر ئەوەی کە ئاگاداری نامەکە تێیدابێت، بەڕێزان ئەوەی کە ئاگاداری نامەکە تێیدایە ئەوەندە لە دەسەڵات مەترسێن ئەوانە هەمووی خۆی دیاری دەکات لیژنەی نوێنەرانی ڕێکخەری خۆپیشاندانەدەران خۆیان ئەو کات و شوێنە دیاری دەکەن خۆیان ماوەکە دیاری دەکەن پەیوەندی نیە بە جیهەتی مەعنی ماوەکەی بۆ دیاری دەکەن بۆ ئەوەی جیهەتی مەعنی بیان پارێزێت کاتەکەی بۆ دیاری دەکەن بۆ ئەوەی جیهەتی مەعنی خۆی لەبەر پرسیاریەتی نەدزێتەوە بڵێت کاتەکەم بۆ دیاری کردووی پێویستە لەو ماوە دیاری کراوەدا ئەتۆ بم پارێزی یەعنی لێرە کاتێك کە ئەمە باس دەکەین دەڵێین ئاگاداری نامە پێك دێت لەو مەعلوماتانە ئاگاداری نامەکە ئەو مەعلوماتانەی کە دەیدا ڕێکخەری خۆپیشاندەران دەیدەن, جیهەتی بەرامبەر لەگەڵیان بەشدار نییە، کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەت بۆ دیاری دەکەن جیهەتی بەرامبەر پێویستە لەو کات و شوێنەدا تۆ خۆپیشاندەران بپارێزی, ئینجا دواجار دێینە سەر ئەوەی کە چەند کەس دەنگی داوە بۆ ئەوەی دەمج بکرێت و هەندێکیش هەڵبگیرێ, مەبەست لە ئامانجی خۆپیشاندانەکە ئەوە زیاتر لەچەند کەسێك داوای کرد کە مەبەست هەڵبگیرێ و جێگای مەبەستیش دەپێکێ, ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە زیاتر لە سێ کەس داوای کردوە کە ڕێڕەوی خۆپیشاندان لەگەڵ کاتی لەگەڵ یەکەم بڕگە دەمج بکرێ, بکرێت بە کاتی دەستپێك و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە, ماوەی خۆپیشاندانەکە وەکو گۆتمان لیژنەی ڕێکخەر یاخود

نوێنەرانی خۆپیشاندەران ئەوان ماوەکە دیاری دەکەن وە دیاری کردنی ماوەکە ئەمە لێرەنە بە سەعات نەمان هێناوە کە ستاندەردە لە قانونی هەموو ولاتان بە سەعات دێتن چەند سەعاتێك ئەتۆ بۆت هەیە خۆپیشاندان بکەی، ئێمە لێرە دەڵێین ماوەی خۆپیشاندانەکە نوێنەر تۆ دیاری بکە چوار سەعاتە پێنج سەعاتە دووڕۆژ دەمێنیەوە سێ ڕۆژ دەمێ نێیەوە تاوەلام دەدرێتەوە دەمێنێیەوە ئەوە دەمێنێتەوە لەسەر ئەتو لەناو هینەکەیدا دیاری دەکەی، ماوەی خۆپیشاندان لێرانە بۆ ئەوەمان بەجێ هێشتووە بۆ جیهەتی مەعنی نیە لێرانە، ناو واژۆی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە ئەوەیان تێبینی ئەکەی ئەوتۆی لەسەر نەبوو تەنها ئەندامانی خۆپیشاندەران دەبێت بە نوێنەر، ئینجا لەسەر ماوەی خۆپیشاندانەکە مولاحەزەیەکی تر هەبۆ کە گۆایە ئەگەر بێت و ماوەی خۆپیشاندانەکە دیاری بکرێت وەلام نادرێتەوە لە لایەن جیهەتی مەعنی کە دەسەلاتی جێ بەجێ کردنە، بەڕێزان ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەسلی یاساکە ماددەی پێنجەم هەیە، ماددەی پێنجەم بڕگەی سێیەمی هەیە لەبڕگەی سێیەمی دا دەڵێت دەبێ لایەنی پەیوەندیدار داوای خۆپیشاندەران دوای خۆێندنەوەی وەربگرێت پاشان لەگەڵ لیژنەکەدا کۆببێتەوە واتا لەگەڵ نوێنەران بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراوی گونجاودا، واتە لێرە فەرزی کردوە لەسەر جیهەتی مەعنی کاتێ کە ماوەکەش دیاری دەکات فەرزی کردوە کەلە ماوەیەکی دیاری کراودا وەبە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەراندا کۆببێتەوە داواکە وەربگرێت دوای خۆێندنەوە ئینجا لەکاتی دیاری کراویشدا عیلاج بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە داواکراوە، لەسەر بڕگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت بە هەما هەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران لێرانە بە هەما هەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران ئیزافە دەکرێتن بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك وەزیر یاخود یەکەی کارگێری دەست کراوە نەبێتن لە گۆڕینی کات و شوێنەکەیدا ناتوانێ کات و شوێن بگۆڕێت. ناتوانێ کات و شوێن بگۆڕێ ئەگەر بە تەعاون نەبێ لەگەڵ لیژنە ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ناتوانێ کات و شوێن بگۆڕێ ئەگەر پاساوێکی دروستی نەبێ، ئەگەر ئەو پاساوەش لە بەرژەوەندی گشتیدا نەبێت، یەعنی ئەوە لێرە قەیدێکە لە ئەستوێ دەسەلاتی جێبەجێکردندایە، کاتێك تۆ بۆت هەیە کات و شوێن بگۆڕی کە پاساوی دروستتدا بە من وەکو نوێنەری خۆپیشاندەران، هەروەها پێت گوتم ئەو پاساوەی کە هەمە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدایە، ئینجا نوێنەری خۆپیشاندەران دەتوانێ رازی نەبێ لێرانە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی نوێنەری خۆپیشاندەران لێرە قەیدمان خستۆتە ئەستۆیان کە پێویستە لەگەڵ جیهەتی مەعنی پێکەوە بە هەماهەنگی و بە رەزامەندی ئەوان ئەو کات و شوێنە لێرەدا بگۆڕێت، ماوەی (٢٤) کاتژمێرەکە لێرانە کە لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت، ئەو (٢٤) کاتژمێرە رەبتی هەیە راستەوخۆ بە (٤٨) کاتژمێرەکە، ئەگەر (٤٨) کاتژمێر وەکو خۆی بمێنێتەوە (٢٤) کاتژمێر دەبێ بمێنێتەوە، ئەگەر نا دەبێ هەر دوو کاتەکە لێرانە دەستکاری بکرێتن کە زیاتر لە چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاریان کردووە، بەڕێزان بڕگەی چوارەم

درایە دەنگدان هیچ قسەیەکی لەسەر ناکرێ و هەر بڕگەیەکیش خرابێتە دەنگدان و دەنگی لەسەر درابێت دووبارە ناخرێتەوە بەر باس و گفتوگۆکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێڤار خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (پێنجەم) بڕگەی سێیەمی تێدا نییە لەو پڕۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسڵی پڕۆژەکە، ئەمە پڕۆژەی هەموارکراوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەسڵی یاساکە ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)یە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە سەرەنجەکەم بۆ لیژنەی یاساییە، ئەگەر تەرکیز بکەنە سەر بڕگەی سێیەمی ماددەی (چوارەم)، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر گۆڕینی کات و شوێنەکە بە هەماهەنگی کە من بۆ خۆم رەزامەندیم پێ باشترە لەگەڵ نوێنەری خۆپیشانداندان بێت......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، دەست مەکەنەوە بە را وتن، فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گفتوگۆ ناکەم ئەگەر روخسەتم بدەی، لە دوای ئەوە ئەوەی تر پێویست ناکات، چونکە تۆ دیسان ئەوان ئاگادار دەکەی، مادام بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانە، بۆیە بە مەرجێك ئەوەندە وەرەقەی بداتێ پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رێواز نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی چوارەم لە ماددەی (چوارەم) لەگەڵ بڕگەی دووەم لە ماددەی (پێنجەم)، من وا تێگەیشتووم کە د.ڤالا بابڵێین لیژنەی یاسایی وا تێگەیشتووم کە دەنگدانەکەی ئێمە داومانە بۆ ئەوەی هیچ بڕگەیەك بۆ ماددەی (سێیەم) زیاد نەکرێ ئەو دووانەشی گرتۆتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئاخۆ جەنابتان ئەوەی خستانە دەنگدانەوە بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (پێنجەم)یشی تێدا بوو؟ یان دەنگمان لەسەر یەك مەسەلە دا، ئەویش ئەوەیە کە ماددەی (سێیەم)یش بڕگەیەکی بۆ ئیزافە نەکرێت، چونکە ئێمە وا تێگەیشتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتیفاقەکە بەو شێوەیە بوو ماددەی (سێیەم) هیچ بڕگەیەکی بۆ ئیزافە نەکرێ، بەڵام دەنگمان لەسەر ئەوە دا، بەڵام لەگەڵیشدا بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) بەو شێوەیەی خوێندمانەوە بڕگەی دووەمی ماددەی (پێنجەم)یش بەو شێوە بێت کە خوێندمان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە بۆمان نییە موناقەشە بکەین دوایی؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئیتر ئەوە دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وا تێ نەگەیشتووین، تەسەور دەکەم بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانیش. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی زۆربەمان وا تێ گەیشتووین، پێموابێت وا خستمانە دەنگدانەوە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ ئیزافەیەکم نییە بۆ ڕوونکردنەوەکانی هاوکارم د.ڤالا، تەنها ئەوە نەبێت داواکرا کە لە بڕگەی چوارەمدا وشەی (هەر) مەبەستمان لە چی دەکات، دەڵێین هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك، پێم خۆشە ڕوونی بکەمەوە کە دەڵێین وشەی هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك مەبەست لە هەموو خۆپیشاندانێکە کە بە بێ ئاگادار کردنەوە کراوە و مەبەست لە خۆپیشاندانی لە ناکاویشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من هەر لەسەر ڕوونکردنەوەکانی لیژنەی یاسایی قسەم هەیە، ئەو ڕوونکردنەوانەی کە ئەوان دەیدەن ئێمە ڕەئی خۆمان گوتووە، حەقە ئەوان ڕاکانی ئێمە ئەوەی کە لە (٣) کەس زیاتر پشتیوانی کردووە باسی بکەن و بیخەنە دەنگدانەوە، یەعنی ئەو ڕوونکردنەوانە زۆر زۆرە کە لیژنەی یاسایی دەیدەن بە تایبەتی لەسەر ئەوانەی کە پەرلەمانتاران ڕەئیان لەسەر داوە تازە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کاك ئومێد و بەهار خان، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ (٣) ڕەئی زیاتر دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ماددەی (چوارەم) برگەی سێیەم: ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە ئەمە لە (٣) کەس زیاتر پێشنیاری ئەوەمان کرد کە لابرێت، پێویست نییە ڕێگری دروست دەکات....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی نووسراوە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر باسیان نەکرد، لە قسەکان باسیان نەکرد، چوارەمیش: ماوەی خۆپیشاندانەکەیە کە ئەمە هەم پێشنیار کراوە لابرێت، یان پێشنیار کرا ماوەکە دیاری بکرێ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با تەواو ببن بزانین ڕەئیەکەی ئێوەی تێدایە، یان نا؟ ئەو کاتە جەنابت دەتوانی نوقتەی نیزامی بگریت، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی تایبەتمەند کە لەوێوە گفتوگۆ یان قسە لەسەر شتەکان دەکەن لە چوارچێوەی ئەرکی لیژنەکەدایە بە تایبەتی لیژنەی یاسایی کە سیاغەی قانونی ئایا ئەگەر هەڵەی تێدا بێ یان هەڵەی تێدا نەبێت، نەك ئەوەی گفتوگۆی ئەوە بکات یان موناقەشەی ئەوە بکات کە پەرلەمانتاران کردوویانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان ئەوان ڕاپۆرتی هاوبەشیان ئامادە کردووە، مافی ئەوەیان هەیە دیفاع لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەی خۆیان بکەن، بۆیە دەرفەتی ئەوەشیان پێ دەدرێت ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو شتەی کە ئامادەیان

کردووە، بەڵام رای پەرلەمانتاران دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی کە پەرلەمانتاران زیاتر لە (٣) کەس هەر پێشنیارێکیان کردبێت دەخرێتە دەنگدانەوە، کاك سالار لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا ئەم ماددەی (چوارەم)ە ماددەیەکی گرنگە، ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەندێك تەوافقی لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە رامان وایە وەکو لیژنەکە ئەو ماوەیەی کە دەست نیشانکراوە بە (٤٨) کاتژمێر چەندین ئەندام پەرلەمان لەگەڵ بوون بکرێ بە (٢٤) کاتژمێر، رەئی ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، پێمان باشە بکرێ بە (٢٤) کاتژمێر، هەروەها بۆ برگەی سێیەم کە باسیان لەوە کرد کە بەرژەوەندی گشتی و بە پاساوی دروست و شیاو ئەمە مەتاتیە، پێویست دەکات دابرێژرێتەوە، هۆکاری وەلامدانەوە بە بوون، یان نەبوونی خۆپیشاندانەکە دەست نیشان بکرێ، ئێمەش سیاغەیەکمان ئیزافەکرد و رێککەوتین کە لایەنی مەعنی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بە هەماهەنگی بێت یان بە رەزامەندی بتوانن ئەو مەسەلەیە دیاری بکەن، بۆیە ئەو سیاغەیەمان دەست نیشان کردووە، هیوادارم تێروانینی ئەندامانیشی تێدا بێت، سێیەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە رەزامەندی نوێنەری رێکخەری خۆپیشاندەران بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆرێت، بە مەرجێك لە رێگای نووسراوێکی رەسمییەوە ئاگاداری نوێنەری خۆپیشاندەران بکاتەوە لەگەڵ دیاری کردنی هۆکارەکەدا، کە باسی هۆکارەکەش کرا لە ماوەیەکدا کە لە (٢٤) کاتژمێر زیاتر نەبێت بۆ ئەوەی جیاواز بێ لە (٤٨) کاتژمێری یەکەم کە کردمان بە (٢٤) کاتژمێر، لێرە کاتەکەش گۆڕا وەکو د.ڤالا وتی ئەگەر (٤٨) کاتژمێر بگۆڕین لێرەش (٢٤) کاتژمێرەکە بگۆڕین، لە (٢٤) کاتژمێر زیاتر نەبێ لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە، ئەمە بۆ ئەو تێروانینانەی کە داوای بکەی بە پاساوی دروست و شیاو لابدرێت، یان روون نییە، بەرژەوەندی گشتی و هۆکارەکان دەست نیشان بکرێ لەگەڵ کاتەکە، ئەوەی پەیوەندی بە وەلام نەدانەوەی ئاگادارینامەوە هەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار ئێمە لەم چوار برگەیەی ماددەی (چوارەم)ە هیچ ئیزافەیەك نەکراوە و روون نییە، بەڵام لە ئەسڵی یاساکە برگەی چوارەمی ئەسڵی یاساکە ئەو سیاغەیەی دەست نیشان کردووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین لەم ماددەی (چوارەم)ی ئێستای پرۆژە هاوبەشەکەدا ببێتە برگەی پێنجەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە، پێنجەم: لە حاڵەتی وەلام نەدانەوەی ئاگاداری نامەکە کە لەلایەن نوێنەرانەوە پێشکەش کراوە دوای تێپەربوونی (٤٨) کاتژمێر بەسەر مێژووی پێشکەش کردنیدا ئەمە بە رەزامەندی لەسەر رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دادەنرێت، بۆیە لێرەدا نەمان کردووە بە (٢٤) کاتژمێر ئەو ماوەیە بدرێ بە لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر مەقسود بێ دوای (٤٨) کاتژمێر ئیتر بە رەزامەندی تەماشا بکرێ و حیساب بۆ کراو بێت، هەروەها لە یاساکەدا جێی بکرێتەوە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە راستیدا ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندیدار رەئیمان وابوو لایەنی مەعنی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە وەزارەتی ناوخۆیە لە موناقەشە کردنی ئەم پرۆژە یاسایەدا حزوریان هەبوایە، چونکە لە خولی پێشوودا کە موناقەشەی

ئەمەمان کرد هەر بۆ هەمان پرۆژە یاسا خودی وەزیری ناوخۆ لێرەبوو، بڕواتان هەبێ بەشێك لە ڕێنمایەکانی وەزارەتی ناوخۆ مەرن ترە لە هەندێ تەرح کە دەکرێت، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە (٤٨) کاتژمێر و (٢٤) کاتژمێرەوە هەیە، لە پێش دەرکردنی یاساکەی ساڵی (٢٠١٠) ڕێنمای وەزارەتی ناوخۆ خۆی (٢٤) کاتژمێری داناوە، ئەو کاتەمان وەکو ئێستا لە بیرە کە وتمان ناکرێ، وەزارەتی ناوخۆ کە دیارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە ئامادەکاری بۆ کردووە وەزارەتی ناوخۆ خۆی ئەو کاتەی دەست نیشان کردووە کە بارێکی گونجاوە، مەناعەتیان نییە کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ئامادەکاریان بۆ هەیە، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەمە بە (٢٤) کاتژمێری بمێنێتەوە، هەروەها ئەو بابەتەشی کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبووین بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) و بڕگەکەش برایە ماددەی (پێنجەم) وەکو لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵیداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەمەوێ لێرە سەرەنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم بەخێرهاتنی خوێندکارانی بەشداربووی خولی زمانی ئینگلیزی سەنتەری ئەمریکی تایبەت دەکەین، کە بە هاوکاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەم خولەیان بۆ کراوەتەوە، بەخێرهاتنیان دەکەین بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، دەمەوێت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرەنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە بە پێی ماددەی (٥٣) بڕگەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە چەند جارێك تەئکیدمان لەوە کردۆتەوە هەر هاووڵاتییەك و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن مافیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی و مۆڵەتی سەرۆکەوە ئامادەبن، ئێستا داوا لە بەڕێز کاك سۆران عمر سەرۆکی لیژنەی مەفەکانی مرۆڤ دەکەین ئەویش ڕوونکردنەوەی خۆی بدات، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەین کە ئەو (٤٨) کاتژمێرەی کە لە ماددەی (چوارەم) بڕگەی یەك هاتووە وەکو ڕەئی زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان بکرێ بە (٢٤) کاتژمێر، سەبارەت بە دەست کاریکردنی کات و شوێنەکە لە زانیاریەکانی ناو ئاگادارینامە کات و شوێنی ڕێرەوەکە یەکبخرێت، ئامانج و مەبەستەکە دیارە یەکێکیان ئامانج دیاری کراوە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ئەوەین کە هەماهەنگی و ڕەزامەندی خۆپیشاندەران داخل بکرێ لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك کە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە هەر پاساوێك دەیکات ئەو پاساوە مەتاتیانە لێرە لابرێ و ڕەزامەندی و هەماهەنگی نوێنەری خۆپیشاندەرانی بۆ بخرێتە پاڵ، سەبارەت بە زیادکردنی بڕگەی پێنجەم کە لە دەقی یاسا ئەسڵیەکە ماددەی (چوارەم) هاتووە خاڵی چوارەمە دوای ئەو زەمەنەی کە تێدەپەڕێ بەسەر مێژووی پێشکەش کردنی ئاگاداری نامەکە کە ڕێککەوتین لەسەری چەندێکە، ناوەڕۆکی ئاگادارینامەکە واتە خۆپیشاندان پاش ئەوەی لە (٤٨) کاتژمێر یان (٢٤) کاتژمێر تێدەپەڕێ بەسەر وەڵام نەدانەوە خۆپیشاندان بە پێی زانیارییەکانی ناو ئاگادارینامەکە

ئەنجام دەدرێت، واتە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت، مادام خاڵی سێیەم کە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری هیچ شتێکی لەسەر نەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە کراون لەسەر بڕگەی یەکەم لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، دوایی خودی بڕگەکە سیاغە بکەینەوە و بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەمین کە کراوە بڕگەی یەکەم ماددەی (چوارەم) زیاتر لە (٣) کەس کردوویەتی ئەوەیە کە جێگای تاکە کەسی خۆپیشاندەر لە پاڵ جێگای نوێنەری خۆپیشاندەران بکرێتەوە بۆ مەبەستی زامن کردنی مافی تاکە کەس لە خۆپیشاندان و مانگرتندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە جێگای تاکە کەسیش بکرێتەوە بتوانێ ئاگادارینامە پێشکەش بکات بە لایەنی پەیوەندیدار؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٩٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەواتە هەموویان لەگەڵی نین، زۆر سوپاس، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم زیاتر لە (٣) ئەندام پەرلەمان کردوویەتی هەر تایبەتە بە بڕگەی یەکەم ئەویشیان پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، داوا دەکەن (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە بکرێت بە (٢٤) کاتژمێر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە (٤٨) کاتژمێر بکرێت بە (٢٤) کاتژمێر لە بڕگەی یەکەم؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە (٣) پێشنیار هاتووە کە داوا دەکەن ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو نەکرێت، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەمان دا کە ڕۆژانی پشووی فەرمی ستانداردێکە کە لە نیزامی عامدایە و کاتێك دەیکەی

به (٢٤) كاتژمێر چۆن ڕۆژانی پشووی فەرمی یان چۆن ئاگاداری وەزیر یان لایەنی پەیوەندیدار دەكرێتەوە، ڕەئیش بۆ جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوەی خۆی دا، پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە كە ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو نەكرێت لە ئاگاداركردنەوە؟ كێ لەگەڵ دایە كە پشووی فەرمی هەڵبگیرێ بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بكرێت ئەوە هەڵبگیرێت هەر (٢٤) كاتژمێر پێش ئەوە ئاگاداركردنەوە هەبێت؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (١٣) كەس لەگەڵدایە كە ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٦٠) كە لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، كەواتە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، كەواتە ڕۆژانی پشووی فەرمی وەك خۆی دەمێنێتەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە كۆی بڕگەكە بە هەمواركراوی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی هەیە؟ كاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو، سێ جاری تریش دەستم هەڵبڕی پێش دەنگدانەكان، خۆ تازە دەنگ دراوە، بەلام لە ئەوروپا (٣) كاتژمێرە بۆ ئیجازەی خۆپیشاندان لێرە با (٦) كاتژمێر بوایە، چونكە ئەو كاتە مەسەلەكان جوان حەل دەبوو.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئیە كاك فەرهاد؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ڕەئیە، بەلام ئەوە عیلمییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (١٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بڕگەی یەك لە دەسەلاتەكانی سەرۆك پیادەكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، كاتێك كە گفتوگۆ لەسەر ئەوە كرا و جەنابیشت پێموایە موقتنیع بووی كە مەسەلەی پشوو ئەمانە لە نیزامی عامەوە لە یاسای تر ئەمە سابت بووە، بۆیە ئەركی جەنابتە ئەم حاڵەتانە ئەگەر چی داواش كرابێت نەیدەیتە دەنگدان، چونكە ئەمە لە نیزامی عامە و لە قانونە و ئەركی جەنابتە قانون بپارێزیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستی من ئاگادرای ئەو یاسایە نیم، د.فرست هەر بە سەراحەت ئەوە دەڵێم ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام وەکو باسمان کرد لیژنەی یاسایی بۆی هەیە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتانە بدات، ئەندامانی پەرلەمان لەوە سەر پشکن کە دەنگی پێ دەدەن، یان نا؟ بەڵام ڕاست دەکەی من خۆشم موقنیع بووم بەوە مادام کاتەکەمان کەم کردەوە دەکرێت ڕۆژانی پشووی فەرمی حیسابی بۆ بکرێتەوە، بەڵام مادام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە ئێمە لەسەرمانە کە بیخەینە دەنگدانەوە، باشە، لیژنەی یاسایی تکایە دوا سیاغەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (چوارەم) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: پێویستە تاکە کەسی خۆپیشاندەر و نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی کەم بە (٢٤) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە ئاگاداری نامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بکەن بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەدایە بەم شێوەیەی کە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٨٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بڕگەی دووەم تکایە لیژنەی یاسایی پێشنیارەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: خاڵی یەکەم کات و شوێنی خۆپیشاندانەکان زیاتر لە (٣) کەس داوای کردووە کە کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەو و ماوەی خۆپیشاندانەکە لەگەڵ یەك دەمج بکرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەنجەکە بۆ لیژنەی یاساییە (ماوەکە)ی تێدا نەبوو، ئەوهابوو (کات و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(٣) كەس داوای كرد كە دەمج بكرێت، (ماوەكە) بە تەنيا نێتن، لەگەڵ (كات و شوێنی خۆپيشاندانەكە) بێت، (٣) كەسيش داوای كردووە (ماوەكە) هەر لاببرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رابوون فەرمووو.

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، (كاتی دەست پێكردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپيشاندانەكە)، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ياسايی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(ماوەكە) بيخە دەنگدانەوە، ئايا لەگەڵ بڕگەی يەكەم دەمج بكرێتن، ياخود نا؟ ئەگەر دەنگی نەهێنا كە لەگەڵ بڕگەی يەكەم دەمج بكرێتن، ئينجا پێداچوونەوە بۆ بڕگەی يەكەم دەكەين لەسەر پێشنيارەكانی تر.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمج كردنی و دەمج نەكردنی تەقريبەن وەكو يەك وايە، ئەگەر بگەڕێينەوە بۆ ئەسڵی ياساكە هەر لە ماددەی (چوارەم) بڕگەی سێيەم هەمووی بەسەر يەكەوە هاتووە، مادام قسەكە لەسەر ئەوەيە ئاگاداری نامەكە ئەم زانياريانەی تێدا بێت (كات، شوێن، مەبەست، ڕێگای ڕۆيشتن، ناو و واژووی ئەندامانی ڕێكخەری خۆپيشاندان) هەر ئەوەيە، بەڵام لێرەدا بڕگە، بڕگە كراوە (١، ٢، ٣، ٤، ٥) ئەگەر نا بچۆوە سەر ئەسڵی ماددەكە بڕگەی سێيەم بە يەك ڕستەی دوور و درێژ هاتووە بەبێ خاڵبەندی، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئەوە دەخەينە دەنگدانەوە كە خاڵی چوارەم و خاڵی يەكەم لە بڕگەی دووەم دەمج بكرێن (كات و شوێن و ماوەی خۆپيشاندانەكە) پێكەوە بنووسرێن، بەڵێ، كاك سۆران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام پێشنیار لە (٣) کەس زیاتر هەیە بۆ ئەوەی (ماوەکە) نەمێنێت، پێشان ئایا بمێنی یان نەمێنێ، ئەگەر ما ئەو کاتە دەنگی لەسەر بدرێ دەمج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وایە ماوەی خۆپیشاندان لابدرێ زیاتر لە (١٢) کەس لەگەڵ دایە، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کرد (کات و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندان) ئەمە خاڵی یەکەم بوو، ئەگەر لەو حاڵەتەدابێ، دەبێ خاڵی سێیەم لابرێت، دەبێ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی خاڵی سێیەم نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە لێرەدا جارێ قسە لەسەر بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم دەکەین.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر پەیوەستە بە یەکەوە، بۆیە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ باسی خاڵی یەك دەکەین، لەسەر (کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە) هیچ داواکاریەك هەیە بۆ لابردنی؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری هەیە بکرێتە (کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە) زیاتر لە (٣) داواکاری هەیە بۆ ئەو تەعدیلە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین نوقتە نیزامیەکان؟ کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر من ئەوەم روونکردەوە جەنابت فەرمووت ئەوان دوایی دەیڵێن، ئەوەتا نایڵێن، ئیتر زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەمان کرد خاڵی یەکەم: کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە، وەکو ئەوە بمێنێ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە باس کرا؟

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، ئاخر ڕێڕەوەکەی دەخاتە سەر، ئەوە نییە، دووەم ئەوە ئیشکالمان نییە، ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە ئەوە زیاتر لە (٣) کەس پیشنیارمان کردووە کە لابرێت بەو هۆکارانەی کە باسمان کرد، چوارەم: ماوەی خۆپیشاندانەکە زیاتر لە (٣) کەس کە ڕەنگە ناوەکانیشم نووسیووە پێشنیارمان کرد کە لابرێت، یان ئەگەر لانەبرا ئەوە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، ماوەکە لەوێ کۆتایی پێ دێت کە وەڵامی بەڵگەداری لایەنی پەیوەندیدار بە دەست خۆپیشاندان دەگات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر وابڕوات لەوە دەچێ ئەسڵی یاساکە باشتر بێت، ماددەی (چوارەم) برگەی دووەم: پێویستە ناونیشان و ئیمزای ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان بگرێتەخۆ، مەبەستەکەشیان لەو بارەیەوە روون بکرێتەوە ڕێگای ڕۆیشتنەکە و کات و شوێن دەست نیشان بکات، واتە لە ئەسڵی یاساکە (ماوەی) تێدا نییە، ماوەی خۆپیشاندانەکە دەست نیشان بکات، یەعنی ئێستا بۆ ئەم (ماوەیە) هاتە ناو ئەم هەموارە، کە هەموارەکە بە قازانجی ئەوەیە باش بکرێ لە ئەساسدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، داواکاری ئەندامانی پەرلەمان هەر چیەك بێت لەسەر ئەم بابەتە دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام هیچ ڕێگریەك نییە لەوەی کە هەبێت، بەڕێز خاتو امنە نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام داخازیا پتر ژ (٣) پەرلەمانتارا لەسەر هەندێ هەبویە کو خالا (٣، ٤) بێتە لابرن، دەستپێکێ دڤێتن وان بدەینە دەنگدانێ هەر وەختێ دەنگ هینا، یان دەنگ نەهینا، ئەگەر دەنگ نەهینا وی وەختێ دێ موناقەشە سەر هەندێ دکەین دەمج کردنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، بەس ئەوەی کە پەیوەندی بە خاڵی یەکەوە هەیە هیچ پەیوەندی بە (ماوەکە) نییە، جیاوازە، بەس بیخوێننەوە لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم لە برگەی دووەم: زیاتر لە (٣) پێشنیار هەیە کە دەڵێ (کاتی دەست پێك و شوێنی خۆپیشاندانەکە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە لە ئاگاداریەکەدا ئەوەی تێدا بێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پاڵ ئەودا زیاتر لە (٣) پێشنیار هەیە کە دەڵێ (کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، جا پێکەوە دەیخەیە دەنگدان، یان یەکە بە یەکە دەیخەیە دەنگدان ئەوە رای بەڕێزتانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە جیا دەخەینە دەنگدانەوە، مادام پێشنیارەکان هەن، کەواتە یەکەم جار پێشنیاری یەکەم دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ئەم جارەش بێخوێنەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم: کاتی دەست پێك و شوێنی خۆپیشاندانەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١٨) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بێینە سەر برگەی دووەم خاڵی دوو، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە خاڵی یەکەم (رێڕەو) ماوە، چونکە زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ببێت بە (کاتی دەست پێك و شوێن و رێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە (رێڕەو)یش دەمج بکرێ لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(رێڕەو) لەوێ لە خاڵی سێیەمدا (رێگاکە) هەمان (رێڕەو) دەگرێتەوە، بەڵام من پێشنیارێکم کرد دیارە بەشێك لە خۆپیشاندانەکان ئەوەیە کە لە جێگایەکی سابت دەکرێ، بەڵام بەشێکی بە رێڕەوێکدا، بە رێگایەکی سەرەکیدا، بە شوێنێکدا بە رۆیشتنەوە پێویستە ئەمە نەقض بێ ئەگەر شوێنی کۆتایەکەی لێ دەست نیشان نەکرێ، ئەو کاتە هەم چالاکییە مەدەنییەکان و حکومەت لای روون نییە بۆ کوێ دەچێت، هەم دەشتوانێ بەرەو ئاقاری تر ببرێت، بۆیە ئێمە پێویستە لە بری (رێڕەو)ەکە ئەو رێگای رۆیشتنە لەگەڵ کۆتایەکەی بۆ کوێ دەبرێ دەست نیشان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبوایە لیژنەی یاسایی پێشتر ئەمەیان بخستایە دەنگدانەوە (رێڕەو)ەکەی لەگەڵ بوایە، بەڵام تازە یەکلایی کرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار بە پێشنیار دەیخەینە دەنگدانەوە، بیدایەتەن گوتمان پێکەوە دەیخەینە دەنگدان رەخنە گیرا، گوتیان پێشنیارەکان ئیهمال کراوە، ئێستا پێشنیار بە پێشنیار کە لە (٣) زیاتر بوو دەیخەینە دەنگدان و جێگای لە ناو بڕگەکەدا دەکەینەوە، پێشنیاری یەکەم رۆیی کە (کاتی دەست پێك و شوێنەکە) بوو، لە پاڵ پێشنیاری یەکەم بۆ هەمان خاڵی یەکەم پێشنیاری دووەم هەیە کە (رێڕەو)یش دابنرێت بۆ ئەوەی رێگای رۆیشتنی خۆپیشاندانەکە هەڵبگیرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنه زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤە درێژكرنا ماوەیێ دەنگدانێدا بە دیتنا من یا دروست نینە، چونكە مادام رەئی هەیە بۆ لابرنا هەندەك برگە هەر پیشنیار هەیە ئەو برگە دگەڵ برگەیا ئێكی دەمج ببیتن، حەوجەی هەندێ ناكات رەئیا دوور چییە لابرنا وان برگەیا ئەو دەچیتە دەنگدانێدا، یا دی دەبیتە تەحسیل حاصل، دەمج كرن یەكسەر دەبیتن یەك جار دەنگدان نە هوسا درێژە هەبیتن هەر پێشنیارەك جودا جودا بچیتە دەنگدانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دەزانی هیچ رێگریەكیش لەوە نییە كە دوایی دێینە سەر خاڵی سێیەم داواكاری دەمج كردن و داواكاری لابردنی هەیە، دەتوانین لەوێدا بیخەینە دەنگدانەوە، كاك علی نوقتەی نزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی دووەم نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ئەگەر دەنگی هێنا پیشنیاری یەكەم لەغو دەكرێتەوە كە دەنگی هێناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر، پێشنیاری یەكەم لەغو ناكرێتەوە، ئەمە ئیزافە دەكرێتە سەری، بەس با بێینە سەر خاڵی سێیەم ئەو كات پێشنیاری دمجەكەی دەیخەینە دەنگدانەوە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێستا (رێڕەوی خۆپیشاندانەكە) بیخەینە دەنگدانەوە دەنگی هێنا دواتر ناتونین ئەو پێشنیارە بخەنیە دەنگدانەوە كە داوای لابردنی دەكات، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام یەكەم جار (رێگای رێڕەوی خۆپیشاندانەكە و ماوەی خۆپیشاندانەكە) كە زیاتر لە (٣) كەس داوای كردووە لابرێت، یەكەم جار ئەو لابردنە بخرێتە دەنگدانەوە، دواتر مەسیری ئەوەی ترمان بۆ روون دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، برگەی دووەم خاڵی دوو هیچ پێشنیارێكی لەسەر نییە لیژنەی یاسایی وایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگەی دوو خاڵی دوو (٣) پێشنیار كراوە كە (مەبەست) هەڵبگیرێت، تەنها بوترێ (ئامانجی خۆپیشاندانەكە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، خاڵی سێ پێشنیار هەیە بۆ دەمج کردنی لە گەڵ خاڵی یەك، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم (٣) پێشنیار هەیە بۆ لابردنی، (٣) پێشنیاریش هەیە بۆ دەمج کردنی لەگەڵ خاڵی یەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با لە پێشدا دەمج کردن بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی سێیەم لەگەڵ خاڵی یەکەم دەمج بکرێت؟ کاك تحسین نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەبێ بخرێتە دەنگدان کە بمێنێ، یان نەمێنی؟ دوایی بۆ دەمج کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە کە بمێنێ یان نەمێنێ؟ ئەو ڕەئیەی کە پێشنیار کراوە لابرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی سێ لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (چوارەم) لابرێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٦) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جا پێشنیاری دەمجی هەیە لیژنەی یاسایی وایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، (٣) پێشنیار هەبوو کە دەمج بکرێتن لەگەڵ خاڵی یەکەم ببێتە (کاتی دەست پێك و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی سێ لەگەڵ خاڵی یەك دەمج بکرێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٩) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، خاڵی سێ لەگەڵ خاڵی یەك دەمج دەکرێت، دێینە سەر خاڵی چوارەم، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشـــەی ڕێگـــا یـــەعنی بـــۆ دەرەوەیـــە (طریـــق) لەبـــەر ئـــەوە ئـــەبێ ڕێڕەوەکـــە هـــەبێت ڕێـــڕەوە لەکاتێك کە دەمج دەبێ بکرێت بە ڕێڕەو ......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کاتێك لیژنەی یاسایی سیاغەی دەکا....

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

کە کاتێك دەمج کرا یەکسان ئەبێت ڕیعایەتی ئەوە بکەن ، ڕێگا یەعنی (طریق).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـــۆ ســـیاغە ، ســـیاغەی یاســـایی ، ســـیاغە بـــۆ لیژنـــەی یاســـایی ئەمێنێتـــەوە ، بێینـــە ســـەر خاڵی ٤ .

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

خـــاڵی ٤ : مـــاوەی خۆپیـــشاندانەکە، زیـــاتر لـــە ســـێ کـــەس داوای کـــردووە کـــە مـــاوەی خۆپیشاندانەکە هەڵبگیرێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کـــێ لەگـــەڵ ئەوەیـــە مـــاوەی خۆپیـــشاندان هـــەڵبگیرێت؟ ٣٥ کـــەس لەگـــەڵ ئەوەیـــە کـــە خـــاڵی ٤ لابـــبرێ ، بـــابزانین کـــێ لەگـــەڵی نیـــە؟ ٤٨ کـــەس لەگـــەڵی نییـــە، کەواتـــە وەکـــو خـــۆی ئەمێنێتەوە ، خاڵی ٥ .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـــاڵی ٥ : پێـــشنیارکرا کـــە (ڕێکخـــەر) هـــەڵگیرێ، هـــەر خـــۆی هەڵـــدەگیرێ ، نـــاو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـــەوە لەبـــەر ئـــەوەی پێـــشتر دەنگـــی لەســـەر دراوە بـــەو شـــێوەیە ، کەواتـــە هـــەر ئەیخەینـــە دەنگەوە ، بیخوێنەوە دکتۆرە ڤالاً خاڵی ٥ ، کاك علی نوقتەی نیزامی هەیە با بزانین.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٣ کـــەس وتـــی (نوێنـــەران) بکـــرێ بـــە (نوێنـــەر)، لەبـــەر ئـــەوە حیـــسابی تاکـــە کەســـەکەش بکرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر ئەوە باسکراوە، تاکە کەسیش بۆی هەیە ئاگاداری بکا ، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تاکە کەسی بێ لە بیدایەتەوە باسمان کردووە کە تاکە کەس نوێنەری نییە ، خۆیەتی ، بۆیە پێویست ناکا لێرە بڵێی نوێنەر ، نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە بڕگەی یەکەم باسمانکردووە ئەڵێین تاکە کەس......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، تکایە بێ دەنگی ، دکتۆرە ڤالا بیخوێنەرەوە .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (٥)م لە بڕگەی (٢) ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەتی؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ ، کەواتە پەسەندکرا ، نوقتەی نیزامی کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی چوارەم بڕگەی دووەم ، چوارەمی ماوەی خۆپیشاندانەکە ئەگەر بە هەڵدانەچووبم لە سێ پێشنیار زیاتر هەبوو بۆ ئەوەی ئەگەر مایەوە ماوەی خۆپیشاندان پەیوەندیدار بکرێ بە وەڵامدانەوەی بەلگەداری لایەنی پەیوەندیدارەوە، واتە بە شکلێك لە شکلەکان مەحکوم بکرێ بەوەی کە وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەماندا بۆ ئەوە ، ئیشارەتماندا بە ئەسڵی یاساکە ، وتمان لە ماددەی پێنجەم لە فەقەرەی سێیەم ئەوە حەلکراوە ، ماددەی پێنجەم فەقەرەی سێیەم بە ڕوونی دەڵێ دەبێ لایەنی پەیوەندیدار داوای خۆپیشاندەران دوای خوێندنەوەی

وەربگـــرێ پاشـــان لەگـــەڵ لیژنـــەدا کـــە بـــووە بـــە نوێنـــەر کۆببێتـــەوە بـــۆ دۆزینـــەوەی چارەسەری گونجاو بۆی لە ماوەیەکی دیاریکراوی گونجاودا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـــەڕێزان لـــە لیژنـــەی یاســـایی و لیژنـــە پەیوەندیـــدارەکان ئـــەبێ لێـــرەدا ڕوونکردنەوەیـــەك بـــدەن ڕاپۆرتەکـــەتان ئـــەوە ڕوون ناکاتـــەوە ، ئایـــا بـــەس تـــەنها ئـــەو برگانـــە لـــە دەقـــی ئەســـڵی یاســـاکە هـــەموار دەکرێتـــەوە؟ کـــە لێـــرە نووســـیوتانە یـــان لێـــرە لـــەماددەی پێنجـــەم ئـــەڵێن (مـــاددەی پێنجـــەم هـــەموار دەکرێتـــەوە، بـــەم شـــێوەیە دەخوێندرێتـــەوە ، بڕگـــەی یەکـــەم و دووەم بڕگـــەی ســـێیەمی تێـــدا نییـــە ، ئایـــا تـــەنها بڕگـــەی یەکـــەم و دووەم لـــە مـــادەی پێنجـــەم هـــەموار دەگرێتـــەوە؟ یـــان ســـەرجەم ماددەکـــە هـــەموار دەکرێتـــەوە بڕگـــەکانی تـــری تێـــدا نامێنێت.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تـــەنها لـــە ڕاپۆرتەکـــەمان ئیـــشارەتمان داوە بـــەو برگانـــەی کـــە هـــەموار دەکرێتـــەوە ، ئـــەو برگـــەو ماددانـــەی کـــە هەموارناکرێتـــەوە هـــەموو لـــە دەقـــی یاســـاکە لـــە ئەســـڵی یاســـاکە وەکـــو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، پێش کاك سالار ، شکریەخان نوقتەی نیزامی ، باشە کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــن نوقتـــەی نیـــزامیم نییـــە تـــەنیا ڕوونکردنـــەوە ، بۆچـــوونەکەی جـــەنابت تـــەواو دروســـتە لـــە دەســـتپێکەوە هـــاتووە ، مـــن دەچـــمەوە ســـەر مـــاددەی چـــوارەم ناچـــمەوە ســـەر مـــاددەی پێنجـــەم ، ئـــەڵێ مـــاددەی چـــواری ئـــەم یاســـایە بـــەم شـــێوەیە دەخوێندرێتـــەوە ، واتـــە ئـــەم برگانـــە کـــە چەســـپی ئەوانیدیکـــە هـــیچ هینێکـــی نامێنێتـــەوە ، ئەگـــەر پێویـــستکا بمێنێتـــەوە ئیزافـــە ئـــەکرێ یـــان بـــاس ئـــەکرێ ، لـــە مـــاددەی فلانیـــا برگـــەی فلانـــی هەمواردەکرێتـــەوە ، چـــونکە لێـــرە لـــە مـــاددەی چـــوارو لـــە مـــاددەی پێنجـــدا هـــاتووە کـــە دەڵـــێ مـــاددەی پێنجـــەم هەمواردەکرێتـــەوە بـــەم شـــێوەیە واتـــە مـــاددەی پێنجـــی یاســـاکە دەبێتـــە ئـــەوەی کـــە ئێـــستا لـــە ڕاپۆرتەکـــەدا هەیـــە ، ئەمـــە تێگەیـــشتنی ئێمەیـــە هیـــوادارم وەکـــو جـــەنابت وتـــت ڕوونبکرێتـــەوە لـــە دەســـتپێکەکە یـــان ئـــەم برگانـــە ئیزافـــە دەکـــرێ لـــە مـــاددەی پێنجـــەم یـــان حـــەزف دەکـــرێ لـــەماددەی پێنجـــەم یـــان پێـــدا چـــوونەوەی پـــێ دەکـــرێ هـــەر برگەیـــەك کـــە پێویست بکا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە ، كەواتە ئێستا ئەو ڕوونكردنەوەی كە لیژنەی یاسایی دایان تەنها ئەو بڕگانەی ماددەكانی دەقی ئەسڵی یاساكە هەموار دەكرێ كە لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە ، بۆ نموونە بڕگەی یەكەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەكرێتەوە ، بڕگەی دووەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەكرێ ، بڕگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەكرێ ، بڕگەی چوارەمی دەقی ئەسڵی یاساكە هەموار دەكرێ ، بەلام بۆ نموونە لە ماددەی پێنجەمدا ، كە ماددەی پێنجەم لە دەقە ئەسڵیەكەدا سێ بڕگەیە لێرە تەنها بڕگەی یەكەم و دووەمی هەموار كراوە ، بڕگەی سێیەم لە دەقی ماددەی پێنجەم ئەسڵی یاساكە وەكو خۆی ئەمێنێتەوە چونكە هەموار نەكراوە ، وایە لیژنەی یاسایی؟

**بە ڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

بەڵێ سەرۆكی پەرلەمان ، وەكو خۆی دەمێنێتەوە بڕگەی سێیەم لەبەر ئەوەی تەنها دەستمان بۆ بڕگەی یەكەم و دووەم بردووە ، بڕگەی سێیەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە لە ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر چاكە ، بەڵێ فەرموو دكتۆر عزەت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله لەشێوەی پێشنیارا باسی ئەكەم ، كە هەمواركردنەوە بۆ پڕۆژە یاسایەك بۆ ئێمەی پەرلەمانتاری لە خولی چوارەم ئەنێردرێ ، شایەت ئەو پڕۆژە یاسایە لە خولی دووەما یاخود هەموو پەرلەمانتارەكان ئەو پڕۆژەیان لانییە ، بۆیە كە دێینە پەرلەمان بۆ موناقەشەكردنی گرنگە ئەو پڕۆژە یاسایانەشمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو موناقەشەی كە دروست بوو دروست نەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆر عزت لە سایتی پەرلەمان تێدایەتی ، هی هەموو ساڵەكانی تێدایە ، لێرە كار ئاسانیش كرایە مادام باس لەوە دەكرێ ژمارەی یاساكە ، ساڵی پەسندكردنی یاساكە نووسراوە ، كار ئاسانی بۆ ئەندامی پەرلەمان دەكرێت كە بڕواتە سەر یاسا ئەسڵیەكە وە بیخوێنێتەوە ، مامۆستا ڕابوون نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ، لە هەموارکردنەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، سەرنجی لیژنەی یاسایی بۆ ڕادەکێشم ، لە هەموارکردنەوەکە ئەو شوێنانەی لە هەموو یاسایەکە ، ئەو شوێنانەی کە دەخوازێ بۆ نموونە وشەی لیژنە دەڵێ بکرێ بە نوێنەر ، کەواتە ئەوە ئەو دەستکاری و داڕشتنە دەکرێ...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ سیاغەیە ، بڕگەی (٣) لە ماددەی (٤) کاك قادر نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی (٥) بڕگەی (٣) ئەمە کە وشەی لیژنەمان لابرد وە نوێنەرمان دانـاوە پێویستە ئەمە لیژنەی یاسایی دیقەتی بدا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەوە لە سیاغەدا هەمووی چاك دەکرێتەوە ، لە بڕگەی سێیەمدا پێشنیارەکان لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە ، تۆزێکیش کورتی بکەینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین ڕاپۆرتەکە ، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکم هەیە بۆ لیژنەی قانونی ، ئێمە ئەو ڕاپۆرتەمان کردە ئەساس بۆ گفتوگۆ ، ئایا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ لە ڕاپۆرتی ئەسڵیدا؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

لە ئەسڵی یاسایەکەیە تەنها ، ڕوونکردنەوە بوو ئەمەیان .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە لە نێوان دوو پڕۆژە یاسا کە پێشکەش کراوە بۆ هەموار ، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان لە نێوان ئەم سیانەیاندا ڕاپۆرتی هاوبەش کراوەتا بنەما ، ئەگەر نا ئەسڵی یاساکە وەکو خۆیەتی ، فەرموو .

**بەڕێزد. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگـــەی ســـێیەم لـــە مـــاددەی چـــوارەم ، ســـێ پەرلـــەمانتار داوای کـــردووە کـــە ئـــەو بڕگەیـــە هەڵگیرێ .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە بڕگـەی سـێیەم لـە مـاددەی چـوارەم هـەڵگیرێ؟ لابرێـت؟ ٣٤ کـەس لەگـەڵ ئەوەیـە کـە لابـرێ ، کـێ لەگـەڵ ئـەوە نییـە کـە لا نـەبرێ؟ ٥٠ کـەس لەگـەڵی نییـە ، کەواتـــە پەســـەند نـــەکرا وەکـــو خـــۆی ئەمێنێتـــەوە ، ئێـــستا بـــا بـــچینە ســـەر هەموارکردنەکانی .

**بەڕێز د. ڤالا فرید اراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هـــەموارکردنی بڕگـــەی ســـێیەم ، بـــەڕێز ســـەرۆکی پەرلـــەمان ســـێ پێـــشنیار داوای کـــردووە کـــە پاســـاوی دروســـت و شـــیاو لـــەپێناو بەرژەوەنـــدی گـــشتیدا ئـــەو پاســـاوە پاســـاوێکی مەتاتیـــە ، بـــەڵام بـــەدیلیان نـــەداینێ لـــە دوای هـــەڵگرتنی پاســـاو ئەگـــەر دروســـت و شـــیاو لـــە پێنـــاو پەرژەوەنـــدی گـــشتیدا نـــەبێ ، ئایـــا پاســـاوەکە بـــە موتڵـــەقی جێبـــێڵین؟ چـــونکە ئێمـــە لێرانـــە بـــە جیهـــەتی مـــەعنیمان وتـــووە ، بـــە ســـوڵتەی جێبـــەجێکارمان وتـــووە ، وتوومانـــە ئـــەو پاســـاوەی کـــە هەتـــە بـــۆ گـــۆڕینی کـــات و شـــوێن ، ئاگاداربـــە دەبـــێ پاســـاوەکە دروســـت بـــێ ، شـیاو بـێ و لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گـشتی دابـێ ، ئینجـا بـۆ دیراسـەکردنی ئـەو حاڵەتـەش ئایـا ڕاسـتە دەسـەڵات ئـەو پاسـاوە پێیوایـە لـە بەرژەوەنـدی گـشتی دایـە؟ ، هـەروەها شـیاو و دروســـتە ئـــەوە بـــە هەماهـــەنگی دامـــان نـــاوە لەگـــەڵ لیژنـــەی ڕێکخـــەری خۆپیـــشاندانەکە ، واتـــە لەگـــەڵ نوێنـــەرانی خۆپیـــشاندانەکە بـــە هەماهـــەنگی ئـــەوان کـــات و شـــوێنی خۆپیـــشاندانەکە دەگـــۆڕن بـــەڵام لـــە کاتێکـــدا کـــە پاســـاوەکە ، پاســـاوێکی دروســـت و شـــیاو بێتن ، هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەمـــە وێـــت ڕوونکردنـــەوەتان بـــدەمێ بـــۆ ئـــەوەی ســـورەکە وازح بـــێ ، باشـــە نوقتـــە نیزامیـــەکانیش وەردەگـــرین ، ئێـــستا ئـــەوە دەنگـــی نـــەهێنا ، دەنگـــی نـــەهێنا لـــە لایـــەن ئەنـــدامانی پەرلەمانـــەوە کـــە ئـــەم بڕگەیـــە هـــەڵبگیرێ ، واتـــە ئێـــستا دەرفـــەت هەیـــە بـــۆ گـــۆڕینی ڕێـــڕەو ، کـــات و شـــوێنی خۆپیـــشاندان بـــە پێـــی ئـــەم بڕگەیـــە ، بـــەڵام لێـــرە بـــەپێی ئـــەوەی کـــە ڕاپـــۆرتی هاوبەشـــی لیژنـــە پەیوەندیـــدارەکان حازریـــان کـــردووە هەنـــدێك قەیـــدی لەســـەر دانـــراوە ، هەنـــدێك پێـــشنیاریش هەیـــە بـــۆ قەیـــدی دیکـــە ، بۆیـــە ئەمـــە

پاساوی دروست و شیاو له پێناو بەرژەوەندی گشتی وەکو قەیدە لەسەر وەزیر و یەکەی ئیداری ، پێشنیار کراوە کە لابرێت واتە ئەو قەیدانە لابرێت ، نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین کاك دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوەی پێشتر ئیتفاقتان لەسەر کردبوو لەو کۆبوونەوەیە ، بە هەماهەنگی بێتە شوێن ، بێتە ناو پێشتر ئەوە بخەیە دانگدان ، پێموایە کێشەکانی دی خۆی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەبێ ، چونکە ئەوە بە ڕەزامەندی خۆپیشاندەرانە یان بە هەماهەنگییە، بۆیە ئەوە بخە دەنگدان ئەوجا ئەوانی دی ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، نوقتەی نیزامی کاك ابوبکر؟

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە فالا کە پێشنیارەکان دەخوێنێتەوە دەڵێ سێ پێشنیار ، پێموایە ئەبێ بڵێ سێ کەس ، سێ پەرلەمانتار ، چونکە پێشنیار مانای ئەوەیە لە ڕووی جیاوازییەوە ، لە ڕووی جۆرەوە سێ پێشنیار هەیە ، لەبەر ئەوە ئەبێ وای لێبکا بە ڕەئی من ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی وتی بەدیلیان پێشکەش نەکرد ، زیاتر لە سێ پەرلەمانتار پشتیوانی ئەوەی کرد و بەدیلیشی پێشکەش کرد کە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری دەتوانێ شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ ئەگەر ئەو شوێنە لە لایەن گرووپێکی دیکەوە ئاگاداری نامەی بۆ پێشکەش کرابوو ئەمە بە دیلی ئەو پاساوی دروست و شیاو و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتییە کە زۆر بڕوامان پێی هەیە و مەتاتییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو ، من سێ خاڵم پێشنیار كرد وەكو بەدیل هەر سێ خاڵیشم لای خۆم نووسیوە ئەوە یەك ، دووەم وشەی شیاو بە مەعنای (اهلیة) دێ لە پێشانیش ئەو ووشەمان بەكار هێناوە ئەهلییەی یاسایی ، بەس ئەگەر بمینێتیش ئەو وشەیە مەعقول نییە لێرەبێت و بڵێی پاساوی ئەهلیە ، پاساوی شیاو ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەهلیە شیاوییە ، نەك شیاو ، ئەهلیە شیاوییە ، دكتۆرە ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پێشنیارەكان كۆبكەینەوە زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان هینی كردووە ، وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بە پاساوی دروست و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بۆی هەیە كات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە ماوەیەكدا كە لە ، ئەو ٢٤ ووتمان پابەندە بە خاڵەكەی سەرەوە كە لەوێ كراوە بە (٢٤) سەعات لێرانە دەبێ ئەوەشیان ببێ بە ١٢ كاتژمێر لە دەست پێكردنی خۆپیشاندانەكە كەمتر نەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكمان هەیە لەبەر ئەوە پەیوەستی بە دەنگدانمانەوە هەیە ، ئەم هەماهەنگییە ئەگەر نوێنەرانی خۆپیشاندەران ڕازی نەبوون ئایا بەرپرسانی دەسەڵات خۆیان بۆیان هەیە بیگۆڕن یان بۆیان نییە؟ چونكە نەگەیشتوونەتە هەماهەنگی ، لەم ماوە نەگەیشتونەتە هەماهەنگی چی دەكرێت؟ بۆیە ئەگەر ڕەزامەندی بەكاربێت لە دیدی من باشترە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوە بدات لەسەر ئەوە .

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەماهەنگی و بە ڕەزامەندی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران ، هەر دەبێ هەماهەنگی بکرێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، چونکە لێرە بیزات ئەو خاڵە واجبەکە دەخاتە ئەستۆی سوڵتەی تەنفیزییەوە ، واجب لە ئەستۆی وی دایە ، مەبەست لێرانە ئەوەیە شوێنەکە دەگۆڕێ ، کاتەکە دەگۆڕێ دەبێ پاساویش بداتن کە بتوانێ بیانپارێزێت....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی هەماهەنگی و ڕەزامەندی ، باشە ، باشە ، کاك سالار ڕەئی لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی ، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی بەم جۆرەیە کە برگەی سێیەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە ڕەزامەندی نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت بە مەرجێك لە ڕێگای نووسراوێکی ڕەسمییەوە ئاگاداری نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان بکاتەوە ، لەگەڵ دیاریکردنی هۆکارەکەدا ، ماوەکەش لە ٢٤ سەعات کەمتر بێت نەك ١٢ سەعات ، کەمتر لە ٢٤ سەعات ) ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڵێ دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەو قەوانینانەی موتەبەعن دائیمەن سوڵتە موافەقە دەدات ، یەعنی ڕەزامەندی هاوولاّتی نایدا ، بۆیە ئەگەر هەر بمانەوێ بە قوەتی بکەین یەعنی ئەوە هەماهەنگی بالتنسیقە ، بەس ئەگەر بمانەوێ بە یەکەوە بیکەن ، یەعنی بڵێین بە یەکەوە ، بەلاّم موافەقە دائیمەن جیهەتی ئیداری موافەقە دەدات بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر شتێك ، نەك هاوولاّتی بیداتە جیهەتی ئیداری ، بۆیە ئەگەر بە نیازن بەقوەتی بکەن ، ناکرێ بەبێ هاوولاّتی ، بیکەنە بەیەکەوە یەعنی دەیکەن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئاوا بێ (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ، بە ڕێکەوتن لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ بە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕێکەوتن ، بە تەنسیق ، بە هەماهەنگی هەمان مانا دەگەیەنێت ، بە هەماهەنگی بی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بە هەمان شێوەیە بە تەنسیق و تەوافوق بێتن بەهەمان شێوەیە وە بە ڕێکەوتنیش بێتن هەمان شێوەیە ، یەعنی نازانم لێرە جیاوازیەکە لە بەینی ئەو موستەڵحانە چین؟ .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێکەوتن ڕەنگە هین بێت ئیتیفاق بێت ، هەردوولا پێویست دەکا ڕێکەون ئەوەی کە دکتۆر فرسەتیش باسی کرد ، واتە پێکەوە ئەبن لەوەیا ، مامۆستا ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی دکتۆر فرسەت زۆر دەقیق و زۆر بە جێیە ، بەلآم تکایە ئەو دێ ، ئینجا پێشنیارەکەی دکتۆرە ڤالآش ، چونکە ٢٤ سەعاتەکە ئینجا ئەگەر ١٠ دەقە پێش دەست پێکی خۆپیشاندان ئەوەکە بکرێ ، کەواتە بکرێتە ١٢ سەعات ئیشەکەمان حەل دەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕێکیخەنەوە ئەو پێشنیارانە ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران لەماوەیەکدا کەلە ١٢ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ، کاك عادل خرایە دەنگەوە ، ٦٥ کەس لەگەڵ ئەوەیە ، لەگەڵ ئەو برگەی کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە ، کێ لەگەڵی نییە؟ ٦ کەس لەگەڵی نییە ، کەواتە پەسەندکرا ، خاڵی چوارەمیش پێشتر خستوومانەتە دەنگدانەوە کەواتە پەسەندکراوە ، ٣ ماددەی زۆر کەممان ماوە پێموابێ ئەوەندە موناقەشەش هەڵناگرێ ، ڕێککەوتنیشی لەسەر کراوە ، ئەیخوێنینەوە ماددە بە ماددە بۆ ئەوەی وتووێژی لەسەر بکەین ، بەلام تکایە زۆر بە خێرایی وتووێژی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەمرۆ ئەم پرۆژە یاسایە تەواو بکەین ، دوو پرۆژە یاسای دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە پێویست دەکا قسەی لەسەر بکەین ، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی چوارەم هەر لە ماددەی چوارەم لە ئەسڵی یاسایەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ، دەبێتە برگەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی چوارەم لەماددەی چوارەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟ ، بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

بەڵێ لە ئەسڵی یاساکە دەبێتە برگەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ماددەی پێنجەم ، ماددەی پێنجەم تکایە بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادددەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

یەکەم : هەموو هاوولاتیان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و کەسە مەعنەوییەکان کە بەپێی یاسا مۆڵەت دراون ، ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکانی ناو ئەم یاسایە بەمەرجێك خۆپیشاندانەکە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی یان سیستەمی گشتی یان ئادابی گشتی نەبێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی دووەم بەو شێوەیە بیخوێننەوە کە پێشتر خوێندمانەوە .

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

بڕگەی دووەم ئەوەی ئیتفاقی لەسەر کرابوو : دەبێت پۆلیسی چالاکیيە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن کە ڕوودەدات و لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکاریان دەبێت .

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم برگەی یەکەم ، ئێمە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە ئەو دەستەواژەی کە بۆی زیادکراوە بەمەرجێك خۆپیشاندانەکە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی یان سیستەمی گشتی یان ئادابی گشتی دەبێت لابدرێت ، بۆیە ئێستا ئەگەر تەسبیتی ئەوە بکەی کە لابدرێت ئەندامانی بەڕێز ناکەونە ناو ئەو گفتوگۆیە ، چونکە ئیسراریان کردەوە کە ئەمە نەمێنێ .

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە ئیستاوە بزانن ئەو پێشنیارە هەیە کە دوایی برگە بە برگە ئەیخەینە دەنگەوە ، ئەو پێشنیارە هەیە کە ئەوە لابرێ ، کێ قسەیەکی زیاتری هەیە لەسەر ئەوە بیکا؟ ئەگەرنا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە کە (بەرژەوەندی گشتی یان سیستەمی گشتی یان ئادابی گشتی لابرێت) ، تەواو کاك سالار وایە؟ .

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنە رامان وایە لە ئێستاوە هەر عەرزی پەرلەمان نەکرێت ، چونکە لەسەری ڕێککەوتین بۆ ئەوەی موناقەشەش نەکرێ ، ئەگەر نا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ ، بەلآم ئەوە بزانن کە پێشنیار هەیە بۆ لابردنی ، بۆیە ئەگەر قسەیەکتان هەیە لەسەر لابردنی مەیکەن ، کاك ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو قسەیە دەکەم ، یەعنی ئێمە ئیتفاقمان کردووە بۆئەوەی ئیتیفاقەکانیشمان بەرهەمیان هەبێ لابرێ ، تۆ ئێستا بیخە دەنگدانەوە لابرێ یان

نا؟ ، كە لامان برد من پێموایە قسەیەكی وا نامێنێتەوە ، ئەگەر قسە هەبوو بكرێ خۆشترە ......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها سەرنجم ئەوەیە وشەی (داواكاری) كە لە گشت بڕگەكان و بەندەكاندا هاتووە بكرێ بە (ئاگاداری) ، چونكە لە بڕگەی چوار ماددەی چوار لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكارییەكە دەبێ بكرێ بە ئاگادارییەك ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە ، ئەوە لە سیغەیا هەمووی سیاغە ئەكرێتەوە ، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان :**

ماددێ چووی ژ فەقەرە چارێ دەنگدان سەر هاتبێ كرنێ و بە پێی پەیرەوی ناوخۆ ژ هەر تشتەكی دەنگدان سەر هات كرنێ و نابیتن موناقەشە سەر بێتە كرنێ هەمی پەرلەمانتارا موناقەشە لسەر وێ برگەی كر ، بە بیرا كەسێ نەهینا كو دەنگدانێ سەر وێ برگە هاتیە كرنێ پێدڤی ناكاتن رەئیەت خۆ لسەر وێ بدەن ، جا بۆ هەندێ ڤێ ماددە ژێ دەنەكەڤین نەفسیە خەڵەتێ حەسم بی و پێدڤی ناكاتن بێت خاندنێ و موناقەشە بێت سەر كرنێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك ڤارەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم بڕگەی دووەمی ( دەبێت پۆلیسی چالاكیە مەدەنییەكان خۆپیشاندەران بپارێزن لەكاتی پێویست دەزگای پۆلیس) ، دەزگای پۆلیس زۆر خوێندنەوەی بۆ دەكرێ ، پۆلیسی فریاكەوتنمان هەیە لە هەموو خۆپیشاندانەكان بەكار هاتووە ، زێرەڤانیمان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆیە ، پۆلیسی چالاكیە مەدەنییەكانمان هەیە ، پۆلیسی كارەبامان هەیە ، بۆیە دەكرێ من پێشنیارەكەم بكرێتە پۆلیسی مەحەلی ئەگەر زیادیش بكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئێستا ئەگەر هیچ ئیعتڕازێکتان لەسەر ئەوە نەبێ ، ئەو بڕگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەم بەو شێوەیە بخەینە دەنگدانەوە کە دەستەواژەی پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی ، سیستەمی گشتی ، ئادابی گشتی نەمێنێت ئەوە دەخەینە دەنگەوە کەس وتووێژ لەسەر ئەو ماددەیە ، لەسەر ئەو بڕگەیە ناکا؟ کەس وتووێژی لەسەر ناکا؟ ، کەواتە ئەیخەینە دەنگەوە لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

هەموو هاوولآتیان و ئەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و کەسە مەعنەوییەکان کە بە پێی یاسا مۆڵەت دراون ، ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکانی ناو ئەم یاسایە .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٦٩ کەس لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە؟ ٤ کەس لەگەڵی نییە ، کەواتە پەسەندکرا ، بڕگەی دووەم داوا لە سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەکەین کە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات ،لەسەر دەزگای پۆلیس ، فەرموو .

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا مەبەست لە دەزگای پۆلیس ئەو پۆلیسە مەحەلیانەیە کە لە بنکەکانی پۆلیسدا دەوام دەکەن ، ئێمە بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و بەتەحدید لەگەڵ بەڕێوبەری گشتیدا پەیوەندیمان کرد ، پۆلیس تەعریف کراوە بەو پۆلیسانە دێت کەلە بنکەکانی پۆلیس دەوام دەکەن ، مەبەست پۆلیسی مەحەلییە ، نەشمان وتووە دەزگاکانی پۆلیس ، وتوومانە دەزگای پۆلیس...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا هەر لە ناو کەوانەیا پۆلیسی مەحەلی بنووسن هیچ ئیشکالێکی تێدا نامێنێ ، بڕگەی دوووەم لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم : دەبێت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن کە ڕوودەدا ، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکارییان دەبێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو قەوسا پۆلیسی خۆجێیی ، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە جاری وەها ئەبێ پێویست بکا ئاگرێ بکەوێتەوە ، پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە پێویست بە هاوکاری ئەوان بکا ، بۆیە ناکرێ تەنها دەست نیشان بکرێ بۆ هاوکارییان......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح ئەمە بۆ پاراستنیانە ، بۆ پاراستن...

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

ئێ پاراستنیش ئاگرێك دەکەوێتەوە دێنە ئەوێ ئەیپارێزن ، کە بەو یاسایە تۆ قەدەغەتکردووە ئەوان بێنە ناو خۆپیشاندەران قەدەغە ئەکرێ ، بۆیە لەکاتی هاوکارییان ناکرێ بەپێی ئەوە بێ قەدەغە ئەکرێ ئەوان بێن بۆ پاراستنی ئەوان...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەکاتی ئاگر کەوتنەوە پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە دەچێتە ئەو شوێنەی ئاگری لێکەوتۆتەوە ئەوەندە مەوزوعەکە موعەقەد مەکەن ، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر ئەڤ برگە ئێخستی دەنگدانێ ، یەعنی بە پێی چ سەلاحیەتەك ئیزافە نووکە سەر دێتە کرنێ؟ ، نە ئێخستنا دەنگدانێ ، دەنگدان سەر نەکەڤت ، یەعنی بە پێی چ سەلاحیەتەك ئەڤە ، بە پێی ماددە (٥٦) برگا (٢) یەعنی حەسم بی ئیدی ، پێدڤی ناکا پۆلیسی مەحەلی بیتە ناڤ پتر بتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دکتۆرە ڕێواز فەرموو ، باشە مامۆستا هەورامان ئەتبینم ، باشە کاك قارەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر من کە وتم لەگەڵ ئەو فەقەرەی بڵێن پێشوو ماددەی کە ئیزافەی بۆ نەکرێ ، هەردوو برگەی ماددەی چوارەم و برگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم خراوەتە

دەنگـــدان ، مـــن وا تێنەگەیـــشتووم ، مـــن دەنگـــم بـــەوە نـــەداوە ، بـــەڕێزت وتـــت خراواتـــە دەنگدان و تەواو بووە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە خستمانە دەنگەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

ئـــێ ، کەواتـــە مـــن لەگـــەڵ ئـــەوەم کـــۆی موناقەشـــە بکرێتـــەوە ، مـــن وا هەســـت دەکـــەم دەنگـــم بـــەوە نـــەداوە ، بـــەڵام مـــادام بـــوو بـــە بڕیـــاری پەرلـــەمان دەنگـــی لەســـەر دراوە جـــارێکی تـــر نابێ بگەڕێینەوە سەری ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـــەتوانین چارەســـەری ئەمـــە بکـــەین کـــە لـــە تەرجومـــەی عەرەبییەکـــەی ئـــەو کاتـــە دەزگـــای پۆلیسی مەحەلی بنووسن ، با لیژنەی یاسایی جارێکی تر بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالاٌ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم : دەبێـــت پۆلیـــسی چـــالاکییە مەدەنییـــەکان هەرخۆپیـــشاندان و گردبوونەوەیـــەك بپارێزن ، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیسی خۆ جێی هاوکاریان دەبن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك قارەمان؟ .

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جـــەنابتان وتتـــان کـــە خـــرا دەنگـــدان لـــە ڕێگـــای ئـــەم دوو بڕگەیـــەوە چارەســـەر دەکـــرێ ئێمـــە ڕازیبـــووین دەنگمـــان پێـــدا ، نـــە وتـــرا موناقەشـــەی لەســـەر نـــاکرێ وتتـــان لـــە ڕێگـــای ئـــەم دوو بڕگەیەوە چارەسەری دەکەین لە ماددەی ٣ گۆڕانکاری تێدا ناکەین ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امینە فەرموو .

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـــەوە ئـــەم پێگەهـــشتین هـــەردوو مـــاددە پێگڤـــە چـــوونە دەنگـــدانێ خـــەلاس بـــووە ، ئـــەز تێناگەهـــەم ئـــەڤ هـــەمی گومانـــە بـــۆ چـــییە؟ ســـەرا چـــییە و بێخەمـــە چـــییە؟ یـــەعنی گومـــانی بـــۆ چـــییە؟ ئـــەم دســـەر یـــەك و دوو بکـــەین ، ماددەیـــەکا دەنگـــدان ســـەر هاتـــە کـــرن تـــوو

نەشێی وەختێ دەنگدان سەر بێتە کرن بێچەشنی کەلیمەیەك زێدە بکەی یان ژێ ڕاکەی ، مە سەر دەقێ وی دەنگدان کری ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو .

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گومانە لەوە دروست دەبێ لە ڕابردوودا بینیومانە کە لە خۆپیشاندانەکاندا چەندین شەهید و بریندار ڕوویداوە ، بەدەر لە پۆلیسی مەحەلی و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، ئەوانە ڕوویداوە ئەوا گومانەکەمان لەوەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن ، لە کێ بیانپارێزن؟ ، دوو جیهەت هەیە یان پۆلیس و دەزگاکانی حکومەت هەیە یان خۆپیشاندەران هەیە ، خۆ میللەت ناچێ لە خۆپیشاندەران بدات ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامەکە ئەوەیە ئێستا بوویتە وەڵامدانەوەی پەرلەمانتار لەگەڵ یەکدی ، ئێوەش دەستەی سەرۆکایەتی ڕێ دەدەن و ئەو گومانەی باسی لێدەکەن ڕابردوو چوو ئەمرۆ قۆناغێکی نوێیە ، هەموومان لە حکومەت بەشدارین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سراج فەرموو ، باشە مامۆستا هەورامان .

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم کە ئیتفا و ئاگرکوژێنیشس بێتە ناو دەزگای پۆلیس ، لەبەر ئەوەی لەماددەی هەشتەمدا باسی بڵاوە پێکردن ئەکاتن ، هۆکاری بڵاوەپێکردن باسی ئاو

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگـۆکردن برگـەی دووەم دەبێـت پۆلیـسی چـالاکیە مەدەنییـەکان هـەر خۆپیـشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکار یان دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئەوە دەنگمان لەسەر داوە، کۆتایی پێهات، دەچینە سەر ماددەی شەشەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە بەهار هاوکارم دەبێ.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لادەبرێت و کراوەتە ماددەی دووەم برگەی پێنجەم، واتە ئەسڵی یاساکە ماددەی شەشـەممان لابـردووە، بردوومانەتـە مـاددەی دووەم برگـەی پێنجـەم، ئـەویش لـەپێناوی زیـاتر ڕێکخـستنەوە، لـەپێناوی تەسەلسول، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ برگەی پێنجەم لە ماددەی دووەم، ئەوە ماددەی شەشەمی ئەسڵی یاسایەکە لابراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە پێویست بە دەنگدان ناکات لەسەری، لەبەرئەوەی پێشتر ئەمە دەنگی لەسەر دراوە، ئـەو ماددەیـە لـە شوێنێکی تر و برگەیەکی تر هاتووە، پێویست بە دەنگدان لەسەری ناکات، کاك د. شوان نوقتـەی نیزامیـت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچـەند خراوەتـە دەنگدانـەوە، بـەلاّم پێـشتر دەنگـی لەسـەر دراوە، بـەس پۆلیـسی چـالاکی مـەدەنی هەڵدەسـتێت بـە پاراسـتنی خۆپیشاندەران بـە هـەموو شـێوازەکانیەوە، ئـەوەی برگـەی دووەم پێچەوانەی دەنگدانی پێشوومانە، لەو شوێنانەی کە پۆلیسی چالاکی مـەدەنی لـێ نییـە، پۆلیـسی مەحـەلی بـەم کـارە هەڵدەستێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕوونکردنەوەمان دەداتێ، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتە، کۆمەڵێك ئیلزامی نوێ دەخاتە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئیستحداس کردنی بەشی یان بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بەپێی ئەم یاسایە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا لە بودجەی ساڵانە دەبێ بودجەیەکی باش بۆ فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی لیستی چالاکییە مەدەنییەکان دابین بکەین، ئەمە لەگەڵ وەزارەتیش قسە کراوە، لێرە ئەوە دەبێ بە یاسا، کە بوو بە یاسا ئیلزامی حکومەت دەبێ جێبەجێ بن، ئەرکی ئێمەشە چاودێری بکەین، سەبارەت بەم بڕگەیەش ئێمە کە گواستەمانەوە بۆ ماددەی دوو، لە ماددەی دوودا موناقەشەی ئەم بڕگەیە کراوە، بۆیە ئێستا پێویست بە موناقەشە ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی حەوتەم فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، واتە لە ئەسڵی یاساکە ئێمە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەممان هەیە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی کە هەموار دەکرێت بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت، بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە. چوارەم: کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێت جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان و ژمارەی تایبەتی لەسەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەخەینە وتووێژەوە، ئەگەر وتووێژ لەسەری نەبێ دەنگی لەسەر دەدەین، کاك محمود نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، بەدوور بکرێت لە هەر چەکێکی ئاگرین، چونکە هەندێکجار هەیە تەقەی تیدا بەکاردێت، کلاشینکۆفی تێدا بەکاردێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە ڕەئی تێدا دروست دەبێت، ئەوە ڕایە نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

لە ماددەی حەوت ئەو بابەتە چارەسەر کراوە، لە ئەسڵی یاساکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە لە ماددەی هەشت چارەسەر کراوە، بڕگەی دووەم باس لە ئەو هۆکارانە دەکات، کە بەدەست هێزانی پۆلیسە لەوێ موعالەجە کراوە، ئەو وتە لادەبردرێت لەوێ، کێی تر وتووێژی هەیە لەسەر ئەوە با ناوەکانیان بنووسین؟ کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە کە بۆ ماددەی حەوت زیاد دەکرێت، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەساسەن تەعریف کراون، بۆیە کاتی پێویست دەزگای پۆلیس بەشداری دەکات، نازانم بوونی دەزگای پۆلیس لێرە لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە بۆ هاتووەتەوە، هاوتا کراوە لەگەڵ چالاکی مەدەنی، پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان لە لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو ڕایەی کاك سۆرانم هەبوو، چونکە ئێمەش وەکو لیژنەش بەم شێوەیە بوو کە کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێ جل و بەرگی فەرمی بپۆشن، چونکە دەزگای پۆلیس لابراو لە بڕگەکانی پێشوودا ئیشارەتی پێکراوە، لەکوێ نووسراوە لەکاتی پێویست بەکاری دەهێندرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هاتووەتە تەعریف کردن، ئێمە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا دەزگای پۆلیس هەبێ، ئەوا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دایدەڕێژین و بەوشێوەیە دێنینەوە، واتە لێرە ئەوەی کە هەیە بە تەنها نییە، مادام هاتە تەعریف کردن کاتێ کە ئەو ڕاپۆرتەمان نووسی بوو تەعریف نەکرا بوو، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، کە تەعریف کرا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە هەر شوێنێك پۆلیس هەبێت ئەوە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە ئەمەی کە ئێستا بەمشێوەیە هاتووە، ئەسڵەن زەمانەتی زیاتر تێدایە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەبێ باجیان هەبێ و ناویان هەبێ، کە دەزگای پۆلیسیش هاتە ناو پرۆسەکەوە زەمانەتی زیاتری تێدایە، کە ئەویش ناوی بنووسێ، کە ئەویش جل و بەرگی تایبەتی لەبەر دابێت، کە ئەویش

بینـراو بـێ، کـه ئـەویش ناسـراو بـێ، لـه شـوێنی تـر دەنگتـان بـۆ ئـەوە داوە کـه دەزگـای پـۆلیس بێتـه نـاو یاساکەوە، قسەی لەسەر دەکەن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانه بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی حـەوت ناویـان تۆمـار کـردووە، (قـادر ئۆتمـان- فـەمان فیـصل- عباس غزالی- هیڤا حـاجی- کـاك قارەمـان- دکتـۆرە ڕێـواز- ڤیـان عبـاس- صالح فـەقێ- ئومێـد حمـه علـی- د. شێرزاد حەمه امین- ماجد عثمان- شوان شێخ احمد).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایه زۆر به کورتی لەسەر ماددەی حەوتەم، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به ماددەی حەوتـەم بڕگـەی چـوارەم، مـن پێـشنیار دەکـەم وا دابڕێژرێتـەوە، کارمەنـدانی پۆلیـسی چالاکییه مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیـشاندانەکه دەبێـت جـل و بـەرگی فـەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن که ناونیشانی تەواوی لەسەر بێ، ژمارەی تایبەتی لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به مادده حەفتێ، کو ئەسـڵێ ماددەیـدا باسـێ چـەك و تەقەمـەنیا نـازانم چـی، ئەڤـه بـاس لێهاتیـا کرنێ، وەکو پێشنیارێ مه ئیزافەیەك هەین، کو کار ئینان ماددێ سارد یان ژی سپی ئـەو ژی چـەقو بـەردو چشتی رەق، دەبێ بەکارهێنانه وان له حاڵەته ئیعتیادی مەمنوع بێـتن، ئەو ژی بێتـه ئیزافه کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکەی من له ڕوونکردنەوەی دکتۆرە ڤالای بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو بڕگەیە وای لێ بکرێت باشە، نابێت ئەو پۆلیسانەی کە بۆ ریکخستنی خۆپیشاندانەکان ئامادە دەبن جگە لە جلی فەرمی جلێکی تر دەپۆشن، لەبەرئەوەی ئەوەش ئیعادە نەکەینەوە، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس یەعنی جوان نییە، چونکە لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم باس کرایە، دەبێت پۆلیس چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن و لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکارییان بکەن، یەعنی دووبارەی نەکەینەوە لە عیبارەت کردن جوان نایەتن، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم ماددەی حەوتەم هەمووی وەك خۆی بمێنێتەوە، تەنها من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە، باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان ناو نییە، من پێشنیار دەکەم ناوی بۆ زیاد بکرێت، چونکە کە دەڵێت ژمارەی تایبەتی، من پێشنیاری نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆم لەبیرە، کە باسی ژمارەی تایبەتیان کرد، ئەویش هۆکاری تایبەتیەکەی ئەوەیە، ڕێگا بگرین لەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە ڕێگای ژمارەی تایبەتییەوە بکرێ، ئەگەر پۆلیسێك لە پۆلیسەکان کە بەشداری لە پاراستنی خۆپیشاندەران دەکات، توندوتیژی نواندووە، ئەو توندووتیژیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن هەبوو، بۆئەوەی لە ڕێگای ژمارەکەوە دوایی ناوی پشتی ژمارەکە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەر دا نەیەت، بۆیە دەبێت لەوێ ناوی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە پرسی دادگایی کردندا دەکرێت پێویست بە کۆمەڵێك ئالیەتی جیاواز بکات، ئەو ئالیەتانە بکات کە بەدەستییەوە گرتووە، بۆیە کە ناوەکەت گۆڕی کەسێکی تر لەشوێنی دابنێی دەتوانی هیچ بەڵگەیەك لە گۆڕی نەمێنێ بۆ دادگایی کردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر جوانە کە پۆلیس وەکو شەخس بکرێت و دیاربێ، بەلاّم بە پێویستی دەزانم بۆئەوەی خۆپیشاندانەکان شێوەیەکی شارستانی هەبێ، دەمامك لە خۆپیشاندەر و پۆلیسیش قەدەغە بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تێنەگەیـشتووم بۆچـی هـەردوو لیژنـەی كۆمەڵـەی مـەدەنی و مـافی مـرۆڤ داوای ئـەوە دەكـەن، دەزگـای پۆلیس لە بڕگەی چوارەم لاببرێت، كاتێ كە ئێمە هەموو شەڕەكەمان بۆ ئەوەیـە ، كـە ئەوانـەی دێنـە ئـەوێ بناسرێنەوە دواتر، خەڵك كاتێ ئازاری پێ دەگـات بزانـێ بۆچـی ئـازاری پـێ دەگـات؟، جێـی داخـە گومانەكـە ئەوەندەی تر لەسەر دەزگای پـۆلیس هەیـە، ئەوەنـدە لەسـەر كارمەنـدانی پۆلیـسی چالاكییە مەدەنییـەكان نییە، كەواتە بوونی ئەم دەزگای پۆلیـسە لـەناو فەقەرەكـەدا زەمـانی زیـاترە بـۆ خۆپیـشاندەران، ئێمـە نـابێ حەساسیەتمان هەبێ لە كوێ دەزگای پۆلیس هات ئیتر بڵێین لایبە، پێمان وابێ هەمووجارێ لە بەرژەوەندی خۆپیشاندەرانە، بە تەسەوی من لابردنی لێرە لە بەرژەوەندی خۆپیـشاندەران نییـە، بـە عەكسەوە زیانیـان پێ دەگەیەنێ ئەمـە یـەك، یـەكێكی تـر ئێمـە مـادام وتوومانـە لـەكاتی پێویـستدا دەزگـای پـۆلیس دێتـە نـاو پرۆسـەكەوە بـۆ پاراسـتنی خۆپیـشاندەران، كەواتـە ئـەوەش حاڵیـان حـاڵی كارمەنـدانی پۆلیـسی چالاكییە مەدەنییەكانە، دەبێ پابەند بن بە هەمان جل و بەرگ و هەمان ژمارەی تایبەت و ناونیشان لەناو بڕگەكەدا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با هەموو ناوەكان تەواو بێ كاك سالار، هیڤا خان فەرموو

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك ڤەمان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێركۆ.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی پەرلەمانتار كاك عباس غزالی دەكەم، هەروەها ناونیشانی بەڕاسـتی شـتێكی گشتگیرە، ناونیشان، ناویش دەگرێتەوە، شوێنیش دەگرێتەوە، شوێنی كاركردنەكە دەگرێتەوە، واتە ناونیشان بۆ خـۆی نـاوێكی گـشتییە و كۆمـەڵێك وردەكـاری تێدایـە، لـە ئەسـڵی یاسـاكە كـە وتیـان ئـەو بڕگانـە وەكـو خـۆی دەمێنێتەوە، یەكەم و دووەم و سێیەم، لە ئەسڵی یاساكە بڕگەی یەكەم و دووەم و سـێیەم هـەمووی تایبەتـە بە خۆپیشاندەر، خۆپیشاندەر نابێ وابكات، خۆپیشاندەر نابێ ئەوە بكات، یەعنی كۆمەڵێك تەفاسـیل، بـەڵام من پێشنار دەكەم كەواتە لێرە شتێكی زیاد بكرێ، ئەی ئەگەر بەرامبەر خۆپیشاندەر ئـەو شتانە كـرا، ئـەی ئەگەر خۆپیـشاندەر كوژرا، ئـەی ئەگـەر خۆپیـشاندەر گیرا، ئـەی ئەگـەر خۆپیـشاندەر ڕفێنـرا، ئـەی ئەگـەر

خۆپیشاندەر دونیایەك شتی تر، بۆ نموونە ئەگەر ماددەی حەوت هەمووی تایبەتە بەوەی کە ئەوەی لە ئەسڵێ یاساکە دایە، ئەوەی کە وتیان دەمێنێتەوە، ٣ برگە تایبەتە بە خۆپیشاندەر نابێ ئەوە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەیان دەڕواتە ماددەی هەشت کە باسی ئەوە دەکات، چی بەکاردەهێنن، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتریا خۆپیشاندانێ توندوتیژی تێدا پەیدا دەبێتن، رۆژنامەڤان دبێـە قوربـان، ژ بەر هەنـدێ مافی دێتە پێشێلکرن، شکاندنا جەستەیی، دیسا مایك و کامیرا و ژ ئالیەت کاریش دێتە شکاندن، دخوازم ڤێرێ پێشنیار دەکەم یەعنی برگەیەك بێتە زێدەکرن بۆ رۆژنامەڤانا، تێدا بێتە دیاریکرن کو مافی رۆژنامەڤانییـە، کارێ رامالینە رابێتن، دیسا پۆلیسی چالاکییەت مەدەنی ڤێت بپارێزن، بێە دیاریکرن رۆژنامەڤان چەند مەترە ژ خۆپیشاندانێ نزیك بێ، یان ژێ دووربێ، ئو دیسا بلی پاراستنا رۆژنامەڤانا، پاراستنا ئامیری کارین ژ بێتە کرن، دیسا پێشنیارەکە کاك ڤەمان ئەز پشتیڤانیە دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم ماددەیە دەزگای پۆلیس بە زەروری دەزانین، کە لێرە پێناسە بکرێت، لەبەرئەوەی هەتا ئازاد بن و چۆن دێنە ناوپرۆسەکەوە، دوو: لەسەر جل و بەرگەکە من دەمەوێ بە جل و بەرگی خۆیانەوە بێن، نەك جل و بەرگی چالاکییە مەدەنییەکان، واتە تایبەت بە خۆیانی بۆ زیاد بکرێت، جل و بەرگی فەرمی تایبەت بە خۆیان، واتە هەم چالاکییە مەدەنییەکان تایبەت بە خۆیان، هەم دەزگای پۆلیسیش جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان، لەسەر ئەو ژمارەی تایبەتییە، ئەم ژمارەیە ئایا هەر پۆلیسێك ژمارەیەکی دەبێت لەبەری ناوەکەی یان چۆنە ئەوەیان زۆر ڕوون نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی ڤیان خان و کاك ڤەمان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو، بەڵێ کاك عمر ناوت نەبوو، بەڵام فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم پشتگیری لە قسەکانی کاك عباس غزالی بکەم، بەرامبەر نەمانی دەمامك بۆ خۆپیشاندەران و بۆ پۆلیسیش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هەیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد، کە دەزگای پۆلیس کە لەوێ لادەبرێت، مەبەستمان ئەوەیە کە پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان هەڵسێ بە ڕێکخستنی ئەم کارە، لە بڕگەکانی پێشوودا ئیشارەت دراوە بەوەی کە لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکاری پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان دەکات، بۆیە بوونی ئەو وشەیە لێرە یان دەزگای پۆلیس گرینگ نییە، وابزانم لیژنەی یاسایش ئیشارەتیان پێدا، سەبارەت بەوەی کە ئەو پیشنیارانەی کە هەیە ، لەسەر ناوو ناونیشان و ئێمەش پشتگیری ئەوە دەکەین، کە ناویش زیاد بکرێت بۆ پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دەدەم، کە دەڵێن دەزگای پۆلیس هاوتا کراوە لەگەڵ چالاکی مەدەنی بۆ کاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەڵام ئەمە پێشتر لە بڕگەی دوو لە ماددەی پێنج ئەوەمان تەعبیر کردووە، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکاردەبن، واتە دەزگای پۆلیس ئەساس نییە تاوەکو چالاکیی مەدەنی هاوتا بێ بۆ بەشداریکردنی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بۆیە داوامان کرد لیژنەی یاسایی ئەو تەوزیحە بدات بۆ لێرە هاوتا کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەی تایبەت کە لێرەدا بڕگەی چوارەم لە ماددەی حەوتەمدا باسکراوە، دوای گوێ گرتن لەلایەنی پەیوەندیدار، لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوان باسی موعاناتی پۆلیسیشیان بۆ ئێمە کرد وتیان زۆرجار ناوی پۆلیس کە وەکو باجێك پێ هەڵواسراوە دواتر خۆپیشاندان بۆی دەبێتە کێشەی کۆمەڵایەتی، کێشەی

شەخسیش، کاتێك کە رووبەڕووی خۆپیشاندەر دەبێتەوە، بۆیە داوایان دەکرد کە ژمارە هەبێ، بۆئەوەی ئەو ناسینەوە ژمارە دەبێتە هۆکارێك بۆ ناسینەوەی ئەو پۆلیسە، ئەگەر موخالەفەیەکی یاسایی کرد بەرامبەر بە خۆپیشاندەر یان توندوتیژیەکی نواند، دواتریش دەبێـە هۆکارێك بۆ لێپێچینەوەی دەتوانرێ لە ڕێگای ژمارەکەیەوە، هەندێکجار ئەو ژمارەیە دەبێتە هاوکاریش بۆ خۆپیشاندەران، چونکە مەرج نییە هەموو خۆپیشاندەران خوێندەوار بن، جاری وا هەیە لە ڕێگای ژمارەکەیەوە کەسەکە دەناسرێتەوە، بەلام نەخوێندەوارەکە ناوەکەی بۆ ناخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو پێشنیارانەی کە هاتن ، تەنها ٢ پێشنیار زیاتر لە ٣ کەس داوای کردووە، پێشنیاری یەکەم کە زیاتر لە ٣ کەس داوای کردووە، ئەوەیە کە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەمامك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەیخەینە دەنگەوە، جاری ئەسڵی پرۆژەکە دەخەینە دەنگەوە، دوایی ئەو هەموار کردنەی کە لەسەری ئەنجام دەدەین، باشە هەموار کردنەکە دەکەین، ئەوکات ئەگەر پەسەند کرا هەموار کردنەکان دەقی بڕگەکەش دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە بڕگەکەیە پۆشینی دەمامك بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس و خۆپیشاندەران قەدەغە بکرێ، پێشنیارەکە واکراوە، ٦٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە مادام خرایە دەنگدان و دەنگی هێنا سیاغەکەی بخەینە دەنگدانەوە باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە ئاخیردا دەخەینە دەنگەوە، بە هەموو بڕگەکانەوە، پێشنیارەکەی تر چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی تر پێم وایە ئەبێ بڕگەیەکی تازەی بۆ دابنێین لەم بڕگەیە جێی نابێتەوە، دەڵێت بەکارهێنانی مەوادی ساردی وەکو بەرد، دار، ئاسن یان هەر هەرشتێکی تر کە بەکارهێنانی لە حاڵەتی ئیعتیادی دابێت قەدەغەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری کرا، لەلایەن دوو کەسیشەوە پشتگیری کرا، لیژنەی یاسایی ئەوە پەیوەندی بە ماددەی هەشتەوە نییە؟.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش من ئیشارەتم بەوە دا من دەڵێم لێرە جێی نابێتەوە، ئەگەر لە ماددەی دواتر جێی بکەینەوە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە کارمەندانی پۆلیسەوە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە باسی ماددەی حەفتەمدا ئێمە وتوومانە بۆ ماددەی حەوتەم بڕگەی چوارەم زیاد دەکەین، بەلام لە بڕگەی دووەم قەدەغەیە هەر ماددەیەکی تەقەمەنی، ژەهراوی یان سووتێنەر لەکاتی خۆپیشاندان لەلایەن خۆپیشاندەرەکە هەڵبگیرێت یان لەخۆ ببەسترێت، پێم وایە ئەوە جێگای وی دەگرێتەوە، بڕگەی دووەمە لەناو ئەسڵی یاساکەدا وەکو خۆی ماوەتەوەو، لێرە بڕگەی چوارەم تەنها زیاد کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەشی کە پەیوەندی بە هێزەکانی پۆلیس و چالاکییە مەدەنییەکانەوە هەبێ، ئەوە هۆکارەکانی کە بەکاریدەهێنێن بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دیاریکراوە، دەتوانرێت لەوەدا ئەو پێشنیارە جارێکی تر بخرێتە دەنگەوە، کە هۆکارە ساردەکان ئەوەش بەکارنەهێنرێت، وایە لیژنەی یاسایی؟ بیخەینە ماددەی هەشتەوە؟.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە پەیوەندیدار نییە بەوەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سیاغەی بکەنەوە، بڕگەی چوارەم لە ماددەی حەفتەم سیاغە بکرێتەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێمان باشە ئەو پێشنیارەی کە کراوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی دەمامک، لەبەرئەوەی کە قەدەغەکردنی دەمامك تایبەت نییە تەنها بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس، بەڵکو بە خۆپیشاندەرانیش پێمان باشە بڕگەیەکی تر زیاد بکەین بڕگەی پێنجەم، بەمشێوەیە

بخوێندرێتەوە نابێت لەلایەن خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە دەمامک بەکاربهێنـدرێت لەکاتی خۆپیشانداندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری ڤیان خانێ، هەرچەندە من نافێ خۆم نەنووسی بوو بۆ گفتوگۆیێ، بەس پێشنیاری وێ گەلەك لەجێی خۆیەتی، دێ پتر سەنگێ و شمولیەت لە یاسایێ دگەل ئەو برگە ناڤ هەبن، ئەوەی بۆ پاراستنا رۆژنامەوان و ئامێرێت وان، چونکە هەمووجارا رۆژنامەوانێ دەبنە قوربانی، نازانم جەنابێ تە لە صالحیەتە بێتە دەنگدانێ یان نا؟ چونکە دوو کەس پێشنیار کر، ئەگەر ئەزیش پشتەڤانیە وات دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە پێشنیارێکی زۆرباش بوو، بەڵام بەداخەوە تەنها یەك کەس بەس خۆی باسی کرد، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رۆژنامەنووسان یاسای ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی تایبەتە بە خۆیان هەیە، هەموو ئەو شتانەی کە لێرە مافی ڕوماڵ لێ نەسەندن، ڕێگری، ئەوانە هەمووی دیاریکراوە، ئەوەی بەرامبەریان دەکرێت، پێشێلکردنی یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك سۆران باسی کرد، ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بەس بۆ چاپەمەنییە، یەعنی بۆ کەناڵە میدیاکان نییە، بۆیە من حەزدەکەم لێرەوە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە ژمارەی لایەنگرەکانی زۆر بوو، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برگەیەی کە زیاد بکرێت لە قەدەغەدکردنی دەمامك، دەبێت دەزگای پۆلیسیش بگرێتەوە، ئەگەر تەسبیت بێ خاڵی هەشتەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەر داوە کە دەزگای پۆلیس، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و خۆپیشاندەرانیش دەگرێتەوە، دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاراستنی ڕۆژنامەنووسانیش، پشتگیری ئەوەش دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەمان ڕا دەکەم، چونکە ڕۆژنامەنووسان لە خۆپیشاندانەکاندا زۆرجار لە خۆپیشاندەر زیاتر تووشی نارەحەتی دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با نوقتە نیزامییەکانی وەربگرین، کاک ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ٥٨ لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوانەی کە گفتوگۆ دەکەن دەبێ ناوەکانی خۆیان بنووسن، کە سکرتێری پەرلەمان ناوەکانی خوێندەوە، کەچی بەڕێزت هەر مەجال دەدەی، ئەمانەی کە دەیڵێن هەموو ڕایە ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە کاک ابوبکر، ڕاستە پێچەوانەی پەیڕەوە، بەڵام بابەتێکی گرینگە، مادام پەیوەندی بە ماف و ئازادییەکانەوە هەیە، پێشنیارێك هەیە لەناو پەرلەماندا لایەنگری بۆی هەیە، با سیاغە بکرێت و بخرێتە دەنگەوە لەناو پەرلەمان، بەڵێ کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسان بە فیعلی شەریحەو توێژێکی تایبەتن، ئەو برگەیەی کە پەیوەندە بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و خۆپیشاندەران ئەوە تایبەتە، ئەگەر پێشنیارکراوە پێشنیارەکە بەجێیە، بەڵام لە ماددەیەکی جیا، لە ماددەیەکی سەربەخۆ بێ، پێم وایە جێی خۆی دەگرێت، ئەگینا بەڵێلی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە مشورەتی خۆتان بکەن، سیاغەی بکەن لەکوێ جێی دەکەنەوە، بەلام پێش ئەوە برگەی چوارەم بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە زیاد دەکەن برگەی پێنجەمیش بخوێننەوە، ئەوەی کە لە دەمامك زیادمان کرد، کە قەدەغەکردنی دەمامك بۆ هێزی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، دەزگای پۆلیس و خۆپیشاندەران دەکەینە برگەی پێنجەم، بیخوێننەوە بۆئەوەی لەوە تەواو بین، ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە رۆژنامەنووسانیشەوە دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو پێشنیارەی کە پەسەند کرا ماددەی حەوتەم بەمشێوەیەی لێ دێت، برگەی چوارەم و پێنجەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە:

چوارەم: کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێت جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان و ژمارەی تایبەتی لەسەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پێنجەم: قەدەغەیە دەمامك بەکاربهێنرێت و، لەلایەن خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیسیش لەکاتی خۆپیشاندان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەری داوە، تەواو ئەوە دەنگی لەسەر دراوە پێویست بە دەنگدان ناکات، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە رۆژنامەنووسان، بەڵێ پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو برگەیەی کە پەیوەندیدارە بە پاراستنی رۆژنامەنووسان و ئەو ئامێرانەی کە بەکاری دەهێنن، برگەیەکی زیاد لەم ماددەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەکە سیاغە کراوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە با بخوینرێتەوە ە ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم حسین :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی ئەم مادەیە تایبەتە بە روژنامەوانانەوە ئەم برگەیە بۆیە پێمان باش بوو مادەیەکی تایبەتی بو دابنێن، ماددەی هەشتەم بو ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوینرێتەوە. مادەی هەشتەم : پێویستە لە سەر کارمەندەکانی پولیسی چالاکییەکان مەدەنییەکان گیان و سەلامەتی رۆژنامەوانان و ئامیرەکانیان بپارێزن لە کاتی خۆپێشاندانداا دواتر ڕێکخستن بو مادەکانی دواتر ئەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەو مادەیەیە؟ ٧٤ کەس لە گەڵییەتی.

کێ لە گەڵی نییە؟ روژنامەنووسەکان لە گەڵی نین. کەس نییە کە لە گەڵی نەبێت کەواتە پەسەند کرا.

کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەوە مادەیەکی تەئکیدی یە، پێم وایە یەعنی لە ئەصل دا پۆلیس نابێ کامیرا لە خەڵك وەرگرێ، یەعنی پێم وایە نەصەکەمان زیاد کرد زیاتر تەئکیدە، بەس پرسیارە ئەساسیەکەش ئەوەیە ئەی موخالەفەی ئەوە عوقوبەیەی چییە؟ یەعنی بە پێ قانونەکە ئەگەر موخالەفەی کرد چییە؟ چونکە خۆی تۆ هەر فەرزی نییە ئەتۆ نەصێکی تەئکیدی دانایە ئەدێ ئەگەر لێی بسەنن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ. کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبد الله :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەبوایە هەر لەو ماددەیە ئاماژەش هەر بەوەش بکرایە کە رۆژنامەنووس باجی پێ بێ یان دیار بێت کێ رۆژنامەنووسە بۆ ئەوەی خەڵکی تر تێکەڵاوی خۆپێشاندان نەبێت، یەعنی هەندێك شت لە سەر رۆژنامەنووس بە روونی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانرێت بە فەقەرەیەکی تر ئەگەر پێویست بێت لیژنەی یاسایی

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبد الله :**

کە بە گەورەیی بنووسرێت رۆژنامەنووسە، بۆیە جیا بکرێتەوە، چونکە زۆر جار ئەو کاتەی کە دەزگاکانی پولیس هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەنووسان ئەڵێن نەمانزانیوە یان دیار نەبوو یان جیامان نەکردۆتەوە رۆژنامەنووسە بو ئەوەی کە زۆر روون بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. دکتورە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەوترێ ئەبێ ڕۆژنامەنووسانیش باجیان پێ بێ، ئەم یاسایە یاسای ڕێك خستنی خۆپێشاندانە، مەسەلەی ڕۆژنامەنووس چۆن ئەچێتە ناو خۆپێشاندانەکە و باجی پێ بێ یان پێیان نەبێ؟ لە یاسای ڕۆژنامەوانی دا ڕێك ئەخرێت و ڕێکیش خراوە سەبارەت بەوەش ئەگەر ئەمە نەکرا ئیجرائەکە چی ئەبێ؟ ئەوە لە ئەصلی یاساکەدا هەیە لە ماددەی هەشتەم کە لە ئێستا دا ئەبێتە ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم، فەقەری دوو ڕێکاری یاسایی دەرەحەق بە دروست کەرانی ئاژاوە لە کاتی خۆپێشاندانەکان دا ئەگیرێتە بەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی حەمە :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش هاو ڕام لە گەڵ دکتۆرە بەهار و بۆ خاڵی دووەمیش لە یاسای ڕۆژنامەنووسان یاسای ٣٥ هەموو ئەو شتانەی تێیایە ئەو ڕێکارە یاسایانە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کە سەرپێچی بکەن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سوران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

یاسای ژمارەی ٣٥ ساڵی ٢٠٠٧ دیاری کردووە دەست درێژی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان دەست درێژییە بۆ سەر فەرمانبەری دەوڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

جیگە لە ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەتی پۆلیس و خۆپێشاندەران دوو لایەنن کە پێویستی یاساکە شەئنەکانی تەنزیم کا، بەڵام لایەنێکی تری وەکو چاودێر وەکو گویزرانەوەی ڕووداوەکان ڕۆژنامەنووسانن ڕاست تیکرار کراوە و هەندێ ئیزافەش ناکات بەڵام بۆ تایبەتمەندی یاساکە و ئەوەی ڕوو دەدات لە

رابردووه هەبووه پێم وایە ئەو ماددەی کە ئیزافە کرا خەلەلێکی ئەوەتۆی ناگەیەنێ و کارێکی پێویست بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. ئەچینە ماددەی هەشتەم کە ئەبێتە ماددەی نویەم ئێستا تکایە بخوینرێتەوە. لە لایەن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید:**

بەڵێ ماددەی هەشتەمە ئێستا لە ئەصلی یاساکەدا، بەڵام دوواجار بە صیاغەکە دەبێت بە ماددەی نۆیەم، بۆیە دەڵێین ماددەی هەشتەم دووەم خالی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە : ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاو پێکردنی خوپێشاندەران دا بینی وێڕای ئەوەی داوای لێکراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاو پێکردنی خۆپێشاندەران بە کار بێنێن وەك : ئاو ڕشاندن، بە کار هێنانی قەڵغان بۆ خۆپاراستن و هی تر. فەوسەکە دادەخرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. ئێوە خۆتان روون کردنەوەیەکمان لە سەر ئەوەی کە لە سەری ڕێکەوتوون بدەنێ. کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

خودی جەنابی دکتۆرە ڤالآ و هەموو سەرۆك لیژنەکان و لیژنەکان لە سەر ئەوە موقنیع بوون ئەو نەمێنێت و فەوسەکە دابخرێت بۆیە ئەوە لە هی تایپە هاتووە بو ئاگاداری. ئێمە کاتێك کە دانیشتین لە گەڵ بەڕێزان نوینەرانی وەزارەتی ناوخۆ پێیان وتین ئەو مۆرك مەدەنییە، ئەو ئەدەواتەی کە بە کار دێت بەردەوام لە تەتەوردایە ساڵانە و مانگانە ئەدەواتێ دێتن، یەعنی لە ئەورو ئاو ڕشاندنە و بە کار هێنانی قەڵغانە بۆ خۆپاراستن وەکو بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی ئیشارەتی دا، ماددەیەك بۆ پێکەنین بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران بڵاوە پێ بکەنین، یەعنی هۆکاری مۆرك مەدەنی بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران هۆکارێکن بەردەوام لە تۆڕی تەتەوردایە، ئێمە کە لێرە نوقتەمان داناوە و هی ترمان بە کار هێنایە مەبەستمان ئەوەیە کە دەستیان والا بێ ئەو هۆکارانەی کە دێنە پێشێ و سلبین و بە مۆرك مەدەنی هەژمار دەکرێن بتوانن بە کاری بێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لێرە کە هۆکاری مۆرکی مەدەنی ئاماژەی پێکراوە، چەند نموزەجێك دیاری کراوە نەك ئەوە من لە گەڵ ئەوەم هتدەکە لابرێت و قەوسەکەی دابخرێت بەڵام مانای حەصر نییە کە ئیتر مۆرکی تری مەدەنی بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ نوێنەرەکانیان کە هاتن وتیان ئێمە جۆرە موسیقایەکی ئیزعاج کەرمان هێنایە گەر لیێ بدەین هیچ کەس ناتوانێت لەو شوێنە بمێنێتەوە، ئەوە یەکێکە لە هینەکان وەك وتم، یەعنی ئەم هۆکارە مەدەنیانە وازحن تەنانەت گوللەی پلاستیکی ئەوەش بە مۆرکی مەدەنی دانراوە، هۆکارەکان زۆرن تەنانەت باسی بیبەر کرا، ئەوە پەمپی بیبەرە کە لە خەڵك ئەدرێ و زەرەریشی لێ نادا و یەعنی ئەمانە هۆکاری مەدەنین مانای ئەوە نین ئەوەی لێرە هاتووە هتد رێبدات بو ئەوەی بیکەیسی بێنێتە ناو بڵێت هۆکاری مەدەنییە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. بەس با لیژنەی ناوخۆش قسەی خۆیان بکەن، فەرموون.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە کاتی هاتنی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆش دا ئەو موناقەشەیە زۆر کرا بە ڕاستی هەم لە باس کردنی پەمپی بیبەر و ئەو شتانە، ئێمە بەوەدا بەڕاستی تەئیدی ئەوەمان نەکرد تەنها لە سەر ئەوە بووین کە ئاو ڕشاندن و قەلغانەکە بە کار بهێندرێ و ئەوەی کە کاك فەرهادی باسیشی دەکات، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ توانی دابینی بکا ئەو کاتەی ئەتوانین قسەی لە سەر بکەین کە خەڵك بێتە پێکەنین. زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

فەرمووو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە ڕاستی داخستنی قەوسەکە ئەمە دەبێتە حەصر کردنی بە نیسبەت هۆکاری مۆرکی مەدەنی، دانانی مۆرکی مەدەنی ئەوە لە لایەن موشەریعی نێو دەوڵەتییەوە دادەنرێتن، ئێمە ئەوەش لە بیر خۆمان نەبەینەوە، چونکە رێگا و وەسائیلی یاسایی لە بەردەوام تەکنۆلۆجیا لە پێش کەوتندایە ئەگەر ئێمە حەصری بکەن و قەوسێك دابخەین لەوانەیە لە داهاتوو شتی موتەتەورتر بێتن و بگاتە کاری ئەوەی کە سوود لەم وەسائیل و ڕێگانە ئەبینین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامییەکان وەرئەگرین و دوایی گفتگۆکان ئەکەین، پێویستە کە نوقتەی نیزامی بێ کاك عبدالرحمن علی رضا دەستی بەرز کردووەتەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

والله من ئەوە ئەڵێم کە با ئیستیفادە لە کاتی گفتۆگان دەستی پێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد :**

والله من چۆن رەئیەك داڕێژراوە. بۆ پاش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی رەئیەکەت بڵێ. کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

تا رادەیەك نوقتەی نیزامییەی من ئەیڵێم ئەوە هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی پێویست بەوە ناکات تەعریف نەکرێ چییە. تەعریف نەکرێ دەرباز ئەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رەئیە. کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەوەم هەبوو هۆکاری مەدەنی هەمووی دەگرێتەوە، ئەوانی تر لابدرێت تەواو کۆتایی بە هەموو شتەکان دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش رەئیە. کەواتە دەست ئەکەین بە گفتگۆ کێ ناوی خۆی ئەنووسێ؟. تەبعەن دوو پێشنیار هەبوو لە پێشووتر دوو پێشنیار هەبوو بۆ بە کار نەهێنانی چەکی سارد ئەوەی کە کاك فەمان باسی کرد و بە کار نەهێنانی چەکی گەرم کە کاك محمود باسی کرد لە شوێنەکانی پێشوو لە گەڵ کاك د. شێرکو وتمان لە مادەی هەشت جێی ئەکەینەوە لیژنەی یاسایی ئێستا خەریکی سیاغە کردنی ئەوەن، بۆیە دوایی ئەوەش دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان :**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی داوای گفتگۆ دەکەن :

**ئومێد حەمە علی، عزت صابر، فەرهاد سەنگاوی، صالح فقێ، قادر ئۆتمان، گۆران ئازاد، ئاواز جەنگی، فرست صوفی، علی هالۆ، مەردان خدر، شوان شێخ احمد، فەمان فیصل، عباس غزالی، هەورامان گەچێنەیی، شکریە اسماعیل، محمود حاجی، عمر عینایەت، مەروان گەلاڵی، عبد الله محمود، منی خان، مامۆستا غریب، جمال**

مۆرتكه، كاك ئومێد خوشناو، كێ تر. مەدینە خان دەستی هەڵبڕیوە. بەڵێ، علی حەمە صالح، مامۆستا حسن، حاجی كاروان، شێركۆ حەمە امین، بەهار عبدالرحمن، شێركۆ جودت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان. زۆر بە كورتی قسە بكەن لە سەر ماددەی هەشتەم بڕگەی دووەم و ئەو بابەتەش پەیوەندیدارە بە هێزی سارد و گەرم جێ ئەكرێتەوە لە ماددەكە، بۆیە رەنگە پێویست نەكات قسەی لە سەر بكەن. بەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم دووەم ئەگەر پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پۆلیس پاش وەڵام دانەوە، ئەبێ ئەمەی بۆی زیاد بكرێ، پاش وەڵام دانەوەی بەڵگەدای لایەنی پەیوەندیدار بە خۆپێشاندەران زەحمەتییان لە بڵاو كردنی خۆپێشاندەراندا بینی وێڕای ئەوەی داوایان لێكراوە لە سەر ئەوە سوور بوون، بۆیان هەیە هۆكاری مۆرك مەدەنی بۆ بڵاو كردنەوەی خۆپێشاندەرەان بە كار بێنن وەك ئاو ڕشاندن و بە كار هێنانی قەڵغان بۆ خۆ پاراستن لەوێ كەوانەكە دابخرێت، بۆیە ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، چونكە دەڵێ ئەگەر پولیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاوە پێكردن ببینی، یەعنی ئاماژەی بەوە نەكراوە لە پاشی، پاش ئەوەی ئەو ڕێكەوتنە كراوە كە باس كرا لە گەڵ خۆپێشاندەران، بۆیە ئەوە نەصە ئەو گورانكارییە تێیا بكرێ بۆی زیاد بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز د. عزت صابر.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمووی وەكو خۆی بە كار بێنن دوایی ئەوە لابرێت تا كۆتایی، یەعنی هیچ لە وێ نەوترێت، هیچ نموونەیەك نەهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس. بەڕێز د.فرست صوفی.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە قانون دوو حاڵەتمان هەیە، علی سبیل الحصر، علی سبیل المثال هەر كاتەك وەك هەبوو یەعنی میسل مانای وایە (علی سبیل المثال)ە یەعنی ئەگەر ئەو نوقتە، نوقتە هەتا دوایی هەڵیش گرێ هیچ لە مەوزوعەكە ناگۆڕێ لە بەر ئەوە، ئەو وەكە یەعنی ئەتوانی شتی دیكەشی ئیزافەكەی، ئەوە یەك، دووەمیان وەكو ئیزافەیەك لە وانەیە دەرفەت نەبێت قسە بكەینەوە، هەموو هەمواركردنەك لە بەر ئەوە ئیصدار

دەكرێت دوایی لە لایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە پێویستی بە ئەسباب و جێ بە جێ هەیە لە گەڵێ ئیزافە بكرێت، لە كۆتاییەكەی ئەگەر ویستتان نەصەكەم نووسیوە، دەتان دەمێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە. زۆر چاكە. دەست خۆش. بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف •هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

والله من پێشنیار دەكەم كە بە ماددەیەك گازی فرمێسك رێژ قەدەغە بكرێت، پێشنیار دەكەم كە بە كارهێنانی گازی فرمێسك رێژ قەدەغە بكرێت بە ماددەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس. كاك عبد الله فەرموو.

**بەڕێز عبد الله حاجی محمود :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەگەر ناو هێنرا ئاو ڕشاندن و بە كار هێنانی قەڵغان و شتی دیكەش هەیە من دەڤا و دەق لە گەڵ پێشنیاری د.عزتم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شوكریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە یەكێكیان پاڵپشتی بۆچوونی كاك ئومێد دەكەم بە راستی ئەمە زۆر زەرووره دابندرێت، دوایی وەڵام دانەوەیان، چونكە هەر كاتێك پۆلیس ویستی پەرەتیان پێ بكاتن، ئەوە چۆن دەبێت؟ دووەمین شت پاڵپشتی بۆچوونەكەی مامۆستا هەورامان دەكەم گازی فرمێسك رێژ بە راستی زەرەری زۆرە، یەعنی كەسانێك نەخۆشیان هەیە بەشداری ئەم خۆپێشاندانەیان كردووە بە هۆی ئەم گازەوە تووشی زەرەر و زیانی زۆر بووە لە رابردووش ئەمەمان بە چاوی خۆمان بینیوە كەسانێك لە هۆش خۆیان چوونە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز كاك علی هاڵو. لێرە نییە. كاك مەردان خدر.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو رەئیە ئەكەم كە هیچ نموونەیەك نەهێنێ. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد محمد صالح سەنگاوی :**

بەڕێزان. ئەو پەرەگرافە مەسەلەی ڕێزمانی و هێنی زۆر تێیایە لە گەڵ ئەوەش من پێم باشە وا بێ، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتی لە بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بینی، (فاریزە) خۆپێشاندەران هەر بەردەوام بوون. (خاڵ) پۆلیس بۆی هەیە هۆکاری مورکی مەدەنی بە کار بێنێ بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران وەك : بە کارهێنانی قەڵغان چەك نییە، پۆلیس تەنها بۆ خۆی بە کار دێنێ بەردی لێ نەکەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس. کاك شوان شێخ احمد.

**بەڕێز شوان شێخ احمد :**

منیش هەر لە گەڵ ئەوە دامە هۆکاری مۆرکی مەدەنی کیفایەتە ئەوانی تر نموونە نەهێنن. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك محمود حاجی عمر.

**بەڕێز محمود عمر صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من ئەو بڵاوکردنەوەیە هەڵەیە بڵاوە پێ کردنەوە بەو شێوەیە سیاغە بدرێت ئەگەر پولیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پولیس زەحمەتیان لە بڵاوکردنەوەی خۆپێشاندەران بینی وێرای ئەوەی داواشی لێکراوە سوور بوون، بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاو کردنەوەی خۆپێشاندان بە کار بێنن ئیتر رەنگە پێویست نەکا ئەوەش وەکو نموونە دابنێت بۆ جوی لە خۆپاراستن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. خاتوو منی.

**بەڕێز منی نبی نادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە رایم لە گەل دکتۆر عزت و کاك عبد الله دایە و هۆکاری مۆرکی مەدەنی تەحصیل حاصلە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من وا تەصەور ئەکەم پەرەگرافەکە نەختێ نوقصانە، ئەلێ پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی بەرپرسان، یەعنی پشتگیری دەکا لەمە، پشتگیری وەڵامی بەرپرسان یەعنی کە وەڵامی وەرگرتووە ئینجا هەوڵ بدرێت بڵاوی بکاتەوە، بەم شێوەیە بێت پاش وەرگرتنی وەڵامی بەرپرسان پولیسی چالاکیە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاو کردنەوەی وشە نییە بە راستی رستەیەکی زۆر نامەعقولە نەیان توانی بڵاوە بە خۆپێشاندەران بکەن وێڕای ئەوەی داوایان لێکراوە تا ئاخیر تا ئەو شوینەی دکتور عزت وتی، وەك یەعنی پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێت و پێویست بەوە ناکات و پشتگیری لە مامۆستا هەورامانیش دەکەم بۆ نەمانی گازی فرمێسك رێژ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك ڤەمان فیصل.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سليم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا کاك مەردانی و دکتۆر شوانی و دکتۆر عزت صابری دکم بۆ هندێ هەما هەر هۆکاری مۆرکی مەدەنی پێدڤی ب نموونا نینە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکاری مۆرکی مەدەنی بکرێتە هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی، لە بەر ئەوە یەك هۆکار نییە کومەڵێك هۆکارە، یەك ئامیر نییە، کۆمەڵێك ئامیرە، و هەر تەئکید لەوەش ئەکەمەوە کە بە نوقتە نیزامی، گوتم کەوانەکە دابخرێت پێویست بەو کەوانە نەبێ هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی روونن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك عباس غزالی.

**بەڕێز عباس غزالي میرخان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش تەئیدی ئەو برادەرانە دەکەم مۆرکی مەدەنی کافییە، هەڵبگیرێت، تا نەمینێتن. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا مەروان گەڵاڵەیی.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەمن پێم باشە وەهای لێ بکرێتن ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتییان لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەراندا بینی، ئەلێرانە رابوەستی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ وێرای رەزامەندی نوێنەری خۆپێشاندەارن بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپێشاندان ئەوا راست بکرێتەوە وێرای ئەوە داوایان لێ بکرێت لێرە دەست پێ بکاتن بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوە پێکردنەوەی خۆپێشاندەران بە کار بهێنن و ئەو نموونانە هتد لابرێت و کەوانەکە دابخرێت و دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان :**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان تکایە بۆ ئەوەی نیصابی یاسایی تێك نەچێ هولی پەرلەمان بە جێ مەهێڵن بۆ ئەوەی یاساکە تەواو بکەین کۆبونەوەی ئەمڕۆ بە پایان بگەینین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا غریب

**بەڕێز غریب مصطفی حەمەخان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم هەیە یەکەم پشتیوانی دکتور عزت و کاك عبد الله ئەکەم لەوە دا هەتا کۆتایی دەچێ، دووەم پشتیوانی کاك ئومێد و کاك عمر ئەکەم وەڵامی خۆ پێشاندەران بدرێتەوە ئەوجا سیاغە بکرێتەوە، سێیەم پشتیوانی مامۆستا هەورامان و شکریە خان ئەکەم غازی فرمێسك رێژن قەدەغە بکرێت، بە راستی لە گەڵ مامۆستا هەورامان خەرێك بوو سەر سەرمان بکەوێ و شەهید ببێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین/ (حاجی کاروان) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من وترا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك جمال مورتکە.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە) :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

دەڵێ ئەگەر پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان دەزگای پولیسی زەحمەتییان لە بڵاوە پێكردنی خۆپێشاندەران بینی وێرای ئەوەی داوایان لێكرا نەك هەر داوایان لێ بكرێت ئەوان سوور بوون بۆیان هەیە مۆركی مەدەنی بۆ بڵاوە پێكردنی خۆپێشاندەران بە كار بێنین، هۆكارەكانی تریشی لە گەڵ بێت، یەعنی هۆكاری مەدەنی بە كار بێنن ئەوەی كە دەست نیشان ئەكرێ و حوكمی پێش كەوتنی وڵاتانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز كاك قادر ئۆتمان رسول فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە كە لە دەقەكە دا هاتووە مادەم هۆكاری مۆرك مەدەنی بۆ بڵاوە پێكردنی خۆپێشاندان ئەمە تەنها نموونەی پێ هێنراتەوە وەك یەعنی ئەگەر تا كو خۆپێشاندەران بە كار بهێنن ئەگەر تەنها تا ئەوێش بێت و كەوانەكەی داخەی، یا دای نەخەی، یەعنی جێهەتی بە كار هێنەر مافی ئەوەی هەیە هەموو هۆكارەكانی مۆرك مەدەنی بە كار بهێنن یەعنی ئێمە ئەگەر پێمان وابێ ئەبێ دیاری بكەین ئەو هۆكارانەی مۆركی مەدەنییە ئەبێ پولیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پولیس بە كاری بێنێت، ئێمە ئەبێ تەئییدی هۆكارەكە بكەین نەك نموونە بە كار بهێنەوە، ئەوەی لێرە دا هاتووە نموونە هێنانەوەیە، بۆیە ئەگەر كەوانەكە دابخەی یان دای نەخەی نموونەی پێ بێنی یان نا؟ مادەم هۆكاری مۆرك مەدەنی بە كار هاتووە دەستی ئەوا لە هەموو هۆكارەكانی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز كاك ئومێد خوشناو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خوشناو :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەرج نییە هەموو خۆپێشاندانێك كۆتایی پێ بهێنرێ، ئەگەر تێكێستەكە تەماشا دەكەی وا داخیل دەبێ كە وایە ئەگەر پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاوە پێ كردنی خۆپێشاندەراندا بینی، لە دوو حاڵەتدا خۆپێشاندان كۆتایی پێ دێت، یەك شەوی روو دەدات، دووش ئەو رێكەوتنە كە دەكرێت لە نێوان خۆپێشاندەران لە گەڵ دەزگاكانی پۆلیس كە كاتەكەمان تەواو ئێدی چەند كەسێك یان گرووپێك لە خۆپێشاندان جیا بوونەوە و دەیانەوێ بە قەرەی دیكەی دا بەرن، بۆیە دەبێ بە شێوازێك بێتن ئەو دوو هۆكارە دیاری بكرێت، دوو: كۆكم لە گەڵ هەموو ئەو بەڕێزانەی كە باسی ئەوانەیان كرد لە هۆكارەكانی مۆركی مەدەنی، لە دوای ئەوەی پێویست ناكات هیچ شتی دیكە دیاری بكرێتن، لە هەموو یاساكەدا و تایبەت لێرەدا كە لە دوا برگەی ئەو یاسا داینە باسی ئەوەش نەكرایە كە

ئێمە بینیمان لە خۆپێشاندانی رابردوو پۆلیسیش بووینە قوربانی، پولیسیش کچ و کوری ئەو وڵاتەنە، بە تایبەت هەموو پۆلیسیکی ئەو وڵاتە تەصەور دەکەم لە چینی هەژاری ئەو وڵاتەش بن، لە چینە زەحمەت کێش و قۆر بەسەر و ماندوبووی ئەو وڵاتە بن، پۆلیسیش شەهید بوو، پۆلیسیش بریندار بوو، پۆلیسیش هێرشی کرایە سەر، لە وێدا راستە قانونی عقوبات لە سەر ئەو خۆپێشاندەرە تەنفیز دەکرێت، بەڵام ئەوە یاسای خۆپێشاندانە، دەبێ کە خۆپێشاندان رێک دەخرێ عقوبەی خۆپێشاندەریش دیاری بکرێتن کە خۆپیشاندان بە لا رێ دەباتن و پەلەماری دەزگاکانی پۆلیسیش دەدات. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز د. شێرکو حەمە امین.

**بەڕێز د. شێرکو حەمە امین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو دەقانەی کە عمر عینایەت و دکتور عیزت و کاك ئومێد دەکەم، هەر بۆیە زانیاریش بیخوێنمەوە بە خێرایی پاش وەرگرتنەوەی وەڵام، وەڵامی بەر پرسان ئەگەر پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس نەیان توانی بڵاوە بە خۆپێشاندەران بکەن، وێرای ئەوەی داوای لێ کراوە لە سەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بو بلاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بە کار بێنن، وە لە راستیدا هەر لێرە برگەیەکی تری زیاد بکرێ، هەر شتێك ئاگری لێوە دەربچێ نابێ بۆ رووبەرووی خۆپێشاندەران بە کار بهێنرێت. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە چەکی سارد و گەرم موعالجە ئەکرێ، لیژنەی یاسایی سیاغە بکەنەوە. بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادەیە کە باسی بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران ئەکات، بو ئەوەی کە رووبەرووی بڵاوە پێکردن حاڵەتی ئیستیسناء موهیم دەکرێت من پێشنیار ئەکەم ئەم برگەیەشی بۆ زیاد بکرێت هەر وەکو لە پێشنیاری فراکسیۆن و رێکخراوکانی کۆمەڵگە مەدەنیشەوە هاتووە هەر کارێکی ئاژاوە گێری کە لە ناو خۆپێشاندەرەکان روو بدات بەرپرسیاریەکی کەسییە و تەنها ئەنجامدەرەکەی رووبەرووی لێپرسینەوە و رێ و شوێنی یاسایی دەبێتەوە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز مەدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو قەوسە بهێتە گرتن گەلەك باشترە، بەڵام ئەگەر ئەو قەوسە نەهێتە گرتن ئەڤ ئاڤ ڕشاندنە دێ گەلەك مەعنا ژێ هەی ئەو دشێت ڤی حالەتی دا هندەك دەرمان ناڤ ڤێ ئاڤێ دا بڕەشینیتن، ڤێجا ئەگەر ئەو قەوسە بهێتە گرتن دێ گەلەك باشتر بتن. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك گۆران ئازاد.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکەی دکتور عیزت و کاك فرست و زۆربەی هاورێکان دەکەم، بەڵام لە سەر مەسەلەی مۆرکی مەدەنی، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، بەڵام لە سەر ئەوەی کە خۆپێشاندان بڵاوە پێ دەکرێ یا خود وەڵام وەردەگێرێ، ئەمن پێم وایە نابێت قانون بچێتە ناو ئەو وردە کاری وجوزئیاتانە، کەی تەواو دەبێ؟ گرنگ ئەوەیە بگوترێ خۆپێشاندان تەواو بوو ئیتر تەواو بوو، کاتی تەواو بوو، دوایی تەواو بوو، پەیامی تەواو بوو بڵاوە پێ دەکرێ بەم شێوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لە سەر ئەوە کرا ئیجرائاتەکان حالەتی موخالەفەی پۆلیس یا خود هێزەکانی ناوخۆ لە مادەی هەشتدا جێ ئەکرێتەوە، بەڵام ئەمیش دیسانەوە واتە کۆی یاساکە وەرگرین هەمووی بۆ ئیجرائات کردنە لە گەڵ خۆپێشاندەراندا، بۆ نموونە مەسەلەن چۆن لە مادەی حەوت خاڵی یەکەمی یاسا ئەصڵەکە دەقیق ئەڵێت قەدەغەیە چەك لە لایەن بەشدارنی خۆپێشاندان و لە کاتی خۆپێشاندان هەڵ بگیرێ، مەفروزە ئەمە بۆ پۆلیسیش بە کار بێت، چونکە ئێمە ئەڵێین پۆلیسی چالاکی مەدەنی ئەگەر پۆلیسی مەحەلیش بێ هاوکاری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەکەن ئەوانیش چەکیان پێ نییە، ڕاستە لە مادەی پانزەهەمی ئەصڵی یاساکە دا هاتووە ئەڵێ لە حالەتێك دا دەزگای پۆلیس لە سنووری دەستەڵات دەرچوون بۆ بە کارهێنانی هێزی لە ڕا بەدەرچی خۆپێشاندەرەان ئەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیرێ، بەڵام ئەمەش مەتاتییە، لە ڕادە بەدەر چییە؟ مەسەلەن بۆ نموونە خۆپێشاندەران ڕیفێندڕان، خۆپێشاندەران کوژران، هەموو ئیهانەیەکی بکە و هیچ ئیجرائاتێکیش تا ئێستا وەرنەگیراوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم دوو ماددە هەن تەناقوزییان هەیە بە یەکەوە، ئێمە پێشووتر وتمان ئێستا مادەی هەشتەمی ئەصڵی یاساکە ئەڵێ

وەزیری یا سەروكی یەكەی كارگێڕی لە حاڵەتی دەرچوونی خۆپیشاندان لە ئامانجی خۆیان یان كاتی دیاری كراوی خۆی بۆی هەیە پاش راوێژ كردن لە گەڵ لیژنەكە خۆپێشاندان بڵاوە پێ بكا، ئێمە ئەو كاتە راوێژ كردنەكە كرا بە رێكەوتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چوار لیژنە لێرە دانیشتوون، جێگری سەرۆكی لیژنەی یاساییش لێرە دانیشتووە مولاحەزەكانیان دەنووسن. فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسم لەو تەناقوزە كرد، ئێمە كردمان ماددەی هەشتی ئەصڵی یاساكە دەڵێ وەزیر یا سەرۆكی كارگێڕی لە حاڵەتی دەرچوونی خۆپێشاندانەكە لە ئامانجی خۆی، كاتی دیاری كراوی خۆی بۆی هەیە پاش راوێژ كردن لە گەڵ خۆپێشاندانەكە بڵاوە پێ بكاتەوە، پێشووتر كردمان بە ئیتیفاق، بە رێكەوتن، ئێستا لەم مادە لە ئەصڵی یاساكە لە مادەی هەشتەم خاڵی یەكەم ئەڵێ بە ڕاوێژ كردن لەوە كە رێكەوتنە كەواتە ئەمە تەناقوزاتە ئەبێ یەكێكیان چاك بكرێت، هەر چەندە ئەمە لە پرۆژەكەدا پێشنیار نەكراوە، دیسانەوە تەئكید لەوە ئەكەمەوە ئیجرائات بۆ كێیە؟ بۆ ئەو پۆلیسانەی دیاری كراوە چەك بە كار بهێنن، تەقە لە خۆپێشاندان ئەكەن، خۆپێشاندەران ئەفڕێنن، خۆپێشاندەران ئەكوژن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مادەی پانزەهەم.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

مادەی پانزەهەم، بەرێز سەروكی پەرلەمان تەنیا بە یەك وشە ئەڵێ شتی لە ڕادە بەدەرییان كرد لە ڕادە بەدەر چییە؟ یەعنی یەك مادەم پێم بڵێ پۆلیس بۆی نییە تفەنگ بە كار بێنێت، ئێمە چۆن بزانین ئەمە لە ڕادە بەدەرە یان لە ڕادە بە دەر نییە؟ وە دیسان تەئكید لە سەر ئەو خاڵەش ئەكەمەوە ئەم هتد و ئەم وەكە رێك وەكو ماددەی چوارەمی خاڵی دووەم وایە كە ئەڵێت نابێت بە هۆی پەك خستنی خزمەتگوزاری گشتی وەك، ئەمە وەكو نموونەی ئەمەیان هێناوە وتییان چۆن هەر خزمەتگوزاری گشتی هەر پەك خرا ناتوانێ خۆپێشاندان بكات، ئەمەش دیسان نموونەیەكی وەكو ئەو، وە دیسان من پێشنیاری ئەو دوو برادەرانەی ئەكەم هەر چەندە ئەمە لە حاڵەتی دەولی ئەوەیان هەیە، بەڵام ئەو گازی فرمێسك رێژە كە لە رابردوودا بە كار هاتووە، ئەمە نییە لە دونیا بە كار بێت، لێرە خەڵك ڕشاوەتەوە، خەڵك چەند رۆژێك خەریك بوو كوێر ببێت و ئەو دارە كارەباییە كە بە كاری دێنن، لە خەڵك دەن باوەڕ بكەن بە قەدەر كوشتن ناخۆشە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. با موداخەلەکان تەواو بێت ئەو کاتە. با ئهێنی یەکان تەواو بێ، ناوەکان بخوێننەوە، بۆچوونی پەرلەمانتاران هەمووی بگا. خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو دەقە وەك خۆی بمێنێتەوە، و هۆکاری مۆرکی مەدەنی بێ، بەڵام ئەو قەوسە لابدرێ، یەعنی تەحدید نەکرێ چی بە کار دێ، چونکە مۆرکی مەدەنی مەعلومە لای هەمووان مۆرکی مەدەنی چییە ئەو شتانەی بە کار دێ، و هاو ڕام لە گەڵ برای بەڕێزم کاك عمر عینایەت کە بڵاوە کردنەوە بگودرێت بە بڵاو پێکردن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا حسن.

**بەڕێز حسن صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەیان کران، تەنها یەك شت ماوە کە پشتیوانی لە عمری حاجی عینایەت و دکتور شێرکۆ و کاك علی بکەم، و یەك شتیش دەمەوێ روون بکەمەوە، پێم ناکرێ لە ناو هوڵی پەرلەمان خۆپێشاندەر تاوانبار بکرێت بە هۆی ئەوەی پۆلیسی کوشتووە بە راستی، ئەمە پۆلیس لە لایەن خوپێشاندەرە نەکوژراوە، هەموومان دەزانین پۆلیس چ رۆڵێکی هەیە لە پاراستنی سەروەت و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان لە کوردستاندا، و چەند خەڵکی کوردستان دەیەوێ رێز لە پۆلیس بگرێ، ئەمە پۆلیس بوو، ئەمە ئەو هێزانە نەبوو لە دەرەوی پۆلیس دەهێندران، گۆمان لەو خەڵکە هەبوو کە دەمامکدار بۆ دەهات، خەڵکی دەکوشت، بۆیە ناکرێ خۆپێشاندەر ناو هۆڵی پەرلەماندا تۆمەتبار بکرێ کە پۆلیسی کوشتووە، ئەمە ناکرێ بە سەر ئێمە دا تێپەڕێ کە خۆپێشاندەر پۆلیس دەکوژێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رای هەندێك ئەندام پەرلەمانە، جا ئەگەر رای تریش بێت؟

**بەڕێز حسن صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەمەش رای خۆمە، بەڵێ قسەکانی دیکەم کراوە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خوشناو :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامییە، مەجالت دا تا ئاخر نوقتە قسەکانی خۆی کرد ئەوجا من گوتم ناکرێ، وەڵامەکە، وەڵامی من بوو ئێستاش دەڵێمەوە لە خۆپێشاندانەکان، ئەمن وام گوتم لە خۆپێشاندانەکان پۆلیس شەهید بووە، ئەوجا خۆپێشاندەرە، کەسی تێکدەرە، گرووپێکی دیاری کراوە، کێ کراوە، پۆلیسیش گوتم هاووڵاتی ئەو وڵاتەیە، دوژمنداریمان لە گەڵ پۆلیس دا نییە، بۆیە وەڵامەکە ڕێگا دەداتە ئاخیری وەڵامەکە، حەقی پەرلەمانتار نییە جوابی یەکتر بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە هیچ شێوەیەك نابێت پەرلەمانتار وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوە، بەڵام ئێمە مەشغول بووین لە گەڵ لیژنەی یاسایی بۆ سیاغە کردنی ئەم بابەتە، لە دواییە ئەو بابەتە باس کرا.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئاخر ناشکرێ دەست ئەوا رابوەشێنێ بڵێ تێکدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دکتور شێرکو، تکایە با نەبێت بە وەڵام، وەڵام دانەوە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، پێویست ناکات.

فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە دەرئەنجامی قسەی هاوڕێیانی پەرلەمانتارم، روئیایەك بۆم روون بوو ئەویش ئەوەیە کە هەندێك مەترسییان هەیە لەو با بڵێن لەو شتانەی کە بە کار ئەهێنن، بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران، بۆیە بڕوامان وایە کە ئەبێ حەسر کرێ ئەو شتانەی کە بە کار دەهێنن، بۆیە ئەڵێم ئەو نوقتەیە لابدرێت هتد، ئیتر پێم وایە ئەم حاڵەتە موعالجە ئەبێ، بەڵام بە تەسەوری من ئەوانەی کە قەناعەتییان وایە یان ئیش کردنەیان بەو ئاراستەیە کە حەسر بکرێن بو ئاو ڕشاندن و بە کار هێنانی قەڵغان بۆ خۆپاراستن، من دڵنیایان دەکەم لە رووی یاساییەوە وەکو مەبدەء داخستنی کەوانەکە و هێنانەوەی ئەو دووانە بە میسال بە تەحدیدی حەسری هەژمار ناکرێ و وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا پەیوندیدارەکانی بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران ئەتوانن ئەم ماددەیە بە کار بهێنن بۆ زیاد کردنی دەیان شێوازی تر، چونکە تەحدید حەسری نییە ئەوەندەی کە من لە قانون تێگەیشتبم، تەحدیدی حەسری ئەوەیە ئەبێ بڵێ بۆ نموونە، خۆم بڕوام بەوە نییە، بۆیان هەیە ئامێرەکانی ئاو ڕشاندن و قەلغان بۆ خۆپاراستن بە کار بهێنن، ئەوە بە تەحدیدی حەسری هەژمار ئەکرێ، بەڵام بە کار هێنانی وشەی وەکو دروست کردنی کەوانەیەك ئەو

کەوانەیە دایەخەی، داینەخەی، نوقتەی هەبێ، هتد هەبێ و نەبێ، دەلالەتەکە ئەوەیە کە ئەمە هێنانـەوەی میساله و ئەکرێ شتی تری لەوە بە کار بێنێ، ئەوە مولاحەزەی یەکەمە.

مولاحەزەی دووەمم ئێمە لە کاتی قسە لـە تەحدیـد کـردن مـاوە دیـاری کـرا، زۆر لـە پەرلـەمانتاران باسـی ئەوەیان کرد کـە ئەگـەر پـەیامی خۆپێـشاندەران نەگەیـشت چی بکرێ؟ ئێمـە ئێـستا باسـی بڵاوە پێکردنـی خۆپێشاندەران ئەکەین لەوە من بڕوام وایە ئەمە پشتیوانی کردنیشە لە پێشنیارەکەی کاك عمـر عینایـەت ئاوای لێبکرێ، دوای گەیشتنی پـەیامی خۆپێـشاندەران بـە لایـەنی پەیوەنـدی دار، ئەگـەر پۆلیـسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتییان لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بینی، تەواو بکرێ، و لـە گـەڵ ئەو وشەی وەکو، شتانە، هیچی نیم، هەتا بە کار بهێنن لە گەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا و پشتیوانی لەقسەکانی کاك علی حەمە صالح و بـەهار خـان و مامۆسـتا هـەورامان دەکـەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە هەموارکردنـەوەی ئـەو بڕگەیـەدا قـسە لەسـەر (وەك) کـرا و ئـەو وەسـائیلانەی کـە لـەناو قەوسـەکە بـەکارهاتووە، وابـزانم پێویـست ناکـات ڕوونکردنـەوە بـدەین، لـەڕووی یاسـاییەوە د.فرسـت و د.ڕێـواز ڕوونکردنـەوەیان دا کـە ئـەوە عـەلا سـەبیلی میـساله، (وەك) دابنێیـی، قـەوس دابنێـی، ئامرازەکـە هـەمووی بژمێری، ئامرازەکان جێ بهێڵی و هیـچی نـەژمێری، کـە گوتـت هۆکارەکـانی مـۆرکی مـەدەنی تـەنها هۆکـاری مۆرکی مـەدەنی دەگرێتـەوە و هیـچ کێـشەیەکمان نـابێ هـەتا دەتـوانین لـە هۆکارەکـانی مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن، لـەوێ نوقتـەی دادەنـێین، (وەك) هەڵـدەگیرێ لەگـەڵ ئەوانـەی کـە لـەناو قـەوس دا هـاتووە، هیـچ کێـشەیەکمان لـەوەدا نییـە ئـەو سـێ پێـشنیارە زیـاتر لـەو پێـشنیارەی کـەکرا لەلایـەن بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە، پێـشنیارێکی دیکـە هـەبوو کـە چـەکی سـارد وگـەرمیش بەکارنەهێندرێ لەلایەن پۆلیس، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمانوایـە ئەگـەر بـەو جـۆرە بکـەین کـە بڵـێین ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بلاوەپێکردنی خۆپیـشاندەران بینـی و وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە تەنها هۆکاری مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنـی خۆپیـشاندەران بـەکاربێنن، کـە دەڵـێ تـەنها هۆکـاری مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنـی

خۆپیشاندەران بەکاربێنن، مەفهومی موخالیف ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە چەکی سارد یاخود چەکی گەرم بەکاربهێنن، ئەگەر ناوهێنانی چەکی سارد و گەرمیش بەزەرور دەزانن ئەوە نەسەکە تەقریبەن دەبێ نەسێکی تەفسیری، من پێم باشە کە ئەو وشەی (تەنها)م بەکارهێنا، تەنها هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن مەفهومی موخالیف ئەوەیە کە بۆت نییە پۆلیس نە چەکی سارد و نە چەکی گەرم بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن، ڕای کۆتاییش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاکان دەخەینە دەنگەوە، یەك بە یەك بخوێندرێتەوە، لیژنەکانی تر ڕوونکردنەوەتان هەیە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەکەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە ئێمە لەگەڵین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی مافی مرۆڤ؟ لیژنەی ناوخۆ؟ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا کە وەك هاتووە ئاو ڕشاندن و بەکارهێنانی قەڵغان دیارە وا تێ گەیشتوون بەوەی کە تەنها ئەو دووانە بەکاردەهێندرێ، بەڵام ئەگەر ئێستا بڵێین تەنها هۆکاری مۆرك مەدەنی بەکاربهێندرێ، هۆکاری مۆرك مەدەنی ئەویش کۆمەڵێك شتە، وەکو ئەوانەی کە باسمان کرد، یەعنی هەموویان غازی فرمێسك ڕژێن هۆکاری مەدەنییە، بەکارهێنانی بیبەر و ئەو مۆسیقا دەنگ ناخۆش و هەموو ئەو شتانە هۆکاری مۆرکی مەدەنییە، بەڕاستی ئەگەر بەو شێوازە بڕوات هەموو ئەوانەی کە ئێمە لە موناقەشەکەدا لەبەرامبەری دا وەستاینەوە دیسانەوە بەکاردەهێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی ئێمە کردمان تەبعەن پەیوەندی بە تێگەیشتنەکەوە ئەوەی کە (هیتر)ەکە لابرێ و کەوانەکە داخرێ، پێم باشە ئەوە وەك ئەو پێشنیارە بکرێ کە دیاری بکرێن، ئەو هۆکارانەی کە بەکاردەهێندرێن لەلایەن پۆلیسەوە، بزەبت دیاری بکرێن کە چ هۆکارێکە، یەعنی ئەو پێشنیارە بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

شکریە خان پێویست دەکات نوقتە نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام نابێ ئەوەی ئێمەشتان لەبیر بچێ کە زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەگەر ئەوەی د.ڤالا پەسەند بکرێ، دەبێ ئەوەی ئیستسنا بکرێ، جگە لە غازی فرمێسك ڕێژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غازی فرمێسك ڕێژ هۆکارێکی مۆرکی مەدەنی مەحزور نییە لەسەر مستەوای دەولی و داخلی، ئێمە ناتوانین لێرە قەدەغەی بکەین، چونکە لەلایەن هەموو وڵاتانەوە، ولاتی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتووش ئەو وەسیلە و ئەو هۆکارە بەکاردێت، کە وەسیلەکە مەحزور نەبوو لەسەر مستەوای دەولی وداخلی بە چ یاسایەك ئێمە لێرە قەدەغەی بکەین، دواجار قەدەغە کردنی مۆرکی مەدەنی و نە ڕێگای پێ دەدەین وەکو هین ئەمەش قەدەغەی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا هەورامان بەڵام دەبێ نوقتەی نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەقریبەن ٦ ئەندام پەرلەمان داوامان کرد کە گازی فرمێسك ڕێژ قەدەغە بکرێ، ئەوە گازی فرمێسك ڕێژیش نییە ئەوە کیمیاییە کە دەکرێ بەسەر خەڵکدا، چونکە ئێمە بەچاوی خۆمان بینیومانە، تووشی ڕشانەوە دەبێ، تووشی چاو کوێری دەبێ، تووشی بێ هێزی دەبی...... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو، پێویست ناکات مامۆستا هەورامان، باست کرد، دەیخەینە دەنگدانەوە، داوایان کردووە کە گازی فرمێسك ڕێژ بەکارنەهێندرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە گازی فرمێسك ڕێژ بەکارنەهێندرێ؟؟ ٢٩ کەس لەگەڵیەتی، باشە، کێ لەگەڵی نییە؟٣٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، ئێستا ئەو دەقە بخوێننەوە د.ڤالا کە داتان ڕشتووە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم: دووەم/ خاڵی یەکەم هەموار دەکرێتەوە و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لەبڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دا بینی، وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون بۆیان هەیە تەنها هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە پێنج، شەش کەس داوامان کرد یەعنی وشەی (زەحمەت) لابەن، نەیانتوانی، جوان نییە، نەیانتوانی بڵاوە پێ بکەن، نە سیاغەیەکی ئەدەبیە و نە نووسینی کوردیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دوای سیاغە دەتوانین دەستکاری بکەین، لیژنەی یاسایی دوایی لە سیاغە پرس و ڕاوێژتان پێ دەکەن کاك عمر، کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە کە ئێستا خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە؟ تکایە دەست بەرزبکەنەوە؟ ٥٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، بەڵێ د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە سێ کەس وتمان، نازانم سیاغەکە چۆنە، یەعنی دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندەران ئینجا حەقی بڵاوەپێکردنیان دەدەین، بیرمە، من وام گوت کاك ئومێد وای وت، کاك عمر عینایەتیش وای گوت، یەعنی ئەوە بخرێتە پێشی نەسەکەوە دوای گەیستنی پەیامی خۆپیشاندەران لەلایەنی پەیوەندار، بەڵکو دوو سەعات بۆ کۆبوونەوە دیاری کرابوو، دوو سەعاتەکە تەواو کەس نەهات پەیامەکەیان لێ وەربگرێ، ئێ حکومەت بۆی هەیە بڵاوەیان پێ بکات بێ ئەوەی هیچ کەسێك پەیامەکەی بدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، با ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەنداره بە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران لە ماددەی ٥ برگەی ٣ دا پێویستە بە زووترین کات چارەسەری گونجاو و داواکاریەکەیان دابنێ ولەگەڵ لایەنی پەیوەندار گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن، دوای

هەندێ داواکاری هەیە یەعنی وەڵامدانەوەی هەندێ داواکاری تەقیید ناکرێ، نازانم مەبەستی چییە دکتۆرە ئەگەر تەوزیحی بکات لە بۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ تەوزیحی بکە، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم وەڵامدانەوە نییە و لەگەڵ ئەوەش نیم وەڵامدانەوە ببەسترێتەوە بە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، چونکە جاری واهەیە بۆ نموونە لە ناحیەیەك خۆپیشاندان دەکرێ، ئەو داواکاریانەی کە خۆپیشاندەران هەیانە ئەسڵەن لە دەسەڵاتی پارێزگایە، کەواتە ناکرێ بیبەستینەوە بەیەکەوە، بەڵام گەیشتنی پەیامەکەیان ئەبێ ببەسترێ بە بڵاوەپێکردنیان، نموونەشم هێنایەوە، مەجموعەیەك خوێندکار، چەند خوێندکارێك دێنە بەردەمی وەزارەتێك، دێنە بەردەمی بەڕێوبەرایەتیەکی پەروەردە، دوو سەعات مۆڵەتیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندانەکەیان تەواو بکەن، لەو دوو سەعاتەدا بەڕێوەبەری پەروەردە نایەت پەیامەکەیان لێ وەرگرێ، ئەوەی جەنابت باست کرد، باس کردنە لە موعالەجە کردن وبەدواداچوونی داواکاریەکەیان، باشە ئەگەر داواکاریەکە نەگەیشت بوو؟ یەعنی مەبەستەکەی من دەقەکە ئاوایە، دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندەران بەلایەنی پەیوەندیدار، پەیامەکە بگات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەستنەوەی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندان بە گەیاندنی پەیام، ئەوە شتێکی مەتاتیە، من دەچمە بەردەمی بەڕێوبەرایەتییەك موەزەفێك لێم وەردەگرێ و دەڵێ پەیامەکە گەیشت، بڕۆ، من دەڵێم نەخێر نەگەیشتووە، ئەو کاتە دەست دەکاتەوە پۆلیس زۆرینەی خۆپیشاندانەکان بەم بەهانەیە بڵاوە پێ بکات، بۆیە بەلارێ داچوونی خۆپیشاندان وا دەکات هێزەکانی پۆلیس و چالاکی مەدەنی کۆتایی پێ بێنن و ڕێی لێ بگرن، نەك گەیاندن و نەگەیاندن، گەیشتن و نەگەیشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنە هاوبەشەکاندا دەستەواژەیەکی ترمان بەکارهێنا، پاش بە دەنگەوە هاتنی لایەنی پەیوەندیدار، بەدەمەوە هاتنی لایەنی پەیوەندیدار، پێموایە هەمووومان لەسەریشی ڕێك کەوتووین لەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی من یەك لەوانە بووم کە پێشنیاری ئەوەم کرد، بەڵام من بەم شێوەیە وتم، پاش وەڵامدانەوەی بەڵگەدار بە داواکاری خۆپیشاندەران، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە مەرج نیە داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکات، بەڵام پێویستە وەڵامێکی ئیقناع کەریان بدەنێ، وەکو د.ڕێواز وتی، لەبری گەیشتن، من گەیشتن ناڵێم وەڵامدانەوە دەڵێم، ڕەنگە بەشێکی داواکاریەکان دەتوانێ ئەو جێ بەجێیان بکات، بەشێکی یەعنی بۆیان بسەلێنێ بەشێوەی بەڵگە هێنانەوە کە ئەمە لە توانای دەسەڵاتی ئەودا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

پێشتر ڕوونت کردەوە، ئێستا خۆتان کۆك نین، ئێوە کە پێشنیاری دەکەن، کۆك نین لەسەر ئەوەی کە دەتانەوێ چی بکەن، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەڵامدانەوە، وەڵامی خۆپیشاندانێك بۆ خۆپیشاندانێکی تر جیاوازی هەیە، بۆیە ئێمە ئەوە ناتوانین لێرە لە یاسایەك جێی بکەینەوە، بەڵام سەبارەت بەو پێشنیارەی د.ڕێواز کە پاش گەیشتنی پەیامەکەیان، ئەوە پێشنیارێکی بەجێیە دەتوانین لێرە جێی بکەینەوە، بەس وەڵامدانەوە هەندێ جار وەڵامدانەوە، وەڵام هەر نادرێتەوە، بۆیە لێرە جێی ناکرێتەوە، وەڵامدانەوەش لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، جاری وایە وەڵامەکە ئیجابی نییە، بەس گەیشتنی پەیامەکە دەتوانرێ جێی بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقەکەمان بۆ بخوێننەوە پاش ئەوەی ئەو پێشگرەی خستە تەنیشت دەقەکەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەو پێشنیارەی تۆ چییە د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیەی لێ بێت دەقەکە:

دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندان بەلایەنی پەیوەندیدار، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و .. الخ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێشگرە بۆ دەقی برگەی ٢ لە ماددەی ٨ زیاد بکرێ، ٤٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، جارێکی تر بیخوێننەوە، چونکە دەنگدانی لەسەر کراوە پێویست ناکات دەنگی لەسەر بدەینەوە، بەس تەنها خوێندنەوەی، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندان، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەراندا بینی، وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە تەنها هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی بۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەلایەنی پەیوەندیدار، باشە ئەحکامی خیتامی، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێزد.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی کەماون پەیوەندیدارن بە ئەحکامی خیتامی کە تەحسیلێ حاسڵە و دەبێ لە هەموارکردنەوەی هەموو یاسایەکدا هەبێ.

ماددەی ٩: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٠: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١١: ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ لەگەڵیەتی؟ ٥٩ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك سالار هاوكاریمان دەكات لە خوێندنەوەی هۆكارەكانی دەرچوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هۆكارەكانی پێویست لە ئەسڵی یاسایەكەدا نەختێك دوورودرێژە و هەندێ دەستەواژەش تیكرار بووەتەوە كە لە جێی خۆی دانیین، بۆیە دوو تەرح هاتووە، یەكێكیان دەخوێنمەوە ئەوەی تریش دەخوێنمەوە.

**هۆكاری پێویست**

لەبەرئەوەی خۆپیشاندان مافێكی دەستووریە و بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانی دیموكراسی و بەرەو كۆمەڵگای مەدەنی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ و پیادەكردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەكانی تایبەت بە ماف و ئازادیەكان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

كاك د.فرست ئەمەی ناردووە:

لەپێناو زیاتر مسۆگەركردنی گوزارشت كردنی هاووڵاتیان لە ڕای خۆیان و پیشاندانی خواستی ڕەوایان بە شێوەیەكی ئاشتیانە و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەكان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كامیان پێشتر بخەینەوە دەنگەوە؟ كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك فرست دوورتر ناردوویەتی ئەوە دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

بیخوێنەوە جارێكی تر كاك سالار، باشە تا تێكەڵكێشی ئەوە دەكەن ئەو دوو پێشنیارەی كە بۆیان هاتووە، بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ژمارەیەكی زۆر پرسیارتان كەوتووەتە دەست ئێمە، بیخوێنینەوە، بەڵام ئەمڕۆ وادیارە دەرفەت نەبوو بیخوێنینەوە، لە دانیشتنەكانی داهاتوو پرسیارەكانی ئێوەش دەخوێنینەوە كە بۆ وەزارەتە پەیوەندارەكان ڕۆیشتوون، دوای ئەوە تەنها یەك

بڕگەمان ماوە کە ئەویش بابەتێکە کاك عمر حاجی عینایەت دەیەوێ بیخاتەڕوو لە پەرلەمانی کوردستان، کاك سالار بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکاری پێویست**

لەبەرئەوەی خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە و لە پێناو مسۆگەرکردنی گوزارشتی هاووڵاتیان ڕای خۆیان بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و پیادە کردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ٦٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین، بەهۆی پەسەند کردنی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠، کەواتە ٢ کەس لەگەڵی نەبووە، بەڵێ بەڕێز کاك عمر بابەتەکەت بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆش نەبوو بەڕاستی بەهۆی ئەم بابەتەوە تاخیر بن، من ویستم سەرەتا لە دەست پێکردنی دانیشتنەکەوە باسی بکەم، بەڵام بەداخەوە بوومە باعیسی ئەوەی کە ئێوە دواکەوتن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێی بڕگەی ٤ بەشی دووەم لە ماددەی ٥٤ هەموو ئەندامێك بۆی هەیە ئەگەر بیرۆکەیەك پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێ پەیوەندی بەدەسەڵاتی جێ بەجێکارەوە هەبێ بیخاتەڕوو، من بەیانی بە پێی ئەو ماددەیە بابەتەکەم باس کردو بەڕێزیشت ڕەزامەندیتدا، خرایە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش بابەتەکەیە، لە ئەنجامی ئەو بەدواداچوونەی کردوومە لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی ١٨٠ هەزار تەن گەنم لە سایلۆکانی سلێمانی وەرگیراوە لە جوتیاران ئەو گەنمە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەرین و گەرمیانیشەوە، بەشێوەیەکی زۆر نازانستی عەمبار کراوە، لەبەر ڕەحمەتی باو باران و ئاژەڵ و پەلەوەردایە، چاوەڕێی فەرمانی حکومەتی ناوەندین بۆ وەرگرتنی لەم سنوورە، تەنانەت یەك سایلۆ نییە بۆ هەڵگرتنی گەنم، یەك سایلۆ هەیە لە سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ڕووسی دروست کرا، بەڵام تەواو نەبووە، نیازی تێکدانی ئەم سایلۆیەیان هەیە بۆ ئەوەی سایلۆی دیکە لە پیرەمەگروون دروست بکەن، کڕیاری گەنمی کوردستان تەنها حکومەتی ناوەندە بە نرخی تەن لە نێوان ٥٧٢ هەزار بۆ ٧٩٠ هەزار دینار، لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەگەرهەیە بەهۆی یەکێك لەم هۆیانەوە حکومەتی ناوەند گەنمەکە نەکڕێ، یەکەم/ ئاڵۆزی زیاتر نێوان ناوەند و هەرێم بەهۆی ڕاپرسی یان گشت پرسی، دووەم/ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنووری نێوان هەرێم و ناوەند لەلایەن داعش و گروپە

چەکدارەکانەوە کە تەنها ١٥ کم ی ماوە، سێیەم/ قورس کردنی سزاکان لەسەر هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، وەك چۆن مووچەی بڕی دەتوانێ گەنمەکەش نەکڕێ، پرس ئەمەیە، ئایا حکومەتی هەرێم توانای کڕینی گەنمی هەرێمی هەیە، کە پێویستی بە نیزکەی ٦٠٠ ملیار دینارە؟، ئەگەر حکومەتی هەرێم توانی گەنمەکە بکڕێ لەکوێ عەمباری دەکات؟ ئەگەر نەیتوانی بیکڕێ ئەلتەرناتیف بۆ فرۆشتنەکەی کێیە؟ ئەگەر گەنمەکە نەفرۆشرا و وەرزی باران هاتو، گەنمەکە تووشی زیان دەبێ، حکومەتی هەرێم پلانی خێرای چییە بۆ عەمبار کردنی گەنمەکە؟، تەبعەن لە ساڵی پار ٢٠٠ تەن گەنم بەهۆی بارانەوە خەسار بوو، ئێستا یەکێك لە سایلۆکان بەو کۆنتەینانە دروست کراوە لە ناحیەی سیروان کە کارگەیەکی دۆشاوی تەماتە و شەربەتی میوە یەعنی کۆنترەکان بەکارهێنراوە بۆ دروست کردنی عەمبار بۆی لەبری سایلۆ، لە ساڵی ١٩٩٩ لە ناحیەی سیروان فڕێدراوە، ئەم کۆنتەینانە کراون بە عەمبار، یەعنی وەکو سایلۆ بەکاردەهێندرێن، ئەم کارگەیە لەلایەن ڕێکخراوی فاوەوە هێنراوە تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و نەکراوەتە کارگەیەك، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە ٦٠٠ هەزار تەن گەنم هەیە بۆ پێداویستی ناوخۆی خۆی، ئەم بەرهەمەی کوردستان بەشی ناوخۆی دەکات، بە رەقەم لامە کە کوردستان تەقریبەن بەشی ناوخۆی خۆی بەرهەمی گەنمی هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەلەمان بالاترین دەسەڵاتی چاودێریە داوا دەکەم کە لە هەفتەی ئاییندەدا ئەم بابەتە بخرێتە ناو بەرنامەی کارەوە بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداوەکان بانگهێشت بکرێ بۆ ئەوەی پلانی نزیك و دووری وەزارەتمان بۆ باس بکات و پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی پرس ئاڕاستەی وەزیری بەڕێز بکەن، زۆر سوپاس ئەوە بیرۆکەکەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پشتگیری تەواوی نووسینەکەی کاك عمری حاجی عینایەت دەکەین، بەڵام بۆ زانیاری هەموو لایەکتان ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان ئەو پێشنیارەمان دوو هەفتە دەبێ ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ئەگەر لە توانای داهەیە ئەو گەنمە خۆی بیکڕێتەوە، دووەمیان/ ئەو گەنمەی کە لە ئێستادا هەیە من لەگەڵ تەواوی قسەکانیام، لەبەرئەوەی ئێمە بەرەو سەرما دەڕۆین چەند ڕۆژە، ڕێژەیەکی زۆر باران لە ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور و شوێنەکانی دیکە باریوە، نەیزانیوە چی لێ بکەن، لەبەرئەوە حکومەتی عیراقی پارەکەی ئەو دابینی دەکات و ئەو دەیکڕێتەوە، لە هەرێمیش دەمێنێتەوە ئەوەی تا ئێستا زانیومانە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێك ئێمە پێویستە حەلێکی زۆر سەریع دابنێین بۆ وەرگرتنەوە یان خەزن کردنی ئەو هەموو گەنمەی کە لە کوردستان هەیە کە بەشی زیاتری پێداویستی خەڵکی کوردستان دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ بەس تەنها دەمەوێ ئەو تەوزیحەتان بدەمێ کە ئەوە وەرگرتنی گەنم پەیوەندار نییە بە وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵکو پەیوەندارە بە وەزارەتی بازرگانی، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە تەواو ڕاپۆرتەکەی بەڕێز عمری حاجی عینایەت دەکەین، کە فیعلەن ئەو پرسە هەیە لە پارێزگاکانی دیکەش مەسەلەی گەنم و بەروبوومی جوتیاران ئەو کێشەیەی هەیە، بەڵام داوام ئەوەیە کە داوای کرد بەرنامەی کار لە ئاییندەدا ئەوەی پرسی گرنگ کەلە پێشمانە چاوەڕوانییەکی زۆر هەیە لەسەر گەیشتنە ئەنجامی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بکەن کە ئەو خولەشی بۆ درێژ کرایەوە، پشووەکەی بۆ کورت کراوە، هیوادارم کە بتوانین ئەو ماوەیەی کە ماومانە بتوانین ئەو کارە بکەین، لەگەڵ تەواوی ڕاپۆرتەکەداین، تەنها لەگەڵ شێوازی بانگکردنی وەزیر دانین کە ڕێکاری دیکە هەیە کە وەزیر بانگ دەکرێت بۆ پەرلەمان بە شێوازی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس بۆ تۆ، کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لەو ڕاپۆرتەی کاك عمر عینایەت دەکەم، پرسێکی بەڕاستی گرنگە پەیوەستە بە ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بۆ ڕێکاری یاسایی بە بانگێشت کردنی هەردوو وەزیری پەیوەندار یاخود پرساندن، یاخود ناردنی پرسیار بۆیان و وەڵامدانەوەیان زۆر گرنگە بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر باشە، بەڵام ئەوە پەیوەستە بە داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لەم مەوزوعەدا پەرلەمان نەوەستاوە بە پرسیار کردن، بە داوای ڕوونکردنەوە کردن، ناردنی ئەو ڕاپۆرتانەی لیژنەی کشتوکاڵ بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان، بەڵام دیسانەوە ئەگەر پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەبوو ئێوە دەتوانن بە ژمارەی یاساییتان پێشکەشی بکەن بۆ بانگێشت کردنی وەزیرە پەیوەندارەکان کاك محمود و کاك سۆران جەنابیشت دەبینم، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئەو پرسەی کە کاك عمر وروژاندی پرسێکی گرنگە وەکو کاك د.عزت فەرمووی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی خۆراکەوە هەیە، ئەمساڵ یەکێك بوو لەو

سالانەی کە پێی دەوترێ سالی هات، واتە گەنمێکی زۆر بە بەرهەم هاتووە، ئەو پرسە کەکاک عمر وروژاندی لە گەرمیانیش بەهەمان شێوە تاوەکو ئێستا لە نزیک کێلگەکان و لە شوێنەکان ئەو گەنمە کەوتووە و وەرنەگیراوە، بۆیە گرنگە ئەمە جاران لە لادێکان چالّ هەبوو، خەلکی جوتیار دەیتوانی چارەسەری بکات، بەلام بەداخەوە ئێستا حکومەت نەیتوانیوە سایلۆ یان شتێکی لەو بابەتە دروست بکات تاوەکو ئەو گەنمە بە هەدەر نەچێ، بۆ سبەی ڕۆژێ ئەمە پەیوەندی بە ژێرخانی ئابووری ولاتەوە هەیە لە هەر ئەزمەیەك دا گەنم باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەزمە نەبینەوە، بۆیە پەلە بکرێ لە وەرگرتنی ئەو گەنمە، کارێکی زۆر باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاك عمر دەکەم، ئێمە وەکو چەند پەرلەمانتارێك بەدواداچوونمان بۆ ئەو مەوزوعە کردووە، ئەمڕۆ وەزیری کشتوکالّ تەخمینی ئەوەی داوە بە حکومەت کە دەتوانین چەندی دەوێ بتوانین گەنم لە جوتیاران بکڕینەوە، مامەلەی ئێستای جوتیاران لەگەلّ وەزارەتی بازرگانی عیراق لە ڕێی وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستانەوە بگۆڕین، وەزارەتی کشتوکالّ بۆ خۆی گەنم بکڕێتەوە، دوایی لەگەلّ وەزارەتی تیجارەی عیراقی لەگەلّ وەزارەتی بازرگانی هەرێم چۆن ڕێ دەکەون، ڕێ بکەون با جوتیاران ئەو باجە نەدەن کە ئێستا دەیبینین، موعالەجەی خێرا ئەوەی کە بەدوای داچووین وەزیری کشتوکالّ کردوویەتی، دەبێ بە پەلە شوێن بە سەقفگیراوی چاك بکرێ بۆ ئەو گەنمە تاوەکو وەرگیرێ و نەفەوتێ، پێویستە پرسەکەی بخرێتە ئەجندای کارەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر زیاتر لە سێ کەس پشتیوانی لە کاك عمر دەکات بیخەیتە دەنگەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە و بانگهێشتی وەزیر لە هەفتەی داهاتوو دا لە بەرنامەی کار دابندرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەتوانن ئیمزا کۆبکەنەوە، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە منیش هەر پشتیوانی لەبەڕێز کاک عمری عینایەت دەکەم، ئەوپەڕی دڵسۆزی بوو بۆ جویتارانی کوردستان بۆ بەخەم بوونی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا، مادام لە سێ کەس زیاتر پشتیوانیان لە قسەکەی ئەو کردووە دەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر باشە، خۆی دەبێ ئەوە بە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی پەیوەندیداری بکەین، بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاو دا ئەویش ئامادە بێ لە پەرلەمانی کوردستان، کاك سالار ، تکایە یەك تۆز دان بە خۆتاندا بگرن کاك سالاریش ماوە قسەکانی بکات و کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکەی کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، تەئیدەن بۆ ناوەڕۆکی یاداشتەکەی کاك عمر عینایەت، ئەم بابەتە وەکو پێویست لە پەیڕەودا بەتەواوەتی ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە ئێمە ئەگەر لە ئەمڕۆوە دەرگایەك بکەینەوە ئەوەی کاك عمر عینایەت ١٠٠٪ تەواوە، واقعێك هەیە وئێمە هەستی پێ دەکەین وەکو لیژنە پەیوەندارەکان، بەڵام ئەگەر بەم ئالیەتە دەرگا بکرێتەوە بۆ هەموو ئەندامان یاداشت بخوێننەوە و هەفتەی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە تەسەور دەکەم جەنجاڵیەکی زۆر بۆ ئەجندای جەنابتان و هەم هۆڵی پەرلەمانیش دروست دەبێ، بۆیە پێشنیار دەکەم پێشتر هەر یاداشتێك هەبێ بخرێتە بەردەست سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەگەر بە گونجاوی زانی، ئەگەر لە بەرنامەی کاریش نەبوو، حاڵەتێکی تارئ بوو، بخرێتە دەنگدانەوە ئەو کاتە قسە و باسی لەسەر دەکەین، ئەگەر نا وا پێویست دەکات هەر ئێستا ئەو بابەتەی کە عمر عینایەت پێشکەشی کرد ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکرێ و وەزیرە مەعنیەکان لە لیژنەکاندا ببینرێن بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەچارەی خێرا بدۆزرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە، کاك فرست نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فەقەرەیەی کە کاك عمر ئیعتمادی کردە سەر، ئەوەیە کە دەڵێ ئاراستەی حکومەت دەکرێ بۆ ئەوەی پێی وەربگیرێ، نەك بکرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان و ئەمانە، بۆ ئەوەیە پێی وەرگیرێ، ئێستا ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانن ئەو فکرەیە بدەنە حکومەت بۆ ئەوەی پێی وەرگرن، وەکو پێشنیارە و تەواو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڵێ، كاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن، والله دەترسم كارێك بكەن یان لە پڕێك دا بیفرۆشن بە حكومەتی عیراقی، من قسەم كرد منیان تەخویل كرد لەگەڵ وەزیردا قسەم كرد، ئەمە موشكیلەیەكی خراپە، موشكیلەیەكی خەتەرە نابێ ئەو گەنمە ئێستا بەو پەلەیە بفرۆشرێ بە حكومەتی عیراقی ئەگەر بیشیكرێ، ئێمە لەبەردەم گرانیداین، لەبەردەم شەڕداین، خوا خوامانە دوو تەنەكە گەنم زیاترمان هەبێ، چۆن گەنم دەدەن بە حكومەتی عیراقی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر باشە و زۆر سوپاس بۆ ئێوە بەڕێزان، زۆر سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان، لێرە دانیشتنەكەمان كۆتایی پێ دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |